# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

# کەسێتیی تاکی عێراقی

## سێ خەسڵەتی نەرێنیی مەترسیدار

**ناکۆکی. دەسەڵاتخوازی. خوێنڕێژی**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

سەباح ئیسماعیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

باقر یاسین
کەسێتیی تاکی عێراقی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠١٥ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری. تریسکە ئەحمەد

## پێڕست

پێشەکیی وەرگێڕ ... 9
پێشکێش و چیرۆکە خەماوییەکەی ... 10
ڕوونکردنەوە و ئاگەداری ... 11
بەرایی ... 13

بەشی یەکەم:
دڕایەتی و زاڵبوون و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەفتاری کەسێتیی عێراقیدا ... 17
سیفەتە ئەرێنییەکانی کەسێتیی عێراقی ... 18
سێ سیفەتی نەرێنیی مەترسیدار ... 19
هۆیەکانی دڕایەتی و دەسەڵاتخوازی و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەوشتی... ... 21
نکووڵی لێ کردن داد نادات ... 34
هۆیەلی سەربار بۆ دەرکەوتنی ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژی ... 38

بەشی دووەم:
ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا ... 49
ناکۆکیی ئاکاریی گەلی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران و سوپای... ... 49
میللەتی شۆڕش و یاخیبوونەکان ... 49
گەلی ڕافدەین دەسەڵاتدارانی خۆی دەکوژێت ... 50
گەلی ڕافدەین مل کەچ دەکات و سەر بۆ فەرمانڕەوا هەرە خوێنڕێژەکان دادەنوێنێت ... 52
شەلمنەسری سێیەم بیست و پێنج شەڕی هەڵگیرساند ... 53
حەجاج بەهەزاران عێراقی دەکوژێت و خۆیشی لەسەر جێگەکەی دەمرێت ... 53
مەنسوور فەرمانده عەباسی و هاشمییەکان تیرۆر دەکات و خۆیشی ناکوژرێت ... 54
خۆبەدەستەوەدانی پڕ لە ڕیسوایی بەغدا لە بەرابەر مەغۆلدا ... 56
پرسیارێلی ڕەوا ... 59

دەروونزانی وەڵام دەداتەوە ........ 59
ناکۆکیی ئاکار لە نێوان دروشم و پراکتیکدا ........ 66
ئەشکەنجەدانی عێراقییەکان لە سەردەمی عوسمانییەوە بەردەوامی دەبێت... ........ 66
هەموو شتێک گۆڕا تەنیا ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان نەبێت! ........ 67
کاراکردنی یاساکانی تایبەت بەپاراستنی عێراقییەکان لە ئەشکەنجەداندا ........ 69
مافپەروەرە عێراقییەکان لەکوێی وەستانەکەی ئیمامی ئەعزەم ........ 70
دێرینترین یاساکان لە عێراقەوە دەرکەوتن و ئەشکەنجەدانیش لە عێراقدا... ........ 71
شێوازەکانی ئەشکەنجەدان نەوە دوای نەوە هەڵدەکشێن ........ 73
مێژووی پەناهەندەیی و ڕاگواستنی زۆرەملێی عێراقییەکان ........ 75
خێرایی لە گۆڕانی هەڵوێست و مگێز و باوەڕکردن لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا ........ 75
کودەتای خەڵکی بەسرە بەسەر بەڵێندان بەئیمام عەلی و دووبارە گەڕانەوەیان ........ 87
لەشکری خەڵکی عێراق بەسەرکردایەتیی ئیمام حەسەن بەر لە شەڕ ... ........ 89
کوودەتای خەڵکی کووفە دژ بەئیمام حوسێن ........ 92
موختار ئەلسەقەفی نموونەی کەسێتیی پڕ لە ناکۆکیی عێراقییە ........ 95
مەدحەت پاشای والی ناکۆکیی کەسێتیی عێراقی تاقی دەکاتەوە ........ 96
هەڵگەڕانەوەی متمانەی عێراقییەکان لە نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکاندا ........ 96
عێراقییەکان پەیکەرێک بۆ ژەنەراڵ مۆد دروست دەکەن و پاشان دەیشکێنن ........ 99
لە بەرگری لە وڵاتی کوێتەوە بۆ داگیرکردن و سووتاندنی بیرە نەوتەکانی ........ 101
لە چەکدارکردنی عەرەبستانییەکانەوە بۆ ڕادەستکردنیان بۆ دەستی شا ........ 101
گواستنەوەی بەردەوام لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر ........ 102
لە پەرلەماندا بڕیاریان لەسەر فیدراڵی دا و لە دەرەوەی پەرلەمانیش هێرشیان... ........ 102
ئەوپەڕی ناکۆکی لە ئاکاردا لای تاکی عێراقی ........ 104
بەرەو خراپی چوون لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە ........ 104
ڕاپەڕینی شەعبانی.. تاڵان و لەناوبردنی موڵکە نیشتمانییەکان ........ 107
عێراقییەکان ساڵی ٢٠٠٣ز وڵاتەکەی خۆیان تاڵان دەکەن ........ 110
هێزی پابەندبوون بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایی ........ 112
هۆکارەکانی ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی ........ 116
مەترسییە هەنووکەیی و چاوەڕوانکراوەکانی خراپی پابەندبوون بەئینتیمای... ........ 120

چی بکەین بۆ پتەوکردنی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی؟ ............ 126
چارەسەر ............ 128

بەشی سێیەم:

ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟ ............ 135
دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا ............ 135
بۆچی ویستی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا سەری هەڵدا؟ ............ 135
ئەو جۆر و شێوازە ئاکارییانەی لە ئارەزووی دەسەڵاتخوازیی کەسێتیی عێراقیدا... ... 137

بەشی چوارەم:

خوێنرێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا ............ 219
ڕوونکردنەوەی پێویست ............ 219
بێگانان تاو بەئاکاری خوێنرێژی لە وڵاتی دوو ڕووباردا دەدەن ............ 222
دروستکردنی خوێنرێژی بەدەستی عێراقییەکان خۆیان ............ 227
گرتیبەربوونە خوێناوییەکەی بابل ............ 228
هەڵدانەوەی تۆڵەسێنانەوەی گۆڕی پاشا و سەرکردە و ئیمامەکان لە عێراقدا ............ 229
قەڵاچۆکردنی ئەمەوییەکان بەدەستی خەلیفە ئەلسەفاح ............ 234
دەیانکوژن و بەزەویدا ڕایاندەکێشن و بەباگردێن دەیانشێلن ............ 236
جەواهیری هانی عەبدولکەریم قاسم بۆ لەداردانی بەعسییەکان دەدات ............ 239
سامناکیی خوێنرێژی لە لەداردانی "ئیبنولموقەفەع"ی نووسەردا ............ 240
میل بەچاودا هێنان و شێوازی خوێنرێژیی تر ............ 243
وەزیرێکی عێراقی تەندوورێک بۆ ئەشکەنجەدان دادەهێنێت ............ 246
هارونە ڕەشید بەشیری کوڕی لەیس دەکاتە ١٤ پارچەوە ............ 247
شێوازی لەداردانی حەلاج دزێوترین وێنەی خوێنرێژیی عێراقییە ............ 250
سەیر و سەمەرەیی لە ڕووداوە خوێناوییەکانی شۆڕشی زنجی ٨٧٠ز دا ............ 252
تۆڵەسەندنەوەی بەکر سۆباشی/ شێوازەکانی دڵڕەقیی خوێناویی داهێنراو ............ 257
نەریتێکی خراپی دوژمنکارانەی عێراقی ............ 259
لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە... ............ 261
نموونەی بەرچاو لە ئاکاری خوێنرێژیی عێراقی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ز دا ............ 263

زمان و گوێ برین لە عێراقدا ..... 264
دڵڕەقیی خوێناوی لە نێوان کوردانی عێراقدا ..... 268
کەسێتیی نازم گزاری خوێنڕێژ لە کلتووری حزبە عێراقییەکاندا ..... 269
جۆری تاک و تەرای ئەشکەنجەدان ..... 271
سیستمی سیاسی دنەی ڕۆشنبیریی توندوتیژی لە کەسێتیی عێراقیدا دەدات ..... 275
لەداردانی قەرەقووشی، ئەوی ناوی "صباح" بوو لەسێدارەیان دا ..... 277
شێوازێکی نوێی عێراقی بۆ خێراکردنی مەرگ ..... 279
مەردان ئەلئەمارە پارێزگاری بەسەرەی هاوەڵی گوللەباران دەکات ..... 279
سەگە پۆلیسییەکان دکتۆر ڕاجی تکریتی دەخۆن ..... 282
تیرۆری زانراو بەهۆی نەزانراوەوە ..... 283
نموونەی زەق لە ڕووداوی خوێناویی دوای ساڵی ٢٠٠٣ز دا ..... 285

بەشی پێنجەم:

چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی کەسێتیی عێراقی ..... 295
هەندێک ڕاستیی تاڵ دەبێت درکیان پێ بکرێت ..... 295
چارەسەرەکان ..... 296
پرۆژەی ڕێگەچارەی پێشنیازکراو ..... 297
ئەنجام ..... 311

## پێشەکیی وەرگێڕ

نووسەری ئەم کتێبە، باقر یاسین ساڵی ١٩٣٩ لە شاری بەسرەدا هاتووەتە دنیاوە. هەر لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، پاشان زانکۆی بەغدا بەشی ئادابی لە ساڵی ١٩٦٢دا تەواو کردووە. هەرچەندە لە سەرکردەکانی "حزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی" بووە و لەوانە بوو، کە میتۆدی هزری نەتەوەیی ئەو حزبەیان داڕشت و لەگەڵ ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسی سووری بوو، کەچی بۆ ٣٠ ساڵ دەچێت، واتا لە ساڵی ١٩٨٠وە خۆی بەکەسێکی بێلایەن و ناحزبی دەزانێت.

نووسەر لەم کتێبەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەسێتی عێراقی بەدرێژایی پێنج هەزار ساڵ لە شەڕ و کوشتوبڕ و توندوتیژیی خوێناوی و دیکتاتۆری و داگیرکاریی هێزە دەرەکییەکاندا لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە و تا ئێستا بەردەوام تووشی پرۆسەی وێرانکردنی هاتووە.

ئەو کەسێتیی عێراقی بە دەروون نەخۆش دادەنێت، کە بەدەست سێ سیفەتی نالەبارەوە دەناڵێنێت (ناکۆکی و دیکتاتۆری و خوێنڕێژی)، ئەم نەخۆشییانەش لە بنەچەدا لە بنیاتی کەسێتی عێراقیدا نین، بەڵکو بەتێپەڕبوونی کات وەرگیراون، بۆیە ئەگەر بەرنامەیەکی چاکسازی هەبێت و نییەتی ڕاستەقانی و جدی تێدا بێت، ئەوا توانای چاکبوونەوەی هەیە. ئەو ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی بەعس لە ٢٠٠٣دا بەهەلێکی زێڕینی مێژوویی دەزانێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیی ئازادی فرەیی پەرلەمانی، بەڵام بوونی حەزی دیکتاتۆری (دەسەڵاتخوازی) لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا دەستی لە بیناقاقای ئەو ئومێد و هیوایانە گیر کرد و نەیهێشت سیستەمێکی دیموکراسیی ڕاستەقینە دابمەزرێت.

لای ئەو ئەوە یەکلایی بووەتەوە حزبە ئاینی و تایفەییەکان بتوانن بۆ ڕووبەڕووی ئەم گرفتە ئاڵۆزانە سیستەمێکی هاوچەرخ دابمەزرێنن.

لە ئەنجامدا ڕزگارکردنی میللەتی عێراقیش دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیران و بەئەرکی سەرەکیی ئەوانی دەزانێت.

سەباح ئیسماعیل – کەرکووک – ٢٦/ ٩ / ٢٠١١

## پێشکێش و چیرۆکە خەماوییەکەی

من پێشبینیی هەڵکردنی گەردەلوولێکی خوێناویم لە عێراقدا دەکرد، بۆیە کتێبەکەی پێشووم "مێژووی خوێناویی عێراق"، کە لە ساڵی ١٩٩٩دا دەرچوو، پێشکێش کرد بە (ئەو بێ گوناهانەی توندوتیژیی خوێناوی لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا دەیانهاڕێت).

ئەمڕۆ دوای ئەوەی گەردەلوولەکە گەیشت و عێراقی گرتەوە و زەبروزەنگ بەهەزاران عێراقیی هاڕی، لەوانەی کتێبەکەی پێشووم پێشکێش کردن و هەپروون بەهەپروون بوون، و ئەگەرچی ئێستا کێ لە گۆڕدان دەگەڕێمەوە ئەم کتێبە نوێیەی خۆمیان پێشکێش دەکەم، تا بڵێم:

"بۆ ئەو بێ گوناهانەی زەبروزەنگی خوێناوی لە ڕۆژان و ساڵانی ڕابردوودا هاڕینی، هەروەها بۆ ئەو عێراقییانەی هێشتانەکینێ دەشێت توندوتیژی لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا بیانهاڕێت، ئەم کتێبەیان پێشکێش دەکەم".

بەڵام ئەگەر لە کاتی بەڵا و نەهامەتی و کارەساتدا پێویست بەسەرەخۆشی بکات، ئەوا جێی خۆیەتی بەم قسەیەی شاعیر دڵی خۆمان بدەینەوە:

أيتها النفس اجملي جزعا          إن الذي تحذرين قد وقعا

واتا: ئەی دەروون خۆت ئارایشت بکە بە ماتەم
ئەوە ڕوویدا، کە دەتگوت سڵی لێ دەکەم

نووسەر – ٢٠١٠

## ڕوونكردنەوە و ئاگەداری

بەئەنقەست توێژینەوە سەبارەت بە خەسڵەتە چاك و دڵگیرەكانی كەسێتیی عێراقیمان دواخست، كە سیفەتێلێكی زۆر و ناسراو و دەستنیشان كراون لامان، هۆیەكەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە بەوردی لە دەستنیشانكردنی ئەو كەموكورتی و ناتەواوییانەی كەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ شێلگیرین، هەروەها لە گەڕان بەدوای چارەسەری ڕزگاركردن، كە دەكرێت ئەم كەسێتییە دەگمەنە قوتار بكات لەو نەخۆشییانەی تووشیان هاتووە، لە سۆنگەی هۆكار و ڕەوشی مێژوویی بەدەر لە پێكهاتە خودییەكەی، كە بەهۆی ڕووداوەیل و كاری هەڵەوە لە ماوەی دەیان سەدەدا لە مێژووی مەدەنی و ژیاری لە وڵاتی دوو ڕووباردا بەری كەوتن.

ئامانجی سەرەكی، كە ئەم كتێبە دەیەوێت پێی بگات و بەدی بهێنێت، دەستنیشانكردنی ئاریشەكانی كەسێتیی عێراقی و كەموكورتییەكانین، لەگەڵ گەڕان بەدوای ئامرازەكانی چارەسەركردن، بۆیە پێشكێشكردنی سیفەتە باشەكان و خۆستایشكردن كارێكە لەم بابەتە ڕەخنەییە شێلگیرانەیەدا سوودی نییە، چونكە مانەوەی ئەو كەموكورتی و ناتەواوییە ئاكارییانە لە كەسێتیی عێراقیدا، شەرمەزار و تووڕە و شەكەتمان دەكەن و هەستی تووڕەییمان تێدا دەوروژێنن، چونكە كەسێتیی عێراقی شایانی ئەوەیە پایەی بڵند داگیر بكات لە تەواو كەماڵی و پێشكەوتن لە ژیاری هاوچەرخی مرۆیی.

پشتبەستن بەڕاستگۆیی و ئەوپەڕی بوێری لە توێژینەوەی پێوەندار بەدەستنیشانكردنی ناتەواوییەكانی كەسێتیی عێراقی و بوێرانە تیشك خستنە سەر نەخۆشییە دەروونی و ئاكارییەكانی تاكی عێراقی و سەرنج خستنە سەر لێكۆڵینەوەی خووی خراپ و نالەبار لە ئاكار و هەڵسوكەوتەكانی، بابەتێكە لە ناخیدا مەترسیی ئازارگەیێن لەخۆ دەگرێت، لەسەر هەمووانە خۆمانی لێ بپارێزین و لە كەوتنە ناوی ئاگەدار بین، چونكە دركمان بەوە كردووە، كە هەڵوەشانەوەی

بینای دەروونیی تاکی عێراقی و شیکردنەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، تا ڕادەیەکی زۆر لە پرۆسەی ئامادەکردن، یا دروستکردنی "سرکە" دەکات، چونکە هەر هەڵەیەکی سادە لە دروستکردنی، یا ئامادەکردنیدا، دەشێت سرکەکە بکات بەشەراب، جا بزانە سرکە و شەراب چەند لێک دوورن، جیاوازی لە نێوانیاندا لەلایەنی مەبەست و ئامانج و بەکارهێناندا گەلێک گەورەیە.

ئەم لێکۆڵینەوە ڕوون و بوێرانە لە دەستنیشانکردنی نەرێنی و ناتەواوی و کەموکووڕی و نەخۆشییەکان لە ئاکاری کەسێتیی تاکی عێراقیدا دەگەڕێت، دەکرێت هەندێک وەکو ئامرازێکی ڕەخنەییی بنیاتنەر لە پێناو چاکسازی و چارەسەری ئاشتییانە تێی بگەن، هەر بەکردەنیش ئەمەیە مەبەستمان، وەکو هەوڵێکی دڵسۆزانە بۆ وردبوونەوە لە هەڵبژاردنی باشترین شێوازەکان بۆ ڕاستکردنەوەی بینای دەروونی و ئاکاریی تاکی عێراقی و ڕزگارکردنی لە خوو و سیفەتی خراپ و دواکەوتووانە، کە بەدرێژاییی چەندان سەتە دەرگیری وێرانکاری و شەڕ و شێواندنی ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیری و دەروونی بووە، هەروەها دەشێت هەندێک بەهەڵە لەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە بگەن و وابزانن ئامرازێکە بۆ ڕووخاندن و وێرانکردن و خراپەکاری لە بەرابەر گەلی عێراقدا و شێوازێکە بۆ گەورەکردنەوەی دزێویی نالەباری و نەخۆشییەکان لە پێکهاتەی تاکی عێراقیدا لە کاتی بڵاوکردنەوەی ناتەواوی و ئاراستەکردنی تۆمەتی زیانگەیەنەر و ئازارگەیێن بەناوی کۆمەڵگەی عێراقی و داوونەریت و کەلەپوورەکەی، لەبەر ئەمە وریایی و ئاگەداری و خۆپارێزی بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو ئامانجە کارێکی پێویستە، هەروەها زۆر گرینگ و پێویستە لە ئامانجی چاکسازی و بنیاتگەری لە دانانی ئەم کتێبەدا بەهەڵە تێ نەگەن، هەروەها بۆ ئەوەی توێژینەوە و بابەتە ڕوونەکانی و بەڵگە پڕ لە بوێرییەکانی نەبنە نیشانە و پاساو بۆ خراپەکاری بۆ میللەتی عێراق و تاکی عێراقی لەم دۆخەی ئێستادا، دۆخی بەڵا و وەرچەرخانی جۆری و مێژوویی، کە عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا پێیدا تێ دەپەڕێت. بۆیە پێویستی بەڕوونکردنەوە و ئاگەداری دەکرد.

## بەرایی

لە سەرەتادا داوا لە خوێنەر دەکەین لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هێمنییە سۆزدارییەکەی و بێلایەنی لە بیروباوەڕدا بپارێزێت، هەروەها خوازیارین لە پەلەکردن لە پەرچەکرداری سەرەتاییی سۆزداری دوور بکەوێتەوە، تاکو بتوانێت سەرنج بدا و لە سەرجەم بڕیار و هەڵسەنگاندن و ڕستە و وشە و ئەو وەسفانەی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا دێن سەبارەت بەکەسێتیی عێراقی تێ بگات، کە ڕەنگە لە سەرەتادا وای ببینێت دڵڕەقانە و نامۆن.

ئەوانە بەرەنجام و و بڕیارێلێکن بەوردییەکی زانستییانە و بابەتییانە و میتۆدییانە دارێژراون و بەئاگەداری و شێنەیی و هۆشیارانە و بوێرانە نووسراون، پشتیان بەستووە بەلێکۆڵینەوەی سەتان بەڵگە و نموونە و نیشانە و ڕووداوی مێژوویی، هەروەها پاڵپشت بەئەزموونی ڕاستەقینەی دڵنیا، کە بەکردەنی لە واقیعی عێراقیدا لە ماوەی جیاجیا و ناکۆک لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو بڕیار و گوتەزایانە لە بناغەدا ئامانجیان بنیاتنانە نەک ڕووخاندن، مەبەستیشیان چاکسازی و سوود پێ گەیاندنە نەک خراپی نواندن، یاخۆ تانە لێدان لە کەسێتیی ئەم گەلە دێرینە، کە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە مەزنترین سەرکەوتنی ژیاری بەمرۆڤایەتی بەخشیوە.

هەروەها تکا لە خوێنەر دەکەین لە هەڵچوونی بێ سوود دوور بکەوێتەوە و پەلە نەکات لە خۆنەبانکردن لە خوو و نەریت و وەسف و بڕیاری نەرێنیی هاوشان بەکەسێتیی عێراقی، ڕەنگە بەم ڕاشکاوییە ئاشکرایەوە قسەی سەبارەت ببینێتەوە ئاراستە کراوە دژی و دژ بەقەناعەت و بۆچوونە ئەرێنییە لەمێژینەکانییەوە هەمبەر بەکەسێتیی عێراقی و توانا ژیارییەکانی، کە وای دەزانی ڕاستیی کۆتاین و هیچ گومان، یا لاوازی، یان هەڵەیەکیان تێدا نین.

ڕاستییە زانستییەکان موڵکی کەس نین، هەروەها ناکرێت و بێ سوودە لەناو ببرێن یا بشاردرێنەوە، یاخۆ دەستیان بەسەردا بگیرێت، یا ڕێ لە ناوهێنانیان بگیرێت، بگرە پێویستە لە گشت حاڵەتەکاندا لە هۆ و پاڵنەرەکانیان ورد ببێتەوە.

سەرجەم عێراقییەکان لە تەنگژەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و بنیاتیدان، لەسەریانە لێی دەرچن و چارەسەری ئاسەوار و کاردانەوەکانی بکەن، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوی لە عێراقدا لە ماوەی نزیکەی بەلای کەمەوە نیو سەتەدا ڕووی دا و ڕوو دەدا، لە ڕووداوی خوێناویی پاکتاویی بەرفراوان و بەردەوام، هەروەها داڕووخانی بەکۆمەڵی دەروونی و ئاکاری، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەر لە سەرەتاوە چەکدار بین بەئازایەتی و بابەتیی زانستی و ئارامی و باوەڕ بەخۆبوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێگەیشتنی ئەوەی کتێبەکە خۆی لێ داوە لە ڕا و بڕیار و وەسفی ڕوون بۆ کەموکورتیی سایکۆلۆجی و ئاکاری، کە کۆمەڵگەی عێراقی بەدەستیانەوە داد و بێدادێتی، بگرە هەر تاکێکی عێراقی بەپلەی جیاجیا لە ماوەی کاروانی ژیان و کۆژانە تاڵەکانی و وێرانبوونی دەروونی و ئاوەدانکردنەوە و ماڵوێرانی و توندوتیژی و غەم و شەڕ و دیکتاتۆرییە دڕندە خوێنڕێژەکانەوە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، کە ئیمپراتۆر و پاشا و فەرمانڕەوا خەڵەفاوەکان لە ماوەی پێنج هەزار ساڵەوە تا ئێستا دایانمەزراند و بەسەریاندا سەپاند...!

پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەو بڕیار و ڕا و قەناعەت و وەسفانەی لێرەدا سەبارەت بە کەسێتیی عێراقی بەکاریان دەهێنین، مانای بڕیار و وەسفەکانە لە تێکڕای گشتیی کۆی میللەت و کۆمەڵگە و مەرجیش نییە هەموو تاکێکی عێراقی بەم وەسف و بڕیارانەوە موبتەلا بووبێت. دەکرێت بەهەزاران عێراقی بدۆزینەوە ئاکاری تەواو کامڵیان هەبێت نزیکتر لە ئاکاری نموونەی ئایدیاڵ، خەریکە بەتاڵ ببنەوە لە ناتەواوی و لادان و خەوشی ئاکاری و دەروونی، کە لەم کتێبەدا ناویان دێنین و باسیان لێوە دەکەین، هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت گشت عێراقییەک لە کۆمەڵگەدا ئەم تایبەتمەندییە ئایدیاڵییە بەرزانەیان هەیە، لە هەمان کاتدا لە گشت حاڵێکدا ئێمە ناتوانین سەرجەم میللەتی عێراق و کۆمەڵگەی عێراق، لەم هەموو نەنگی و خەوش و ناتەواوییە دەروونی و ئاکارییانە ئەستۆ پاک دەرکەین، کە لەم توێژینەوەیەدا دەیانخەینە بەرچاو.

بە پێویستمان زانی ئەمە ڕوون بکەینەوە، نەکو تێکەڵی و شێواندن لە نێوان گشتی و تایبەتدا ڕوو بدات، هەروەها بەهەڵە لە بڕیار و ڕا و وەسفە هەمەجۆر و دیارکراوەکان لە تیۆرەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی تێ نەگات وەکو خەوش و ناتەواوی، یا دیاردەی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاریی باو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.

بەشی یەکەم

# دژایەتی و زاڵبوون و توندوتیژیی خوێناوی
# لە ڕەفتاری کەسێتیی عێراقیدا

بەشی یەکەم

# دژایەتی و زاڵبوون و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەفتاری کەسێتیی عێراقیدا

ئێمە دەزانین هەندێک لەم دێر و بڕیارانەی ئەم بەشە پەنجە لەسەر بڕێک برین و خەم و هەستی سۆزداری و جۆشخواردنی شاراوە لە ناخی کەسایەتیی مرۆییی عێراقیدا دادەنێن و لە دەروونیدا ڕێڕۆیشتنێکی درێژ لە خەم و پەژارە و ئێش و ئازار و یادەوەریی پڕ لە خەم و کەسەر دەورووژێنن. لەوانەیە عێراقییەک لە هەندێک لەو وەسفە ڕاستگۆیانەی هۆکارە ڕەوشتییەکانی کەسایەتیی عێراقی هەوڵێکی دەستئەنقەست ببینێتەوە بۆ خراپکردنی و پەردە هەڵماڵین بەڕووی ئەوەی دەیشارێتەوە، یاخۆ داڵدەی دەدا لەو سیفەت و خووخدە نەرێنییانەی لە کەسایەتییدا هەن، کە زۆرجار بەدژایەتی و هەڵگەڕانەوەی هەڵچوون ئامێزی ڕەق لە زەوق و قەناعەت و بیرورا دەناسرێتەوە، هەروەها گۆڕانی توند لە هەڵوێستەکاندا لە چوارچێوەی ڕەوشت و کردارەکانی لە بەرابەر ئەوانی تر و ڕاستییە ژیانییەکانی ئێستادا.. ئەمەش یەکێک لەو سیفەت و ڕەفتارانەیە، کە بەدرێژاییی دەیان سەدە بەزۆر کەسایەتیی تاکی عێراقی گرتەوە، کە نە دەست و نە بەرپرسیاریەتیی ئەوی تێدا بوو.

ڕەنگە ئەوەندە پێویستمان بە درێژدادڕی لە وردەکاریی سیفەتە ئەرێنییە باشەکانی ڕەوشتی کەسایەتیی عێراقی نەبێ، هێندەی ئاتاجی زانینی سیفەتە نەرێنییەکانین، کە پاڵنەرە بنچینەییەکانی (دەروونی و ڕەوشتی) سەرجەم دیاردە و کردار و خووخدە و ئەو سیفەتە نەرێنییانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە نووسینەوەی خراپترین لاپەڕەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقدا هەبوو، پێک دەهێنن، وەکو ڕووداوی توندوتیژی و کوشتار و شەڕ و چەوسانەوە و زۆرداری.

## سیفەتە ئەرێنییەکانی کەسێتیی عێراقی

لە گشت حاڵەتەکاندا ئەگەر بمانەوێ شیکردنەوەی کەسێتیی تاکی عێراقی بکەین و لە ڕەگوڕیشەی ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و ململانێ دەروونی و ڕەوشتییەکانی بەشێوازی بێلایەنانە و بابەتییانە، دوور لە تاوان دانە پاڵ و خراپەکاری و هەڵچوون و بەمیتۆدێکی زانستیی بەدەر لە دروشمگەلی پڕ لە جۆش و خرۆشی نەتەوەیی، یاخۆ خۆهەڵکێشانی نیشتمانی، وردبینەوە ئەوا کەسێتییەکی دژواری سەرسووڕهێنەرمان دەستدەکەوێت، لە هەمان کاتدا بەدیارکراوی ژمارەیەک سیفەتی دژ بەیەک و لەیەک دوور کۆ دەکاتەوە. ئێمە دەتوانین لەم کەسێتییەدا تایبەتمەندیی ئەرێنیی باش، بگرە دڵگیری وەک بەخشندەیی و دڵفراوانی و ئازایەتی و شێلگیری و حەز بەئازادیی خۆیی بدۆزینەوە، کە زۆرجار لە سەرکێشی و دوورکەوتنەوە و سەربەرزی و سەربەخۆیی تاکەکەسی و زەحمەتیی ملدان و سەردانەنواندن بۆ کۆت و بەند و دیسپلینەکان خۆی بەرجەستە دەکات.

هەروەها بەتوانا بەرزە ئاوارتەییەکەی دەناسرێتەوە، بۆ وەرگرتن و فێربوونی کاری ئاڵۆز و هونەرە وردەکانی ژیان و خێرایی لە وەرگرتنی شارەزایی لە بوارە زانستی و هزری و پیشەییە وردەکاندا، وێڕای پتەوی و خۆگرتن و هێزی بەرگەگرتن و توانای گوزەرانکردن لەگەڵ هەلومەرجی قورس و نیمچە ئەستەمدا.

هەروەها لە کەسێتیی عێراقیدا سیفەتی تری ئەرێنی و نیمچە خۆڕسکی وەکو ڕەوشت و جوامێری و پیاوەتی و سوارچاکی و کارلێککردنی ئەرێنیی بێ مەرج و پابەندبوون لەگەڵ ئەوانی تردا و دوور لە حیسابی قازانج و دەسکەوت دەبینینەوە. هەروەها دەبینین بەتوندی قەناعەتی خۆیی، جا چ ڕاست بێ یا هەڵە، بەسەریدا زاڵە، هەندێک جاریش سووربوون لەسەر هەڵوێستێکی پێوەند بەبیروباوەڕەوە لای ئەم کەسێتییە دەگاتە ڕادەی کەللەڕەقی و شێوە یاخیبوونێکی بەرچاو و ڕەچاونەکردنی هێزی توانای خود. هەرچی سادە و ساکارییە بەرچاوەکەیەتی، کە هەندێک جار لە ساویلکەیی نزیک دەبێتەوە، ئەوە پاشماوەی دڵپاشی و سیفەتە خۆڕسکەکانن، کە تاکو ئێستاش کەسێتیی عێراقی لە ڕۆژگاری دڵڕەقی و بەها گۆڕاوەکانەوە لای خۆی هەڵی گرتوون.

ڕەنگە قسەکردن لق و پۆپی لێ ببێتەوە و زۆر درێژە بکێشێت، ئەگەر بمانەوێت

قـووڵبـینەوە لە وەسـفی سـیفـەتە باشـەکـان و دەرخـسـتنی لایەنە ئەرێنییـەکـانی کەسێتیی عێراقی، کە بەهێزی جۆرایەتی و بەردەوامی و دژواریی سـەرسوڕهێنەر لەسەر گشت ئاستەکاندا جیا دەکرێتەوە.

## سێ سیفەتی نەرێنیی مەترسیدار

کـەچی لەلایەکی ترەوە دەتوانین سێ سـیفـەتی نەرێنیی مـەترسـیدار بدۆزینەوە، کە بەرۆکی ئـەم کـەسـێـتـیـیـەیان گـرتووە و لـە ڕەوشـتـی گـشـتـیی تاکی عـێـراقی و هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا بەرجەستە دەبن، ئەوانیش:

١- ناکۆکی

٢- دەسەڵاتخوازی

٣- توندوتیژیی خوێناوی

مـایەی خـەمە، کـە دەرکـەوتن و ئامـادەیی ئەم سێ سـیفـەتە نەرێنییانە بەهێزن و بەسـەر کەسێتیی عێراقیدا زاڵن، تا ئەو ڕادەیەی ڕەنگدانەوەکانیـان لە کەسـێتیی تاکی عێـراقیدا پتر لە هەمـوو سیفـەتە ئەرێنییـە جۆراوجـۆرەکـانی تر بەرچاون، بەڕادەیەک وای لێ هاتووە ڕەوشت و هەڵسـووکەوتی بەتەواوی لەو دەکات. خـەریکە سـیفـەتی ناکۆکی و خۆسـەپاندنی تاکڕەوی و توندوتیـژیی خـوێناوی و دوور نەبینی لە ئەنجام و تووڕەیی لە ئارەزوو و زوو تـووڕەبوون و هەڵچوون، لە نیشـانە باوەکانن لە هزری خـەڵکیـدا لەبارەی ڕەوشت و سـروشت و هەڵسـوکـەوتـی تاکی عـێـراقی، بەتایبەت لەناو کۆمەڵگە و ئەو میللەتانەی لە عێراقەوە نزیکن.

ڕەنگە بتـوانین هەندێک سـیفـەتی تـاکی عێراقـی لەو پێناسـەیـەی دەروونزانی لە وەسفی تاکی نەخـۆشی عێراقی لەلایەنی دەروونییـەوە بەدی بکەین، کە بەکەسێتیی سایکۆباتی ناوی دەبات، لە پێناسەکەدا هاتووە "کەسـێتیی سایکۆباتی کەسێتیی ئەو تاکـەیە گیرۆدەی نـەبوونی سەقـامگیـریی سـۆزدارییـە، تا ئەو ڕادەیەی لە دۆخی نەخـۆشی نزیک دەبێتـەوە. کـەسێتیی سـایکۆباتی تووشـی پێنەگەییویی سـۆزداری دێت، کـەم سـەرنجی ئەنجامی کـارەکـان دەدا، چیکڵدانەتـەنگ و زوو تووڕە دەبێ و هەڵدەچێت"[1].

١. موسوعة علم النفس. د. اسعد رزوق. ص ١٦٧ المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

وێڕای ئەمانەش هێشتا ئەم کەسێتییە سەرەڕای هۆیەکانی تێکشکان و وێرانکردنی ڕابردوو، هۆکار و سیفەتی ڕەسەنی ئەرێنیی هەمەجۆری زۆر بەهێز و گرینگی وای پاراستوون، بەدڵنیاییەوە ئامادەی چاکبوونەوەی دەکات و تەندروستیی دەروونی و ڕەوشتیی ساغی بۆ دەگەڕێنێتەوە، سەرلەنوێش بەرەو ئاسمانی بەرفراوانی بەخشندەیی و پشکداریی کاریگەر لە ژیاری مرۆییی هاوچەرخدا بەرەڵای دەکات.

ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین و جەخت لە ڕاستیی ئەم سەرەنجامە و وردیی ئەم بڕیارە بکەینەوە، ئەمەش لە میانەی شیکردنەوەی بەراوردکاریی پاڵپشت بەبەڵگە و نموونە و ڕووداو و پێش چاوخستنی بەرفراوان، کە لە بەشەکانی تردا دەیانخەینە ڕوو، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوە وردەکانمانەوە بۆ سێ سیفەتە سەرەکییەکەی پێشتر ناومان هێنان، ناکۆکی، دەسەڵاتخوازی، توندوتیژیی خوێناوی، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. هەر یەکێک لەم وشانەش ناونیشانی بەشێکی تەواوی ئەم کتێبە داگیر دەکات.

## هۆیەکانی ناکۆکی و خۆسەپاندن و توندوتیژیی خوێناوی
## لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا

پێوەندیی هۆکاریی دوا بەدوای یەک لە نێوان شکست و نائومێدی و بێبەریبووندا، هەروەها لە نێوان ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و توندوتیژیی خوێناویدا:

زانستی دەروون و پزیشکیی دەروونی وای دەبینن، کە شکست و نائومێدی و بێبەریبوون هۆێلێکن لە دوای سەرهەڵدانی ڕەوشتی ناکۆکی و توندوتیژی و دەسەڵاتخوازی و یاخیبوون لە کۆمەڵگە و ئەو شتە خراپانەی بەدوایاندا دێن دەوەستنەوە، چونکە وای دەبینن ئەم نموونانە واتە ناکۆکی و دیکتاتۆری و خوێنرێژی وەڵامدانەوەی سروشتی و کاردانەوەی خۆیین، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شکست و نائومێدی و بێبەریبوون دەبێتەوە، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵگەی عێراقی و کۆژانە زۆرەکانیدا لەگەڵ دۆخی وادا و بۆ کاتێکی مێژوویی درێژماوەدا دێتەوە، بۆیە لەسەرمانە لەو تاکانەی ماوەیەکی درێژە بەدەست شکست و نائومێدی و بێبەریبوونەوە دەناڵێنن، تەنیا چاوەڕێی هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و ڕەوشتی پڕ لە ئاڵۆزی و تووڕەیی و یاخیبوونی نیمچە بەردەوام و هەڵچوون و ڕەفتاری تێکەڵ بەحەزی وێرانکردن و دوژمنکاری (بەشێوەیەکی گشتی) بکەین. پێناسە و وەسفی شکست و نائومێدی و بێبەری خەریکە لە زۆربەی کتێب و سەرچاوە و توێژینەوەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی زۆر لەیەک دەچن و دووبارەن، ئەوەتا شکست ئاوا پێناسە دەکەن:

"ئاستەنگ خستنە بەردەم کەسێک بۆ گەیشتن بەئامانجێک و داخستنی ئەو ڕێگەیەی گرتبوویە بەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی، جا ئیتر کۆششەکەی بەرەو ئەو ئامانجە لە هۆشیارییەوە بێ، یاخۆ لە ناهۆشیارییەوە"[٢].

پێناسەی نائومێدییش بەم شێوەیە دەکات: "لەمپەر دانان لە بەرابەر ڕەوتی

---

٢. موسوعة علم النفس. اعداد د.اسعد رزوق. ص ١٢٦ المئسسة العربية للدراسات والنشر.

بوونەوەرێکی زیندوو لە گەیشتن بەئامانج و بەرگرتن لە هەوڵەکەی"[٣].

ئەگەر شکستەکە پشتشکێن و بەردەوام بوو، ئەوا دوور نییە مرۆڤ بگەیەنێتە دۆخێک لە بێ هیوایی، کە زۆرجار ئەگەری کاردانەوەی ڕەوشتی وێرانکارانە و بێ ئومێدیی بەدەر لە کۆنترۆڵ، یاخۆ بەرزەفت، یان ئاراستەکردنی لێ دەبێتەوە، هەروەها ئەو پەرچەکردارانە، یاخۆ بەوەڵام هاتنە پێچەوانانەی لە نائومێدی و بێبەربوونەوە بەرهەم دێن بەڕادەیەکی زۆر لە هەمان ئەو هۆکارانە دەکەن، کە لە ئەنجامی شکستەوە دروست دەبن.

ئەگەر زانیمان بەرگەی تاک بۆ دۆخی نائومێدی و شکست و بێبەری پێویست بەخۆگرتن دەکات لە بەرابەر هەستەکانی تووڕەیی و دڵەڕاوکێ و لە ناوەوە جۆشخواردن و دان بەخۆدا نەگرتن و بێ ئارامی و ئاڵۆزی... کە سەرهەڵدەدەن و ڕۆژانە لەگەڵیدان بەهۆی ئەو سێ فاکتەرە و لە ئاکامی سەرنەکەوتن و بێ توانایی لە تێرکردنی حەزە تاکەکەسی و غەریزەییەکانیدا، وەک خواردن و خواردنەوە و ئارامی و ژیانی سەربەرزانە و سەقامگیری، وێڕای دەستەپاچەیی لە نەگەیشتنی بە حەز و ئارەزووەکانی تری، درک دەکات بەقەوارەی کۆژانە بەرباد و سەختەکانی و هەستی تووڕەبوون و دڵتەنگی و ئەو بارگرژییەی تێیدا ژیا و مرۆڤ لە عێراقدا تێیدا دەگوزەرێ، کە بەدرێژایی سەدەکان و ساڵان و ڕۆژەکان لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە تاکو ئێستا ڕژاونەتە ناو ڕوح و ڕەوشتییەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گوتەزا و بڕیارە کورت و چڕکراوانەی کە دەروونزانی دەریان دەکات، هەوڵ دەدەین مانا و مەبەستەکانی بۆ هەمووان لێک بدەینەوە و بەشێوەیەک سووک و ئاسانیان بکەینەوە، گشت ئاستە ڕۆشنبیرییەکان لێی بگەن.

شکست ئەو هەستەیە کە مرۆڤ دەگرێتەوە، هەینێ لە سۆنگەی لەمپەری جیا جیاوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و دەستەپاچە دەبێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی، یاخۆ کۆمەڵێک ئامانج، کە بۆ بەدیهاتنیان دەکۆشا، دەشێ ئەو ئاستەنگانە کەسێتی یان گشتی بن پێوەندبن بەکۆمەڵگە و ئەو ژینگەیەی دەوری تاکی داوە، هەندێک بیروڕا لە پزیشکیی دەروونی وای دەبین شەڕ و قەیرانەکان و ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەدا لە هۆیەکانی گەشەکردنی شکستن "بێگومان شەڕ و

---

٣. نفس المصدر ص١٢

قەیرانەکان و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی، سەرجەمیان لەمپەرن و دەبنە شیمانەی شکستخواردن"[٤]. هەروەها هەموو ئەوانەی بەسەر دۆخی شکستدا دەسەپێن، ئەوا لە پێوەندیی هۆکارییەوە لەسەر ئاستی ڕەوشتی کەسێتیی تاک بەسەر دۆخی بێبەریبوونیشدا پراکتیزە دەکرێن.

هەرچی نائومێدییە خەریکە دەبێتە وشەیەکی هاوواتە و هاوزای نوشوستی، کە هیوابڕاویی هەوڵەکانی تاک دەگەیەنێ لە جێبەجێکردنی هەندێک لە ئامانجەکانی، "هەروەها ئاستەنگ دانان لە بەردەم هەوڵەکانیدا بۆ مەبەستێک، جا ئەگەر کۆششەکەی لە هۆشیارییەوە بێ، یان لە ناهۆشیارییەوە".

بەم ئاوایە ئێستا قەبارەی کاریگەریی وێرانکارییانەیمان بۆ ڕوون بووەوە، کە دەشێ شکست و نائومێدی و بێبەری دەینێنەوە لە دیارکردنی ڕەوشتی تاک و ئاراستەکردنی چالاکی و پێوەندییەکانی لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر مێژووی عێراقمان لە قۆناخە جیا جیاکانیدا هێنایە بەرچاوی خۆمان، ئەوا دەبینین ئەو ژینگەیەی عێراقییەکان، یاخۆ "دانیشتووانی دۆڵی ڕافیدەین" لە هەزاران ساڵەوە تا ئەمڕۆ تێیدا ژیاون، ژینگەیەکە خوڵقێنەری شکستە، واتە ژینگەیەکە بەردەوام ڕەوش و هۆکاری پەرەسەندنی هەستی نوشوستی لای تاکەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و تراجیدی و لێک دانەبڕاو تێدا باو بووە و بڵاوبووەتەوە...

لە پێناو جەختکردنەوە لە ڕاستیی ئەم شیکردنەوەیە خشتەیەک لە لاپەڕەی دواتر دەخەینە ڕوو، گرینگترین کارەسات و ڕووداوە خوێناوییە گەورەکان دەگرێتە خۆ، کە لە عێراق و بەغدا و بەتایبەت لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ڕوویان داوە و بەمێژووی زاینی تۆمار کراون:

ئەگەر بەردەوامیی شەڕ زۆرە یەک بەدوای یەک و کوشتارە خوێناوی و کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاوە وێرانکەرەکان و مەینەتی و دەردە کوشندەکانی وەکو ڕشانەوە و ئاوڵە و هی تریش، هەروەها هێرشی سوپای بێگانەی چاوچنۆک و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی دانیشتوان و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارە زۆردارەکان و ڕێژیمە دیکتاتۆرییە ستەمکارەکان و ئەوانەی ماڵوێرانی و کارەسات و پێشێلکردنی بەردەوامیی دەروون و چارەنووسی خەڵک و ئابرووییانیان لە پاش خۆیان جێ

---

٤. موسوعة الطب النفسي. د. عبدالمنعم الحفني. المجلد الاول ص١٤ مكتبة مدبولي. القاهرة.

| | |
|---|---|
| ١٦٢١ | برسێتی |
| ١٦٢٣ | فارسەکان "سەدان هەزار" لە سونەکان سەر دەبڕن و بە"هەزاران"یان وەک کۆیلە لێ دەفرۆشن. |
| ١٦٣٣ | لافاو |
| ١٦٣٥ | نەخۆشی |
| ١٦٣٨ | کوشتارێکی گشتی تورکەکان ئەنجامیان دا ٣٠ هەزار کەس بوونە قوربانی، زۆربەیان فارس بوون. |
| ١٦٥٦ | لافاو |
| ١٦٨٩ | برسێتی و نەخۆشی |
| ١٧٣٣ | ئابڵووقەی فارسی:"پتر لە١٠٠ هەزار لەبرساندا مردن" – تاعوون. |
| ١٨٧٨–١٨٧٧ | شەڕی ناوەخۆ لە بەغدا |
| ١٧٨٦ | لافاو – بەروبووم پێنەگەیشت – برسێتی – پشێویی مەدەنی |
| ١٨٠٣–١٨٠٢ | نەخۆشی – لەناوچوون "زۆربەی دانیشتووانی عێراق (؟!)" |
| ١٨٢٢ | نەخۆشی – لافاو |
| ١٨٣١ | نەخۆشی – لافاو – ئابڵووقە – برسێتی – ژمارەی دانیشتووانی بەغدا لە ٨٠ هەزارەوە گەیشتە ٢٧ هەزار. |
| ١٨٧٨–١٨٧٧ | نەخۆشی – برسێتی |
| ١٨٩٢ | لافاو |
| ١٨٩٥ | لافاو[٥] |

٥. ئەم خشتەیەمان وەکو خۆی لە کتێبی: حنا بطاطو/ العراق (الکتاب الاول) ص ٣٤ ترجمة: عفیف الرزاز. مؤسسة الابحاث العربیة، وەرگرتووە.

هێشتووه و هیوا و ئاواتیان تێک شکاندوون و ڕێیان له بەدیهێنانی ئامانجە مرۆیی و ڕۆژانەییەکانیان گرتووه، دەڵێم ئەگەر گشت ئەمانه و هی تریش لەوانەی لەسەر خاکی عێراق، سەرەڕای کودەتا سەربازییە خوێناوییەکان و ئەنجامە ماڵوێرانکەرەکانی له سەدەی بیستدا بیر خۆمان بێنینەوه، ئەوا دەرک بەوه دەکەین، کە بوونی شکست و نائومێدی و بێبەری له ژیانی عێراقییەکاندا بەدرێژاییی ڕۆژ و ساڵەکان خەریکه دەبێته شتێکی بەردەوامی ئامادە و هەبوو، ئەویش ئەو هەلومەرجە خراپەیە، کە له زۆربەی قۆناخه مێژووییەکاندا بەدرێژاییی پێنج هەزار ساڵ و تا ئەمڕۆش بەرۆکی ژیانی مرۆڤی کۆمەڵگەی عێراقی بەرنادات، بۆیه سروشتییە ئەگەر ڕەوشتێک له شکست و بێبەرییەوه سەری هەڵدابێ، لای زۆربەی تاکی عێراقی هەبێ، ڕەنگه ئەمەش وامان لێ بکات تێبگەین و بەشێوەیەکی ڕوونتر دەرک بەو پاڵنەر و هۆ و پاساوانه بکەین، کە کارێکی وایان کرد ڕەوشتی تاکی عێراقی گەلێک جار هاوشان بێ بەگرژی و دژایەتی و توندوتیژی و تاکڕەوی و ئارەزووی زاڵبوون و سەپاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە. کۆژانی مرۆڤی عێراقی و سکالاکانی بەدەست برسێتی و بێبەریبوون له وڵاتێکدا خێر و ئاوی زۆره ڕاستییەکی مێژووییە و زۆرێک له دەقه بزمارییە کۆنەکان و سۆمەری و ئەکەدی و بابلییە هەڵکۆڵراوەکانی سەر تەختە قوڕینەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوه، کە وەسفی ئەو ستەمکاری و ئێش و ئازار و بێبەرییە دەکات له هەزارەی سێیەمی بەر له زاین ڕووبەڕووی دانیشتوانی وڵاتی دوو ڕووبار دەبوونەوه و چەندان جار ئەم دۆخه پڕ له ئێشه لەو کاتەوه تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ دووباره دەبێتەوه و بەردەوامیی هەیە[٦].

٦. دوکتۆر سەروەت عەکاشه له کتێبه ئینسکلۆپیدییەکەیدا: تاريخ الفن العراقي القديم/ سومر وبابل واشور، له ل١٦ و بەدواوه ناوی کۆمەڵێک تێکست و هۆنراوه و پارچه پەخشان و نزای نووسراو بەخەتی بزماری لەسەر قوڕ و شوێنەواری سۆمەری و ئەکەدی و بابلی دەهێنێ، کە باس له کۆژانی دانیشتوانەکه دەکەن، بەدەست برسێتی و چەوسانەوه و زۆردارییەوه، هەروەها یەکێک له هۆنراوەکان وەسفی ڕەوشی منداڵان و کۆژانه پڕ له سوێیەکانیان دەکات بەدەست بێبەریبوون و برسێتی و هەژارییەوه له سۆنگەی شەڕە ناوەخۆییەکانەوه له نێوان شارەکان و بەهۆی هێرشی ئەو نەتەوه دڕنده دواکەوتووانەی شارەکانی عێراقیان کاول و بەرووبووم و سامانەکەیان تالان=

دیمەن و وەسفی کەسێتیی دیکتاتۆری، کە دەروونزانی بەکەسێتیی زاڵی ناو دەبات، هەروەها ئەو کەسێتییەی ڕێگەی دڵڕەقی و زەبروزەنگی خوێناوی دەگرێتە بەر، کە دەروونزانی بەکەسێتیی ناکۆکی ناودەبات، ئەوە سروشت و وەسفێلێکن بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا بەڕوونی بوونیان هەیە، بەتایبەت ئەگەر دیاردەی بڵاوبوونەوەی حەزی لەخۆوەیی لە بەرچاو بگرین بەپابەندبوون بەسەپاندنی تاقە ڕایەک، واتە (سەپاندنی دیکتاتۆرییانەی تاکەکەس) لە نێوان حزب و قەوارە و کۆبوونەوە سیاسی و ئاینی و ئاینزا و نەتەوەییەکانی عێراقدا، سەرەڕای بوونیان لەسەر ئاستی تاکی عێراقیدا، دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی وای بۆ دەچن، کە: (شکست و نائومێدی و بێبەری) لە هۆیە ڕاستەوخۆکانی دەرکەوتنی سیمای (کەسێتیی خۆسەپێنەر) و (کەسێتیی شەڕانگێزن) لای تاک، بەڵام بەهۆی دژایەتیی هۆکارە ڕەوشتییەکانی ناوەوەی لەو کاتی ڕەوشتی کەسێتیی دەسەڵاتخواز (واتە دیکتاتۆری) و ڕەوشتی کەسێتیی شەڕانگێز (واتە کەسێتیی خوێنڕێژ) بەسەر یەکێکی تردا پێڕەو دەکات، ئەوا لە هەمان کاتدا وەڵام بەبەرزخوازی و سەپاندن و پاڵەپەستۆی زۆرلێکردن و سەرشۆڕکردن دەداتەوە و ملکەچیان دەبێت و پەنا بۆ زۆرداری و شێوازی دڵڕەقانە و دیکتاتۆرییانە دەبات، کە بەزۆر لەلایەن ئەوانی تر، یاخۆ دەوڵەتەوە بەسەریدا دەسەپێنرێ (کە شێوازەکانی دەسەڵاتی ستەمکاریی بەدەستەوەن و بەوانە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکات و زاڵ دەبێ).. دووریش نییە پێی سەرسام بووبێت و لەگەڵیدا دەست و پەنجەی نەرم کردبێ و ڕەوشت و ڕەفتارەکانی بنوێنێ.

ئەم شیکردنەوەیە خەریکە زۆربەی سەرچاوە و بیردۆزەکانی دەروونزانی

= دەکرد، ئەم تێکستانەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەو ماڵوێرانی و کۆژانەی دانیشتوانی دۆڵی ڕافیدەین ڕووبەڕووی دەبنەوە هێشتا بەدرێژایی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە تا ئێستا بەردەوامیی هەیە، واتە لە پێنج هەزار ساڵەوە تا ئەمرۆ، ئەمەش کارێکە هەلومەرجی گونجاو دەسازێنێ بۆ دۆخێلی شکست و نائومێدی و بێبەریبوون لای تاک لەم وڵاتەدا، ئەمەش ڕاستیی ڕا و شیکردنەوەکانمان دەسەلمێنێ، کە ڕەوشەکە لە دۆڵی ڕافیدەیندا هەموو کات ژینگەیەکی گونجاو بووە بۆ دەرکەوتنی نوشوستی و نائومێدی و بێبەریبوون و ئەوی لەو ڕەنگدانەوانەی لێی دەبنەوە بەسەر پێکهاتەی دەروونی و ڕەوشتیی مرۆڤی عێراقیدا.

لەسەری تەبا بن، کە هەیە و لە گەلێک لە کتێب و ئینسکلۆپیدیاکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونیدا هاتووە. کە وەسفێکی ورد و دروستی ئەو کۆژانەیە کۆمەڵگەی عێراقی و گەلی عێراق لە مێژووی کۆن و نوێیدا بەدەستییەوە دەناڵێنێ. ئەگەر تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی توندوتیژیی خوێناوی و ڕەوشتی خۆسەپاندنی دیکتاتۆرییانە بەدرێژاییی چەندان سەدە و تاکو ئەمڕۆ لە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکان بن لە مێژووی کۆمەڵگەی عێراقیدا، ڕەنگە پێویستمان بەلێکۆڵینەوە نەبێ لە بوونی ئەو دیاردەیە، یا سەلماندنی بوونی بەبەڵگە و دەق، بگرە بەهێنانەوەی هەندێک پێناسەی کورت کورتی ڕاگوزەر لێ دەبینەوە، کە دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی پێشکێشی دەکەن و بەو ئومێدەی یارمەتیی تێگەیشتنی لایەنە گرینگەکەی بابەتەکەمان بدات، ئەویش ناسینی ئەو هۆ و پاڵنەرە دەروونییانەن، کە لەودیو ئەم جۆرە ڕەوشتە خوێناوی و دیکتاتۆرییە وێرانکەرەوە وەستاون، کە لە نێوەندەکانی گەلی عێراقدا باون و لە پابەندبوونی بەردەوام بەمیتۆدی زەبروزەنگی خوێناوی و ڕەوشتی دەسەڵاتخوازی دیکتاتۆری و سەپاندنی یەک ڕایی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆیان دەبیننەوە، لەوەش باوترە کە لای گەلانی تری ناوچەکەدا هەیە.

پاشان لە هەمان کاتدا ملکەچکردن و ملدان بۆ ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژانەی فەرمانڕەواییی ئەویان کرد و ئەو دەسەڵاتدارە ستەمکارانەی حوکمیان کرد و یارییان بەچارەنووسی کرد، دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی وای دەبینن، کە: (شکست و نائومێدی و بێبەری) هۆی سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی ڕەوشتی دیکتاتۆریی تاکەکەسی و توندوتیژیی خوێناوی. لە وەسفکردنی کەسێتیی شەڕانگێزدا (واتە کەسێتیی خوێنڕێژ) دەروونزانی وای دەبینێ، "ئەو بەرسڤەیە کە مرۆڤ بەرپەرچی شکست و نائومێدی و بێبەریبوونی پێ دەداتەوە، بەوەی هێرش بباتە سەر سەرچاوەی نائومێدی، یاخۆ ئەڵتەرناتیڤەکەی"[٧].

هەروەها پێی وایە کە "دوژمنکاری دیمەنێکە لەمیانەیەوە توانای هێز و دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی تردا دەردەکەوێ"[٨].

---

٧. موسوعة علم النفس. ص٢٠٦: د. اسعد رزوق. المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

٨. نفس المصدر. ص ٢٠٦.

"هەڵبەت کاریگەریی دۆخە سیاسییەکە وەکو هۆکارێک بۆ دوژمنکاری چەسپیوە، تاکەکان لەو کۆمەڵگانەی حکوومەتی ستەمکاریان بەسەرەوەیە، ڕەنگە دوژمنکاری لاواز بکەن و ڕای نەگەیەنن، لە کۆمەڵگە پڕ لە ئاشووبەکانیشدا، کە خەڵکەکە ڕابەر و ئاراستەکردن لەدەست دەدەن، وزەی دوژمنکارانەیان، کە نوشوستی نوێی دەکاتەوە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا بەخەرجی دەدەن"[٩].

"ئەوی مایەی سەرسوڕمانی توێژەرانی دەروونزانییە ئەوەیە، دوور نییە تاقە هەڵوێست ببێتە شیمانەی وەڵامدانەوەی جیاجیا لەلایەن تاکەکانەوە. ئەو نوشوستییەی زۆربەی زۆری خەڵک بەدوژمنکاری وەڵامی دەدەنەوە، ڕەنگە وا لە هەندێک بکات تووشی شێوە سستی و گێلی و گوێ نەدان، یاخۆ کشانەوە و لە چالاکی کەوتن و پشتگوێ خستن بن، بەمە تاک دەری دەخات بەرەنگاری بێ کەڵکە و ئەوسا لە بری پەنا بۆ توورەیی و هێرشبردن ببات، خۆی لەو هەڵوێستە دادەماڵێ و شێوە گەمژەیییەک دەنوێنێ"[١٠].

کاتێک نوشوستی و نائومێدی و بێبەری ئەو بنەما و پاڵنەرانە بوون، کە دەبوونە هۆی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕەوشتانە (مەبەستمان ڕەوشتی توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتە لای تاک) هەینێ توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەت دەبنە ئەگەری دەرکەوتن و بوونی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری، چونکە ئەو لەمپەرانە دروست دەکەن، کە ڕێ لە تاک دەگرن ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەهۆی هێنانەکایە و خولقاندنی زوڵم و ستەمکاری و شەڕ، هەروەها کاولکردن و دەستبەسەراگرتنی ماف و جیاوازییە چینایەتییەکان و ئێش و ئازار و کارەسات و هەرەسهێنانی هیوا و ئاواتەکان و... هتد.

لەبەر هەندێ دەبینین لە بازنەیەکی داخراودا دەخوولێینەوە، هۆ و ئەنجامەکان دەچنە ناو یەکەوە و لەگەڵ یەکتردا زیاد دەکەن. ئەگەر نوشوستی و نائومێدی و بێبەری هەڵهێنەری توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆری بن وەکو بینیمان، ئەوا سەرەنجام توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆرین نوشوستی و نائومێدی و بێبەری دێننە کایەوە.. ئیدی بەم شێوەیە...

---

٩. موسوعة الطب النفسي. المجلد الثاني. ص ٨٥٣ د. عبدالمنعم الحفني. مكتبة مدبولي.

١٠. الدوافع النفسية. د. مصطفي فهمي. ص ١٣٤ مكتبة مصر. دار مصر للطباعة.

ئەمـەش شتێکی دروست و واقیعییە. ئا لێرەدا دەتوانـین بڵێین دەسـتمان لـەسـەر گرینگترین نهێنی و مەتەڵە سەرسوڕهێنەرەکەی پێکهاتەی تاکی عێراقی دانا، واتە هۆکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی خوێناوی و دیکتاتۆرییە بەردەوامەکانی بەسـەر کۆمـەڵگەی عـێراقـییـەوە بوون لە کۆن و ئێـسـتـادا، مـێـژووی عـێـراق لێوانلێو و سـیـخناخـە لەو ڕووداو و گـۆڕانکارییـانەی نوشـوسـتی و نائومـێـدی و بێبـەری لە کۆمـەڵگەی عێراقیدا دەدۆزنەوە، ئەمـەش ئەنجـامـێکی سروشـتـییـە کە کوشـتـاری خوێناوی و شـەڕ و دیکتاتۆرەکان و داگیرکردنـی سەربازی و کاولکردنی شـارەکان و ڕاگواستـنی دانیشـتـوان جێی دەهێڵن، هەروەها ئەوی لێی دەبێتەوە لـە سـتـەم و هیـوابڕان و ناچارکردن و بێبـەری و کڵۆڵی و کارەسـات، کە لە کۆتاییدا یـەکسـان دەبن بەنوشـوسـتی و نائومـێدی و بێبـەری، کـە ئەمـانیش بەخـۆیان ئامـادە دەبن بۆ دووبارە هێنانە کایەی ڕەوشتی بەکۆمەڵی تـایبەتمەند بەتوندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆری.

کاتێک ئەم گێژاوە تێکشکێنەرە، یاخۆ ئەم پرۆسە یەک لە دوای یەکەی نێوان ئەو هۆیەی ئەنجام دروست دەکات و ئەو ئەنجـامـەی هـۆیەکە دێنێـتـە کایەوە، بێگومـان بەهەزاران جار لە قۆناخی جیاجیای مێژووی عێراقدا دووبارە بووەتەوە، ئەمەش لە سـۆنگەی دێرینیی ژیاری مەدەنیی وڵاتـی ڕافیـدەینە، چونکە تەمەنی ژیاری مـەدەنی لەم وڵاتەدا پتـر لە پێنـج هەزار ساڵە، بـۆیە ئاسـانـە ئەو هۆ و پاڵنەرە واقـیـعـیـیـانە بدۆزینـەوە و بیـــانـنـاسـین، کـــە لەودیو ئەم دیاردەیەوەن لە ڕەوشـــتـی ســـەیر و وێرانکردن، کە تاک و میللەت و کۆمەڵگەی عێراقی پێکەوە تا ئەمڕۆ لەگەڵیدا دەژین و بەدەسـتـیـیـەوە دەناڵێـنن، مـەبەسـتـمـان لـەمـەش ڕەوشـتی دژ بەیەک و بەزۆر خۆسەپاندنی خوێناوییە.

لە بـەرابەر ئەم ئـەنجـامـە ئەرێنیـیـەدا لە توانـادا هـەیە چارەسـەرە کـرداری و زانسـتی و مـیـتـۆدییـەکـان دەسـتنیـشـان و دیـار بکرێن، کـە دەتوانـن چارەی ئەم ناتەواوییـە گشـتییـە بکەن و ڕەوشـتی کـەسـێتیی عـێراقی بگەڕێننەوە سـەر ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی.

تەنانـەت ئەگـەر بمـانەوێ شـیـکردنەوە بۆ دیـاردەکـانی تـوندوتیـژیی خـوێـناوی و خۆسـەپاندن و دژایەتی لە کـەسـێتـیی تاک لە وڵاتـی ڕافیـدەیـندا بکـەین، بەو پێـیـەی

ڕەنگدانـەوەی هۆ و پاڵنـەری سـیـاسین، نەک ڕەنگدانەوەی هیچ شــتـێکی تر، وەک چۆن هەندێک لە سیاسی و لێکۆڵەران حەزیان لێیە دوور لە یاساکانی دەروونزانی و بیــردۆزەکــانی ئەم شــیکردنـەوەیە بگرنـە بەر، خــراپتــرین ئەنجـام دەشـێت لەم لێکدانەوەیەدا پێی بگەین، ئەوەیە کـە ستـەم و بۆڵەبـۆڵ و ڕقـە کـەڵەکـەبووەکـان لە دەروونی ڕۆڵەکــانی گــەلدا دژ بـەفــەرمــانڕەواکــانیــان و ســیـاســەتی ڕێژیمە خۆماڵییەکان، کە گەمە بەچارەنووسیان دەکەن و وڵات بەپێی میتۆدی خۆسەپاندن و چەپاندن و بێبەریکردن بەڕێوە دەبەن، ئەوا کارێکی گرینگ و زیندوویان لە ژیانی خـەڵکی وڵاتەکـە خـسـتـە پشـێـوییـەوە و بەونکـردنیـان دا و سـڕییـانـەوە، ئەویش لاوازکردنی ڕوحی بەرگری و چالاکیی نیشتمانیی دژ بەدەستێوەردانی دەرەکی و پاشـەکشـەکردنی کـەفوکـوڵە لە بەرگـریکردن لە وڵات دژ بـەداگیـرکاریی بێگانە. هەروەها بووە هۆی دابڕانی ڕێژیمە خۆماڵییەکان و ڕق لێبوونەوەی میللەت لێی لەو چۆکدادانە پڕ لە ڕیسـواییـیـەی گشت جارێک لە بـەرابەر داگیـرکاران و سـوپای داگیـرکـاردا دەینوێنێ، ئەمـەش چەندان جـار لە عـێراقـدا لە سـەرجـەم قـۆناخـە مێژووییەکاندا دووبارە بووەتەوە.

باسی هەندێ وێستگەی سـەرەکـیی یەکلاکـەرەوە دەکـەین، کە وڵات کـەوتە ژێر دەست داگیرکاری بێگانەوە بێ ئەوەی خەڵکەکە هیچ ڕۆڵێکی نیشتمانییان هەبێت لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان، ئەمەش لـە سۆنگەی تەریک کەوتنەوەی ڕێژیمەکە و ڕق و تووڕەییی مـیللەت لە بەرابەریدا، چونکە فـەرمـانڕەوایی و دەسـەڵات و ڕێژیمە ســیــاســیــیــەکــە لە ناوەخــۆی وڵاتدا شــیــمــانەی دەمکوتکردنـی مــیللەت و چاوپۆشیکردنیەتی لە داگیرکار و بەرگری نەکردنـی لە دەست تێوەردانی بێگانە، چونکە ئەم ڕێژیمە خـۆمـاڵییـانە گەلێک جار خـۆسـەپێنـەر و ستـەمکارن، بەهەمـان شێوەش لەلایەن خەڵکی وڵاتەوە تەریک و نەویستـراوە، لە ئەتمۆسفیـرێکی ناوەخۆی پڕ لە بۆڵەبۆڵ و ناڕەزاییی میللی و بێ هیوایی و ستەمی زۆر و بێبەری و ئارەزووی ڕزگـاربـوون و ئازادبوون، هەر لـەبەر ئەمــانەیە حــەزی گـەل و دانیــشـتــوانەکـە لە بەرگـری دژ بەداگـیـرکـار و ڕووبەڕووبوونەوەیان لاواز دەبێ، یاخـۆ نیـمـچـە نەبوو دەبێ، بۆیە دەبیـنین پرۆسـەی داگیـرکـردن لـە زۆربەی جـارەکـاندا بێ بەرهەڵسـتـیی شێلگیرانەی دانیشتوانی وڵات ئەنجام دەدرێ.

لەو نموونـە و بەڵگانـەی ئەم ڕاسـتـیـیـە تاڵ و خـەمـهـێنەرەی مـێـژووی عـێـراق

دەسەڵێن، کەوتنی بابلە، لە ساڵی ٥٣٩ی بەر لە زاین بەدەستی شا کۆرشی دووەم (دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای ئەخمینیی فارسی) بێ کوشتار یاخۆ بەرهەڵستی، ئەمەش لە سەردەمی نابونیدسی شای بابلیدا بوو، کە لەوە دەکات لاواز و تەنیا بووبێ (مێرگێکی لە باکوری حیجاز هەڵبژارد و لێی نیشتەجێ بوو، کاروباری وڵاتیشی دایە دەست "بلشاسر"ی کوڕییەوە، کە ئامادەییی فەرمانڕەوایی تێدا نەبوو، بلشاسری جێنشینی لاو کۆشکە گەورەکەی "نەبوخوزنەسر"ی کردە جێ نشینگەی خۆی و نوقمی ژیانی پڕ لە ڕابواردن و کات بەفیڕۆ دان و شەراب خواردنەوە بوو)[11]. بابل ڕووخا و کۆرشی دووەم توانی لە ساڵی حەڤدەیەمی فەرمانڕەوایی شا نابۆنیدسدا داگیری بکا، پاش ئەوەی (فێڵی لێ کرد و نەتەوەیەکی لە خەڵکی بابل لە دژ هاندان و بەپاشاکەیان ڕازی نەبوون، مەزەندە دەکرێ جوو بووبن)[12]، چونکە لەمیانەی ئەم تێکستەوە وا دیارە دانیشتوانی وڵاتەکە، یان بەلای کەمەوە بەشێکی زۆریان و لە نێویاندا ئەو جوولەکانەی بەهەزارانیان بەدیل لێ هێنان و لێیان گەڕان لەنێو خەڵکەکەدا بژین، بەحوکم و دەسەڵاتی وڵات ڕازی نەبوون، لەبەر ئەمە بوو بابل، دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی جیهانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمەی دەکرد بێ کوشتار و بەرهەڵستی گیرا. وەک ئەنجامێکی ئەم داگیرکارییەش وڵاتی نوێی بابل بوونی نەما و بابلییەکانیش پتر لە دووسەد ساڵ لەژێر داگیرکاریی فارسیدا مانەوە، تاکو لە ساڵی ٣٣٠پ. ز. دا ئەسکەندەری مەکدۆنی لەشکری ئیمپراتۆریای فارسی لە شەڕی کوکمێلەی بەناوبانگدا لە دەڤەری دەشتی هەولێر (نزیکەی ٦٠کم لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر) لە باکوری وڵاتی ڕافیدەیندا (کوردستانی عێراقی ئێستا) تێک شکاند، کە بەڕابەری داریوشی شای نێوداری فارس بوو. ئەوە بوو داریوش لەو شەڕەدا لە بەرابەر ئەسکەندەر هەڵهات و سوپاکەی پرش و بڵاو بووەوە و شەڕەکەی دۆڕاند، ئەمەش وای لە ئەسکەندەر کرد دوای ئەوە ڕوو لە بابل بکا و داگیری بکا، ئەوە بوو دیسانەوە بێ کوشتار خۆیان دایە دەستەوە، چونکە لە بناخەدا داگیر کرابوون.

١١. خمسة الاف سنة من تاريخ الشرق الادنى. د. فيليب حتي. المجلد الاول. ص٧٢ الدار المتحدة للنشر.

١٢. هارفي بورتر. موسوعة مختصر التاريخ القديم. مكتبة مدبولي. القاهرة. ص١٥٤.

له ساڵی ١٢٥٨ی پاش زاینیش (واته پتر له ١٧٠٠ ساڵ دوای داگیرکردنی بابل لەلایەن ئەسکەندەرەوە) شاری بەغدا، کە پایتەختی عێراق و پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی بوو بەدەستی مەغۆلەوە، کە لەژێر فەرمانڕەواییی هۆلاکۆدا بوو و داگیرکردنی جارێکی تریش بێ شەڕکردن و بەرهەڵستی بوو، ئەمەش لە سەردەمی موستەعسەمی خەلیفەی عەباسیدا بوو، کە زۆربەی ئەندامانی لەشکری ئیسلامی بەرەڵا کردن، لە سۆنگەی پیسکەیی و نانکوێری و لاوازی و ڕابواردن و حەزنەکردن بەخەرجکردنی پارە بۆ سوپا. لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە، ئاماری سوپای عەباسی (کە لەشکری دەوڵەتی بەربڵاوی ئیسلام بوو) لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا لە دە هەزار سەرباز پتر نەبوو، بەڕادەیەک تەنانەت مووچەشیان وەرنەدەگرت.

ئیبن کەسیری مێژوونووس لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی هەرەسهێنانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل، دەڵێ: (لەلای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دەوری بەغدایان دا، سوپای بەغداش لەوپەڕی کەمی و زەبوونیدا بوو، نەدەگەیشتە دە هەزار سوار و هەموویان مووچەکەیان وەستابوو، زۆریان لە بازاڕ و بەردەرکی مزگەوتەکاندا کەوتنە دەرۆزەکردن. شاعیرەکان گەلێک هۆنراوەیان بەسەردا هەڵدان، لە هۆنراوەکانیدا بۆیان دەلاڵانەوە و خەمیان بۆ ئیسلام و خەڵکەکەی دەخوارد)[١٣].

لەمیانەی ئەم دەقە مێژووییەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە سوپای عەباسی هەر ژمارەیان کەم نەبووە، بگرە برسیش بوونە، پاش ئەوەی خەلیفە مووچەی ئەوانەی لەم سوپایەدا ماونەتەوە ڕاگرتووە، ئیدی وایان لێ هاتووە لە بازاڕ و لە بەردەرکی مزگەوتەکاندا سواڵیان لە خەڵکەکە کردووە. هەموو ئەمانەش بەهۆی سیاسەتی دەستگرتن بەپارەوە بووە، کە ئەو ڕێژیمە سیاسییە گرتبوویە بەر، کە بەمەمرە و مەژی و ڕژدی و لاوازی ناسرابوو و خەلیفە موستەعسم نوێنەرایەتی دەکرد.

ئیتر بەم ڕەوشە شووڕەییهێنەر و بەرەڵاییەوە موستەعسم دەیویست ڕووبەڕووی کشانی سوپای مەغۆل ببێتەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنیدا بەرەو عێراق و بەر لە گەیشتنی بەبەغدا و ئابڵووقەدانی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای تێک شکاند، پاشان بۆ ماوەی چل ڕۆژ ڕێگە دەدا کوشتارە خوێناوییە

١٣. ابن كثير. البداية والنهاية. ج ١٣، ص ٢٣٤ دار احياء التراث العربي.

بەناوبانگەکە بکەن.

ڕەنگە ئێستا بپرسین: ئایا دوای خوێندنەوەی دەقەکەی ئیبن کەسیری مێژوونووس خوێنەر حەزی خۆبەخۆی لە دەروونداناجوولێ بەراوردی دۆخی سوپای عەباسی لە سەردەمی خەلیفە موستەعسم لەلایەنی مووچە و مەعنەوییەوە بکا، لەگەڵ ڕەوشی سەربازەکانی سوپای عێراق لە لایەنی مووچەوە بەر لە گیرانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا؟ داخۆ لە ناخیدا بەهەزاران چیرۆکی کارەسات ئامێزی بەمێشکدا نایەت، لەبارەی خراپیی دۆخی مووچەی دەیان هەزار سەرباز و ئەفسەری عێراقی، لەوانەی مووچەی هەر یەکێکیان پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەشی کڕینی جووتێک پێڵاوی نەدەکرد؟

وێڕای ئەوەی ئەندامانی ئەم سوپایە بەدەستییەوە دەیانناڵاند لە جیاوازیی توێژی و حزبی و کارگێڕی و دارایی، کە ئەو یاسا سەیروسەمەرانە سەپاندبوویان و ڕێژیم بەشێوەیەکی ناڕەوا لەناو سوپای عێراقدا پێڕەوی کردن؟

ئاسایی بوو عێراق لە کاتی موستەعسمدا بێ کوشتار و بەرگری بەدەستی مەغۆل بڕووخێ، چونکە ڕێژیمی تەریک کەوتوو و هەڵوەشاوەی سیاسی بوو وڵاتی گەیاندە ئەو کارەساتە خوێناوییە لە ڕووخانی بەغدا بەدەستی هۆلاکۆ.

شتێکی سروشتی بوو لەبەر هەمان هۆ، بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەهەمان شێوە بێ کوشت و کوشتار بەدەستی ئەمەریکاییەکان بڕووخێت. هەرچی ئەو هەرەسهێنانە یەک لە دوای یەکانەن، کە بەغدا دوای ڕووخانی یەکەم لە سەدەکانی دواییدا بەخۆوەی بینین، جارێک بەدەستی سوپا فارسە ئێرانییەکانەوە و جارێکیش بەدەستی لەشکری عوسمانییەوە، ئەوا گشت جارێک بێ بەرهەڵستی و بەرەزامەندی و ڕازیبوون و بەپێشەوەچوونی ژمارەیەک لە دانیشتوانی وڵاتەکە بەڕێوە دەچوو، زۆرجاریش عێراقی هەبوون لە هەر شاڵاوێک لە شاڵاوەکانی داگیرکردنی بەغدایا جا ئیتر عوسمانی بووبن، یاخۆ فارسی، لەگەڵ سوپای داگیرکەردا بوونە و چاوساغییان بۆ کردوون، هەڵبەت دابەشبوونی تایفیی نێوان دانیشتوانەکە یارمەتیی بەرجەستەکردنی ئەم دیاردە نانیشتمانییەی داوە...

لە ساڵی ١٩١٤ی زایندا، واتە دوای ٦٥٦ ساڵ بەسەر هەرەسهێنانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل، دیسانەوە بێ خوێنڕشتن و بەرگریکردن لەلایەن خەڵکەکەیەوە،

بەغدا کەوتە دەستی ئینگلیزەوە، چونکە لەژێر دەستی حوکمی عوسمانیدا بوو و خەڵکی وڵات خورتە و بۆڵەیان بوو، بگرە لەمەش پتر عێراقییەکان لە زیاد لە شەڕێکدا و لە زۆربەی شارەکاندا دژ بە لەشکری موسڵمانی عوسمانی یاریدەی هێزە بەریتانییەکانیان دا و پەیکەریان بۆ جەنەراڵ مۆدی فەرماندەی بەریتانی کرد، کە عێراقی داگیر کرد، لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا جارێکی تر بەغدا بێ کوشتار و بەرگریکردنی شێلگیرانە داگیر کرایەوە، ئەو ڕێژیمە سیاسییە شەکەت و تەریک کەوتووەی پتر لە سی ساڵ میللەتی عێراقی بەر قامچی دەدا، بووە سۆنگەی ڕووخانە شەرمهێنەرەکەی بەغدا و عێراقی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەر.

سەرەنجام و لەسەر بنەمای ئەو بەڵگە مێژووییە زەق و پڕ لە شۆکانەی خستمانە بەرچاو، هیچ زەحمەتییەک لە گەیشتن بەو ئەنجامە نیمچە پڕ لە دڵنیاییەدا نابینینەوە، کە ڕێبازی خۆسەپاندن و ستەمکاری و دڵڕەقی و ئەو جیاوازیکردنەی هەر دەسەڵاتدارێک، یاخۆ ڕێژیمێکی سیاسی دەیگرێتەبەر وا لە خەڵک دەکات لە تووڕەیی هەڵچوو و بۆڵەبۆڵی توندا بن، کە لە کۆتاییدا پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای ئەو گەلە دەسڕێتەوە، تەنانەت ڕێ لە بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیشی دەگرێت و دووریش نییە لە داگیرکەردا وێنەی فریادڕەس و بەهانا هاتوو ببینێتەوە، ئەمەش لەوەوە دێت کە بەدەستی فەرمانڕەوا خۆییەکانەوە دەیچێژێ، لە گەندەڵی و دووبەرەکی و دڵڕەقی و بێبەری و جەور و ستەمی تۆقێنەر و سزای بەردەوامی خوێناوی.

## نکووڵی لێکردن داد نادات

لە هەوڵێکدا حەماس و دەمارگیریی نیشتمانی و نەتەوەیی بەسەریدا زاڵە، هەندێک لە لێکۆڵەران دەیانەوێ سیفەتی توندوتیژیی خوێناوی لە کۆمەڵگەی عێراقی و کەسایەتیی عێراقی دوور بخەنەوە، ئەمەش بەڕەتکردنەوەی هەر تایبەتمەندییەکی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا نە بەقەوارە و نەیش بەدڵڕەقیی ئاوارتە، لەگەڵ هەوڵی ڕەتکردنەوەی هەر پێوەندییەک لە کەسێتیی عێراقی بەزەبروزەنگەوە، بگرە دەکۆشن بۆ بێ گوناهکردنی لە هەموو ئەمانە، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی کارەکان و بەهانە هێنانەوەی بوونی توندوتیژیی خوێناوی لە گشت وڵاتانی دنیادا و تەشەنەکردنی بەناو هەموو کۆمەڵگەکاندا بێ ئاوارتە و دەرکەوتنی لە گشت قۆناخە

مێژووییەکاندا، هەندێک جاریش کێشەی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بچووک و ئاسـان دەکرێتـەوە، ئەمـەش بەفـرێدانی تۆمـەت و بەرپرسـیـاریەتیی ئەم بابەتە بەسـەر قـۆناغێکی زەمەنیـدا، یاخۆ بەسـەر قـۆناخـێکی سیاسیی دیارکراودا بێ ئەوانی تر، وەک ئەوەی قۆناخە سیاسی، یان مێژووییەکانی تر لە عێراقدا خاڵی بن لە توندوتیژیی خوێناوی، هەندێک جاریش بەرپرسیاریەتی ئەم بابەتە مێژووییە ترسناکە دەخرێتـە ئەسـتۆی فـەرمانڕەوایەکی دیارکراو، یان توێژێک، یا حزبێک، یاخـۆ باوەڕێک، یاخـۆ لایەنێکی بیـانی و زۆرجـاریش لەودیو ئەم شـیکردنەوە بابەتییانەوە پاڵنەر و مەبەستی سیاسی و دەستـەیی و حزبی هـەن، بۆیە گەلێک جار دادپەروەرانە نین.

بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەم بیر و بۆچوونە هەڵە و لایەنگر و نازانستییانە بدەینەوە و تاکـو بایەخی پێـویست بـەم بابەتە دژوار و ئاڵۆزە بەوەڵامی ڕاشکاو و ڕوون و چەسـپـیـو بدەینەوە، وای دەبینین پێـویسـتـە بەرسـڤی ئەم پرسـیـارەی خـوارەوە بدەینەوە:

ئایا توندوتیـژیی خوێناوی لە کـۆمەڵگەی عێـراقـیـدا تایبـەتمەندی و سـیـمـای جیاکارانەی خۆی هەیە...؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆیە دەڵێین:

بەڵێ تایبەتمەندی و سیما هەن توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا لەو توندوتیژییە جیا دەکاتەوە، کە پێشتر یاخۆ ئێستا لە کۆمەڵگەکانی تردا ئەنجام دراوە.

لە گرینگترین ئەو سیمـایانەی توندوتیـژیی خـوێنـاویی عێـراقی جیـا دەکاتەوە، ئەمانەن:

١- توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا تایبەتمەندیی لەپێشبوونی (اسبقیة) زەمەنی هەیە، چونکە کاری خـوێنڕشتن و کـوشـتنی بەکـۆمـەڵ و شـەڕی قـەلاچـۆکردن لەسـەر ئاسـتـێکی بەرفـراوان و ڕێکخـراو لە نێـوان وڵاتانی دێرینـی دۆڵی ڕافیدەیندا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە بەردەوامیی هەبووە، دەکرێ پرۆسـەی هەڵلووشینی شارەکان لەناو خـۆیاندا، لە سـۆنگەی شـەڕ و داگیرکارییە سەربازییەکان و لەناودانی دانیشتوان وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی زانسـتی بەنموونە بهـێنینـەوە، کـە بەر لە سێ هـەزار سـاڵ لە لەدایکبـوونی

مەسیح جەخت لەسەر بوونی ئەم دیاردەیە دەکاتەوە.

گشت ئەمانە لە کاتێکدا روویان دا ژیاری مرۆیی لە بەراییەکانی یەکەمیدا بوو، تا ئەو کاتە چەندان نەتەوە و کۆمەڵگە و ئیمپراتۆریەتی ناسراو و ناودار، کە دوای چەندان سەدە ناوبانگیان دەرکرد، وەکو نەتەوەی فارس و یۆنانی و رۆمانی و ئەوانی تر نەبوون، یا نەخوڵقابوون، یاخۆ پێک نەهاتبوون، بۆیە هیچ روویەکی بەراوردکردن نییە لە رووی پێشینەییەوە لە کاتدا لە نێوان ئەوی لە دۆڵی رافیدەیندا رووی دەدا، لە توندوتیژیی خوێناوی لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین و ئەو توندوتیژییە خوێناوییەی لە ئەوروپا، یا لە شوێنانی تردا لە سەدەکانی دواییدا رووی دا، جا لە سەردەمی یۆنانییەکاندا بێ، یا رۆمانەکان، یان لە سەدەکانی ناوەراستدا.

٢- توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا لە پێنج هەزار ساڵەوە بێ بران توندوتیژییەکی بەردەوامە. رەنگە ئەم سیفەتەی توندوتیژیی خوێناوییە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا نەبێ، توندوتیژی لە زۆرێک لە وڵاتاندا بۆ چەندان دەیە، یاخۆ سەدە بەردەوامی هەبوو، پاشان وەستا، یاخۆ پچڕا و کۆمەڵگە گەڕایەوە دۆخی سەقامگیری و ئارامی، رەنگە توندوتیژی لە شێوەی شەپۆلی کورت و کاتیی جیا جیا بۆ ئەو وڵاتانە گەڕابێتەوە، بەڵام توندوتیژییەکی خوێناوی لە تاقە وڵاتێکدا بێ پسانەوە، یاخۆ وەستان بۆ ماوەی پەنجا سەدە بەردەوامیی هەبێت، لە عێراقدا نەبێ لە هیچ شوێنێکدا نایبینینەوە، بۆ روونکردنەوەی ئەمەش دەڵێین:

مێژووی راستی ژیاریی مەدەنی و لە دنیادا تۆمار کرا و لە وڵاتی رافیدەیندا و لەلایەنی زانستی و شوێنەوارییەوە بڕیاری لەسەر درابێ درێژ دەبێتەوە بۆ نزیکەی پەنجا سەدە، واتە پێنج هەزار ساڵ، (وەکو ئێمە بزانین) تاقە سەدەیەک نییە لەم مێژووەدا خاڵی بێ لە شەڕ، یاخۆ کوشتار، یان رووداوێکی گەورەی خوێناوی لە توندوتیژیی سەرتاسەری لەگەڵ ئەو بوویەرە خوێناوییە ئاساییە باوانەی تر. ئەمەش تایبەتمەندییەکە توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا پێی جیا دەکرێتەوە.

٣- لەم دوو تایبەتمەندییەی پێشووەوە (پێشینەیی زەمەنی و بەردەوامی) توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بەپێی ئەمە بەزۆری و قەوارە و چەندێتیی

ژمارەیی، کە لە چاو وڵاتەوە زۆرە و ئەمەش تایبەتمەندێتییەکی ترە.

٤- هەرچی دڵڕەقیی داهێنراو و بەدڕندەیی و توندی جێبەجێکردنی کاری توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، کە بەکێوییەتی و دزێوی و ئاوارتەیی و گاڵتە پێداهاتن بەڕۆحە مرۆیییەکان ناسراوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تەواوە، خوێنەر لەم کتێبەدا بەدەیان نموونە و بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەریان دەبینێ، کە لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقەوە دەرهێنراون.

٥- هەرچی دوا تایبەتمەندییە، ئەوە خراپترین و ناقۆڵاترینیانە لەنێو تایبەتمەندییەکانی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، ئەم توندوتیژییە کورت نابێتەوە لەسەر ڕەوشتی دەسەڵاتدارەکان و ئیمپراتۆر و پاشا و خەلیفە و فەرماندە و میر و ئەو جێبەجێکارانەی خودان کارەکەن، بگرە درێژ دەبێتەوە و ڕەوشتی تاکە ئاسایییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، ئەمەش یەکێک لەو دژوارییە هەژێنەرانەیە لە کەسێتیی عێراقیدا، کە پێویست دەکات هەڵوێستەی لەسەر بکەین و لێی بڕوانین و لێی بکۆڵینەوە، لە تواناشدا هەیە بەدەیان نموونە و بەڵگە لەبارەی ئەم دیاردەیەوە بهێنینەوە، کە جەخت لەسەر بوونی نەخۆشی لە بنیاتی کەسێتیی عێراقیدا دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم نەخۆشکەوتنە، بەهۆی دۆخە دەرەکییە خراپە واقیعی و بابەتی و مێژووییەکانیشەوە سەپێنرابێ و وەرگیرابێ، نەک نەخۆشییەکی بنیاتیی پێکهاتەیی لە خودی کەسێتیی عێراقیدا.

بۆیە ڕەتکردنەوەی بوونی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، یاخۆ ڕەتکردنەوەی بوونی تایبەتمەندییە تاکڕەوییەکانی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بەپاساوی بەرگریکردن لە گەلی عێراق، یاخۆ بەتەنگەوە هاتنی ناو و ناوبانگی کەسێتیی عێراقی، تەنیا تێکەڵکردنی کاغەزەکان و هەڵاتنە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتەی هەر بەڕاستی بوونی هەیە و بەم دواییە دنیا بەسەرسوڕمانەوە لەمیانەی وێنە زیندووەکانەوە، کە کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان بڵاوی دەکەنەوە، تەماشای بەشە شەرمهێن و دزێوە خوێناوییە کارەساتبارەکانی دەکەن، کە پێویست دەکات سەرنج بدرێ و بەقووڵی و سەرتاسەری شیکردنەوەی ئەنگێزەکانی بکرێ، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری واقیعییانەی هەمیشەیی بۆیان و کارکردن بۆ لابردنی لە ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی و لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا.

## هۆیەلی سەربار
## بۆ دەرکەوتنی ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژی

وێڕای ئەو دەستنیشانکردنە وردەی پێی گەیشتین بەپشتبەستن بەو لێکدانەوەیەی دەروونزانی دەستنیشانی دەکات لە هۆیەکانی دەرکەوتنی ڕەوشتی ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی (دیکتاتۆری) و خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەوا هۆیەلی تر هەن ڕەنگە یارمەتیدەر و بەشدار بووبن لە دەرکەوتنی ئەم سیفەتانە لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا، بەرجەستەترینیشیان ئەمانەن:

یەکەم: پیت و فەڕ و سامان و چاوتێبڕینە دەرەکییەکان:

دەبێ خۆمان لەو هۆیە سەربارانەی تر گێل نەکەین، کە لە ماوە مێژووییە دێرینەکانی عێراقدا سەریان هەڵدا، ئەویش بوونی پیت و فەڕ و دەرامەت و هۆیەکانی دەوڵەمەندبوونن لە خاکی ڕافیدەیندا (عێراق)، کە چاوتێبڕین و شەڕ و لەشکرکێشی و داگیرکردنیان لەگەڵ خۆدا هێنا، سوپا و نەتەوە و وڵاتانی دەوروبەری دۆڵی ڕافیدەین ئەنجامیان دا، ئەمانەش چەوسانەوە و کاولکاری و ستەم و شەڕ و کوشتاری خوێناوی و بێبەری و کۆچ پێکردنی خەڵکی وڵاتەکەی بەدواوە بوو، کە دۆخێکی ئایدیالی ڕەخساند بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی دۆخێلی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری... کە هۆیە سەرەکییەکانیان پێک هێنا لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتە چنگ بەخوێنە یەک لە دوای یەکە تاک بڕواکان و تاودانی کاری پڕ لە توندوتیژی و بەپەندبردن و دڵڕەقی، کە عێراق و بەتایبەتییش گەلەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ بەدەستیانەوە داخ بوونە، ناتوانین تەنانەت ڕێژیمی پاشایەتییش لەم سیفەتە ڕەوشتییە دیکتاتۆرییە دەستەییە ئەستۆ پاک دەربکەین، کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا ٣٧ ساڵ بەردەوام بوو (١٩٢١ – ١٩٥٨)، کار و پۆستەکانیش لە دەوڵەتدا دابەش دەکران بەسەر وەچەی خێزانە ئەرستۆکراتی و دەرەبەگ و دەوڵەمەندە ناسراوەکانی سەر بەڕێژیمی پاشایەتیدا، یاخۆ ئەوی سەر بەخێزانێکی کۆن و ناودارە و لە بناخەدا پارە و ناوبانگی لەمیانەی هاوکاریکردن و دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی، یا لەمیانەی داگیرکردنی بەریتانیاوە ساڵی ١٩١٤ لە سەرەتای سەدەی بیستی پێشووەوە بۆ

عـێـراق دڵسـۆزی و هاوکـاریی لەگـەڵ ئینگلیـزدا هەبووە. ئەمـەش بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و سامان بەدەستی توێژێکی کەمی گەلی عێراقەوە و بێبـەریبـوونی زۆربەی زۆریش لێـیـان. بەمـە زۆرینەی مـیللەتی عـێـراق کـەوتە ناو بازنەی نوشوستی و نائومێدی و بێبەرییەوە.

بەم شێوەیە دەبینین گەلی عێراق بەدرێژاییی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیـست و یەک لە هەمـان گـێـژەڵۆکـەدا دەخـولێـتـەوە، کە پشت بەو شـیـکردنەوەیە دەبەسـتـێت پێـشـتـر باسـمـان کـرد لە نـوشـوسـتـی و نائومـێـدی و بێـبـەری، کـە توندوتیژیی خوێناوی و سەپاندن و دیکتاتۆرییەت دەخولْقێنن و بەرهەمیان دێنن.

ئەم ئەنجـامـانەش لـە شـوێنی خـۆیانەوە نوشـوسـتـی و نائومـێـدی و بێـبـەری دەخولْقێنن...

بەم ئاوایە هێشتا لە هەمان گێژەڵۆکەدا دەسووڕێینەوە، تاکو ئێستاش ڕابەرێک، یا هێزێکی سیاسی لە ڕیزی عێراقییەکاندا دەرنەکەوتووە دەرک بەم ڕاستییە بکا و کار بۆ وەستاندنی ئەم ڕەوڕەوە تۆقێنەرە لە خوولانەوە کاولکەرەکەی بکا.

دووەم: بیردۆزی مافی وەرگیراو لە پاوانکردنی فەرمانڕەواییدا:

لەسەرمانە هۆیەکی سەربـاری تر پشتگوێ نەخەین، کە بەدیارکراوی لە سەدەی بیـسـتـدا بەدیار کـەوت، دەکرێ ناوی بنێین مـافی وەرگـیـراو لە کـۆنتـرۆڵکردنی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسی و پۆستی باڵا لە دەوڵەتدا، کە ڕەوشەکەی لەبار کـرد بۆ سـەرهەڵدانی دیکتـاتۆریی تاکڕایی و یەک بیـروڕایی، هەمـوومـان دەزانین بیـردۆزی مـافی وەرگـیـراو لـە پاوانکردنی فـەرمـانڕەوایی لە عـێـراقـدا باو بوو و بەدرێژاییی فەرمانڕەواییی عەباسییەکان، کە پتر لە پێنج سەدەی خایاند، لە ساڵی ٧٥٠ز دەسـتـی پێ کرد تاکو سـاڵی ١٢٥٨ز، ئەمەش مـێـژووی ڕووخـانی بەغدایە بەدەست مـەغـۆلەوە، کـە دەبوو فـەرمـانڕەوا، یاخـۆ خـەلیـفـە لە عـێـراقـدا سـەر بەخـێـزانێکی عـەباسی بووایا، بەچاوپۆشی لە توانا خـودی یا ڕابـەرییـەکـەی، هەروەها لەسـەری بوو بیسـەلمێنێ زنجیرەی ڕەگـەز و ڕەچەڵەکی دەگـەڕێتـەوە سـەر عـەباسی مـامی مـحـەمـەد پێـغـەمـبـەر، ئیـتـر بەپێی ئەم داوونـەریتـە بەزۆر و باوە کـەسـانێک لەوپـەڕی بێ نرخـی و نەزانیـدا بوون لە بـەغـدا گـەیشـتـنە پایەی فـەرمـانڕەوایی، یاخـود خـەلافـەتی، کە لەو هۆکـارانە بوون فـەرمـانڕەوایی و ژیاری

عەرەبییان ڕووخاند. کەچی دوای ئەوەی ئەم ڕووداوە خوێناوییە ترسناکانە چوونە سـەر، کـە عـێـراق بەخـۆوەی بینـین، هێـرشی لەشکرە شـەڕکـەرەکـان لە پێناو دەسـتبـەسـەرداگـرتنی فـەرمـانڕەوایی لە عـێـراقی دەوڵەمـەندا بەردەوام بوو، ئەم بیردۆزە خرایە ژێر پێوە و تووڕدرایە خانەی پشتگوێخستن و بیرچوونەوەوە.

بەڵام بیـردۆزی مـافـی وەرگـیـراو لە دەسـتبـەسـەرداگـرتنی ڕێژیمـی سیـاسـی لە سـەدەی بیـسـتدا سـەرلـەنوێ سـەری هەڵدایەوە، هەڵبـەت بەتـەواوی جـیـا بوو لەگەڵ ئەوەی لـە چەرخـی عــەباســیــدا باو بـوو، بەچوارچێــوەیەکی نـوێ و ترسـناکــەوە گـەڕایەوە، دۆخـەکـەی خـۆش کـرد دیکتـاتۆرییـەتی تاک ڕایـی و یەک بیـروڕایی پشت بەستوو بەمامەڵەی کوودەتای سەرکەوتووی سەربازیی خوێناوی، سەر هەڵبدەن.

ئەو سـتـەمـەی کۆمـۆنیسـتـەکان بۆ نموونە لە سـەردەمی پاشـایەتیدا لـە عێراق تووشی هـاتن، هـەسـتـی هـەبوونی پـاسـاو و مـافی وەرگـیـراویان لا دروست بوو لە بەتەنیـا کـۆنتـرۆڵکردنی دەسـەڵات، یاخـۆ وەرگـرتـنی گـرینگتـرین کـار و پـۆست لە دەوڵەتدا، ئەمـەشمان دوای ڕووخـانی ڕێژیمی پاشایەتی لە سـاڵی ١٩٥٨دا بەڕوونی و بەڕووداو تێبینی کرد و بینیمان، تا وای لێ هات لای کۆمۆنیستەکان بۆ نموونە ڕوحی شـانازیکردن و بەخـۆوە نازین و بانگەشـەی لەوانی تر لە پێشترن بۆ پۆست وەرگرتن و کـاری دەوڵەتیی گـەورە زیادی کـرد، تا ئەو ڕادەیەی لە ڕێگەی دروشـمی (حزبی شیـوعی لە دەسـەڵاتدا داوایەکی ڕەوایە) داوای گرتنە دەسەڵاتی دەوڵەتیان کـرد، هیچ نـاوێکی فـەرمـانڕەوایـی بەرەیی، یان هـاوپەیمانیی نیـشـتمـانی، یا ژیانی دەستووریی پەرلەمانی، یاخۆ فرەییی سیاسییان نەهێنا، لە سۆنگەی ئەم میتۆدەوە دەســەڵاتی حــزبیــیــانەیان بەســەر ســەرجــەم بوارەکــانی دەوڵەتدا ســەپاند و دیکتـاتۆریەتی تاکـڕایی، یا تاقـە بیـروباوەڕی تایبـەت بەخـۆیان کـردە باو، کـاتێک نەتەوەپـەرست و بەعـسـیـیـەکـان لە دوای ڕووخـانی عـەبدولکەریم قـاسم لە سـاڵی ١٩٦٣دا دەسـەڵاتیـان گـرتە دەست و بەکـودەتای ٧ی شـوباتی ١٩٦٣ هـەژمـوونی حـزبی شیـوعیـیـان لابرد و ئەو مـافـە وەرگـیـراوەیان بەخـۆیان و لایەنگرانیـان دا بەتـەنیــا کــۆنتــرۆڵی تـەواوی دەســەڵاتی ســیــاسـی و پۆست و مــەڵبــەندەکــانی فـەرمـانڕەوایی بکەن، بەو پاسـاوەی لە هـەمـووان پتر بەدەسـتی کۆمـۆنیسـتـەکانەوە تووشی ڕاوەدوونـان و پەند پێـدان هـاتوون، ئەمـەش وای لێ کـردن بەتەنیـا حـوکم بگرنـە دەست و دیکتـاتۆریەتی تاکـڕایی و یەک بڕواییی تـایبـەت بەخـۆیان ئەنجـام

بدەن، هەینێ ناسرییەکان بەکودەتا سەرکەوتووەکەی ١٩٦٣/١١/١٨ بەعسییەکانیان لە سەنتەری سەرەکیی دەسەڵات لابرد و بیردۆزی مافی وەرگیراویان لە کۆنترۆڵکردنی مەڵبەندەکانی دەسەڵات و پایە گەورەکان ئەنجام دا، لایەنگر و ئەندامەکانی خۆیانیان تێدا چاند و لایەنگرانی ئەوانی تریان لە هێزە سیاسییەکان دوور خستەوە، کاتێک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن پاش رووخانی عەبدورەحمان عارف بەکودەتا سەرکەوتووانەکەیان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بیردۆزی مافی وەرگیراویان بۆ دەسەڵات گرتنەدەست خستە روو و بەشێوەیەکی توندوتیژانە ئەنجامیان دا و گشت پۆست و کارە حکوومییەکانیان بۆ لایەنگر و ئەندامانی رێکخراوەکەیان قۆرخ کرد و زۆر بەزەحمەت عێراقییەک کاری دەست دەکەوت، ئەگەر سەر بەحزب و رێکخراوەکەیان نەبووایا، یان بەلای کەمەوە لەسەری رازی بن، یان دەزگایەکی حزبی یاخۆ ئەمنی پشتگیری بکا، ئەمانیش دیکتاتۆریەتی یەک حزبی، یاخۆ یەک بیروباوەرییان سەپاند و سەرجەم ئەوانی تریان دوور خستەوە، ئەودەمی رژێمەکە دوای داگیرکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، ئیسلامییەکان لە سۆنگەی ئەو ئازار و ستەمەی بەدەست رژێمی پێشووەوە چێشتبوویان، بەهەمان پاساوەوە بیردۆزی مافی وەرگیراویان لە پاوانکردنی تەواوی دەسەڵات و کاروبارەکاندا پیادە کرد و بەسەر لایەنگرەکانیاندا دابەشیان کردن، ئەگەر ئەو هێزە بیانییانە نەبوونایە، کە رژێمیان لەناو برد و داوایان کرد ئەوانی تریش (نائیسلامییەکان) لە پەراوێزەوە لە کاروبارەکاندا بەشدار بن، دوور نەبوو ئیسلامییەکان بەیەکجار کاروباری دەوڵەتیان بگرتایەتە دەست، لە هەر جارێک لەو جارانەی پێشتر باسمان کردن، کە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە درێژ بووەوە تاکو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت دەستدرێژی بۆ سەر مافەکان و ستەم و بێبەری و نائومێدی لای زۆرێک دروست بووە، بەهۆی پیادەکردنی ئەم بیردۆزە دیکتاتۆرییەوە لە کۆنترۆڵکردنی تاکرەوانە، یاخۆ بەشبەشۆکێ لەسەر دەسەڵات و حوکم، لەمەوە هەستی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری لە نێوان رۆڵەکانی گەلی عێراقدا لەدایک بوو.

ئەمەش هەرەشەی گەرانەوەی بەزۆری ئەمانە دەکات، تاکو پابەندی رەوشتێک بن نارەزایی و یاخیبوون و بێزاری و تووڕەیی و هەڵچوون و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و لە یاسا دەرچوون و... هتد لە خۆ بگرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ

هەمـان گـێـژەڵۆکـە بگەڕێتـەوە و سـەرلەنوێ لـە خـوولانەوە بەردەوام بێ لـە نێـوان ئەوانەی بەتەواوی دەسـەڵات و سـامـانیـان بەدەسـتـەوە گرتووە، لەگەڵ ئەوانەی لێی بێبەش کراون... ئیتر بەم شێوەیە.

سێیەم: توێژی ستایشکاران و چەپڵەلێدەران:

هەر جارێک دیکتاتۆرییەتی تازە بەشێواز و ستـایلی دەستـەگەری (کە پێشتـر باسمـان کرد) سەرهەڵبدات، سـەدان هەزار لە چەپڵەکوت و ستـایشکار و بایەخدەر و هەلپـەرست و سـوودوەرگر دەچنە پاڵی، لـەوانەی وا دەنوێن پشـتگیـری دەکەن و بەجۆش و خرۆشن و خۆبردنە پێشـەوەی پڕ لە زێدەڕۆیی دەکەن بۆ نـزیکبوونەوە لە بەرپرسـانی نوێ و بـەدەیان هەزار مـاسـتـاوچیـیـان لەگـەڵە، لەوانەی گـشت ئەو کـارانـەی بەخـراپی ئـەنجـامـی دەدەن و مـایـەی شـەرمـەزارین، بـۆ بەرپرسـە نەشـارەزاکـانیـان دەڕازێننەوە و پاسـاو بـۆ بڕیار و کـارە درێو و تۆڵەسـێنەر و نایاسـاییـیـەکانیـان دەهێننەوە، هەمـوو ئەمـانەش لەسـەر حیـسـابی بەها و نەگۆڕە ڕاسـتەکـان دەبێ، کـە لەسـەر ئـاستێکی فراوان تووشی خراپەکاری و مـاڵوێرانی و وێرانکاری دەبن، تاکـو وا دیار بدا سـەرپـاکی گـەلی عـێـراق بەو خـراپەکـاری و سـەرپێچـییـانەوە گـلاوە و هەر بەخـۆیشی ئەم ڕەوشـتـە ناپەسـندە سـایکۆباتییـە جێبەجێ دەکات، جار دوای جاریش کۆمەڵێکی تر لە ڕۆڵەکانی میللـەتی عێراق لەم شۆڕش و کودەتا خوێناوییـە و ئەم ڕەفتـارە دیکتاتۆرییـە دەستـەییـیە بـەشدار دەبن، ئیدی بـەم ئاوایە پلە بەپلە و یەک لە دوای یەک توێژێکی فـراوان لە گەلی عێراق بەم کردارە نابەجێ و ڕەوشتە دیکتاتۆری و دڵڕەقی و خوێنڕێژییە پیس بوون.

ئەگەر بەمەبەسـتەوە بـەمێژووی عێراقدا بچینەوە، ئەوا دەبینین چەندان سـەدەی کـۆنی تر، کـە پێش سـەدەی بیـست کـەوتوون، خـاڵی نەبوو لەم چەشنە ڕەوشـتـە شـێـواوە... ڕەنگە بمانـتـوانیـایە بڵێین ئەم دۆخـە سـایکۆلـۆجی و ڕەوشـتـیـە خراپە دووبارە بووەوەیە لە مـێژووی عێراقدا هۆیەلێک بوون لەودیو سـەرهەڵدانی دیاردەی ئەدەبی خـراپ و ڕۆشنبیـریی ئاست نزمی پشت بەسـتـوو بەپیاهـەڵدان و ڕیایی و سـتایشی لە ڕادەبەدەر و بـەخواکردنی کەسـەکان و فەرمـانڕەوایان لە هونەرەکـانی ئەدەب و ڕۆشنبـیریی هەمـەڕەنگی وەکو شـیعـر و پەخشـان و ڕۆمـان و گۆرانی و هونەرەکانی تری داهێنان.

ڕەنگە پێویستمان بەگەڕانەوە بۆ سەدە لەمێژینەکان نەبێ، تاکو قەوارەی ئەو ماڵوێرانی و شێواندن و خراپەکارییە روون بکەینەوە، کە بەدەستی ڕێژیمە دیکتاتۆری و دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان لە عێراقدا سەرجەم لقەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیرییان گرتەوە، چونکە ئەوی لە سەدەی بیست و بەدیارکراوی لە نیوەی دووەمیدا لەم بوارەدا ڕووی دا، گەواهێکی زیندووە لەسەر سووربوونی دەسەڵاتدار و ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بۆ شێواندن و بچووککردنەوە و دەست بەسەرداگرتنی کەلەپوور و داهێنان و تەرخانکردنیان بۆ خزمەتی مەبەستە کەسێتی و خودییەکان.

چوارەم: وێرانیی کارەساتباری ڕەوشتی کۆمەڵایەتی:

لە سۆنگەی سیاسەتی دوورخستنەوە و برسیکردن و ترس و تۆقاندن و لەناودانی خوێناویی بەکۆمەڵ، کە ڕێژیمە دیکتاتۆرییە خوێنڕێژە یەک لە دوای یەکەکان بەرابەر بەگەلی ستەمدیدەی عێراق پیادەیان کرد، ئاستی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و داوونەریتەکان و ڕەفتاری جوان و جوانکرداریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو سەرجەم توێژەکانی میللەتی عێراقدا وێران بوون و دابەزیون.

ئەو گەلەی جۆرەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تێیدا دەگەنە ئاستێکی نزم و بەها دواکەوتوو و کێوییە بەرابییەکانی تێدا تەشەنە دەکەن، بەدڵنیاییەوە دەکرێ ببێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر و ئەرێنی و هاندەر بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتی خوێناوی، ئەمەش لە عێراقدا لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕووی دا، ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بەتایبەتیش لە سەدەی بیستدا و دوای ئەوە هانی بڵاوبوونەوەی داوونەریت و ڕەفتاری خراپی شەرمهێنی کۆمەڵایەتییان دا لەسەر فراوانترین ئاست لە ریزەکانی گەلی عێراقدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ و بەبڕوبیانوو و بەهانەی بێ مانا، ئەمەش بەهاندانی بەها دزێوەکانی وەک غەدر و زمان لێ دان لە برادەران بۆ بەرژەوەندیی ئاسایش و دەسەڵات و هەڵگەڕانەوە لە پێوەندیی خێزانی و دڵڕەقی و بەکارهێنانی قسەی ناشرین و لە پەیمان هەڵگەڕانەوە و داونانەوە و بەپەنددانی خزم و ناسیاوان... هتد.

لە بەرابەردا باوبوون و بڵاوبوونەوەی بەها و داوونەریت و کـــردەوەی دزێوی سەرەتایی و دواکەوتووانە لە نێوەندەکانی گەلدا، یارمەتی و پشتگیریی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانیان کرد نەک تەنیا بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوون، بگرە بۆ بەجێگەیاندنی بەرنامە خراپە پڕ لە وێرانکاری و تاوانکارییەماڵوێرانییەکانی، کە مرۆڤ و دار و بەرد و هەموو لایەنەکانی ژیانیان لە وڵاتدا گرتەوە.

مـیللەتی هەژار و برسی و ترسـاو و چەوسـاوە و خـەمـبـار بۆ گـیراو و شەهیدەکانی، هەموو کات و لە گشت سەردەمێکدا ناتوانێت گرینگی بەخۆی یا کەشخەیی یان بەجلوبەرگی بدا، یاخۆ بەبنەما و سرووتەکانی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بۆیە زۆربەی بەها و ڕێوڕەسمە کۆنە کۆمەڵایەتییە ناسراو و باوەکان پاشەکشەیان کرد، (زۆر بەداخەوە) دەتوانین بڵێین ئێستا لە داوونەریتی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی و ژیانیی لە عێراقدا لە وڵاتانی ناوچەکەدا لە هەموویان دواکەوتووترە، لە کاتێکدا میللەتی عێراق لەم بوارەدا لە پێشەوەی ئەو میللەتانە بوو.

سەرکەوتنی هێزە شۆڕشگێڕ و کودەتاچییەکان و هەژموونی بەردەوامیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا لە دوای ساڵی ١٩٥٨ەوە، بووە هۆی نالەباریی ئاستی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و داوونەریتی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دزێو لە ڕیزەکانی گەلی عێراقدا بەگشتی، ئەمەش بەهۆی گاڵتە پێکردن و سووکایەتی پێکردنی ئەم هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و کودەتاچییانە بەبابەتی داوونەریتی پێشکەوتوو و جوانکرداریی کۆمەڵایەتیی گشتی و تایبەت و هاندانیان بۆ ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی سەرەتایی و دواکەوتووانە و خراپ، بەبیانووی دژوەستانەوەی ئەرستۆکراتی و هاندانی نەریتە میللی و شۆڕشگێڕییەکان، ئیدی دەستیان کرد بەسووک و ڕیسواکردنی داوونەریتی بەهاکان و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی باڵا و پێشکەوتوو، کە لەلایەنی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و گفتوگۆ و زمانی ڕۆژانە و پێوەندییە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوونیان هەبوو و بۆ نەریتی خراپ و دزێو و دواکەوتوو گۆڕان.

لەبەر ئەمە ڕێژیم و حکوومەتەکان، هەروەها هێز و حزبە سیاسییەکان بەرپرسی گەورە و ڕاستەوخۆی ئەو ماڵوێرانییەن، کە لەم لایەنەوە ڕوویان دا، هەڵیش نەسان بەهیچ ئەرکێکی میتۆدیی ئاراستەکراو بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و نەوە

نوێیەکان و ڕۆشنبیرکردنیان بەرۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی و ژیاریی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، کە لەگەڵ ڕابردووی پڕ شکۆی گەلی عێراقدا بگونجێ.

کەس قسەیەکی خۆش، گفتوگۆیەک، وانەیەک، بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یا تەلەفزیۆنی ئاراستەی ئەم گەلە نەکردووە ڕێنوێنی یا هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی تێدا بێ، لەبارەی ئەو شتانەی بەدڵیانە و شیاوە، یا ئەوانەی ناشرین و شوورەیین وەک ڕەوشت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی... و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و قسە و دەستەواژەی هەڵبژێرراو لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا...

نەوەی تازە لە عێراقییەکان هاتن و بەتایبەت ئەوی لە سەردەمی شەڕ و قەیران و حزبە شۆڕشگێڕەکاندا سەری هەڵدا و پێگەیشت، نازانێ چی شیاوە و چیش نەشیاوە، بۆیە لەگەڵ تێگەیشتن و دەرککردنیدا باش و خراپ لە نەریت و هەڵسوکەوتی تایبەت بەجوانکردارییی کەسێتی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوون، هەروەها بەرنامە فێرکاری و پەروەردەییە فەرمییەکان هیچ گرینگییەکیان بەم بابەتە نەداوە و هیچ ئەرکێکیان تێدا نەنواندووە.

ڕەنگە خراپترین شت لە هەموو ئەمانە لەم بوارەدا ڕووی دابێ، بڵاوبوونەوەی دیاردەی هەڵگەڕانەوەی ڕاستییەکان و بەهاکانە، چونکە کەسی پابەند بەبنەماکانی پاک و پوختەیی و جوانکرداری و خۆ ڕێکخستن و داوونەریتی باڵا لە ڕەفتاری کەسێتیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تووشی ڕەخنە و سووکایەتی و جنێودان دەبێ، وەکو ئەوەی گوناهێک یا ناتەواوییەکی کردبێ، کەچی ستایش و پیاهەڵدان بەو نەریتە خراپ و ڕەفتارە ناشرینە دواکەوتوو و دڕندانانەدا دەگوترێ، بەبەهانەی پابەندبوون بەنەریتە میللی و شۆڕشگێڕییەکان، هەڵبەت تێکەڵکردنێکی سەیر لە چەمک و ناوەکاندا هەیە، وای لێ هاتووە بەچی دواکەوتوو و قێزەون و پۆخڵە دەگوترێ میللی... لەمەشدا ستەم و خراپەکاریی لە ڕادەبەدەر بەرابەر بەمیللەت لەگۆڕێدایە، نەشیاوە چی دواکەوتوویی و خراپی و پیس و قێزەون هەیە بیاندەینە پاڵ میللەتی عێراق.

لە هەزاران ساڵەوە ستەمێکی توند بەرابەر بەم گەلە بەشمەینەتە دەکرێ.

بەم شێوەیە لە کۆتاییدا دەبینین دیاردەیەلی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری، کە دۆڵی ڕافیدەین تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ژینگەیەکی ئایدیاڵە بۆ بوونیان و

بڵاوبوونەوەی بەردەوامـیـان، وێڕای ئەو پیت و فـەڕ و دەوڵەمـەندی و سـامـان و داهاتـی زۆرە، کـە کـارێ وایان کـردووە سـوپای داگـیـرکـاران چاوی تێ ببـڕن، سـەرەڕای دەرکـەوتنی بیـردۆزی مـافی وەرگـیـراوی حـزب و ڕێکخـراوە نـهـێنی و بارستە کودەتاچییەکان لە دەستبەسەرداگرتنی دەسـەڵاتی سیاسی و تاکڕەوی لە حوکمکردندا بەتایبەتی لە دەیەکانی سەدەی بیستدا...

ئەمە و زۆر هۆی تریش هاوکار بوون لە دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕێژیمە ساسییە، کـە پشـتی بەدیکتـاتۆرییـەتی تـاک ڕایی و تاقـە بیـر و بڕوا و یەک حـزبی بەست. ئەمـەش بەڕۆڵی خـۆی بووە هۆی بـەردەوامـیی دیاردەی سـتـەم و ڕێژیمە سەرکوتکارەکان، بەمەش خواستی دەستەیی دەسەڵاتخوازی دیکتاتۆریی خوێناوی لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا توندتر بوو، کە دەتوانین بەسێ ناتەواویی دەروونی و ڕەوشـتی کورتی بکەینەوە، کە دەوری ئەو کەسێتییەیان داوە، ئەوانیش ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژین.

بەشی دووەم

# ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا

بەشی دووەم

# ناكۆكی لە ڕەوشتی كەسێتیی عێراقیدا

## ناكۆكیی ئاكاریی گەلی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران و سوپای داگیرکەردا

### میللەتی شۆڕش و یاخیبوونەکان

گەلی عێراق بەسیفاتێلی هێز و کەللەڕەقی و شۆڕش و یاخیبوون و لێزان لە فیتنەگێڕی و ئاشووب و جیابوونەوە و دەرچوون لە فەرمانی دەسەڵاتداران و نەگریسی و بەزەحمەت دواکەوتن ناسراوە، لە زۆربەی زۆری قۆناخەکانی مێژووی عێراقدا دەسەڵاتداران لە کاتی کۆششیاندا بۆ بەرزەفتکردنی ئەم میللەتە و ڕابەریکردنیان، یاخۆ بۆ هەژموون بەسەر ئاراستەکردن و دیسپلینکردنیاندا، دەرگیری زەحمەتیی قورس و هەڵگەڕانەوەی چەکداری و گەلێک گرفت بوونەتەوە، لە کتێبە کۆنەکاندا چەندان جار وەسفی عێراق و خەڵکەکەی بەوە هاتووە، کە ئەو وڵاتەیە پڕە لە شۆڕش و ئاژاوەی گەورە، بەهۆی زۆریی یاخیبوون و دووبەرەکی تێیدا.

کەچی ڕووداوی مێژوویی گەورەتری دی ئاماژە بەبوونی خەسڵەتێکی تر و سروشتی تر لە ڕەوشتی ئەم میللەتە دەدات، لەگەڵ گشت ئەوانەی ناومان هێنان دژ دێتەوە، لەو دەمی تیرۆری کرد و لەناوی دا و کوشتی و ژیانی چەندان دەسەڵاتدار و ئیمپراتۆر و سەرکردە و فەرمانڕەوا و خەلیفە و پاشای بەکۆتا هێنا و بەهێز و مردنی زۆرەملێ دەسەڵات و وڵات و بوونیانی لە دەست کردنەوە، ئینجاش لەژێر پاڵەپەستۆی ترس و تیرۆری هێزی زاڵدا ملی دا و سەری بۆ بڕێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆر و چەوسێنەری خوێنڕێژ لە مێژوودا شۆڕ کرد و لە ئاست کردارەکانی هەندێک فەرمانڕەوای توندوتیژی خوێنڕێژدا بێدەنگ بوو و پەنا و

پاڵپشتی و هەلی بەردەوامبوون لە دەسەڵاتی بۆ ڕەخساندن و لە بەرهەڵستیکردن یاخۆ لە کارکردن لە دژیاندا وەستا، گوێی بۆ سوڵتانی زوڵم و چەوساندنەوە شل کرد، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە کاتی دەسەڵاتداریێتییاندا پیادەیان کرد، وێڕای ملکەچکردن و بەرگری نەکردن و خۆبەدەستەوەدانیان بەهەندێک سوپای داگیرکەر، ئەم پارادۆکسە دەروونی و ئاکاری و سیاسییە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە مێژووی عێراقدا.

لە بەشی یەکەمدا بەپشت بەستن بەپرەنسیپەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم جۆرەمان لە ڕەوشتی هاودژ شیکردەوە و پێی ئاشنا بووین.

## گەلی ڕافیدەین دەسەڵاتدارانی خۆی دەکوژێ

ئەوی زانراوە و لەلایەنی مێژووییەوە مایەی گومان نییە ئەوەیە، دانیشتووانی دۆڵی ڕافیدەین (عێراقی ئێستا) هەریەک لەمانەیان کوشت:

شا ڕیمۆشی کوڕی شارۆکین ساڵی ٢٢٧٥ی پ. ز و شا یەخدوون لیم ساڵی ١٨١٠ی پ. ز و شا توکوڵتی نینۆرتای یەکەم ساڵی ١٢٠٧ی پ.ز و شا شارۆکینی دووەم ساڵی ٧٠٥ی پ. ز و شا سەنحاریب ساڵی ٦٨١ی پ. ز و شا شمش شمۆکین ساڵی ٦٤٨ی پ. ز و شا لاباشی مەردۆخ ساڵی ٥٥٦ی پ.ز و شا کیسرا ئەنوشیروان، کە لە قەسابخانەکەی دیوەخانی پاشایەتی لە کۆشکی سپی لە مەدائین (٤٠کم لە خوارووی ڕۆهەڵاتی بەغدای ئێستادا) کوژرا، کە زۆرێک لە قەسابخانەکەی کۆشکی ڕیحابی بەغدای ساڵی ١٩٥٨ی زاین دەچێ، هەروەها شا حارسی کوڕی حەجەری کندی ساڵی ٥٢٩ی ز و شا مونزیری کوڕی مائی سەما ساڵی ٥٥٤ی ز و شا عەمرۆی کوڕی هند ساڵی ٥٦٩ی ز و شا نەعمانی کوڕی مونزیر و شا ئەردەشێری کوڕی شێرەوەیە و شا شەهربەراز ساڵی ٦٣٠ی ز و ڕۆستەمی فەرمانڕەوا، کە لە شەڕەکانی قادسیەی ولاتگیریی ئیسلامدا ساڵی ٦٣٧ی ز فەرمانڕەوای عێراق بوو، هەروەها ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای پێغەمبەر و چوارەمین خەلیفەی ڕاشدی، بەدەستی یەکێک لە خەواریجەکان لە کووفە ساڵی ٦٦١ی ز تیرۆر کرا، هەروەها حوسێنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبی تالیب ساڵی ٦٨٠ی ز لە کەربەلادا کوژرا، ئینجاش والی

عوبەیدوڵای کوڕی زیادی فەرمانڕەوای عێراق لە سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویەدا ساڵی ٦٨٥ی ز و موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی و موسعەبی کوڕی زوبێر و خالد ئەلقەسریی ناسراو بەوالیی هەردوو عێراقەکە (والی العراقین) ساڵی ٧٣٨ی ز و کوشتنی ئیمام زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی ئیمام و سەرکردەی مەزهەبی زەیدی، هەروەها لە عێراقدا زۆربەی ئیمامە شیعەکان یەک لە دوای یەک کوژران، ئەبوسەلەمەی وەزیری ئال بەیت لە سەردەمی ئەبی جەعفەری مەنسووردا کوژرا و خەلیفە موسا ئەلهادی ساڵی ٧٨٦ی ز و خەلیفە ئەمینی کوڕی هارونە ڕەشید و کوژرانی خەلیفە متەوەکل و مونتەسر و موستەعین بیللا و موعتەز بیللا و موهتەدی و موعتەمەد عەلا ئەڵا و موقتەدر بیللا و عەبدوڵای کوڕی موعتەز و ڕاضی و موقتەدا بیئەمرللا و موستەرشد بیللا و ڕاشد بیللا و موستەعسم، هەروەها لەسەر خاکی عێراقدا لە ژمارە نەهاتوو والی و فەرمانڕەوا و سەرکردە و فەرماندەی لەشکر و وەزیر و میر لەگەڵ ڕووخانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل ساڵی ١٢٥٨ی ز و تا سەرەتای سەدەی بیستەم کوژراون، لەوانە شا ئەلساڵحی کوڕی ئیسماعیل و محەمەد شا و بیربوداق و بیر محەمەد ئەلتەواشی و ئیبراهیم خان و زولفیقار عەلی بەگ و یوسف پاشا و عەلی ئاغا و بەکر سۆباشی و عەلی پاشا و عومەر پاشا و مستەفا پاشا و عەلی ڕەزا پاشا و سلێمان پاشای بچووک و عەبدوڵا ئاغای تووتنچی و سەعید پاشا ئەلعومەری و... هتد.

لە سەدەی بیستدا شا فەیسەڵی یەکەم لە ڕەوشێکی تەمومژاویدا کۆچی دوایی کرد و گومانێکی زۆر دەوری دا کە کوژرابێت، شا غازیی یەکەمی کوریشی لە ڕووداوێکدا کوژرا گومان و تۆمەتی تیرۆرکردنی درایە پاڵ، بەگوللەش شا فەیسەڵی دووەمی کوڕی ساڵی ١٩٥٨ی ز کوژرا، هەروەها میر عەبدلئیلاهی جێنشینی و نووری سەعید و کۆمەڵێک وەزیر و سەرکردە و سوپاسالاری ڕێژیمی شاهەنشایی و عەبدولکەریم قاسمی فەرمانڕەوای عێراق ساڵی ١٩٦٣ی ز کوژرا و عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆماری عێراق ساڵی ١٩٦٣ی ز بەکەوتنی کۆپتەرەکەی کوژرا و عەدنان خەیروڵا تەڵفاحی وەزیری بەرگری لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێندا ئەویش بەکەوتنی کۆپتەرەکەی لە بارودۆخێکی پڕ لە گومان و قسەڵۆکدا کوژرا. وەک چۆن سەرۆک سەدام حوسێنیش بەلەسێدرەدان لەناوچوو.

ئەمـانـە و زۆری تریش (نەکـو درێژدادڕی بکەین، ناومـان نەهـێنان) بـەکـوشتن لەسەر خاکی عێراقدا بەدەستی گەلی ڕافیدەین بەمەبەستی سیاسی و بەزۆرەملێ و بەتوندوتیـژیی خـوێناوی مـردوون، لـەسـەر جێـگە، یاخـۆ بەهـۆی تەمـەنەوە، یـاخـۆ بەقەزاوقـەدەر نەمردوون، بگرە قـەسابخانـەی مردنی بەزۆری پاشاکان و ئیمـپراتۆر و خـەلیفـە و فەرمـانڕەوا و سـەرۆکـەکا بووە، کە تا پێنج هـەزار سـاڵ لەسـەر خـاکی عێراقدا بەشێوەیەکی بەردەوام و تۆقێنەر درێژەی هەبوو.

## گەلی ڕافیدەین مل کەچ دەکات و سەر بۆ فەرمانڕەوا هەرە خوێنڕێژەکان دادەنوێنێ

ئەم زنجـیـرە تۆقـێنـەرەی ناومـان برد لە تـیـرۆر و کـوشـتن و پـاکـتـاوی خـوێـناویی ئیمـپراتۆر و پاشا و خـەلیفە و فەرمانڕەواکان، بەدڵنیاییەوە بەدەستی کەسانێکی سەر بەگەلی ڕافیدەین ئەنجام دران، ئەو بیر ڕۆیییەمان دەداتێ، کە سیفەتی هێز و دڕندەیی و تـوندوتیـژیی خـوێناوی لە ڕەفـتـاری ئەم گـەلەدا هـەن، کـەچی لـەلایەکی ترەوە دەبینین ئەم مـیللەتە هـەر بەخـۆی سـەری دانەواند و بێـدەنگ بوو و خـۆی ڕادەسـتـی هـەندێک لەو فـەرمـانڕەوا بـەهێـز و سـتـەمکارە خـوێنڕێژانە کـرد، کـە فـەرمـانڕەواییـان کرد، نەک هـەر ئەمـە بگرە گوێڕایەڵی و پشـتگیری و پاڵپشـتی و ملکەچی لە بـەرابەردا نـواند و ڕێی تێ دەچێ ئەوانـە لە دێرینتـرین و دڕندەترین فـەرمـانڕەوا بووبن، کـە دەسـەڵات و حـوکـمی ئـەم وڵاتەیان گـرتبـێتـە دەست، کـە شەپۆلی پشێوی و توندوتیژی و یاخیبوون گرتبوویەوە و لە هەموویان خوێنڕێژتر و دڕندەتر بوونە، هەروەها ئەم گەلە سـەری شـۆڕ کردووە و ملی داوە و هەندێک جار پەیمانـی لەگـەڵدا بەسـتـووە، ئەگـەرچی بۆ مـاوەیەکی کـورت و ناوبەناو لـەشکری داگیرکەر، کە خاکی وڵاتەکەیان گرتووە و گۆڕانکاریی ناوەخۆیی مـەترسیداری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هێناوەتە کایەوە، وەکو چۆن ساڵی ٥٣٩ پ. ز لە کـاتی ڕووخـانی بابلدا ڕووی دا، ئەو دەمی هێـزەکـانی کـۆرشـی دووەمی شـای فـارس بەبێ کـوشـتـار هـاتنە ناو شـاری بابلەوە، هەروەها چۆن بەغـدا لـە سـاڵی ١٢٥٨ی ز دا بەبێ بەرگـری بەدەسـتی هۆلاکـۆ گـیـرا و ڕووخـانی بەغـدا لە سـاڵی ١٩١٤ی ز.دا بەبێ بەرگری، بگرە بەپشتگیری و ڕازیبوونی زۆربەی عێراقییەکان بەدەسـتی ئینگلیـز گـیـرا و ڕووخـانی بـەغدا لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا بێ بەرهـەڵسـتـیی

جیدی، له سەرەتادا جۆرە هاوسۆزییەک لەلایەن عێراقییەکانەوە لەگەڵ داگیرکەردا کرا، هەموو جارێک بەدرێژاییی مێژوو دۆخێکی گشتی له دڵتەنگی و بۆڵەبۆڵ له نێوان دانیشتووانی ناو شارەکەوە ڕووی دەدا، له سۆنگەی گەندەڵی و ئەو ستەمانەی دەکران، ئەمەش وای له خەڵکەکە، یاخۆ بەشێکی زۆریان دەکرد بێدەنگی لێ بکەن و مل کەچ بکەن، یاخۆ بەداگیرکەر و هێرشهێنەری بێگانه قایل بن ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ..

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وێنەیە له ناکۆکی، مایەی سوودە ئەگەر هەندێک نموونەی مێژوو لەم بارەیەوە بەبەڵگە بهێنینەوە، لەپێناو تەواوکردنی وێنە بەراوردەکە لەم توێژینەوە دژوارە ئاڵۆزەدا، لەسەر وەڵامە دژیەکەکان و کاردانەوە لێک نەچووەکان له ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا له بەرابەر ستەم و چەوسانەوە و دیکتاتۆری و دوژمنکاریدا.

## شەلمنەسری سێیەم بیست و پێنج شەڕی هەڵگیرساند

لەو نموونانە، دەبینین شا شەلمنەسری سێیەم، کە سی و چوار ساڵی بەردەوام له ساڵی ٨٥٨ی پ. ز تا ساڵی ٨٢٤ی پ. ز فەرمانڕەوایی وڵاتی ڕافدەینی کرد، خولیای شەڕ بوو،[١] بووە هۆی تێوەگلانی وڵات بەبیست و پێنج شەڕەوە دژ بەوڵاتانی دراوسێ و میللەتانی ناوچەکە و شارەکانیان بەدەستی سەرباز و لەشکرە بێ شومارەکەیەوە ئازاری زۆریان کێشا، کەچی زۆر ژیا، نەکوژرا و دەستی تیرۆر، یا دوژمنکاری، یان یاخیبوون، کە گەیشتە دەیان لەو پاشا و ئیمپراتۆرانەی بەر لەو و دوای ئەویش فەرمانڕەواییيان کرد، بەو نەگەیشت.

## حەجاج بەهەزاران عێراقی دەکوژێ و خۆیشی لەسەر جێگەکەی دەمرێ

هەرچی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیی فەرمانڕەوای خوێنڕێژە، کە ئەمەوییەکان له دەورووبەری ساڵی ٦٩٤ی ز دا له ڕۆژگاری خەلیفە عەبدولەلیکی کوڕی مەروان بەوالی عێراقیان دامەزراند، بەدەیان هەزاری له عێراقییەکانی

---

١. د. عید مرعی – تاریخ بلاد الرافدین، ص. ١١٣

بەشـمشـێـر کوشـت، بەهۆی کـەمتـەرخـەمـیـیـانەوە لە ڕاپەڕاندنی فـەرمـانە وردە یەکلاکەرەکانییەوە، کەچی نەکوژرا، بگرە لە پێخەفەکەیدا بەمـەرگێکی ئاسایی مرد و دڵۆپێک خـوێن لە لووتی نەهات و لە ژیانیدا تووشی هیچ مـەترسـییەک نەبوو، کـە گریمانە و مەزەندە دەکرا دوای هەر دڵڕەقی و توندوتیـژی و لەمل دان و سـتەمێکی بەربـاد، کە بەسەر خەڵکی عێراقدای دەهێنان، دەرگیری ببێت.

عێراقـییـەکان لە ملکەچی و ڕاپەڕاندنـی ڕێنوێنییـەکانیدا بەشـێوەیەک پێشـتـر نەکـراوە، ڕێک و ورد بـوون، ئەمـەش لـە سـۆنگەی ئەو دەسـەڵاتە ناوەنـدییـەوە بوو بەهێزی شـمشـێر بەسـەریانـدای سـەپاندبـوو، پاش ئەوەی ئەو گوتە خـراپە لەسـەر عێراقییەکان بڵاو بووبووەوە، کە بەدووبەرەکی و دووڕوویی وەسفیان دەکات..

## مەنسوور فەرماندە عەباسی و هاشمییەکان تیرۆر دەکات و خۆیشی ناکوژرێ

هـەرچی ئەبوجـەعفـەر مـەنسـووری خـەلیفـەی دووەمـی عـەباسـی و بنیـاتنـەری شـاری بەغدایە، ئەوا لە مـێژووی ئیسـلامـدا لە هـەمـوو خـەلیفـەکان دڕندەتر و خـوێناویتر بووە، لە فـەرمـانڕەواییـدا پشـتـی بەسـیـاسـەتی غـەدر و تیـرۆری تاکـەکـەسـیی نەیارەکـانی و بەرپرس و فـەرمـاندەکانی دەوڵـەت بەست، سـیـاسـەتی ئەو تەنیـا لە کـوشـتن و تیـرۆری کـەسـەکـانـدا کـورت نەدەبووەوە، بـگرە لەوەش تێـپـەڕانـد بۆ لەنـاودانی هـەر گـرووپێک، یـاخـۆ بـزووتنەوەیـەک، یا یاخـیـبـوونـێک بۆ قـڕکـردنی دڵڕەقانەی خوێناوی.

ئارەزووی بۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی ڕەهـای بەسـەر فـەرمـانڕەواییـدا وای لێ کـرد بڕێک کوشتنی ناپێویست لە هەندێک کاتدا و لەبەر هۆێلێک ئەنجام بدا پێوەندییان بەگومان و مەزەندەوە هەبوو.

گـرینـگترین پیـاو و فـەرمـاندەێلی کوشـتن و تیـرۆری کردن، لەوانەی دەسـتـێکی باڵایان لە سـەرکەوتنـی بانگەوازی عەباسیدا هەبوو، ئەبا سـەلە ئەلخەلالی ناسـراو بەوەزیری ئال بەیتی کوشت، کە عەلەوی بوو و فەرماندەی بانگەوازی عـەباسی بوو لە کـوفـە لە قـۆناخی کاری نهێنیـدا دژ بەحوکـمی ئەمـەوی، پاشـان لە خـەلافـەتی سـەفـاحـدا بووە وەزیر، کـەچی مـەنسـوور زۆری لە براکـەی دەکـرد پێویسـتـە ئەبی سەلە ئەلخەلال تیرۆر بکا، تا ئاواتەکەی بەدی هات.

دواییش ئەبومـوسلیمی خـوراسانیی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشت، ئەوە بوو دوای ئەوەی چەندان نـامـەی پڕ لـە بەڵێن و قـسـەی شـیـرینی بۆ نارد و تێـیـاندا لە سەلامـەتی دڵنیا کردەوە، بانگهێشتی بەغدای کرد، هەینێ گەیشتە بـەغدا و چووە کۆشکەکەی مەنسوورەوە بەشمشێر پارچە پارچەی کرد، لە کاتێکدا ئەبوموسلیمی خـوراسـانـی گـەورەترین ڕۆڵـی لە سـەرکـەوتنی عـەباسـیـیـەکـان و دامــەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا گێڕا.

هـەروەهـا مـحـەمـەدی کـوڕی عـەبدوڵا و ئیبـراهـیـمی کـوڕی عەبدوڵای نـەوەی ئیمـام حـەسـەنی کـوڕی عەلیـی کوڕی ئەبـوتالیبی کوشـت و مامـەکـەیشـی عـەبدوڵای کـوڕی عـەلیی فـەرمـاندەی پایەبـەرزی سـەربازیی عـەباسـیـیـەکانی کـوشت، کـە لەشکری ئەمـەویی تێک شکاند و شامی گرت و بەسـەر دوا خەلیفەی ئەمـەوییەکانیشـدا زاڵ بوو. هـەروەهـا لە ئیـمـام ئەبوحـەنیـفـەی نەعـمـانی ڕابەری مـەزهـەبی حـەنـەفی لە ئیسـلامدا دا و ڕیسوای کرد، ئینجا ئیمام مالکی کوڕی ئەنەسی ڕابەری مەزهـەبی مـالکیی گرت و بـەر قـامـچیی دا، هـەروەهـا ئیبن مـوقـەفـەعی نووسـەری ناسـراوی کـوشت و ژمـارەیەک لە زاناکـانی گرت، لەوانـە سـوفـیـانی سـەوری و هـیـی تریش، هەروەها عیـسـای کوڕی مـووسـای لە جێنشـینی لابرد، دوای ئەوەی لە کوشـتنی نەیارەکانی و پاککردنەوەیان بەکاری هێنا "مەنسوور یەکەمین کەس بوو ئاژاوەی لە نێـوان عـەباسـی و عـەلەوییـەکـاندا نایەوە، لـە کـاتێکدا لەوەوبەر یـەک شت بوون. هـەروەهـا مـەنسـوور ژمـارەیەکی زۆری لە زانـایان ئازار دا.. چ بەکـوشتن بێ یا بە دارکاری کردن"[٢].

وێڕای ئـەم مـێـژووە خـوێناوییـەی خـەلیـفـە مــەنسـوور، ئاوا نـەکـوژرا وەک عێراقییـەکان فـەرمـانڕەواکانی خۆیانیـان دەکوشت، بگرە وڵات و خـەڵکەکەیشی ملکەچ کـرد و هـەمـوو ئەوانەی ویسـتی بیـانپلیشـێنێتـەوە و بیـانکوژێت و لەناویان بەرێت، خـسـتنە ژێر پێـوە، پاشـان لە دواییـدا و پاش ئەوەی بیـست و یەک سـاڵ فـەرمـانڕەوایی کـرد، چووە ناو سـاڵەوە و لەودەمــەی بەرەو حــەج کـەوتبـووە ڕێ نەگـەیشـتـە مـەککە لە ڕێگە گـیـانی لەدەست دا لەسـەر جـێگەکـەیدا بەمـردنێکی سروشتی مرد.

بەم ئاوایـە دەبینین مـردنی مـەنسـوور لەسـەر جـێگەکـەی خـۆیدا بەم شـێـوەیە،

---

٢. تاریخ الخلفاء – للسیوطی ص٢٦١، تحقیق محمد محي الدین عبدالحمید.

ئەنجامێکی هەڵاواردەیی سەیر بوو، بەپێچەوانەی مەزەندەکانەوە بۆ فەرمانڕەوایەکی خوێنڕێژی وا لە عێراقدا ڕووی دا، کە بەدرێژایی چەندان سەدە و ڕۆژگار بەردەوام بوو لە کوشتنی فەرمانڕەواکانی و کۆتایی هێنان بەژیانیان بەمەرگێکی ناچاری، ئا لێرەدا دیسانەوە جارێکی تر دژواریی ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا سەرهەڵدەدات و دژ بەو وەڵامە دەوەستێتەوە لە بەرابەر توندوتیژی و ستەم و ڕێبازی خوێناویدا.

## خۆبەدەستەوەدانی پڕ لە ڕیسوایی بەغدا لە بەرابەر مەغۆلدا

هەرچی پەرچەکرداری ئەو سەرشۆڕییە بوو، کە خەڵکی عێراق لە بەرابەر داگیرکاریی مەغۆلدا نواندیان لە کاتی هاتنە ناوەوەی سەربازەکانی هۆلاکۆ بۆ ناو شاری بەغدا، کارێکە مایەی پرسیار و سەرسوڕمانە، مێژوو پێی نەگوتووین کارەساتێک، یاخۆ ڕووداوێک، یان پرۆسەیەک ئاماژە بەبەرگری، یاخۆ کەللەڕەقی، یان یاخیبوون، یا سەرپێچی، یانیش ڕەتکردنەوەی فەرمان، یاخۆ پشتگوێخستنی ڕێنوێنییەکان بکا، نە لەلایەن خەلیفەوە، یا پایەکانی دەوڵەتەوە، یانیش لەلایەن میللەتەوە، بگرە لەوەش زۆرتر، ژمارەیەک تێکست و دەستەواژە و ڕستە، کە کتێبەکانی مێژوو، یا سەرچاوەکان ناویان دێنن، ئاماژە بەوە دەکەن عێراقییەکانی خەڵکی بەغدا هێگەل ئاسا بەپێش دەدران و کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو گۆڕستانەکان ڕاپێچ دەکران، تاکو لەوێ بەبێ بەرهەڵستی یاخۆ یاخیبوون، یا سەرپێچی، یا هەڵاتن سەرببڕدرێن، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان لە بەرابەر ئەو مردنە زۆرەملێیە هەبێت، کە بۆی ڕاپێچ دەکران.

ئەو دۆخی ملدانە گشتییە لە ئەنجامی هێزی زۆردار و ڕێوڕەسمی پڕ لە زەبروزەنگەوە بوو، کە سەربازانی مەغۆل پیادەیان کرد و تەواوی خەڵکەکە خۆیان دایە دەم پرۆسەکانی کوشتن و لەسێدارەدان و لەملدانەوە، کارێکە مایەی سەرسوڕمان و سەیر و پرسیارە، بگرە کارێکە بەتەواوی لەگەڵ تایبەتمەندییە باو و ناسراوەکاندا دژ دێتەوە، کە بەدرێژاییی مێژوو لەبارەی میللەتی عێراق و خوو و ڕەوشتییەوە بیستراوە، کە هەموو کات بەگەلی شۆڕشەکان و یاخیبوون و ئاژاوەگێڕی و کەللەڕەقی و سەرپێچی و دەرچوون لە گوێڕایەڵی وەسف دەکرێ.

ئەو کارەساتانەی لە ڕۆژانی قەسابخانەکەی بەغدادا بەدەست تەتەرەوە ڕوویان

دا دەبنە مـایەی سـەرسـوڕمـانی توێژەر و وای لێ دەکـەن بەدوای هۆکـارەکـاندا بگەڕێت، کە لەو بارودۆخەدا ئەم جۆرە ملدان و خۆبەدەستەوەدانە پڕ لە ڕیسوایی و ئیفلیجبوونەی لای تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی جێهێشت، لە کاردانەوی پێچەوانە ئەگەر بەلای کەمەوە لە ئاستی تاکەکەسییش بێت لە بەرابەر کارەکانی سەربڕین و مردن و لەناودان. هەندێک لە ڕووداوە ڕۆژانەییـەکانی قـەسابخانـەکە ئاماژە بەوە دەدەن، خەڵکی بەغدا خۆیان شاردەوە و چوونە ناو بیر و زبڵدان و ئاوەڕۆکانی ژێر زەوییـەوە و خـۆیان بەخـان و گـەوڕی ئاژەڵاندا کـرد و دەرگـەیان لەسـەر خـۆیان داخست.

بۆ ئەوەی کارەکە لە مێشکی خوێنەردا ڕوونتر و ئاسانتر بێت بـۆ تێگەیشتن و بەراورد لـە بەرابـەر ئەم دۆخــە دژوارەی مــایەی ســەرســوڕمــان و شــڵــەژانە و تێگەیشتنی زەحمـەتە، مـەبەستمـان ڕەوشـتی خـۆبەدەسـتـەوەدانی ملکەچانەیە، کە خـەڵکی بەغدا و عێـراق بەگشـتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سـەربازانی داگیـرکـەری مـەغـۆلدا پابەندی بـوون، ئێـمـە هـەندێک تێکست و بڕگـە دێنینەوە، کـە لە هـەندێک ســەرچاوەدا هاتوونە و تێــیــاندا هەواڵی ئەو قـەســابخــانە ترسناکـەی بەغـدا و خـەڵکەکەی گرتەوە نووسراونەتەوە، بێ ئـەوەی خۆمـان بەو هـۆکار و پێشەکییانەوە خەریک بکەین، کە بوونە شیمانەی کارەساتەکە.

وا لێرەدا هەندێک کۆپلە و بڕگە دەگوازینەوە، کە دەقـاودەق لە کتێبی (البداية والنهاية)ی نووسـەر و مێژوونووس ئیبن کەسیـردا سەبارەت بەکارەسـاتەکە هـاتووە، دەڵێت: "هەڵیان کوتایە سەر وڵاتەکە و دەستیان بەکێدا گەیشت لە پیاو و ژن و کوڕ و پیر و بەساڵاچوو و لاو کوشـتیـان، گەلێکی تریش خـۆیان کوتایـە ناو کۆنە بیـر و بژوونایەتی و خـەندەکی پیسـاییـیەوە، چەنـدان ڕۆژ خۆیان مـات کـرد و دەرنەچوون، گەلێکی کەیش خۆیان لە خـانەکاندا پەنا دەدا و دەرگەیان لەسەر خـۆ دادەخستن و تەتەرەکان چ بەشکاندن یاخۆ بەئاگر دەیانکردەوە و دەچوونە گیانیان، لە دەستیان هەڵدەهاتن و دەچوونە شـوێنە بـەرزەکـان، ئـەوانیش لـەو بانانـەوە دەیانکوشـتن، تا وای لێ دەهات لە مـەرزیبـەکانەوە خـوێن دەچـۆڕایە کۆڵانەکانەوە، انا لله وانا اليه راجعون".[٣]

٣. البداية والنهاية لابن كثير، ج١٣، ص٢٣٥، دار احياء التراث العربي.

"ڕا و بۆچوونی خەڵک لەسەر ژمارەی موسڵمانە کوژراوەکانی ئەم کارەساتە جیاواز بوون، وتیان هەشتسەد هەزار، هەروەها وتیان هەزار هەزار و هەشتسەد هەزارە، هەندێکیش دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە دوو هەزار هەزار کەس، (انا لله وانا اليه راجعون و لاحول ولا قوة الا بالله العلي العظيم).

هاتنە ناوەوەیان لە دوا دواییەکانی مانگی موحەڕەمدا بوو و هێشتانەکینێ شمشێر بەدرێژاییی چل ڕۆژان خەڵکەکەی دەدووریەوە، کوشتنی خەلیفە موستەعسم بیللای میری موسڵمانان ڕۆژی چوارشەم لە چواردەی سەفەردا بوو و گۆڕەکەی لە بیر کرا".[٤]

"ئەم پیاوە لە خانەی خەلافەتەوە بانگ دەکرا و منداڵ و ژنەکانی دەردەکردن و دەیبردن بۆ گۆڕستانی ئەلخەلال، وەکو مەڕ سەردەبڕدران، ئەو ژن و کەنیزەکانەی پێویستیان بوون هەڵیان دەبژاردن و دیلیان دەکردن. گەورەکەشیان سەدرەدین عەلی نەییار کوژرا و وتاربێژ و مەلا و قورئان هەڵگرەکانیش کوژران و بۆ ماوەی چەندان مانگ مزگەوت و جەماعەت و هەینییەکان پەکیان کەوت".[٥]

"کاتێک کارەکە بەسەرچوو و چل ڕۆژ تێپەڕی، بەغدا چۆڵوهۆڵ بوو و کەسی تێدا نەمایەوە، مەگەر بەدەگمەن نەبێ، کوژراوەکانیش لەسەر ڕێگەکان لە شێوەی گردۆڵکە هەڵدرابوونەوە و باران وا لێی دابوون سیمایان بەتەواوی گۆڕابوو و بۆنی بۆگەنییان وڵاتی داگرتبوو... کاتێکیش وتیان بەغدا ئارامە خەڵکەکە لەژێر زەوییەوە دەرچوون، ئیدی ئەوانەی خۆیان لە چاڵ و کولانە مریشکەکاندا مات دابوو، وەک ئەوەی مردوو بن و لە گۆڕەکانیان هەستابنەوە، هەموو پشتیان لە یەک کرد و باوک کوڕی نەدەناسییەوە و براش برا...".[٦]

پرسیارێلی ڕەوا:

پرسیارەکە ئەوەیە: وێنەی ئەم گەلە لە کوێیە، کە بەیاخیبوون و شۆڕش و ئاژاوە و سەرسەختییەکەی سەری لە ئیمپراتۆر و شا و خەلیفە و فەرمانڕەواکان

---

٤. هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

٥. هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

٦. هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

شـێـواندبوو و مـاندووی کـردبوون؟.. بگرە زۆربەیانـی کـوشـت؟ ئەدی ئەم هەمـوو سـەرشـۆڕی و خـۆدانـەدەست و ملدانـە بۆ بەسـووک و ڕیسـوا پێکردن و مـردنی بەناچارییە، کە سەربازانی داگیرکەری مەغۆلی سەپاندیان، لەپای چی؟

ئەی چۆن بتوانین لە کاردانەوەی ئەو ناکۆکییە بەرچاوە بگەین، لەگەڵ ئەم وەڵامە پڕ لە ناکۆکییە سەیرە لە ڕەوشتی گەلی عێراقدا؟

تەنانەت سـەدام حـوسـێنی دەسـەڵاتداری بەهێـزی عێـراق، کە بەگـەلێک شـێوە وەسـفی سـتـەمکاری و دڵڕەقی و خـوێنـڕێژی و دیکتـاتۆری کرا و عـێـراقـیـیـەکـان چیرۆکی وایان لەبارەی زوڵم و زۆردارییـەکەیەوە دەگێڕایەوە لە ئەفسـانە دەچوون، مـیللەتی عـێـراق بەدرێژاییی پتـر لە سی سـاڵ چەپڵـەیان بۆ کـوتی، جـا ئەگـەر لە خۆشەویستییەوە بێت، یاخۆ ترس.

خۆ ئـەگەر ئەو لەشکرە بێ شـومارانە نەبوونایا، کە لەودیو دەریاکانەوە لە سـاڵی ٢٠٠٣ی زایندا هـاتن و ڕووخـانی ڕێژیمـەکەیان گرتە ئەسـتۆ، ئەوا ڕەنگە بۆ چەندان سـاڵی تریش نینۆکێکی نەدەڕووشا.

ئەی چۆن و بۆچی ئەمە ڕووی دا؟

پرسیارەکەمان لێرەدا دیسانەوە:

بۆچی ئەم ناکۆکییـە لە ڕەوشـتی میللەتی عێراقدا هـەیە؟ ئـەی چۆن بتـوانین لە بەرابـەر ئەم بوویەرە گـەورە و جـیـاکـەرەوانە لە مـێـژووی عـێـراقی لێکدانەوەی هەڵوێستە پڕ لە دژایەتییەکانی کەسێتیی عێراقی بکەین؟

بەمــانـایەکی تر: بۆچی لە گــەلی عـێـراقــەوە لـە بەرابـەر ڕووداوە وەک یەک و لەیەکچووەکاندا هەڵوێستی دژ بەیەک ببینین؟

دەروونزانی وەڵام دەداتەوە:

بۆ ئەوەی وەڵامـی ئەم پرسـیـارە ڕەوایانە ورد و زانسـتی و دوور لـە ڕووکـەش و گۆترەکاری و گومـان و گریمانەی تـاکەکەسـی بێ، لەم بارەیەوە پەنا دەبـەینە بەر شیکردنەوەی زانستی، کە زانستی دەروون و پزیشکیی دەروونییە:

پزیشـکیی دەروونی وای دەبینێ، بۆ نمـوونە ڕەوشـی سـیـاسـی ڕۆڵی کـاریگەری هەیە لە پێکهـاتنی هۆکـارەکانی دوژمنکاری لای تاک و لە پێکـهاتنی کەسـێتـیی

دوژمنکارانەدا، کە هەر بەخۆی کەسێتیی خوێنرێژە، وەک ئەم تێکستەی خوارەوە:

"کاریگەریی دۆخە سیاسییەکە وەکو هۆکارێک جێگیر بووە، تاکەکان لەو کۆمەڵگانەی حکوومەتی ستەمکار بەڕێوەیان دەبات، ڕقیان لە دوژمنکارییە، بەڵام ڕای ناگەیەنن... وەلێ ناکرێ لەو کۆمەڵگانەی لەسەر ململانێ بنیات نراون خۆت لە دوژمنکاری بپارێزیت، بەتایبەت کاتێک ئەم ململانێیە جۆرێک لە ڕەوشت دەخوازێت لە ئاکار دوور بکەوێتەوە، ئا لەو کاتەی چەوسانەوە بەگەڕ دەکەوێ بەربەست و نوشستی زۆر دەبێ، ئەمەش وا دەکات ڕەوشتی خەڵکەکە توندوتیژیی تێ بکەوێ، تاکو توندوتیژی ببێتە مۆرکی کۆمەڵگە..." [7]

هەرچی دەروونزانییە، ئەوا دوژمنکاری یاخۆ ڕەوشتی دوژمنکارانەی یاخیبوونی تێکەڵ بەتوندوتیژی لێک دەداتەوە، بەو پێیەی "ئەو وەڵامەیە مرۆڤ پێی بەرپەرچی بێ هیوایی و نوشستی و بێبەریبوون دەداتەوە، بەوەی هێرش بباتە سەر سەرچاوەی بێ هیوایی، یاخۆ ئەڵتەرناتیڤەکەی" [8]

بەم شێوەیە هۆکارەکانی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەریبوون وەکو دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی دەیبینن، ئەوانەن هۆ سەرەکییەکانی دەرکەوتنی ڕەوشتی یاخیبوون و شۆڕش و توندوتیژی و دیکتاتۆریی تاکەکەسی و حەزی خوێنڕشتن لای تاکەکان و کۆمەڵەکان پێک دەهێنن، بەو پێیەی کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەی توندن دژ بەنوشستی و بێ هیوایی و بێبەری.

وەکو چۆن لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسمان کردووە، دەڵێین:

ئەو دەمی بڵاوبوونەوەی دۆخەیلی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری لە مێژووی وڵاتی دوو ڕووباردا "عێراق" بەدرێژاییی چەندان سەدە چڕ و بەردەوام بوون، لە سۆنگەی هۆیە دروستکراوەکانی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری، وەکو بەردەوامیی شەڕ و فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان و هێرشە دەرەکییەکان و ئەوی لێیان دەبێتەوە لە کوشتن و قەسابخانەی مرۆیی و کۆچ پێکردنی دانیشتووان و کارەساتی دڵتەزێن و نەخۆشی و هەژاری و چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن و زوڵم

٧. موسوعة الطب النفسي، المجلد الثاني، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة.

٨. موسوعة علم النفس، اعداد: د.اسعد رزق، ومراجعة: د. عبدالله عبدالدايم، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص٢٠٦

و زۆری دڵڕەقانە و بێ هیوایی پڕ لە ئازار، هەموو ئەمانەش کەشی نموونەییان ڕەخساندووە بۆ دەرکەوتنی ڕەوشتی یاخیبوون و شۆڕش و توندوتیژیی خوێناوی و دیکتاتۆریی تاکەکەسی و حەزە دیکتاتۆرییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، هەرچی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونین لە هەمان کاتدا وای دەبینن، بەرەنگاری یاخۆ بەرهەڵستیی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری لای تاک و کۆمەڵەکان بەدوو شێوەی ڕەوشت بەرجەستە دەبن:

جۆری یەکەم:

ئەو ئاکارەیە بەیاخیبوون و توندوتیژی و شۆڕش و دوژمنکاری و بەرهەڵستیی دژ بەسەرچاوەی نوشستی و بێ ئومێدی دەناسرێتەوە، سەرچاوەکە لە هەر کوێیەکەوە بێت، بەزۆری لە دەسەڵات و دەوڵەت و سیستەمی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە، کە سەرجەم چالاکییەکان ئاراستە دەکات و دەست بەسەر هەموو جۆرەکانی کار و چالاکییە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگەدا دەگرێ.

جۆری دووەم:

دژ بەوی یەکەمە و پێچەوانەیەتی، ڕەوشتی بێدەنگی و ملکەچی و سەردانەواندن و بەرهەڵستی نەکردن و خۆدانە دەستی توندوتیژییە، کە لە دەسەڵاتەوە دەردەچن، بەتایبەتییش دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاڵپشت بەهێزی زۆردارەکی، کە بێ سڵەمینەوە دڵڕەقیی خوێنڕێژی بەکار دەهێنێت.

باتەماشایەکی ئەم تێکستە بکەین لە وەسفکردنی پاڵنەرە دەروونییەکاندا (لەو شتانەی بۆ توێژەر مایەی سەرسووڕمانە لە دەروونزانیدا ئەوەیە تاقە هەڵوێست دەبێتە هۆی وەڵامی جیا جیا لەلایەن تاکەکانەوە، ئەو نوشستییەشی زۆربەی خەڵکەکە بەدوژمنکاری وەڵامی دەدەنەوە، دوور نییە وا لە هەندێک بکا تووشی شێوە سستی و گێلی و کەمتەرخەمی، یاخۆ پاشەکشە و نەبوونی چالاکی و ئاگەدار نەبوون بێن، ئەو دەمی تاک لای ڕوون دەبێتەوە بەرهەڵستی دادی نادات، بۆیە پەنا دەباتە بەر داماڵین لە هەڵوێست و دروستکردنی شێوە گێلییەک لە بری پەنا بردنە بەر تووڕەیی و هێرشبردن).[٩]

٩. الدوافع النفسية، الدكتور مصطفى فهمي، ص١٣٤، دار مصر للطباعة.

بەڵکو لەوەش زیاتر ڕەنگە تاک و کۆمەڵ ڕوو لە خۆگونجاندن و سەرسامی و لایەنگری دیکتاتۆری و ڕێبازە خوێنڕێژییەکەی بکەن و بەهانە بۆ ئەو ڕەوشتە بەدکارە بدۆزنەوە، ئەمەش پەرچەکرداری ئاراستە کراوە دژ بەنوشستی و بێبەری و بێ ئومێدی.

ئەمەش بەتەواوی ئەو دژایەتییەمان بۆ لێک دەداتەوە، کە لە ڕەوشتی دووانەی گەلی عێراقدا لەسەر ئاستی تاک، یاخۆ بەکۆمەڵدا دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، دوور نییە دیکتاتۆری و بوونی تەفروتوونا بکا و لە ئاستی بالای بەرهەڵستی و قوربانیدا بەردەوام دژی بجەنگێ، دووریش نییە ملی بۆ بدا و لە بەرابەریدا بێدەنگ بێت، بگرە هەندێک جار بەتایبەت لە ڕەوشی چوونە پێشی بێ سنووری شێوازەکانی توندوتیژی و پاڵپەستۆ و بەکارهێنانی دڕندانەی هێزی بەزۆر لەلایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ئامرازە وێرانکارییەکانییەوە پێی سەرسام بێ.

ئێمە دەتوانین بەڵگەی تر لەسەر سەرسامبوونی کەسێتیی عێراقی و متمانە و ملدان و گەشانەوەی بەدیاردەی هێز و توانایی جەور و ستەم و توانای هەڵکوتانە سەر گشت ئاستەکانی ژیان لە گشت قۆناخە مێژووییە جیا جیاکاندا بهێنینەوە، سەرەڕای ئەو نموونانەی هێنامانەوە سەبارەت بەخۆدانەدەستەوەی گەلی عێراق و ملدانی و ڕەنگە پشتگیری و پاڵپشتیی بۆ فەرمانڕەوایان و فەرماندە هەرە خوێنڕێژەکان لە مێژووی عێراقدا، وەک: شەلنەسری سێیەم و حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی و ئەبوجەعفەری مەنسوور و خۆبەدەستەوەدانی سەرشۆڕانە بۆ مەغۆل لە کاتی داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨ی زایندا، هەروەها پشتگیریکردنی ئینگلیزەکان لە داگیرکردنی عێراقدا ساڵی ١٩١٤ی ز و دانانی پەیکەرێک بۆ جەنەراڵ مۆد، کە بەغدای داگیر کرد، دوایین شتیش چەپڵەکوتینی بەردەوامیان بۆ سەرۆک سەدام حوسێن بەدرێژایی فەرمانڕەواییەکەی... هتد.

دەڵێین ئێمە دەتوانین بەڵگەی تریش لەسەر سەرسامیی کەسێتیی عێراقی بەدڵسۆزی و پێخۆشبوون و لایەنگریی بۆ هەر دیمەنێک لە دیمەنەکانی هێز و دەستبەسەرداگرتن و توانایی و دەسەڵات و جەور و ستەم بدۆزینەوە، لەو بارەیەوە بۆ نموونە، بلاوبوونەوەی دیاردەی نەزر و قوربانی پێشکێشکردن بۆ تۆپە مەزنەکەی موورادی سوڵتانی عوسمانی لە کاتی جێهێشتنی بەغدادا ساڵی ١٦٣٩ی ز دوای ئەوەی عێراقی داگیر کرد و فارسەکانی لە عێراق وەدەرنا، ئەم تۆپە

زەبەلاحەی وەکو هێمای هێز و دڕندەیی سوپا سەرکەوتووەکەی هێشتەوە.

خەڵکەکەش بەناونانی ئەم تۆپەیان زانی (طوب أبو خزامە – تۆپەکەی ئەبو خوزامە) قسەی ئەفسانەییش هەیە سەبارەت بەم ناونانە، عێراقییەکان لەناو خۆیاندا باسی دەکەن، ئێمە لێرەدا کارمان بەوەوە نییە.

لەبەر ئەو ترس و سەرسامییەی ئەم تۆپە لە دەروونی عێراقییەکاندا چاندوویەتی، لەگەڵ ئەو قسە ئەفسانەییانەی سەبارەت بەهێزە لەبن نەهاتووەکەی و کاریگەریی لە شەڕدا وتراون، لە چاوی عێراقییەکانەوە بووە بەهێمایەک لە هێماکانی پاڵەوانیەتی و هێز و توانایی و جەور و ستەم و هەژموون...

پاشان هێندەی پێ نەچوو ئەم هەستە گۆڕا بەبڕوا و قەناعەت بەبوونی توانای غەیبیی لە ڕادەبەدەری ئەم تۆپە، کە دەتوانێت ئەنجامی بدا...

دواتر پەیتا پەیتا وەکو درێژبوونەوەی سەرسامیی کەسێتیی عێراقی بەدیاردەکانی هێز و ئازایەتی و توانایی، لای دەیان هەزار عێراقی بڕوا و قەناعەت بڵاوبوونەتەوە و بوونەتە باو، کە تۆپەکەی ئەبو خوزامە کەرامەتی هەیە و دەتوانێ وەڵام بەداخوازییەکانی ئەوانە بداتەوە هانای بۆ دێن بەچاککردنەوەی نەخۆش و بەهانا گەیشتنی لێقەوماو و خەم و پەژارە نەهێڵێت و نزای نائامادەکان و بەندکراوەکان بگەیەنێتە کەسوکاریان و یارمەتیی ئاوسبوونی ژنان بدا و ئاواتی ئەوانەش بێنێتە دی، کە پەنای بۆ دێن و هانای بۆ دەبەن.

لەو ئەفسانانەی لە بارەی ئەم تۆپەوە باو بوو (ئەو نۆ ماسییەی لەملا و لەولای نەخشێندراون ئەو کات پێوەی نووسان، کە لە کاتی لە ئاسمان هاتنە خوارەوەی دەریای "القدرە"ی بڕی).[١٠]

(لە بەغدا داوونەریت وا بوو کۆرپەی تازە بوو لە حەوتەمین ڕۆژدا بهێنرێت و بەدەوری تۆپەکەدا بیسووڕێننەوە و سێ جاران سەری بکەنە کونی لوولەکەیەوە).[١١]

بەم ئاوایە کەسێتیی عێراقی هەردەم سەرسام بەدیمەنی هێز و هەژموون و گەورەیی و زاڵبوون و تواناییی ئەم تۆپەی لا بووەتە پیاوچاک و ئیمام:

١٠. د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج١، ص٨٦، دار كوفان، لندن.

١١. هەمان سەرچاوە، ل٨٦

وای لێ هات ڕۆژانە عێراقییەکان بەمەبەستی پیرۆزکردن سەردانیان دەکرد و لێی دەپاڕانەوە و نەزریان دەکرد و پارچە و پەڕۆی سەوزیان بەملا و بەولای و گۆشەکانیدا دەکرد و مۆم و بوخوریان لەسەری دادەنا، ئەمە بۆ چەندان ساڵ وا مایەوە.

خەڵکەکە لە سەردانیکردنی تۆپەکە و نەزرکردن بۆی بەردەوام بوون، تا دەسەڵاتداران ناچار بوون بیگوازنەوە و لە مۆزەخانەی جەنگی لە دەرگەی ناوەندی دابنێن.

قەناعەتی نیشتوو لە ناخی هۆشیاریی تاکی عێراقیدا زۆرجار بەهۆی سیفەتی خۆسەپاندنی چەقیو لە ڕەوشت و کەسێتییدا ڕوو لە سەرسامبوون و ئەبڵەقبوون و ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی هێز و سیماکانی دیکتاتۆری و توانایی و زاڵبوون و فاکتەرەکانی هەڵکوتانەسەر و جەور و ستەم و چاوقایمی دەکات، ئەم تۆپە سەرجەم ئەم مانایانەی لە یادەوەریی عێراقییەکان و قەناعەتیان دەگەیاند، ئەو دەمی بەشداری کرد لە ئەنجامدانی سەرکەوتنە گەشاوە و یەکلاییکەرەوەکاندا لەو شەڕەماڵوێرانکەرانەی لە نێوان لەشکری عوسمانی و سوپای دەوڵەتی فارسدا لەسەر خاکی عێراق ڕوویان دا، چونکە ئەو کات ئەم جۆرە تۆپانە ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەیان لەو شەڕانەدا دەبینی، کە سوڵتان موراد لە شەڕەکانیدا بۆ شکانی فارسەکان و وەدەرنانیان لە عێراقدا بەکاری دەهێنان. بۆیە وێنەی سەرسامبوون و ئەبڵەقبوون و ملدان بۆ هێزی لە سروشت بەدەری ئەم تۆپە، لەو سەردەمەدا پەیتا پەیتا لە مێشکی تاکی عێراقیدا (بەتایبەت نەخوێندەوار و سادەکانیان) گۆڕا بۆ جۆرێک لە قەناعەت و بڕوابوون بەبوونی هێزێکی غەیبیی پیرۆز و حەزێکی خوایی لە بارگاویکردنی ئەم تۆپە بەهێزێکی لە ڕادەبەدەر و پاڵپشتیکردنی بەتوانا و دەسەڵات و سەرکەوتن، ئا لێرەوە خواستی هەزاران عێراقی بەڕووکردنە ئەم تۆپە و پاڕانەوە لێی چەکەرەیان کرد.

ڕەوشتی لەم جۆرە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە دەکات بەهەژمووونی گەورە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی هێز و توانایی و هۆکارەکانی دەستبەسەردا گرتن و توانایی لە هەست و قەناعەتی کەسێتیی عێراقیدا.

بەڵگە بۆ سەرسامیی کەسێتیی عێراقی بەسیماکانی هێز و توانا و کاری خێرا

و کاریگەری ڕاستەوخۆ، بڵاوبوونەوەی ئەم پەندە عێراقییەیە (الامام اللي مایشور یسمونە أبو الخرك - ئەو چاکەی دەستوەشێن نەبێت بەشێخ پەڕۆی ناودەبەن)، واتا: ئەو پیاوچاکە، یاخۆ گۆڕی پیاوچاک گەر کەرامەتی بەرچاو و ڕاستەوخۆ وەکو بەڵگە بۆ هێز و توانای نیشان نەدات، ئەوا خەڵکەکە بەمەبەستی گاڵتە پێ کردن و قەشمەری بە(ابو الخرق - شێخ پەڕۆ)ی ناو دەبەن.. ئەمەش هەر بەڵگەیە بۆ گرینگیی کەسێتیی عێراقی و سەرسامبوونی بەرەگەزی هێز و توانا و دەسەڵات و توانایی...

## ناكۆكيى ئاكار لە نێوان دروشم و پراكتيكدا

### ئەشكەنجەدانى عێراقييەكان لە سەردەمى عوسمانييەوە بەردەوامى

### دەبێ پرەنسيپى باش و كردارى خراپ

لە سيماكانى ناكۆكى لە ڕەوشتى كەسێتيى عێراقيدا بەردەواميى ئەشكەنجەدانى جەستەيى و دەروونييە دژ بەعێراقييەكان لەميانەى لێكۆڵينەوە لەگەڵياندا، ياخۆ لێپرسينەوەيان، يان وەرگرتنى گوتەكانيان لە فەرمانگەكانى پۆليس و ئاسايش و هەواڵگرى و لەنێو گرتيگە و زيندانەكاندا لە هەموو سەردەمە سياسييەكان و لە سەرتاپاى ناوچەكانى عێراقدا، ئەگەر تاوانكار بن ياخۆ بێتاوان، يان لەبەر هۆى سياسى بێت، ياخۆ تاوان يا شتى تر، تاكو دڵنيابوون لە بێتاوانى و ستەم لێكراوييەكەى، كەسى عێراقى زۆرجاران و بەدرێژايى دەيەكانى ڕابردوو تووشى چەندان جۆرى ئەشكەنجەدانى جەستەيى و دەروونى و جۆرى جيا جيا لە سووك و ڕيسوايى و ئەتككردن و دەستدرێژى بۆ سەر كەرامەتى هاتووە...

لە كاتێكدا دامەزراوە و دەستە حكوومى و فەرمييەكان لە شوێنە جيا جياكانى دەوڵەت، لە هەمان كاتيشدا و لە هەموو سەردەمەكاندا بەردەوام دەبن لە دانانى دەستوور و ياسا و سيستمەكانى خوێندن، كە باس لە ئازادى و مافى مەدەنيى هاوولاتيى عێراقى و پاراستنى كەرامەتى مرۆڤى عێراقى و سەلامەتى و ڕێز لە كەسايەتييە مرۆييەكەى و بەهەند وەرگرتن دەكەن، ئەزموونى واقعى لە چەندين سەدەوە بۆى دەرخستووين، بەرپرس و ئەنجامدەران لە دەوڵەت و حكوومەتە يەك لە دواى يەكەكاندا و فەرماندە سياسييەكان لە حزب و ڕێكخراو و بارستە سياسييەكاندا قسەيان لەسەر مافى تاكى عێراقى كردووە لە ئازادى و ڕزگاربوون و ژيانى سەربەرز و ڕێگە نەدان بەدەستبردن بۆ كەرامەتى جەستەيى و كەسێتى و قەدەخەكردنى هەموو جۆرەكانى ئەشكەنجەدان و دەستدرێژى و تۆقاندن و قۆڵبڕين لە دژى...

بەم شێوەیە لە عێراقدا دۆخێک لە ناکۆکیی بەرچاو لە ڕەوشت بووە باو لە نێوان پرەنسیپ و بەها و ئەو دەقانەی لە دەستوور و یاسا و بەرنامە سیاسییە ڕاگەیەندراوەکاندا هاتوون لەلایەک و لە نێوان پراکتیکی بەفیعلی و واقعی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لەلایەکی ترەوە هێشتا ئەم دژایەتییە تا ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە، هەڵبەت پرۆسەکانی ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی ئابڕوو و سووک و ڕیسواکردن و دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی دژ بەهەزاران عێراقی لە گرتیگە و زیندان و فەرمانگەکانی لێکۆڵینەوە لە سەرتاپای وڵاتدا بەر لە سەد ساڵەوە تاکو ئێستا پیادە کراون.

عێراقییەکان بەردەوام و لە گشت چەرخەکاندا چیرۆکێلێک دەگێڕنەوە قسە لەسەر سەدان ڕووداوی ئەشکەنجەدان دەکەن، کە گیراو و زیندانییەکان تووشی هاتوون، بەشێوەیەک لە خەیاڵەوە نزیکن و لەبەر سەیروسەمەرەیی و دزێوی و شەرمهێنییان ئاوەز قبووڵیان نەکات.

ڕەنگە بتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە دیاردەی ئازار و ئەشکەنجەدانی عێراقییەکان، وێڕای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی یاسادانان لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و یاساکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا ڕوویان داوە لە ڕووخانی حوکمی عوسمانییەوە تاکو ئەمڕۆ، بەردەوامیی هەیە.

### هەموو شتێک گۆڕا تەنیا ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان نەبێ

لە دەرچوونی عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ١٩١٧دا و تا ساڵی ٢٠١٠ پتر لە هەشت وەرچەرخانی سەرەکی و گۆڕانکاریی جۆری لەسەر ئاستی فەرمانڕەوایی و ڕێژیم و دەسەڵات و سەرکردایەتی و پێکهاتەی سیاسی لە عێراقدا ڕوویان داوە، لەوانە:

– ڕووخانی فەرمانڕەواییی عوسمانی و دەرچوونیان لە عێراق لە ساڵی ١٩١٤ و ساڵی ١٩١٨دا.

– داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ١٩١٤دا و خرانە ژێر چاودێریی بەریتانیاوە.

– دامەزراندنی ڕێژیمی شاهانە لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٢١دا، ئەو کات عێراق ویلایەتێکی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو.

– ڕووخانی ڕێژیمی شاهانە و دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری ساڵی ١٩٥٨.

- ڕووخانی حوکمی عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان ساڵی ١٩٦٣.

- ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و حەرەس قەومی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٣دا.

- ڕووخانی حوکمی نەتەوەپەرستەکان و ناسرییەکان ساڵی ١٩٦٨.

- ڕووخانی فەرمانڕەوایی بەعس بەسەرۆکایەتیی سەدام حوسێن ساڵی ٢٠٠٣.

- داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا و دامەزراندنی ڕێژیمی پەرلەمانیی دەستووریی فیدراڵی، پشت بەستوو بەشێوازی هەڵبژاردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ.

ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخان و کودەتا و شۆڕش و بیردۆزە سیاسییە هەمەجۆرانە، کە لە عێراقدا پراکتیزە کران زۆربەی سیماکانی ژیانی عێراقیان گۆڕی، هەروەها لەگەڵ خۆیدا پیاوەکان و فەرمانڕەوا و سوپا و پێوەر و نەریت و دروشم و حزب و بەرنامە و ڕۆشنبیریی خەڵک و پێداویستییەکانیان گۆڕین، بەڵام تاقە شتێک نەگۆڕا ئەویش ئەشکەنجەدانە دژ بەعێراقییەکان لە گرتیگە و زیندانەکاندا، ئازاردان بەدەستی عێراقییەکان خۆیان لە سەرجەم چەرخە سیاسییەکاندا بێ هەڵاواردن و بەدزێوترین شێواز و ئامراز لە دڵڕەقیی زۆر بەردەوامیی هەیە، ئەی ئەو پاڵنەرە دەروونی و ڕەوشتییانە چین، کە وایان لە تاکی عێراقی کردووە بەشێوەی تایبەت (عێراقیی حزبی، یاخۆ سیاسی) ڕازی بێ، یاخۆ دژ بەبراکانی لە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی لە پرۆسەی ئەشکەنجەدان بەشدار بێ؟

ئەی بۆ بەلای کەمەوە تاقە توێژێکی سیاسیمان نەبینییەوە خۆی بپارێزێ، یاخۆ لایەنگرانی خۆیان بەدوور بگرن لە پیادەکردنی ئازار و ئەشکەنجە دژ بەعێراقییەکان؟ یا هەڵوێستی شێلگیرانە و یەکلایی وەگرتبێ و ئەم کارەی ڕەت کردبێتەوە؟

داخۆ لەم بەکۆمەڵییە لەسەر پشتگیریی ئەشکەنجەدان، یاخۆ چاوپۆشیی شەرمهێنی ئاراستەکراو دژ بەڕۆڵەکانی نیشتمان، ئاماژە بەبوونی دۆخێک لە دژایەتی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا ناکات؟ بەپێوەر بەو هاتوهاوارەی سەرجەم عێراقییەکان لەبارەی بەهاکانی بیروڕا و پاراستنی ئابروو و ڕێزی ئازادیی تاکەکەسی و مافەکانی گەل و جەماوەرەوە دەدوێن؟

## کاراکردنی یاساکانی تایبەت بەپاراستنی عێراقییەکان لە ئەشکەنجەداندا

لەسەر بنەمای ئەوانەی باسمان کردن و لەپێناو وەستاندنی پرۆسەی ئازاردانی بەردەوام دژ بەمرۆڤی عێراقی بەشێوەیەکی تەواو دڵنیا، بەئەرک و پێویستی دەزانین کارای یاساکانی تایبەت بەتاوانەکانی پێوەند بەئەشکەنجەدانی عێراقییەکان بکرێ و سزای توند و دڵڕەقانە بەپێی میکانیزمێکی خێرا جێبەجێ بکرێ، بێ ئەوەی ملکەچی ڕۆتینی لەسەرخۆ و درێژخایەن ببێ دژ بەهەر کەسێک دەستی هەبووبێت لە ئەشکەنجەدان، یاخۆ سووکایەتیکردن بەهەر عێراقییەک لە ماوەی لێکۆڵینەوە، یاخۆ گرتن و زیندانیکردندا.

پێداگرتن لەسەر ئەم بابەتە و کاراکردنی مادە یاساییەکانی تایبەت بەم بابەتە، وێڕای پێویستیی ڕوونکردنەوەی بۆ هاووڵاتییە عێراقییەکان و ناساندنیان بەمافەکانیان لەم لایەنەوە بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی هەمیشەیی، تاکو بەتوندی بیگرن و داوای هێنانەدی بکەن، ئەمەش تاقە چارەسەرە، لە واقیعی کردەییدا هێزێکی بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەقینە بەم یاسایانە بدا، دوای ئەوەی گشت هۆ و شێوازەکانی پێشوو شکستیان هێنا، لە ماوەی دەیەکانی پێشوودا گاڵتە و سووکایەتیی ڕاستەقینە و کرداری دژ بەمرۆڤی عێراقی و ئابڕوو و مافەکانی ئەنجام دران، ئاخۆ سەرەڕای هەموو ئەو یاسایانەی ڕێ لە ئەشکەنجەدان دەگرن کەس بیستوویەتی ئەفسەرێک، یاخۆ پۆلیسێک، یان پیاوێکی ئاسایش لەبەرئەوەی کەسێکی ئەشکەنجەداوە، یا سووکایەتیی بەعێراقییەکی تر کردووە بخرێتە بەندیخانەوە؟ مەگەر ئەو ئەفسەرە، یاخۆ پۆلیسە، یان ئاسایشە لە سۆنگەی کوودەتایەکی سەربازی، یاخۆ سیاسی، یا کێشەی تاوانکاریی ناشرینی وەک گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی زیندانی کرابێ؟

سەرجەم ئەو گفت و بەڵێنانەی ئەو بەیاننامانەی لە سەرەتای گشت شۆڕشێک، یاخۆ کودەتایەک، یا چاکسازییەک، یان گۆڕانێک سەبارەت بەڕزگارکردنی گەلی عێراق و چاودێریی ئابڕووی تاکی عێراقی و پاراستنی لە ئەشکەنجەدان و هەڵکوتانەسەر و دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی دەردەچن، بریتین لە درۆیێک هیچ بنەمایەکیان نییە و کاریگەرییان لە واقیعی کرداریدا نییە، هەر ئەمەش بوو لە

هەموو سەردەمەکاندا بێ هەڵاواردن ڕووی دا و جێبەجێ کرا.

هەستی بەزەیی پێداهاتنەوە و لێبوردەیی و مرۆڤایەتی و هەستی هاونیشتمانیەتی لە هەموو کارەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و سیاسی بەتایبەت ئەوانەی شۆڕشگێڕە خوێنگەرمەکان بۆ ڕێژیم و کودەتا تازەکان لە عێراقدا گرتیانە ئەستۆنەمان.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵەکان دەیان هەزار لە عێراقییەکان بەشدار بوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدرێژاییی سەدەیەکی تەواو لە کاری ئازار و ئەشکەنجەداندا تێوەگلان، هەڵبەت ئەو عێراقییانەی گۆڕان بەجەلاد و ئەوانەشی لە گشت سەردەمە سیاسییەکاندا بێ هەڵاواردن کاری ئەشکەنجەدانیان ئەنجام دا، ئەمانە لایەنگر یا سەر بەیەکێک لە بیروباوەڕەکان، یاخۆ ڕێکخراوە سیاسی و حزبییەکان بوون، کە هەموو کات بانگەشەی ئازادیی مرۆڤەکان و ئابڕووی تاکی عێراقییان دەکرد، کە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و باو بوون، پاشان تێکشکان و نەمان.

## مافپەروەرە عێراقییەکان لە کوێی وەستانەکەی ئیمامی ئەعزەم "ئەبی حەنیفەی نەعمان" دان؟

ڕق و تۆڵەی سیاسی و پاکبوونەوەی کەسێتی خەریکە ببێتە ئەو میتۆدەی لە زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی لە عێراقدا بەدەست لێکۆڵەرە عێراقییەکان خۆیان دژ بەهاونیشتمانەکانیان بەڕێوە چوون و ئەنجام دران، بەدرێژاییی چەندان دەیە هۆکارەکانی گەندەڵی و بەرتیل و ڕقی سیاسی و پەلاماری دەزگا دیکتاتۆرییەکان هاوکار و تەرخان بوون بۆ دیاردەی ئەشکەنجەدان و بەزۆر قسە وەرگرتن لە تۆمەتباران، ئەمەش بووە هۆی ناوزڕاندنی دادی عێراقی، بەتایبەت لە ماوەی ململانێ سیاسییە شێتانەکاندا.

ئا لێرەدا بەمافی خۆمانی دەزانین بەڕاشکاوانە قسەیەک بکەین بەدووری نازانم پیاوانی یاسا و داد لە عێراقدا پێی وەڕس بن.

دەڵێین وێڕای بوونی چەندان مافپەروەر و دادوەر و یاساناسی بەجەرگی عێراقی، لەوانەی بەرهەڵستی جەور و ستەم و بەرگرییان لە دادپەروەری کرد و دژ

بەسەرپێچی و پێ درێژی بەسەر یاسا و سیستەمەکاندا وەستانەوە، کەچی وێڕای بەردەوامیی دیکتاتۆرییە سەربازییە زۆردارەکان و سەرەڕای سنووربڕینی دژێوی یاساکان و مافی مرۆڤ لە عێراقدا و بەردەوامیی دادگە عورفییە سەربازییەکان و بڕیارە ستەمکارییەکانی بۆ چەندان دەیە، یاساناسان لە عێراقدا کارێکی دیارکراوی مەزنیان ئەنجام نەداوە، وەکو یاخیبوون، یا ڕاپەڕین، یان مانگرتن بۆ دژ وەستانەوەی دەسەڵاتداران لە بەردەوامییاندا لە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی گەلی عێراق و ئازادییەکانی، وێڕای ڕێزمان بۆ گشت مافپەروەرێک یاخۆ یاساناسێکی عێراقی خرابێتە زیندانەوە، یا جیا کرابێتەوە، یان گواسترابێتەوە، یاخۆ بەرهەڵستی کردبێ، یاخۆ قوربانیی دابێ، سەرەڕای ئەوانەش بەتاسەوەین بۆ هەڵوێستێک وەکو ئەوی ئیمامی ئەعزەم ئەبوحەنیفەی نەعمان (٧٠٠ز – ٧٦٧ز)، کە بەرەنگاریی خەلیفەی زۆردار "ئەبوجەعفەری مەنسوور" بووەوە و وێڕای پێداگرتنی مەنسوور، ڕەتی کردەوە لە سەردەمی ئەودا ببێتە وەزیری داد و سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، قایل نەبوو ببێتە وەزیر لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی زۆردارێک (وەکو گوتبووی)، ئەوە بوو مەنسوور لە سۆنگەی ئەمەوە فڕێی دایە زیندانەوە، ئینجاش ئەو چۆکی دانەدا و تا مرد لە زیندانی مەنسووردا مایەوە، گەورەترین شەهید بوو لە مێژووی ئیسلامدا لەپێناوی دۆزێکی دیارکراودا، کە ناوی "سەربەخۆییی دادگە"یە.

## دێرینترین یاساکان لە عێراقەوە دەرکەوتن و ئەشکەنجەدانیش لە عێراقدا بەردەوامیی هەیە

ئەگەر بمانەوێ لەلایەنی مێژووییەوە تەماشای ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین:

گرفتاربوونی مرۆڤی هاوچەرخ لە عێراقدا لە بەرابەر پرۆسەی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و سووک و ڕیسوایی دەروونی و دەستدرێژیی تاوانکارانە دژ بەجەستە و ڕوح و نامووس و بەها مرۆیی و ئاکارییەکانی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانەوە، کە خۆیان لە دەوڵەت و داوودەزگا داپڵۆسێنەر و ناوەندەکانی هێزی سەر بەبەرپرسان و خودان پۆستە گرینگەکان لە حکوومەتدا دەنوێنن، ئەمەش کارێکە ئەوپەڕی دژایەتی و پێچەوانەی ڕاستیی مێژوویی نووسراوی تێدایە، کە جەخت

لەسەر ئەوە دەکاتەوە وڵاتی ڕافیدەین ئەو شوێنەیە لە پتر لە چوار هەزار ساڵەوە یەکەمین یاساکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تێیدا سەریان هەڵدا و نووسران و پێڕەو کران، وەکو یاسای ئەشنۆنا و یاسای لبت عەشتار و یاسای ئوورنموو و یاسای حەمورابی و یاساکانی ئاشووری و هیی تریش!...

چۆن دەکرێ ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا مرۆڤ تووشی ئەشکەنجەدان و ماف لێ سەندنەوە و سووکایەتیی جەستەیی و دەروونی ببێ؟ داخۆ ئەمە دژایەتی و بەریەک کەوتن نییە لەگەڵ لۆجیکی شتەکان؟ پاشان ئەی لەمەدا دابڕان بەڵکو نامۆبوون نییە لە سەرچاوەکانی ژیاریی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا؟

باشە بۆچی ئەم ژمارە زۆرە لە عێراقییەکان بەم ڕەوشتە ئابڕووبەرەوە تێگلاون، مەبەستمان ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و سووکایەتییە بێ هەڵاواردن دژ بەبرا عێراقییەکانیان لە گشت سەردەمە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکاندا، ئەی بۆچی لە ئەنجامدانی ئەم کارە شەرمهێنانە دژ بەبرا هاونیشتمانییەکانیان بەردەوامبوون؟

وەڵامی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تەشەنەکردنی سیفەتی دژایەتی و دوژمنکاری بۆ کەسێتیی عێراقی بەو حوکمە دیفاکتۆیە، ئەمەش لە خەسڵەتەکانی کەسێتیی نەخۆشی دەروونییە، کە لە دەروونزانیدا پێی دەوترێ کەسێتیی سایکۆباتی، هۆیەکانی ئەمەش پێوەستن بەنوشستی و بێ هیوایی و بێبەریبوون، کە دیاردەیلێکن کۆمەڵگەی عێراقی لە ماوەی تاریکی حوکمی عوسمانیدا لە قوڕەکەیدا چەقی و نێزیکەی چوار سەدەی بەردەوام (١٥٣٤ز – ١٩١٤)ی خایاند، کە بەداڕووخانی ژیاری و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناسراوە.

خراپترین ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان لە ناو نیشتماندا بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستی نیشتمانی لای تاکی عێراقی لاواز کردووە و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی لە بەرابەر نیشتمان و وڵاتی لا لەق بووە و دەمارگیرییە عێراقییەکەی لە ئاست عێراق و خەڵکی عێراقدا دامرکاندووەتەوە، ئەمەش وای لە عێراقییەکان کردووە لە سۆنگەی بێ هیوایی و شۆک (هێدمە) و ماڵوێرانییەوە ئەو هەستانە بگۆڕن بەخۆپەرستیی تاکەکەسی و خودی و هەستی ئینتیمای خێڵەکی و تایفی..

لەپێناوی ڕێگە برین لە هەوڵی کەمکردنەوە لە بایەخی ئەم شیکردنەوەیە، کە پشت دەبەستێ بەدەستنیشانکردنی ورد و ئاشکرا و ڕاشکاوانەی ڕاستیی ئەم دیاردەیە و قەدەخەکردنی هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی، یاخۆ دانانی بەدۆزێکی لاوەکیی ڕاگوزەر بشێت لە هەر وڵاتێکدا ڕوو بدا...

بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم شیکردنەوەیە بەبەڵگە و ئاماژە و ڕووداو، دەڵێین:

کاری ئەشکەنجە و سووکایەتی و دەستدرێژیی شەرمهێن دژ بەگیراو و تۆمەتبارە عێراقییەکان تەشەنەی کرد، بەتایبەت سیاسییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتیی دەستووری، کە لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا، وێرای بوونی پەرلەمان کە بڕیاری داوە لەسەر ڕێزگرتنی ئازادیی تاکەکەسی عێراقی و پاراستنی کەرامەتی...

عێراقییەکان لەناو خۆیاندا باسیان لە چەندان هەواڵ و چیرۆک دەکرد سەبارەت بەدڵڕەقیی ئەو ئەشکەنجەدانەی دەزگە تەناهییەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پیادەیان دەکرد، هەروەها ئەوسا خەڵکەکە قسەیان لەبارەی لە وزە بەدەری ئازارەکانەوە دەکرد، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لەپێناو بەدەستهێنانی دانپێدانان لە سیاسییە نیشتمانییە عێراقییەکان لە ئەنجامی نینۆک هەڵکێشانەوە پیادەیان کرد.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دروستبوونی ڕێژیمی کۆماری و دەرکەوتنی بەراییەکانی هەژموونی کۆمۆنیستەکان بەسەر پۆستە گرینگەکان و ڕەوشی گشتیدا، ئەو کۆمۆنیستانەی پێشتر گیراوەکانی سەردەمی پاشایەتی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانیان بەدەستیانەوە چێشت، ئەم جار هەستان بەئەنجامدانی پرۆسەی ئازاردان دژ بەگیراوە نەتەوەیی و بەعسی و ناسرییە عێراقییەکان و پەیڕەوانیان لە ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٥٩–١٩٦٠ –١٩٦١ – ١٩٦٢دا.

عێراقییەکان بەپێی ئەو دڕندەیەتییەی لێکۆڵەرە عێراقییەکان لە سەردەمی کۆماری شۆڕشگێڕی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا پیادە دەکرا، خۆزگەیان بەئەشکەنجەدانی سەردەمی پاشایەتی دەخواست.

دوای ڕووخانی حوکمی قاسمی لە ساڵی ١٩٦٣دا و نەمانی پەلاماری

کۆمۆنیستەکان، بەهەزاران عێراقی لەوانەی لە لیژنەکانی حەرەس قەومی (میلشیای سەر بەحزبی بەعسی ئەوسا) بوون، کاری ئەشکەنجەدانیان گرتە ئەستۆ، کە ئەم جار دژ بەکۆمۆنیستەکان و لایەنگرانیان و ئەوانەی هاوکاریان بوون و لە سەرتاپای ولاتدا لەسەر ئەوان حسێب دەکران، پرۆسەی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەکان تۆقێنەر و سەرسوڕهێن بوون، کە لە هاڕین و پلیشانەوە دەچوون تا مردن، هەر بەڕاستییش سەدان عێراقی لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا، یاخۆ لە کاتی هەڵکوتانە سەر بنکە نهێنییەکانی سەر بەحزبی شیوعی و ڕاوەدوونانی ئەمنی بەدەستی عێراقییەکانی تر مردن، کە لە لایەنگرانی ڕێژیمی نوێ بوون و بەردەوام جاڕی ئازادی و سەربەرزی و کەرامەتی مرۆیی هاوولاتیی عێراقییان دەدا.

"بەپێی خەملاندنی کۆمۆنیستەکان نێزیکەی ٥٠٠٠ هاوولاتی لەو شەڕوشۆڕەی ٨ بۆ ١٠ی شوبات کوژران" (١٩٦٣) و "لە ماوەی ڕاوکردنی دڕندانەی کۆمۆنیستەکان لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ".[١٢]

پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمەی لەسەر بەعسییەکان حسێب بوو (ساڵی ١٩٦٣) ناسرییەکان لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بەخۆیانیان گرتبووە ئەستۆ، پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە دژ بەگیراو و تۆمەتبارە سیاسی و ناسیاسییەکان لە سەرباز و مەدەنی، هاوشان لەگەڵیدا پرۆسەکانی ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان بەردەوامیی هەبوو.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦٨ حوکمی ناسرییەکانیش هەرەسی هێنا و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن گەڕانەوە دەسەلات، جارێکی تر گەڕانەوە سەر خوو و نەریتەکەی خۆیان و سوودیان نە لە ئەزموونی ڕابردوویان (ساڵی ١٩٦٣ز) وەرگرت و نەیش لە ئەزموونەکانی ئەوانی تر، پرۆسەی ئازاردانی عێراقییەکان سەرلەنوێ گەڕایەوە، تا بەشێوەیەکی دزێوتر و دڵڕەقانەتر و دڕندانەتر پیادە بکرێ بەشێوەیەک لە مێژوودا هاوتای نەبێ.

پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و کەوتنی بەغدا و داگیرکردنی عێراق و لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی و هەرەسهێنانی دەوڵەت و هاتنە ناوەوەی هێزە بیانییەکان بۆ ناو ولات، هەموو شتەکان لە عێراقدا گۆڕان و هەرەسیان هێنا،

---

١٢. حنا بطاطو/ الكتاب الثالث، ص٢٩٧، ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية.

تەنیا ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان نەبێ، وەک خۆی مایەوە، بگرە توندتر و دڵڕەقانەتریش بوو، ئەم جاریان پیاوانی بیانی و بەکرێگیراو و بێگانە لەگەڵ لێکۆڵەرە عێراقییەکاندا پرۆسەی ئازار و ئەشکەنجەدانی عێراقییەکانیان لە ئەبوغرێب و گرتیگەکانی تری عێراقدا لە ئەستۆ گرت، ئەوانەی بێ ماندووبوون ئازاری برا گیراوە عێراقییەکانی خۆیان دەدا، یا بێ هەستکردن بەئینتیما، یاخۆ دەمارگیری بۆ عێراق و خەڵکەکەی و بێ گوێدان بەئابڕووی برا گیراوە عێراقییەکانیان.

بەم شێوەیە لە سەرەنجامی گشتیدا دەبینین، سەدان هەزار عێراقی لە ماوەی ئەم ساڵە درێژانەدا تێوەگلاون و ڕۆچوونە ناو ئەنجامدانی ئازار و ئەشکەنجەدانی جەستەیی دژ بەعێراقییەکانی تر.

## مێژووی پەناهەندەیی و ڕاگواستنی زۆرەملێی عێراقییەکان

سەرەڕای دیاردەی ئەشکەنجەدانی جەستەیی، کە زۆرێک و تا ئێستاش بەسەدان هەزار عێراقی، وەکو بارودۆخ و ڕەهەندەکانیمان شی کردەوە بەدرێژایی سەدەیەکی تەواو پێوەی دەسووتێن، دیاردەیەکی خراپی تر عێراقییەکان و کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی لە ماوەی سەدەی بیستدا پێوەی دەناڵێنن، ئەویش دیاردەی شاربەدەرکردن و دوورخستنەوە و کۆچی زۆرەملێی تاکەکەسی و بەکۆمەڵە، وەکو سزایەکی حکوومیی باو لە ڕەوشی عێراقدا لە بەرایییەکانی سەدەی بیستدا و ڕەنگە بەر لەوەیش، ئەمەش دیاردەیەکی مەترسیدار و خراپە زام و شێواندن و شوێنەواری بەد و نالەباری لە سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی و ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کەسێتییدا جێ هێشتووە، هەرچەندە نامانەوێ لەبارەی ئەم دیاردە خەمهێنەرەوە باسەکەمان فراوان بکەینەوە، کە ڕەنگە زۆرێک بیزانن، بەڵام دەتوانین بڵێین پرۆسەی ڕاگواستن، یاخۆ کۆچ پێکردنی زۆرەملێی عێراقییەکان لە وڵاتی خۆیاندا تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی نەداوە وەکو هەندێک بۆی دەچن، بگرە بەچەندان ساڵ بەر لەوە بەردەوام بوو و پیادە دەکرا، دووریش نییە لە هیچ دەیەیەکی سەدەی بیست و دوای ئەویش بەکەمێک نەوەستابێ، بەڕادەیەک توێژەر دەگاتە قەناعەتێک شەپۆلەکانی پەناهەندەیی و کۆچ پێکردن یەک لەوی دی دێتە کایەوە و زۆرجار لەبەر هۆکاری سیاسی، لەوانەیە ئەم

دیاردەیە یەکێک لەو هۆیانە پێک بهێنێ، کە کۆمەڵگەی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێت لە ڕەوشتی توندوتیژیی تۆڵە و گرژیی دەروونیی بەردەوام.

عوسمانییەکان لە عێراقدا لە هەر عێراقییەک تووڕە بوونایا دووریان دەخستەوە بۆ بەرە جیا جیاکانی شەڕ، لەو شوێنانەی زەحمەت و کەش و هەوایان سەخت و نامۆ بوون بەعێراق وەک: قەوقاس و نیمچەدوورگەی عەرەبی و قرم و شوێنانی تریش، هەروەها دوور خستنەوە بۆ ئەستەمنبوڵ و شارەکانی تری تورکیا باو بوو..

لە سەردەمی مانداتی (انتداب) بەریتانیدا ئاوارەکردن یاخۆ دوورخستنەوەی عێراقییەکان لە دوو دەڤەردا خەست دەبووەوە، ئەویش دوورخستنەوە بوو بۆ هیند، یا بۆ ئێران، هەرچی لە سەردەمی پاشایەتیدا بوو ئەوا ئاوارەکردن و دوورخستنەوە دژ بەو عێراقییانەی بەر نەفرەت کەوتبوون لەناو عێراقدا و بەشێوازێک مۆرکی ستەم و دڵڕەقیی دیکتاتۆریی پێوە دیاربوو، چونکە دوورخستنەوە یا گلدانەوە یاخۆ زیندانکردن لە "نوگرە سەلمان" (بەندیخانەیەکی بیابانیی تۆقێنەر و تەریک کەوتوو بوو لە خوارووی ڕۆئاوای عێراق بەلای سنووری سعوودیەدا) هێند جیاواز نەبوو لە دوورخستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بگرە ڕەنگە دڵڕەقانەتر و بەئازارتر بوو و هێشتا یادەوەریی هەزاران عێراقیی زیندوو یادگاری پڕ لە خەمباری و بەسوێی لەسەر ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دوورخستنەوە بۆ بیابانی وشکوبرینگ و دوورەدەستی (لە باشووری ڕۆئاوای عێراق) هێشتووەتەوە.

هەرچی ئەو عێراقییانە بوون کە بەئیرادەی خۆیان دەیانتوانی لەو ڕۆژانەدا بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان هەڵبێن، یاخۆ بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن، ئەوا بەپێی بارودۆخی هەر یەکێکیان دابەش دەبوون، هەبوو بۆ سووریا ڕای کرد وەکو ئەوەی بەسەر هەندێک لە نەتەوەخوازەکاندا هات، بەشێکیشیان بۆ سعوودیە وەک ئەوەی بەسەر ڕەشید عالی گەیلانیی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا هات، دوای سەرنەگرتنی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩١٤ دژ بەپاشایەتی، ئەوە بوو لە سەرەتادا بەرەو بەرلین هەڵات، دوای ڕووخانی ڕێژیمی نازییش، لە سعوودیە داوای پەناهەندەیی سیاسی کرد و لەوێ ژیا، ئەوانی تریش بۆ ڕووسیا و هەندێک لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان هەڵاتن، وەک ئەوەی بەسەر مەلا مستەفای بارزانی و لایەنگرانیدا هات، هەروەها لەگەڵ ئەوانی تریشدا لە کۆمۆنیستەکان، لەوانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە داوا کرابوون.

بەڵام لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و سەرەتای سەردەمی کودەتا سەربازییەکان، ئەو هەڵاتوو و دوورخراو و کۆچ پێکراوە عێراقییانە گەڕانەوە، تاکو ڕاکردووی نوێی عێراقی لە لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایەتی شوێنیان بگرنەوە، کە بەسەردەمی لەناوچوو ناو دەبرا، هەرچی دواکەوتووانیان بوون بەهەتیوەکانی سەردەمی لەناوچوو یان هەتیوەکانی نووری سەعیدیان ناو دەبردن، شەپۆلێک لە کۆچ پێکردنی نوێ دەستی پێ کردەوە، لێ شەپۆلی نوێی کۆچکردن دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بەقەبارە و بەژمارە زۆر فراوانتر بووە، چەندێکیش شەپۆلێک لە هەڵهاتووە عێراقییە کۆچکردووەکان لە سۆنگەی چەوسانەوەی سیاسی گەڕانەوە، ئەو شەپۆلەی شوێنی دەگرێتەوە لە ڕاکردووە کۆچکردووەکان مەزنتر و فراوانترە، بەتایبەت لەگەڵ بەردەوامیی کودەتا سەربازییەکان و گۆڕینی ململانێی سیاسی لە نێوان عێراقییەکاندا بۆ چالاکی لە هاڕین و لەناودان و بەپەند بردن و تۆڵەی خوێناوی، تا وای لێ هات ئەو شەپۆلەی ئاوارە سیاسییەکان ببێتە شەپۆلێکی ملیۆنی، واتا بەملیۆنان بژمێررێن...

بەم شێوەیە میللەتی عێراق خۆی لە بەرابەر شەپۆلەکانی کۆچی بەکۆمەڵی زۆرەملێی یەک لە دوای یەکدا بینییەوە، کەچی ئەوەی مایەی خەمە ئەم شەپۆلانە نەوەستان و هێور نەبوونەوە و دەنگێکی ڕاستگۆیانە لە فەرمانڕەوایەکی سەرکەوتووەوە بەرز نەبووەوە بانگەشەی لێبووردن و لێبووردەیی و ئاشتەوایی ڕاستەقینە بۆ وەستاندنیان بکا، بەمە ئەو شەپۆلی کۆچی زۆرەملێیانە یەک لە دوای یەک و دوو سەرە بوونە، واتا چەندێک کۆمەڵێک لە کۆچکردووەکان لە دەرەوە بەهۆی کوودەتا یا گۆڕانێک لە ڕێژیمە سیاسییەکەدا ڕووی دابێ و گەڕابێتنەوە، لە بەرابەردا شەپۆلێکی ئەڵتەرناتیڤ لە ترسی ڕێژیمە تازەکە دەرچووە...

تا ئێستاش ئەم کارە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامیی هەیە، ڕەنگە ئەمە خراپترین شت بێ یەکەتیی نیشتمانیی هەر گەلێک لە گەلەکان دەرگیری بووبن.

هەڵبەت ململانێی سیاسی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکاندا لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و دوای ئەوەش لە سۆنگەی کرانەوەی دەرگەی کوودەتا سەربازییە یەک لە دوای یەکەکان مۆرکی بەپەندبردنی خوێناویی تۆڵەسێنەرەوەی وەرگرتووە، ئەوا گشت ئەو توێژە سیاسییە عێراقییە دەسەڵات

بەدەستانەی تووشی تێکشکان دێن، لایەنگرەکانیشیان دەرگیری سێ جۆر کۆتایی چارەنووسساز دێن:

(کوشتن یا زیندان، یانیش هەڵهاتن و کۆچ).

بەم ئاوایە عێراقییەکان لە خوولانەوەیەکی بێ وەستاندا لە نێوان کوژراو و زیندان و ڕاکردوو و کۆچبەر دابەش دەکرێن...!

هەرچی کۆچی دەیان هەزاری عێراقییەکانە لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا، واتا لە ناو عێراقدا لەگەڵ کۆچ بۆ دەرەوە، ئەمە دوا داهێنانی ڕێژیمی بەشبەشۆکێی تایفی (المحاصصة الطائفية) و حزبیی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣یە، ڕەنگە ئەمە ئەو ڕەهەندە نوێیەی ئەو ناکۆکییە بێ، کە عێراقییەکان پێشتر لە ساڵ و دەیەکانی ڕابردوودا لە عێراق لەسەری ڕانەهاتبن، ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی دەشێت میتۆدی تۆڵەسەندنەوەی سیاسیی خوێناوی ببێتە شیمانەی دنەدان و ڕاپەڕینی دۆخی ئاژاوەگێڕی و یەکتر نەویستنی تایفی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، بگرە لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر لە جیهاندا، ئەو دۆخەی لە سنووری ماقووڵدا سەقامگیر و وەستاو بوو.

## خێرایی لە گۆڕانی هەڵوێست و مگێز و باوەڕکردن لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا

لە سیماکانی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا گۆڕانی کتوپڕە لە هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی و گۆڕانکارییە لە مگێز (مزاج) و باوەڕکردن بەشێوەیەکی سەیر و بێ پێشەکی، دەتوانین لە زۆر کاتدا تێبینیی ئەوە بکەین گۆڕانکاریی خێرا لە هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی و قانع بوون و بیروباوەڕی لە ئاست زۆرێک لە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەییەکاندا ڕوو دەدات، دووریش نییە ئەمە کارێکی ناسراو و باو بێت لە ڕەوشتی زۆرێک لە مرۆڤەکاندا، لێ ئەوی تاکی عێراقی لەم گۆڕانکارییانە جیا دەکاتەوە، بەکتوپڕی و بەمگێزێکی توندی خێرا و ناکۆکی دەناسرێتەوە، لە هەردوو دۆخەکەدا واتا بەر لە گۆڕینی هەڵوێستی، یاخۆ دوای ئەوە گەرموگوڕی و زیادەڕۆیی ئەو ڕەوشتەیە، کە هەڵسوکەوتی ئاراستە دەکات لە بەرابەر ئەو بابەتانەدا.

بەڵگەکانی ئەم بابەتە لە گشت لایەکەوە ئابڵووقەمان دەدەن، بەسەدان نموونە و ڕووداوی سیاسی و ناسیاسی هەن، نیشانەی بوونی ئەم جیاکارییە ڕەوشتییەن، کە هۆیەک بوون بۆ ڕوودانی ژمارەیەک پارادۆکسی مێژوویی کارەساتبار لە کۆن و نوێدا.

ڕەنگە توێژەر زەحمەتییەکی زۆر ببینێ لە ڕاڤەکردنی خێراییی وەرچەرخان و گۆڕینی متمانە لای تاکی عێراقی و گواستنەوەی لە هەڵوێست وەرگرتن لە نێوان کارێک و دژەکەیدا و ملکەچکردنی بۆ گۆڕانکارییەکان، کە دەشێت لە وڵاتدا ڕوو بدەن، بەتایبەت لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی و پایەی دەوڵەتدا، هەروەها لەگەڵدابوونی پڕ لە جۆشوخرۆشی بۆ هەر گۆڕانێکی سیاسی لە وڵاتدا ڕوو بدات و حەزی بەپەلەی لە ڕیزگرتن لەگەڵ ئەو توێژەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەپێچەوانەی

ئەوەی لای تاکی عێراقی و میللەتی عێراقدا باو و ناسراوە، بەشێوەیەکی گشتی لە دەرەوەی وڵاتدا و بەپێچەوانەی ئەوەی تاکی عێراقی پێی دەناسرێتەوە، لە جێگیری و قایمی و بڕواداری.

ئەو توێژە عێراقییەی لایەنگری عوسمانییەکان بوون و هاوکارییان دەکردن و لە پێشکێشکردنی گوێڕایەڵی پێشبڕکێیان دەکرد، ژمارەیان لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراقدا کەم نەبوو و نامۆ یا گۆشەگیر نەبوون، یاخۆ بەدرێژایی حوکمی عوسمانی لە عێراقدا پەراوێز خرابن، هەینێ عوسمانییەکان لە بەرابەر ئینگلیزدا تێک شکان، عێراقییەکان لە دژیان هەڵگەڕانەوە و لە هەر شار و لە هەر شەڕێک لە عێراقدا ڕووی دا پشتگیریی ئینگلیزە سەرکەوتووەکانیان کرد.

هەروەها زیادەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراقدا (ئەگەر ئەو عێراقییە بێ لایەنانەشیان بخەینە پاڵ کە دژ بەڕێژیم نەبوون) زۆربەی زۆری نێوەندەکەیان لە میللەتی عێراق پێک دەهێنا، وێڕای ئەو هاوسۆزییەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ڕیزەکانی ڕووناکبیرانی شاردا بەدەستیان هێنا، لێ ئەم زۆرینەیەی سەر بەڕێژیمی پاشایەتی بەخێرایییەکی لە ڕادەبەدەر بوونە زۆرینەی دژ بەپاشایەتی و بەشەوق بوون بۆ ئەو شۆڕشە سەربازییەی ڕێژیمی پاشایەتییان هاڕی و بوونە زۆرینەی قاسمی و پشتگیریی عەبدولکەریم قاسمی پێشەوای بزاڤی سەربازییان کرد، کە پاشایەتیی ڕووخاند و هوتافیان بۆ کێشا، پاشان بەشێلگیرییەوە بوونە زۆرینەی لایەنگری کۆمۆنیستەکان، تا وای دیار دەدا وەک ئەوەی سەرتاپای میللەتی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٢ بووبنە کۆمۆنیست، پاشان هێندەی نەبرد ئەم زۆرینەیە گۆڕان بەدوژمنی کۆمۆنیستەکان و پشتگیریی بەئاشکرایان بەبەعسییەکان و نەتەوەخوازەکان دا، بەوانەی لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا سەرکەوتن و ساڵی ١٩٦٣ و دوای ئەوەش بێبەزەییانە کۆمۆنیستەکانیان تێکشکاند، پاش ئەوە ئەو زۆرینە ئاشکرایە گۆڕا بەزۆرینەی نەتەوەپەرستی ناسری، پاش لابردنی بەعسییەکان لە دەسەڵات بەدەستی عەبدولسەلام عارفی نەتەوەپەرستی ناسری، ئینجا زۆربەی بەرچاوی گەلی عێراق گەڕانەوە تا ئەم جاریان ببنە بەعسی (سەدامی)، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨دا جارێکی تر بەعسییەکان دەسەڵات و حوکمیان گرتەوە دەست و ئەم زۆربەیە پشتگیریی بەعسییەکانیان کرد و بەشێلگیرییەکی لە ڕادەبەدەر ملکەچیی خۆیان

ڕاگەیاند، بەشێوەیەک وەک ئەوەی هەموو عێراقییەکان بەعسی بن، هوتاف بۆ بەعس و سەدام حوسێن دەکێشن و بەئاشکرا و بەشێوەیەکی بەرچاو پێشبڕکێیانە بۆ پێشکێشکردنی گوێڕایەڵی و قوربانی و خۆشەویستی و متمانە بۆ سەرۆکی بەعس، بەفەرمی و فیعلی دەچنە ناو ئەو حزبی بەعسەی سەدام حوسێن پێشڕەوی دەکات، وای لێ هات بەهەزاران عێراقی بەنووسینی ڕاپۆرتی نهێنی ملی یەکترییان دەشکاند، ئەمەش لە پرۆسەی بەربەرەکانێ و پێشبڕکێیەکی گەرمدا، تا لە ڕێژیم و حزبی دەسەڵاتدار نێزیک ببنەوە، شانازیی بەو ڕێپێوانە ملیۆنییەوە دەکرد، کە پشتگیریيان لەم دەکرد و هوتافیان بۆ دەکێشا..

لە وەرچەرخانێکی خێرادا کە مایەی سەرسوڕمانە، ئەو زۆرینەیە دەتوێنەوە و ئەو کۆمەڵە گەورەیە پەرش و بڵاو دەبێتەوە..

لەگەڵ تۆپبارانی ئەمەریکاییەکان و نزیکبوونەوەی کشانی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر زەوی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەو بەملیۆنان لایەنگرە شێلگیرانە دەستیان کرد بەدوورکەوتنەوە لە فەرماندەکان و لە حزبی دەسەڵاتدار و لە حکوومەت، وای لێ هات ژمارەکەی سات لە دوای سات کەم دەبووەوە، تا بەغدا بووە تاق و تەنیا و نامۆ کەس بەرگریی لێ نەدەکرد.

کارەکە بەمەندەوە نەوەستا، بگرە ئەو زۆرینە ملیۆنییە چەپڵەلێدەرە بۆ بەعس گۆڕا بۆ زۆرینەی نەیاری بەعس و سەدام و بەهەزارانیان خواستی ئاینی و ئیسلامییان بەدەرخست و ڕیش هێشتنەوە بەڕوخساری هەزاران عێراقییەوە بەدەرکەوت، لە نێویاندا خەڵکانێکی بێ شوماری ڕەفیقە بەعسییەکان لەوانەی هەر زوو پێوەندییان بەفرقە و لقە حزبییەکانیانەوە بڕی بوونە دوژمنی سەرسەختی ڕەفیقەکانی دوێنێیان...

وای لێ هات بەسەدان لەوانە بەهەزاران چیرۆکی پڕ لە درۆ و دەلەسە و خەیاڵییان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە لەبارەی بەرهەڵستیکردنیانەوە لە بەرابەر حوکمی سەدام و حزبی بەعسدا، بەڕادەیەک وایان لە ژمارەیەکی زۆر لە موجاهید و خەباتگێڕە سیاسییە ئیسلامی و نا ئیسلامییەکان کرد، لە وانەی بەکردەوە ڕووبەڕووی ڕێژیم وەستانەوە و ساڵەهای ساڵ بەرەنگاری بوونەوە، لەناو ئەم دەریا بەیەکداچووە تژییە لە هەلپەرستی بەبێدەنگی لە بەرابەریاندا بووەستن و دەم داچەقێنن...

ئەو شـێـوازە لـە هەڵگەڕانـەوە و بادانەوەیە لە لایەنگری دەشـێت لە زۆرێک لە وڵاتانی جـیـهـان و لە ریزی زۆربەی گـەلاندا ڕوو بدا، چونکە سـامـان و حـوکم و دەسەڵات وشەیێلێکن کاریگەریی جادوویی گەورەیان بەسەر خەڵکەوە هـەن و هێزی کێشکردنی سـامناکـیان بەبان هەڵوێسـتی مرۆڤـەکان و لایەنگری و بڕوابوون و تەمـاعـیـان لە زۆرێک لە وڵاتانی جـیـهـاندا هەن، هەروەها نێزیکەی لە سـەرجـەم قۆناخەکانی مێژوودا، لێ ئەوی لە عێراقدا ڕووی دا و ڕوو دەدا خەریکە لە خێرایی و توندی و هێزی ڕەنگ گۆڕیندا چەشنی نەبێ.

لەبەر ئەو زۆر لێکچوونە لە کارەسـات و ڕووداوەکاندا لەوەی لە ساڵی ١٩١٧دا لە داگـیـرکـردنی بەغـدادا لەسـەر دەسـتـی ئینگلیـز ڕوویان دا، هەروەها ئەوی لە داگیرکردنیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ی ز دا لەسەر دەستی ئەمریکاییەکان ڕوویان دا، بۆ ئەوەی هـەلی تەمـاشـاکـردن و بەراورد لەسـەر ئەو وێنە دووبارە کـراوەی هـەیە بەخوێنەر بدەین، لە ڕەوشتی تاکی عێراقی و ڕۆڵیان لە تالان و بڕۆ و ئاگربەردان و وێرانکردنی شـوێنە گـشـتـیـیـەکـان و کـاولکردنی دامـەزراوەکـانی دەوڵەت و فـەرمـانگەکـانی و هەڵگەڕانەوەی دەمـودەست لـە هەڵوێسـتـەکـانی دڵسـۆزی و دوژمنکاری.

ئێمە چەند دەقێک لە کتێبەکەی عەلی ئەلوەردی (لمحات اجتماعیە من تاریخ العـراق الحـدیث) بەشـی چوارەم وەردەگـرین، کـە تێـیـدا زۆر بەوردی هەندێک وردەکـاریی ڕۆژانـە و ئەو ڕووداوانەی لە کـاتی داگـیـرکـردنی بەغـدادا بەدەست ئینگلیزەکـان بەفـەرمـاندەیی جەنەراڵ مـۆد لە ١٩١٧/٣/١٠دا ڕوویان دا، کـەچی بەغدا بەدەسـتی ئەمـەریکاییـەکان لـە ٢٠٠٣/٤/٩دا واتا دوای (٨٥) سـاڵ داگیر کـرا، لە خـوێنەر دەخـوازین سـەرنج بداتە نزیکیی ئەو دوو مـێـژووە، چونکە لە دەسـتنیشـانکردنی ساڵدا تەنیا مـانگێکیان نێوانە، لێرەدا بەپێویستی نازانین ئەو بوویەرانەی لـە بەغدا و شـارەکـانی عێراقـدا لە سـاڵی ٢٠٠٣دا ڕوویان دا بخـەینە ڕوو، چونکە هەمـووان دەزانین و هێشتـانەکی ئەوان زیندوون و لە یادەوەریدا مـاون و هەر کەس دەتوانێ ئەوی لە نێوان هەردوو داگیرکردنەکەدا ڕووی دا بەراور بکا.

دوکـــتـــۆر عـــەلی ئەلوەردی دەڵێت "ڕۆژی ١٠ی ئادار (مـــەبەســـتـی ١٠/ئادار/١٩١٧یە) تابڵێی ڕۆژێکی شـووم بوو بەسـەر بەغداوە، لە سـەعـات نۆی سـەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەدا ڕەشـەبایەکی پڕ لە تۆز و خـۆڵ لە باشـوورەوە هەڵی کرد

سـات دوای سات توندتر دەبوو... لە هەمـان کاتدا پێشـەنگی هێزەکانی ئینگلیـز لە هەردوو لاوە ئابڵـووقـەی بەغـدایـان دەدا، لە لای ڕۆهەڵاتەوە گـەیشــتنە نزیک تەل محەمەد و لەلای ڕۆئاواشەوە دەورووبەری ام الطبول".[١٣]

لە دوای ئەمـە دەســەڵاتدارانی تورک بڕیاری چۆڵکردن و کشـانەوەیان لـە بەغدا دا. هەروەها دوکتـۆر ئەلوەردی دەبێژێ "زیندانییەکان لەو شـەوەدا هەلیان بەدەست هێنا و هەر هێندەی کشانەوەی حکوومەتیـان بیست خـێرا خۆیان گەیاندە دەرگەی گـرتیگەکـانیـان و تێکیـان شـکاند، پاشـان بەرەو بازاڕ و خـان و دووکـانی جـوو و کرسـتیـانەکـان ملیـان نا و قـفڵـەکانیـان شکاندن و کەوتنە تالانی و ڕاووڕووت و وێرانکاری، هەروەها ئاژاوەگێڕانی شار و دەورووبـەرەکەیشی دایانە پاڵیـان و بەمە سنووری تالان و برۆ سات دوای سات لە فراوانبوونەوەدا بوو".[١٤]

بۆ تـەواوکـردنـی ئەو دەقــە ئـەلوەردی دەڵـێ "ئاگــر لـە هەندێک خــان و بازاڕدا کەوتەوە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە بوو چەند تالانکەرێک لە کاتی تالان و برۆکەدا بـۆ ڕووناککردنەوە کــاغــەز و پـەڕۆیان ئاگــر دا و پاشــان بـێ ئـەوەی گــوێ بەکوژاندنەوەی بدەن فڕێیان دا، سەرەنجام ئاگر گەیشـتە کوتاڵ و شتوومەکەکان و پەی دەر پەی فراوان بووەوە".[١٥]

هەروەها دەبێژێ "بەدرێژاییی شـەو تالان و برۆ بەردەوامی هەبوو، سـەرلەبەیانی کـارەکـە ئاڵۆز بوو و سنووری گـەورەتر بووەوە، نەخـوازە دوای ئەوەی ڕەشــەباکـە دامـرکـایـەوە و وای لێ هات زۆرێک لە منداڵ و مێـردمنداڵانیش خـۆیـان گـەیاندێ و بەشـدارییـان تێدا کرد، هـنداوی دەڵێ ژمـارەیەکی زۆری تفـەنگی ئەڵمـانی و تورکی بینیــون بـەدەست منداڵ و هەرزەکـارانـەوە و خــانووەکــانی حکوومــەتیش وەکـو خواردنێک بـوون بۆ ئاژاوەگێڕان و بەئارەزووی خـۆیان جرتوفرتیان تێدا دەکردن و کورسـی و مـێز و ڕەفیـان تێدا نەمان، تەنانەت کاغەز و فایلەکانیان دڕاندن و پرش و بڵاویـان کـردنەوە، ئـینجــا دەرگـە و پـەنجـەرەکــانیــان شـکاندن، تـا تەخــتــە و ئاسنەکـانیـان دەربهێـنن، هەروەها ئاژاوەگـێڕان هەمـان شـتـیان بـەدووکانەکـانی

١٣. د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٤، ص٣٢٥، دار كوفان للنشر، لندن.

١٤. هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٩

١٥. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

کتێبفرۆش و پەڕاوفرۆشانی بازاڕی سەرای کرد...".[16]

هەروەها ئەلوەردی دەڵێ "لە ئێـوارەی ١٠ی ئاداردا بەلەمـێکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی گەیشتە یەکێک لە کەنارەکانی کازمیە، قایمقام ویستی بۆ گواستنەوەی بەلەمەکە بۆ وێستگەی شەمەندەفەر پشت بەخەڵکی کازمییە ببەستێ، حاجی هادی خۆجەی بانگکەر دەرچوو و لە بازاڕەکاندا بەناوی پاراستن و ئیسلامەوە داوای لە خەڵکەکە دەکرد، تا بێن بۆ یارمەتیی حکوومەت بۆ گواستنەوەی چەکەکان بۆ وێستگەکە: خەڵکینە ئەمە ئەو وڵاتەیە کە پێی گەیاندن، ئێستا کەوتووەتە تەنگانەوە و ئێوەش کەسانی خودان تەقەلا و پارێزگارین. هێندەی نەبرد هەر کە خەڵکەکە گوێیان لەو بانگەوازە کاریگەرە بوو، بلەز دووکانەکانیان داخست و لەبری ئەوەی بڕۆن یاریدەی حکوومەت بدەن، چوونەوە ماڵەکانی خۆیان".[17]

ئەلوەردی درێژەی دەداتێ و دەبێژێ "هەر هێندەی گزنگی دا ئاژاوەگێڕان لە ماڵەکانیانەوە بەدەرکەوتن و چوون بۆ لێواری رووبارەکە بۆ تاڵانکردنی ئەو بەلەمەی لەوێ لەنگەری گرتبوو، لە تاڵانکردنیدا ئافرەت و منداڵ بەشدارییان کرد... دوای ئەوە ئاژاوەگێڕان ڕژانە سەرای و قوتابخانەی ئەمیریی تەنیشتییەوە، چی تێدا بوو لە کەلوپەل بردیان و دەرگە و پەنجەرەکانیان لە بێخەوە دەرهێنان و چی کاغەز و بەڵگەنامەی فەرمانگەکان هەبوون پرش و بڵاویان کردنەوە".[18]

ئێمەش دەڵێین: ئەو بانگکەرەی داوای لە عێراقییەکان کرد پشتگیریی دەوڵەت بکەن لەو بەڵایەی تێی کەوتووە، نەیدەزانی عێراقییەکان ڕقیان لە دەوڵەت و حکوومەتە (چ دەوڵەت و چ حکوومەتێک) و نایانەوێ یارمەتیی بدەن، یاخۆ بەرگری لێ بکەن، بەتایبەت لە ساتەکانی لاوازی و شڵەژانیدا لە ماوەی چەندان سەدەدا، لە سۆنگەی ئەو ماڵوێرانی و کارەساتە یەک لە دوای یەکانەی بەسەریاندا هاتوونە و ڕق لێبوونەوەش لە دەوڵەت و حکوومەت چووەتە خوێن و ڕوح و ئاکاریانەوە".[19]

بەڵگەشمان بۆ ڕاستیی ئەوەی دەیڵێین، ئەو هەڵوێست و رووداوانەی لە ساڵی

١٦. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.

١٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٣٠.

١٨. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣١.

١٩. توێژینەوەیەکی درێژمان لەم بارەیەوە لە کتێبی (الدكتاتورية في العقل العراقي – دیکتاتۆریزم لە ئاوەزی عێراقیدا)دا هەیە.

١٩١٧دا روویان دا، عـێـراقـیـیـەکـان بـەتاڵان و برۆ و ئاگـر بەردان و کـاولکردنی فـەرمـانگەکـانـی دەوڵەت و تاڵانکردنی ئەوی تێیـان دایە و لـەناوبردنی دیکۆمـێنت و دڕاندنی فـایلەکان جێیـان کردەوە، دووریش نییـە پاشان پتر لە جارێک و بەهەمـان شـێـوە لە عـێراقـدا ڕوو بداتـەوە، لەو ڕووداوانە لە (فـەرهوودەکـەی بەغـدا) سـاڵی ١٩٤١دا دووبارە بووەوە، کەمـێکیشی لە سـاڵی ١٩٥٨دا لە ڕووخـانی پاشـایەتیدا روویان دا، ئەگەر بەیاننامە یەکلاکەرەوەکانی سوپا نەبوونایا، کە لە ئیستگەوە بڵاو بوونەوە و کـۆنتـرۆڵی تەواوی ڕەوشـەکـەیان کـرد، ئەمـەش لـە ڕاپەڕینی شـەعبـانیی سـاڵی ١٩٩١دا دووبارە بووەوە، کـە ئەو کـات ڕێژیم و داروودەسـتـەکەی بەغـەوغـایان ناو دەبرد، بەڵام کۆتاییی پانۆرامـای گـەورەی ڕق و تاڵان و برۆ و ئاگر تێبـەردان و وێرانـکردنـی دەزگـەکـانـی دەوڵەت لە سـاڵی ٢٠٠٣دا ڕووی دا، لـێ لە بری ئەوەی پرۆسـەی تاڵان و برۆ و سووتـاندن ڕوو لە دووکانی جـوولەکـە و کرسـتیانەکان بکا، وەک چۆن لـە سـاڵی ١٩١٧دا ڕووی دا، بەپێی ئەو تێکسـتـانـەی عـەلی ئـەلوەردی ناویان دەبات و ئێمەش لەوەوە وەرمان گرت، پـرۆسـەی تاڵان و برۆ و ئاگر تێبەردان لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەم جار ڕووە و ماڵە بەعسی و بارەگاکانیان بوو...

بەم ئاوایە لایەن و توێژە ئامـانجدار و تاڵانکراوەکان هەمـەچەشن دەبن، بەڵام ڕق و کینەی عێراقییەکان دژ بەدەوڵەت و حکوومـەت و پیـاوەکانی یەکە و ناگۆڕێ... ئێـسـتـاش، هـەر کـات حکوومـەت و دەسـەڵاتی ناوەند لاواز بـێ و نیـشـانەکـانی ڕووخـانی بۆ عێراقییەکان دەرکەوێ، خـواسـتی دوژمنکاری و ڕق و توورەیی لایان (بەهۆ و بێ هۆ) بـەخـێرایییـەکی شـێتـانـە دژ بەپیـاوانی حـوکم و دەوڵەتی ڕووخـاو کڵپە دەسێنێ.

ئەگـەر یەکێک بیـەوێ ئەو خـۆنیـشـاندانە گـەورانەی لە ٨ی شـوباتی ١٩٦٨دا لە بەغدا بۆ بەرگری لە حکوومـەت و ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم کـران وەکو نموونەی ناکـۆک بـەوانەی باسـمـان کـردن بهـێنێتـەوە، ئەوا دەڵێین: ئەو خـۆنیـشـاندانانە بەفـەرمـانی حـزبی شیـوعیی عـێراقی دەرچوون و زۆربەی زۆری خـۆنیـشـاندەران حـزبیی شیوعی بوون و ئامـانجی سـەرەکییـان بەرگریکردن لە خۆ و حـزبەکەیان و ژیانیـان بوو لەو قـڕکردنە مـەزەندەکراوەی دوایی، نەک بـەرگـریی ڕووت لە دەوڵەت و حکوومەتی عێراقی، چونکە ئەگەر ئەو کات قسـەت لەگەڵ هـەر یەک لەو کۆمۆنیستە خۆنیشـاندەرانە بکردایا، کە لەو ڕۆژە خوێناوییـەدا خـۆیان خسـتـە مـەترسـییـەوە

جوێنی بەو حکوومەتە دەدا، کە بەرگرییان لێ دەکرد و ناوی زۆرێک لە وەزیران و بەرپرسانی بەشداری دەژمارد، لەوانەی بەکۆنەپەرست و بەکرێگیراو و دەرەبەگ و پیلانگێڕی وەسف دەکردن، بۆیە تەنانەت لەم دۆخەشدا بەرگری لە حکوومەتێک دەکات بەتەواوی لێی ڕازی نییە، لێ بەرگرییە حەتمییەکەی بەپلەی یەکەم لە حزب و لە هەندێک لە کۆمۆنیستە سەرکردە گەورەکانی ناو دەسەڵات و حکوومەت بوو..

ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر نیشانەکانی ناکۆکی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا، ئەوا دەتوانین ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان، کە دەسەڵاتی نوێ ئەوی لە ٨/شوبات/١٩٦٣دا کۆمۆنیستەکان و عەبدولکەریم قاسمی هاڕی و بەرەنگاری خۆنیشاندانەکان بووەوە، خۆنیشاندانێکی بۆ لایەنگریی خۆی بەڕێوە برد بەملیۆن بەشداربووی عێراقی دەخەملێنرا (ئەم خۆنیشاندانە بووە و نووسراوەتەوە و لە تەلەفزیۆنیش وێنەی گیراوە) ئەمەش بەبۆنەی تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر سەرکەوتنیدا بەسەر حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم و تێکشکانی کۆمۆنیستەکاندا، هەڵبەت ئەوانەی لەو خۆنیشاندانە ملیۆنییەی بۆ پشتگیریی دەسەڵاتی تازە بەڕێوە چوو بەشدار بوون عێراقی بوون و لە وڵاتێکی ترەوە نەهاتبوون!

بەگشتی ئەم دیاردە ئاکارییانە کە بەخێرایی لە هەڵگەڕانەوە لە دڵسۆزی و گۆڕانی توند لە هەڵوێست لای تاکی عێراقی دەناسرێنەوە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندە بەخولیای ناکۆکی لە کەسایەتییدا، ئەوی کە باسمان کرد لە دژایەتی و گواستنەوەی خێرا لە هەڵوێستی تاکی عێراقی، لە دەیەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ڕوویان دا، سەرەڕای ئەو بەراوردە یەکلاکەرەوەیەی خستمانە ڕوو لە نێوان ڕووداوە لەیەکچووەکان لە ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ١٩١٧دا و ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

بەراوردێکی ڕوونکردنەوە ئامێزە، بەدڵنیاییەوە دەلالەتی زیندووی هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە بەس نین بۆ دەرکردنی بڕیاری گشتی جەخت بکاتەوە لەسەر بوونی حەزی ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا.

لەبەر ئەمە و لەپێناو دۆزینەوەی تێگەیشتنێکی تەواو و قەناعەتی سەد لە سەد لای خوێنەر لەبارەی بوونی ئەم خولیایە لە دژایەتی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا، پێویستە بەخستنەڕووی یەک لە دوای یەکی ژمارەیەک ڕووداو و بەڵگەی دروستی وەرگیراو لە مێژووی عێراقی دوور و نێزیک و هاوچەرخ لە گشت بوارەکاندا دەست

پێ بکەین، بۆ فریاکەوتنی پێداویستییەکانی سەلماندنی بوونی ئەم دیاردەیە، مەبەستیشمان دیاردەی ناکۆکی لە ڕەوشتی تاکی عێراقییە، کە هۆیەک بوو بۆ ڕوودانی ژمارەیەک لە پارادۆکسی مێژوویی پڕ لە کارەساتی کۆن و نوێ، بۆیە ناچارین ئەم ڕووداو و کارەساتانە بخەینە بەرچاو:

## کودەتای خەڵکی بەسرە بەسەر بەڵێندان بەئیمام عەلی و دووبارە گەڕانەوەیان

لە بەڵگەکانی سیفەتی هەڵگەڕانەوە و دژایەتی لە کەسێتیی عێراقیدا دەتوانین هەڵوێستی خەڵکی بەسرە و کودەتاکەیان دژ بەئیمام عەلیی ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) و چوارەمین خەلیفەی ڕاشدین لە شەڕی جەمەلدا و دژ وەستانەوەیان بەبەیعەتدانی بهێنینەوە، دوای ئەوەی بەڵێن و پەیمانیان پێ دابوو، پاشان گەڕانەوەیان لە بەیعەت پێدانی و دواییش جارێکی تر پشتگیریکردنی پاش ئەوەی شەڕەکەیان دۆڕاند کاتێک ئەو حوشترەیان کوشت، کە عایشەی ژنی پێغەمبەر سواری بووبوو، ئەو حوشترەش هێمای یەکەتیی دواکەوتووانی بوو، ئەوانەی نەیاری ئیمام عەلی بوون، کاتێک حوشترەکە کوژرا لایەنگرانی عایشە هەڵاتن و شەڕەکەیان دۆڕاند، ئیدی سەرکەوتنی ئیمام عەلی یەکلا بووەوە.

مێژوو گوتارێکی سەرسوڕهێنی ئیمام عەلیی پاراستووە، تێیدا سەرزەنشتی خەڵکی بەسرە دەکات و بەتوندی سەرکۆنەیان دەکات و بێزارییەکەی لە ناکۆکیی ئاکار و هەڵوێستیان دەردەکەوێ و بەدزێوترین شێوەی خراپ وەسفیان دەکات، وا لێرەدا کۆپلەیەک لەو گوتارە دەهێنینەوە: "کنتم جند المراة،[٢٠] واتباع البهیمة،[٢١] رغا فاجبتم، وعقر فهربتم، اخلاقكم دقاق، وعهدكم شقاق،[٢٢] ودینكم نفاق".[٢٣]

٢٠. کنتم جند المراة: مەبەست عایشەی کچی ئەبوبەکرە.

٢١. اتباع البهیمة: واتا دووکەوتووانی ئەو حوشترەی عایشە سواری بووبوو، حوشترەکە لە پایەی ئاڵای لەشکر بوو و بەدەوریدا دەجەنگان، هەینێ حوشترەکەیان کوشت خەڵکی بەسرە تێکشکان و شەڕەکە دوایی هات..

٢٢. عهدكم شقاق: واتا خاوەن بەڵێنی خۆتان نین و پەیمانتان پەیمانی دوژمنکاری و ناتەباییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دژوەستانەوەیان بۆ بەیعەکە و ڕەوشتی ناکۆکیان.

٢٣. دەقەکە لە کتێبی نهج البلاغە، ل٣٨، دار المرتضی – بەیرووت، وەرگیراوە.

گوتار و تێکستی زۆری تر هەن تێیاندا بەتوندی سەرزەنشتی خەڵکی کووفە و عێراقییەکان بەگشتی دەکەن.

لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە لە ئاکاری ناکۆکی کەسێتیی عێراقیدا دەتوانین دەرک بەهۆیەکانی ناتەبایی نیمچە هەمیشەیی بکەین، کە لە نێوان ئیمام عەلیی خەلیفە و ڕابەری پێوەست بەپراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی ئیسلام لە بەرزترین ئاستدا و بەتەنگەوەهاتن و ڕاستگۆیی و ڕاستڕۆیی نموونەیی و سووربوون لە پرەنسیپ و ڕەوشتدا و لە نێوان زۆربەی خەڵکی عێراق و لە نێویاندا دارودەستە و پیاوەکانی و دواکەوتووانی لە شیعەی عێراق، ئەوانەی لەگەڵیدا وەستان و پشتگیرییان کرد و شان بەشانی جەنگان، لێ سەرکەوتوو نەبوون لە هاوشانیی لە پراکتیزەکردنی ڕێبازە ئاکارییە یەکلاییکەرەوەکەی لە سەقامگیری و دادپەروەری و ڕەوشتی نموونەیی گونجاو و هاوتا لەگەڵ بەهاکانی بیر و بڕوای ئیسلامیدا.

دوای ئەوەی دەستەوستان بوو لە ڕاستکردنەوەی ئاکاری دژبەیەکیان، یاخۆ بەلای کەمەوە بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستی نزیک لە ڕێبازە پرەنسیپی و ڕەوشتییەکەوە، ناچار بوو لۆمە و سەرزەنشتیان بکا و بڕیاری دڵڕەقانەیان دەرهەق دەربکا، تەنانەت لە یەکێک لە گوتارەکانیدا ئاواتی ئەوەی خواستووە خۆزگە خەڵکی عێراقی نەبینیایا و نەیناسینایا "لوددت اني لم اركم ولم اعرفكم، معرفة والله جرت ندما واعقبت سقما، قاتلكم الله لقد شحنتم صدري غيظا وافسدتم علي رايي بالعصيان والخذلان".[٢٤]

واتا: "خۆزگە نە بتانم بینیبایا و نەیش بتانم ناسیبایا، خوا دەیزانێ لە پەشیمانیدا بەئەژنۆی خۆمدا دەکێشم و لەداختان دەغەزدار بوومە، خوا سەروپاتان لەناوبەرێ، دڵمتان لە داخ کەیل کرد و ئەوەندە سەرکێشی و پاشگەزبوونەوەتان کرد، تا لە خۆم بێزار بووم".

بەم شێوەیە ناکۆکی لە نێوان ئەو و ئەواندا گواسترایەوە بۆ شەڕێکی ڕاگەیەندراوی وا گەیشتە ڕادەی شەڕکردن بەچەک، ئەستەم بوو پێوەندیی واقیعی لە نێوان کەسێتیی ئیمام عەلیی تەواو پابەند بەتایبەتمەندیی ئاکاری نموونەیی و لە

٢٤. د. عمر فروخ، تاريخ الادب العربي، الجزء الاول، ص٣١٠.

نێوان کەسێتیی عێراقیی گرفتار بەدەست چەندان نەخۆشیی دەروونی و ئاکاری ڕاست بێتەوە، لە پێشیشیانەوە ڕەوشتی ناکۆک و وەرچەرخاو و ناسەقامگیر لە هەڵوێستدا.

## لەشکری خەڵکی عێراق بەسەرکردایەتیی ئیمام حەسەن بەر لە شەڕ هەڵدەوەشێتەوە

پاش مەرگی ئیمام عەلیی کوڕی ئەبوتالیب بەکێشانی شیرێکی ژاراوی بەسەریدا، کە یەکێک لە خەواریجەکان لە کووفە لێی دا، خەڵکەکە پەیمانیان بۆ ئیمام حەسەنی کوڕی بۆ خەلافەت نوێ کردەوە، ئیمام حەسەن بەسوپایەکی گەورەوە کە لە خەڵکی عێراق پێک هاتبوو، کەوتە ڕێ تا لە مەدائین دابەزی و قەیسی کوڕی سەعدی بەفەرماندەی لەشکرەکە دامەزراند و دوانزە هەزار شەڕوان لەژێر فەرمانیدا بوون، بەرەورووی سوپاکەی معاویە بووەوە، کە لە خەڵکی شام پێک هاتبوو.

بەر لە دەستپێکردنی شەڕ و بێ ڕوودانی پێکدادان و کوشت و کوشتار، لە ڕیزەکانی لەشکری عێراقدا دەنگۆیەکی کتوپڕ بڵاو بووەوە، جارچی گازی کرد، کە قەیسی کوڕی سەعدی فەرماندەی لەشکر کوژرا، بۆیە داوایان لێ دەکات ڕابکەن و دوور بکەونەوە. لەناو سوپاکەدا پاشاگەردانی و ئاژاوە بڵاو بووەوە و دەستیان بەهەڵهاتن کرد، دواییش ڕوویان لە بارەگای فەرماندەیی کرد، کە خۆی لە چادر و خێوەتەکانی ئیمام حەسەنی ڕابەر و پێشەنگیان دەنواند، تالانیان کرد و شتومەکەکانی ئیمام حەسەنیان فەرهوود کرد، تەنانەت ئەو بەڕەیەیان لە دەستی دەرهێنا کە لەسەری دادەنیشت، هەروەها ئیمام زامدار بوو و ئازاری زۆری چێشت.

ئەم سوپا عێراقییەی ئیمام حەسەن ڕابەرایەتی دەکرد لە سۆنگەی واتەواتی درۆوە هەڵوەشایەوە، کە بەهانە و پاساو بوو بۆ هەڵهاتن لە شەڕەکە.

هەڵبەت قەیسی کوڕی سەعدی فەرماندەش هیچی لێ نەهاتبوو و نەکوژرابوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سوپاکەی ئیمام حەسەن کە لە خەڵکی عێراق پێک هاتبوو، لەلایەنی دەروونی و ئامادەیی و مانەوەییەوە پارچە پارچە بوو و تێک شکا، تا ڕادەی نزیک بوونەوە لە ڕووخان و هەڵاتن وەک لە خۆڕاگری و شەڕکردن...

کاتێک ئیمام حەسەن لەشکرەکەیی بینی بەم شێوەیە پەرت و بڵاو بوونەتەوە و

خەڵکی عێراق بەو دۆخە شەرمهێنەوە پشتیان لێ کردووە، بڕیارە ترسناکەکەی وەرگرت، ئەویش خواستی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ معاویەدا، هەر بەفیعلییش وای کرد، نێراوێکی بۆ لای معاویە نارد و داوای ڕێککەوتنی لێ کرد، معاویەش ئەو داوایەی جێبەجێ کرد.

بۆ تۆمارکردنی ئەم ڕووداوەی خستمانە ڕوو و بەو گوزارشتکردنە باو و زمانە هاوچەرخەمانەوە بوویەرەکانیمان ڕاڤە کرد، پێمان باشە ئەوی تەبەریی مێژوونووسی جێ باوەڕ و ناوداری ئیسلام (٨٣٨ – ٩٢٣ز) لە کتێبەکەیدا (تاریخ الامم والملوك)دا سەبارەت بەو ڕووداوە هاتووە بهێنینەوە، کە دەڵێ:

"خەڵکەکە حەسەنی کوڕی عەلییان بۆ خەلیفەیی هەڵبژارد، دوای ئەوە حەسەن چووە ناو خەڵکەکە تا گەیشتە مەدائین، پێشەنگی لەشکرەکەی کە دوازدە هەزار زەلام بوو بەفەرماندەیی قەیسی کوڕی سەعد بوو، هەرچی معاویە بوو ڕووی لە شام کرد لەوێ لە مەسکین دابەزی، لە کاتێکدا حەسەن لە مەدائین بوو جارچی لەناو سەربازەکاندا جاری دا: قەیسی کوڕی سەعد کوژراوە، ئیتر کەیفی خۆتانە بڵاوەی لێ بکەن.

کابرایەل بڵاوەیان لێ کرد، بەر لە هەر شتێک پەلاماری بارگە و بارەگاخانەی حەسەنیان دا، تەنانەت بەڕەکەی ژێریشیان لە بنی دەرهێنا. حەسەن ناچار ڕووی کردە کۆشکە سپی لە مەدائین، لەوێ کاتێک کەسی بەدەورەوە نەما ناچار ڕاسپاردەی بۆ لای معاویە نارد، تا ڕێکەون.

لە وڵامدا معاویە عەبدوڵای کوڕی عامر و عەبدولڕەحمانی کوڕی شەمرەی کوڕی حەبیبی کوڕی عەبد شەمسی ناردە لای حەسەن لە مەدائین، چیی ویست دڵیان نەشکاند و لەگەڵیدا ڕێککەوتن".[٢٥]

هەڵبەت بڕیارەکەی ئیمام حەسەن سەبارەت بەئاشتەوایی ڕاست و دروست و سەد لە سەد لە جێی خۆیدا بوو، چونکە هیچ فەرماندەیەک لە مێژوودا ناتوانێ شەڕ بەلەشکرێکی ناکۆک لەناو خۆیدا و لە ئاکاریدا بکا، زوو هەڵگەڕێتەوە و قەناعەت و مگێزی دەماودەم بن، هەڵوەشاوە و لەلایەنی دەروونی و مانەوییەوە تێک شکابێ و تەنیا بیر لە تاڵان و بڕۆ و شەڕفرۆشی و یاخیبوون بکاتەوە و ڕێز لە

٢٥. تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٠٥، منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.

سەرۆکەکەی نەگرێ و پابەندی فەرمانەکانی نەبێ...

ئەو کۆژانەی ئیمام حەسەن لە عێراقدا ڕووبەڕووی بووەوە درێژەدانی دەقگرتوو و بەردەوامیی سروشتیی ئەو دۆخە بوو، کە بەر لەو ئیمام عەلی بەدەست خەڵکی عێراقی وەسف کراو بەیاخی و بەزیوەوە دەیکێشا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕەوشتی کەسێتیی عێراقی، کە ناسراوە بەناکۆکی و خێرا گۆڕاو لە مگێز و هەڵوێست گۆڕین، ئەو هۆکارە بوون وایان لە ئیمام حەسەن کرد و ناچار بوو بڕیاری ئاشتەوایی لەگەڵ معاویەدا ببەستێ...

ئەگەر بمانەوێ بەدوای قسەکانی ئیمام حەسەندا بچین لە دوای ئەو کارەساتەی لە عێراقدا ڕووبەڕووی بووەوە، پاش کۆچکردنی لە مەککە بەتووڕەیی و خەمبارییەوە، ئەوا لە گوتار و قسەکانیدا جگە لە خەم و کەسەر و ڕق و ڕای خراپ لەبارەی خەڵکی عێراقەوە تا ڕادەیەک هیچی تر نابینین، کە بەبارگاوی بەڕق و بڕیاری توند وەسفیان دەکات، لە گوتارێکیدا دوای ئەو تراجیدیایە وتی:

"ئەی خەڵکی عێراق، نرخ و بەهاتان لای من لەبەر سێ شت دابەزی: باوکتان کوشتم، زەبرتان لێ دام و شتومەکەکانمتان بەتاڵان برد".[٢٦]

ڕەنگە ماناکانی دووتوێی ئەم ڕستە کاریگەرە پڕ لە بێ ئومێدی و کارەساتە بەرچاوانە بەڕاشکاوی دەری بخات سێ هۆکار وایان کرد خەڵکی عێراق بەسووک بزانێ و قێزیان لێ بکاتەوە، کە ئەمانەن:

کوشتنی ئیمام عەلیی کوڕی ئەبوتالیبی باوکی بەدەست ئەوان و خۆیشیان دایە بەر شمشێر و زامداریان کرد و شتومەک و شتە تایبەتییەکانیان تالآن و بڕۆ کرد، لە وتەیەکیدا دەڵێ: "ئەوی من لە خەڵکی کوفەم بینی، خەڵکانێکن هەرگیز جێگەی باوەڕ نین بۆ کەس، هەر کەسێک پشتیان پێ ببەستێ بابزانێ پشتی شکاوە، کەسیان لەگەڵ کەسیاندا ساغ نین و لە هیچ کاروبارێکدا یەک ناگرنەوە. لە هەموو شتێکدا ناکۆکن، تەنانەت لە چاکە و خراپەشدا ناتوانن یەکدگیر بن. ئەوی باوکم لێیانی بینیوە سەر سپی دەکات، داخ و ئەفسووس بۆ ئەو کەسە دەخۆم، کە پاش من هەوڵی چاکبوونیان دەدا... بەکورتی لە سەرزەمینی خوا وێرانەی وا نەکەوتووەتەوە".[٢٧]

---

٢٦. الطبري، ج٤، سەرچاوەی پێشوو.

٢٧. الكامل في التاريخ لابن الاثير، ٧ج٢، ص٤٤٧، دار احياء التراث العربي، بيروت.

پەیڤـەکـانی کـارەسـاتە تاڵەکـە دەدرکـێـن ئەو کـاتی ڕووبەڕووی ئاکـاری عـێـراقـیـیـەکـان دەبێـتـەوە لە ناکـۆکی و هەڵگەڕانەوە، داخـۆ دەتوانـین شـیکردنەوەیەکی وردتر و واقـعـیتـر لەم قسـانەی ئیـمام حـەسـەندا بدۆزینەوە لە وەسفی ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا و خولیای لە دژایەتی و هەڵگەڕانەوە و گۆڕان لە هەڵوێستدا؟

ئەو سـیـفـەتە ئاکـارییـانەی خـەریکین لەم توێژینەوەیەدا بیـانخـەینە بەرچاو و ڕاڤەیان بکەین؟ دوور نییە ئەم کۆژانانە سەرجەم سیاسییە عێراقییەکان لەگەڵیدا دەست و پەنجە نەرم بکەن و ڕووبەڕووشی ببنەوە، هەر لە فـەرمـانـدە و بەرپرس و سەرۆک حزب و بارستە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستا تا ڕۆژی ئەمڕۆ.

## کودەتای خەڵکی کووفە دژ بەئیمام حوسێن

لەو ڕووداوانەی جارێکی تر بوونی خەسڵەتی ناکۆکی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا دەسەلمێننەوە، ئەو وەرچەرخانەیە کە لە هەڵوێستی عێراقییەکاندا "خەڵکی کووفە" لە بەرابەر ئیـمـام حـوسـێندا ڕووی دا، دوای ئەوەی نـامـەیان بۆ نـارد و بەڵێنی بەیعەتیان پێ دا و داوایان لێ کرد بۆ عێراق بێ، کاتێک بەدەنگ داواکەیانەوە هات و گـەیشـتـە کـووفـە، بینی هەڵوێست و پێگەیان گـۆڕاوە و لەگـەڵ سـوپـای نەیاردا ڕیزیان بەستووە و لەبری لەگەڵیدا بوەستن و پشتگیریی بکەن دژی جەنگان و لە کوشتنیدا بەشدار بوون.

ئەو نامـانەی خـەڵکی عێراق بـۆ ئیمـام حوسـێنیـان نارد، خـەیاڵ یا بەشـێک لە قسەی گریمانەی ناتەواو نەبوون، بگرە ڕاستییەکی مێژوویی دروستە و سەرچاوە مـێـژوویـیـەکـان بـەدرێژی قـسـەی لـەبارەوە دەکـەن و ناوی ئەوانەیان هێناوە کـە نامەکانیان ناردووە، لەگەڵ هەندێک لەو دەقانەی تێیاندا هاتوون.

کاتێک ئەلحەڕی کوڕی یەزیدی تمێمی لە هۆی هاتنی ئیمام حوسێنی بۆ کووفە پرسی، ئەلحەڕی فەرماندەی یەکێک لە کەتیبەکانی سوپای ئەمەوی لەگەڵ هێزێکدا گـەیشت، کـە فـەرمـانڕەوای عـێـراق عـوبەیدوڵای کـوڕی زیاد ناردی تـا ڕێ لە کاروانەکەی حوسێن بۆ چوونە ناو کووفەوە بگرێ، وەڵامی ئیمام حوسێنیش ئەوە بوو کە "خەڵکی کووفە بۆیان نووسیوە بێ ئیمامن و تۆ بۆمان هاتی و بەڵێنمان پێ

دایت و شان بەشانت جەنگاین"،[٢٨] ئەلحەریش وەڵامی دایەوە:

"ئێمە نازانین ئەم نووسراوانە چین و کێ نووسیونی، حوسێنیش دوو توورەکەی پڕ لە نووسراوی دەرکرد و خستنیە سەر دەستی و هەندێکیانی خوێندەوە".[٢٩]

بەم شێوەیە ئەو نامانەی ئیمام حوسێن لە خەڵکی عێراقەوە وەری گرتبوون زۆربوون و دوو توورەکەیان پڕ کردبوو (وەک لە گێڕانەوەکەی ئیبن کەسیردا هاتووە)، وێڕای ئەوەش ئیمام حوسێن یەکێک لەوانەی نەدۆزییەوە، کە بۆیان نووسیبوو تا لەگەڵیدا بوەستێ و پابەند بێ بەوەی بۆی نووسیبوو، پێشتر ئەو دەمی ئیمام حوسێن لە مەککە بوو چەندان جار مۆچیاری کرابوو و لە خەڵکی عێراق و لە ناکۆکییەکانیان ئاگەداریان کردبووەوە، گرینگترینیان ئەو بڕگە ناودارە بوو، کە لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەکاندا هاتووە (دڵیان لەگەڵتدایە و شمشێرەکانیشیان بەبان سەرتەوە)، داخۆ وێنەیەک لە ناکۆکی لە کەسێتیدا هەیە دڵڕەقانەتر و دزێوتر لەم وێنەیەی ئەم بڕگە کاریگەرە دەیکێشێ؟

ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بەو هۆیانە بکەین، کە وای لێ کردن ئاوا بگۆڕێن و پێچەدانەوە لە هەڵوێست و قەناعەتیان لە ئاست ئیمام حوسێندا ڕوو بدا (حەز ناکەین لێرەدا لەم بابەتە قووڵ بینەوە) دەتوانین ئەمە لە دوو هۆی سەرەکیدا دەستنیشان بکەین:

یەکەم: ترسان و ملکەچی بۆ هێزێکی زاڵ و فەرمانەکانی دەسەڵاتی فەرمی و ڕێژیمی فەرمانڕەوای فەرمی، ئەم ڕەوشتەش ڕاستیی ئەو شیکردنەوەیەی دەروونزانی لەم بارەیەوە دەیخاتە بەرچاو پشتڕاست دەکاتەوە، واتا سەردانەواندن و وەڵامدانەوەی نەرێنی لە بەرابەر ئامرازەکانی هێزی زاڵدا.

دووەم: وەڵامدانەوەی خۆهێشت (طوعی) بۆ فریودەرەکانی وەک کیسەی پڕ لە زێڕ و پارە، کە دەسەڵاتدارانی ئەمەوی بەسەر سەرۆک هۆز و خێڵ و پیاوماقووڵان و جێبەجێکارانی خەڵکی عێراقدا دابەشیان دەکرد بۆ کڕینی لایەنگرییان و مسۆگەرکردنی بێدەنگییان.

ڕەنگە بتوانین بەئاسانی ئەم دوو هۆیە لە چەندان ڕووداوی جیا جیا لە مێژووی عێراقدا بدۆزینەوە.. لەوەیشە ئەم دوو ئەگەرە زۆرێک لەو پەنهانە سەرسوڕهێنەرانە

٢٨. البداية والنهاية، ابن الكثير، ج٨، ص١٨٦، دار احياء التراث العربي.

٢٩. هەمان سەرچاوە، ل.١٨٦

له هەڵوێست و ئاکاری خەڵکی عێراق بەکۆن و نوێوە بەشێوەیەکی زانستی و واقعی بدۆزنەوە.

تەنانەت ئەو فەرماندانەی وایان زانی سەرکەوتنێکی پڕ بایەخ و گەورەیان بەسەر ئیمام حوسێن و لایەنگرانیدا بەدەست هێناوە، کاتێک سوودیان لە خەسڵەتی هەڵگەڕانەوە و بەجێنەگەیاندنی پەیمان و بەڵێن و لایەنگریی دوو لایەنە و هەڵوێست گۆڕین بینی و بەکاریان هێنان، وەکو عوبەیدوڵای کوڕی زیادی فەرماندەی لەشکری ئەمەوی لە عێراق و عومەری کوڕی سەعد و شەمەری کوڕی زی جەوشەن و ئەسبەحی و سەدانی تریش لەوانەی بەشدار بوون و کوشتارەکەی کەربەلایان بەئەنجام گەیاند، دوای ئەوەی لەسەر ئەو بڕوایە بوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە بەدەستخستنی خەڵکی عێراق و بەلای خۆدا خستنیان بەشێوەیەکی بەردەوام، پاش ئەوەی پارە و پایە و بەڵێنیان بەسەردا بەخشینەوە و وایان لێ کردن هەر بەڕاست دژ بەئیمام حوسێن هەڵگەڕێنەوە و پشت لە بەڵێن و نامە و پەیمانەکانیان بکەن، دەڵێن تەنانەت ئەمانەش بەدەر نەبوون لەوەی دەکرا خەسڵەتی بادانەوە و دووفاقی و پەیمان شکێنی و هەڵوێست گۆڕین لای خەڵکی عێراق دروستی بکەن.. چونکە چارەنووسی ئەوانە بەدبەختی و کۆتاییان خوێناوی و کارەساتبار بوو لە عێراقدا و لەسەر دەستی خەڵکی عێراق خۆیان، ئەوانەی بەردەوام بوون لە خوو و نەریتیان لە هەڵگەڕانەوە و پەیمان شکێنی و دووڕوویی لە هەڵوێستدا.. ماوەیەکی کورتی نەبرد تاکو خەڵکی عێراق بایاندایەوە و عوبەیدوڵای کوڕی زیاد و عومەری کوڕی سەعدی فەرماندەی سەربازیی سوپای ئەمەوی و شەمەری کوڕی زی جەوشەنیان کوشت و گشت ئەوانەی لە کارەساتی کەربەلادا بەشدار بوون سەریان بڕین.

باشترین بەڵگە بۆ دروستیی ئەم شیکردنەوەیە ئەو شۆکەیە کە عەبدوڵای کوڕی زوبێر تووشی هات، کاتێک پێیان ڕاگەیاند موسعەبی کوڕی زوبێری برای، کە والیی عێراق بوو عێراقییەکان لێی هەڵگەڕانەوە کوشتیان و سەریشیان بۆ عەبدولەلیکی کوڕی مەروان نارد، ئەو لە گوتارە ناودارەکەیدا گوتبووی "موسعەب چییە جگە لە بەندەیەک لە بەندەکانی خوا و یەکێکە لە دارودەستەکەم، بەڵام خەڵکی عێراق کەسانێکن خودان بەدنمەکی و دووڕوویی، ڕادەستیان کرد و بەکەمترین نرخ فرۆشتیان..."[٣٠]

---

٣٠. البداية والنهاية، ابن الكثير، ج٨، ص ٣٤٨.

## موختار ئەلسەقەفی نموونەی کەسێتیی پڕ لە ناکۆکیی عێراقییە

دیسانەوە لە نموونەکانی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا گۆڕین و بادانەوەیە لە هەڵوێستی موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی "عێراقییە و خەڵکی کووفەیە"، کە لە سەرەتادا ویستی دووزمانی لە دژی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب بکا، مۆچیاریی مامی کرد ئیمام حەسەن ڕادەستی لەشکری ئەمەوی بکا، تاکو ئەو خەڵاتە وەربگرێت کە تەرخان کرابوو بۆ ئەو کەسەی شوێنی ئیمام حەسەنیان پێ بڵێ، کە لە ماڵی مامی موختار خۆی شاردبووەوە، مامی ناوی سەعد کوڕی مەسعوود بوو و یەکێک بوو لە یاوەرانی پێغەمبەر و لەگەڵ سوپای فەتحی ئیسلامیدا بۆ عێراق هاتبوو، موختار بەسەعدی مامی گوت:

دەتەوێ دەوڵەمەندی و ئابروو بەدەست بهێنی؟

مامیشی پێی گوت: ئەوانە چۆن بەدەست دێن؟

گوتی: "حەسەن قۆڵبەست بکە و ڕادەستی معاویەی بکە.

سەعدیش پێی گوت: نەفرەتی خوات لێ بێ، چۆن پەلاماری کچەزای پێغەمبەری خوا بدەم هەڵکوتمە سەری و باڵبەستی بکەم! دەک هەواڵەی خوا بیت".[٣١]

دوای ئەوە موختار پاش کوشتنی ئیمام حوسێن هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی وەرگرت، بەنواندنی دڵسۆزیی پڕ لە زیدەڕۆیی بۆ ئال بەیت و دروشمە بەناوبانگەکەی ڕاگەیاند "ئای بۆ تۆڵە بۆ حوسێن"، ئەوە بوو هەڵی کوتایە سەریان و هەڵمەتی سەربازیی خوێناوی ئەنجام دا و سەرجەم ئەوانەی کوشتن، کە لە کارەساتەکەی کەربەلادا بەشدار بووبوون، یا دەستیان هەبوو لە کوشتنی ئیمام حوسێندا لە فەرماندە ناسراوەکانی لەشکری ئەمەوی لە عێراقدا، وەکو: عوبەیدوڵای کوڕی زیاد و شەمەری کوڕی زی جەوشەن و ئەوانی تر، سەریانی دەبڕی و بۆ محەمەدی کوڕی حەنەفیەی (برای ئیمام حوسێن) دەناردن، کە لە مەککە دادەنیشت، جیاوازیی گەورە لە نێوان هەڵوێستی موختار لە بەراییدا لەگەڵ هەڵوێستی دوایی نیشانەی ئەوە دەگەیەنێ گۆڕان و وەرچەرخانێکی تەواو ڕووی داوە لە هەڵوێست و قەناعەتی ئەو و هەموو ئەوانەی لە سوپا و کەتیبەکاندا دووی کەوتن.

٣١. تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٠٦، منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.

## مەدحەت پاشای والی ناکۆکیی کەسێتیی عێراقی تاقی دەکاتەوە

لە ڕووداوێکدا بەدەر نییە لە سەیروسەمەرەیی و ورووژان، مەدحەت پاشای والیی عوسمانی کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕیی ویلایەتی بەغدا بەست و بۆ ئەندامەکانی ئەنجوومەنی پێشنیاز کرد داوایەک بۆ بابلعالی واتا بۆ سوڵتانی عوسمانی بنووسن و تکای لێ بکەن، کە باج لە بەغدا زیاد بکا، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن ڕەزامەندییان لەسەر پێشنیازەکەی والی دەربڕی و کۆنووسێکیان لەم بارەیەوە نووسی و هەر کەسە و مۆری خۆی پێوە نا، دوای چەند ڕۆژێک کاتێک ئەنجوومەنەکە کۆبوونەوەیان کردەوە، مەدحەت پاشا پێشنیازێکی تری خستە ڕوو ناکۆک و دژ بەپێشنیازەکەی پێشووی بوو، ئەویش ئەوە بوو بڕیارێک بۆ بابلعالی بنووسن و تێیدا ئەوە بڵێن؛ لە بڕیارەکەی یەکەمیاندا پەلەیان کردووە و دەبێ باجی ئێستا قورسە و ناکرێ زیاتر بکرێ، ئەندامانی ئەنجوومەن دەمودەست قایل بوون لەسەر ئەوەی مەدحەت پاشای والی گوتی و کۆنووسەکەیان بەمۆرەکانیان نەخشاند، مەدحەت پاشا بەمە ویستی وانەیەکیان لەسەر ڕەوشتی ڕاڕا و ناکۆک بداتێ، هەردوو کۆنووسە ناکۆکەکانی دەرکردن و لە بەردەمیاندا دڕاندنی.[٣٢]

## هەڵگەڕانەوەی متمانەی عێراقییەکان لە نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکاندا

لەو بەڵگە ئابڕووبەر و شەرمهێنانە لە ناکۆکیی ئاکار لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەو دژایەتییە توندەیە لە هەڵوێستی شاعیران و نووسەرانی عێراقی لە دوا قۆناخەکانی حوکمی عوسمانیدا لە ماوەی ئەو گۆڕانە سیاسییەی لەسەر ئاستی دەسەڵات و حوکمدا بەداگیرکردنی ئینگلیز بۆ عێراق و ڕووخانی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و ڕۆیشتنیان.

شاعیر و نووسەرە عێراقییەکان بەرهەمە ئەدەبییەکانیان لە ڕۆژنامەیەکەوە بەناوی "صدى الاسلام" بڵاو دەکردەوە، کە ڕۆژنامەیەکی سەر بەحوکمی عوسمانی

---

٣٢. علي الوردي، ملامح اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٢، ص٢٣٩.
لە سەلمان ئەلبوستانییەوە وەرگیراوە (عبره وذكرى).

بوو و لە مـیـانەیەوە بـەردەوامـیـیـان بەپیـاهـەڵدان و وتاری بـەباش باسکردن و بەرزکردنەوەی عوسمانییەکان و سەرکردە تورکەکان دەدا.

دوای داگیرکردنی بەغدا هێزەکانی داگیرکەری بەریتانی ڕۆژنامەیەکی نوێیان دەرکرد، کە زمانحاڵیان بوو و ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ناوی ڕۆژنامەی "العرب"ی لێ بنێن، بێگومان لەژێر سەرپەرشتیی ئەلمس بێڵی دیپلۆماتکاری بەریتانیدا بوو، کە زمانی عەرەبی دەزانی و لەگەڵ هەڵمەتە بەریتانییەکەدا بوو و زۆربەی بەرپرس و سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی دەناسی و دواییش لەسەر ئاستێکی فراوان خۆی خزاندە ناو کاروباری سیاسی و زۆرێک لە سیماکانی سیاسەتی عێراقی دارشت. هەروەها ژمارەیەک لە نووسەر و شاعیرانی وەکو جەمیل سدقی زەهاوی و کازم ئەلدوجەیلی و عەبدولموحسین ئەلئەزەری و محەمەد مەهدی بەسیر بەشدارییان لەم ڕۆژنامە تازەیەدا دەکرد، کەچی گەلێکیان بەناوی خوازراوەوە دەیاننووسی، وەکو: "ابن الفراتين، ابن ماء السماء، ابن بابل، ابن الشيعة، ابن العراق، ابن السليقة، ابن بغداد..."[٣٣]

وا دیاربوو دەترسان لەوەی تورکەکان بۆ حوکمکردنی عێراق بێنەوە..

زۆربەی نووسەر و شاعیران لەوانەی لە ڕۆژنامەی "صدى الاسلام"ی عوسمانی دەیاننووسی، گـواسـتـیـانـەوە بۆ نـووسین لـە ڕۆژنـامـەی "العـرب"ی سـەر بەئینگلیـزەکـان... لێ ئەوی مـایـەی گـرینگی پێ دان و تایبـەتـە بەبابەتی توێژینەوەکەمان ئەوەیە، ئەم نووسەر و شاعیرانە تەنیا بەوەندە وازیان نەهێنا لە ڕۆژنامـەیەکـەوە گـواسـتـیـانەوە بۆ ڕۆژنامـەیەکی تر، بگرە لە پیاهـەڵدان و بەرز ڕاگرتنی تورکەکان و جوێنباران و وەسفی خراپی ئینگلیزەکانەوە گواستیانەوە بۆ تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەفتارانە، وایان لێ هات بەخۆیان سەرزەنشتی تورکەکانیان دەکرد و قسـەیان پێ دەگوتن و خـراپتـرین ناو و ناتۆرەیان بۆ هەڵدەبەستن و بەئینگلیزەکانیاندا هەڵدەدا و کارەکانیان بەرز دەنرخاندن...

با لەم دەقـەی عـەلی ئەلوەردی وردبینەوە، کـە لە کـتـێـبی "الشـعـر العـراقی الحديث"ی د. یوسف عیزەدین وەری گرتووە، یوسف عیزەدین دەنووسێ:

"توێژەر سەری لە ڕەوشی شاعیران سوور دەمێنێ و بەسەرسامییەوە

٣٣. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، د. علي الوردي، ج٤، ص ٣٧١.

لەبارەی ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە ستایشی تورکانەوە بۆ داشۆرینیان پرسیار دەکات.

ئەگەر "صدى العرب" و ڕۆژنامەی "العرب" وەربگرین، دەبینین دوو شتی دژ بەیەکن. شاعیران پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی و کارەکانیانیان لە عێراقدا بەرز ڕاگرتووە و بەچاوی براوە تەماشایان کردوون، پاشان ئەم شاعیرانە بایان داوەتەوە بۆ هێرشبردنە سەریان و شەڕکردن لەگەڵیاندا و ناوزڕاندنیان و چی بەڵایەکیش بەسەر عێراقدا هاتبێ کردوویانەتە مل ئەوانەوە..." .[٣٤]

هەروەها عەلی ئەلوەردی دەڵێ:

"ئەلمس بێڵ لە یەکێک لە نامەکانیدا ئاماژەی بەمە کردووە و وتوویەتی:

"سەیری لە حاڵی هەندێک لە نووسەران دێت، ئەوانەی ئێستا ئازیزترین دۆستین، ئەوان لە سەردەمی تورکاندا وتاری توندیان دژ بەئینگلیز دەنووسی، کەچی ئێستاکێ وتاری توند دژ بەتورکان دەنووسن و ئەو خۆی هیچ لێکدانەوەیەکی قەناعەت پێکەری بۆ ئەمە نییە، وشە لای ڕۆهەڵاتییەکان تەنیا قسەیە و هیچ ناگەیەنێ، ئەمڕۆ شتێک دەڵێن و سبەی دژی دەوەستنەوە، هەرگیز واز لەم خووە ناهێنن". [٣٥]

ئەوی بەسەر نووسەر و شاعیرانی عێراقیدا پێڕەو دەکرێ، بەهەمان شێوە بەسەر سیاسییە عێراقییەکان و فەرماندە بەرپرسەکان و سەرۆک بارستە و حزب و خاوەن پۆستەکان لە دەوڵەتی عێراقیدا دەچەسپێ، تەنانەت ئەلمس بێڵ خۆیشی سەبارەت بەم دۆخە پڕ لە شوورەییەی ناکۆکیی توند لە ئاکاری سیاسییە عێراقییەکان و هەڵوێست و قەناعەتیان لەگەڵ شا فەیسەڵی یەکەمدا قسەی کردووە، ئەوان لە چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکانیان لەگەڵیدا و لەناو نووسینگەکەیدا لایەنگریی لێ دەکەن و لەگەڵیدا لەسەر چەندان کار و بیروباوەڕ و قەناعەت و هەڵوێست و بڕیار ڕێک دەکەون، پاشان دوای یەک دوو ڕۆژ لە ڕۆژنامەکان، یاخۆ

٣٤. هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٣.

٣٥. هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٣.

له کۆبوونەوە گشتییەکاندا، یا لە پەرلەماندا پێچەوانەی ئەوە ڕادەگەیەنن، کە لە بەرابەریدا ناویان هێنان و هەڵوێستی تەواو ناکۆک لەگەڵ ئەوەی لەگەڵیدا لەسەری ڕێککەوتن، دەنوێنن.

ئەم ناکۆکییە مایەی سەرسامی بوو بۆی، تاوای لێ کرد لەگەڵ شا فەیسەڵی یەکەمدا قسە لەبارەی ئەم جۆرە ڕەوشتە و هۆکارەکانی لای عێراقییەکان بکا، وەڵامەکەی شا فەیسەڵ وەڵامێکی هۆشیارانە بوو نیشانەی ڕۆشنبیریی ئەم پیاوە و دووربینییەکەی دەگەیاند لەو دۆخەدا، ئەم دیاردەیەی بەستەوە بەبابەتی ئازادییەوە، کە گەلانی ناوچەکە چەندان سەدەیە لەدەستیان داوە و پێکهاتەی دەروونی و ئاکاری تێک داون و لە ناخیاندا خەسڵەتی فێڵبازی و پاشگەزبوونەوەی چاندووە، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"ئەم ڕەوشتە مایەی سەرسوڕمان نییە، بگرە لای زۆر کەس ناسراوە، تەنانەت لای منیش، چونکە بەدرێژاییی شەشسەد ساڵ لەژێر دەستی داگیرکەردا ئازاریان چێشتووە، ناچاربوون فێڵبازی بکەن تاکو بژین، ئەگەر ئەوانیش وەکو ئەوروپاییەکان ماوەیەکی باش لەژێر سایەی ئازادیدا بژیانایا ئەوا هاوشێوەی ئەوان ڕەوشتی ئازادان فێر دەبوون".[٣٦]

## عێراقییەکان پەیکەرێک بۆ جەنەراڵ مۆد دروست دەکەن و پاشان دەیشکێنن

لە دوای مردنی جەنەراڵ مۆد لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٧دا بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشیی کولێرا، لیژنەیەکی گەورە لە پیاوماقووڵانی بەغدا و کەسایەتی و بازرگانەکان بۆ کۆکردنەوەی باربوو پێک هات، بەمەبەستی دروستکردنی کۆتەڵێک تاکو یادی ئەو جەنەراڵەی بەسوپا بەریتانییە بێ شومارەکەیەوە بەغدای داگیر کرد، بەرز ڕاگرن.

ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئەگەر جەنەراڵ (گارنەر)ی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا، کە ساڵی ٢٠٠٣ بەغدای داگیر کرد ئەگەر بەهۆی ڕووداوێکەوە، یا تووشی نەخۆشییەکی ڤایرۆسی بهاتایا، ڕەنگە ئەو عێراقییانەی بەهەڵەشەیی و

٣٦. هەمان سەرچاوە، بەرگی چوارەم، ل ٣٧٥.

پەلە پەل ناسراون پەیکەرێکیان لە بەغدا وەک ئەوەی لە بەرایی سەدەی بیستدا بۆ جەنەراڵ مۆدیان کرد، هەمان شتیان بۆ ئەویش بکردایا.

وا دیارە ئەم لیژنەیە ئارەزووی لەوە بوو کارێکی وا بکا دروستکردنی کۆتەڵی تایبەت بەجەنەراڵ مۆد بکاتە کارێکی میللیی خۆبەخشی وا سەرجەم توێژەکانی عێراق تێیدا بەشدار بن، هەر بەڕاستیش وابوو، لە پیتاک کۆکردنەوە بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە سەرجەم خاوەن پیشە و کارەکان لە بەغدا پشکدارییان کرد، وەکو: ئاسنگەر و دارتاش و بەرگدروو و کەوشدروو و سەعاتچی و سەرتاش و کوتاڵفرۆش و گۆشتفرۆش و لێفەدوور و پێڵاوفرۆش و کڵاودرووەکان... تا دوایی لیستە درێژەکە، کە عەلی ئەلوەردی لە بەشی چوارەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا "لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث" ژماردوونی.

دوای ئەوەی کۆتەڵەکە تەواو بوو لە بەرابەر ماڵی نێرراوی باڵای بەریتانی لە کەرخ لە دەڤەری "الشواكە"دا بەرزیان کردەوە.

خەڵکی بەغدا لە دانانی ئەم پەیکەرەی جەنەراڵ مۆد، کە بەغدای گرت بەفرەوانی بەشدارییان کرد، کەچی هەر خۆیان لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، کە ڕێژیمی پاشایی رووخاند، بەشێوەیەکی فراوانتر و گەرموگورتر لە هەڵکێشان و کەواندن و وردوخاشکردن و ڕاکێشانی پەیکەرەکە بەشەقامەکاندا و تووڕ هەڵدانە دیجلەوە بەشدارییان کرد.

ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە وردەکاری و گۆڕانەکان دوور بخەینەوە، ئەوا ناکۆکی لە ڕەوشتی عێراقییەکاندا لە دۆزی پەیکەرەکە و خاوەنەکەیدا زۆر زەقە، ئەوان بوون پیتاکیان بۆ دروستکردنی کۆکردەوە و هەر بەخۆشیان بوون تێکیان شکاند و هاویشتیانە رووباری دیجلەوە، ڕەنگە ئەمە لە گشت حاڵەتێکدا ڕوخسارێک لە ڕوخسارەکانی ناکۆکی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی شێوەی ئەو وەڵامە خێرایە پڕ لە ناکۆکییەی عێراقی بێ لە بەرابەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، هەردەم ئەو پەلە دەکا و بەگوڕە بۆ پشتگیری و بەڵێن دان، بەهەمان شێوەش بەدەستوبرد و توندە لە بەرابەر نەیارەکەی و دوژمنکاری لە ئاست هەمان بابەتدا.

تا ئەمڕۆش دیار نییە گۆڕانێکی گرینگ لە هەڵوێست و هەڵگەڕانەوەدا لە

چلۆنایەتی بەسەر ئەم ڕێبازەدا لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا هاتبێ، ئەوەتا ژیانی ڕۆژانەی عێراق پڕە لە دەیان بەڵگە و نموونەی کارەساتبار لەم بارەیەوە، سەیرە! ئەمڕۆ چەند لە دوێنێ دەکات...

## لە بەرگری لە وڵاتی کوێتەوە بۆ داگیرکردن و سووتاندنی بیرە نەوتەکانی

لە سەردەمی نوێدا بەڕوونی دژایەتی و بادانەوە و گۆڕان لە هەڵوێستی تاکی عێراقی و گواستنەوەی لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی تر لەو دوو ڕووداوە دژ بەیەکەدا بەدەردەکەوێ، کە سەدام حوسێن لە ئاست کوێتدا نواندنی، لە جاری یەکەمدا ڕیزێک ڕۆکێتی زەبەلاحی بۆ شارە سنوورییەکانی ئێران هاویشت، وەلام بوو بەو ڕۆکێتەی ئێران ڕەنگە بەهەڵەش بووبێ لە خاکی کوێتی گرت، ئەم وەلامدانەوەیەش لەژێر پاساوی پاراستنی کوێت و بەرگریکردنەوە بوو لێی، ئەمەش بەپێی ڕاگەیاندنی ئەو بەیاننامە فەرمییە عێراقییەی ئەوسا بوو، لە جاری دووەمیشدا سەرۆکی عێراق هەر بەخۆی هەستا بەداگیرکردنی هەموو کوێت و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی و وێرانکردنی سەرجەم داوودەزگەکانی دەوڵەت و سووتاندنی سەرتاپای بیرە نەوتەکانی، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا وێڕای ئەوەی بکەرەکە لە دوو جاردا یەک کەسە، بەڵام لە قەبارە و ئاقار و ئامانجدا گەورەیە.

## لە چەکدارکردنی عەرەبستانییەکانەوە بۆ ڕادەستکردنیان بۆ دەستی شا

هەروەها لە هەڵوێستەکانی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا هەڵسوکەوتی بەرپرسە عێراقییەکانە لە بەرابەر عەرەبی ئەهواز لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا، لە سەرەتادا بەرپرسە عێراقییەکان بەگوڕ و تینەوە پارە و چەک و پشتگیریی سیاسی و ڕاگەیاندن و کارگێڕییان بۆ سەرجەم بزاڤە سیاسییەکانی ئەهواز دابین کرد، پاشان لە پڕ هەر ئەو بەرپرسانە گشت شێوەکانی پشتگیرییان لە خەڵکی ئەهواز بڕی، بگرە دەڵێن هەر لەگەڵ واژۆکردنی پەیماننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا، هەندێک لەو ڕابەرانەی بزووتنەوەی ئەهوازییەکان، کە لە عێراقدا

نیشتەجێ بوون ڕادەستی دەسەڵاتدارانی شای ئێران کران، بێ ئەوەی دەرفەتی تەواویان بدرێتێ عێراق جێ بهێڵن، یاخۆ ڕوو لە وڵاتانی بێلایەنی تر بکەن...

ئا ئەمەیە ناکۆکی و پاشگەزبوونەوەی زۆر خێرا و بێ پێشەکیی لە ناکاوی عێراقی لە قەناعەت و گواستنەوە لە هەڵوێستێکەوە بۆ دژەکەی.

## گواستنەوەی بەردەوام لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر

هەروەها ئەم ڕەوشتە (واتا ناکۆکی و گۆڕان لە هەڵوێستدا و قەناعەت و ئارەزوو لای تاکی عێراقی) ئەو کاتیش بەدەردەکەوێ، هەینێ تێبینیی هەندێک لەو سیاسییە عێراقییانە دەکەین لە حزبێکی سیاسییەوە بۆ حزبێکی تر دەگوێزنەوە و چەندان جار ئەمە دووپات دەکەنەوە و لە هەر جارێکیشدا، کە دەچنە ناو حزبێکی سیاسیی تازەوە، دەبینین گوڕ و حەماسیان بۆ ئەم حزبە نوێیە هەیە و ئەوانی تر بەهەڵە دادەنێن، وێڕای جیاوازی و ناکۆکی لە بیر و بڕوا و ئامانج لە نێوان ئەم حزبانەدا. ئاماژەیەکی خراپە بۆ خەسڵەتی بادانەوە و ناکۆکی و هەڵگەڕانەوە لە هەڵوێستدا و قەناعەت و ئارەزوو لای تاکی عێراقی.

## لە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر فیدراڵی دا و لە دەرەوەی پەرلەمانیش هێرشیان کردە سەر

لە دیمەنەکانی دژایەتی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی لە قۆناخی هاوچەرخدا، ئەوە بوو ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانە عێراقییەکان هەستان بەهێرشکردنە سەر فیدراڵی و سیستەمی فیدراڵی، پاش ئەوەی پشکدارییان کرد لە دانپێدانان بەفیدراڵی لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەمەش دوای گفتوگۆ و ڕەزامەندی و دانپێدانان و دەنگدان لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا بۆ سیستەمی یەکەتیی فیدراڵی، بەمەش دانیان بەفیدراڵی لە عێراقدا نا و ئینجا چوونە شەقام و کەناڵە ئاسمانی و سیمینار و چاوپێکەوتنی تاکەکەسی، هێرشیان کردە سەر فیدراڵییەت و گومان لێ کردنی و مەترسییەکانیان بۆ سەر عێراق دەژماردن و تیری ڕەخنەیان ئاراستەی ئەوانە بوو داوای پراکتیزەکردنیان دەکرد.

کەس ناتوانێ بزانێ، یاخود لێکدانەوەی هەبێ بۆ هۆکارەکانی ئەم ڕەوشتە ناکۆکە و ئەو پاڵنەرانە چین، کە وایان لەمانە کرد لە ناو پەرلەماندا دان

بەفیدراڵیزمدا بنێن و بیکەن بەمادەیەکی دەستووریی ناچاری بۆ هەمووان و پاشان لە دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش پشت لێ کردن و کودەتا کردن بەسەریدا!

هەندێک لەوانە پاساوێکی سادە و ڕووکەش بۆ ئەم هەڵوێستە ناکۆکەکەیان دێننەوە و دەڵێن: لەو دانیشتنە پەرلەمانییەی تێیدا دەنگیان بۆ ئەم بابەتە دا ئەو ئامادە نەبوو...!

ئەگەر ئەمانە ڕاستگۆ و شێلگیر بوونایا لەسەر قەناعەتیان لەبارەی ئەم بڕیارە چارەنووسسازە، ئەوا لەسەریان بوو بەئاشکرا نارەزاییان تۆمار بکردایا و پاشان لەو ئەنجوومەنی نوێنەرانەی دانی بەفیدراڵیزمدا نا دەستیان لە کار بکێشایەتەوە، تاکو ڕەتکردنەوە شێلگیرانە و ڕاستەقینەکەیان لە دژ ئەم بیردۆزە نوێیە بسەلمێنن، کە وای دادەنێن ئەمە دابەشکردنی عێراقە...؟

بەدڵنیاییەوە مانەوە لەگەڵ شتێکدا و لە هەمان کاتدا دژ وەستانەوەی وێنەیەکی زەقی ناکۆکییە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا...

## ئەوپەڕی ناکۆکی لە ئاکاردا لای تاکی عێراقی

لە سیماکانی ناکۆکیی توند لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، باوبوون و بڵاوبوونەوەی دیاردەی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە هەڵسوکەوتی تاکی عێراقیدا، وەک:

– ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە.

– هێزی پابەندبوون بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایییەوە (ڕێکخراوەیی، سیاسی یاخۆ خێڵەکی، تایفی، ئاینی یا ناوچەیی...).

### بەرەو خراپی چوون لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە

ڕەنگە زیادەگۆیی نەبێت گەر بڵێین ئەم کاولییە لە ئاکاری تاکی عێراقی و ئاستنزمی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی هۆکاری هەموو ئەو شکستە نیشتمانییە تراجیدییانە بوون، کە لە واقیعی عێراقیدا ڕوویان دا لەگەڵ ئەو پاشەکشێ بەردەوامانەی ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن لەسەر ئاستی مادی و ئاکاری و ڕۆشنبیری و بنیاتنان و ژیاری لە سەرتاپای وڵاتدا، کە خەریکە گشت شتێک دەگرێتەوە و دەچێتە ناو هەموو دۆزێکەوە...

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەم وەسفکردنە بەرەهایی مانای نەبوونی پابەندی نییە بەئینتیمای نیشتمانییەوە لای سەرجەم عێراقییەکان، بەڵکو قسەکە لە تێکڕای گشتی زۆربە دەگرێتەوە، چونکە بەپاڵ ئەم ئاستنزمییە لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە ئەوا هەڵوێستێک هەن عێراقییەکان گرتوویانەتە بەر نموونەی ئەوپەڕی قوربانیدانن لە پێناو ئینتیمای نیشتمانیدا، ئەوەندە بەسە باسی ئەو ڕووداوی خۆکوشتنە پڕ لە دەنگدانەوەیە بکەین، کە ساڵی ١٩٢٩ سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولمحسین ئەلسەعدوون دەستی بۆ برد، کە لە ڕەخنە و ئەو تاوانبارکردنانەی لەسەر بنەمای مەزندە و بەمەبەستی شکاندن لەلایەن نەیارە

سیاسییەکانەوە بەکار دەهێنران بێ هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە لە ڕۆژنامەکاندا ئاراستەیان کرد، گوایا بەکرێگیراوی ئینگلیزە، ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ ئەو میتۆدە هێرشبەرە عێراقییەی تا ئەمڕۆش باوە لە شکاندن و گومانبارکردن و پەلەقاژەی هەڵەشەیی لە دەرکردنی تۆمەت و بڕیاری یەکلاییکەرەوەی پشتبەستوو بەواتەوات و گومان دژ بەنەیارە سیاسی و کەسێتییەکان، سەعدوونیش تا بێ تاوانییەکەی دەربخات پەنای بۆ خۆکوشتن برد...

لەو وەسیەتنامە پڕ لە خەمبارییەی بەر لە خۆکوشتنەکەی بەچەند خولەکێک بۆ (عەلی)[1]ی کوڕی نووسیبووی، خەم و ژانەکانی خۆی لە بەرابەر ئەو تۆمەتە پووچانە دەربڕیبوو، کە گومان لە نیشتمانپەروەریی ئەو دەکەن...

دوای ئەوەی سەعدوون خۆی کوشت، عێراقییەکان لە بێ تاوانییەکەی دڵنیا بوون و پەیکەرێکیان لە برۆنز بۆ دروست کرد و لە شەقامی بەتاویندا بەرزیان کردەوە، کە ناویان گۆڕی بۆ شەقامی ئەلسەعدوون.

---

١. وا لێرەدا کۆپلەیەک لە وەسیەتنامەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق عەبدولموحسین ئەلسەعدوون، کە پێش خۆکوشتنەکەی بەچەند خولەکێک نووسیویەتی، دەهێنینەوە:

"چاو و پشتوپەنام کوڕم عەلی:

بمبەخشە لەو تاوانەی کردوومە، چونکە لەم ژیانە وەڕس بووم و هێزم لە بەربڕا...

میللەت چاوەڕوانی خزمەتە. ئینگلیزەکانیش ڕازی نین. هیچ پشتم نییە. ئەو عێراقییانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن لاواز و دەستەوستانن و زۆر لە سەربەخۆییەوە دوورن، ئەوان لەوە بێ تواناترن ڕێز لە ئامۆژگارییەکانی کەسێکی بەشەرەفی وەکو من بگرن. بەخاینی نیشتمان و کۆیلەی ئینگلیزم دەزانن. ئەمە چ کارەساتێکی گەورەیە. منێک کە گیان لەسەر دەستم بۆ وڵاتەکەم و لە هەموویان دڵسۆزترم، گشت سووکایەتییەکم قبووڵ کرد و بەرگەی هەموو جۆرە سەرشۆڕییەکم گرت، تەنیا لە پێناو ئەم خاکەی باوک و باپیرانم بەخۆشگوزەرانی تێیدا ژیاون.

کوڕی خۆم، دوا مۆچیاریم بۆت ئەوەیە، بەزەییت بەبرا بچووکەکانتدا بێتەوە، کە بەهەتیوی دەمێننەوە و ڕێزی دایکت بگرە و بۆ نیشتمانەکەت دڵسۆز بە...".

ئەم بەشەی وەسیەتنامەکەمان لە کتێبی (عبدالمحسن السعدون، دوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، دكتور لطفي جعفر فرج الله، ص٣٧٥، مكتبة اليقظة العربية، بغداد) وەرگرت.

هەرچی نموونە و بەڵگەن لەسەر ئاستنزمیی ئینتیمای نیشتمانی و گۆڕینی بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایی و تایفی و ئاینی و ناوچەیی... هتد، ئەوا زۆر و پڕ لە ئێشن، پێویستە قسەیان لەبارەوە بکەین و ئازایانە و بوێرانە ڕووبەڕوویان ببینەوە، چونکە بابەتێکی مەترسیدار و وێرانکەرە هێشتا ڕەنگدانەوەکانی لەودیو زۆربەی گرفت و تەنگژە و ئەنجامە وێرانکارییەکانەوە لەسەر ئاستی نیشتمانی لە ناوەخۆ و دەرەوە و لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ژیاریدا وەستاون... هەر بەخۆیشی لە داهاتوو وەکو لەمپەرێک بە ڕووی هەر گۆڕانێکدا دەوەستێتەوە.

پارادۆکسی پڕ لە سەیروسەمەرە لەوەدایە، وەسیەتنامەکەی ئەلسەعدوون و کۆتەڵەکەی، کە وەکو ڕێزێک بۆ نیشتمانپەروەرێتییەکەی دروستیان کرد، دوای ئەوە ببنە نموونە و بەڵگەی واقیعی بۆ پابەندنەبوون بە ئینتیمای نیشتمانییەوە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز دەقی ئەسڵی وەسیەتنامەکەی ئەلسەعدوون، لەگەڵ کۆمەڵێک کاغەز و بەڵگەنامەدا ون بوون، کە لەماڵی تۆفیق ئەلسوێدیدا دەستیان بەسەردا گیرا، لەبەر نزیکیی ئەو دوو پیاوە لە یەکترەوە وەسیەتنامەکە لای ئەو دانرابوو، هەینێ تۆفیق ئەلسوێدی وەکو یەکێک لە پیاوانی سەردەمی پاشایی دەستگیر کرا، دەست بەسەر کتێبخانە و کاغەزەکانیدا گیران وەسیەتنامەکی ئەلسەعدوونیشیان تێدا بوو، تا ئێستاش چارەنووسی نادیارە، چونکە کەس گرینگیی بەم وەسیەتنامەیە نەدا، کە نیشانەی پڕ بایەخی نیشتمانپەروەرێتی بوو بۆ چەندان سەردەم و کودەتای شۆڕشگێڕی، کە دوای ئەوە ڕوویان دا، ئەمەش بەڵگەی خراپیی گرینگیدانە بەم هەڵوێستە نیشتمانییە.

هەرچی پەیکەرەکەی ئەلسەعدوونە، کە بۆ چەندان ساڵ وەکو سومبولی قوربانیدانی نیشتمانی و قسە و باسی نەوەکان مایەوە... هەندێک لە عێراقییەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا دوای ئەوەی بەمشاری کارەبایی بڕییان و لە بناغە مەڕمەڕییەکەیان جیا کردەوە، دزییان...

دوای دانوستاندن لەگەڵ چەند کەسێکی خواپێداو لە خێزانی ئەلسەعدوون وەکو لە کاتی خۆیدا وا بڵاو بووەوە، پاش ئەوەی پارەیەکی زۆریان دا پەیکەرەکەیان بۆ گەڕێنرایەوە، بەم شێوەیە کۆتەڵەکە و هێما نیشتمانییەکەیشی سووک و ڕیسوا

کران،[2] ئیدی چ پابەندبوونێک بەئینتیمای نیشتمانییەوە دەمێنێت لە بەرابەر ئەوەی بەسەر وەسیەتنامەکە و پەیکەرەکەدا هات.

نموونەی واقیعیی تر سەبارەت بە ڕووەو خراپی چوون لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، ئەوا لەژێر ئەم دوو ناونیشانەدا قسەیان لەسەر دەکەین:

١- ڕاپەڕینی شەعبانی/ تالان و لەناوبردنی موڵکە نیشتمانییەکان.

٢- عێراقییەکان ساڵی ٢٠٠٣ز وڵاتەکەیان تالان و بڕۆ دەکەن.

## ڕاپەڕینی شەعبانی.. تالان و لەناوبردنی موڵکە نیشتمانییەکان

بەشداریکردنی هەزاران عێراقی لە کاری خراپ و ناشایستە لە کاتی ڕاپەڕینی بوێرانەی شەعبانیدا، کە ساڵی ١٩٩١ لە پارێزگەکانی باشوورەوە سەری هەڵدا و ناوی ڕاپەڕینی شەعبانییان لێ نا، هەروەها تێوەگلانیان لە کاری تالان و بڕۆ و دزی و لەناوبردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان لە فەرمانگەکانی حکوومەتدا، وەکو تاپۆ و تۆماری خانووبەرە و ڕەگەزنامە و تالانکردنی پارەی بانکەکان و ناردنی هەندێک پارچەی چەکی گەورە لە چەکە براوەکانی سوپا لە سەربازگەکاندا بۆ دەرەوەی عێراق، هەروەها بەتالانبردنی شوێنەوارە عێراقییەکانی ناو مۆزەخانەکان و بەقاچاخ دەرکردنیان و فرۆشتنیان لە وڵاتە بیانییەکاندا، ئەم هەڵسوکەوتانە بەهەموو شێوەیەکیانەوە و بێ ئەوەی بچینە ناو کۆڵینەوە لە پاڵنەر و پاساوەکانیان، نیشانەی زەقن لەسەر هاتنە خوارەوەی هەستی ئینتیمای نیشتمانی لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە، کە بەپێداگرییەوە ئاتاجی دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانیی هەمەلایەنەیە بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی کەسێتیی عێراقی.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوە بڵێین، کە ڕێژیمی پێشوو بەبیردۆزە دەستەگەراییە تۆتالیتارییە دیکتاتۆرییانەکەیەوە، هۆکاری یاریدەر بوو بۆ گەیشتنی ملیۆنان عێراقی بەو ئاستە لە تووڕەیی و هەڵچوون و هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕق لێبوونەوە، لە سۆنگەی ئەو جەور و ستەم و پەراوێزخستن و جیاکردنەوە تایفییە لە ڕادەبەدەرەی تووشی هاتن.

---

٢. قسەیەک هەیە دەڵێت؛ ئەو پەیکەرەی گەڕێنراوەتەوە ئەوە نییە کە لە برۆنز دروست کرابوو، بەڵکو یەکێکی ترە و لە فایبەرگلاس دروست کراوە.

وێڕای ئەو قوربانییە دڵتەزێنانەیە و ڕۆحی شەڕکردنە بەجەرگانەیەی، کە ژمارەیەکی کەم نەبوون لە عێراقییە دڵسۆزەکان لە بەرهەڵستکارانی ڕێژیم لەم ڕاپەڕینە بوێرانەیەدا بۆ نیشتمان و میللەتەکەیان نواندیان، بەڵام دووبارەبوونەوەی لەم شێوە ڕاپەڕینانە لە مێژووی عێراقدا، کە هەردەم بەبزووتنەوەی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە وەسف دەکران، لەگەڵ دووبارەبوونەوە و گەڕانەوەی ڕووداو و هەڵە و ناتەواوی و هەڵسوکەوتی خراپ بۆ دەرکەوتن بەهەمان ڕۆح و هەمان شێوازی تێکدەرانەی خراپ و تایبەتمەند بەتاڵان و بڕۆ و دزی و ئاگربەردان لە دەزگە حکوومەتییەکان و وێرانکردنی شوێنە گشتییەکانی دەوڵەت، ئەمانە ئەو بڕوایە پتەوتر دەکەن، کە ناتەواوییەکە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی و لاوازیی هەستکردنە بەئینتیمای نیشتمانی، نەک تەنیا لە سۆنگەی هۆکاری جەور و ستەمەوە، چونکە چەندێک هەژموونی حکوومەت یاخۆ دەسەڵاتی ناوەند لاواز بێت، لە سەرتاپای عێراقدا لەم جۆرە کارانە تەشەنە دەکەن، کە مۆرکی یاخیبوون و لە فەرمان دەرچوونی دەوڵەتیان پێوە دیارە، کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەگەر لە هەموویاندا نەبێت لەسەر ئاستێکی فراوان ڕووداوی تاڵان و بڕۆ و ئاگرکەوتنەوە و دزی و پشێوی و وێرانکاریی دەزگە گشتییەکانیان لەگەڵدایە.

هەرسێ سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە لە عێراقدا یاخیبوون و ڕاپەڕینی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوە، خەریکە هەندێکیان دەقاودەق لەوە دەچن، کە لە ڕاپەڕینی شەعبانی لە خوارووی عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا ڕووی دا.[٣]

هەروەها ساڵانی بەر لە ڕووخانی ڕێژیم بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٠ز نموونەیلێکی لە ئاکار و هەڵسوکەوتی شەرمهێن لەسەر ئاستی نیشتمانی بەخۆوە بینیوە، کە بەهەزاران عێراقی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا و لە گشت تایفە و نەتەوەکان دەستیان تێدا هەبووە و تێوە گلاون، چونکە ئەو لێشاوی زانیاری و هەواڵەی لە هەزاران عێراقییەوە لەناو عێراقەوە دەگەیشتە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە، پێکهاتبوو لەو نێراوانەی نەدەبڕانەوە لە زانیاری و بەڵگەنامە و نیشاندەرە نیشتمانییەکان و نهێنیی تایبەت بەدەوڵەت، بەدیارکردنی شوێنی

---

٣. دەکرێت سەبارەت بەم بابەتە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (ستیفن لونکریک، اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث) و کتێبەکەی (دکتور علي الوردي، لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث).

بارەگا نهێنییە سەربازییەکان و حەشارگەی چەک، تەنانەت هەندێک نموونە لە چەکی جۆرەکی و سەمپڵ لە مادەی تایبەتی دەلالەتدار و برێک فیلم و دیسکی تایبەت بەپرۆگرامی زانستی و سەربازیی نهێنی لەگەڵ دەستنیشانکردنی شوێنی هەڵگرتنیان و رێکخستنیان و پێ وتنی ناوی سەرپەرشتیارانی، هەروەها عێراقییەکان لیستی ئاشکراکردنی نوێیان لە ناوی فەرماندە سەربازییەکان، لەگەڵ پلە و ئەرکی سەربازییان دەنارد، کە پێیان دەسپێررا، لەگەڵ ئەو گواستنەوانەی لە ناوی فەرماندەی یەکەکان و شوێنی فەرماندەی لیواکان و تیپە سەربازییەکانی سوپای عێراق و جێگەی فڕگە سەربازییەکان و بنکە ئاسمانییەکان، کە تازە بنیات نراون و جۆرەکانی ئەو ئامێرانە و سیستمی گەیاندن و جۆری ئەو باڵەفڕانەی لە هەر بنکەیەکی ئاسمانی بەکار دەهێنرێن... ئەم زانیارییانە و زۆری تریش بەبەردەوامی دەگەیشتن، کە مایەی ترس و تۆقین بوون و هەستی ئابڕووچوونیان لای هەر عێراقییەکی نیشتمانپەروەری مەرد دەجووڵاند. ڕادەی ناتەبایی لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنرێژدا چەندێک بێت، ناکرێت پاساو بۆ ئەم کارە خراپ و نانیشتمانییانە بهێنینەوە، لە تالان و برۆ و دزی و ئاگرتێبەردانی بەئەنقەست و وێرانکردنی دەزگە و موڵکە گشتییەکان و فرۆشتنی نهێنییە نیشتمانییەکان بەو لێکدانەوەیەی دەڵێت؛ سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینە میللییەکان لە جیهاندا هاوکات هەڵسوکەوت و سەرپێچیی لەم جۆرەیان لەگەڵدا بووە. ناکرێت پابەندی پاساوی لەم چەشنە هەڵە و کەمتەرخەمییە ببین. شۆڕش و ڕاپەڕینی میللی لە گەلێک وڵات و لەناو زۆر نەتەوەی تردا، لە سۆنگەی جەور و ستەمی سیاسییەوە ڕوویان داوە، کە حکوومەت و ڕێژیمە دیکتاتۆرییە گەندەڵەکان لەو وڵاتانەدا پیادەیان کردووە، لێ کاردانەوەی پێچەوانە لای ئەو گەلانە پتر پابەندی و دیسپلینی نیشتمانیی تێدا بوون لەگەڵ بەتەنگەوەهاتنی پاراستنی موڵک وماڵی نیشتمانیی گشتی.

هەڵەی لەم بابەتە لە تالان و برۆ و دزی لە سەرەتای شۆڕشی بەڵشەڤی لە ڕووسیادا ڕوویان دا و کۆشکی بەناوبانگی زستانەی تژی لە گەنجینە و شتی دەگمەن و گرانبەها تووشی تالانکردن هات، بەڵام تاقە بانگەوازێک لە لینینی ڕابەری شۆڕشەوە وای لە سەرجەم شۆڕشگێڕ و سەرباز و هەژارانی توورە لە ڕێژیمی تزاریی ڕووخاو کرد چی برابوو بیگەڕێننەوە شوێنی خۆیان... تا ئێستاش میللەتی ڕووس شانازی بەم لاپەڕە نیشتمانییەی مێژووە ئاکارییەکەیەوە دەکا،

هەروەها شتێکی نیمچە لەمەش لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیدا بەرابەریی ئیـــمـــام خـــومـــەینـی ڕووی دا، ئێـــرانـیـــیـــەکـــان بێ دوودڵـی ئەوی لە کـــۆشک و مۆزەخانەکاندا بەتالان بردبوویان گەڕاندیانەوە، تەنانەت لە ئەفغانستانیش میللەت قـایل نەبـوون بەفـەرهـوودکـردنی شــتـەکـانی ولاتەکـەیان لـە مـاوەی دۆخی شـەڕ و پشـێویی خـوێناویدا. بەپێـچـەوانەی ئەوەی لە زۆربەی ڕووداوەکانی عێراقدا ڕووی دا، ئەوە بوو تالانی و دزییـەکان و شـوێنەوارەکان بەرەو دەرەوەی ولات ئاودیو کران و لەوێ لە بازاڕە نێودەوڵەتییـەکاندا فـرۆشـران و تا نـەوێش هـەندێکیـان بەدەست دەلاڵ و جامبازە نێودەوڵەتییەکانەوەن.

## عێراقییەکان ساڵی ٢٠٠٣ز ولاتەکەی خۆیان تالان دەکەن

ئەو هەڵسوکەوتە نانیشتمانییە ئابڕووبەرەی پاش ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری لە ساڵی ٢٠٠٣دا سەدان هەزار عێراقی لە سەرتاپای ولاتدا بەشدارییان تێدا کرد، لە تالان و بڕۆ و کـوشتن و دزیـی چەکـداری و ئـاگـر تێـبـەردان لە گـشت شـوێنێک، نموونەیەکی زەقە لەسەر قەوارەی ئەو وێرانکاری و ناکۆکییـەی کەسێتیی عێراقی و بینای دەروونی و ئاکارییەی بەدەستییەوە دەناڵێنن.

دەتوانین دوای ئەوەی ئـەو هـەمـوو شــتـانە لە سـاڵی ٢٠٠٣دا ڕوویان دا لە کـاری خراپ و هەڵوێستی شەرمهێن، کە ئەم هەمـوو خەڵکە پشکدارییان تێدا کرد، بڵێین گەلی عێراق هەبووەکـان (مـوجـودات)ی ولاتەکـەی خـۆیان بـەتالان بردووە، لەناویدا سـەربازگـەی سـوپا نیـشـتـمـانییـەکەی و جبـەخـانەی چەک و تەنانەت شـتـومـەکی نەخـۆشـخـانەکان و خـەوگـەی نەخـۆش و کـەمـئـەندامـان و خـانەی پـەککەوتووان و شێتخانەکان، هەروەها سەرجەم دەزگە گشتییە خزمەتگوزارییەکان، وەک: بەندەر و ئاسنـەڕێ و تاوەرەکـانی گـواسـتنەوەی وزەی کـارەبا و کـۆگـاکـانی ئـازووقـە و بەخـێـوکـردن و کـەرەسـتـەی پزیشکـی و کۆگـای ئامـێـرە زانسـتـیـیـەکـانی سـەر بەزانکۆکان و هـەبووەکانی مـۆزەخـانەی نیـشـتـمـانی و خـانەی کتێب و بـەڵگەنامـە نیشتمانییەکان و ئامێری پرۆژەکانی ئاودێری و هـی تریش.

هەرچی ئەو عێراقییانە بوون، کە خۆیان لەو کارە ئابڕووبەر و ناپاکییانە بەدوور گرت و لەم پشێوی و بەرەڵایی و وێرانکارییانەدا نموونەی ڕاستـرۆیی نیشـتـمـانی بوون، مێـژوو هەڵوێسـتـەکـانیـان بەپیـتـی ڕۆشن تۆمـار دەکـات و ئەو هیـوایەمـان لا

دەژێنێتەوە، کە بکرێت ئەو نەخۆشییانەی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا هەن چارەسەر بکرێن، لێ ئەوی مایەی خەمە ئەوەیە ئەمانە زۆربە نەبوون، بگرە کەمینە بوون، ڕەنگە دەسەڵاتیان نەبووبێت و نەیانتوانیبێت بەر بەو شەپۆلی کارە شەرمهێنانەی ڕووی وڵات و نیشتمان زەرد دەکەن، بگرن.

وێڕای ئەوەی ئەم ڕووداوانە پڕ لە ئازار و هێدمە بوون، بەڵام ئەو هۆکار و ڕەوشەی خوڵقاندیان لای ئێمە هۆکاری ناسراو و دەستنیشان کراون، بەدرێژایی چەندان سەدە کەڵەکە بوون و لەو سێ ناولێنراوانە دەرناچن، کە لە لاپەڕەکانی پێشووتردا ناومان هێنان، مەبەستمان: شکستی و بێ ئومێدی و بێبەرییە.

ڕەنگە نەتوانین دەسەڵات و ڕێژیمی دیکتاتۆریی پێشووی دەسەڵاتدار لە عێراقدا تا ساڵی ۲۰۰۳ز پشتگوێ بخەین، یاخۆ لێی خۆشبین، لە گەیاندنی عێراقییەکان بۆ ئەم دۆخە شەرمهێن و نانیشتمانییە لە هەست و هەڵسوکەوتدا، لە سۆنگەی سیاسەتەکانییەوە لە زەبروزەنگ و توندوتیژیی بێ پاساو و جیاکردنەوەی تایفی و سزادانی دڕندانە و ستەم و پاکتاوی خوێناویی ناماقووڵانە.

وڵات لە ئەنجامی چوونە سەری شێتانەی ڕووداو و ستەمکارییەکان لە نێوان ڕێژیمی حزبیی دەستەگەرایی و ئۆپۆزسیۆنی حزبیی گرووپگەرایی لەدەست چوو، یان حزبی دەسەڵاتدار سەردەکەوێت لە سەپاندنی ڕا و ڕێبازە دەستەگەراییەکەی و هەوڵە تەنیاکانی، کە وڵات و نیشتمانی گەیاندە کاولی و وێرانکاری و گۆشەگیریی نێودەوڵەتی، ئیتر یان ئۆپۆزسیۆنی حزبیی دەستەگەرایی سەردەکەوێت لە ڕا و بۆچوون و تەقەلا و دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بەسەر دەسەڵات و پۆستەکاندا، هەر ئەمەش لە دواییدا بەدی هات و هەر ئەمیش بووە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی و ڕووخانی وڵات و وێرانبوونی نیشتمان و هاتنە کایەی ڕێژیمی قێزەونی بەشبەشۆکێ، بۆیە لە هەردوو دۆخەکەدا نیشتمان ئومێدبڕ و دۆڕاو بوو، بەتایبەت پاش سەرنەکەوتنی هەوڵەکان بۆ دەرچوون لە ڕێژیمی بەشبەشۆکێ و دابەشبوونی دەستەگەرایی.

خەیاڵپلاوییە لە عێراقییەکی بێبەری و تێکشکاو و بێ هیوا و چەوساوە و برسی و بەتەواوی دوورەپەرێز لە دەسەڵات و سامان و بەبڕیاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەرکراو لە عێراقدا، بخوازین لە پێناوی عێراقدا قوربانی بدا، کە بەهیچ شێوەیەک نە ماف و نە شوێنێکی تێدا هەیە.

## هێزی پابەندبوون بەئینتیمای حزبی و دەستەگەرایی

لە بەرابەر ئەو هەڵوێستە شەرمهێن و نەرێنییانەدا، کە پێشتر باسمان کردن و بەهەمووویان دەتوانن بەڵگە بن بۆ ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، هەڵوێستێلی تر لە عێراقییەکانی ترەوە دەبینین بارگاوین بەقوربانیی تاکەکەسیی پڕ لە لەخۆبوردوویی، کە دەگەنە ئاستێکی بڵند لە هەوڵ و بەخشین و بەرخودان و پابەندبوون بەهەڵوێستی حزبی و سیاسی و دەستەگەرایی.

بەدەیان عێراقی لەوانەی لە هەموو سەردەمەکاندا بەرەو قەنارە و مەیدانەکانی لەداردان بران، خۆگرییەکی ئەفسانەیی و ئازایەتییەکی بێ وێنە و سووربوونی دەگمەنیان لە پرەنسیپی حزبی و سیاسی و دەستەگەرایی نواند، کە باوەڕیان پێی هەبوو و پابەند بوون پێوەی و ئەم هەڵوێستە پڕ لە خۆڕاگرییانەش تەنیا لە قوربانیدانی حزبێک، یا باوەڕێک، یان ڕێکخراوێک، یاخۆ قۆناغێک کورت نەبوونەوە (وێڕای هەڵوێستمان، یا بۆچوونمان لە بەرابەریدا)، بگرە لەم پاڵەوانێتییەدا بەدەیان کەسێتیی عێراقی لە هەر بیروباوەڕ و حزب و ڕێکخراوێک و لە گشت سەردەمە سیاسییە یەک لە دوای یەک هاتووەکاندا بەرجەستە بوون، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و نیشانەی ئەوەیە، کە ڕەفتارێکی تاکڕەوانەی ئەرێنییە بەگشتی کەسێتیی عێراقیی پێ دەناسرێتەوە و خوویەکی تایبەت نییە بەتاقە توێژێکەوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا هەڵوێستی ژمارەیەک سەرکردەی شیوعی ساڵی ١٩٤٩ لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیاری لەداردان بەسەریاندا لە سۆنگەی شیوعیبوونیانەوە، نموونەی ئازایەتی و خۆڕاگری و سووربوون بوون، بێ ئەوەی هیچ ڕەفتارێکی وا بنوێنن نیشانەی لاوازی، یا پاشگەزبوونەوە یاخۆ پەشیمانی، یان خۆبەدەستەوەدانیان پێوە دیار بێت، ئەمەش لە کاتی لەداردانی هەریەک لە فەهدی ئەمینداری گشتیی حزبی شیوعیی عێراقی و زەکی بەسیم و حوسێن ئەلشبیبیی ئەندامانی بیرۆی سیاسیی حزب.

هەروەها پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەڵوێستی هەندێک لەوانەی ئەم ڕۆژگارە، کە بڕیاری لەداردانیان بەسەردا درا، سووربوون و خۆڕاگرییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا کەمتر نەبوو، وەکو دۆخی بەهجەت ئەلعەتییە و سەعید قەزاز کاتی لە قەنارەدانیان و پێداگرییان لەسەر قەناعەتیان بێ پەشیمان بوونەوە

و سەرشۆڕی، دوای ئەوە شەپۆلی ئەو عێراقییانەی بەدوادا هات، کە نەترسانە و جوامێرانە بۆ بەرگری لە حزب و ڕێکخراوەکانیان، بەرەنگاری مردن و مەترسییەکان بوونەوە.

لێرەدا بواری ئەوە نییە سەرلەبەریان بژمێرین، یاخۆ سەرجەم ئەو ڕووداوە هاوشێوانە بخەینە بەرچاو، کە هەمان دەلالەت و هەمان مانا لەم بارەیەوە دەدەن، بەڵام پێویستیی بابەتی بۆ ڕووماڵکردنی توێژینەوەکەمان بەنیشانە و بەڵگەی واقیعی، وامان لێ دەکات بێلایەنانە ناوی هەندێک لەو عێراقییە جوامێرانە، لە لایەنە جیاجیا و سەردەمە جیاوازەکاندا بێنین.

نازم تەبەقچەلیی سوپاسالار و سەرهەنگ ڕەفعەت ئەلحاج سرِی، ئەو دوو ئەفسەرە نەتەوەپەرستە موسڵمانەی عەبدولکەریم قاسم بەفیت و هاندانی شیوعییەکان لەدار دران، کە بە بەکرێگیراوی داگیرکەر و کۆنەپەرستی تاوانبار کران، بەر لە ئەنجامدانی بڕیاری لە قەنارەدان هەریەکیان و لە ژووری زیندانە تاکەکەسییەکەی خۆیدا، سەرەڕای ئەوەی خەم و پەژارە دایگرتبوون، دوو وەسیەتنامەی بەدەست نووسراویان بۆ خێزان و منداڵەکانیان جێ هێشت، دەکرێت ببنە وانەیەک لە سووربوون لەسەر پابەندبوون بەپرەنسیپ و بەهای بڕوا و ئامانجی نەتەوەیی و ئیسلامی. ڕەنگە ئەوی گرینگ بێت لەم دوو وەسیەتنامانە ئەو پێداگری و سووربوون و بەرەنگاربوونەوە و گاڵتەکردنەیە بەمردن و پێوەندبوونە بەئینتیمای نەتەوەییی ئیسلامی، لە نێوان دێرەکاندا تیشکیان دەداوە، ئەمەش لە قۆناخێکی سەختی قۆناخەکانی مێژووی نوێی عێراقدا بوو.

هەروەها سەرکردەی عێراقی عەبدولکەریم قاسم، لە کاتی پرۆسەی گوللەبارانکردنیدا بەچاوی کراوەوە ڕووبەڕووی لوولەی تفەنگەکان بووەوە، ئەمە بەسەر عەبدولخالق ئەلسامەڕایی پێشەنگی ناسراوی بەعس و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی حزبی دەسەڵاتداریشدا دەچەسپێت، ئەوانەی بەر لە قەنارەدانیان دەمیان بەلۆکە و تێپ داخرا، نەکو هوتاف بۆ ئەو حزبەیان بکێشن، کە بڕیاری لەداردانیان بەسەردا دەدات!!

ئاخۆ مێژوو ڕووداوێکی تری پڕ لە ناکۆکیی لەمە دزێوتری بەخۆوە بینیوە؟ حزب هەڵیان دەواسێت، کەچی ئەوان هەر سوورن لەسەر هوتافدان بەسەر حزبدا نەک بەناوی نیشتمانەوە...

هەرچی ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر و بنت ئەلهودای خوشکێتی، ئەوی بەر لە شەهیدبوونیان نووسیویانە نیشانەی بەرزی و توانەوەیە لە ئیسلامدا، تا ئەو ڕادەیەی لە چوارچێوەی دووبەرەکیی دنیایی دەرکردنیان بۆ جیهانی ئاسمانیی بڕوا و قایلبوونی خوایی، لەوەیە کەم لە زیندانییان لە مێژوودا بەر لەداردانیان قسەیان لەگەڵ جەلادەکانیان کردبێت، لە شێوەی ئەو بڕگە تۆقێنەرانەی ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدر پێش شەهیدبوونی وتوونی (خوێنی من دەسەڵاتدارێتیتان نقوم دەکا و کۆتا بەڕێژیمەکەتان دێنێت)...

هەرچی سووربوون و پێداگریی هەریەک لە عێراقیی شەهید ئیمام عەبدولعەزیز ئەلبەدری و عێراقیی شەهید ئیمام محەمەد سادق ئەلسەدرە لەسەر بەردەوامیی (هەریەکە و بەڕێگەی تایبەتی خۆی) لە موژدەگەیێن بەڕێبازە عەقایدی و هێڵە ئیسلامییە جیهادییەکەی لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت، هەردووکیان دڵنیا بوون ئەگەر لەسەر ئەم هێڵە بڕۆن ئەوا چارەنووسیان مردنی ناچارییە (هەر واش بوو، دوای ئەوە هەردووکیان کوژران) مکوڕبوونی هەریەکیان لە شوێنی خۆیەوە لە بەردەوامی لەسەر ڕێبازە دەستەگەرایییە تایبەتەکەی، نیشانەی یەکلاکەرەوەیە لە هەمبەر هێزی ئیرادە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی بۆ قوربانیدان و بەرگریکردن لە پێناوی دۆزێکی ئیمانی و سیاسی و حزبی و ڕێکخراوەیی، کە پابەندن پێوەیان.

هەروەها هەڵوێستێلێکی لە ژمارە نەهاتووی چالاکوانە ئیسلامییە عێراقییەکان، ئەوانەی بەوەستانی پڕ لە شکۆمەندانە و پابەندبوونی چەسپاویان بەحزبەکەیان و سیاسیبوونیان گاڵتەیان بەمردن دەهات.

یەکێک لەوانەی لە شەهید مەهدی حەکیمەوە نزیک بوو، هەینێ لە گیانەڵادا بوو دوای ئەوەی ئەو گوللانەی بەرکەوت، کە ئەو عێراقییانەی ڕێژیمی عێراقی لە بەغداوە بۆ سوودان ناردبوونی لێیان دا تا لەوێ بیکوژن، گوتی:

بەهێمنی و ئاسوودەیی شایەدمانی دەوتەوە، پاش ئەوەی دڵنیا بوو بەخراپی پێکراوە، بەر لەوەی ڕۆحی پاکی لە دەست بدات، بەجوامێرانە و بڕوا و سووربوون و باوەڕێکی بەتین و دەگمەنەوە بەرەوپیری مەرگ چوو.

ئەمانە و چەندانی تریش عێراقین و مەردانە ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە، مێژوو لە بەرامبەریاندا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنێت لە پێداگرتنیان لەسەر ئەو قەناعەت و بنەمایانەی تا دوا ساتی ژیانیان نەیانگۆڕین.

بەبەراورد لەگەڵ ئەو وێنانە لە ئاکاری ناپاکی، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا وەسفمان کردن، ئەوا ئەم نموونە کورتکراوانەی هێنامانەوە و لە پێشماندان (وێڕای کەمی و کورتییەکەیان) وێنەی ناکۆک دەدەنە دەستەوە، بەڵکو ئەوپەڕی ناکۆکی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیی خاوەن مۆرکی دژوار بەدەستەوە دەدەن.

ئەو کەللەڕەقی و سووربوونەی ئەو عێراقییانەی لە بەرەنگاربوونەوەی مردندا نواندیان، ئەوانەی کە ناوی هەندێکمان هێنان و بواری ناوبردنی هەندێکیانمان نەبوو، لەوانەی هەریەکەیان بڕوای وا بوو خۆی ڕاستترینە لە متمانە و ئینتیما بۆ ئەو بیروباوەڕەی هەڵی گرتووە، سەرەڕای هەمەڕەنگی و دژ وەستانەوەی ئینتیما عەقایدی و حزبی و دەستەگەراییەکانیان، بگرە وا لە توێژەری بێلایەن دەکات نەک بەرەهەندێکی پڕ لە بیروباوەڕی پاک و بێگەرد لە دەروونی ئەو عێراقییە پاڵەوانانەدا بیر بکاتەوە، بگرە بەرەهەندێکی کەربەلاییانەی بەربادی چەقێنراو لە ناخی تاکی عێراقی و چێنراو لە سروشتی خۆی لە چەندان سەدەوە، دووریش نییە ئەمە لە دەرەوەی درککردنی هۆش و مەودای زەمەندا بێت. وێڕای ئەو شەهیدە ئازایانەی لە سەردەمە سیاسییە جیاجیاکاندا گیانیان بەخت کرد، بەهەزاران عێراقیی شەرەفمەند هەن خرانە زیندانەوە و ئازار دران و جەستەیان شێوێنرا و نانبڕاو کران و چارەنووسیان وێران بوو و ژیانیان بەهەژاری و نەداری و پێویستی کۆتایی هات، لە گشت ڕۆژگارە سیاسییەکانیشدا قوربانیی ستەم و چەوسانەوە و ستەمی بەردەوام بوون، ئەوانە هەموویان وەفادار و بەتەواوی پابەند بوون بەئینتیمای حزبی و ڕێکخراوەیی و دەستەگەرایی و مەزهەبی و عەقایدییەوە.

لێ پرسیارەکە هێشتا خۆی دووبارە دەکاتەوە: کوا پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لە دۆزی هەریەک لەم قوربانییە ئازایانەدا؟ ئەی قەوارەی ئەم پابەندبوونە لە هەر دۆزێکدا چەندە؟

خۆ ئەگەر مەبەست ئەوەیە قوربانی لە پێناو حزب، یا ڕێکخراو، یان دەستە، یاخۆ بارستەی سیاسی، یاخۆ مەزهەب، یانیش ئاین، قوربانی بێت لە پێناوی نیشتماندا، یاخۆ پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی، ئەوا ئەم چەمکە لە ڕووی بۆچوونی زانستی و بابەتییەوە ڕاست نییە و نایەتەوە، چونکە تێکەڵییەکی تێدایە لە نێوان چەمکی ئینتیمای دەستەگەرایی گەلێ جار هاوشان بەتیۆری دەستبەسەردا گرتنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی تاکگەرایانە بەسەر حوکم و ئەوی

بەدوایدا دێت لە پلان و ئامـادەکـاری و تەکـتـیک و لە نێـوان چەمکی ئینتـیـمـای نیشتمانیی ئازادی خاڵی لەم تیۆرە و خواست و پاشکۆ و پێداویستییەکانی.

## هۆکارەکانی ئاستنزمیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی

گـەر بمانەوێت بەشـێـوەیەکی گـشـتی ئەو هۆکـارانـە بزانین، کـە بوونـە شـیـمـانەی ئاسـتـنزمـیی ئینتـیـمـای نیـشـتـمـانی لای تاکی عـێـراقی، ئەوا دەتوانین بڵـێین: ڕۆژگـارەکـانی سـتـەم و چەوسـانەوە و بەپەندبردنی ناشـیرین، کـە دەوڵەت بەتەواوی مـاناوە (واتا پاشـا و دەسـەڵاتدار و سـوڵتـان و حکوومـەت و ڕێژیمەکان) لە مـاوەی چەندان سـەدەوە تاکو ئەمڕۆ دژ بەمرۆڤـی عێراقی پیادەی کـردن، لە ناخ و ڕۆحیدا دوژمنایەتییـەکی بەردەوام و ڕەگداکوتاو و ڕقـێکی نەبڕاوە دژ بـەچەمکی دەوڵەت و حکوومـەت بەهـەر نـاو و دەلالەتێکەوە بێت چێنراوە، ئەم ڕق و دوژمـنـایەتیـیـە بوونـە بەشـێکی جیـانەکراوە لە هۆشی کـۆمـەڵایەتی و لە ئاکاری لەخـۆوەی ڕۆژانـەی و لە ڕۆشنبیرییە کـۆمـەڵایەتی و ژیانییەکـەی، ئەم دوژمنایەتییـەش بووە ڕووی شاراوە لە قـووڵاییی ناهۆشیـاری لە هەڵسـوکـەوتەکـانیدا تـا ڕۆژی ئەمڕۆ، وێڕای گـشت ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە عێراقدا ڕوویان داوە.

ئەم کـارەش بووە هـۆی ڕوودانی تێکەڵی و چوونە ناو یەکـیـیـەک لە زەینـی تاکی عێراقیدا لە نێوان چەمکی دەوڵەت، یـاخـۆ دەسـەڵات، یاخـۆ حکوومـەت و لە نێوان چەمکی نیـشـتـمـان بەتایبـەتی لە ڕۆژگاری تاریکی فـەرمـانڕەواییـی عـوسـمـانیـدا، کـاتێک نەزانی و نـەخـوێندەواری لە سـەرتاپای کـۆمـەڵگەی عـێـراقیـدا بڵاو بوونەوە. ئیدی ناو و وشەکان تێهەڵکێشی یەک بوون.

هـەروەها دەلالـەتەکـانی لە درککردنی تاکی عـێـراقی و تێگەیشـتـنی، تا وای لێ هـات نەیدەتوانی جیـاوازی بکات لە نێوانیاندا، بۆیە کـارەکانی سـتـەم و چەوسانەوە و بەکـــارهـێنانـی هێـــزی بەزۆر لـەلایەن دەوڵـەتەوە دژ بـەهـاوولاتـی لە عــێــراقــدا بەدرێژاییی سـەدەکانی ڕابردوو چەمکی نیشتمانپەروەرییان پەرش و بڵاو کردەوە و بیـروباوەڕی ئینتـیـمـای نیـشـتـمـانییـان لای شـێـواند، بەتایبـەت لـە مـاوەی سـالانی سـەپانـدنی نـاڕەوای بەسـەربـازگـرتنی ناچـاری لە سـەردەمی عـوسـمـانی و بەزۆر ڕەوانەکردنی بەهەزاران لاوی عێراقی بۆ بـەرەکانی شـەڕ و مەرگ لە وڵاتە چەپەک و

دوورەکـان لە عـێـراقـەوە و ئـەوی لە ترس و ئازار و بیـرەوەری پڕ لە خـەم بۆیان مایەوە. ئەم ئاکارە نارەوایانە بەشێواز و ڕێگەی خـەمهێنەر و کارەساتاوی دووبارە بوونەوە.

ئەگەر نیشتمان لە ڕۆژگاری عوسمانیدا لە عێراق لە بەرچاوی ملیۆنان عێراقیی هـەژار و سـادە لە جـەندرمـەدا خـۆی بنوێنێت، کـە بەمـسـەر و بەوسـەری ولاتدا جـرتوفـرتیـان بـوو بۆ گـردکـردنەوەی گـەنجـان و پیـاوانی عـێـراق و بـەهێـز بەرەو بەرەکـانی شـەڕ و مـردن لە قـەوقـاز و ئەرمـینیـا و شـوێنە نەزانراوەکـانی ئەنەدۆڵ ڕەوانەیان دەکردن، ئەگەر نیشـتمـان لە سـەدەی بیسـتدا خۆی لە ملیـۆنان کوردی نەداری سـادە و سـاویلکەی عێراقیدا بنوێنێت و بەرجـەسـتـە بکات، کە باڵەفڕەی شـەڕوانی و لیـوای سـەربازی، هێـرشـیان دەکـردنە سـەر و تەڕ و وشکیـان پێکەوە دەسـووتاند و مـاڵ و گـوند و پرد و ڕێگەوبانەکـانیـان دەڕووخـاندن و بیـر و کانیاوەکانیان کوێر دەکردنەوە.

هـەروەها ئەگـەر نیشـتـمان خـۆی لە سـەدان هـەزار لەو عـێراقـیـیانە بنوێنێت و بەرجـەسـتـە بکات، لە تایفـەی شـیـعـەی هـەژار و سـاویلکە بەلێژنەی ئەمنیـی سـەر بەدەوڵەت، کـە لە عـێـراق وەدەری نان و لـە تاریکیی شـەوەزەنگدا لـە بیـابانی نەزانراوادا لەسـەر سنوور لەگەڵ ئێراندا بەرەو چارەنووسێکی نادیار فڕێی دان و بەرەوڕووی مردن و ڕیسوابوونی کردنەوە.

ئەگەر نیشـتمـان خۆی لە هەمـوو ئەو کارە بەتۆپزییە دزێوانە بنوێنێت، کە دژ بەملیـۆنان عێراقیی هـەژاری سادە و ساویلکەی بێ گوناه ئەنجام دران، ئەوا زۆر بەدڵنیـاییـیەوە ئاتاجی فـەرهـەنگێکی زمانەوانـی دەبین، تاکو لە ڕێگەیەوە بۆ کورد و شیعەی عێراقیی بەستـەزمـان جیاوازییە جۆرایەتییـەکان لە ماناکاندا لە نێوان مـانای نیـشـتـمـان و مـانای ڕژێم و مـانای دەوڵەت و مـانای حکوومـەت و مـانای دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و مانای دەزگە جێبەجێکارەکان لێک بدەینەوە.

پاشـان دوای ئـەوە داوای لێ بکەین تێکەڵیی نەکـات لە نێـوان ئەم مـانا و دەلالەتانەدا و هـەر بەپابەندی بۆ ئینتیـمـای نیـشـتـمـانی بمێنێـتـەوە و قـوربانی لە پێناویدا بدات، هەڵبەت بەدڵنیاییـیەوە ئەمە خەیاڵپلاوە.

ئەو کـار و هـەڵسـوکـەوتانە لە بیـرەوەری تاکی عـێـراقی و هـۆشـیـدا بیـرۆکـەی ڕقلێبـوونـەوەی دەوڵەت و حکوومـەتیـان چاندووە و لـەگەڵیـشـیـدا پابەنـدی بەچەمکی

نیشتمان و ئینتیمای نیشتمانیان لاواز کردووە.

تەقینەوەی شەپۆلی تالآن و بڕۆ و ئاگر تێبەردان... هتد، لەلایەن عێراقییەکانەوە دژ بەمــوڵکی دەوڵەت و دامــەزراوەکـانی لە هـەر جــارێکدا دەســەڵاتی دەوڵەت لاواز بێت، یاخـۆ هێزە سـەرکوتکەرەکـەی نائامادە بێت، ئەگەر بۆ چـەند سـەعاتێکیش بێت، ئەوە ڕەنگدانـەوەی دۆخی شـەڕانگێزی و ڕقی درێژخـایەن و مـتبووە لە ناخی تاکی عێراقی لە ئاست دەوڵەتدا بەهەموو مانا و دەلالەت و نیشانەکانییەوە.

هەروەها داگیرکارییە یەک لە دوای یەکە بێگانەکان بۆ سەر عێراق، بەتایبەت دوای هەرەسهێنانی فەرمانڕەوایی خەلافەت و گۆڕانی عێراق بۆ ویلایەتێکی سەر بەئێران جارێک و بۆ تورکیای عوسمانی جارێکی تر، ڕەنگە بووبێتە شیمانەی لەدەستدانی چەمکی متمانەی نیشتمانی بۆ عێراق، یاخۆ بەلای کەمەوە شانازیکردن بەئینتیما بۆ وڵاتی عێراق، ئەم چەمکە مانا و مەبەستی (مدلول) واقیعیی خۆی لەدەست داوە، چونکە عێراق بووە ویلایەتێکی پاشکۆ و کەسێکی بیانیی نەناسراو نەک خەڵکی وڵاتەکە، فەرمانڕەوایی دەکات و بەکەیفی دڵی خۆی بەڕێوەی دەبات. چەندان سەدە بەسەر عێراقییەکاندا تێپەڕ بوو، متمانە و ئینتیمای باش و خوازراو دڵسۆزی و ئینتیما بوو بۆ (ئەستانە) پایەتەختی فەرمانڕەوایی عوسمانی، کە مەڵبەندی بڕیاری سوڵتانی بوو، کە پێیان دەگوت فەرمانی سوڵتانی، سەرچاوەی هێزی ڕەها بوو لەسەر گشت ئاستەکاندا، ئا لێرەوە مرۆڤ جا هەر کەسێک بێت (فەرمانڕەوا، یا فەرماندەی سەربازی، یان پیاوماقووڵ، یاخۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی) هێز و شکۆ و بایەخ و دەسەڵات و گەورەیی لە لایەنی مادی و سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەڵدەهێنجێنێت.

بۆیە متمانە و ئینتیما بۆ سوڵتانی ئەستانە، واتا پشتگیری بۆ دەوڵەتی عوسمانی بناخەی گشت کار و بڕیارە زیندووەکان بوو لەسەر هەموو ئاستەکان نەک متمانە، یان ئینتیما بۆ شتێک کە ناوی عێراقە.

ئەم دۆخە زیاد لە سێسەد ساڵ بەردەوام بوو، لە ١٦٠٠ز هوە بۆ ١٩١٤ی ز، ئەمەش ماوەیەکی زۆر درێژ و بەس بوو بۆ وێرانکردن و لەبیرکردنی زۆر مانا و چەمک و مەبەست و هێمای پێوەندار بەنیشتمانپەروەری و متمانەی نیشتمانی، بۆیە هەستی ئینتیمابوون پاشەکشەی کرد بۆ کیانێکی بەفەرمی نەبوو و بەواقیعی

ناسەربەخۆ، ناوی عێراق بێت.

هەرچی ڕۆژگاری کودەتا سەربازییەکانە لە عێراقدا، ئەوا چوونە پێشی کاری توندوتیـژیی خوێناوی و بەکارهێنانی بەردەوامی شێـوازەکانی هێزی سـەرکوتی دەوڵەت، کە کودەتاکان لە ئاسـتێکی فراواندا بەکاریان هێنا، ناکۆکییە سیاسی و عەقایدی و ئایدیۆلۆجییەکانی نێوان تاکەکان و حزبەکان و لایەنە سیاسییەکانیان گـۆڕی بۆ ململانێی خـوێناویی لەناوبردن و بۆ تۆڵـەی بەپەندبردنی سـەرکـردوو لە هەردوو لا بێ وەستان...

میتۆدی دیالۆگی نیشـتیمانیی شارسـتانی نائامادە بوو و گفتـوگۆ و ڕێنوێنی کـردن و ڕێککەوتن و لێبـووردەییی وەسـتـان و لە بری ئەوە لەداردان و گـرتیگە و ئەشکەنجەدان و دووزمانیی درۆزنانە و دەستگیرکـردن شوێنیـان گرتنەوە، ئـەمەش وای لە تاکی عێراقی کرد و ناچار بوو پەنا بۆ کۆڵەکەی حزب ببا و لەودیو حزب، یا ڕێکخـراوە چەکدارەکەی، یاخـۆ تایفـە، یان خێڵ، یاخـۆ دەسـتـە، یا ئاین، یانیش نەتەوە خـۆی مـەلاس بدا و بـەرگری لە خـۆی و بوونە هەرەشـە لێکراوەکـەی بکات، نەک پەنابردن و خۆدانە پاڵ کۆڵەکەی نیشتمان، یاخۆ ئینتیمای نیشتمانی.

سـەرەڕای ئەم هۆکارە مێژووییيانە، هۆیەکی هاوچەرخی گرینگ و زیندوو هەیە لەودیو خراپیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە لای تاکی عێراقی وەستاوە، ئەویش هەستکردنی واقیعی و قەناعەتی ڕەهایەتی بەگەندەڵیی بەرپرسانی دەوڵەت و بزریی دادپەروەری، یاخۆ یەکسانی لە پراکتیزەکردنی یاساکان لە وڵاتدا، لەگەڵ قـەناعـەتی بـەبوونی بەرباد لە خـزمـخـزمـێنە و بەرتیل و گـەندەڵی بەهەمـوو شێـوە دزێوەکانییەوە و لە گشت ئاستەکاندا.

لە سـەرجـەم ئەمـانە مـەترسیدارتر گـەیشتنی تاکی عـێراقـیـە بەقـەناعـەتێکی جێگیر، کە هەموو ئەوانەی ڕوو دەدەن لە گەندەڵی و تێکدان و تالان و بڕۆ و دزی و وێرانکردنی سـەرتاپاگـیـری هێـمـاکـانی شـەرەف و ڕاست و ڕەوانـی و نیشـتمانپـەروەری، بەئاگەداری و ڕەزامـەندیی دەسەڵاتی فەرمی، بـەڵکە بەبەشداری و هاندانی بووە، ئەمـەش هەڵوێسـتێکی تۆمـەتبارانـەی گومـان ئامێزە هەردەم پشت بەبەڵگەی واقیعی نابەستێت.

دەیان هەزار چیرۆک و حەکایەت و ڕووداوی پێوەند بـەدزین و دزێتی و خزمخزمێنە و سـاخـتـەکردن و بـەرتیل و دەسـتـدرێژیکردنە سـەر مـافی گشـتی و دەسـتـبردن بۆ

داراییی گشتی و هەڵکوتانە سەر سامانی نیشتمانی و ئابووری و دارایی و مێژوویی و کـولتـووری و ڕۆشـنبــیــری و دووبارەکـردنەوەی نـاوی بەشــداران لەم ئاڵۆزییــەی بەرپرسـان و نابەرپرسـان، چیرۆکێلێکن ڕۆژانە ملیۆنـان عێراقی لە سـەرتاپای وڵاتدا لەسەر زاریانە و دەیگێڕنەوە، ئەمەش کارێکە مایەی نیگەرانی و تۆقینە.

لای زۆربەی زۆری عێراقییەکان ئەو قەناعەتە خراپ و ئازاردەر و ماڵوێرانی و کەللەڕەقییە دروست بووە و لە هەمان کاتدا سەرجەم بەرپرسانی سەرپەرشتیاری کاروباری وڵات بێ ئاوارتە دز و جەردەن، نە بەتەنگەوەدێن و نە غیرەتیان هەیە بۆ نیشتمان، تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە، ئەم قسە ئازاربەخشانە نیـشانـەی تەواوی بێ باوەڕییـە، هەروەها کـینە و ڕق دەگـەیەنێت، تـا وای لێ هات هاووڵاتییە عێراقییەکان لە گشت شوێنێک لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی پێوەندداز بەم بابەتەوە لە بەرابەر دەزگەکانی ڕاگەیاندندا بێ شەرم و خۆپارێزی دەیڵێنەوە.

جـا گەر ئەم بیـروڕا و قـەناعەتـە باو و بڵاوانە لەســەر ئاسـتێکی فـراوان لەنێـو عێراقییەکاندا ڕەوا بێت یاخۆ ناڕەوا، ڕاست بێت یا درۆ، پشت بەبەڵگە ببـەستێت، یان نا، ئەوا لە هەموو دۆخـەکاندا کارەساتێکی نیشتمانی و کۆمـەڵایەتیی گەورەیە لەســەر ئەرزی واقـیع بوونی هەیە و پێـویسـتی بەچارەســەری جیـدی و یەکـلایی و خێرا هەیە، چونکە تەنیا ئەوە بەسە بۆ وێرانکردنی هەستی پابەندبوون بەئینتیمای نیـشـتـمـانی لای تـاکی عـێـراقی و پاڵنـانی بۆ هەڵوێسـتی نابەرپرسـانـە لەوەی لە نیشتمـانەکەیدا ڕوو دەدات، مـادامـەکی لە ئاست سـەرجەم بەرپرسـانی وڵاتەکـەیدا قەناعەت و بڕوای بەناپاککردن و شکاندن هەیە.

## مەترسییە هەنووکەیی و چاوەڕوانکراوەکانی خراپیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە

بەگشتی وەکو تێبینیمـان کرد هەستی ئینتیمـای نیشـتمـانی لای تاکی عێراقی بەشـــێــوەیـەکی ترسـناک تێک دراوە و شـــێــوێنراوە و بەلارێدا بـراوە، پێ بـەپێ و بەدرێژاییی مێـژوو ئەم هەسـتـە کـەتواری و کـرداریـیـە بەهەست و پابەنـدبوونی تر گۆڕاوە، ئـەویش پابەندبوونە بەئینتیـمـای خێـڵـەکی و تیـرەیی و تایفی و حـزبی و تاقمگەری و ناوچەگەری و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و قـازانجی مادی و دەسکەوتی دارایی و پەرسـتنی فەرمـانڕەوای دیکتـاتۆر و مەرایی بۆ دەسەڵات و سـەنتەرەکـانی

بڕیار و دەسەڵات لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی نیشتمان و گەل.

لە بەرابەر ئەم شێواندن و پاشەکشێ، یاخۆ دوودڵییەدا لە هەستی ئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی (کە تا ئێستا لە هەزاران هەڵوێست و بەڵگەی واقعیدا دیار و هەست پێ کراوە)، پەنابردن بۆ نووسین و بڕیاردان لەسەر یاسا و دەستوورەکان لە عێراقدا چەندێک مەزن و پێشکەوتوو بن، ئەوا هیچ سوودێکیان نییە و دەبنە پرۆسەیەکی نەزۆک و ئیفلیج و سەرنەکەوتوو و پێکەنیناوی و وێڕای گرینگی و ئەوپەڕی پێویستییەکەی لەسەر بناخەی گرفت چارەسەر ناکرێ، چونکە ئەستەمە ئەو یاسا و دەستوورانە پیادە بکرێن و ناوەڕۆکیان جێبەجێ بکرێت، یاخۆ بەشێوەیەکی دروست گوێ لە ڕەواییەکانی بگیرێت و هەر بەمەرەکەبی لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، چونکە تاکی عێراقی بەم ڕەوشەی ئێستایەوە لەلایەنی دەروونی و ئاکارییەوە ساز و ئامادە نییە بۆ پێڕەوکردنی یاساکان و گوێ شلکردن بۆیان و پابەندبوون بەڕەواییەکانییەوە، مادامەکی تا ئێستا عێراقی بارگاوییە بەقەبارەیەکی گەورە لە تاکایەتی و خۆیەتی، ئەو ئامادە نییە لە پێناوی سەرکەوتنی پرۆژە چاکسازییە گشتییەکاندا، کە تایبەتن بەنیشتمانەوە، لەخۆبوردوویی بنوێنێت، خۆ ئەگەر ئەو یاسایانە بەختی پیادەکردنیان هەبوو، ئەوا بەشێوەیەکی ناتەواو، یا دەسکاریکراو، یان شێواو، یاخۆ پارچە پارچە، یانیش لایەنگرانە جێبەجێ دەکرێن...

لە سایەی ئەم واقیعەی ئێستادا هەر پلانێکی نیشتمانی پێوەندیی بەچاکسازیی سیاسی، یا بەپێشکەوتنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیری و ژیارییەوە هەبێت، سەرکەوتنی زەحمەتە، تەنانەت ئەگەر نیازی سەرپەرشتیاران و ئەوانی بەتاسەوەن بۆ جێبەجێکردنیان دڵسۆزانەش بن، چونکە ئەم پلانانە زۆرجار تووشی مەترسیی وەستان، یا پاشگەزبوونەوە، یان وێرانکردن، یا سەرنەکەوتن دەبنەوە، دووریش نییە لە وێرانکردن، یا وەستانی دەستئەنقەست، یاخۆ بێ مەبەست دوور نەبن، لە ئەنجامی گەندەڵی و بەتەنگەوە نەهاتن و نەبوونی پەروەشی بۆ بنیاتنانی نیشتمان، یا لە ئەنجامی هەژموونی هەستی ئینتیمای تاقمگەری و حزبی و تایفی و خێڵەکی وەکو ئەڵتەرناتیڤی ئینتیمای نیشتمانی.

ئێمە بڕوامان وایە خۆبەزلزانین، یا پێداگرتن لەسەر نکووڵیکردن، یا بچووککردنەوەی بوونی ئەم ڕاستییە بابەتییە مەترسیدار و ترسناکە هیچ

سوودێکی نییە، کە تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی عێراقیدا هەر هەیە، مەبەستمان (ئاستنزمیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانییەوە).

کۆمەڵگەیەک هاوولاتی تا ڕادەی شێواندن، یا مەرگ ئەشکەنجە بدات و سووکایەتی پێ بکا و بەزۆر دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسیی بکاتە سەر و بەمەبەستی کوشتن تەقە لە خۆپێشاندەرانی بێوەی بکا، ئەوانەی داوای نان و بژێویی ڕۆژانە و کارەبا و خزمەتگوزاریی سەرەتاییی سووک دەکەن، ناکرێت کۆمەڵگەی لەم شێوەیە سەرکەوتوو بێت، یا پرۆژەی ئاشتەواییی سیاسیی ڕاستەقینە تێیدا ڕاست بێتەوە، نەیش پرۆژەی ئابووریی نیشتمانیی زەبەلاح لە چاککردن و وەبەرهێنان و پەرەپێدان و بنیاتنان، تەنانەت ئەگەر ئەنجامیش بدرێن ئەوا جار لە دوای جار کاول دەکرێن.

لەو نموونە کردەییانەی دروستیی ئەم شیکردنەوەیە و پێشبینییەکانمان دەسەلمێنن، بوونی ئەو ناکۆکییە زەقەیە لە نێوان مەزنیی مانا و چەمک و دەلالەتە نووسراوەکان لە یاسا و دەستوورەیلی عێراقیدا، کە لە عێراقدا پیادە کران (بەیاسا هەڵاواردە و دەستوورە کاتییەکانیشەوە)، کە ڕێژیمە لەناوچووەکان دایانڕشتوون، هەروەها لە نێوان سەرکوتکردنی تاوانکارانەی شەرمهێنی ڕۆژانەی بەردەوامی دژ بەمرۆڤی عێراقی بەدرێژاییی نێزیکەی سەدەیەک دەبێت تاکو ئێستا، لەناو داوودەزگەکانی دەوڵەت و فەرمانگە جۆربەجۆرەکانی و بەردەوامبوونی هاڕینی دۆزەخییانەی مرۆڤایەتیی تاکی عێراقی، بێ ئەوەی نە دەقی دەستووری و نە یاسایی و نە هەر لایەنێک، یاخۆ دامەزراوەیەک بتوانێت بیپارێزێت، یا ئەو سووکایەتی پێکردنە دزێوانە لە دژی بوەستێنێ.

هەرچی لەسەر ئاستی بەدیهاتنی بووژانەوەی ئابووری و پیشەسازییە لە وڵاتدا و شیمانەی سەرنەکەوتنی پلانە ئابوورییەکانە، لە دوارۆژدا لەژێر سایەی خراپی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە، ئەوا مەترسیدارترین نموونە دەکرێت لەم بابەتەدا بیهێنینە ژوورەوە و لە هەموویان کارەساتبارترە و دەبێ ڕۆژانە لە هزری بەرپرسە عێراقییە دڵسۆزەکاندا بمێنێتەوە، بەشداربوونی دەیان هەزار عێراقییە بەئاگاییی و دوور لە ئاگاییییەوە لە وێرانکردنی ئەو بەرایییە بوێرانە و سەرکەوتووانەیەی ڕاپەڕینی پیشەسازی، کە ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنڕێژ لە دوادواییییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی پێ کرد و گرتییە خۆی و

خەریکی جێبەجێکردنی بوو، سەرەڕای هەڵوێستمان لە بەرابەر دیکتاتۆرییەتی ئەو ڕێژیمە و چنگ بەخوێنییەکەی، ئەوا ئەو ڕاپەڕینە پیشەسازییە بوێرانەیە بەخێراییەکی زۆرەوە بەردەوامی هەبوو، تا بووە مایەی نیگەرانی و ترسی جیدی لای هەندێک وڵات و لایەنی نەیار بەعەرەب و موسڵمانانیشەوە، لە پێشیانەوە ئیسرائیل، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەم بووژانەوەیە خەریک بوو مۆرکێکی سەربازیی وەردەگرت... لە کۆتاییدا ئەو سەرەتا بەجەرگانانەی بووژانەوەی پیشەسازی، کە عێراق لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستدا دەستی پێ کرد، وێران و خاپوور کران.

لەو باوەڕەدا نیین لایەنێک لە دنیادا هەبێت ئامارێکی دروست، یا نێزیکی لەبارەی ئەو عێراقییانەوە هەبێت، کە بەشدارییان لە وێرانکردنی ئەو ڕاپەڕینە پیشەسازییەدا کرد، ئیتر ئەگەر لەمیانەی دەرکردنی نهێنییە پڕ لە وردەکارییەکانەوە بێت سەبارەت بەکارگە و کارخانە و هێڵەکانی بەرهەمهێنان و تواناکانی دروستکردن تێیاندا و ناوی زانا و سەرپەرشتیارانی بەشەکان، یاخۆ ئەو گرێبەستانەی پێوەندن پێوەی، یان لەمیانەی پیادەکردنی مەترسیدارکردن و ترساندن لە ئەنجامەکانی و ڕەنگدانەوەکانیان، ئیتر کارەکان تێکچڕژان و لای بەرهەڵستکارە عێراقییەکان تێکەڵییەک کرا لە نێوان هەستی ڕقلێبوونەوە و ڕکابەرایەتی دژ بەڕێژیم لە عێراقدا و لە نێوان هەستی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بۆ عێراق، ئەو پابەندبوونەی دەبوو بالاتر و گشتگیرتر بووایا لە دۆزی ناکۆکی لەگەڵ ڕێژیمە سیاسییەکەدا، لێ ئەوی ڕووی دا پێچەوانەی ئەمە بوو، ئا لێرەدا دەتوانین بێ دوودڵی ئاماژە بەو ڕاستییە خەمهێنەرە بکەین، ئەویش خراپیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی.

بەڵام ئەوی لەم بابەتەدا سەیر و گورچکبڕە ئەوەیە ڕێژیمی دیکتاتۆریی خوێنڕێژ، کە ئەو بووژانەوە پیشەسازییەی گرتە خۆ و چەندان ملیۆنی لە پێناویدا خەرج کرد و بەیەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی خۆی دانا، کە بەخۆی بەشدار بووە لە وێرانکردنی و دابینکردنی کەشی گونجاو بۆ تێکشکاندنی و کۆتاییهێنان پێی، ئەمەش لەمیانەی هەڵسوکەوتە پڕ لە هاشوهووشە دوور لە بیرکردنەوە و بەرووداوەستانە بێباکانە و شەڕە حسێب بۆ نەکراوەکانی و بەردەوام بوون لە گەرمکردن و هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و خەمساردی لە گرتنی ڕێگەی هێمنکردنەوە و سەقامگیری و ئاشتی بۆ فەراهەمکردنی کەشی سەرکەوتن و

بەردەوامی بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی تازە گەشەکردوو، کە زۆرێک پێویستی بەسەقامگیری و ئارامی و سووککردنەوەی بارگرژی و دوورکەوتنەوە لە شڵەژان و بەرەو پێشبردنی دۆخی سەربازی هەبوو، هەروەها ناچاربوونی ڕێژیم لە کۆتاییدا بەدانانی سەرجەم کارگەکانی وڵات لەژێر سەرپەرشتیی لیژنە ڕقئەستوورەکانی پشکنینی نێودەوڵەتیی، کە بەیەکجا ژێرخانی بزاوتی پیشەسازییان لە عێراقدا وێران کرد، هەموو شتەکانیان هەر زوو خاپوور و وێران کرد و بووژانەوەی پیشەسازییان بەیەکجاری تێکوپێک دا، تەنانەت بەر لە ڕووخانی ڕێژیم، هەرچی ئەو شەڕەی دوایی بوو، کە ڕێژیم خۆی و میللەت و وڵاتی تێوە گلاند، ئەوە بوو تێیدا لە ماوەی سەدەیەکدا چی دەسکەوتی کۆمەڵگەی عێراقی هەبوون، وێران کران.

ئیدی کارەکان گەڕانەوە خاڵی سفر و نیشتمان جگە لە زیانی ماڵوێرانکەر و وێرانە هیچی نەدوورییەوە. ئاستنزمیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە هۆی ڕوودانی گشت ئەمانەیە، وای لێ هات سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و ڕووخانی ڕێژیم بەهەر نرخێک بێت لە چاوی بەرهەڵستکارە عێراقییەکانەوە لە نیشتمان گرینگتر بوو، بۆیە هیچ هێڵێکی سووری نیشتمانی نییە لەسەری بوەستن، بگرە هەر کەسێک بەناپاک دادەنرا، کە داوای بکردایا لە سروشتی ململانێکە و سنوورەکەی ورد ببنەوە، هەرچی دەسەڵات و هەواداران و شوێنکەوتووانی بوون ئەوا وای لێ هات مانەوەی ڕێژیمەکە و سەرۆک و هێشتنەوەی حزبی دەسەڵاتدار لە دەسەڵاتدا بەلای ئەوانەوە لە نیشتمان گرینگتر بوو و ئەوی لە بەرابەر ڕێژیمەکەدا بوەستایەتەوە بەسیخوڕ و بەکرێگیراویان دەژماردن، لەبەر ئەمە هیچ هێڵێکی سووری نیشتمانی نەبوو ڕێژیم و لایەنگرانی گل بداتەوە و وای لێ بکا ڕێباز و پلانەکانی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو هەر کەسێک داوای چاوکراوەیی و لێکدانەوەی قەبارەی مەترسییەکانی داهاتووی بکردایا، ئەوا بەناپاکیان دادەنا...

ئیدی بەم ئاوایە لە ئەنجامی خراپی لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی، وڵاتمان لەدەست دا. ئا لێرەدا وتەی ساڵح بن عەبدولقەدووسی شاعیری عەباسی بەسەر هەمووماندا پێڕەو دەبێت، کە لە بەغدا لە یەکێک لە شەپۆلەکانی توندوتیژیی خوێناویی سیاسیدا لە سەردەمی عەباسی لە دار درا، دەڵێ:

لا يفعل الاعداء في جاهل          مايفعل الجاهل في نفسه

واتە: ئەوی نەزان بەخۆی دەکات، دوژمنان پێی ناکەن.

ئەم کارەساتە نیشتیمانییە، کە ئەوی عێراقییەکان لە ماوەی سەدەیەکی ڕەبەقدا ئەنجامیان دا لە بنیاتنانی نیشتمانی و مەدەنی و ئاوەدانکردنەوە و ئابووری، دەکرێت لە داهاتوودا دووبارە ببێتەوە، مادامەکی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی وێران بووە، مادامەکی پابەندبوون بەئینتیمای تاقمگەری و حزبی و خێڵەکی و تایفی و ڕەگەزپەرستی لە ئاکار و هەڵسوکەوتی تاکی عێراقیدا باو و بڵاوە، هەروەها دەشێت گشت ئەو هەولانەی عێراقییەکان دەیدەن بۆ هاتنە کایەی ڕاپەڕینی ئاوەدانکردنەوە و ژیاری لە داهاتوودا تووشی وەستان و پاشەکشێ و کاولی ببن، لە سۆنگەی هەمان ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی باسمان کردن، لەوانەشە لە سایەی نائامادەیی تراجیدیی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتیمانییەوە لای تاکی عێراقی هەموو گەنجینەی سەر زەوی و پارەی دنیا بەشی تەواوکردنی بووژانەوەی ئاوەدانی و ئابووریی ئومێد پێ هەبوو نەکەن...

هەروەها بۆ بەدیهێنانی هەستانەوەی ئاوەدانکردنەوە و ئابووری و سیاسی بوونی ژمارەیەک بەرپرسی دڵسۆزی شێلگیری عێراقی بەش ناکەن بۆ بنیاتنان و پەرەپێدان و پێوەست بەپابەندبوونی نیشتمانی، جا با پایە و ئاستی پۆستەکانیان هەر چەندێک بێت، چونکە ناکرێت بنیاتنان تەواو بێت (گەر تۆ بنیاتی بنێیت و یەکێکی تر بیرووخێنێت)، هەروەها ئەو ملیارانەی بۆ خەرجی تەرخان کراون چەندێک بن بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕینی ئابووری و ژیاری، کە بەردەوام ئامادە بن بۆ مەترسیی وێرانکردن و کاولکردن و وەستان.

ئەگەر بەرهەڵستیکردنی ڕێژیمی سیاسی لەچاو تاکی عێراقییەوە (بەرهەڵستکار) ئەو پاساوە بداتە دەستەوە، کە گشت شتێک تەنانەت کاولکردنی نیشتمان و کوشتنی میللەت و وێرانکردنی دەسکەوتە نیشتمانییەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەڕەوا بزانێ لەپێناوی گەیشتن بەحوکم، خۆ ئەگەر مانەوە لە دەسەڵات و بەردەوام بوون لە پێوەندبوون بەفەرمانڕەواییەوە لە دیدی تاکی عێراقییەوە (سەر بەرێژیم) پاساوی ئەوە دەدەن و هەموو شتێک بەشیاو دەزانن، تەنانەت کاولکردنی وڵات و دەسکەوتی نیشتمانی و ئاوەدانکردنەوە لە وڵاتدا لە پێناوی سەلامەتیی ڕێژیم و سەلامەتیی تاقمی دەسەڵاتدار و سەرۆکی فەرمانڕەوا .

چۆن دەکرێت بۆ داهاتوو ئاسوودە بین و چۆن دەبێت پرۆژە نیشتیمانییەکان و پلانەکانی چاکسازی و پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە کاولکردن و کۆسپ و وێرانکردن

بەدوور بن، ئەی چۆن دەکرێت بنیاتنانی نیشتمان و گەشەسەندن و پێشکەوتنی تەواو بێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕاستییە مێژووییە نەمرە جێگیر و بەردەوامە بێنینەوە بیری خۆمان، لە بەرەنگاربوونەوەی هەر ڕێژیمێکی سیاسیی فەرمانڕەوا لە مێژوودا ئۆپۆزسیۆن هەیە... لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییشدا ڕێژیمێکی سیاسیی فەرمانڕەوا هەیە خۆی بەدەسەڵاتەوە دەگرێت.

چۆن دەکرێت بەئامادەنەبوونی پابەندی شێلگیرانەی یەکلاکەرەوە بەئینتیمای نیشتمانی لەم گێژاوە دەرچین...؟

لەبەر ئەمە زیندووکردنەوە و ڕاستبوونەوەی ئاکاری پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بەکردار نەک بەقسە و پیادەکردنی ئەم پابەندبوونە بەپراکتیک لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی سەرپێیی و خۆبەخۆی تاکی عێراقی لە گرینگترین ئەرکە دەستبەجێکانە، کە پێویستە پێش هەر پلانێکی نیشتمانی بکەوێت، بۆ پەرەپێدان و بنیاتنان و نۆژەنکردنەوە و وەبەرهێنان و چاکسازی لەسەر هەموو ئاستەکان لە وڵاتدا (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا مەرج و پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی ڕوون دەکەینەوە).

## چی بکەین بۆ پتەوکردنی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی؟

بەر لەوەی دەست بکەین بەخستنە بەرچاوی ئەو پێشنیازانەی پێوەندن بەباشترین چارەسەر و ڕاستتر و خێراتر بۆ چارەسەری ئەو ناتەواوییە ئاکارییە مەترسیدارە، مەبەستمان خراپیی پابەندبوونە بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی، وامان پێ باشە سێ ڕاستیی بایەخدار ڕوون بکەینەوە:

١- هەڵسانەوەی ئاکاری پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای تاکی عێراقی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی چاکسازیی مەزنە، بۆیە لە هەر ڕەوش و دۆخێکدا بێت پێویستییەتی و ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت، چونکە پرۆسەیەکی بنیاتنانی ئاڵۆز و قورسە و پێوەندە بەڕاستکردنەوەی بنیاتی ئاکاریی تاکی عێراقی، لەبەرئەوە ئەو چارەسەر و بەدواداچوونەی قسەیان لەبارەوە دەکەین بریتییە لە هەڵبژاردنی باشترین چارەسەر، کە دەکرێت لە بارودۆخی نائاساییدا ئەنجامی خێرا بداتە دەستەوە لە ماوەی ئەنجامدانیدا، ئەمەش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو خراپی و ڕووخانە ڕەوشتییەی لەم دۆخە مێژووییەدا سەرتاپای کۆمەڵگەی

عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێ.

٢- چاککردنی ئاکاری تاکی عێراقی لە دۆزی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتیمانییەوە هەرگیز ناکرێت بەئامۆژگاری و ڕێنوێنی و کۆبوونەوە و گوتاری ڕەوانبێژی ئەنجام بدرێت، کە بەرپرسە فەرمییەکان پۆست و ئەرکیان لە هەر ئاستێکدا بێت دەیدەن، هەروەها ناکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەشوفشی نیشتمانی و نەتەوەیی و دووبارە بوونەوەی شانازیکردن بەشکۆیی مێژووی عێراقەوە و هەڵدان بەمەزنیی گەلی عێراق و سەرکەوتنە ژیارییەکانییەوە ئەنجام بدرێت.

٣- هەرچی ڕاستیی سێیەمە ئەوا پێویستیی جیاکاری و جیاکردنەوەیە لە نێوان چەمکی نیشتمانی و پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی و ئەوی ئەم پابەندبوونە دەیخوازێت لە هەڵوێستی کردەیی و واقعیی بارگاوی کراو بەمەترسیی کەسێنی و قوربانیدانی خۆبەخۆی بێدەنگ و لەخۆبوردوویی، هەروەها لە نێوان سۆز و هەڵچوونی بەتاو، کە ماوە ناماوەیەک یاخۆ لە بۆنەکاندا هەڵدەچێت بەهۆی غەریبی و تاسەوە بۆ شوێنەکانی یادەوەری و جێگەی خۆشگوزەرانی لەگەڵ کەسوکار و خزمان و هاوەڵاندا لەنێو نیشتمان و تاسەکردن بۆ منداڵی و لاوی و ئارەزووی سۆزداری لە کاتی بینینی ماڵ و گەڕەک و گوند و شار و وڵاتدا، کە کەسەکە بەشێکی ژیانی تێدا بردووەتە سەر، چونکە یادەوەرییەکانی ڕابردوو و ڕووداوە کەسێنییەکانی لە یادەوەریی مرۆڤ و خەیاڵیدا هەردەم جوانتر و خۆشگوزەرانتر دەنوێن، ئەمانە بۆ گەڕانەوە بۆیان و تاسەکردن بۆ بیرهێنانەوەیان کێشی دەکەن.

لەبەر ئەوە سەرجەم وێنەکانی گوزارشتکردن لە هەستی سۆزداری و قسەی نەستەق و برگەی ئەدەبیی ڕەوان و هۆنراوە و گۆرانی و سروود و شانۆنامە و بیرۆکە ڕۆژنامەوانییەکان و کارە سینەمایی و زۆرینەی شێوازی چالاکییە ئەدەبییە پڕ لە داهێنانەکان، کە بەشێوەی هەڵچوونی سۆزداری دەوترێن و ئەنجام دەدرێن و بەسەدان جار بەوڵاتدا هەڵدەدەن، جگە لە هەستێکی مرۆییی سروشتی بۆ گوزارشتکردن لە تاسە بۆ کەسوکار و نیشتمان لەو چوارچێوەیەی دامانناوە، پتر نییە بەڵام ئەوە لە گشت حاڵەتەکاندا نیشتمانپەروەری و پابەندبوون ناگەیەنێت بەئینتیمای نیشتمانییەوە.

## چارەسەر

چارەسەر لەم بابەتەدا بەپلەی یەکەم و بەئاسانی لە گۆڕینی قەناعەتی چەسپاوەوەیە لە مێشکی هاوولاتییە عێراقییەکاندا، بەنەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاسا و سزادانەکاندا لەلایەن دەوڵەت و حکوومەت و بەرپرسانەوە، هەروەها بڕوای یەکلاییان بەتێوەگلانی کارمەندی دەوڵەت و خودان پۆستە گەورەکان لە ئامێری بەڕێوەبردنی حکوومەت لە پیادەکردنی گەندەڵی و بەشداریکردن تێیدا و بێدەنگی لێکردنی بەهەموو شێوە و ئاستەکانییەوە، ئینجا گەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتییان بەدۆخی بێ ئومێدی لە توانای چاککردنی ڕەوشەکە و لەناودانی گەندەڵی.

گۆڕینی ئەم جۆرە قەناعەتانە و لابردنیان دەکرێت لە ڕێگەی پێڕەوکردنی یەکلاییکەرەوە و دادپەروەرانەوە بێت بۆ توندکردنی یاساکان و جێبەجێکردنیان بەسەر هەمووان‌دا بەشێوەیەکی یەکسان و دوور لە هەر لایەنگیری و خاترگرتنێک.

گەیاندنی هاوولاتی بەو باوەڕەی کە یاسا و سزادانەکان وایان لێ هاتووە بێ هەڵاواردن و بێ جیاکاری، یاخۆ خاترگرتن بەسەر هەمووان‌دا پێڕەو دەکرێن، کە یەکێک لە پێویستییە زیندوو و لە پێشەکانە لە سەرکەوتنی چارەسەری خوازراودا... بەبێ ئەمەش پرۆسەی چاکسازی و چارەسەری بەبێ توانایی و گێروگەواڵی و ناکاریگەری دەمێننەوە.

بڵاوبوونەوە و باوبوونی ئەو قەناعەتە لە نێوان هاوولاتییاندا، کە یەکسانی و دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاسا و سزاکان بەکردار و واقعی لەلایەن دەوڵەتەوە لە گشت داوودەزگە و وەزارەتەکان لە وڵاتدا و لەسەر هەموو ئاستە باڵا و نزمەکاندا بەسەر هەمووان‌دا دەستی پێ کردووە، ئەمە هانی ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتییە بۆڵەبۆڵکەرە بێ هیوا و بێدەنگەکان دەدات لە ڕەوشێکی وەک ئێستادا بجووڵێن بەرەو یارمەتیدانی دەوڵەت و هێنانە ژێر باری هاوکاریکردن لەگەڵیدا و بەشانازی و گەورەییەوە بکەونەخۆ بۆ پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی و گۆڕینی ئەمەش بۆ پابەندبوون بەهەڵوێستی کردەیی ئازایانە، کە ڕوحی جوامێریی نیشتمانی و شانازی بەنیشتمان و وەستان لەگەڵیدا لە گەورە و بچووکدا بەچاوپۆشی لە جۆری دەسەلات، یاخۆ حکوومەتی هەبوو لە لووتکەی بەرپرسیاریدا، ئەگەر پێڕەوکردنی

یەکسانیی ڕاستەقینە و شێلگیر بێت لەسەر ئاستی کردەیی و بەپێی یاسا و ئەو ڕێبازانەی بۆی دانراون، ئەوا گەل زوو لەوە دەگات و قەناعەتی پێ دەبێ و ئەو کات دەسەلات، یا حکوومەت پێویستی بەپڕوپاگەندە، یاخۆ مژدەی کارڕاییی فەرمییەکانی نابێت، چونکە خەڵک بەوپەڕی خێراییەوە پێی دەزانن.

ئەم شێوە چارەسەرە شیاو و ئاسان و لەژێر کۆنترۆڵدایە لە سەرەتادا، تەنیا پێویستی بەئیرادەی پتەو و دڵسۆزانە و بڕیاری یەکلاکەرەوەی دوور لە دوودڵی و لایەنگیرییە، لەلایەن ژمارەیەکی دیارکراو لە بەرپرسی چاودێر بەسەر پۆستە گرینگ و بناخەییەکان لە وڵاتدا.

وریابوونەوەی ڕوحی پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانییەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە و ئاڵۆز و گشتگیرە، کە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێکی زۆر هۆکاردایە، کەچی دەوڵەت لە توانایدایە هەر کاتێک بیەوێت، دەستپێشکەریی جیدی بکا و چاکسازی و چارەسەری خێرا و ڕاستەقینە بۆ ئەم بابەتە مەترسیدارە ئەنجام بدا.

هەروەها پێویستە چارەسەرەکە ڕێبازی هێرشبردن بگرێتە بەر، بواردان، یا بەتەنگەوەهاتن، یاخۆ دوودڵی نەزانێت و دوور بێت لە ڕوحی بەشبەشۆکێی تاقمگەرایی، ئەمەش لە ڕێی دنە و هاندانی هاووڵاتییانەوە بۆ بێدەنگ نەبوون و مل نەدان بۆ ڕووتکردنەوە و دەستپێشخەریی دەمودەست بۆ پێ وتنی سەرپێچییەکان و ئەوی لە بواری ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیبینن.

هەروەها لەسەر دەوڵەت، یاخۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە ڕوو لە پەسەندکردنی سکالای هاووڵاتییان بکا و سەبارەت بەهەر پێ وتنێک پێشکێشی دەکەن ڕێزیان لێ بنێت، ئیدی تا چ ڕادەیەک پەردە لە ڕووی دۆخەیلی گەندەڵی و بەرتیل و لایەنگیری هەڵمالێت، جا لە هەر شوێنێکی وڵاتدا بێت، بەتایبەت لە قۆناخی یەکەمی پرۆسەی چاکسازیدا، لەگەڵ حەزی لایەنگیریکردن بۆ لای هاووڵاتی و سکالا و پێ ڕاگەیاندنەکانی و یەکسەر دەستکردن بەکردنەوە و ئامادەکردنی دۆسیێی تاوانبارکردن و ئارەزوو نەکردن بۆ بێتاوان دەرکردنی بەرپرس، یاخۆ کارمەندی حکوومەت و لە بەرابەردا ڕێگری نەکات لە دەستکردن بەسزای تەمێکردنی دەسبەجێ دژ بەپێ ڕاگەیاندنە درۆینەکان و زمان لێدانی بەدرۆ لە کاتی بوونی بەڵگەی دژدا.

ئەم ڕێبازە هێرشبەرە لە چارەسەرکردنی یەکلاییکەرەوە دەزگای بەڕێوەبردن و سەرتاپای هەرەمی دەوڵەتی مەدەنی دەخاتە دۆخی گومان و دوودڵی و ترسی هەمیشەیی و ئیرادەی هاووڵاتی و مافەکانیشی دەکاتە بالادەست و دەنگیشی بڵند دەبێت، لە بری ئەوەیش هاووڵاتی بترسێت و ڕیسوا بکرێت و لاواز بێت و تووشی فێڵ لێکردن بێت و ملکەچ و بێدەنگ بێت، فەرمانبەر لە هەر کوێ و لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەوا دەترسێت و لە تووڕەیی هاووڵاتی و دان بەخۆدا نەگرتنی دەتۆقێت، وەکو چۆن لە سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا وایە، لەوێ فەرمانبەر دەکۆشێت بۆ ڕازیکردنی هاووڵاتی و خۆپاراستن لە تووڕەییەکەی، چونکە سکاڵای هاووڵاتی بۆ بەرپرسی باڵای دامەزراوەکەی دەبێتە کارێکی وێرانکەر بۆ هەر فەرمانبەرێک سکاڵای لە دژ کرابێت.

لەم دۆخەدا تەنیا فەرمانبەرە گەندەڵ و بەرتیلخۆرەکان دەشڵەژێن، یا دەترسێن، یاخۆ ئەوانەی ئامادەیی بەرتیل خواردن و قۆڵبڕین و گەندەڵییان تێدایە، کەچی لە بەرابەردا ڕازیبوون و پشتگیری و ئامادەیی و خۆ هێنانە پێشەوە بۆ هاریکاری لای زۆربەی ئەندامانی دەزگا ئیدارییە حکوومییەکە لە سەرانسەری وڵاتدا و لە گشت ئاستەکانی هەرەمی بەڕێوەبردندا بەدەست دەهێنن.

لەسەر دەوڵەت، یا حکوومەتە ئامادەبوونی پێشینەی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرای دروستکراو و شیمانە کراو و ئەو بۆڵەبۆڵەی تۆڕەکانی گەندەڵی و ساختەکاری و فێڵکردن و بەرتیل دەیخوڵقێنن بەپاساوی ئەوەی لە ڕەوشی پڕ لە ترس و تۆقیندا ناتوانن کار بکەن، ئا لێرەدا لەسەر دەوڵەتە ڕووبەڕووی ئەم ناڕەزاییییە ببێتەوە، ئەمەش بەکردنەوەی پەروەندی (ملف) تۆمەتبارکردن دژ بەکارمەندانی ناڕازی لەژێر بەهانەی دژوەستانەوەی پلانی چاکسازی و ڕەوانەکردنیان بەرەو لێپرسینەوە، ئیدی هێندە نابات کارەکان باری ئارامی خۆیان وەردەگرن.

هەروەها پشتگیریی دەزگای دادوەری و بەشێوەیەکی تایبەت دەستەکانی پشکنین و دەستپاکی و هاندانیان و وەستانەوەیان لەگەڵ بڕیارەکانیاندا، کە لەبارەی گەندەڵییەوە وەری دەگرن و پەلەکردن لە دەرکردنی فەرمانی کارگێڕیی پێویست بۆ جیاکردنەوەی ژمارەیەکی باش لە دادوەر و یاساناس و ئەو فەرمانبەرانەی تەرخانن بۆ هەڵمەتی لەناوبردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی،

هەمـوو ئەمـانە یارمـەتیـدەری دەرکـەوتنی ئەنجـامی خـێرا و بەرچاون بۆ پرۆسـەی شەڕ دژی گەندەڵی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر قەناعەتەکانی هاووڵاتی.

لەلایەکی ترەوە بڵاوکردنەوەی چالاکییە فەرمییەکانی ئاراستەکراو دژ بەگەندەڵی و گـەندەڵکاران لەسـەر ئـاسـتی ڕاگـەیانـدن و گـرتنـی مـیـتـۆدی ئابڕووبـردن لە ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی داوەرییەکان و کاری دزی و ساختەکاری و بەرتیل و وێرانکاری و دەستـدرێژیکردنە سـەر دارایی گـشـتی و هەمـوو ئەوانەی زیان بەنیشتمـان دەگەیەنن، وا لە هاووڵاتی دەکەن و ئەو قەناعەتەی لا دروست دەبێت، کە دەوڵەت و حکوومەت هاوەڵ و پشت و پەنای ئەون و شێلگیرە لە شەڕی دژ بەو گـەندەڵکارانەی قـۆڵی دەبڕن و پارەکـەی دەدزن و دەرگـیری سـووک و ڕیسـوایی دەکـەن لە هەر شـتـێک (گـەورە و بچـووک) پێـوەندیی بەمـامـەڵەی ڕۆتینی و کـارگێـڕییـەوە هەبێت، لەبـەر ئەمە دەکـەوێتـە خـۆ بـۆ پشتگیریی ڕاییکردنەکـانی دەسەڵات و حکوومەت و ئیدی بەپەلە و بێ دوودڵی دەچێتە پێشەوە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی، بەم ئاوایە بـەهەنگاوی پراکتیکیی خێرا و گوێڕایەڵانە نێزیک دەبێتەوە لە پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی.

بەڵام لە گشت ئەم هەنگاوانە و ئەوانی تریش گـرینگتـرینیـان بەردەوامـیـیـە لە جـێـبـەجـێکردن و درێژە پێـدانـی، تاکـو پرۆسـەی چاکـسـازی نەگـۆڕێت بۆ ئاگەداربوونەوەی هـەستی پابەندبوون بەئینتیمـای نیشتمـانی، بۆ بەگوڕکـەوتنی کـارگـێـڕیـی کـاتی، کـە هێندە نابـات کـاریگەریی دادەمـرکـێـتـەوە و ئـەنجـامـە چاوەڕوانکراوەکانی دەوەستن.

هەروەهـا لەسـەر حکوومـەت و دەسـەڵاتە ئاهەنگی ڕێزلێنـان بۆ سـەرجـەم ئەو عێراقییـانە بگێڕێت، کە هەڵوێستی تایبـەتیـان هەبوو لە پابەندبوون بەئینتیمـای نیشتمـانی و هەستانیان بەئەنجامدانی کارێلێک بەتەنگەوە هاتن و قوربانیدانیان پێوە دیارە، لە پێناو نیشتمان و پاراستنی موڵک وماڵی گشتیی دەوڵەت لە دۆخە ئاوارتەکاندا، ئەمەش بەگێڕانی ئاهەنگی ساڵانە، کـە سـەرجەم بەرپرسانی وڵات ئامـادەی بن و لەژێر سـەرپەرشـتیی سـەرۆک کۆمـاردا بێت و لە کاتی ڕێزلێنانـدا هەڵوێست و قوربانییـەکانی هەر کەسێکی عێراقی، بەشداری کردبێت لە خزمەتی نیشتمان و پاراستنی موڵک و ماڵی گشتیی دەوڵەت لە دۆخە ئاوارتەکاندا باس بکرێت و ڕوون بکرێتـەوە، بەمـەرجێک هەر یەکێک لەمـانە مـیدالی بەرزڕاگـرتنی

فەرمیی پێ ببەخشرێت، کە سیفەتێکی یاسایی و دەستووری هەبێت.

هەروەها بەهەر یەکێکیان برێک پارە بدرێت، کە بایی ئەوە بکا خۆشی بخاتە دڵی خێزانەکەیەوە و بەشی پێداویستییە جیاجیاکانی بکا و ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوانی تر، تاکو چی شارەزاییان هەیە پێشکێشی وڵاتی بکەن.

بەدەیان لەو عێراقییانەی بەچەک پاسەوانیی دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو کارگانەیان کرد، کە تێیدا ئیشیان دەکرد و لە تاڵان و برۆ و دزی و وێرانکارییان پاراستن و خۆیان و ماڵ و منداڵیان خستە مەترسیی مەرگەوە، هەروەها ئەو عێراقییانەی لەسەر بەرپرسیاریەتیی خۆیان کتێب و دەستنووس و دیکۆمێنتی گرینگ و ئامێری هەستیار و کۆمپیوتەر و ئامێری دەوڵەت و کەرەستەی تایبەت بەزانکۆ، هەروەها پارچەی کۆنینە و تابلۆ، تەنانەت ئەو پارانەی لە لقی بانکەکاندا هەبوون، تاکو تاڵان نەکرێن، یاخۆ نەسووتێنرێن، پاشان گەڕاندیانەوە و ڕادەستی دەوڵەتیان کرد.

ئەمانە و زۆری تریش سەربازی نەناسراون لەپێناوی نیشتماندا گیانیان بەخت کرد و بەر لە هەر شتێک پابەندی ئینتیمای نیشتمانی بوون.

ئاهەنگ سازکردن بەرێزلێگرتنی ئەمانە لەلایەنی ڕەوشتی و داراییــیەوە هاندانێکە بۆ گشت عێراقییەکان، تا لاساییان بکرێتەوە و ڕێگەی شەرەفمەندی و پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی بگیرێتە بەر.

بەشی سێیەم

# دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

نەتەوەکەم هەموو سەلکن    داخۆ کێڵگەی پیازت بینیوە!

شاعیری عێراقی عەلی ئەلشەرقی

بەشی سێیەم

# دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

## ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟

ئەگەر جۆر و شێوەکانی ئەو وەڵامدانەوەیەی کەسێتیی تاکی دەرگیر بەشکست بخەینە ڕوو و تەماشای کاردانەوە ئاکاری و ڕەنگدانەوە و هەڵچوونەکانی بکەین لە بەرەوڕووبوونەوەی نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری، ئەوا دەبینین ویستی دەسەڵاتخوازی و کۆنترۆڵکردن و گرتنەخۆ و هەژموون، لە نێوان ئەو وەڵامدانەوانەن کە دەکرێت تاک بەرپەرچی نوشوستی و بێ ئومێدیی پێ بداتەوە، بەمانایەک لە ماناکان ئاکاری دیکتاتۆری، کە یەکێک لە هاوماناکانی ڕەوشتی دەسەڵاتخوازییە، یەکێک لەو بەرەنجام و ڕەنگدانەوانەیە دەشێت لە نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەریبوونەوە سەر دەرهێنێت.

هەینێ کەسێتیی عێراقی (وەکو لە بەشی پێشوودا باسمان کرد) موبتەلا، یاخۆ تووشی، یا کاریگەریی هەندێک خەسڵەتی کەسێتیی سایکۆباتی بەسەرەوە بوو، کە هەوەسی دەسەڵاتخوازی یەکێک لە تایبەتمەندییە ناسراوەکانی پێک دەهێنێت، کەسێتیی عێراقییش بەهەمان شێوە دەرگیری ئارەزووی دەسەڵاتخوازی بوو، کە دەشێت لە جۆر و ناوی جیاجیای ئاکاردا خۆی بنوێنێ.

## بۆچی ویستی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا سەری هەڵدا؟

وێڕای ئەم لێکدانەوە خێرا و کورتە دەبینین هێشتا پێویست دەکات زیاتر بەڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارە گرینگ و زیندووەی خوارەوە بدەینەوە:

بۆچی ویستی پاوانکردن لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا سەری هەڵدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەتوانین بڵێین:

"کـاردانەوەی ڕەنگدانەوەیی، یاخـۆ دەمـودەست، یا غـەریزی، کـە مـرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی دۆخی شکسـتی دەری دەخـات، کـە هەسـتی هەمـیـشـەیی لە تووڕەبوون و پشـــێـــوی و ڕق و دوژمنکاری لای تاک لە بەرابەر ئەوانی تر و کۆمەڵگەدا دێنێتە کایە و دروستی دەکات، هەروەها هەستەکانی بارگاوی دەکات بەئارەزووی بەردەوام بۆ وێرانکردن و لابردنی هۆیەکان و ڕەوش و ئەو فاکتەرانەی لەمـپـەر بوون لە بەرابەر هاتنە دی ئاواتەکـانی و ڕێگەیان بەڕوویدا داخـست و نەیانهێشت ئامـانج و مـەبەست و حـەزەکـانی بێنە دی و گـەیاندیانە ئەو دۆخی شکسـتییـەی بەدەستـییـەوە دەناڵێنێ، ئەو هەسـتـە نەرێنییـە تۆڵەخوازییـە پڕ لە گرژییانە هەر بەخۆیان ئەو هۆکارانەن سەودای دووبارە سەپاندنی خود و ئیرادە و دەســەڵات و حـوکـمکردنی ئـەگــەر بەهێـز و بەزۆرەملێ و هـەژمـوونیش بێت لا دەجووڵێنن، تا لە دۆخێکدا بێت توانای وێرانکردن و لابردنی ئەو هۆ و لەمپەرانەی ناومـان هێنان هەبێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەو ئاکـارەی زۆرجـار خـۆبەزلزانی و یاخـیـبـوون و سـەپاندنی ئیـرادە و دوژمنکاری پێـوە دیارە لەگـەڵ گـوێ نەدان بەکۆتوبەند و بەها و یاسا و سیستەمی باو و پێڕەوکراو، کە دەبینێت بەسەریدا سەپێنراوە و ملنەدان، یاخۆ ڕازیبوون بەو هێزانەی بەحوکمی واقع بوونیان هەیە، هەموو ئەمانە بەمەبەستی تێکشکاندن و وێرانکردن و لابردنی ئەو هۆ و فاکتەر و ناتەواوییـانەی بوونە ئەگـەری شکست و هـەوڵی زاڵبـوون بەســەریدا و ســەرپێ شۆڕکردنی، ئەم هەموو هەڵسوکەوتانە بەسەریەکەوە دەگەنە (سەرهەڵدانی ویستی پاوانخوازی لای تاک ئەگەر وەرگێڕانی واقعی نەبێت بۆی، لە کاتێکدا ئارەزووی دەسـەڵاتخوازی لە ئاکاری تاکدا هەر ئەوەیە بە"ویستی دیکتاتۆری" ناودەبرێت، بەچاوپۆشی لەو ئاستەی پێی دەردەچێ، یا پیادە دەکرێت) ئیتر لە ئاستی ئاساندا بێت، کە پێوەندیی تاکی سـەربەخۆ، یاخـۆ خێزانی لەگـەڵ ناسیـاوەکـانی بەڕێوە دەبات، یان لەسـەر ئاسـتێکی فراوانتر و گشـتگیـرتر و ترسناکتـر، کە پێـوەندە بەدەســەڵاتی تاک و هەژمـوونی بەسـەر ئامـراز و هۆکـار و ئەو هێـزە بەکـۆمـەڵە بزوێنـەرەی سـەرجـەم کـۆمـەڵگە، بەکـۆنـتـرۆڵکردنی دەسـەڵاتی سـیـاسی، یاخـۆ سەربازی، کە دەتوانێت بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە ببات.

ئەگــەر بەتوندی و بـەهێــزی و گــەورەییی قــەبارەی ئەو بارودۆخ و هـۆکــار و

لەمپەرانە بزانین، کە ڕووبەڕووی مرۆڤی عێراقی بوونەوە و دەرگەیان بەڕوویدا داخست و هەوڵەکانیان شکست پێ خوارد بۆ بەدیهێنانی حەز و ئاوات و ئامانجە تاکەکەسی و گشتییەکان لە ماوەی چەندان سەدە و سەردەمی یەک لە دوای یەکدا، ئەو کات هەستمان کرد قەبارەی ئەو هۆیانە و پاڵنەر و بارودۆخە توندەی تاکی عێراقیی گەیاندە ئەو ڕەوشە درێژخایەنە لە نوشوستیی توند و بێ هیوایی پڕ لە ژان، کە لە پێکهاتەی ئاکارییدا بەدڵڕەقترین و دزێوترین وێنەی پیادەکراوی حەزی پاوانخوازی و دیکتاتۆری چاندووە، کە پەیتا پەیتا لە ماوەی سەدان ساڵدا گۆڕا و پەرەی سەند بۆ ڕەفتار و سیفەتی کەسێتیی باو.

## ئەو جۆر و شێوازە ئاکارییانەی لە ئارەزووی دەسەڵاتخوازیی کەسێتیی عێراقی دەبنەوە

ویستی دەسەڵاتگیری لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا دەکرێت لە کۆمەڵێک ناونیشان و زاراوە و دەلالەتی کردەیی و واقعیی پیادەکراو لە پێوەندییەکانی تاکی عێراقی و هەڵسوکەوتەکانی و ژیانی گشتییدا خۆی بنوێنێ.

پێویستە هەندێک لەو ناو و گوزارشتانەی کە لە زمانی وەسفی و ئەدەبیی باوماندا بەکاریان دەهێنین ڕوون بکرێنەوە، مەرج نییە بەهەمان دەربڕین و مانا و مەبەست لە زمانی دەروونزانیدا بەکار بهێنرێن، کە هەوڵ دەدەین لە شیکردنەوە و وەسفی چەندان دۆخ و ویستی ئاکاری پەنای بۆ ببەین، کە تاکی عێراقی لە چوارچێوەیدا دەجووڵێتەوە....

ئەو کەسایەتییەی دەخوازین بۆ نموونە بەکەسێتیی تاکڕەوی ناوی بەرین، لە زانستی دەروونزانیدا بەکەسێتیی دەسەڵاتخوازی، یاخۆ دیکتاتۆری ناو دەبرێت...

ئەم ڕوونکردنەوەیەی لێرەدا دەیکەین ئامانجی بەرجەستەکردنی هاوبەندییە لە نێوان ئەم وشانە و مەبەستەکانیان، وای دادەنێین زاراوەێلێکن بەدوور لە گومان و دوودڵی مانای لەیەکچوو و هاوبەشیان هەن. هەوڵ دەدەین لێرەدا بەشێوە درێژدادڕییەک بەرجەستەترین شێوە و جۆری ئاکاری بخەینە بەرچاو، کە دەتوانین لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و بەردەوامی تاکی عێراقیدا تێبینیی بکەین و لەگەڵیدا بژین و پێی ئاشنا بین، لەگەڵ هەوڵی گەواهیدان بەنموونە و بەڵگەی بەراوردی وەرگیراو لەو ڕووداوانەی لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا لە ژیانی عێراقیدا ڕووی دا.

بەرجەستەترین و گرینگترین ئەو جۆر و شێوە ئاکارانە، کە بڕوامان وایە لە ویستی دەسەڵاتخوازی لە کەسێتیی عێراقیدا لقی لێ بووەتەوە، ئەم شێوازانەی خوارەوەن:

١- عێراقی بەلای پەلەکردن و تاکڕەوی لە بڕیارداندا لادەدات:

ڕەنگە سیفەتی پەلەپەلکردن و تاکڕەوی لە خەسڵەتە ناسراو و باوەکان بن لەبارەی کەسێتیی عێراقییەوە، بەڵام ئەوی لەم ڕێبازە ئاکارییەدا لای تاکی عێراقی ترسناک و وێرانکەرە ئەوەیە لە پەلەپەلکردن و هەڵپەیی و تاکڕەویی لە بڕیارداندا جیا ناکاتەوە و جیاوازیی دانانێت، ئیتر ئەو کێشانەی فەرمان و بڕیارە سەرپێیی و تاکڕەوەکانی لەو بارەیەوە دەریدەکات، ئەوا کێشەی تاکەکەسی و تاک و تایبەتە، یاخۆ لە کێشە گشتی و چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەکان بوو لە ژیانی سەرجەم نەتەوەدا.

زۆرجار تاکی عێراقی کاتێکی تەواو بەخۆی نادات بۆ بیرکردنەوە و بینین و لێکدانەوە، کاتێک بیەوێت چارەسەری هەر کێشەیەک بکا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یاخۆ ڕێی لێ دەگرێت، یان لە بەردەمیدا دەخرێتە ڕوو و کارەکە خراپتر دەبێت هەینێ تووشی ڕەخنە، یا یاخیبوون، یاخۆ لەلایەن کەسانێکەوە بەرەو ڕوو دەبێتەوە، ئەو کات بەکاردانەوەی دەمودەست و خێرا چارەسەری بابەتەکە دەکات، بێ ئەوەی بزانێت، یا دڵنیا بێت ئەم هەڵوێستە شیاوە، یا نەشیاو، دروستە یا نادروست. ئەو لە سۆنگەی پەلەکردن و تاکڕەوی بەرگە ناگرێت تەنانەت لە کارەکە وردبێتەوە، یا کاتێکی پێویست بەخۆی بدات بۆ بیرکردنەوە و ڕاوێژ لە بەرپەرچدانەوەی گونجاو و کاریگەرتر و بەسوودتر، بەگشتی بەهۆی دڵسافی و تەماشاکردنی ڕاستەوخۆی بۆ شتەکان، دەکرێت بەئاسانی بخرێتە کەمینەوە، کە ئەوانی تر بۆی دەنێنەوە، هەروەها دەکرێت بەئاسانی بۆ هەڵوێستی پڕ لە هەڵچوونی توند و کاردانەوەی بەهێز هان بدرێت، کە ڕەنگە بەهۆیەوە هەڵوێستەکە بەتەواوی بدۆڕێنێت.

بەسەدان بەڵگە لەسەر ئەم جۆرە ئاکارانە هەن، کە تاکی عێراقی لە ژیانیدا دەیگرێتە بەر، ئیتر لە ڕووداوەکانی مێژووی دێرینەوە بێت، یا تازە، جا ئەو عێراقییە فەرمانڕەوا بێت، یاخۆ لە ڕەشە خەڵکەکە بێت.

ئەگەر بمانەوێت نموونەکان بەم شێوە هەڵسوکەوتە باس بکەین، ئەوا دەتوانین بۆ نموونە باسی پەلەپەلکردنی خەلیفە مەهدی بکەین لە کوشتنی بەشار بن بوردی شاعیردا، هەینێ بۆیان هەڵبەست کە زەندیقە، دوای ئەوەی لە ملی دا ژیوان بووە و بۆی گریا، ئەمەش پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت بێتاوانە. هەروەها ئەو پەشیمانییەی خەلیفە هارروون ئەلرەشید بەبریارێکی پڕ لە هەڵچوونی بەپەلە لە لەداردانی بەرمەکییەکاندا دەریبڕی، لەنێویشیاندا جەعفەر بەرمەکیی هاوەڵی نێزیکی تێدا بوو، یەکێک لە گێرانەوەکان دەڵێت " سەبارەت بەهۆی کوشتنی بەرمەکییەکان پرسیاریان لە رەشید کرد.

گوتی: ئەگەر بمزانیایا کراسەکەم بەمە دەزانێت دەمسووتاند".[1]

لە سەردەمی سەدام حوسێندا ژمارەیەک لە لایەنگرانی رێژیم لەدار دران و بەپیلانگێڕ و ناپاک دانران، پاشان دوای چەند ساڵێک سەرۆک لێیان رازی بوو و رەنگە لە لەداردانیشیان ژیوان بوویێتەوە، ئەمە وای کرد پیاوانی رێژیم بکەونە خۆ و رێزیان لێ بگرن و ناویان نان "شەهیدانی تووڕەیییەکە"، هەندێک جاریش بە"شەهیدانی تووڕەیییەکەی سەرۆک"یان ناو دەبردن، واتا ئەو کاتی سەرۆک تووڕە بوو ئەوان لەدار دران، دوای دامرکانەوەی تووڕەیییەکەشی رێزیان بۆ گەڕایەوە و ناویان نان شەهیدانی تووڕەیییەکە.

خوێنەر دەتوانێت لە کارێکی پڕ لە هەڵچوونی وادا قەبارەی ئەو هەڵەشەیی و بەنزم تەماشاکردنە بۆ روحەکان بزانێت، کە چۆن روحی ئەو عێراقییانەیان لەناودا، هەرچەندە لە هەوادارانی رێژیمە سیاسییە فەرمانرەوا و لایەنگرەکانیان بوون.

بێگومان ناکرێت دواکەوتووترین دەرەبەگ بەم شێوەیە لە سووک تەماشاکردن و بەنزم زانین مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانی مەزراکەیدا بکا، وەکو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی بەستەزمانی حزبی دەسەڵاتداردا لەم رووداوە تراجیدییەدا کرا...

دوکتۆر فازڵ ئەلچەلەبی لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا باسی ئەوە دەکات، ئەو دەمی لە رۆژگاری سەدام حوسێندا بریکاری وەزیری نەوت بوو، نە ئەو و نە وەزیری نەوت بەهیچ شێوەیەک بڕی ئەو نەوتە عێراقییەیان نەدەزانی، کە بۆ دەرەوە رەوانە

١. البداية والنهاية. ابن كثير. الجزء ١٠ ص ٢٠٤ دار احياء التراث العربي. بيروت.

دەكرا، نەیش ئەو نرخەی نەوتەكەی پێ دەفرۆشرا، هەروەها گوتی: (لە ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بەرگریم لە شتێك دەكرد نەمدەزانی چییە).[٢] هەروەها ئەوەی ئەو كات لە هۆیەكانی ڕاگەیاندندا ڕای گەیاند و ئەوی پاشان بەفەرمی جەختی لەسەر كرایەوە، وەزیری بەرگریی عێراق بەهێرشەكەی سوپای عێراقی بۆ سەر كوێت و داگیركردنی پێ نەدەزانی، ئەمەش نموونەیەكی بەرچاوی ئەم سیفەتە خراپەیە لە پەلەپەلكردن و تاكڕەوی لە بڕیارداندا.

ئەگەر ئەوی لەبارەی لەداردانی هەندێك كەسەوە لە ماوەی ڕابردوودا لە ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستدا بەهۆی لەیەكچوونی ناوەكان ڕاست بێت، لە ئەنجامی هەڵەشەیی لە ئەنجامدانی بڕیاری لەداردان، پاشان داوای لێبووردن و پێشكێشكردنی قەرەبوو بەكەسوكاری غەدرلێكراوانی دەستی دەسەڵات لە ڕێژیمی پێشوودا، ئەوا نموونەیەكی دزێوی ترە بۆ سیفەتی هەڵەشەیی و پەلەپەلكردن لە دانی مەترسیدارترین بڕیاری چارەنووسسازدا.

بەسەدان نموونەی تری لەم بابەتەمان هەن لەسەر پەلەپەلكردن و هەڵەشەیی لە وەرگرتنی بڕیار لای تاكی عێراقی، كە لێرەدا بواری باسكردنیانمان نییە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین لەناو ئەم حەزەدا، خووی پەلەپەلكردن مەترسیدارترین سیفەتی وێرانكاری و خراپ لە كەسێتیی تاكی عێراقیدا خۆی حەشار داوە، ئەوانەیش تاكڕەوی و بەردەوام پابەندبوونە بەتاقە ڕایەكەوە بێ بەربەرەكانی، تەنانەت ئەگەر پێویستی كرد ئەم ڕایە بەزۆر بسەپێنرێت، بەمانایەكی تر تەنانەت ئەگەر وای خواست دەسەڵاتێكی دیكتاتۆریی بەزۆرەملێش دابمەزرێنێ بۆ ڕاژە و سەپاندنی یەك ڕا، ئالێرەدا ئەم خووە ئاكاری و ڕەوشتییە تاكڕەوییە جیاكەرەوەیە لە مێژووی عێراقدا لەمیانەی هەڵسوكەوت و كردەوەی تاكەكان و فەرمانڕەوا و شا و ئیمپراتۆر و خەلیفەكان، كە فەرمانڕەواییی دۆڵی ڕافدەینیان كردووە و ئەوانەی لەژێر بەزەییی حەزی ئاكاریی خراپدا بوون لە تاكڕەوی و سەپاندنی یەكڕاییدا. دەبێت بەتایبەت ئەم ویستە ئەگەر بووبێت لە دروستبوونی دیكتاتۆرییەتەكانی تاكڕایی لە مێژووی عێراقدا و ئەوی لێی بووەوە لە بەڵا و كوشتار و شەڕی

---

٢. دیدارێكی تەلەڤزیۆنیی كەناڵی ئاسمانیی ئەلشەرقیە لەگەڵ دوكتۆر فازڵ ئەلچەلەبی لە ٢٠٠٩/١١/٣دا وەشان كرا.

پاکـتـاوکـردنی تـراجـیـدی. وەک چۆن لـەو شـەپۆلە خـوێناوییـەدا ڕووی دا، کـە لە سـەردەمی عەباسـیـدا جێبەجێ کرا و ناوی نرا شـەڕ بەسـەر زەنـدیقـەکاندا و ئەو شــەپۆلی پـاکـتـاوکـردنە خـوێناوییـە فـراوانانـەی تر، کـە هاوکـات بوون لەگـەڵ پیــادەکــردنـی تیــۆری گــووراندنـی (خلق) قــورئان و هـی تریش لەو شـــەپۆلە خــوێناوییـــانەی پشــتــیــان بەســەپاندنی یەکـڕایی و پێـڕەوکـردنـی بەزۆر و بەدەسەڵاتخوازی و بەدیکتاتۆری بەستبوو.

ئەوی لەم بابەتەدا مایەی کارەساتە هەمان فەرمانڕەوا "لە عێراقدا" هەندێک جار قـەناعەت و ڕا و بۆچوونەکانی دەگۆڕێن لەگـەڵ گواستنەوەی بۆ قـەناعـەتی دژ، یان جیـا لە قـەناعـەتەکانـی پێشـووی، کە لە سـۆنگەیەوە ملی چـەندان کـەس پەڕێنران، هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، خەلیفە واسق کە زیادەڕەویی کرد لە لـەداردانی ئەوانـەی بڕوایـان نەهێنا بەتیـۆری گــووراندنـی قــورئان و ڕەنگە لە دوادوایی ڕۆژەکانی ژیانیدا خـۆیشی وازی لەم تیـۆرە هێنابێت، کە زۆرێک لەوانەی بڕوایان پێی نەهێنا و ڕای جیـاوازیان لەبارەیەوە هەبوو لەدار دران... بـەڕاسـتی وێنەیەکی پڕ لە شـۆک و کارەسـاتبارە بۆ دۆخـی پەلەپەلکردن و تاکڕەوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

تا ئێسـتاش ئەم جۆرە لە ئاکاری تایبـەتمەند بەپەلەپەل و تاکڕەوی لە وەرگرتنی بڕیاردا هـۆیەکی سـەرەکی پێک دەهێـنن لە زۆرێک لەو نـاکـۆکی و دووکـەرتـبـوون و ناتەباییانەی لەناو حزبە سیاسییە عێراقییەکان و لە فەرمانگە و وەزارەت و دەزگا و کـۆمــپــانیــاکــاندا لـە ئێـســتــادا ڕوو دەدەن، زۆر جــاران نەریت وایە ڕووی تاوانبارکردن ئاراستەی بەرپرسی یەکەم لە حزبدا یا لە دامـەزراوە بەدیکتاتۆری و تاکـڕەوی لە ڕا و بڕیاردا بکرێت بێ گـەڕانەوە بۆ ڕای ئەوانی تر، یاخـۆ گـفـتـوگـۆ لەگەڵیاندا.

هـەروەهـا توندیی پابەنـدبوونی تـاکی عـێــراقی بـەحــەزی تاکــڕەوی و ئارەزووی دەسەڵاتخـوازی و سـەرسـامبوونی بەخۆی و بەخـودی خۆی لە ویسـتێکی نەرگسیی بەرچاودا، کە بەردەوام و ناهۆشیـارانە پاڵی پێوە دەنێت بکۆشـێت بۆ لاوازکـردن و لابردنی ئەوی تر و لە بایەخ کەمکردنەوە و دەرخستنی کورتهێنان و کەم توانایی، یاخـۆ دروسـتکردنی تۆمـەت لەسـەر بنـەمـای مـەزەنـدەی ترسناک بۆی و بەشـێوەی تایبەت کەسی بەرپرس، یاخۆ ناودار، یا سـەرکەوتوو، یان خودان پۆستی باڵا و پلە

و پایەی گەورە، بەمەبەستی لاوازکردن و خستنی، هەموو ئەمانەش بەسەر یەکەوە دیاردەیەکی خراپ دروست دەکەن، کە سەرجەم عێراقییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن، مەبەستمان دیاردەی تاوانبارکردنە، کە هەر تاکێکی عێراقی دەکۆشێت ئەوانی تر تاوانبار بکا و ئابڕوویان لەکەدار بکا، دیاردەیەکە لە نێوان عێراقییەکاندا لە هەر شوێنێکی دنیادا "سەرەڕای عێراق"، کە بەهۆی گوزەران، یا کارەوە عێراقیی لێ بێت لە شێوەی نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە...

ئەم هەڵسوکەوتەی کۆنترۆڵی تاکی عێراقیی کردووە و بەمەبەستی ناهۆشیاری لە زۆر کاتدا پابەندی دەبێ و جێبەجێی دەکات، ئەوەیە بەشە نەبینراوە ڕانەگەیەندراوەکە لە هۆیەکانی ناکۆکی و دوژمنارییە بەردەوام و هەمیشەییەکان لەناو حزبە عێراقی و بارستە و بەرە سیاسی و فەرمانگە و دەزگا و دەستە فەرمی، یا میللی، یاخۆ کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێت، تەنانەت دەستە ئاینییەکانیش، هەروەها پاڵنەرێک بۆ هەواڵگەیاندنە تەناهییە هەڵبەستراوە چڕە بەردەوامەکان لە نێوان عێراقییەکاندا دژ بەیەکتر دروست دەکات، کە هەندێک جار بەخۆڕایی و بێ داواکردن، یا ڕوولێنان لە فەرمانگە ئەمنی و هەواڵگرییە پسپۆڕەکاندا ئەنجامی دەدەن، ئەم هەڵسوکەوتانەش زۆرێک لە عێراقی و ناعێراقییەکان هۆ و پاڵنەرەکەی نازانن، کە گەلێک جار بەدیارکراوی بزر و ناڕۆشنن، ئەم کارە زۆرجار بووەتە مایەی سەرسوڕمان بۆ بەرپرس و کارمەندانی لە فەرمانگەکانی کۆچبەری و هەواڵگری بۆ ئەو وڵاتانەی جیهان، کە عێراقییەکانیان گرتووەتە خۆ، ئەمانە تاککەوتنی عێراقییەکان جیا لەوانی تر بەم سیفەتە خراپانەوە، کە بەئاشوبگێڕی و پیلانی بەردەوام دژ بەیەکتر ناسراون، دەبینن..

ئەمەش زۆرجار بەشێوەی پرتەوبۆڵە و گاڵتەپێکردن و ڕق لێبوونەوە دژ بەپەناهەندە عێراقییەکانی ئەو وڵاتانە گوزارشتیان لێ دەکرێت.

شتێکی ناسراوە عێراقییە کۆچبەرە پەناهەندەکانی دەرەوە بەوردی و بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت چاو دەخەنە سەر یەکتر و لە کوێ شتێک بزانن، یا ببینن لەبارەی یەکترەوە هەواڵ بەفەرمانگەکانی کۆچبەری و ئاسایش دەگەیەنن، تا ئەو ڕادەیەی ئەستەمە هیچ عێراقییەک بتوانێت کارێک بکا، ئەگەر چەندیش بێبایەخ و تایبەت بێت، بێ ئەوەی لە فەرمانگەکانی کۆچبەری، یاخۆ ئاسایشی ئەو دەوڵەتە تۆماریان نەکردبێت.

ئەمەش لە سۆنگەی زمان لێدان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی عێراقییەکانەوە.

یەکێک لەو عێراقییانەی لە سالانی هەشتاکانەوە لە یەکێک لە ولاتەکانی ئەورووپای باکور نیشتەجێیە، بۆی گێڕاینەوە چەندێک ئەو ولاتەی جێ هێشتبێت و بۆ ئەردەن، یا سووریا، یان لبنان بەمەبەستی دیتنی کەسوکاری، یاخۆ خزمەکانی، کە لە عێراقەوە هاتبن، سەفەری کردبێت، بۆ نموونە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەو ولاتەی تێیدا پەناهەندەیە، لە فەرمانگەکانی کۆچبەری و هەوالگرییەوە بانگ کراوە و پرسیاری ئەوەی لێ کراوە بۆ بەفەرمانگەی کۆچبەریی نەگوتووە، سەفەر دەکات، یاخۆ ولات جێ دەهێلێت؟ چونکە لەسەر پەناهەندەیە بەفەرمانگەکانی کۆچبەری بلێت، بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی دیار نییە، یان سەفەری کردووە، تاکو لە دەرمالە مانگانەیییەکەی ببڕن...

بەئەزموون ئەم عێراقییە زانیویەتی ئەو ڕاپۆرت و هەوالدانەی ئەو عێراقییانەی دەیناسن و بەرزی دەکەنەوە، هەر ئەوانەن وا لە فەرمانگەکانی کۆچبەری دەکەن بەتەواوی بزانن کەی سەفەری کرد و کەی گەڕایەوە، لەبەر ئەمە شێوازێکی سەیری داهێنا، بڕیاری دا کەنگێ سەفەر بکا، یا بەرەو فڕگە بڕوات، بەهیچ شێوەیەک بەهیچ تاکێکی عێراقی نەلێت، کاتێک وەختی سەفەرەکەی دەهات ئەوا جلی سەفەری لەبەر دەکرد و لەبانەوە جلی وەرزشی دەپۆشی و جانتایەکی وەرزشی بەشاندا دەدا و پڕی دەکرد لە شتی پێویستی سەفەر، بێ ئەوەی هیچ جانتایەکی تر لەگەڵ خۆیدا ببات، پاشان بەپیاسە لە مالّ دەردەچوو وەک ئەوەی بۆ یانەی وەرزشی بڕوات، لە گەڕەکەوە تاکسی نەدەگرت بۆ فڕگە، بگرە پاش ئەوەی قەدەرێک لەو گەڕەکەی تێیدا دەژیا دوور دەکەوتەوە ئینجا دەیگرت، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەکو یەکێک لە عێراقییەکان لەوانەی دەیناسن، بیبینن و ڕاپۆرتێکی بۆ دەسەلاتدارانی کۆچبەری لەسەر بنووسن، ئیتر لەناو فڕۆکەکە جلە وەرزشییەکانی دەگۆڕی... بەمە تا ڕادەیەک خۆی لە چاوی عێراقییەکان و ڕاپۆرتەکانیان و هەوالدانە بوختانکراوەکانیان و حەزی تاکڕەویی زال، کە لای عێراقییەکانی دەرەوەدا باو بوو، بەدوور دەگرت.

٢- توند تەبیعەتی و زیادەڕۆیی لە کاردانەوەی دەمودەست و تۆلەدا:

لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک، یاخۆ شەڕەقسەیەک، یا هەر هەلسوکەوتێک لە

یەکـێکی ترەوە دەرچێت، عـێـراقی بەجـۆرە بەرەنگارییـەک، یا هـاندانێک، یان چوکڵەچزێیەک (استـفزاز)، یاخۆ تاوانبـارکردنێک، یانیش سووکایەتی پێکردن تێ دەگـەیشت، ئەوی پێی دەگـوترێت تـوند تەبیـعـەتی لای تـاکی عـێـراقی کـۆمـەڵێک کـاردانەوەی هەنووکـەیی دڕندە و تۆڵەسـێنخـوازی وای لا دەتـەقێنێـتـەوە لەوە تێ دەپەڕێت هەڵوێستـەکە دەیخوازێت، یا پێویسـتییـەتی و جۆشخـواردنەکان لای ئەو بەخێرایی بۆ ئەوپەڕی مـەترسیی حیساب بۆ نەکراو و نارێکوپێک هەڵدەچن، لەگەڵ دڵەڕاوکێ لە پیادەکردنی بەرەنگاربوونەوە و دوژمنکاری، ئەمەش وا دەکات توانای کۆنترۆڵکردنـی هەڵسوکـەوتە ناشرین و لە ناکاوەکان کارێکە لەوپەڕی زەحـمەتیدا بێ و زۆرجاریش ئاکـاری پڕ لە هەڵچـوونی خـراپ و سـەیر و لەدەست دەرچووی وا دەبنە هۆی ڕووداو و ئەنجامی خراپ و نەرێنی، بیرڕۆییەکی خـراپیشـمان لەسـەر خوو و سیفەتی کەسێتیی عێراقیی هەڵەشەمان دەداتێ، تەنانەت ئەگەر ئەم کەسە عێراقییە گەڕایەوە سەر دۆخی هێمنی، یاخۆ لێبووردن لەو خـراپییانەی هەر ئەو کات، لە سۆنگەی هەڵچوونە هەستیرییە نارێکوپێکەکانییەوە کردوونی، زۆرێک لە پێگە و ڕێزی لای ئەوانـی تر لەدەست دەدات، ئەوانەی دوور کـــەوتنـەوە لێی لە مامەڵەکردنی ئاڵوگۆڕ لەگەڵیدا بەباشتر دەزانن، ئەگەرچی پلە بەپلەش بێت.

ئەم هەڵوێستە بەگشت ڕەهەندەکانییەوە لەلایەنی شێوە و ناوەڕۆک و ئەنجامەوە لەسـەر ئاسـتی تاک و کـەسـێنیدا ڕوو دەدات، هەروەها بـەهەمـان ڕەهەند لەسـەر ئاستی بەکۆمەڵی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕوو دەدات، ئا لێرەدا مـەترسی ئەم خووە ئاکارییە دژوارە و ئەو ئەنجامە خراپانەی بەدوایدا دێن، بـەماڵوێرانی و کارەسات بەسەر سەرجەم گەلی عێراقدا ڕەنگ دەدەنەوە.

٣- کەسی عێراقی توانای بەردەوامیی لەگەڵ ئەوانی تردا نییە:

تاکی عێراقی لە کاتی سەرهەڵدانی سەرەتاکانی ناکۆکی و جیاوازی لە قەناعەت و هەڵوێست و ڕا لە نێـوان خـۆی و ئـەواندا، توانا و ئارەزووی لە بەردەوامـبـوون لەگەڵیاندا نییە، یا ڕێککەوتنی گشتی و تەواو لەگەڵ ڕا و قەناعەتەکانیدا دەبێت لەگەڵ بەردەوامی، یاخـۆ پچڕانی تەواو، یان نیمـچە تەواو... ئـەمـەش شـێوازێکە لە شێوازەکانی ڕەوشتی دەسەڵاتخوازیی یەکلاکەرەوە لە هەڵسوکەوتی تاکی عێراقی، کە ڕەنگدانەوەی حەزی شاراوەیە لە سەپاندنی ڕا و هەڵوێست و بۆچوونەکانی.

٤- کـەسی عێـراقی لە کـاتی بەهێـزی و دەسـەڵات و نـاوبانگدا بەلای بەرزەفـڕی و خۆبەزلزانیدا لادەدات:

تاکی عـێراقی لە ڕەوشی ئاسـاییدا بەلای شـێلگیری لە ژیان و هـەڵسوکـەوتدا لادەدات، ئـەو خــۆی بـەچـەندان پـابـەندبـوون و ســـرووتی ڕووکـــەشـی قـــورسـی ناپێـویسـتـەوە گـرێ دەدات، لەبەر هۆێلێک پێـوەندن بـەئارەزووی شـاراوەوە بەرەو بڵنـدی و گـەورەیی و خـۆویسـتی، ئەو هێند سـەری لەگـەڵ گـاڵتـە و قـۆشـمـەیی و توانجگرتندا خۆش نییـە، بەتایبـەت لەگـەڵ ئەوانەی بەباشی نایانناسـێت، یاخـۆ مــاوەیەکی زۆر تێکەڵیــان نەبووە، چـونکە وا مــەزەندە دەکـات زۆر گـاڵتـەکـردن و قۆشـمـەیی شکـۆمـەندیی کەسـێنی لەدەست دەدات و ڕێزی کـەم دەکاتەوە (ئەمـەش مـانای ئەوە نییـە بەهـەزاران عـێراقی حـەز بەزەوقـی خـۆش و گـاڵتـە و نوکـتـەی هەمیشەیی نەکەن).

هـەروەها تەنیـا جلی ڕەنگ سـەنگین دەپۆشـێت، کە پێی باشـە ناوی بـنێت ڕەنگە شکۆمـەندەکـان، چونکە بڕوای وایە خـەسـڵـەتی شکۆداری و داپۆشـین و هـەیبـەت و ڕێزی پـێ دەدا و لە پۆشـینی پۆشـاکی ڕەنگاوڕەنگ، یا خـۆشی، یاخـۆ زەق دوور دەکەوێتـەوە و بەشوورەیی و مـایەی پێکەنینی دەزانێت و لە ئابڕووی کـەم دەکاتەوە، هـەروەها تا ڕادەیـەکی زۆر خـۆی لە هـەر هـەڵسوکـەوتێک دوور دەخـاتەوە پێـوەندیی بەســـووکی و شــادی و کـامــەرانی و خــۆشـیی بەرچاوەوە هـەبێت، بەتایبــەت بەئامـادەیی ئەوانی تر لە بێگانـان و ئەوی بەمە هـەڵسێت بڕیاری تیـژ و دڵڕەقـانەی بەســـەردا دەدات... بـەدووری نازانین کـەسی عـێـراقی ئەم داوونەریت و سـرووتە قـورسـە نێزیکانە لە خـەم و شـێلگیری، بەهۆی ڕەوشی زۆرەملێ و توندوتیـژی و کوشـتار و پەژارە و سـتەمەوە بۆ مـابێتـەوە، کە لە ماوەی چەندان سـەدە لە عێراقدا بەدوای یەکدا هـاتوونە، وێڕای خـەمی ڕەهەند کـەربەلایی ئـامێز، کە بەمـاڵوێرانییـە قورسـەکەیەوە بەدرێژاییی چەندان نەوە سێبەری بەسـەر خاکی ڕافیدەیندا هەڵدا و لە ویژدانی گەلی عێراقدا چەقی، هـەر لە شەهیـدبوونی ئیمام حوسێنەوە بەو شێوە تراجـیـدییــەی لە کــەربەلادا ڕووی دا، لەبەر ئـەوە ئەم خـەسـڵــەتە توندڕەوییــە لە شـێلگیـری و خـەم، کە ئاکاری کەسـێتـیی عێراقیی گرتەوە، لە سـۆنگەی ڕەوشـە مێژووییەکەوە لە نەریتە کۆمەڵایەتییە وەرگیراوە سەپێنراوەکانە.

ئەم ڕەهەندە خەماوییە گشتییە لە ئاکاری مرۆڤی عێراقیدا لەسەر زۆرێک لە جۆری چالاکیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەریی ئەمە بەڕوونی لە شێوازی گۆرانیی عێراقیدا دەبینین، کە نێزیکترە لە لاواندنەوە، بەتایبەت سترانی لادێیی، هەروەها موزیکی عێراقی، کە شێوە خەمبارییەکی بەسەردا زاڵە.

تەنانەت بانگدان، یا قورئان خوێندن لە عێراقدا شێوازی گریانئامێز بەشێوەیەکی ڕوون، بەسەریاندا زاڵە، جیا لە وڵاتانی تری عەرەبی و جیهانی ئیسلامی.

ئەم ئاکارەیە لەژێر ڕەوشی ئاسایی و سروشتیدا کەسێتیی عێراقی پێڕەوی دەکا و بەلایدا لادەدات، بەڵام لە کاتی بەدیهێنانی ڕەگەزەکانی هێز و سەرکەوتن و ناوبانگ، یاخۆ سەرکەوتنی زۆربە ئەوا ئاکاری کەسێتیی عێراقی شێوەیەکی دوو هەندە وەردەگرێت لە بڕوا بەخۆبوون و خۆ بەگەورەزانی و لەخۆباییبوون و ویستی پەلاماردان و دوژمنکاری، بەتایبەت لە کاتی هەبوونی ئامرازەکانی هێزی مادیی ستەمکاری، وەکو دەسەڵات و پارە و سوپا، ئەو کات لای تاکی عێراقی حەز و ئارەزوو (بەشێوەیەکی زۆرەملێیانەی نەویست) هەڵدەکشێت، بۆ بەرجەستەکردنی دیاردەکانی فیززلی و لەخۆباییبوون و جەور و ستەم و هەڵبڕینی بەڵگەیێلی هێز و توانا و بڕوا بەخۆبوون، ئەو دەم (زۆرجار) بەلایەوە قورس دەبێت لە شوێنی لەخۆبووردەیی و ئاسوودەیی و ڕەوشتی بێوەیانە بمێنێتەوە، وا دیار دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەلای خۆهەڵکێشان و بەرجەستەکردنی "هەر سیمایەک بۆ ئیرادەی هێز"[٣] لادەدات، دەکرێت بۆ سەپاندنی دەسەڵات و دیکتاتۆری بەسەر ئەوانی تردا بەکاری بهێنێت، دۆخی من (ego) بەڕەهەندە نەخۆشییەکانییەوە لای گەورە دەبێ.

لەم بارەیەوە دوو نموونە لە سەدان نموونە دێنینەوە ئەم مەبەستەمان بپێکن، نموونەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە زاین، هەرچی نموونەی دووەمە بۆ هەزارەی دووەمی پاش زاین دەگەڕێتەوە، ئامانجیش لەم دوو نموونەیە

٣. معجم علم النفس والتحليل النفسي. د. فرج عبدالقادر طه. ص ٢٧٦. دار النهضة العربية. ئەم بڕگەیە کورتکردنەوەیەکی چڕی بیردۆزەکەی ئەدلەرە لە پێناسەکردنی دوژمنکاریدا.

ئاشکراکردنی بوونی خەسڵەتی دەسەڵاتخوازی و فەرمانڕەوایی و دەست بەسەردا گرتن و ویستی هێرشبردنە لە ئاکاری تاک لە کۆمەڵگەی دۆڵی ڕافیدەیندا، یاخۆ لە کاتی ئێستادا بەتاکی عێراقیی ناودەبەین و کارابوونی حەزی دەسەڵاتخوازی لای، ئەو کاتی هۆیەکانی هێز و زاڵبوون و جەور و ستەم و سەرکەوتن شک دەبات.

ڕووداوی یەکەم کە بەکورتی قسەی لەبارەوە دەکەین، هێرشکردنی تەمومژاوی و بێ پاساوە، کە حەمورابی دەستی دایێ بۆ سەرکوتکردنی (پاشای ماری) شا زمری لیمی هاوەڵ و هاوپەیمانی (کە مەملەکەت و ژیارێکی کۆنە لەسەر فورات لە خوارووی موسڵ دامەزرا)، ئەوە بوو ئەم پاشایە (زمری لیم) دوای توندوتۆڵکردنی هاوەڵی و پێوەندیی دۆستایەتیی نێوانیان، پەیمانێکی لەگەڵ شا حەمورابیدا بەست، حەمورابی لە سۆنگەی ململانێیەکی بەردەوام لەگەڵ پاشاکانی تری دەورووبەری بابل، ئاتاجی ئەم هاوپەیمانێتییە بوو، کەچی دوای ئەوەی هێواش هێواش بەسەر ئەو شانشینانەدا زاڵ بوو و یەک یەک گرتنی و هێزێکی زەبەلاحی سەربازیی پێکەوە نا، پەلاماری شا زمری لیمی دۆست و هاوپەیمانی دا و ساڵی ١٧٥٩ی بەر لە زاین وڵاتەکەی گرت و شووراکانی شاری ماریی ڕووخاند و کۆشکی شاهانەی سووتاند، کە بەحەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیا دەژمێررا، هەرچی شا زمری لیمی شای ماری و دۆست و هاوپەیمانی حەمورابی بوو "هیچ شتێک سەبارەت بەچارەنووسی نازانرێت"[٤] تەنانەت چارەنووسی خێزانەکەشی، سەرچاوە مێژووییەکان هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەو هۆیانە نییە، کە وایان لە حەمورابی کرد پەلاماری شانشینی ماری بدات و شا زمری لیمی دۆست و هاوپەیمانی لەناو بدات، جگە لە هەندێک ئاماژەی دووبارەبووەوە نەبێت، ئەو کات هێرشەکە ئەنجام درا پاش ئەوەی حەمورابی لە زاڵبوون بەسەر شانشینەکانی دەوروبەری "بابل" بووبووەوە...

هەڵگەڕانەوەی دەمودەستی حەمورابی لە بەرابەر هاوەڵ و هاوپەیمانەکەی و داگیرکردنی وڵاتەکەی هەڵسوکەوتێکە مایەی سەرسوڕمان و ناڕوونی و لەلایەنی زانستی و مێژوویی و ئاوەزەوە دوورە لە تێگەیشتنەوە... ناشکرێت لێکدانەوەی ئەم ئاکار و هەڵسوکەوتەی حەمورابی ئەنجامی داون، لە دەرەوەی ئەو هۆیانەبن کە

٤. د. عید مرعی. تاریخ بلاد الرافدین. ص٨٠.

پێوەندن بەویستی دەسەڵاتخوازی و دەستبەسەردا گرتن و ئارەزووی پەلاماردان، کە لای شا حەمورابی تاوی سەند، هەینێ وڵاتەکەی بەهێز بوو و ئامرازەکانی بەهێزبوونی گرتنە دەست و پاش ئەوەی دڵنیا بوو توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی هەیە "لە ڕاستیدا نووسراوەکانی ئەو سەردەمە شتێکی وایان تێدا نەبوو ئەوە ڕوون بکەنەوە چۆن پێوەندییەکان بەرەو خراپی چوون و شەڕ لەگەڵ ماریدا ڕووی دا، بەڵام وا دیارە پێویستی بەبوونی پاڵنەرە ڕاستەوخۆکان نەبوو بۆ شەڕ، بگرە بەلای حەمورابییەوە ئەمری واقع بوو".[٥]

لە نووسراوە بابلییەکاندا تیژتێپەڕ باس لەم هەڵمەتە کراوە "لەسەر خواستی هەر یەک لە ئانۆ و ئینلیل حەمورابی هەستا بەڕووخاندنی شووراکانی ماری..."[٦]

مانای تێکستەکەش ئەوەیە حەمورابی شەڕی بەسەر ماریدا هەڵگیرساند و شووراکانی ڕووخاند و دۆستەکەی لەناو برد، ئەمانەش لەسەر داوا و حەزی هەردوو خوداوەند ئانۆ و ئینلیل، واتا ئەوە خواکانن داوایان لە حەمورابی کردووە وا بکا...

ئەمە پاساوێکی بێ مانای خەیاڵییە حەمورابی پەنای بۆ بردووە بۆ ڕەوایی ئاکارە دەسەڵاتخوازییە دوژمنکارانە فراوانخوازییەکەی، بەپاڵپشتی سەودای هێرشبردن و دەسەڵاتگەری و دەستبەسەرداگرتنی چێنراو لە کەسێتیی دەسەڵاتخوازیدا.

هەرچی نموونەکەی ترە ئەوا بەنێزیکەی چوار هەزار ساڵ دوورە لە نموونەکەی پێشووەوە، ئەگەر ئەو هۆ و پاساوانەی ڕژێمی عێراق خستنییە ڕوو بێنینەوە بیری خۆمان سەبارەت بەهۆیەکانی هێرشکردنە سەر ئێران و داگیرکردنی بەشێک لە خاکەکەی لە ساڵی ١٩٧٩دا، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێک هەشت ساڵ بەردەوام بوو و دوو ملیۆن کوژراو لە هەردوو لا بوونە قوربانی، دەبینین هۆ و پاساوەکانی بێ مانا و ڕووکەش و بچووکن، ئەوەندە ناهێژن ببنە بەهانە و پاساو بۆ پەردەپۆشکردنی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی، کە زیادی کرد و کۆنترۆڵی ئاکاری

٥. تاریخ سوریا. د. عبدالله الحلو. الکتاب الاول. التاریخ العام. ص٣٩٠. مطبعة الف باء. الادیب. دمشق.

٦. هەمان سەرچاوە. ل ٣٩١.

فـەرمـانڕەوای عـێـراق (سـەدام حـوسـێن)ی کـرد و بوو بەحـەزی هێـرشـبـردن بۆ بەدەسـتـهێنانی دەسـەڵات و هـەژموون و بەدیهێنانی سـەرکـەوتنی سـەربازی بەسـەر وڵاتێکی مـەزن و دێرینی وەکـو ئێـران، کـە بەدرێژەی مـێژوویـی ئیـمـپـراتـۆریەتی فارسی دادەنرێت.

ئەم هـەسـتـە کە زاڵە بـەسـەر هـەڵسوکـەوت و ڕەوشـتـی فـەرمـانڕەوای عـێـراقـدا بەشێوەی دەستبەسەرداگرتنی زاڵ سەری کرد، هـەینێ هـەسـتی کرد ئامـرازەکانی هێـزی تێکشکێنـەر شک دەبات و بڕوای وابوو ڕێژێمـی ئێران لاوازە و لە سـۆنگەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانەوە سوپای ئێران هەڵوەشاوەتەوە.

تا پرۆسـەی داگـیـرکردنی کـوێتـیش لە ئـامـانج و مـەبەست و جێـبـەجێکردندا دەرناچێت لـە ویســـتـی عــێــراقـی لە ســـەپاندنی ئاکـــاری دەســـەڵاتخـــوازی و جەختکردنەوەی هەوەسی دەسـەڵاتخوازی و هـەژموون و بەرجەستـەکردنی ویستی هێز...

جگە لـە هـەمــــوو ئـەو هۆ و پاســــاوانە، کــــە لـە لێکدانـەوە ڕاگـــــەیانـدن و ڕۆژنامـــەوانیـــەکــان و شـــیکردنەوەی ســـیــاسـی لە جـێ پەنجـــەی هونەریی بۆ ئامادەکاریی شانۆی چالاکییەکان بترازێت هیچی تر نەبوون...

ڕەنگە بـتـوانین ئەوەش بڵـێین، سـیـمـاکـانی ئاکـار کـە تـاکی عـێـراقی بەفـیـز و خۆبەزلزانی و لەخـۆباییـبـوون دەناسـرێتـەوە، پـتر و پـتر بەدەردەکەوێت ئـەو کـاتی پێـشکەوتـوو، یا لێـهـاتوو، یان داهـێنـەر دەبێت لە کـارێک، یـاخـۆ لـە پیـشـەیەک، یا هونەرێک لە هونەرەکاندا...

دەتوانـین بۆ شـایەدی چەند دێرێک لە چامــەی شـاعـیـری ناوداری عــێـراقی ئەبوتەیب ئەلموتەنەبی بـهێنینـەوە لەبارەی شـانازی بەخـۆوەکـردن و خـۆبەزلزانی و لووتبــــەرزی، تا ئـەوپەڕی زیادەڕۆیی لـە پـابەندبوونـی ئەم ئـاکــــارە پڕ لە حـــــەزی شـاراوەیـە بۆ بەرجـەسـتـەکـردنی ویسـتـی دەسـەڵاتـگەری و تاکڕەوی و هـەژمـوون و بەخۆوە نازین، وەکو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| وكل ما قد خلق الله | ومـا لـم يـخـلـق |
| محــتقر فـي همتي | كشعرة في مفرقي |

ئەمــە ئـەوپەڕی زیادەڕۆیـیــە لە خـۆبـەزلزانی و بەخــۆوە نازین، بەشــێـوەیەک

سنووری نـامـاقـوولّی خـۆی بـەزاندووە، ئەو لە شـوێنی هـیمـەت و تـوانای بەهێـزی خۆبەزلزانییـەوە وای دەبینێت چی خوا خـولّقـاندوویەتی لە بوونەوەران و ئەوانەشی هێشتا نەیخولّقاندوون لای ئەو شتێلێکن بایەخیان نییە، بەڵکو بەڕای ئەو قێزەونن و لە تاڵە موویەکی تەوقی سەری زیاتر ناکەن.

لەو دەمـەوە تاکو ڕۆژی ئـەمـڕۆ بەدەگمـەن شـاعیـرێکی داهێنەر و سـەرکـەوتوو و ناوداری عێراقی دەبینیتەوە توانیبێتی لە ویستی خۆبەزلزانی و خۆویستی ڕزگاری بووبێت.

بەم شێوەیە دەبینین داهێنانی هەلاّواردەیی تاکی عێراقی لە زۆر کاتدا هاوشانە لەگەڵ ئاکاری لووت بەرزی و خۆبەزلزانینی بێ کۆتا بەخودەوە... هەروەها ئاکارێلی لووتبـەرزی و لـەخـۆبـاییـبـوون و خـۆبەگـەورەزانی لای بـەدەردەکـەون، ئەو کـاتی پۆستێکی گرینگ لە دەوڵەت، یاخۆ لە کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێ.

ئیدی هـەر لـەگـەڵ یەکـەمین هـەلدا بوار بۆ کـەسی عێـراقی ڕێک دەکـەوێت ببـێتـە خـاوەنـی هۆیەکانی بـەدەسـتـهـێنانی نـاوبانگ و سـەرکـەوتن و ناودەرکردن لـەسـەر ئاستێکی فراواندا، ئەمەش بۆ ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە کە پێوەندییان بەداهێنان، یا زیرەکی، یان شـارەزاییـیـەکـەیەوە هەیە لـە بوارێک لە بـوارەکـانـدا، یاخـۆ بـەهـۆی دامـەزراندنیـیـەوە لـە پۆسـتـێک، یاخـۆ کـارێکی گـرینگدا، یاخـۆ هـەینێ بەرپرسـیـارێتـیـیـەکی سـیـاسـی، یا کـارگێڕی وەردەگـرێت دەشـێت پلـەی بەرزتر بکرێتەوە و سـەرنجی هەمووان بۆ خۆی ڕاکێشێت، یانیش ناوبـانگێگی بەرفراوانی لەنێو خەڵکدا بۆ دروست دەکات...

دەڵێین: هـەر کـە یەکـەمین هـەل بۆ عێـراقی لە سـەرکـەوتنـی پەیژەی ناودەرکردندا دێتـە پێشـێ "مـەبەسـتـمـان هەمـوو عێراقـییـەک نییـە بەڕەهـایی" ئەوا گـۆڕانێکی نەرێنیی خـێـرا و بەرچاو بـەئاکـارییـەوە دەبینـرێت لە بەرابەر دۆسـت و ناسـیـاو و خـزمـان و گـشت ئـەوانەی دەورووبەری لەوانەی دەیـناسـن و دەیانـنـاسـێت، وا دیار دەدات ئەمـە گۆڕانێکی ڕوون بێت لە شـێـوازی مـامـەڵە و ئاخـاوتـن و قسـەکـردنی لەگەڵیـاندا، کە بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ ئاخاوتنێکی بالاّی فـەرمان دەرکەر و قسەی پڕ لە خـۆبەزلزانی، کە مـاناکـانی هـێـز و لەخـۆباییبـوون بـەسـەریدا زاڵ دەبن، وەک چۆن لە ئـاسـت هـەنـدێک لـە هـاوەلاّن و نـاسـیـاوانـی، لەوانـەی بـەردەوام دەبن لـە بەتەوەنگەوەهـاتنی پێـوەندیکردن پێـوەی و هـەوڵدان بۆ تێکەڵبـوونـی بەهـەمـان ڕوحی

جـارانەوە لـە برایەتی و سـادەیی و خـاکـەڕایی، کـە بەر لـە کـرانەوەی دەروازەی نێوبـانگ و شکۆمـەندی و سـەرکەوتن لە نێـوانیـاندا بڵاوبـوو، سـیمـای نیگەرانی و بێئارامی و جارِسی و جیقڵدانەتەنگی بەهەڵسوکەوتییەوە دیار دەبێ.

هەرچی ڕووپامایی (مجامله) و لەخۆبوردوویی دروستکراون، کە کەسی عێراقی هەوڵ دەدات لە ڕۆژانی یەکەمدا دوای وەرگرتنی پۆست، یاخۆ بەرپرسیارێتییەکەی و بەدەستـهێنانی ناوبانگ و شکۆ بیـاننوێنێت، ئەوا کۆششێلێکی تەمەن کورتن و جگە لە مـاوەیەکی ئێـجگار کـەم بەردەوام نابـن، تاکـو جـیـابوونـەوە و دابڕان و لەبیـرکردن و ئەوانی تر بـەنزم تەماشـاکـردن جێـیان دەگرنەوە، زۆر جـاریش ئەو عێراقییە ناسیاو و دۆستە نێزیکە لەمێژینانەی لەدەست دەدات، ئەوانەی گەلێکیان دەگۆڕێن بۆ گلەییکەر و ڕەخنە لە ئاکار و لەخۆباییبوون و بێوەفاییەکەی دەگرن.

ڕەنگە ئاکـاری وا کـە بـەوەرچەرخـان و خـۆیی و هەڵگەڕانەوە لـە بەهـاکـانی دۆسـتـایەتی دەنـاسـرێتـەوە، بوونی هـەبێ و لـە زۆرێک لە کـۆمـەڵگە و نـەتەوەکـاندا بڵاوبێت، لەوانەیە بتوانین لای ڕەشەخەڵکی گەلێک لە میللەتانی دنیا لە هەموو کات و شوێنێکدا قسـەی بەتوێکڵ و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بدۆزینەوە و وەکو مـۆچیـاریی ژیان لەم زار بۆ ئـەو زار بگوازرێنەوە، بەڵام شـتـەکـە لە عـێراقـدا زۆر جیاوازە، عێراقییـەکان ڕۆژانە سـەدان پەند و چیرۆکی واقعی دەگێڕنەوە، کە باس لە پارادۆکسـی سـەیر و خـەمـاوی دەکـەن لـەبارەی ئەم جـۆرە لە ئاکـاری خـراپ و دووبارەکردنەوەی قسەوباس و ڕووداوێلێک، کۆتاییان نایەت سـەبارەت بەگلەیی و سـەرزەنشت و ئەو شکستەی بەدوایانەوەیە، لـە سۆنگەی هەڵسوکەوتی هەندێک لە هاوەڵانیانەوە لە ڕۆڵەکانی ناوچە یا شارەکەیانەوە، ئەوانەی دۆستایەتییەکی بەتین و توندوتۆڵ و پڕ لە ڕاستگۆیی، یاخۆ خزمایەتییەکی بەهێز دەیانبەستێ بەیەکەوە، بەر لەوەی ناوبانگ پەیدا بکەن، یاخۆ پۆستێکی گرینگ بەدەستەوە بگرن...

ئەم بابـەتە گـۆڕا و بووە خـوویەکی بەردەوامی قـسـەوباسی عـێـراقـیـیـەکـان و توانجـەکانیـان تا ڕادەیەک لە گشت شارێکی عێراقیدا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کـە بڵاوبوونـەوەی ئەم جـۆرە ئاکـارە وای لێـهـاتووە دیاردەیەکی زاڵ لە ژیـانی ڕۆژانەی کـۆمـەڵگەی عـێـراقـیـدا پێک دەهـێنێت جـیـا لـەوەی هـەیە، یاخـۆ باوە لەو دۆخـە تاکوتەرایانەی کۆمەڵگەکانی تر، لەلایەن پلە و توندی و شێوازەوە.

مایەی داخـە وێڕای ناجێگیرییە سیاسییە مـەترسیدار و توند و خوێناوییـەکان،

کـه لـه عـێـراقـدا دووبـاره دەبنەوه و بـەردەوامن و سـەرجـەم پـۆست و ئیش و مەڵبەندەکانی دەوڵەت لە هەموو ئاستەکاندا دەگرێتەوە، ڕادەی ئامۆژگاری و پەند وەرگرتن لەم بارەیەوە لە نێوان هاووڵاتییە عێراقییەکاندا زۆر کەمە.

هەمـوان لە عـێـراقـدا دژ بـەئاکـاری خـۆبـەگـەورەزانـی و فـیـز و بەرزخـوازی دەوەسـتـنـەوە، وێڕای ئەوەش هێـشـتـا لە بەردەمماندا نمـوونەی ئەو عـێـراقـیـیـانە دەبینـین، کە بـەخـراپـتـرین شـێـوە لە شـێـوەکـانـی لووتبـەرزی و لەخـۆبـاییـبـوون و بەرزخوازی هەڵسوکەوت بەسەر هاووڵاتییان و ناسیاو و خزم و دۆست و ڕۆڵەکانی شارەکەیاندا دەکەن، هەروەها ئەو ئاکارە لای هەندێک لە داهێنەران لە شاعیر، یا نووسـەر، یاخـۆ هـونەرمـەندا دەبینینەوە، لەوانەی ناوبانگ، یاخـۆ سـەرکـەوتنیـان بەدەست هێناوە، ئەگەر ئاکاری وا لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی ئاساییدا ڕەت بکرێتەوە، کـە وڵات هیـچ هێـزێکی سـەربازیی دەرەکی، یـا ناسـەربازیی تێـدا نیـیـە، ئـەی دۆخـەکـە چۆن دەبێت گـەر وڵات لەژێر بەزەیی سـوپای بێگانـەدا بێت! بەرزخوازی و لەخۆباییبوون لە کاتی وادا دەبنە مایەی قێزلێکردنەوە و بێزاری و ڕقلێبـوونەوە و سـووک تەمـاشـاکـردنی تـوند لای زۆربەی هاووڵاتیـیـان دژ بەهەر یەکێک لەو ڕەوشی پڕ لە مـەینەتییەی وڵات پێیدا تێ دەپەڕێت، پێڕەوی ئەم جۆرە ئاکاری خۆبەگەورەزانی بکا.

ڕەنگە بـاشـتـرین شـتـێک تاکی عـێـراقی پەندی لـێ وەربگرێت و وای لێ بکا لە ئاکاری دەسـەڵاتخوازی و خـۆبەزلزانی و بەرزخـوازی دوور بکەوێتـەوە، وەرگـرتنی پەند و ئامۆژگارییە لەو چارەنووسە تراجیدییەی ڕووبەڕووی پیاوانی فەرمانڕەواو و دەسـەڵات دەبێتەوە، لە هەر جارێکدا ڕژێمە سیاسییەکە لە ڕێگەی شـۆڕش، یا کـودەتا، یاخـۆ داگـیـرکـردنەوە دەگـۆڕێت، لـە دەیەکـانی پێـشـوودا ئەوان لە تـاڵیی غەریبی و تێکشکان و نوشوستیدا دەژیان و هەندێک لە خۆبەزلزان و بەرزخوازان دەرگـیـری نـەفـرەتـی خـەڵکی و بەنـزم تەمـاشـا کـردن دەبوونەوە، دوور نـیـیـە هەندێکیشیـان سـەرەڕای سووک و ڕیسوایی تووشی مەرگ و مەترسیی ڕاستەقینە بووبنەوە.

بێگومـان خـەسڵـەتی بێ فـیزی لە جوانـترین نموونەکانی ئاکاری کـۆمـەڵایەتیی تاکڕەوییە، کە پێویستە هەمـووان پابەندی بن، لە هەمان کاتیشـدا جەختکردنەوەیە لەسەر بوونی بڕوابوون بەخۆ و سەقامگیری و ڕازیبوونە لە سۆز و هەڵچوونەکاندا،

بەتایبەت لەسەر ئاستی سیاسی و نیشانەی گونجان و ڕێکەوتنە لە لایەنەکانی دەروونی مرۆییەوە، لە نێوان ئەوی بەرچاو و ئەوی پەنهانە.

٥- عێراقی لە متمانە پێدان و دوژمنکاریدا زیادەڕەوی دەکات:

هاوشان لەگەڵ خەسڵەتی توند تەبیعەتی و زوو هەڵچوون، تاکی عێراقی ڕوو لە زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و لە دوژمنکاریدا دەکات، ئەو زێدەڕۆیی و توندڕۆیی دەکات کاتێک هەڵوێست و پێگەی لە چوارچێوەی متمانەدا دەبێت و ئەم متمانە پێدانە کورت نابێتەوە لە وەسفکردنی پشتگیری، یاخۆ سەرسامی بەکەسێک یا بەرپرسێک، یان فەرمانڕەوایەک، بگرە هەموو ڕاستییەکان دەگرێتەوە لە ناویاندا زێدەڕۆیی لە دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕ، یا ئاین، یاخۆ حزبی سیاسی، یان ڕێکخراو، یاخۆ تایەفە، یا شار، یاخۆ خێڵ، یا دەستەی کۆمەڵایەتی، یان دەزگای ئابووری... هتد.

بۆ جەختکردنەوەی هێزی دڵسۆزییەکەی شانازی دەکات و لە نیشاندانی ئەوپەڕی حەماسەتەوە دەنەڕێنێت و بەچەندان وێنە و شێوەی جیاجیا تاو دەدات، زۆر جاریش ئەم هەڵکوتانەی مایەی ڕەخنە و ڕقلێبوونەوەی ئەوانی ترە، هەروەها ئەم زێدەڕۆیی و تاودان و شێلگیرییە دەست بەسەر تاکی عێراقیشدا دەگرێت، هەینێ لە هەڵوێستی دوژمنکارانەدایە، ئەو کاتێک هەڵوێستی ناحەزی و دوژمنکاری وەردەگرێت، سڵ ناکاتەوە لە پێڕەوکردنی دڕندانەترین هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و خۆخستنە ناو دوژمنکاری و ئازاردان، لە کاتی ڕوودانی ناحەزی و سزاداندا، کەسی عێراقی بەخێرایی بەهەڵچوونێکی توندەوە تاو دەدات بۆ وێرانکردنی ئەوی هەیە لە خزمایەتی و پێوەندی و هاوبەندی و پردی کۆن لە خۆشەویستی و بڕوا لە نێوان خۆی و ئەوی لەگەڵیدا تێکی دا، هیچ شتێکیش ناهێڵێتەوە تا بە بەری بمێنێتەوە، یاخۆ پردێک لە کاتی نەمانی ناحەزییەکەدا بەسەریدا بپەڕێتەوە، ئیدی دەگەڕێتەوە دۆخی ئاشتەوایی و لێبوردن و لێخۆشبوون.

بەدەیان ڕووداو و بوویەر لەبارەی متمانە پێدان، یاخۆ دوژمنکاری هەن (تاک یاخۆ کۆ) دەکرێ بەنموونە بهێنرێنەوە، سا ئیتر لە مێژووی هاوچەرخ بێت، یا مێژووی کۆن، ناتوانین زۆر لەسەر نموونە هێنانەوە لەم بارەیەوە بڕۆین، چونکە

دەبنە هۆی درێژدادڕی و ڕوودانی ناتەواوی لە هاوسەنگیدا، کە پێویستە لە ڕووبەری تایبەت بەهەر یەک لە بابەتی توێژینەوە و ناونیشانەکانیدا هەبێت، کەچی واپێویست دەکات بەلای هەندێک نموونە لە واقعی عێراقیدا لابدەین، کە دەکۆشین هەڵیان بژێرین و لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا و بەوپەڕی کورتییەوە هەڵیان بگرینەوە.

بەر لەوەی بگوازینەوە بۆ ناوهێنانی بەڵگەکان و وردەکارییەکانیان شی بکەینەوە، پێویستە ئاماژە بەتێبینییەکی گرینگ و زیندوو لەم بارەیەوە بکەین:

بەگشتی هەڵوێستی تاکی عێراقی، یاخۆ عێراقییەکان چ لە متمانە پێدانەوە بێت، یاخۆ دوژمنکاری، هەڵوێستێکە مایەی دڵنیایی نییە و زۆر پشتی پێ نابەسترێت، چونکە گەلێک جار دەبێتە هۆی ماڵوێرانی و بێ ئومێدی و سەرشۆڕی، بەتایبەت لای ئەوانی شارەزاییان هەیە و خودان ئەزموونی پراکتیکی و زانستیی واقعین بەشێوە ئاکاری باو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا. هۆی بەکەشی باوە لە دۆخی تاودان و هەڵچوون و پەلەپەلکردن و دڵەڕاوکێ و وەرچەرخان و گۆڕان لە میزاج و گۆڕانی لە ناکاو لە سۆز و هەڵوێستەکانی تاکی عێراقیدا و بەشێوەیەکی خێرا دەناسرێتەوە، کە هیچ دەرفەتێک بۆ دەرککردن بەهەڵوێست و چارەسەری خەوشەکە ناهێڵێتەوە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین وەرچەرخانە سیاسییە دڕندانە و ڕامالکەر و خوێناوییەکان لە عێراق و ئەوی بەدوایدا دێت دەبنە شایەدحاڵێکی ئاشکرا لەسەر ئەوەی پێشتر باسمان کرد.

بۆ نموونە شاری بەغدا، کە هێمای فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتە لە عێراقدا لە سەردەمی عەباسییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ پتر لە بیست و یەک جار تووشی ڕووخان و داگیرکردن هاتووە، هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ٧٦٢ز دا، تاکو دوا ڕووخانی لە ساڵی ٢٠٠٣ز دا، لە هەر جارێکدا شارەکە داگیر کرابێت، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی دەڕووخێ و بەهێز دەسەڵاتێکی تر دێتە شوێنی، زۆرجاریش ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆری و خوێناوی و ستەمکار دەبێت، هەرچی ئەو هاوبەشەیە کە سەرجەم ڕووداوەکان لە مێژووی عێراقدا پێکەوە دەبەستێتەوە، شێوازی توندوتیژیی خوێناوییە، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی سیاسی دەگۆڕێت.

له هەر جارێکیشدا دەسەڵاتە کۆنەکە بڕووخێنرێت و دیکتاتۆریی خونخواریی نوێ دامەزرێت، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەوانەی چەپڵەلێدەر و سەرزەنشتکار و هەلپەرست و سوود وەرگرن، لەوانەی پێشبڕکێ لەسەر بەرژەوەندی و تاڵان دەکەن و وا نیشان دەدەن پشتگیری و متمانە و حەماسەت و تاودانی زێدەڕۆیان هەیە پێوەندی بەو دەستە سەرکەوتووەوە دەکەن، هەروەها لەگەڵیاندا هەزارانی تر لە ماستاوچی و دووڕوو پێوەندی دەکەن، لەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن لە ستایش و بەرزکردنەوە و هەر کارێکیش بۆ بەرپرسە نوێیەکان بکەن، جا ئیتر باش بێت، یا خراپ، یا شەرمهێن بێت، پاساو بۆ کارەکانیان دێننەوە، جا با درێو، یا تۆڵەسێن، یاخۆ ناپاساییش بن...

بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵ و سەدەکان و دووبارەبوونەوەی بەردەوامی بۆ ئەم جۆرە ڕووداوە هاوشێوانە سەیر و بەدوور نازانرێت ئەم خەسڵەتە ئاکارییە هەلپەرستانە خراپە بگۆڕێت بۆ تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی باو و جێگیر و ئاشنا بەرۆکی ئاکاری تاک لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بگرێت و ببێتە بەشێک لە سروشتی، یاخۆ بەشێک لەو وەڵامە کەسێنییە نەشیاوە بەخەسڵەت زۆرەملێ و دەستبەسەرداگرانە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە، واتا زێدەڕۆیی لە ڕقلێبوونەوە و ناحەزی، هێندە بەسە ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە، کە بوونی دیاردەی ڕاکێشان (واتا ڕاکێشانی تەرمی مردوو دوای کوشتنی، یا لەداردانی) شێوەیەکە لە شێوەکانی زێدەڕۆیی لە دوژمنکاری و تۆڵەسەندنەوە، دیاردەی ڕاکێشان لە عێراقدا خەیاڵ، یاخۆ کۆمەڵە ڕێکەوتێک، یا هەڵەی نائەنقەست نییە! بگرە دیاردەیەکە مێژووی خۆی هەیە و لە ڕووداوی هەمەجۆر و زانراو و دیارکراو بەناو و مێژوو دەستنیشان کراو بەرجەستە دەبێت، دووبارە دەبێتەوە و دابەش دەبێت بەسەر قۆناخی جیاجیا و دوور لە یەکتر لە مێژووی عێراقدا، ئەگەر لەبەر بێ بواری لە توانامانـدا نەبێت لێرەدا بە فراوانی قسەی لەسەر بکەین، بەناو هێنانی هەندێک ڕووداوی دیارکراو واز دەهێنین، کە دەچنە خانەی ئەم دیاردە نامرۆییە خراپەوە، کە دەڵێی جێ چرنووکی ناشرین و قێزەونن بەڕووی مێژووی عێراقەوە.

کۆنترین ڕووداوی ڕاکێشان لە عێراقدا ڕووداوی ڕاکێشانی شا شەهربەرازە لە

سـاڵی ٦٣٠ز دا لـە مـەدائین"[٧] (نێـزیکەی ٦٠ کـیلـۆمـەتر لە خـوارووی ڕۆهـەڵاتی بەغدای ئێستـا)، دوای مردنی شـا کـیسرا نەوشـیروان، ئەوەش پێش وڵاتگیری (فـتح) ئیـسـلامی بـوو بەمـاوەیەکی کـەم... دوا ڕووداوی بەناوبانگ و زانراو و تۆمارکراوی ڕاکێشان، ڕاکێشانی ژمارەیەک سەربازی ئەمەریکاییە دوای کوشتن و سووتاندنیان لە نێزیک پردی فەلوجە لە ساڵی ٢٠٠٤ز دا.

لە نێوان ڕووداوی ڕاکێشانی یەکەمدا لە مەدائین لە ساڵی ٦٣٠ز.دا و ڕووداوی ڕاکـێـشـانی دوامین لـە سـاڵی ٢٠٠٤ز دا لە نێـزیک پردی فـەلوجـە، زنجـیـرەیەک ڕووداوی ڕاکێشان لە مێژووی عێراقدا تۆمارێکی شـەرمهێن بۆ ئەم جۆرە ئاکارە دوژمنکارییـە پێک دەهێنن، کـە مـرۆڤی عـێراقی پیادەی کـرد، ئەمـەش بەئەوپەڕی زێدەڕۆیی لـە ناحـەزی و ڕقلێـبـوونـەوە دەناسـرێتـەوە، بۆ ئەوەی وێنەکـە دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی لە نێوان زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و زێدەڕۆیی لە ناحـەزیدا تەواو بێت، لێـرەدا بۆ خـوێنەر ئەوە دەهـێنینـەوە، مـوسـلیم بن عـەقـیل (ڕەزای خـوای لێ بێت)، کە ئامـۆزای ئیمـام حوسـێن (سـڵاوی خـوای لێ بێت) و نێرراوی بوو بۆ خـەڵکی عێراق، دوای لەداردانی لە شـاری کوفـەدا ڕایان کێشا، پەتیان بەپێیەکانییەوە بەستبوو لە بازاڕی ئەلکەناسە لە کوفە، هەروەها لە هەمان کـاتدا هـانی کـوڕی عـەروەشـیـان (ڕەزای خـوای لێ بێت)[٨] لەگـەڵیـدا ڕاکـێـشـا، عـێراقـیـیـەکان بەهـەزارانیـان لـە دوای مـوسلیمـەوە نوێژیان دابەست، ئەو کـاتی گەیشتە لایان و زێدەڕۆییان کرد لە متمانە پێدان و پشتگیرییان بۆی، بەر لەوەی لێی هـەڵگەڕێنەوە، ئەمـەش پێش چەند ڕۆژێکی کـەم لە گـرتن و لەداردانی، پاشـان ڕاکێشانی تەرمەکەی بەناو بازاڕی کوفەدا.

ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ بناخـەی توێژینەوەکـەمـان، ئەوا دەڵێین زۆری ژمـارەی ئەوانەی مـتمـانە بەهەر ڕژێمێکی نوێ و دەسەڵاتێکی تازە لە عێراقدا دەدەن، لە هەر جارێک و لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو کارەدا جار لە دوای جار، وا لە مرۆڤ دەکات وا مـەزەندە بکات سـەرجـەم مـیللەتی عـێراق (بەپێی ئەم دیاردانە) بەخـۆی پێـڕەوی ئەم هەڵسـوکـەوتانە دەکـات و خـۆیشـی ئەم ئاکـارە جـێبـەجـێ دەکـات،

---

٧. سقوط المدائن ونهاية الدولة الساسانية. احمد عادل كمال. دار النفائس. بيروت. ص٣١١

٨. البداية والنهاية. ابن الكثير. ج ٨. ص١٨٢.دار احياء التراث العربي، بيروت.

کاتێکیش جارێکی تر دەسەڵات بەدەست تاقمێکی تر دەرووخێ، ئەو دەستە بەرینە ستایشکار و چەپڵەلێدەرانەی لە گشت لایەکەوە بەدەوری گەورەکانی دەوڵەتەوەن دەتوێنەوە و دەبن بەهەڵم، تاکو دەستەیەکی نوێی تر شوێنی دەگرێتەوە و دەست بەراوەدوونانی گرووهی پێشوو دەکات و لەناوی دەبات و متمانە پێدانە هەرزان و دەمودەستەکەی رادەگەیەنێ و ئامادە دەبێت بۆ هەستان بەهەمان رۆڵی ئاکاریی خراپ، کە تاقمە دۆراوەکەی پێشوو پیادەی کرد.

جار لە دوای جاریش لەم ئاهەنگە خوێناوییە کارەساتبارەدا رەوتی تر لە رۆڵەکانی گەلی عێراق، کە لە جارەکانی پێشوودا بەختیان یار نەبووە بۆ پیادەکردنی ئەم ئاکارە خراپە بەشدار دەبن..

بەم ئاوایە و پێ بەپێ و دوا بەدوای یەک و بەبەردەوامی ژمارەیەکی گەلێک زۆر لەو عێراقییانەی بەم کارە ناشرینانە لە ئاکاری تژی لە زێدەرۆیی لە متمانە پێدان و لە ناحەزی دەلەوتێن.

ئەگەر بمانەوێت لە گۆشەنیگایەکی هێمنانەوە سەرنج لە مێژووی عێراق بدەین، ئەوا دەبینین ئەم دۆخە دەروونی و ئاکارییە خراپ و شێوە دووبارەیە، هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی ئەدەب و رۆشنبیریی بێکەڵک و ئاست نزم لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، کە پشتیان بەپیاهەڵدان و مەرایی ساختە و ستایشی زێدەرۆ و بەخواکردنی فەرمانڕەوایان و کەسەکان بەستووە، ئەو دیاردەیەی هەموو چەشنەکانی داهێنانی ئەدەبی و رۆشنبیری، وەکو شیعر و پەخشان و رۆمان و دانان و گۆرانی و هونەرەکانی تری بۆ مەبەستە ناشرین و بێنرخەکانی تەرخان کردن.

دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری، کە سەردەمی عەباسییەکان بۆ ماوەی پێنج سەدەی بەردەوام بەخۆوەیان بینی، وای لە عێراق کرد ببێتە دایەنێک دیاردەی ئەدەبی خراپ و رۆشنبیریی پشت بەستوو بەبەکرێگیراوی و مەرایی و ئەوپەڕی زێدەرۆیی لە بەرز بەبالآبرین و ستایش و خۆ نێزیککردنەوە لە فەرمانڕەوا و سوڵتانەکان بەمەبەستی ریایی، لەبەر دەستیدا سەرهەڵبدەن و گەشە بکەن و پێش بکەون، تا ئێستاش کتێب و سەرچاوە ئەدەبییە دێرینەکان پڕن لە تێکست و بەڵگە و گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشی وا کە هەموویان جەخت لەسەر دیاردەی زێدەرۆیی دەکەنەوە، کە دەشێت تاکی عێراقی بۆ

دەرخستنی متمانە بیگرێتە بەر.

ڕەنگە باشترین نموونە لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە ناکۆکە لە نێوان زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و زێدەڕۆیی لە ناحەزی لە سەردەمی نوێدا، هەڵوێستی سەرۆک عەبدولسەلام عارف بێت، کە یەکەمین کەس بوو دروشمی (ماكو زعيم الا كريم)ی هێنایە گۆڕێ و داوای کرد، ئەمەش لە قۆناخی کاری نهێنیی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا، لەوەیە زۆرێک لە عێراقییەکان ئەم ڕاستییە نەزانن، بەڵام ئەو شێلگیر و سەرگەرم بوو و زێدەڕۆیی دەکرد لە متمانە و پشتگیری بۆ عەبدولکەریم قاسم لە ماوەی کاری لە لیژنەی باڵای ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا.

ئەو هۆیەی وای لێ کرد هوتاف بەم دروشمەدا هەڵدات، ئەوە بوو لە یەکێک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی لیژنەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا قسانی دەکرد (عەبدولکەریم قاسم بەخۆی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو)، بەئامادەبووانی وت: ئێمە، من و عەبدولکەریم قاسم بڕیارمان دا ڕۆژی شەمووی داهاتوو کودەتا بکەین...

هەندێک لە ئەندامانی لیژنە هەستیان بەسووکایەتی کرد و بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی، گوتیان ناکرێت بڕیارەکان بەم شێوەیە وەرگیرێن. بەڵام عارف لە هەڵوێستی خۆی نەهاتە خوارێ و بەرپەرچی دانەوە: یان شەموو، یانیش هیچ (داوا لە خوێنەری خۆشەویست دەکەین لەم ڕستەیەی دواییدا سەرنجی دیکتاتۆرییەتی تاقە ڕا بدات)، پاشان عەبدولسەلام عارف هاواری کرد: (برايان پێتان دەڵێم ماكو زعيم الا كريم)[9]...

بێگومان ئەمە زێدەڕۆییە لە متمانەدا... (ڕۆژەکان تێ دەپەڕن و شۆڕشیش بەسەرکەوتنی خۆی دەگات)، عەبدولسەلام نێوانی لەگەڵ عەبدولکەریمدا تێک دەچێت و کۆمۆنیستەکانیش بۆ لابردنی عەبدولسەلام عارف ئەم دروشمە بڵند دەکەنەوە (ماكو زعيم الا كريم)، ئیدی عارف لە پۆستەکانی دادەماڵرێت و لە سوپا ئازادی دەکەن و دەیدەنە دادگە و حوکمی لەداردانی بەسەردا دەدەن... عەبدولکەریم قاسم و کۆمۆنیستەکان حوکم بەدەستەوە دەگرن و هەڵەی زۆر دەکەن

٩. حنا بطاطو. العراق. الكتاب الثالث. ترجمة: عفيف الرزاز. مؤسسة الابحاث العربية. ص١٠٨.

و پرته و بۆڵە ئەفسەرەکانی سوپا دەگرێتەوە... لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا حوکمی عەبدولکەریم قاسم دەڕووخێت و سەرۆک قاسم و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی بۆ ئێستگە ڕاپێچ دەکرێن، دوای ئەوەی پێوەندیی بەکودەتاگێڕەکانەوە کرد بەخۆبەدەستەوەدانی لە بەرابەر پاراستنی ژیانی، لەناو ئێستگە و بەبڕیارێکی دەمودەستی عێراقی فەرمانی لەداردانی سەرلەبەریان دەردەچێ، لەو ساتە یەکلاکەرەوەیەدا عەبدولکەریم قاسم داوا لە عەبدولسەلام عارف دەکات لە فەرمانی لەداردان ئاوارتەی بکا و دەڵێت: لەدارم مەدە، چونکە من لەدارم نەدایت...

کەچی عەبدولسەلام عارف گوێی بەم تکا برایانەیە نەدا، بەڵکو وەڵامی بەهەوەسی عێراقییانە دا لە زێدەڕۆیی لە ناحەزی و سوور بوو لەسەر لەداردانی و هیچ هەوڵێکی نەدا تەنانەت بۆ هەڵگرتنی جێبەجێکردنی لەداردانەکەی بۆ کاتێکی تر، ئەوە بوو عەبدولکەریم قاسم گوللەباران کرا، لەکاتێکدا عەبدولسەلام عارف لە ژوورەکەی تەنیشت لەگەڵ ئەندامانی نوێی سەرکردایەتیدا دانیشتبوو.

عەبدولسەلام عارف زێدەڕۆیی دەکرد لە متمانە پێدان، وەک چۆن تا ئەوپەڕی زێدەڕۆیی دەکرد لە ناحەزی، میانڕۆیی نەدەزانی، با تەماشای ئەم ڕووداوەش بکەین:

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٠دا جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت بەڕێز میکۆیان سەردانی عێراقی کرد، کۆمۆنیستەکانی عێراق زێدەڕۆییان کرد لە پێشوازیکردنی میوانە کۆمۆنیستەکە، حەشاماتێکی زۆر خۆیان بۆ پێشوازیی میوانەکە تاودا، تەنانەت ئەو ئۆتۆمۆبێلەی کە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم و بەڕێز میکۆیانی میوانی سواری بووبوون، بەزەحمەت دەجووڵا، پتر لە سەعاتێکی برد بۆ بڕینی ڕێگەی نێوان فڕگە (فڕگەی کۆنی بەغدا) و کۆشکی زهور، کە لەو ڕۆژانەدا پتر لە دە خولەکی نەدەبرد، هەینێ میکۆیان لە ١٢ی نیساندا سەردانی وەرشەکانی ئاسنەڕێی کرد، دەسەڵاتداران ڕێنوێنیی توندیان دەرکرد بۆ پابەندبوونی کرێکاران بەڕێکوپێکی لەو داوودەزگایانەی سەر بەئاسنەڕێن، کەچی ئەم فەرمانانە پشتگوێ خران و کرێکاران کار و شوێنەکانیان جێ هێشت، تاکو بەدەوری میوانەکەدا ئاپۆرە ببەستن، لە هەوڵێکیاندا بۆ جەختکردنەوە لەسەر متمانە پێدان پێی و پێناسەکردنی بەوەی ئەمانیش لە کۆمۆنیستن....

زێدەڕۆیی لە مـتـمـانە پێـدان دەگـاتە ئەوپەڕی، هـەینێ یەکـێک لە کـرێکارە کۆمۆنیستەکانی عێراق هاتە سەرچۆک و دەستی میکۆیانی ماچ کرد.

ئەوە زێدەڕۆیی عـێراقییە لە متـمانە پێدان، بەڵام (مـایەی قێزەونی...)[10] بوو، وەکو بەڕێوەبەری گشـتیی ئاسنەڕێ لە دوای ئەو سـەردانە لە یاداشـتنامـەیەکدا دەری بڕیبوو.

هـەرچی ئەو سـەدان قـوربانە بوو کـە لە بەردەم کـاروانی شـا فـەیسـەڵی دووەم دەدرانە زەوییا بۆ هـەر کوێیەک بجووڵایا و بڕۆیشتایا لەمـیانەی سەردانەکانیدا بۆ شـارە جـیـاجـیـاکـانی عـێـراق و خـۆ فـشکردنەوە لە نێـوان عـێـراقـیـیـەکـاندا لە پێشکێشکـردنی دیاردەی متـمانە پێدانی پڕ لە زیادەڕۆیی بۆ شا (خـاوەن شکۆ) و جـێنشـین مـیـر عـەبدولئـیـلاهـی خـاڵی و دەست و پێـوەندەکـانی شـا. هـەروەها عێراقـیـیەکان زێدەڕۆییـیان کرد لە مـتـمانەدان بۆ خـانەوادەی شـا و ڕێزلێنان لە شـوێنکەوتـووانیـان، زێدەڕۆیـیـان کـرد لە کـوشـتـنیـان و بڕینـی چوارپەلیـان و ڕاکێشـانی تەرمـەکانیان و تەرمـی شوێنکەوتووان و داردەسـتانیان و سـەماکردن لەسـەر پارچـەکانیـان هـەر لە ڕۆژی یەکـەمی ڕووخـانی ڕێژیمی پـاشـاییـیـەوە. ئـیـتر پاشـماوەی چیرۆکەکە زانراو و دووبارەیە لـەگەڵ فـەرمانڕەوایـانی تری سەر خـاکی عێراق.

ئـا لێــرەدا (بەداخـــەوە) بەناچـاری دەبێ بڵــێین، ئەو هەڵوێســتـــانەی لە عـێراقییـەکانەوە دەردەچن لە زێدەڕۆیی لە پشـتگیـری و کوڵ و بەتوندی تاودان لە مـتـمـانەدان، زۆرجـار سـەرکـردە و پاشـا و خـەلیـفـە و مـیـر و فـەرمـانڕەوایانی بەدرێژاییی مێژوو تەفرەداون و گەیاندوونیەتییە قـەناعـەت و بڕیار و ئەنجامێلێکی هەڵە و دۆڕاو، کـاتێکیش پاش ئەوەی هەمــوو شــتــەکــان بەســەرچوونـە، ئەوی بیـسـتـوویانە و بینیـویانـە و بەسـەریان کـردەوە لە دیمەنی پڕ لە کـوڵی (حـمـاس) هەڵچوو و پشتگیریی بەهەڵپە و متمـانەی زێدەڕۆیی ئامێز، کارێکی ناڕاستەقینە و ناڕاســتگۆیە و ناچێـتــە باری دووڕوویی و درۆکــردنەوە، ئەوان بەهۆی شــۆک و کـارەسات و بێ ئومـێدییەوە پەنـا بۆ دەرکردنی بڕیاری دڵڕەقـانە و ڕیسـوایی دەبەن

١٠ حنا بطاطو. العراق. الكتاب الثالث. ص٢٥٦. ترجمة عفيف الرزاز. مؤسسة الابحاث العربية.

دژ بەوەی ناوی دەهێنن بەتەبیعەتی خەڵکی عێراق و غەدرکردن و دووزمانی و ڕەوشت خراپییان.

٦- عێراقی زۆر تێک دەچن و بەزەحمەت بەڕێوە دەبرێن و شەیدای دووبەرەکین:

عێراقی ئەندامێکی کاریگەرە لەو کۆمەڵەیەی لەگەڵیدا، یاخۆ لە ڕیزەکانیدا کار دەکات، ئیدی ئەو گرووپە هەر کێیەک بن (سیاسی، یا کارگێڕی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یانیش ئابووری) لێ بەهۆی زاڵیی سیفەتە تاکڕەوی و پەلەکردن و ئارەزووی دەسەڵاتگەری لە هەڵسوکەوت و ئاکاری گشتی، ئەوا لە زۆربەی کاتەکاندا لە دۆخی نێزیک لە جیاوازی و نارازیبوون دەوەستێت، تا ئەو ڕادەیەی خەریکە ئەو جیاوازبوونەی بیگەیەنێتە لێواری جیاکاری و جیابوونەوە لە گرووپەکەی، چونکە حەزی خۆیی و زاڵ بەسەر ناخیدا ڕای دەکێشێ بۆ سەپاندنی ئەو جیاکارییە کەسێنییەی و ڕاگەیاندنی تاکڕەوی بەڕا و بۆچوونی تایبەت و خۆ فشکردنەوە بەهێزی تاکەکەسیی لە توانا بەدەر و لە هەمووان باشتر بۆ داگیرکردنی شوێنی پێشەوە.

کاتێک لەگەڵ ئەوانی تردا لەبارەی هەر شتێک جیاوازی دەکەوێتە نێوانەوە، زیاتر دەکۆشێت بۆ گۆڕینی ئەو جوداییە بۆ دۆخی دووبەرەکی، یا گرووپگەرایی و بەهیچ شێوەیەک لێی پەشیمان نابێتەوە، بەتایبەت لە نائامادەییی دەسەڵاتی سزادانی یەکلاکەرەوە، چونکە بەردەوام ڕا و بۆچوونە تاکەکەسییە جیاوازەکانی بەورکی بێزارکەر و بێ ماندووبوون دژ بەبڕیاری گشتی ڕادەگەیەنێت، تا دەگاتە قایلکردنی ئەوانی تر، ئەگەرچی تاکەکەسی بێت لە بۆچوونە تایبەتەکانیدا، بێ ئەوەی زۆر دۆزی پاراستنی یەکەتیی ئەو گرووپەی لەگەڵیدا، یا لە چوارچێوەیدایە (لە حزب، یا لە بارستەیەکی سیاسی، یاخۆ وەزارەت، یا دەزگا، یاخۆ کۆمپانیا... هتد) کار دەکات، هێند سەرقاڵی بکا، دووریش نییە لە چالاکیی تاکەکەسی، یا جیابوونەوە واز نەهێنێت، تەنیا لەو دۆخانەدا نەبێت، کە ئەو سزایەی تووشی دێت لە جۆری توند، یاخۆ مرێنەرە.

کاتێک ناتەباییەکەی بۆ جۆرێک لە دۆخی لێک دابڕان دەگۆڕێت، سڵ ناکاتەوە لە بەردەوامبوون لە کەڵەکەکردنی ئەم دۆخی گرووپگەرایییە و پاڵپشتکردن و جووڵاندنی بۆ ڕادەی دروستکردنی لەمپەر لە بەردەم ئەوانی تردا و سستیکردن لە

جێبەجێکردنی کار بۆ دەرخستنی بێتوانایی ئەوی تر و ژماردنی ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی و لاوازیی توانا (کارگێڕی، یا ڕابەری، یاخۆ هونەرییەکەی) و زۆر لەسەر ڕۆیشتن لە گەورەکردنەوەی هەڵەکان و بەردەوامیی ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ ئەوانەی ڕای لەگەڵیاندا جودا بوو، ئەگەر لە ژێریشەوە بێت، ئەگەر بەڕێکەوت دەسەڵاتێک، یا دەستەیەکی جێبەجێکاری یەکلاکەرەوە هەبوو، ئامادەییی تێدا بوو بۆ ئاراستەکردنی سزای مرێنەر دژ بەدۆخەیلی کەرتبوون و گرووپگەرایی و یاخیبوون، یا بەکارێکی وێرانکەرانەی پیلانگێڕی دادەنێت، ئەو کات ئەم عێراقییە بەپێی خۆی و ئارەزوومەندانە بەرەو مەرگ ڕێ دەکات، لە سۆنگەی سووربوونییەوە لەسەر ڕۆیشتن بەڕێگەی کەرتبوون و گرووپگەرایی، وا دەزانێت دەتوانێت بەردەوامی بدات بەچالاکیی گرووپگەرایی، یا جیابوونەوە بێ ئەوەی سزا، یاخۆ لێپرسینەوە بیانگرێتەوە.

بۆیە بەم ڕێگەیە لە درێژدادڕی و مکوڕبوونی گەمژانە بەسەدان عێراقی لەژێر سایەی ڕێژیمی توندڕۆی پێشوو بەسەرۆکایەتیی سەدام حوسێن گەیشتنە لەداردان، وایان دەزانی دەتوانن چالاکیی درزتێکەوتنیان بشارنەوە و لە سزا قوتار بن، بەگرتنەبەری هەندێک تەکتیکی ڕووکەشانەی بێ مانای سادە لە تەفرەدانی لایەنە پێوەندیدارەکان بە ڕوانین و بەدواداچوون.

هەینێ جیاوازی لە نێوان عێراقییەکاندا دەگاتە دۆخی درزتێکەوتن، ئەوا زۆر جاران هەوڵی دیالۆگ و قایلکردن سەرجەم هەوڵەکانی سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، گەڕانەوە بۆ تەبایی و دۆستایەتی و هۆگربوون زەحمەت دەبێت، بەتەواوی ئامرازەکانی ئاشتەوایی و ژن و ژنخوازی و لێک نێزیکبوونەوەی ڕایەکان بۆ بڕیاردانی چارەسەرە میانڕەوەکان، ئیتر تۆمەتە پڕ لە بوختانە سووک و وەسفە گاڵتەئامێزەکان دژ بەڕای میانڕەوی ئاشتەوایی و گونجان بەرجەستە دەبن و بەوەی وەسف دەکەن کە هەڵوێستی ڕاڕا و دوودڵی و هەلپەرستی لاواز و شلوشاو و نابنجبڕن.

ئیدی لە حوکمی سەد لە سەد دەبێت، کە درزتێکەوتن (لە وڵاتی عێراق) ڕواڵەتی تێکچوونی توند و پڕ لە توندوتیژیی دوور لە سازان وەربگرێت، کە هەندێک جار بەلێکدابڕانی دوژمنکارانە کۆتایی دێت، یاخۆ بەدابەشبوونی پاکتاوی، یا خوێناویی برایانی یەک ڕەوت دەرگیری دەبن...

خەریکە زۆرێک لەو جیابوونەوانەی لەناو حزبە عێراقییەکاندا ڕوویان دا بەگشت ئاراستـە هزرییـەکانەوە ئـامـاژە بەم ڕێبـازی لـەناودانی یەکـتـر دەکـەن، بەسـەدان نموونەی واقـعیی خـەمـهێنەر و ورووژێنەر لەسـەر ئەم ئاراسـتـە بەرابەر یـەکگرانە هەن، کە جیـابوونەوە لە ڕیزەکانی حزبە عێراقییەکاندا ڕووی دا، هەر لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەمـەوە تا ئـەمـڕۆ، وەکو ئەو ملمـلانێیـانەی لە سـەردەمی پاشـاییـدا لە نێوان حزبەکاندا ڕوویان دا، هەروەها ئەو جیابوونەوە مـەترسـیدارەی لەناو حزبی کـۆمـۆنیـسـتـی عێـراقیـدا ڕووی دا، لە نێـوان ئەوەی بەسـەرکردایەتـیی ناوەندی و لیـژنـەی ناوەندی ناوبران لەگەڵ کـاری ناوزڕان و بەپەندبردن و بەنـاپاک دەرکردن، کە لە نێوان هەردوو لای جیابووەوە ڕوویان دا.

هەروەهـا جـیـابوونەوەی ملـمـلانێکەر، کـە لـە ڕیزەکـانـی نەتەوەپەرسـتـەکـان و ناسرییەکاندا ڕووی دا لەو کاتی لەسەر حوکم بوون، کە لەم جۆرە جیابوونەوەیە لە ڕیزی نەتەوەیی تـا ڕوودانی دوو کودەتای سـەربازیـی سـەرنەکەوتوو، کـە ئـەفسـەرە ناسرییـەکان بەڕابەریی عارف عەبدولڕەزاق لە دوو قۆناخی جیاوازدا دژ بەحـوکمی هەردوو برا عـەبدولسـەلام و عـەبدولڕەحـمان عـارف ئەنجامـیان دا، سـەرەڕای ئەوەی هەردوو لا سەر بەڕەوتی نەتەوەیی ناسری بوون.

هەروەهـا ئەو جـیـابوونەوەیـەی لە ڕیزەکـانی حـزبی بەعـسـدا ڕووی دا دوای هەستانی عـەبدولسەلام عارف بەلادانی بەعسییەکان لە دەسـەڵات لە ١٨ی تشرینی دووەمـی ١٩٦٣دا و دەرکەوتنی ڕەوتێکی فـراوان لە حـزبی بەعس جـیـابووەوە لەژێر ناوی لیژنەی ڕێکخستنی هەرێم، کە دوای ئەوە پێشکەوت تا ببێتـە حزبێک ناوی حزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بێت، سەرجەم هەوڵەکان بۆ یەکخستنی حزبی بەعس لە دوای ئـەو جـیـابوونـەوەیە هەرەسـیـان هێنا. هەروەهـا ئەو جـیـابوونەوەیـەی لە بزووتنەوەی نـەتەوەپەرسـتـەکـانی عـەرەب لە عـێـراقـدا ڕووی دا و پاش ئەوە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەکە ئەستەم بوو.

هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە سایەی سەرکردایەتیی سەدام حوسێن لە حزبی بەعسدا ڕووی دا، بووە هۆی لەداردانی نیوەی سەرکردایەتیی حزبی دەسەڵاتدار... وێڕای ئەو دنەدانەی بووە ئەگەری لەداردانی عەبدولخالق ئەلسامەڕائیی بەندکراو و سەرکردەی ناسراوی بەعسی، لەو دۆزە ناسراوەی زۆربەی عێراقییەکان دەیزانن، بێ ئەوەی ڕۆڵی کردەنی لە جیابوونەوەکەدا هەبێت.

هەروەها دەست لە كار كێشانەوە یەك بەدوای یەكەكان، كە ژمارەیەك ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵانی هەشتاكاندا ئەنجامیان دا، سەرەڕای ڕەوشی خەباتی قورس و ڕەتكردنەوەی گەڕانەوە بۆ كاركردن لە سەركردایەتیی ئەنجوومەنەكە، دوای ئەوەی ئەو هەوڵانەی كە شەهید محەمەد باقر ئەلحەكیم پێیان هەستا بۆ قایلكردنیان بەگەڕانەوە بەو پێیەی سەرۆكی ئەم سەركردایەتییە بوو.

هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە بەرەی كوردستانیدا لە سەرەتای نەوەتەكانی سەدەی بیستدا ڕووی دا و گۆڕا بەشەڕێكی خوێناویی ماڵوێرانكەر لە نێوان هەر دوو حزبە تەباكەی ناو ئەو بەرەیە (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان)، كە بەدەیان شەڕوانی كوردی تێدا تیاچوون.

هەروەها ئەو دابەشبوونە ئەمیبییە لەتبوونانەی ئێستا، كە زۆربەی ئەو حزب و بزاڤە سیاسییە عێراقییانەی تازە دروست بوونە بەدەستییەوە دەناڵێنن، كە بەتەواوی كەس هۆ و مەبەستەكانی نازانێت.

ئەو هەموو بەڵگانە و سەدانی تریش نیشانەن بۆ بوونی ئەم دیاردەیە و جەخت دەكەنەوە لەسەر بەردەوامیی ئەم ڕێبازی جیابوونەوە پاكتاوییەی لە واقیعی سیاسیی عێراقیدا هەیە، چونكە ستەمی تاكڕەوییی دەسەڵاتخوازانە لای تاكی عێراقی كارێكی وا دەكات خەبات و كۆشش بۆ چاكسازی شێوازێكی كۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر وەرناگرێت، بگرە لە چوارچێوەی خودی و تاكی و كەسێنیی تەنگەتاوكراو لە كۆشش لە پێناو خستنی كەس، یاخۆ بەرپرس، تاكو تاك یاخۆ كەسێكی تر شوێنی بگرێتەوە.

تاكڕەوی و خودپەرستیی لە حەزی دەسەڵاتخوازی لە ئاكاری تاكی عێراقییەوە دەردەپەڕن، ئەوە سروشتی ئەم جۆرە لە ململانێ، یا ناڕەزاییی دژ بەستەمەكان جیا دەكاتەوە، (زۆرجار) پرۆژەی بەكۆمەڵی سەرتاسەری بۆ ڕاستكردنەوە و پەرەپێدان بوونی نییە، وەكو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەوەی هەیە لە بەرنامە، یاخۆ كاری پڕ لە هەڵە، بەڵكو ناوی كەسەكان هەن لەبری بەرنامە، ڕاستتر ئەوە كەسی شێلگیر و داواكاری گۆڕانە بۆ پۆست داگیركردن دەكۆشێت، یا پلەیەك كە ڕەخنەی ئاراستە دەكات، هێندە نابات دەردەكەوێ دیكتاتۆرێكی باشە و بەهیچ

گۆڕان یا پەرەپێدانێک، کە وەکو دەسەڵاتخوازێکی نوێ سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکانی دادەنێن ڕازی نابێت و قبووڵ ناکات.

دەتوانین بڵێین بەدەگمەن ئەگەر جیابوونەوە لە حزبێکی عێراقیدا ڕوو بدات، پاشان بەشێوەیەکی بابەتییانە و ڕوحی برایانە دەگەڕێتەوە دۆخی تەبایی و یەکەتی و گونجان و پێکەوەژیان و زاڵبوون بەسەر بابەتی جیابوونەوەکە، بێ ئەوەی بەلەناودانی یەکتر و پێکدادان کۆتاییی نەیەت، یان لە باشترین حاڵەتدا جیابوونەوە بۆ دوو حزب هەر یەکێکیان ناوێکی جیا هەڵدەگرێت.

ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم بابەتە بەڵگە لە ڕووداوی مێژووی دێرینی عێراق بهێنینەوە، ئەوا دەبینین لاپەڕەکانی مێژووی عێراق تژین لە بەڵگەی پشتگیری و دڵنیاییکردنەوە بۆ ئەم شرۆڤەکردنەی لێرەدا دەیهێنینەوە و پێوەندە بەپێکهاتەی سایکۆلۆجی و ئاکاریی تاکی عێراقیی پێوەند بەناونیشانی ئەم توێژینەوەیەمان "دەسەڵاتخوازی" لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

ئەو ناکۆکییە هزری و تیۆرییانەی لە نێوان گرووهە ئیسلامییەکانی عێراقدا سەریان هەڵدا، بۆ نموونە نێزیکەی هەموویان بۆ ململانێی پێکدادان گۆڕان، پاشان لە کۆتاییدا ئەم ململانێیانە پەرەیان سەند بۆ شەڕی یەکتر لەناودانی خوێناوی، کە بەشێوازی دزێو و ناڕەوشتیی پڕ لە دڕندەیی ئەنجام دران، یا بەشەڕی ڕاگەیەندراوی سەربەخۆ، یان بەلەداردان، یا بەکوشتنی نهێنی، یاخۆ بەپیلان و دەسیسە نانەوەی کوژەر...

ئەو خەواریجانەی ئیمام عەلییان کوشت لە توندترین لایەنگر و پێڕەو و پشتگیریکەرانی بوون لە عێراقدا، بەر لە ناکۆکییان لەگەڵیدا، دواتر جیابوونەوەیان لێی و پاشان گۆڕانیان بۆ گرووهێکی سەربەخۆی خاوەن ڕا و هەڵوێست لە زۆر کێشەی عەقیدەی ئیسلامی، ئینجا هەڵسانیان بەکافرکردنی و سەرەنجام کوشتنی.

هەرچی گرووهی ئەلموعتەزیلە بوو ئەوا بیردۆزە هزریە عەقیدەیییەکەی لە پرسی خەلقی قورئاندا گۆڕی بۆ خراپترین دیکتاتۆرییەتی پراکتیکی، ئەوە بوو لە خەلافەتی مەئموونەوە (٨١٣ – ٨٣٣ز) گۆڕا بۆ سیستەمی عەقایدی، کە ئەم بیردۆزە (بیردۆزی خەلقی قورئان) بەزۆر و بەسزای پەند پێدانی خوێناوی بەسەر

کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، ئەوە بوو هەر لەگەڵ یەکەم هەلیدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی حوکم لە کاتی بەفەرمی هاتنە سەر دەسەڵاتی مەئموون لە دەوڵەتی عەباسیدا ئەو دیکتاتۆرییەتەی سەپاند.

ئەوە بوو بەسەدان موسڵمان لە نێویاندا ژمارەیەک بیرمەند و زانا و فەرمووده گێرەرەوە کەوتنە بەر تەوری خوێناوی و شێوازە دیکتاتۆرییە لەناوبەرەکەیان.

ئەم ئاکاری جیابوونەوە خوازییە لەناوبەرە نەک هەر بەسەر ڕەوتی سیاسیی بەکۆمەڵی گشتی دادەسەپێت، بگرە تەنانەت بەسەر ئاستی کەسێنی، بۆ نموونە هەینێ ناکۆکی یا مشتومڕ لە نێوان خەلیفە واسق و ئیمام ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی، یەکێک لە ناودارترین فەرمووده گێرەرەوەکانی سەردەمی عەباسی توند بووەوە، مکوڕ بوو لەسەر ئەو باوەڕەی قورئان دروست کراوە، بەهەموو شێوەیەک دەکۆشا خەڵکەکە ناچار بەوە بکا بڕوا بەم قەناعەتە بهێنن، واسق داوای کرد و لەژێر چاودێریدا بۆ سامەڕا بۆیان هێنا، تا گفتوگۆی لەگەڵدا بکا و قایلی بکا، کاتێک لەسەر ڕایەکەی سوور بوو، کە قورئان دروستکراو نییە و وتەی خوایە، واسق فەرمانی دا بەگوریس بەئامێری کەوڵکردنەوە (ئامێری لەداردانی ئەو کاتەیە) شەتەکیان دا، ئامادەبووانی ئەو دانیشتنە، کە لە گرووهی ئەلموعتەزیلە بوون هاواریان کرد (شایانی لە ملدانە)... ئەمەش وای لە واسق کرد و هانی دا بۆی هەستێت و بەشمشێر لە ملی بدات. لە بری ئەوەی ئەو عێراقییانەی لای خەلیفە کۆ بووبوونەوە واسق سارد بکەنەوە و لە تووڕەییەکەی کەم بکەنەوە بەو پێیەی خودان ڕێبازی هزرین و لەباتی هەوڵیان بۆ ئاراستەکردنی ناکۆکی و مشتومڕیان بەرەو گفتوگۆیەکی فەلسەفی و قایلکردن، ئەوان ناکۆکییەکەیان بەرەو چوارچێوەی پاکتاوکردن برد، ئەمەش بەدنەدانی فەرمانڕەوا، تاکو کارەکە بەوە گەیشت ئیمام خوزاعی بکوژرێت و بەکارێکی تۆڵەسێنەرەوەی تەڵەکەبازانە ملی بپەڕێنرێت.

کەواتە بەم ئاوایە ناکۆکی و جیابوونەوەکان لە عێراقدا کۆتاییيان دێن، ئەو کاتی لە چوارچێوەی یەک ڕەوت و یەک حزب و یەک ئایندا دەست پێ دەکات و سەرهەڵدەدات.

تەنانەت ئەگەر بەدرێژاییی دەیان سەدە و تاکو ئەمڕۆش ناکۆکییەکە عەقائیدی و هزری و تیۆریش بێت.

هەرچی هۆی بوونی ئەم جۆرە ئاکارەیە، کە لەوە دەکات پڕ بێت لە مەترسی و گرفت و ئاشوب و دووزمانی و چاودێری بەئاگەدارییەوە و وا دیارە زۆرجار بەزۆرە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی من (الانا)ی تاکڕەوی زاڵ لای عێراقی و لەمیانەی ئەوەوە دەکۆشێت بۆ هەژموون و دەسەڵاتخوازی و زاڵی بەسەر ئەوانی تردا و هێنانەدی ئاواتەکان، یا بەلای کەمەوە تەرخانکردنی هێزی خودی تاکڕەو، لەو هۆیانەی ئەم ڕەوشەیان دروست کرد، ئەوا ماندووبوونێکی زۆری لەگەڵ تاکی عێراقیدا دەوێت بۆ گەیاندنی بەدۆخی قایلی و پابەندبوون بەڕا، یاپێشنیاز، یان ئیجتیهادی نوێ و سەیر لای ئەو، دەشێت بەرپەرچدانەوەکەی، یا نارەزاییەکەی، یان بۆچوونە جیایەکەی پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیف بێت بۆ هەموو ئەو پێشنیازانە، یا داخوازی، یاخۆ ڕێنوێنییانەی بیستنی، کارەکان سەرلەنوێ دەگەڕێنێتەوە بۆ خوولانەوە لە گێژەنێکی ناسەرەکی، ناکرێت لێی ڕزگار بیت یا لێی دەرچیت.

ئەم شێوە ئاکارە بەجۆرێکی پراکتیکی لای عێراقییەکان بەرجەستە بووە، لەوەی کە لە شەڕی ناسراوی سەفەیندا لە نێوان لەشکری معاویە و ئەو سوپایەدا ڕووی دا، کە ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕابەرایەتی دەکرد و بە سوپای خەڵکی عێراقیان ناو دەبرد. ئەوە بوو ئەو عێراقییانەی جیا بوون لە ئیمام عەلی سەبارەت بەکێشەی دادکاری لەم شەڕەدا خۆیان بەفەرماندە و دادوەر دانا و ئەو مافەیان بەخۆیان دا ئەو بڕیارانە دەربکەن کە بەشیاوی دەزانن لەبارەی بەردەوامیی شەڕ، یا بەردەوام نەبوونی، بێ ئەوەی هیچ بەتەنگەوەهاتنێکیان هەبێت بۆ پابەندبوون بەفەرمان و ڕێنوێنییەکانی ئیمام عەلی، کە ئیمام و خەلیفەی شەرعی و فەرماندەی سەربازیی ئەو لەشکرە بوو کە لە ڕیزیدا کاریان دەکرد، بۆیە ئەم عێراقییانە و دواکەوتووانییان کەمترین بنەمای پابەندبوونیان نەپاراست، کە زامنی پاراستنی یەکەتیی سوپای شەڕوان و یەکێتیی هەڵوێستی سیاسییە، ئەنجامەکەشی دابەشبوونی لەشکری ئیمام عەلی و لەدەستدانی سەرکەوتنی سەربازی بوو، کە هێندەی نەمابوو بەدەستی بهێنن، هەروەها لەدەستدانی سەرکەوتنی سیاسیشی بەدوادا هات.

زۆرجار عێراقی ئومێدی ئەوە دەکات (گەر بتوانێت ڕەتی بکاتەوە) ڕای خۆی تێکەڵ بەهەر پلان و فەرمانێک، یا ئاراستەکردنەکان بکا کە دەکرێت بۆی دەرچن، یا دەستەکانی سەرەوە لە هەر ئاستێکدا بێت داوای لێ بکەن، کە پێویست وایە

(بەلای کەمەوە لە ناخی خۆیدا) هاوبەش بێت لە دروستکردن و بڕیار دانان، نەک تەنیا جێبەجێکار بێت هەوڵی ئەوە بدات هاوبەش بێت تەنانەت لەو دۆخ و ڕەوشانەی جێگەکەی، یا پلە و پایەکەی، یا پێگەی ڕێگە نادات لە بڕیارداندا هاوبەش بێت، کە زۆرجار (لە سۆنگەی حەزی خۆبەزلزانینەوە) بەباشی ڕێز لە شوێن و گرینگییەکەی لە نێوان بەرپرسەکانی تردا ناگیرێت.

حەزکردن بەجیاوازی و لەخۆڕازیبوون و ڕوحی بەرەنگاری و ڕابەری نەکردن، ئەوانەن هانی تاکی عێراقی دەدەن بۆ ئەم جۆرە لە ئاکاری یاخیبوون، یا جیابوونەوە، یا خۆبەزلزانی، ئەگەرچی بەپلەی جۆربەجۆریش بێت بەو پێیەی دۆخ و ڕەوشەکە ڕێ دەدات، ئیدی هەوڵ دەدات ڕا و قەناعەت و ئیجتیهاداتی بکاتە ئەمری واقیع، یاخۆ تا بۆی بکرێت بیسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا، ڕەنگە لەم گرێیەدا زۆربەی هۆیەکان خۆیان حەشار دابێت، کە دەبنە شیمانەی ناتەبایی و جیابوونەوە لە ڕیزەکانی حزب و بزووتنەوە و بارستە سیاسییە عێراقییەکانی کۆن و نوێ.

بابڕوانینە ئەم ڕووداوە مێژووییەی عەبدوڵڵای کوڕی موسلمی کوڕی قوتەیبە[11] لە کتێبی (الامامة والسیاسة)دا باسی دەکات، دەڵێت: (هەروەها باسی ئەوەیان کرد عەلی ناردی بەدوای زەحری کوڕی قەیس و پێی گوت: هەندێک لەم ڕەوە ئەسپە بۆ قوتقوتانە[12] ببە و ئازووقەش لە معاویە ببڕە، کەس نەکوژیت، ئەوانە نەبێت کە کوشتنیان بەحەڵاڵ دەزانیت و شیرەکەت لە کاڵان دانێ، ئەمەیان بە معاویە ڕاگەیاند، ئەویش ناردی بەدوای زەحاکی کوڕی قەیس و فەرمانی پێ دا زەحری کوڕی قەیس بدۆزێتەوە و لەگەڵیدا بجەنگێت، زەحاک کەوتە ڕێ، قەیس تووشی هات و بەزاندی و هاوەڵانی کوشت و ئازووقەی لە خەڵکی شام بڕی، زەحاک بەدۆڕاوی بۆ لای معاویە گەڕایەوە، معاویە خەڵکەکەی کۆ کردەوە و گوتی: هەواڵم لە شوێنێک لە شوێنەکانەوە پێ گەیشتووە، تابڵێن تاڵە، گوتیان: ئەی میری موسڵمانان لەوی پێت گەییوە هیچمان بەدەست نییە، ئێمە لەسەرمانە گوێڕایەڵی

---

١١. عەبدوڵڵای کوڕی موسلمی کوڕی قوتەیبە، لە کوفە لەدایک بووە و لە بەغدا لە ساڵی ٢١٣ ک/٨٢٨ ز دا لە دوادواییەکانی سەردەمی ئەلمەئموندا کوژراوە.

١٢. قوتقوتانە: دەڤەرێکی نێزیکی کوفەیە.

تۆ بین... بۆ ئاسانکردنەوە و پتر روونتر ئەوا قسەی خەڵکی شام ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە نامانەوێت خۆمان لەو کارانە هەڵقورتێنین، کە پێت گەیشتوون، تەنانەت مافی ئەوەشمان نییە، چونکە کارێلێکن تایبەتن بەسەرۆک و سەرکردایەتییەوە، ئەوە کاری ئێمە نییە و پێوەندیشمان بەوردەکاریەکانییەوە نییە، تەنیا لەسەرمانە گوێڕایەڵ بین. وەکو روون و ئاشکرایە ئەم قسەیە مافی تەواو بەسەرۆک دەدات هەڵسوکەوت بکا و بریاری گونجاو وەرگرێت، چونکە پێویستی ئەرک و ماندووبوون نییە بۆ قایلکردنی هەر یەکێک لە دواکەوتووانی لەوەی رووی دا و ئەوی پێویستە روو بدات.

قسەی معاویە و قسەی خەڵکی شامیان بەعەلی راگەیاند، ویستی بزانێت رای خەڵکی عێراق چییە، کۆی کردنەوە و پێی گوتن: خەڵکینە هەواڵێکم لە دەڤەرێک لە دەڤەرەکانەوە بۆ هاتووە. دەیویست هەواڵی سەرکەوتنی هاوەڵەکەی پێیان رابگەیەنێت، کە رەوانەی کرد تا ئازووقە لە معاویە ببرێت، ئیبن ئەلکەووا و هاوەڵەکانی گوتیان:

بەر لەوەی بەو بابەتە بزانن، کە ئیمام عەلی دەیەوێت قسەی لەبارەوە بکا: (ئەگەر لە گشت رایەک مافی قسەمان هەیە، ئەی بۆ پێمان ناڵێیت، تا ئێمەش شتێک بڵێین).

لێبووردەیی و بەزەیی و روحی قایلکردن و گفتوگۆ، کە ئیمام عەلی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیاو و هەوادارانی لە خەڵکی عێراق دەینواند، ئەو هەلەی پێ دان بۆ نەشونما و تەرخانکردنی ئەو جۆرە ئاکارەی زاڵە بەسەر کەسێتیی تاکی عێراقیدا و لە هەزاران ساڵەوە بۆی ماوەتەوە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێوەندە بەخەسڵەتی تاکەکەسی و دەسەڵاتخوازی، واتا بەحەزی دیکتاتۆرییەوە، کە هەناسەیەکی لە سیاسەتی گفتوگۆکردن و برایەتی و راشکاویی پشت بەستوو بەروحی ئیسلامەوە لە لەخۆبوردەیی و یەکسانی، کە ئیمام عەلی لەگەڵ خەڵکی عێراقدا گرتییە بەر، ئەمەش بووە هۆی سەرکردن و تەشەنەکردنی ئەو حەزە لە نێوان عێراقییەکاندا بەشێوەی یاخیبوونێکی قبووڵ نەکراو.

لەم رووداوە مێژووییەوە بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێت تاکی عێراقی چەند پابەندە بەحەزی تاکگەرایی زاڵ و خۆبەزلزانین و هەڵگەرانەوە، ئیبن ئەلکەووای ناوهێنراو لە رووداوەکە (بەچاوپۆشین لە بەها و گرینگی و رۆڵی، ئەگەر نەناسراو

بێت، یاخۆ فەرماندەیەکی مەترسیدار) قبووڵی نییە مەگەر هاوتا، یا هاوبەشی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بێت لە سەرکردایەتی و دروستکردنی بڕیاردا... بۆمان هەیە بێنینە بەرچاوی خۆمان چۆن دەکرێت ڕابەرێتی لەشکرێک بکرێت بەسەدان، یاخۆ بەهەزارانی لە چەشنی ئەم عێراقییەی (ئیبن کەووا) تێدابێت، کە ئاشوفتەی جیاوازی و خۆبەزلزانی و هەڵگەڕانەوە لە ڕابەرایەتیکردنی و یاخی لە فەرمانێلێک هێشتا پێی ڕانەگەیەندراوە و لە بابەتێک هێشتانەکینێ نەیبیستووە و بەر لەوەی پێی بڵێن ناڕازییە، ئەو ئەگەرچی لە پێگەی متمانەیە، بەڵام نێزیکە لە دۆخی یاخیبوون و جیابوونەوە و هەڵگەڕانەوەی بێ هۆ.

ئیبن کەووا نموونەی دەیان و سەدانە لەوانەی ئیمام عەلی لە عێراق تووشیان هات، وەک لە یەکێک لە گوتارەکانیدا باسی دەکات تووڕە و شەکەتیان کرد و پلانەکانیان شێواند و ڕایەکانیان تێک دا، ئە کاتی هەموو کات ڕاوێژی پێ دەکردن و گوێی لە پێشنیازەکانیان دەگرت و لەگەڵ ڕایەکانیاندا بەگفتوگۆکردن و وتووێژ و بەڵگەهێنانەوە ڕاهاتبوو.

لە بری ئەوەی بەڕێز و پابەندبوونی زیاترەوە پێشوازی لێ بکەن، خەسڵەتی ئاکاری بەسەریاندا زاڵ بووبوو، کە پێشتر باسمان کرد، وەک خووگرتن بەهۆیەکانی جیاوازی و یاخێتی و جیابوونەوە و ئاژاوەگێری و سەرپێچیی فەرمانەکانی و هیچ هەلێکیان بۆ نەهێشتەوە، تا کارێک، یا پڕۆژەیەکی گرینگ لە ماوەی حوکمەکەی جێبەجێ بکا، تاکو کار بەوە گەیشت سەرەنجام لەو کاتی لە میحرابی نوێژکردنەکەیدا بوو کوشتیان.

ڕەنگە ئەم سیفەتانە هێشتا هاوشان بن لەگەڵ ئاکاری تاکی عێراقیدا تاکو ئەمڕۆ، بەتایبەت لە کاتی بزربی دەسەڵاتی هێز و سزای یاساییی توندا.

ئەو سیاسەتەی ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا لە عێراق گرتییە بەر پشتی بەستبوو بەپرەنسیپی ئازادی و لێخۆشبوون و لێبووردەیی و دادپەروەری و برایەتیی ئیسلامیی پشت بەستوو بەپابەندبوونی ڕەوشتیی ئارەزوومەندانە و بڕوای عەقیدەیی ڕاستگۆیانە بەڕێنوێنییەکانی ئیسلام.

لەبەر ئەمە ئیمام عەلی ئامرازە ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی بەکار نەهێنا و پەنای نەبرد بۆ زەبروزەنگ و هێزی ستەمکاری. بەهۆی ئەمەشەوە لای

عێراقییەکان کۆمەڵێک شێوازی ئاکاریی خراپی متبوو لە کەسێتیی عێراقی و بۆماوە لە دەیان سەدەوە سەریان هەڵدا، کە بواری ڕاستکردنەوە و توندوتۆڵکردن و ئامادەکردنیان نەبووە و بوونە بەشێک لە خەسڵەتی کەسێتیی عێراقی، بەڵام بەتایبەتمەندیی سایکۆباتی (واتا کەسێتیی دەروون نەخۆش) لە ئەنجامی ڕەوش و ڕووداوی مێژوویی گوشارهێنەر، کە بەپشێوی و شەڕ و کوشتار و هێرش و توندوتیژیی خوێناویی بەردەوام لە عێراقدا دەناسرێتەوە.

لەبەرئەوە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی ئیمام عەلی لە عێراقدا گرتییە بەر ئاژاوە و دووبەرەکی و یاخیبوون بەسەر دەسەڵاتی خەلافەتدا تەشەنەیان کرد و دیاردەی هەڵگەڕانەوە و لاملی و لە فەرمانی خەلیفە دەرچوون و پابەند نەبوون بەڕێنوێنییەکانییەوە بوونە باو، هەروەها دەستدرێژیکردنە سەر خەلیفە خۆی (ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتالیب)، تا ئەو ئاستەی لە کۆتاییدا گەیشتە تیرۆرکردنی.

هەڵبەت ئیمام عەلی لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا لەسەر هەڵە نەبوو، دەبوو ئەم شێوازە لە سەرکردایەتیی دەسەڵاتی گونجاو لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی ئیسلامدا، کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و لێبووردەیی و بەزەیی پێدا هاتنەوە و ڕاوێژکردن بنیات نراوە، سەرکەوتوو و ئایدیال بووایە لە سیستەمێکی سیاسی ئاینێک دەنوێنێت لە ڕێنوێنییە سەرەکییەکانیدا بانگەشەی دادپەروەری و لێبووردەیی و بەزەیی هاتنەوە و ڕاوێژکردن و یەکسانی و گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستان دەکات.

بەڵام ئیمام عەلی بایەخی پێویستی بەقەبارەی وێرانکاری و نەخۆشیی دەروونی نەدا، کە کەسێتیی مرۆڤی عێراقی گرتبووەوە، بەهۆی ئەو سەدانساڵە بەردەوامە لە زەبروزەنگی خوێناوی و کوشتار و پەلاماری دەرەکی و چەوسانەوە و ستەمکاریی زۆر، کە خەڵکی عێراق بەدەست ئیمپراتۆرییەکان و فەرمانڕەوا ستەمکار و سوپا داگیرکەرەکانەوە دەیانناڵاند.

پێوەندیی ڕاوەستاو لە سەر پراکتیکی بەردەوامی لە بەرچاوگرتنی زۆرینە، هێزی ستەمکاریی سەپێنراو بەتوندوتیژی و زۆرداری لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە و خۆگرتوو لەسەر بەردەوامی لە جێبەجێکردنی کاری خوێنڕێژیی هەڵکشاوی دڵڕەقانەی بێ سنوور بۆ سەپاندنی دیفاکتۆ (الأمر الواقع) ئەوەیە لە زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکاندا لە وڵاتی دوو ڕووباردا و بەدرێژاییی دەیان و سەدە

تەرازووی هەژموون لە شێوە و ئاستی مامەڵەکردن لە نێوان فەرمانڕەوا و میللەتدا پێک دەهێنێت.

ڕەنگە سیفەتی ئاکاریی ئاوارتەیی و دژوار، کە تاکی عێراقی و کۆمەڵگە لە کۆنترین چاخەوە جیادەکاتەوە، ئەوەیە بەرجەستەترین هۆی پێک هێنا لە دروستبوونی ئەم جۆرە دەگمەنە لە پێوەندیی دڕندانەی نێوان فەرمانڕەوا و ژێردەستە لە وڵاتی دوو ڕووباردا.

سروشتی نەخۆشیی دەروونی کە ئەو چەند سەدەیە بەجێیان هێشت، بەڕووداوە خوێناوییە کارەساتبارەکانییەوە وای لە کەسێتیی عێراقی کرد ناتەواوی و چۆنێتیی (کەسێتیی سایکۆباتی) هەڵبگرێت، کە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە ناسەقامگیرە و لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، کە لێی دەژێ ناگونجێ و بارگاوییە بەسادەیی لە سۆزداری و دڵڕەقی و دوور نەبینی لە ئەنجام و خێرا تووڕەبوون و هەڵچوون و گۆڕان لە میزاجدا[١٣].

جێگەی داخە کەسێتییەکی لەم چەشنە بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کردن، ئاوا ڕووبەڕووی ئیمام عەلی لە عێراقدا وەستابێت، کە ناچار بوو مامەڵەی لە تەکدا بکا، بۆیە لای ئیمام عەلی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، هەروەها هەژێنێکی گەورەش بوو بەلایەوە لە ئاست خەڵکی عێراقدا، کە لە گوتار و قسە بەناوبانگەکانیدا وەسف و بڕیاری توند و دڵڕەقانەی بەسەردا داون، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی بەدەست ئاکار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستە بێ ئومێدانە و چاوەڕوان نەکراوەکانیانەوە دەیناڵاند.

ناوەکان هەرچییەک بن کە دەروونزانی، یاخۆ پزیشکیی دەروونی ناویان لێ ناون، ئەوا ئەنجام و ڕەنگدانەوە و کاردانەوەکان یەک و لەیەکچوون لە بەرابەر ئەوەی دەکرێت ئەم جۆرە ئاکارانە دەری بدەن، کە ئیمام عەلی و کوڕەکانی

١٣. زانستی دەروون کەسێتیی سایکۆباتی ئاوا وەسف دەکات:

کەسێتیی ئەو تاکەیە، کە بەدەست بێ ئۆقرەیی سۆزدارییەوە دەناڵێنێ، تا ئەو ڕادەیەی لە دۆخی نەساغی نێزیک دەبێتەوە... کەسی سایکۆباتی سادەیی سۆزداریی هەیە لەگەڵ پێنەگەیی لە ڕەوشتدا، دوور نەبینە، زوو تووڕە دەبێ و هەڵدەچێ.

موسوعة علم النفس. د. اسعد رزوق. المؤسسة العربية للدراسات والنشر. ص١٦٧.

(حەسـەن و حوسێن) لە عێراق بەدەستیـانەوە گرفتار بوون، هەروەها سـەرجەم ئەو سەرکردە و فەرمانڕەوایانەی لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەدوایاندا هاتن.

ئەوی ڕاسـتی و دروستیی شیکردنەوەکەمان سـەبارەت بەپاڵنەرەکانی ئـەم جۆرە ئاکـارە دەردەخـات، کـە زانسـتی دەروون دەسـتنیـشـانی دەکـات، بەیاخـیـبـوون و پشێوی و جیاوازی و حەزی جیابوونەوە و ئاژاوەگێڕی و نادیسـپلینی و تەمبەڵی لە جێبەجێکردنی فـەرمانەکاندا و خـاوەخاوکردن لە گوێڕایەڵی دەناسرێتـەوە، ئەمە لە ماوەی فەرمانڕەواییی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا بەیەکجاری ون بوو، بگرە نێزیک بەنەمـان بوو، هەڵبەت حـەجاج بەخۆڕسکە دەشـتەکییانەکەی پەی بەم دۆخە تایبـەتە برد، کـە خـەڵکی عێـراقی پێ دەناسـرێنەوە، بۆیە ئـەوی پێـویسـت بوو پێی هەڵسێت دەسـتنیشانی کرد، تاکو هەمـوو ئەو شیمانانە بسـڕێتەوە و وەلایان بنێت، کە دەکرێت ببنە هۆی لەدەست دەرچوونی خـەڵکی عێراق، کە بەشـۆڕش و ئاژاوە و یاخـیبوون وەسف دەکرێن و ڕێی لە دەسـتدرێژیکردنە سـەر حـوکم و بەڕێوەبردن و بڕیارەکانی گرت، بۆیە دەستپێشکەری لە شەڕ کرد بەر لەوەی شـەڕەکە ڕوو بدات، تاکو دەسـەڵاتی ڕەهـای بەسـەریاندا بسـەپێنێ و بتـوانێ سـەرکـردایـەتییـان بکا بێ ئەوەی پابەند بێت، یـا بەزۆر ببەسـترێتـەوە بەوەی ئاینی ئیـسـلامی دەیسـەپێنێت لە کۆت و بەند و ڕێنوێنی بەسزادان و دوورخستنەوەی گومان و زۆری تریش.

تەواو وەکو مەزەنـدەی کردبوو، هەندێک لە عێراقییەکان هەوڵیـان دا دەستدرێژی بکەنە سـەری بەتێگرتنی وردە بەرد لێی، ئەو کـاتـی بەر لەوەی لە مـزگـەوتـی کوفـە دەست بەگوتارە خـوێناوییەکەی بکا، بەئەنقەست درێژەی بەبێدەنگی دا، ڕەنگە ئەو ڕەفتارە لـەوانەوە بەمەبەستی تاقیکردنەوە بووبێت بۆ زانینی ئەو کاردانەوەیەی لەم فەرمـانڕەوا نوێیـەوە دەردەچێ، هەروەها بزانن چۆن بتوانن مـامەڵەی لەگـەڵدا بکەن و تا چ ئاستێک دەبێت، کەچی ئەوی ڕووی دا دوورتر و مـەترسیدارتـر بوو لە گشت ئەوانەی مەزەندەیان دەکرد.

نێـزیکەی زۆربەی ئەو سـەرچاوانـەی قـسـەیان هـەمـبـەر ئـەو گـوتارە بەناوبـانگە کـردووە، لەسـەر ئەوە کـۆکن کـە بـرگـەیەک هاتـووە دەڵێت، سـەرجـەم ئـەوانەی لەو دانیـشـتـنەدا بوون لە خـەڵکی کـوفـە ترس دای گـرتوون و هـەر کـەس وای زانیـوە حەجاج بەو هەڕەشە خوێناوییانەی لە گوتارەکەیدا هاتوون مەبەستی ئەوە.

حـەجـاج پرەنسـیپی هێـدمـەی بەکـار هێنا، پاشـان لەو هەڵوێسـتـە بەردەوام بوو

بەجێبەجێکردنی کردەنی سزادانی خوێناوی تا ئەوپەڕی دڵڕەقی.

حەجاج دۆخێکی وای بۆ خۆی خوڵقاند بتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو ناکۆکییە نەرێنییانە ببێتەوە، کە کەسێتیی تاکی عێراقی بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ دەرهاویشتەکانی وەک هەڵوێست و خوو و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و شتی لە ناکاوی هەڵاواردە، کە ڕەنگە ببنە شیمانەی بەربەرەڵایی و ئاشووب و هەڵگەڕانەوە و دەستدرێژی و گوێ پێ نەدان.

وێڕای ئەمانەش پاشان حوکمی حەجاج خاڵی نەبوو لە هەندێک شۆڕش و یاخیبوون لە عێراقدا، کە ناچار بوو بەشێوەیەکی دڵڕەقانە و درندانەی بێ وێنە تێکیان بشکێنێ.[١٤]

هەروەها لە چاخی نوێشدا ئەو شێوە ئاکارییە لە یاخیبوون و شۆڕش و ئاژاوە و دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەت بەدرێژایی حوکمی سەدام حوسێن ون بوو، چونکە ئەو وەکو دیاردەیەکی مێژوویی هەبوو لە سروشتی ڕەوتە ئاکارییەکانی عێراقییەکان گەیشتبوو، بەشێوەیەکی نوێی نائاشنا ئامادەبوونی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی وەرگرت، ئەو وێڕای پشتبەستنی بەڕێبازی دڵڕەقیی خوێناوی و کوشتن لەسەر گومان بۆ تەمێکردنی ئەوانەی ڕێیان بەخۆیان داوە دەستدرێژی (بەنەزانی و بەئەنقەست) بۆ پیادەکردنی شێوەکانی گرووپگەرایی، یا جیابوونەوە، یاخۆ یاخیبوون، یان سەپاندنی ڕا بەپاساوی جیایی یاخۆ خۆبەگەورەزانین، یان پشتگوێخستن و گوێ پێنەدان و خۆهەڵکێشان بەسەرپێچیکردنی فەرمانەکان، یاخۆ شانازیکردن بەدەستکەوت و تاکڕەویی بلیمەتانە، یا خۆ بەگەورەزانین...

لەژێر پاڵەپەستۆی پاڵنەری بەزۆر و نەویستانە لەم جۆرە ئاکارە چێنراوە بەدرێژایی مێژوو لە ڕۆشنبیریی تاکی عێراقی و بنیاتە دەروونییەکەی، دەڵێین سەرەڕای ئەو ڕێبازە خوێناوییە زۆر دڵڕەقانەیە، ئەوا مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆخە ناچارییە کرد لە سیفەتە ئاکارییەکانی تاکی عێراقی بەدەرخستنی پتر لە سووک تەماشاکردن و گاڵتە پێکردن و قەشمەریی بێ سنوور بەهەر عێراقییەک بیەوێ

١٤. لێرەدا مەبەستی سەرەکی شۆڕشی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەسە دژ بەفەرمانڕەواییی حەجاج و ئەو کۆتاییە دڵتەزێنەی بەکوشتاری دێر ئەلجەماجم دوماهی هات.

پابەند بێت، یا وا نیشان بدات پابەندە بەیەکێک لە شێوەکانی ئاکاری باس کراو، مەبەستیشمان شێوەکانی نەساغییە، پاشان دەرگەیەکی کراوەی هێشتەوە بۆ خۆ قوتارکردن لە مەرگ، یا ڕێزلێنان و پاداشتکردن و داهێنان، ئەم دەرگەیەش مافی جیاوازی و تاکایەتی و هەمەجۆرییە لە بەرز ڕاگرتن و ستایشکردن و گەورەکردنی ڕایەکانی سەدام حوسێن و قسەکانی و کەسایەتی و لادانی ئەوانەی لەمە بەدەرن.

ئەوی ویستبێتی لەم ڕێبازە، یا ئاراستەیە هەڵگەڕێتەوە و پابەندی نەبێت، لەسەریەتی بەرگەی ئەنجام و سزا چاوەڕوانکراوەکان بگرێ.

پاشان وتەکەیان بەکردارەوە گرێ دا، تاکو گومان لە مێشکی هەر گومانکارێک لە جدیەتی ڕێبازە نوێیەکە لابەرێ.

پلە بەپلە پاش کەوتنی ژمارەیەک قوربانی، لەوانەی بڕوایان بەشێلگیریی ئەو ئاگەدارکردنەوەیە و شێمانەی پراکتیزەکردنی ئەو جۆرە سزا یەکلاکەرەوە نامـاقـووڵانە نەکرد، کـوژران و بوونە پەند بـۆ ئەوانی تر، دەڵێن دوای ئەوەی ئەوە ڕووی دا، گەلی عێراق بەرەوشتی نوێ خۆی ڕێک خست و بەناچاری لە ژیانیدا سەرجەم ئەو شێوازە ئاکارییە بەزۆر و دوور لە زۆرییەی پێشووی ڕەت کردەوە، کە پێشتر باسمان کرد و بەپێی پێویست و فەرمان بەجێگەیاندن بەچاکترین شێوە لە ڕێکخستن بەڕێوە چوو، گۆڕا بەمیللەتێک لە چەپڵەلێدەر، پێشبڕکێیان دەکرد لە بەرزڕاگرتنی سەرۆکی ڕەمز، کە لە بەرابەر فەرمان و ڕێنوێنییەکانیدا هەموو شێوەکانی ئاکار توانەوە، کە عێراقییەکان لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بۆیان مابووەوە، ڕەنگە ڕزگاری نەبووبێ لە چالاکی، یا سرووتی چەپڵەلێدان و پیاهەڵدان و سەما و شایی و پێشبڕکێی هێستریانە بۆ پێشکێشکردنی متمانە، یان بەلای کەمەوە نزا و پیرۆزباییکردن لە سەرۆک، تەنیا هەندێک عێراقیی هەڵاتوو بۆ هەندەران نەبێت، ڕەنگە خـۆمـان بێت بپرسین (بێ ئەوەی کەس لە پرسیارەکەمان تووڕە بێت) ئەرێ ئەو چەند ملیۆنەی پێشبڕکێیان دەکرد لە چەپڵەلێدان و هوتاف کێشان و قوون بادان و بەرزڕاگرتنی سەرۆک چییان لێ هات؟

وا بزانم ئەو عێراقییەی قسانی بۆ کردین و سوێندی بۆ دەخواردین زۆر لەسەر هەڵە نەبوو، کە تووڕە بوو لەوانەی متمانە و ڕووو و پێست و دەنگ و هەڵوێستی

خۆیان دوای ڕووخانی ڕێژیم گۆڕی و زێدەگۆییان دەکرد لە جوێندان بەسەرۆک سەدام حوسێن و ڕێژیمەکەی و باسی پاڵەوانێتیی خۆیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوە و دژوەستانەوەی ڕێژیمی سەدام حوسێن، کاتێک دەیگوت: لەودەمی ئەستەغفیروڵای دەکرد کە قسەکانی کفر، یا دەرچوون لە ئاین نەبێت: من بەدرێژاییی حوکمی ڕێژیمی پێشوو عێراقم جێ نەهێشت، دەتوانم گەواهی ئەوە بدەم، کە تەنیا پەروەردگار لە عێراقدا چەپڵەی لێ نەداوە، یاخۆ سەدام حوسێنی بەرز ڕانەگرتووە. پاشان دەگەڕایەوە و ئەستەغفیروڵایەکی دەکرد.. ئەم عێراقییە ڕاستگۆیە لەگەڵ خودی خۆیدا ئەو ڕاستییە دەڵێت، کە بینیویەتی.

لەلایەکی ترەوە ڕاستییەکی مێژوویی تر هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمان کردن، پێویستە لەسەرمان باسی بکەین و بیزانین و ڕای بگەیەنین، ئەویش ئەوەیە ئەو شێوەیە لە ئاکار، کە بەکەسێتیی تاکی عێراقییەوە نووساوە، کە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەوە دووبارەمان کردەوە و باس و وەسفمان کرد و ژماردمان، دەشێت لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی سزادانی یەکلاکەرەوە و شمشێری ستەمکاری و دڵڕەقی و ترسدا دەرکەوێتەوە و بڵاو ببێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە بوون و چوونە ناو بنیاتی تاکی عێراقیی دەروونی و ئاکاری و ڕۆشنبیرییەوە، ڕەنگە لە ماوەی چەندان سەدەدا، دوور نییە بگاتە پەنجا سەدە خۆی پێک بهێنێتەوە و بەردەوام بێت، بۆیە نەمان و سڕینەوە و گۆڕانی پێویستی بەکات و کۆششی میتۆدیی ئاراستەکراو و ڕێک هەیە.

وێڕای ئەوەی ئەم شێوازە لە ئاکاردا وا دیار دەدات دژوار و خوازراو نییە، یا زەحمەتە و مایەی سەرسوڕمان و ناکۆکە، بەڵام لە لایەنێک لە لایەنەکانەوە شێوەیەک لە شێوەکانی هێزی کەسێتیی عێراقی دەنوێنێ، پێوەند بەچەمکی ئازادیی ڕەها و بەسترا و بەحەزی سەربەخۆیی بەدەست هێنانی هەمیشەیی و ڕەتکردنەوەی سەردانەواندن بۆ فەرمان و سیستەم و کۆتوبەندەکان، کە لەگەڵ ئاوەزی عێراقیدا بەدرێژاییی هەزاران ساڵ جووتبوونێکی مەرجدار جووتبوونە لەگەڵ فەرمان و ڕێنوێنییەکانی دەرچوو لە سوپای بێگانەی داگیرکەری چاوچنۆکەوە، کە هاتە خاکی عێراقەوە و داگیری کرد، بەشێوەی یەک لە دوای یەک و نیمچە بەردەوام لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئیمپراتۆرییەت لە مێژوودا لە کۆتاییی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین تاکو ئەمڕۆ. تا وای لێ هاتووە دەرکردنی فەرمان

تەنیا داگیرکەر و بێگانە دێنێتەوە بیری عێراقییەکان.

کـەچـی ئەمـڕۆ لـە بەردەممـاندا (بـێ ئەوەی خـۆمـان بـۆ گـەڕان بـەدوای هۆ و پێکهاتەکاندا ماندوو بکەین) جگە لە تاکێکی عێراقیی چەپخوونی ڕقن نابینینەوە، کە بەزەحمەت دەدرێتە پێش و لە زۆر کاتدا جیاوازە، مەیلی جیابوونەوە و تاکڕەوی و یاخـیـبـوونی هەیە، گـوێڕایەڵ نیـیـە، وەڵامـدانـەوەی بۆ فـەرمـانەکـان سـسـتـە، کـەمـتـەرخـەمـە لە سـەرکـەوتنی لایەنەکـەی تر، دوور نیـیـە لە قـووڵاییـی ئاوەزیدا داگیرکەر بگرێتەوە، شەیدای بەرابەر وەستانەوە و خۆ بەگەورە زانییە...

ئەم سـیـفـەتـە پڕ لە دژوارییـە بـووە مـایەی سـەراسـیـمـەییی فـەرمـانڕەوایان و تووڕەییـی سـەرۆکـەکـان، ئەوانـەی لە سـەردەمـەکـانـی کـۆنی مـێـژوودا لـە عـێـراق دەسـەڵاتیـان بەدەسـتـەوە گرت و نـەیانتـوانی هۆیەکـانی شی بکەنەوە، یاخـۆ بزانن پاڵنەرە دەروونی و ئاکارییەکانی چین، بۆیە بەدەرکردنی بڕیاری توند و دڵڕەقانە و پڕ لە ڕیسوایی وازیان هێنا، دژ بەم گەلە داهێنەرە بارگاوییە بەهێز و چالاکی، کە مەزنترین سەرکەوتنی ژیاریی لە مێژوودا خوڵقاند...

ڕەنگە ئەو ڕوونکردنەوەیە لە کـۆتاییی ئەم تـوێژینـەوەیەدا پێـویست بێت، کـە دیاردەی ملدان و سـەرشـۆڕی و خـۆدانەدەست و قـبـووڵکردنی دیفاکـتـۆ (ئەمـری واقع)، کە گەلی عێراق لە هەندێک کاتی مێژوویدا دەینوێنێ، بەهۆی بەکارهێنانی نامرۆییـیانەی ئامرازەکانی سەرکوت و دڵڕەقی و سزادانی خوێناویی ستەمکارانە و بەپەندبردنی، دیاردەیەکە ناجێگیرە و ناشێت بکرێتە پێوەر، هەروەها نابێتیش وای بۆ بچین ئـەم میللـەتە تەنیـا لەگەڵ دەسـەڵاتدارە سـتـەمکارەکـاندا ڕاست ڕای دەکێشێ و تەنیا وەڵام بەڕژێمە دیکتاتۆرییە خوێنڕێژەکان دەداتەوە.

ئەم شـێـوە قـەناعـەتە زۆر هەڵـەیە، نابێت هـیچ بڕیارێکـی یەکـجـارەکی و ڕەهای لەسـەر بنیـات بنرێ، چونکە دەبێـتـە بڕیارێکـی ناڕاست و ناواقـعی، بێـدەنگی و ملکەچی و سـەرشـۆڕی و سـەراسـیـمـەیی، کـە گـەلی عـێـراق لە قـۆناخـێک لە قۆنـاخـەکـاندا بۆ ڕژێم و فـەرمـانڕەوا زۆردارەکـان دەینوێنێ، یا ئـەوانەی ئەوپەڕی پلەی توندوتیـژیی خـوێناوییـان بۆ ملدانـی بەکار هـێنا، ئەوە ئاکارێکە لە ناواخنیدا گەلێک شـتـی چاوەڕوان نەکراوی وروژێنەر و تۆقێـنەر لە خـۆ دەگرێت، چونکە ئەو بەدوای یەکدا هاتنـەی ئاڵوگۆڕی نێوان شکست و بێبەری و بێ ئومێدی لە لایەک و یاخـیبوون و شـۆڕش و تۆڵە و زەبروزەنگی خـوێناوی لـە لایەکی ترەوە، دوور نیـیـە

هێـور ببنەوە و بۆ مـاوەیەک بوەسـتن، ئەمـەش بەهۆی فـاکـتـەرەکـانی پاڵەپەسـتۆ و دڵڕەقیی زۆر و لەناودانی خوێناویی بـەکۆمـەڵ، بەڵام دەگەڕێتـەوە سـەر کـارلێککردن و جـووڵە و شـۆڕش، لەم دۆخـەدا تـەقـینەوەکـەی وێرانـکەر و خـوێنین و ئـەوپەڕی دڵڕەقی دەبێت بەشـێوەیەکی تۆقێنەر، لەبەر ئەمـە دڵڕەقی و توندوتیژی و سـزادانی یەکلاکەرەوەی خوێناوی چارەسەر نین بۆ ئاکاری یاخیبوون، کە گەلی دۆڵی ڕافدێن بەگشتی پێی دەناسرێتەوە.

ئەم ناکۆکییە بەرچاوە لە شێوەی ئاکاری گشتیی گەلی عێراقدا لە نێوان پەتای ئاژاوە و پشـێـوی و شـۆڕش و یـاخـیـبـوون و جـیـابوونەوە و ئەو نـاتەواوییـانەی کۆتاییـان نایەت، لـەگەڵ بێدەنگی و ملکەچی و ملدان و متـمـانەی ڕەها بۆ گشت ئەوانەی فـەرمـانڕەوا و دەوڵەت دەیانسـەپێنێ و ئارەزوویان دەکـات، ئەمـەشـمـان لە شـوێنێکی تری ئەم کـتـێـبـەدا باس کـردووە و هـۆ و پاڵنەرەکـانیـمـان بـەپێی ڕا و تیۆرەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی ڕوون کردووەتەوە.

٧- کـەسی عێـراقی حـەزی بەخـۆدەرخسـتن و نـاوبانگ و بەرجـەسـتـەکـردنی هێـزی خۆیە:

پێویست نـاکات ئەم خووە (واتا ئارەزووی خـۆدەرخسـتن و ناوبانگ و دەرخسـتنی هێزی خـود) تایبـەت بێت بەمـرۆڤی عێـراقییـەوە، بەڵام دەرکـەوتنی بەهێـز و زاڵ لە ئاکـاریدا، وێڕای دەست پێـوەگـرتنی بـەزۆری نیـمـچـە نەسـاغ و پراکـتـیـزەکـردنی بەشــێــوەیـەکی بەردەوام و ئـاشکرا، وای لـێ کـردین قــســەی لەســەر بکەین بەو سیفەتەی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئاکاری تاکی عێراقی.

هۆی دەرکـەوتنی ئەم خـووە لای کـەسی عێـراقی، پابەندبـوونی زاڵێتی بـەحـەزی تاکـڕەوی و لەخــۆ ڕازیبــوونـە، لەبەرئـەوەی بەئەنگێـزی نـەســتی دەکــۆشــێت بۆ بەدیارخسـتن و بەرجەسـتـەکردنی تواناکـانی و جەختکردنەوە لەسـەر هێزی خـودی خۆی، تا ئەمەی بۆ بچێتە سـەر و بەچەندان شێوە، هەندێک جـار لەگەڵ ئەم خووەدا ئەنگێـزی تری جـیـاواز تێکەڵ دەبێ، کـە تێکەڵەیەکـە لە غـیـرەکـردن و ئـیـرەیی و خۆپەرستی و بۆڕبۆڕێنی نـاڕەوا، ئەمەش کاریگەریی ئەم شێوازە لە ئاکاری ناسراو بەتاکڕەویی زاڵ پتر دەکات.

دووریش نییە ئەم هەوڵە بۆ دەرکەوتن و بەرجەسـتـەکردنی هێزی خود لای مرۆڤی

عێراقی، لە کاتی پێڕەوکردنی ئاکاری زێدەڕۆیی لە بەخشندەیی تاکدا بەدەر بکەوێ.

ئەم کارەش بەشێوەیەکی روون لە سووربوون دەردەکەوێ، بۆ نموونە سازدانی داوەتی خواردنی بەکۆمەڵ بۆ هاوەڵ و ناسیاو و برادەران، گوێیشی لێ نییە لە فراوانکردنەوەی ئەو داوەتانە، تاکو تەنانەت بێگانەش بگرێتەوە، لەوانەی تازە ناسیونی و هۆیەکەشی لەم حەزەدا خۆی حەشار داوە، کە ئەم داوەتە بەکۆمەڵانەی ژمارەیەکی زۆر لە خۆ دەگرن، نەک یەک کەس، شێوەیەکی پتر لکاوە بەبڵاوبوونەوەی ناوبانگ و ناو دەرکردن و بەرجەستەکردنی ئابڕووی تاک لە نێوان ژمارەیەکی زیاتری خەڵکدا، هەروەها میکانیزمی باو، کە ئەو داوەتانەی لە عێراقدا پێ بەرێوە دەچێ، کارێکی وا دەکات خاوەن داوەت ببێتە جێگەی بایەخ و گرینگی پێدان و چاوی هەمووانی لەسەر بێ، لەبەرئەوەی دەبێتە کەسی یەکەم و بڕیاردەر و ڕەتکەرەوە لە دەرکردنی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری لە کاتی ئەم چالاکییەوە، بەمەش لووتبەرزییە خۆییە پەنگخواردووەکەی لە نەست و حەزی دەرکەوتن و جیاکاری و دەسەڵاتخوازی و بەرجەستەکردنی هێز و دەستبەسەرداگرتنی تاکڕەوی تێر کردووە، ئەگەرچی بەم برە، یاخۆ بەم ئاستە دیارکراوە بێت.

هەندێک جار ئەم جۆرە بەخشندەییە وا دەنوێنێت وەک ئەوەی ئاکارێکی دەسەڵاتخوازانەی زۆرەملێ و بەدەر لە ئیرادە بێ، گەلێک جار رێک دەکەوێ عێراقییەک دەبینین پارەی پێویستی پێ نییە بۆ داوەت، کەچی دەچێت برێک پارە قەرز دەکات، تا خەرجیی ئەو داوەتەی پێ دابین بکا، کە خەڵک و میوانی بۆ بانگهێشت کردووە، دوور نییە زۆرجار پێویست، یاخۆ بەزۆر نەبێ، ڕەنگە بەشێکی کەم لە تاکەکانی گەلانی دنیا ئەم شێوە سەیرە بگرنە بەر. واتا قەرز دەکات بۆ ئەوەی خەڵک بەمیوان ڕاگرێت، هەرچی نەریتی بەپێوە وەستانی خانەخوێ و نان نەخواردنێتی لەگەڵ میوانەکاندا (بەو پێیەی داوەتکەرە)، دوور نییە نەریتێکی بۆماوەی چەندان دەیە و نەوە بێت، هەرچەندە لێکدانەوەی باو بۆ ئەم نەریتە ئەوەیە، تاکو ساز و ئامادە بێ بۆ خزمەتی میوانەکانی و بەخشندەیی و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو ناتەواوییانەی لە کاتی داوەتەکەدا پێویستیان پێیان دەبێت، بەڵام ئەم پاساوە لاواز و نادروستە، بگرە تا ئەوپەڕی سادە و ساکارە.

لێکدانەوەی گونجاوتر بۆ ئەم نەریتە بۆماوەیە، کە لەگەڵ شیکردنەوەی دەروونیدا بێتەوە، ئارەزووی شاراوەیە بۆ دەرخستنی جیاکاری و تاکڕەوی و سەرنجڕاکێشان و ڕاکێشانی گرینگی پێدانی ئەوانی تر، بۆیە ئەم هەڵسوکەوتە شێوەیەکی ساکارە لە ئاکار، کە بەناهۆشیاری جێبەجێ دەکرێ، بۆ دەرخستنی لە پێشەوەی خود و بەرجەستەبوون و تایبەتمەندیی تاک.

دەکرێ بەئاسانی ڕاست و دروستی ئەم شیکردنەوەیە دەربخەین، کاتێک تێبینیی کۆششی تاکی عێراقی دەکەین بۆ نیشاندانی بەخشندەییی کەسێنی لە بۆنە بێدەنگەکاندا، یاخۆ لە دووانەی خاڵی لە ڕووکەشی ڕاگەیەندراو و بەکۆمەڵ، دەبێتە هەوڵێکی زۆرجار لاواز و خاو و بەتاڵ لە حەماسەت.

دوور نییە هاوشان لەگەڵ ئەم حەزەدا (حەزی لادان بەلای خۆدەرخستن و ناوبانگ)، یاخۆ حەزی نەرێنیی تر تێکەڵی دەبێ، هەندێک جار وا دیار دەدات ڕەنگدانەوەیەتی، یاخۆ ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی، وەکو:

هەردەم لادانی تاکی عێراقی بەلای خستنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی بۆ سەر ئەوانی تر، هەروەها لە سەرجەم کردارەکان و هەڵسوکەوتی خراپ و دزێو، کە لە کۆمەڵگەدا پێی هەڵدەستێت، یان لە کردارەکەیدا تێوەدەگلێ، ئەمەش بەرگرییەکە لە خودی خۆی، لەبەرئەوەی دەرک بەوە دەکات ئەم کردار و هەڵسوکەوتانە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە مایەی قبووڵ نین، ئیتر ئەگەر پێ هەستانەکەی بەویستی خۆی بێت، یاخۆ بەمەبەستی زۆرەملێ و گرتنە خۆ بێت.

٨- عێراقی سڵ لە داهاتوو دەکاتەوە:

هیچ پێوەندییەکی دۆستانە، یاخۆ بڕوا، یا هۆگری بەهەموو ماناکانییەوە و لە گشت ڕەوش و دۆخ و کات و چاخ و سەدەکاندا لە نێوان مرۆڤی عێراقی و داهاتوودا دروست نابێ، دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە عێراقی بەداهاتوو دڵنیا نییە و پشتی پێ نابەستێ، بگرە سڵی لێ دەکاتەوە لەو ڕووداو و ناکاوانەی بۆی هەڵگرتووە، کە زۆرجار لە وڵاتی عێراقدا ڕووداوی دڵتەزێن و خەمهێنەرن، ئەزموونی تاکی عێراقی لە ماوەی هەزاران ساڵدا لە ناخیدا تەواو دڵنیا بووە، کە داهاتوو تەنیا بەڵا و کارەسات و شەڕ و شتی ناگەهانی کارەساتبار و هەواڵی خراپ هەڵدەگرێ و دەشارێتەوە، لە داهاتوودا تەنیا چاوەڕوانیی ترس و

دەسەڵاتخوازیی ئەوانی تر و ئازار و کوشتار و برسییەتی و لافاو و ئاوارەیی و ستەم و دڵڕەقی و دوورکەوتنەوەی خۆشەویستان و خەمی تاڵ دەکات، بەم ئاوایە لە هەموو ئەوە یەک لە دوای یەکەکاندا بەشێوەیەکی کارەساتباری پڕ لە خەمی دووبارە بووەوەی خاڵی لە خۆشی و شادمانی و کامەرانی، پێوەندیی نێوان مرۆڤی عێراقی و داهاتوو دروست دەبێ.

بەتێپەڕبوونی سەدە و ساڵ و ڕۆژەکان مرۆڤی عێراقی ڕۆشنبیریی ترس و گومان لە داهاتووی بۆ مایەوە، هەروەها ئاگەداری لەوەی بۆی هەڵگیراوە و شاردراوەتەوە لەو چارەنووسە نادیارەی بۆی ماوەتەوە، ئیدی وای لێ هات گومانی چێنراو لە ناخی ئاوەزی عێراقیدا سەبارەت بەداهاتوو پێوەندیی نێوانیانی جیا دەکردەوە.

ترس و بیم لە دوارۆژ وا لە مرۆڤ دەکات بەردەوام هەستی گومان و دوودڵی بۆی لە نیشانەدا بێ و بیکاتە کەسێکی گومانکەر و لە زۆربەی کێشەکانی ژیان بسڵەمێتەوە، ئەم گومان و ترسە وای لێ دەکەن نەک هەر لە کاروباری پێوەند بەداهاتوو و نەزانراو وابێ، بگرە تەنانەت ئەوی پێوەندیشە بەڕووداوەکانی ئێستا و ڕاستییە زانراو و بەرجەستە و بینراوەکان لە واقعی ڕۆژانەدا، بۆیە دەبینین لێکدانەوەی تایبەت و تایبەتمەندی دەبێ بەتۆقان و گومان و مەزەندە و ڕەشبینە لە ئاست زۆربەی ڕووداوەکانی دەورووبەردا، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی ئەم خەسڵەتە لە ئاکاری تاکی عێراقیدا دەستنیشان بکرێ.

ڕەنگە پێویستمان بەدرێژدادڕی و شیکردنەوە لە لێکدانەوەی ئەم دۆخەدا نەبێت، لەبەرئەوەی مێژووی عێراق بەهەزاران بەڵگە و نیشانەی واقعی و کردەنیمان لەسەر ئەمە دەداتێ.

زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕوحی مرۆڤی عێراقی و ویژدان و هەست و ئومێد و ئاواتەکانی و ئارەزووی بۆ ژیانی ئاسوودە و سەقامگیر و حەزی بۆ تەناهی و شادمانی و گەشبینی جار لە دوای جار و بەشێوەیەکی بەردەوام لە کاتی هێدمە و ڕووداوە دڵتەزێنە بەدوای یەکتر هاتووەکاندا درزی تێ کەوتووە و تێک شکاوە، ئەمەش مێژووی عێراقی بەسەرجەم قۆناخە دوا بەدوای یەکەکانەوە بەرهەم هێناوە.

بەسەدان نموونە هەن دەكرێ بۆ ئەم بوارە بەكار بهێنرێن، لە ڕووداوی مێژوویی كۆن، یاخۆ هاوچەرخ بۆ هێمای ترسی مرۆڤی عێراقی لە داهاتوو و تۆقینی بەردەوامی لە ڕووداوە مەزەندە كراوەكان.

سەیرترین ڕووداوی مێژوویی، كە جەخت لەسەر ترسی مرۆڤ لە عێراقدا لە دواڕۆژ دەكاتەوە و نادڵنیایی لەوەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ و دەیشارێتەوە لە ڕووداوەكان، ئەوەیە كە هەندێك لە گێڕانەوەكان باسی دەكەن، كە حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی پاش وەرگرتنی حوكم لە عێراقدا، كۆشكی میرێتی لە كوفە ڕماندووە. لە (مروج الذهب)یشدا ئەم ڕووداوە دراوەتە پاڵ عەبدولەلیكی كوڕی مەروان، كە سەری موسعەبی كوڕی زوبێری لە كۆشكی میرێتی دانا ڕەشبین بوو، ئەمەش لە دەروونیدا یادەوەری و پاشخانی ڕەشبینانەی[15] جێ هێشت، هەر لەم كۆشكەشدا سەری ئیمام حوسێنی كوڕی عەلی دانرا، بەر لە ناردنی بۆ دیمەشق و دوای ئەوەی هەر یەک لە عوبەیدوڵای كوڕی زیاد و ئەلشمەری كوڕی زی جەوشەن و عومەری كوڕی سەعد لە كوشتن و سەربڕینیدا بەشدار بوون.

دواتر لە هەمان كۆشكدا سەری ئەو سیانەش دانران (عوبەیدوڵای كوڕی زیاد و ئەلشمەری كوڕی زی جەوشەن و عومەری كوڕی سەعد) بەر لە ناردنیان وەكو دیاری بۆ مەكە، بۆ محەمەد بن حەنەفیە، كە برای ئیمام حوسێنە، ئەوە بوو موختاری كوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی بۆ تۆڵەی ئیمام حوسێن كوشتنی و لە ملیانی دا.

پاشان هەر لەو كۆشكەدا دوای ئەوە سەری موختاری كوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی دانرا، پێش ناردنی بۆ مەككە وەكو دیاری بۆ عەبدوڵڵای كوڕی زوبێر، دوای ئەوەی موسعەبی كوڕی زوبێر، كە لەلایەن عەبدوڵڵای كوڕی زوبێری برایەوە بووە والی بەسەر عێراقەوە، هەستا بەكوشتنی موختاری كوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی و بڕینی سەری و ناردنی سەرەكەی بۆ عەبدوڵڵای كوڕی زوبێری برای، كە لە مەككە دادەنیشت.

دواتر لە هەمان كۆشكی میرایەتیدا لە كوفە سەری موسعەبی كوڕی زوبێر دانرا، پاش ئەوەی لەشكری عەبدولەلیكی كوڕی مەروان بەسەریدا زاڵ بوو.

---

١٥. مروج الذهب للمسعودي. الجزء ٣ ص ١٢٥ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات.

بۆیە سروشتی بوو دوای ئەم مێژووە بارگاوییە بەماڵوێرانی و سەربڕین، کە ئەم کۆشکە بەخۆیەوەی بینین، حەجاجی کوڕی یوسف و عەبدوڵەلیک ترس و ڕەشبینی و دوودڵی و گومان لە داهاتوو دایان بگرێ.

لە چاخی نوێشدا خوویەکی خراپ لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بڵاو بووەوە، ئەمەش لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکاندا بوو، کە لە عێراقدا ساڵی ١٩٥٨ و دوای ئەوەش دەستی پێ کرد، لە سۆنگەی ترسی عێراقییەکان لە ڕووداوەکانی داهاتوو، لەبەرئەوەی عێراقییەکان لە ئەفسەر و فەرماندەی یەکەکان و فەرمانبەران و بەرپرسانی دەوڵەت، بەهەموو ئاستەکانەوە وا ڕاهاتبوون برووسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوودەتای نوێ، یاخۆ سیستەمی تازەدا بنێرن ئەگەرچی دوابکەوێت، یا نەناردنی برووسکەی پشتگیری کە دەکرێ وا لێک بدرێتەوە هەڵوێستێکی نەرێنی، یاخۆ نەیار بەکودەتا تازەکە، یان سیستەمە نوێیەکەیە، کە جار وا هەبوو هەڵوێستەکە باش ناهات، ئەگەریش دڵنیا نەبووایا ئەم کودەتا نوێیە سەردەکەوێ و دەیباتەوە، یاخۆ شکست دەهێنێت و لەناو دەچێ (لەبەرئەوەی ڕێککەوتووە هەولّی کودەتا دراوە و نوشوستی هێناوە و دوای یەک دوو ڕۆژ سەرکوت کراوە و سەرجەم بەشداربووان لەدار دراون) لەبەر هەندێ زۆرێک لە عێراقییەکان بەتایبەت ئەفسەر و بەرپرسان و فەرمانبەرانی ناسراو لەو ماوەیەدا ناچار بوون دوو برووسکەی جیاواز ئامادە بکەن:

یەکەمیان پیرۆزبایی و پشتگیریی ئەو دۆخە تازەیەی لەخۆ گرتبێ، ئەوی تریش خەم و پەژارە و ڕەتکردنەوەی پیلانە (داگیرکارییە پۆخڵەکە.... هتد)ی گرتبێتە خۆ، لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لەم ئەفسەر و فەرمانبەر و بەرپرسانە لەمسەر و لەوسەری وڵات نازانن چی ڕوو دەدات و ئەنجامەکەی لە داهاتوودا چۆن دەبێ و چارەنووسی کودەتا تازەکە بەکوێ دەگات، بۆیە خۆیان تەیار دەکەن، تا بۆ هەر دوو دۆخەکە ئامادەبن، پشتگیری و ڕەتکردنەوە لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئەوەن داخۆ دواڕۆژ بەڕووداوە ناڕۆشن و ورووژێنەر و زۆرجار خوێناوییەکەیەوە چییان بەسەردا دەسەپێنێ.

ئەم شێوەیە لە ئاکاری ڕاڕایی، کە لەو سەردەمە کودەتاییەدا بەسەر سەدان هەزار عێراقیدا سەپێنرا، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ترس لە داهاتوو و ئەوی بۆی شاراوەتەوە لە ناگەهانی خوێناوی، هەروەها هەڵوێستێکی بارگاوییە

بەدوودڵی و گومان و نیگەرانی و هەلپەرستی، حەزی خۆڕسکی مرۆڤ لە ژیاندا و بەتەنگەوەهاتنی بۆ دابینکردنی ئاسوودەیی و تەناهی بۆ خۆی، وای لێ دەکەن ئەم جۆرە ئاکارە پێڕەو بکا، کە ڕەنگە داوونەریتی کۆمەڵایەتیی باو و ناسراو ڕەتی بکەنەوە. هەمــوو ئەمــانەش لە کــۆتاییــدا گــومــان و دوودڵی وترس لـە هەمــوو ئاستەکانیدا لە نێوان عێراقییەکان و دواڕۆژدا دەچێنن.

بەڵگە و ئاماژەش بۆ ئەمە، کە جەخت لەسەر ترسی عێراقییەکان لە داهاتوو دەکاتەوە، ئەو دۆخە هەمەچەشنە ناخۆش و مایەی خەمەیە، کە وا لە پیاوی عێراقیی حوکمدراوی درێژماوەی بەندیخانە دەکات، بەشەرعی ژنەکەی تەڵاق بدات و لێی جیابێتەوە، بەتایبەت کاتێ لە دادگە عورفییەکانەوە لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکاندا حوکمی قورسی بۆ دەرچوو، هەرچەندە جێبەجێکردنی تەڵاق لە ڕەوشی وادا زۆر کات نارەزامەندیی ژنەکەی بەخۆوە دەبینی، وەلێ لە گەلێک دۆخدا (کەم نین) هەر بەکردەنی تەڵاقەکە لەژێر سووربوونی شێلگیرانەدا لەلایەن پیاوەکەوە ئەنجام دەدرا، لە کەم کاتیشدا لەلایەن ژنە و کەسوکارییەوە، لەبەرئەوەی کەسیان لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا بڕوایان بەداهاتوو نەبووە، وەکو چۆن شاعیرەکە دەڵێت (هیچ ساغێک بەم زووانە بەساغی نامێنێتەوە...) هەروەها کەس متمانەی بەوە نییە داخۆ ڕۆژانی داهاتووی پڕ لە پشێوی چیان بۆ حەشار داوە لە هەڵوێست و شتی لە ناکاو، لە وڵاتێکدا ئاوەدان بەزەبروزەنگ و ڕووداوی سەیر و خوێناوی، لەبەر ئەوە عێراقی لە سۆنگەی شلۆقیی متمانە لە نێوان خۆی و دواڕۆژدا، بەباشی نازانێ خۆی بخاتە ژێر بەزەیی داهاتووی بارگاوی (لە گەلێک کاتدا) بەو کتوپڕانەی مایەی دڵخۆشی نین.

بۆیە ئەم ئاستە بەپێی ئەو پێوەندییەی لە نێوان تاکی عێراقی و داهاتوودا بەدرێژاییی چەندان چاخ و سەدەی یەک لە دوای یەک کاریگەریی قووڵ و ئاماژەی ڕوون و نیشانەی نەرێنیی لە بنیاتی دەروونی و ئاکاری مرۆڤی عێراقیدا جێ هێشتووە، لەبەرئەوەی دوور لە دەسەڵاتی خۆی و بەتێپەڕبوونی کات هەستی خۆشحاڵی و کامەرانی کەم بوونەتەوە و لە قووڵاییی ڕوح و ویژدانیدا هەستی ئاسوودەییی کز بووەوە و پەی دەر پەی حەزی زاڵ لە خۆشی و ژیانی پڕ لە کامەرانی و ئومێدی گەش کوژانەوە و ڕووبەری گەشبینی و دڵخۆشی گۆڕان بەهەستی ئاگایی و گومان و شێلگیری و نادڵنیایی بۆ دواڕۆژ... لەگەڵ

شوێنەوارێک لە خەمۆکی و خەمی شاراوە.

دەتوانین تێبینیی هەندێک وەڵامی هێمابەخش لەسەر ترسی متبوو لە ناهۆشیاری لای تاکی عێراقی بکەین، لە بەرابەر دوارۆژدا لە کاتی هەندێک زاراوە و رستە و ئەو برگانەی تاکی عێراقی لە رۆژێکدا بەدەیان جار دەیانڵێتەوە و دووبارەیان دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە مانا و مەبەستەکانیان بگات، یان بەلای کەمەوە بێ ئەوەی بزانێ ناوەرۆکەکانیان چ مەبەستێلێکی پڕ لە گومان و دوودڵی و بێ بڕوایی داهاتوو و زەمەن و رۆژەکانیان لە خۆ گرتووە...

پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر لە رستە و برگەدا، کە تاکی عێراقی لە قسە رۆژانەییەکانیدا لە پێوەند بەدوارۆژ و زەمەنی داهاتوو بەکاریان دەهێنێ و دەیانڵێتەوە.

جۆری یەکەم: ئەو برگە و رستە و وشانەی بارگاوین بەمەبەست و ماناکانی بڕواهێنان و دووبارەکردنەوەی زۆری لەسەر زمانی تاکی عێراقی، مانای ترس لە داهاتوو نین، سەرجەم مەبەست و ماناکانی ئاماژە بەوە دەکەن و دەچنەوە سەر ناوەرۆکی ئاینیی بڕوابوونی ئیسلامی لە پارانەوە بۆ خودا و داواکردنی لێخۆشبوون و ئاسوودەیی و رزگاربوون و... هتد.

وەکو چۆن ئەم برگانە بەچڕی بەکار دێن:

(ئینشاڵڵا، بەپشتیوانیی خوا، ئەگەر خوا حەز بکات، لێی گەڕێ بۆ خوا، ئەگەر خوا پشتیوانمان بێ، بەهیوای خۆشی و گشت شتێک لە دەست خوای تاک و تەنیایە، خوا کەریم و ڕەحیمە، تەمەن لە دەستی خوایە، پشت بەخوا ببەستە و ناوی خوای لێ بێنە، ئیشاڵڵا خوا بەخێری دەگێڕێت، بزانە خوا چی لە ناوچەوانت نووسیوە، ئەوی خوا نووسیبێتی دەبێت، هەموو شتێک لە دەست خوایە).

تا دوایی لە رستە و برگەی بڕوابوونی هێمای بڕوا بەیەزدان و پشتبەستن بەبەزەیی ئەو لە کاروباری دوارۆژدا.

جۆری دووەم: ئەو برگانەن مۆرکی دنیاییان بەسەردا زاڵە و نیشانەی ڕەشبینی و ترس و ئاگایی و گومان و دوودڵییان لە رۆژانی داهاتوو هەڵگرتووە، تەنانەت هەندێکیان ئاماژە بەترس و مەزندەی خراپ دەکەن، نموونەشمان زۆرن:

– ئەگەر ماین، تا ئەو کاتە هەزار کڵاو بەفلسێک، بابگەینە ئەو کاتە ئاسانە، کێ دەزانێت چی ڕوودەدا؟ بەخوا دەبێ و نابێت، ئەگەر شتێک ڕووی دا ڕوو لە کوێ بکەین؟ خوایە ئەم پێکەنینە بەخێر بگێڕی، خوا لەم خەنینەوەیە بمانپارێزێ و لە شەڕ بەدوورمان بخات، خاتر خوا ئەگەر شتێک ڕوو بدات دنیا کاول دەبێ، ئەگەر دەست پێ بکا چی دەیوەستێنێتەوە؟ بەس لە دەست دەرچێت بزانە چی ڕوو دەدات، هەموو تەمەنمان بەترس بەڕێ کرد، بەخوا ڕۆژانی داهاتوو مایەی ترسن، ئەمە ژیانە؟ ئەمە چی تەواوی دەکات، هەموو شتەکانم دەفرۆشم و بۆی دەردەچم، گرینگ سەلامەتییە، هەموویمان بەداخ و حەسرەتەوە بەڕێ کرد، ئەوی هاتووە لەوی پێشتر چاکتر نییە... هتد.

ئەم بڕگانە و سەدانی تریش ڕۆژانە و بەردەوام لەسەر زمانی عێراقییەکانەوە لە گشت سەردەم و ڕۆژەکاندا دەیانبیسین، بێ هیچ گومانێک نیشانەی ترسن لە داهاتوو و هەموویان بارگاوین بەڕەشبینی و چاوەڕوانیی خراپتر.

میللەتێکی گەشبین بەدوارۆژ و دڵنیا لێی، ناگونجێ بڕگەی پڕ لە ڕەشبینی دووبارە بکاتەوە و بیڵێت، لە چەشنی ئەوانەی هێنامانەوە و ڕستەی بەم قەبارەیە لە ترس و بیم و ڕەشبینی بۆ ڕۆژانی داهاتوو ناهێنێتەوە، پاڵنەری هەموو ئەمانە ئەو ترسە نێژراوەیە لە قووڵاییی ڕوحی تاکی عێراقی لەوی داهاتوو چی بۆ شاردووەتەوە.

نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و بەردەوامیی کودەتا سیاسی و سەربازییەکان و دووبارەبوونەوەی پشێویی تەناهی لە کاتی نێزیکەی سەدەیەکەوە ترسی مرۆڤی عێراقیی لە دوارۆژ قووڵتر کردووەتەوە.

ئەگەر بمانەوێ ڕەنگدانەوەکانی گشت ئەمانە بەسەر دەروون و ئاکاری تاکی عێراقیدا بزانین، ئەوا دەتوانین بڵێین، نەمانی متمانە بەداهاتوو وا لە تاکی عێراقی دەکات زۆر نیگەران بێت، گوماناوی، منجە منجکەر، جیقڵدانە تەنگ، ڕەشبین، زۆر ئاگەدار، هێند بایەخ بەخۆی، یا بەجلوبەرگی، یانماڵەکەی، یانیش شتەکانی نادات، ئەگەرچی زۆری ئارەزوو لێیە، حەزی بەکاری بازرگانی و ئابووریی ناجێگیر و قازانجی خێرایە، کار و پرۆژە پیشەسازییەکان لە هزر و بیریدا دوا دەخات، بەهۆی پێوەندیی بەداهاتوو و زەمەنی داهاتووی ئابڵوقەدراو بەگومان و دوودڵی لە ئاوەزی تاکی عێراقیدا، هەستی دوودڵی پلە بەپلە ڕێ لە عێراقی دەگرێت

هاوەڵییەکی جێگیر و بەختەوەر لەگەڵ ئەوانی تردا دابنێ، کە سیفەتی بەردەوامی و جێگیری هەبێ... هتد.

لە کۆتاییدا دەبێ جارێکی تر بڵێین هەموو ئەوانەی باسمان کردن، لە بیر و ڕا و بڕیار، ئەوانە قسەیەلێکن هەمبەر کۆی گشتیی باو، نەک سەبارەت دۆخەیلی تایبەت، لەبەرئەوەی دوور نییە گەلێک دۆخ و ڕەوشی کەسێتیی تاکی عێراقیی نەرێنی، یاخۆ ئەرێنی ببینینەوە، هیچ بڕیارێک لەو بڕیارانەی پێشوو نایانگرێتەوە.

بەهەرحاڵ دەبێ ئەمە شوێنەوارێک لە ژینگەی دەروونیی تاکی عێراقی جێ هێڵێت و بەدوایدا لەسەر ئاکاری گشتی لە ئاست کاروباری ڕۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە.

٩- عێراقی ڕقی لە چارەسەری نیوە بەنیوە، یاخۆ ڕێککەوتن، یا ئاشتییە:

عێراقی بەگشتی و لە هەر ئاستێکدا بێ بەپەرۆش نییە بۆ چارەسەری نیوە بەنیوە و ڕێکەوتن و ئاشتی، ئەو وای دەبینێ ئەم چارەسەرانە یەکێک لە خەسڵەتەکانی لاوازی و سستی و سەرشۆڕی و ڕیسواین، هەروەها دەبینێ نیشانەیە بۆ لاوازی لە توانا لە سەپاندنی ئیرادەی بەهێز، یاخۆ سەپاندنی چارەسەری یەکجارەکی و بنبڕ، ئەمەش ئەو چارەسەرەیە زۆرجار لە چارەسەرێکی تر پێی باشترە، ئەو نە سەبری هەیە و نەیش بەرگەگرتن بۆ چاوەڕوانیی ئەنجامەکانی چارەسەرە ناسەرەکییەکان، یا نیوە بەنیوە، یان ڕێککەوتن، کە پێویستی بەسەبر و لەسەرخۆیی و هەوڵی بەردەوام و بەدوای یەکدا هاتوو و کاتێکی درێژە بۆ پێشخستن و پاراستنی قۆناخ بەقۆناخ.

هەڵوێستی عێراقی لەم بابەتەدا بەسەر هەموو لایەنەکاندا ڕێ دەکات و لەسەر گشت ئاستێکدا پێڕەو دەکرێ، جا لە ناکۆکیی تاکەکەسیدا بێت، یاخۆ کێشەی بەکۆمەڵ و نیشتمانی و گشتی.

فەلسەفە لەم بوارەدا ڕەنگە لەو مانایانەوە دەست پێ بکا، کە ئەو پەندە عێراقییە لە خۆی دەگرێت، کە دەڵێت: (لە بری ئەوەی کشی لێ بکەیت، قاچی بشکێنە)، مانای ئەوەیە، لە بری ئەوەی چەندان جار (کش)ی لێ بکەیت و خۆت لە دەرکردنی مریشکێکدا ماندوو بکەیت بێزاری کردوویت، پاشان دوای ئەوە دیسانەوە لێت نێزیک بێتەوە، دەبێت واز لەم چارەسەرە لاوازە بهێنیت و یەکسەر قاچی مامرەکە

بشکێنی، ئەمەش چارەی یەکجارەکی و بنجبڕە، چونکە دوای ئەوە هەرگیز توخنت ناکەوێتەوە.

ئەنجامی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، لەگەڵ بیرنەکردنەوە، یا نەبینین بەنرخێکی گران لەسەری دەکەوێ لە چارەسەری وادا و هەندێک جار بەهۆی ملهوڕییەوە لەسەر حسێبی مەترسییەکان، ئەوا عێراقی زۆرجار خۆی دەخاتە گرفتێکی نوێی واوە گەورەتر و ئاڵۆزترە لە گرفتە بنەڕەتییەکە، کە لە سەرەتاوە دەیویست چارەی بکات.

ئەو گرفتەی ناخۆشی لەسەری ڕووی دا، پاشان ململانێ لەبارەیەوە لە نێوان عێراق و کوێت لە سەرەتای نەوەتەکاندا، لە سەرەتادا سەبارەت بەکێشەیەکی دارایی پێوەست بەهەندێک پارە چڕ دەبێتەوە، کە عێراق لە کوێتی داوا کرد، بەهۆی خراپیی داراییەوە، کە لە دوادوایی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بەدەستییەوە دەینالاند، وێڕای ئەو تۆمەتە عێراقییانە (ڕاگەیاندن)، کە کوێت سوودی لە دەردەسەرییەکانی عێراق و سەرقاڵیی بەشەڕەوە بینیوە، بەناردنی ڕێژەیەکی زۆر لە نەوت، کە لە بناخەدا بەشی عێراقە، یاخۆ لەسەر حسێبی ئەوە... هتد.

وێڕای ئەو چارەسەرییانەی چەندان لایەن و وڵاتی ناوچەیی و ناودەوڵەتی پێشکێشیان کرد، هەندێکیان تا بڵێی قایلکەر و هاندەر بوون بەنیسبەت عێراقەوە و لایەنی کوێتییش ڕەزامەندیی لەسەریان دەربڕی، وەکو گەڕاندنەوەی کێڵگەی ڕومەیلەی باکوری پڕ لە نەوتی عێراقی و ڕازیبوونی کوێت لەسەر بەکرێدانی دوورگەی بۆبیان بەعێراق بۆ ماوەی نێزیکەی سەت ساڵ... هتد.

کەچی عێراق گشت ئەمانەی بەچارەسەری نیوەچڵ و خاو دانا و چارەسەری سەربازی بەداگیرکردنی سەرتاپای کوێت بەباشتر زانی... ئەوە بوو ئەنجامی کۆتاییی لەدەستدانی هەموو ئەو دەرفەتانە و وێرانکردنی پتر لە نیوەی سوپای عێراق و زیان بەرکەوتنی مرۆیی و دارایی هەڵکشاوتر لەو بڕە پارەیەی عێراق لە کوێتی داوا کردبوو بەدەیان قات و چوونە ناوەوەی عێراق بۆ گرفتی سزادانی ناودەوڵەتیی ئابووری و سەربازی و تەریک کەوتنەوەی سیاسیی جیهانی، کە بەڕووخانی ڕێژیم و وێرانکردنی عێراق و لەدەستدانی سەربەخۆییی نیشتمانیی بەتەواوی کۆتاییی هات.

لایەنی عێراق دەیتوانی زۆر بەئاسانی خۆی لەو هەموو چەڵەمانە بپارێزێ،

ئەگەر پشتی بەرێگەچارە لەسەر بنەوای ڕێککەوتن ببەستایا.

ڕووداوێکی ڕاستەقینەی تر هەیە دەکرێ لەم بارەیەوە ئاماژەی پێ بکەین:

ساڵێک لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، حکوومەتی سووریا بنکەیەکی سنووری لەسەر سنوور لە نێوان عێراق و سووریادا لە ناوچەی بیابانیی وشک و برینگدا دروست کرد، لە کاتی تەواوکردنی بینایەکەدا لە دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە برووسکەیەک ڕەوانە کـرا و تێـیـدا داوا لە دەسەڵاتدارانی سووریا کرا ئەم بینایە بڕووخێنن، لەبەرئەوەی لەناو خاکی عێراقدا بنیات نراوە، ئەمەش بەپێی ئەوەی داواکەی عێراق ئاماژەی پێ دەکات، کاتێک دەسەڵاتدارانی سووریا گەڕانەوە سەر پشکنینی نەخشەکانی ئەو دەڤەرەی سنوور، ڕاست و دروستیی قسەکانی عێراقیان بۆ دەرکەوتبوو و شوێنی بینایەی بنکە سوورییەکە بەسەدان مەتر سنووری بڕیبوو، وا دیارە بوونی بەرزاییـیـەک، یا تەپۆڵکەیەک لەو بیابانە پان و بەرینە هەڵبژاردنی شوێنی ئەم بنکەیەی سەپاندووە، تاکو بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بێ و بینین و چاودێریی بەسەر ناوچەکەدا ئاسان بکاتەوە و وا لە ئەندامانی پاسەوانیی سنوور بکا بینین و چاودێریی ئاسان بکاتەوە، جگە لەمەش پێگەکە وا لە بنکەکە دەکات لە لافاو پارێزراو بێت، کە هەندێک جار لە وەرزی زستاندا ڕوو دەدات.

دەسەڵاتدارانی سووریا یاداشتنامەیەکی وەڵامدەرەوەیان بۆ لایەنی عێراقی نارد، تێیدا هاتبوو بەوردی بابەتەکەی تاوتوێ کردووە و ڕاست و دروستیی داخوازییەکەیی عێراقی بۆ دەرکەوتووە و داوای لێبووردن دەکات لەو سنووربڕینە ساکارەی لە شوێنی بیناکە ئەنجامی داوە، کە لە چەند سەت مەترێک تێ ناپەڕێت و پێشنیازی ئەوە بۆ عێراقییەکان دەکات، عێراقیش لە خاکی سووریا هێندەی هەمان بڕە زەوی ببات، کە بینایان لەسەر کردووە، تاکو ناچاری ئەوە نەبن بینا تازەکە بڕووخێنن، کە تازە لێی بوونەتەوە و لایەنی سووری ئامادەیە سنوور لە بەرژەوەندیی عێراقدا هەموار بکا، بەهەمان ئەو بڕە مەترانەی بینایەکە هاتووەتە ناو خاکی عێراقەوە و دەکرێت عێراق هەر شوێنێک هەڵدەبژێرێت، کە لەسەر سنووری سووریا هەمواریی تێدا دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بهێنێت...

جێی خۆیەتی ئەوە بیر بخەینەوە، کە فەلسەفەی ڕێژیمی عێراق لەو کاتەدا لە ساڵانی هەشتاکاندا بڕواهێنان بوو بەیەکەتیی عەرەب و بانگەشەکردن بۆ

دامەزراندنی لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو بەپێی ئەو ئامانجانەی دەسەڵاتی عێراق دەیانخاتە ڕوو.

سەرەڕای ئەمەش ئەو دەڤەرەی ناخۆشی لەسەری بوو لە شوێنی بنکەی سنووریی پۆلیس برێتییە لە بیابانێکی گەلێک پان و بەرین و قاقڕ، دڕندە و کاروان و ڕێبوارانی تێدا ون دەبن و هیچ گوندێکی ئاوەدان، یا شتێکی بەرچاوی تێدا نییە، شتێکیشی تێدا شک نابرێ مایەی تەماح بێ.

دوای ناردنی یاداشتنامە سوورییەکە بۆ لایەنی عێراقی هەمبەر ئەم بابەتە، کە ڕێگەچارەی دانوستاندنی ئاشتییانەی لەخۆ دەگرت، وەڵامی یەکلاکەرەوە و بنجبڕی لایەنی عێراقی هاتەوە و پێک هاتبوو لە دوو وشە و سێیەمی نەبوو (بینایەکە بڕووخێنرێت!!).

دوای گەیشتنی وەڵامی عێراق دەسەڵاتدارانی سووریا بینای بنکە نوێیەکەیان ڕووخاند و کەمێک لەولاتر دەستیان کرد بەبنیاتنانی بینایەکی تازەی تر...!

بەم شێوەیە لایەنی عێراقی ئەو پێشنیازە، یاخۆ ڕێگەچارەیەی پێ باش نەبوو، چارەسەری پشت بەستوو بەیەکلاییکردنەوەی بەسروشت ڕووبەڕووبوونەوەی پێ باشتر بوو...

١٠- کەسی عێراقی حەزەکانی ڕوونن و ئامانجەکانیشی بەرچاون و حەز بەپێچوپەنا ناکات:

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەودای نێوان ئاوەزی عێراقی و زمانی کورتە، هەروەها بێ پێچوپەنا، ئەوی لە مێشکیدا بێت بەڕوونی و بەسادەیی گوزارشتی لێ دەکات، لەبەر ئەمە بۆ ئەوانی تر ئاسانە ئەوی لە دڵ و مێشک و پلانەکانیدایە بیخوێننەوە و بزانن حەزەکانی چین و چی بەمێشک و ناخیدا دێت، تاکو ئەوی پێویست بێت بیگرنە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوە و هەرەس پێ هێنانی.

تاکی عێراقی زۆرجار پێچوپەنا، یاخۆ بەڕێوەبردنی تەکتیکی قۆناخەکە نازانێ، لەبەرئەوەی ئەوە پێویستی بەدوو سیفەت هەیە، کە تاکی عێراقی نایانزانێ، ئەوانیش:

- نەرمیی تەواو

– بیندرێژی لە بەدواداچوونی درێژماوەدا

بەڵام ئەگەر تاکی عێراقی لە پێوەندیی لەگەڵ لایەنەکەی تردا (کەسێک بێ، یا کۆمەڵێک) بەهۆیەک لە هۆیەکانەوە حەزکردن لە خراپی، یاخۆ تۆڵەسەندنەوە، یان نیازی وێرانکردن، یاخۆ کودەتای لا دروست بوو، ئەوا ئەستەمە نێزیکترین کەسی بەشی شاراوەی کەسایەتی و ئاکاری شارەزا بێ، یاخۆ ئەوی لە دڵیدایە بزانێت سەبارەت بەنیەتی تۆڵەسەندنەوە، یا وێرانکردن مەگەر دوای تەواوبوونی گشت شتێک، ئەم لایەنە پەنهانە لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا هەموو کات بەشی گرینگ و مەترسیدارە لە ئاکار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی تردا، هەر ئەمەشە لە دوای هەزاران ڕووداوەوە وەستاوە و دەوەستێت، کە ئەنجامەکەیان وێرانکاری و زمان لێدانی کوژەر و داونانەوەی مەرگهێن و پەند پێ دانی تاڵ و زیانی گەورە و وێرانکردنی بەرژەوەندییەکان و هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە هاوبەشەکانە.

ناوبژیکاری عێراقی بەتوانا نییە لە بەدەستهێنانی مافەکانی بەڕێگەی ئاشتیی ڕێککەوتن ئامێز، یاخۆ گفتوگۆی درێژ و لەسەرخۆ، لە کاتێکدا ئەو بێ سەبرە لە گفتوگۆ و قایلکردن، وا دیارە لە کۆتاییدا مەیلی لە وەرگرتنی مافەکانیەتی لە ڕێگەی ململانێ و سەپاندن و ناچارکردنەوە، ئیدی بەهەر نرخێک بێت، پەندێکی باوی عێراقی هەیە دەڵێ: ماف لە شمشێرەوەیە و داماویش شایەدی دەوێ.

مانای: ماف بەشمشێر، واتا بەهێز دەسێنرێ، کەسی بێ توانا و داماویش بەدوای بەڵگە و شایەددا عەوداڵە. خەریکە سەلماندن ببێتە فەلسەفەی باو، کە ئاوەزی عێراقی لە ئاکاری گشتییدا پابەندێتی.

زۆرجار دەبینین تاکی عێراقی بایەخ بەشێوەی ئاخاوتن و ڕەقی لە بەرپەرچدانەوە و زمانپاراوی و گوزارشتی پڕ لە بەرەنگاربوونەوە دەدات، پتر لە گرینگیدانی بەناواخن و ئەنجامی کۆتایی بەدەستهاتوو لەو وتووێژ و ناوبژیکارییەدا.

١١– کەسی عێراقی لەلایەنی سیاسی و کەسێتییەوە حەزی لە خستنی ئەوانی ترە:

ئەم کۆششە لای تاکی عێراقی بەچەندان شێوە بۆ لێدانی ئەوی تر ئەنجام دەدرێ، ئەمەش ئاکارێکە بەخەسڵەتی زۆرەملێ دەناسرێتەوە، کە بەچالاکییەکی خێرای نهێنی، یاخۆ ئاشکرا هەڵدەستێت، بەناوی زانستەوە و وا نیشاندان کە

شـارەزایە، بۆ سـووککردنـی ئەوی تر، ئیـتـر ئەگـەر ناحـەزی بێ، یان نـا، هەروەها کـارکـردن بۆ دەرخـسـتنی نـاتەواوییـەکـانی و گـەڕان بەدوای خـراپـیـیـەکـانی و بەرجـەسـتـەکـردنی هەڵەکـانـی و لاوازیی تواناکـانـی، ئەم هەوڵ و کـۆشـشـە بەشێوەیەکی تایبەت دژ بەسەرکەوتووان و بـەرچاوان و ئەوانی لە چالاکییەکانیاندا سـەرکەوتوو بوونە و ئەوانی ناودارن چڕ دەبێتـەوە، هەروەها دژ بەو کەسـەی پلەی یەکـەم بەدەست دەهێنێ، یاخـۆ پۆسـتـی بالاّ دەگـرێتـە دەست، یا سـەرۆکـە لە کارەکەیدا، یان لە دەزگایەکدا، یانیش کەسی یەکەمە لە سەرکردایەتی، یا حزب، یا بزووتنەوەیەکی سیاسـی... یا کۆمپانیـایەکی ئابووری، یاخۆ یەکەی کارگێڕی، یا پیشـەیی، یـا سـەندیکایی، یاخۆ دەسـتـەی ڕاگەیاندن، یـا وانە وتنەوە، یا لیـژنەی وەرزشـی... هتد.

ئەم حـەزی مـل شکاندنەی ناومـان برد بـەزۆرەملێ، یـا ئەوی بەنـاهۆشـیـاری و بەپلەی جیـاواز جیاواز لە توندی ئەنجام دەدرێن، ئەوانەن کـە دەبنە هۆی زۆرێک لە بەشـبـەشـبـوون و جـیـابوونەوە و گـرووپگەرایی و پیـلان و ئاژاوەی نـاوەخـۆیی لە سـەرکردایەتیی حزب و بزووتنەوە سـیـاسـیـە عێـراقـیـەکاندا، ئەمـەش هـەر ئەو قـەیرانە دژوارەیـە، کـە کـەسی یەکـەم لە هـەر حـزبێکی عـێـراقی، یا ڕێکخـراو، یا دەزگـا، وەزارەت، دەسـتـە، دامـەزراوەی گشـتی لە عێراقدا بەرەورووی دەبێتـەوە و بەدەسـتـیـیـەوە دەناڵێنێ، کـە بناخـە و ڕەگی شـاراوەی هـەمـوو دەسـیـسـە و ئاژاوە و کـەشـی گـرووپ و پشـێوی و دووڕوویـیـەکن، هـەرچی ئامـانجی نەگـۆڕە لە گـشت دۆخەکاندا لاوازکردن و خستنە.

هەندێک جـار (بەمـانـای زانسـتـی و کـردەنی) هۆ و پـاسـاوی بەرچاو و جـیـدیی قـایلکەر نین، تـا وا لەم عێراقییـە بکا ئەم ئاکارە جیـابـوونەوەخـواز و لە کەسدانە ئەنجام بدات.

ڕەنگە هـەسـتکـردن بەحـەزی نـاشـرینـکردنی بەزۆر و دەسـتـبـەسـەرداگـرتن لە کـەسـێتـیی عـێـراقی بووبێتـە دیاردەیەکی باو و ناسـراو و ڕۆژانە، کـە زۆرێک لە عێراقییـەکان لە یەکەوە دەیزانن و دەرک و هەستی پێ دەکەن و بەبوونی دەزانن و سـەبارەت بەڕووداوە سـەیرە ورووژێنەرەکـانی قـسـە دەکـەن و خـۆیانی لێ دوور دەگرن، نەکو بکەونـە داوییـەوە و بەپێی توانا دەکۆشـن لە ئازاری سـەت لە سـەت و نامـاقـووڵ بەدوور بن، بۆیە گـەلێک لە عـێراقـیـیـەکـان ئامـانج و مـەبەسـتـیـان لە

نێزیکترین کەسیان، هەر لە هاوەڵ و ناسیاوەوە تا خزمەکانیان دەشارنەوە و باسی ناکەن، نەکو ئەو نزیکانەیان ئامانج و مەبەست و پلانە کەسێتییەکانیان (بازرگانی، یا وەزیفی، یا پیشەیی)، ئەگەر ئاشکرایان کرد، یا لەبارەیەوە قسانیان کرد، بەر لە تەواوکردنی، یا ئەنجامدانی بەشێوەیەکی تەواوی وا قابیل بەگۆڕان، یا سڕینەوە نەبێت لێ تێک بدەن و بشێوێنن و زمانیان لێ بدەن.

کاک حەمید حەسوونە کە خەڵکی شاری ناسرییەیە بۆی گێڕاینەوە، داوای بینینی یەکێک لە وەزیرەکانی کردبوو بۆ کارێکی پێوەست بەهەموارکردنی ڕەوشی فەرمانبەرییەکەی، لە ئەنجامی فەرامۆشییەکی پێشووەوە، وەخت و ماندووبوونێکی زۆری بەفیڕۆ دابوو، تا توانی کاتێکی دیارکراو بۆ بینینی وەزیر وەربگرێ، هەینێ چووە نووسینگەکەی وەزیرەوە یەکێک لە ناسیاوە نێزیکەکانی خۆی بینی لەوانەی خەڵکی ناسریەن، کە پێوەندییەکی دۆستانە و سروشتی کۆیانی دەکردەوە.

حەمید وای بەباش زانی بەهیچ شێوەیەک داواکارییەکەی نەخاتە ڕوو و قسەی لەبارەوە نەکات، تەنانەت ئەگەر کارەکەی واشی خواست سەرلەنوێ داواکارییەکی نوێ بۆ وەزیر پێشکێش بکاتەوە بۆ دیتنی وەزیر لە کاتێکی تردا، کە دوور نییە چەندان مانگ بخایەنێ، تاکو ناچار نەبێ بابەتەکەی لە پێناویدا هاتووە، بداتە بەر گوێی ئەم دۆستەی لای وەزیر دانیشتووە، لەبەرئەوەی قەناعەتی تەواوی هەیە هاوەڵ و ڕۆڵەی پارێزگەکەی ئیشەکەی تێک دەدات و وا لە وەزیر دەکات داواکەی ڕەت بکاتەوە، هۆیەکەی نازانێت داخۆ بۆ، بۆیە بێدەنگیی بەچاکتر زانی.

دوای ئەوەی ماوەیەکی پێ چووبوو دانیشتبوو، وەزیر لێی پرسی:

فەرموو کاک حەمید... هیچ کارێک، خزمەتێکت هەیە بۆتی جێبەجێ بکەین؟

حەمید وەڵامی دایەوە: خۆشیت جەنابی وەزیر، هیچ شتێکم نییە!... تەنیا بۆ ئەوەندە هاتووم سڵاوت لێ بکەم.

پاشان گەڕایەوە پارێزگاکەی خۆی بێ ئەوەی داواکەی بخاتە بەردەم وەزیر، لەم چاوپێکەوتنەی چەندان هەفتە لە چاوەڕوانییدا مایەوە.

کاک حەمید قەناعەتی هەبوو، کە سەرلەبەری داواکەی ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر برادەرە خۆشەویستەکەی، کە لای وەزیر دانیشتووە پێی بزانێ، یاخۆ وردەکارییەکانی بخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی بڕوای وایە ئەو هاوەڵەی قەناعەت

بەوەزیر دێنێت بێ هۆیەکی زانراو داواکەی وەلا بنێت.. بۆیە بێدەنگیی پێ باشتر بوو، بەڵکو بتوانێت کاتێکی تر، ئەگەر پاش مانگێکیش بێت چاوی بەوەزیر بکەوێتەوە، بەو هیوایەی کە وەزیری بینی هیچ عێراقییەک لە نووسینگەکەی نەبێت.

زۆر چیرۆکی تری هاوچەشن و کارەساتبار هەن لە نێوەندە عێراقییەکاندا لەم بارەیەوە دەگێڕرێنەوە، بوونەتە مایەی سەرسوڕمان.

عێراقی ناتوانێ بەوردی بزانێ کام کەس لە هاوەڵ، یا ناسیاوانی (یاخۆ لە بێگانە) هۆی تەگەرە دروستکردن، یا بەئامانج نەگەیشتنیەتی لە ئاریشەیەک، یا بابەت، یان ئامانج، یاخۆ کارێکدا، کە هەوڵی بەدیهاتن و بەئەنجام گەیاندنی دەدات. زۆرجار لە کاتی چاودێری و تاوتوێی ڕووداوەکاندا وا دێتە بەرچاو، حەزی مل شکاندنی ئەوانی تر لای تاکی عێراقی ئارەزوویەکی زۆرەملێی خۆنەکردەیی (لا ارادی) ئاکاری ئاراستە دەکات و لە دەرەوەی چوارچێوەی هۆشدا هانی پێڕەوکردنی دەدات، بۆیە هەموو دەم پشت بەبوونی هۆیەلی ڕوون، یا دیار، یا دیارکراو نابەستێ، بگرە بڕێتییە لە تێکەڵەیەک پاڵنەری پەنهان، کە لە یەک کاتدا ئیرەیی و غیرە و خۆپەرستی و حەزی دوژمنکاری بۆ وێرانکاری و دەسەڵاتخوازی تێدا کۆ دەبنەوە. کەچی وێڕای هەموو ئەمانەش پێویستە لەسەرمان ئەوە بڵێین ئەم ئاکارە بەشێوەیەکی حەتمی بەسەر هەموو عێراقییەکدا ناسەپێت، لەبەرئەوەی بەهەزاران عێراقی هەن خزمەتی برادەر و ناسیاوەکانیان دەکەن و بەسینگی فراوان و بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە قوربانییان لە پێناودا دەدەن.

هەستی شاراوە و ئاشکرا لە هۆشیاریی تاکی عێراقیدا، کە خۆی لێهاتووتر و بەتواناتر و زانیارترە لە سەرۆکەکەی، یاخۆ لە هەر پیاوێکی تر لەو دەزگەیەی تێیدایە، بەهۆی حەزی دەسەڵاتخوازیی متبوو لە خۆیدا، ئەم هەستە بەتێپەڕبوونی کات و پەیتا پەیتا وای لێ دەکات هەڵسوکەوتی جیابوونەوە و شکاندنەوە پیادە بکا، ئەو لەلایەکەوە پێشبڕکێیەتی بۆ بەرجەستەکردنی کەسێتیی خۆی و ململانێ بۆ دەرخستنی توانا کەسێتییەکانی، بۆ نێزیکبوونەوە لە بەرپرسان لە هەر دەرفەتێکدا بۆی بڕەخسێت، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد، یا بووە شیمانەی هەڵگیرسانی ململانێیەکی گەرمی بێ پاساو لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەشدا، لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی بەردەوام بەنهێنی کار دەکات بۆ گومانکردن لە توانای بەرپرس و بەرجەستەکردنی ناتەواوی و نەنگییەکانی و پیادەکردنی ڕقی

شـاراوه و سـتـەمی بێـدەنگ و ڕاوکـردنی هەڵە و نـوشـوسـتـیـیـەکـانی، ئەم جـۆرە چالاکـیـیـە پلە بەپلە دەبێـتـە هۆی هەڵوەشـاندنەوەی یەکـەتیی ناوەخـۆیی لە دامەزراوەکەدا، ئیتر هەرچییەک بێ (حزبی، یا بارستەی سیاسی، یا وەزارەت، یا پرۆژەی بەرهەمهێنان، یان کۆمپانیا، یا دەستـەی وەرزشی، یاخـۆ یەکـەتیـیـە پیشەیییەکان، یا ڕەوەندی نیشتیمانی لە هەندەران... هتد).

ئەگەر ئەم عێراقییە بێدەنگی نەپارێزێ و پەلە بکا لە کۆششی بەرەو بەرزبوونەوە و دەرکـەوتن و ملمـلانێ، یا هـەواڵـی جـوولانـەوە گـرووپگەرایی، یا جیابوونەوەخـوازییـەکـەی بڵاوبووەوە (کـە زۆرجـار ڕوو دەدات)، ڕێوشـوێنی تۆڵەسـەندنەوەی ڕێکخـراوی کارگێـڕی و دیسپلینی "ڕەنگە لەناودانیش" دەکرێت لەلایەن بەرپرس، یا سـەرۆکـایەتیی چاودێر بەسـەر کـارەکـەوە، یا بەڕێوەبەر، یا دەستـەی بەرپرسیار دژی ئەنجام بدرێت، هێندە نابات بەستەم لێکردن و سکاڵا دەنگی بەرز دەبێتـەوە، بێ ئەوەی دانی پێدا بنێت، کە خۆی دەستپێشکەر بوو لە گـرووپگەرایی و هـەڵوەشـاندنـەوەی یەکـەتیی ناوەخـۆیی و ڕێکخـراوەیی لەو دامەزراوەیەی ئیشی تێدا دەکات.

لەوەی زۆرێک لە عێراقییەکان بزانن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زمان لێدانە ئەمنی و ڕاپۆرتە هەڵبەستراوە ملشکێنەرەکـان گـەلێک هاووڵاتیـیـان گـەیاندە لەداردان و مردن.

بوون و بەربڵاویی ئەم حەزی ملشکاندنە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا تەنیا تایبەت نییە بەو عێراقییانەی ناو عێراقەوە، بگرە هەموو ئەو عێراقییە کۆچکردوو و پەناهەندە و ناڕازی و ڕاکردووانەی سەرجەم وڵاتەکانی دنیا دەگرنەوە، ئیتر وای لێ هاتووە بووەتە شـتـێکی زانراو و ئاسـایی لای بەرپرسـان و فـەرمـانبـەرە فەرمییەکان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ڕەوەندی عێراقییان تێدان، کە پێوەندیی نێوان تاکە عێراقییەکان لە دەرەوەی عێراق، جا فەرمانبەری سەر بەدەوڵەتی عێراق بن، یا ئەندامی نێردە فەرمییە زانستی، یا ڕۆشنبیری، یا سیاسییەکان بن، یا ئەوانی بەهۆیەلی بازرگـانی، یاخـۆ پیـشـەسـازی نیـشـتـەجێ بوونە، یا هەڵاتوون، یا بەرهەڵستکاری سیاسین، لە زۆربەی کاتەکاندا پێوەندییەکی هەڵوەشاوەیە، پڕە لە گـرووپگەرایی و ناکـۆکی و جـیـابوونـەوە و ئاژاوەگـێـڕی و سکاڵا و ڕاپۆرتی هەڵبەستراو.

هەر بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرت و هەواڵە خیانەتکاری و ملشکاندنانەی عێراقییە پەناهەندەکانی سووریا دژ بەعێراقییەکانی تر بەرزیان دەکردەوە، ئەوەندە بەس بوون بۆ لەملدان، یا گــــرتن و زیندانیکردنی زۆربەی ئەوانەی ئەو ڕاپۆرتە هەڵبەستراوە درۆیانەیان لەسەر نووسرابوون... لە بەخت باشیی عێراقییە بێتاوانەکان ئەو بەرپرس و کارمەندانەی سووریا دەرکیان بەم ڕاستییە کردبوو و سروشتی حەزی ملشکاندنیان لەو ڕاپۆرتە هەڵبەستراوانەدا درک پێ کردبوو و پێیان هەڵناخەڵەتان.

هەروەها دەبوو سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، کە ئەو کات لە خاکی ســــووریادا بوون، زۆر بەوردی لەو زمـــان لێـــدان و ڕاپۆرتانە بکۆڵنەوە، کـــە عێراقییەکان دژ بەیەکتر بەرزیان دەکردەوە، هەروەها دڵنیا بن لە دروستی و زانینی ئەو پاڵنەر و پاشخانەی لەودیوییەوە وەستاون، تا ڕێگری بکەن لە ستەم لە بەرابەر ئەو پەنابەرە عێراقییە بێتاوانانەی دەچەوسێنەوە و لە وڵاتەکەیان هەڵاتوون بەمەبەستی خۆ قوتارکردن و ئازادبوون، سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆن لەو ماوەیەدا لە سەرەتای حەفتاکان و دوای ئەوە لە ڕاستییەکەوە دەستی پێ دەکرد، کە ڕووداو و ئەزموونە دڵتەزێنەکان جەختیان لەسەر دەکردەوە، کە ڕوحی ملشکاندن و ئیرەیی و ئارەزووی لاوازکردنی ئەوی تر، یا تێکشکاندنی حەزێکی زۆرەملێی وێرانکەرە و دەست بەسەر ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا دەگرێ، هەر ئەمەشە زۆربەی کات هەڵسوکەوتی زۆربەی ئەو عێراقییە پەناهەندانە ئاراستە دەکات، وێڕای بوونیان لە وڵاتی غەریبیدا.

ئەوی مایەی کارەساتە لەم بابەتەدا ئەوەیە ئەم حەزی خۆ بەگەورەزانییە بەشێوەیەکی زاڵ لای عێراقییەکان دەردەکەوێ، لە هەر کوێیەکدا بن لە وڵاتانی دنیادا، بەچاوپۆشین لەو ڕەوشەی دەوری داون، کەچی ئەم شێوە ئاکارە بەم قەبارە و توندی و نەیارییە لە نێوان پەناهەندەی ڕۆڵەکانی وڵاتانی تر، کە لە هەمان شار و وڵاتی دووری بیانیدا لەگەڵ عێراقییەکاندا نیشتەجێن و دەژین، بەم ئاوایە دەرناکەوێ. ئەوی مایەی خەم و پەژارەیە تەنانەت ئەو دۆخە زەحمەت و ئەستەم و کارەساتبارەی لە دەرەوە عێراقییەکانی تێدا دەژین، وەکو غەریبی و پێویستی و چەوســـانەوە و بەڵا و ســـەرشـۆڕی و مـــەترسی ناتوانن کـــەمێکیش لە بوون، یا دەرکەوتن، یا ستەمی ئەم حەزی وێرانکارییە پڕ لە ناپاکییە لە ئاکاری کەسێتیی

عـێـراقی سـووک بکەن، هۆیەکـەشی ئەوەیە ئـەم حـەزە هەر لە بناخـەوە یـەکـێک لە سیـماکانی ئاکاری دەسـەڵاتخـوازییـە (واتا ئاکاری دیکتـاتۆریی تاکەکەسـی)، کـە چووەتە بینای کەسێتیی عێراقییەوە.

ئـەگـــەر بمـانـەوێ بەدوای ڕەگـی بنـەڕەتـی ئـەو هـەژان و نـاســـەقـــامگیـــری و جودابوونەوە هـەمیشـەییـیە و ئەوی بەدوای خۆیدا دەیهێنێ لە سزادانی دوا بەدوای یەک و نـاڕێکوپێکی لـە ڕەوشی نـاوەخـــۆیی حـــزب و بزووتنەوە ســـیـــاســـیـــیـــە عێراقییەکاندا (نهێنی و ئاشکراکان) بگەڕێین، سەرەڕای ئەوەی دەزگا و فەرمانگە حکوومییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن لە پشێویی کارگێڕی و بەشبەشبوونی نیمچە هـەمیشـەیی، ئەوا دەبینین ڕەگی سـەرەکی هـەموو ئـەمانە، ئەم شـێوەیەیە لە ئاکاری تاکەکەسیی دەسەڵاتخوازی زۆرەملێ لای تاکی عێراقی و کۆششی بەردەوامی بۆ ملشکاندنی ئەوانی تر و خزمەتکردنی حەزی تاکەکەسیی زاڵ لـە بنیاتی دەروونی. لەبـەرئەوەی ئەســتـــەمــە دۆخی نـاوەخـــۆیی ســـەقـامگیـر بـێ لە هـەر دەســتـــە، یا سەرکردایەتی، یا دامەزراوەیەکی سیاسی، یا کارگێڕی، یان حکوومی، کاتێک هـەر یەکـێک لە ئەندامـەکـانی وا مـەزەندە دەکـات لێـهاتووتر و بەتواناترە لـە سـەرجـەم ئەوانی سەرپەرشتیی کارەکانی دەکەن.

هـەرچی شـێوەکـەی ترە لە ئاکار، ئەو شـێوە تەواو ناکۆک بەم ئاکارەی پێشـتـر وەسـفـمـان کرد و زۆرجـار لای تاکی عـێراقی ڕێکەوتی دەکـەین و سـەر بەهـەمـان دامــەزراوەن، کــە قــســەمــان لەســەری کــرد، ئەویش ئـەو ئاکـارەیـە کـە بەملدان و گوێڕایەڵیی سـەرشۆڕانە و کۆشش بۆ پێشکێشکردنی خراپترین و نالەبارترین و نزمـترین جـۆری ڕاژە بۆ سـەرۆکی دەزگاکان (دەزگـای سیـاسـی، یا کـارگێڕی، یا حکوومی، یان بازرگانی... هتد) دەناسرێتـەوە، ئەم تاکە دەگۆڕێت بۆ پاشکۆیەکی سـەرشـۆڕ، یـا هـەواڵدز و سیـخـوڕی بەسـەر هاوەڵەکانیدا دەکات و هـەواڵەکـانیـان دەگوازێتەوە، ئەو سیمایەکی تری خودی ئاکاری پێشووە، واتا گەڕان و کۆشش بۆ ڕاژەی خــودی تاک، بەڵام بـەشــێـوازێکی جـیــاواز، لەبری لاســاری و هـەوڵدان بۆ شکاندنەوەی ئەوانی تر و ملمـلانێکردنیـان و جیـاوازبـوون لەوان و دەرخـسـتنی شـوورەیی و ناتەواوییـەکانیان و دروستکردنی گرووپ و دنەدان و لەمپـەر دانان لە کــار و کــاروانی چـالاکـیـدا، ئەوا ئەو شـێـوازی ملدان و ســەرشــۆڕکــردن و پێشکێشکردنی هەمـوو جۆرە خزمـەتێکی پێویست دەگرێتە بەر، تـەنانەت ئەگەر

ئەمە لەسەر حسێبی کەرامەتی، یا خۆبەزلزانینەکەی بێ، هەروەها ئەمە بەسەر ئاکاری تاکی کەسەکانیشدا دەسەپێ، ئینجا بەسەر ئاکاری بەکۆمەڵی سەرتاپای میللەتێکدا دەسەپێ.

ئەم ناکۆکییە زەقە لە نێوان دوو نموونەدا، دەروونزانی وەڵامی دەداتەوە لە لێکدانەوەی بۆ دیاردە دژ بەیەکەکانی پاڵنەرەکانی ئاکار لای تاک، لەبەرئەوەی دەکرێت لە زۆر کاتدا پاڵنەر و هۆیەکان یەک بن، کەچی ڕەنگدانەوە و شێوەکانی وەڵامدانەوەی بەیەکجا دژ بەیەکن.

ئامانج ڕاژەکردنی خودی تاک و تەرخانکردنی دەسەڵاتخوازیی تاکەکەسییە، وەلێ شێوەی وەڵام، یا ئەو کردارەی بەرهەم دەهێنێ و ڕەنگدانەوەکەی لە ڕەگەوە جیاوازە، بگرە ناکۆکە، لە دۆخی یەکەمدا تاک کار دەکات بۆ خستنی ئەوانی تر و دەکەوێتە خۆ بۆ دانانی گرووپی جیابوونەوە، کە دوور نییە ئیشی دەزگاکە و چالاکیی تێکوپێک بدات و گرفتی جیاجیا بنێتەوە، ڕەنگە ئەمە ببێتە ئەگەری تێکشکانی و خۆی بخاتە بەردەم لێپرسینەوە و سزادان، کەچی لە دۆخی دووەمدا و لە پێناوی بەدیهێنانی هەمان ئامانجدا، دەبێتە پاشکۆ، یا هەواڵدز، یان ئەندامێکی لاواز سواڵی ڕازیبوونی بەرپرسەکانی دەزگاکەی دەکات.. دۆخی ترس و نائومێدی و بێبەری بەدوو شێوەی ناکۆک بەرجەستە دەبن، دوو جۆری ناکۆک لە ئاکاری پراکتیکییان لێوە دەردەچێ، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دان. دوور نییە ئەمە بێت بەدرێژاییی مێژوو سیفەتی دژواری ناکۆک و سەیری بەکەسێتیی عێراقی دابێت.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە حەزی خستن و بەناپاککردن و تۆمەتبارکردن و نارەزاییی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ لە عێراقدا شکۆیی خۆی لە بڵاوبوونەوە و پراکتیزەکردن لە کاتی کودەتا سەربازییەکاندا لەسەر ئاستێکی فراوان وەردەگرێ، کە زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی و سەرتاپای کیانی سیستەمێکی سیاسی دەخات و لە گشت جارەکانیشدا شەپۆلێکی توند لە نارەزایی و تۆمەتی شکاندن و دروشمی بەناپاک دەرکردن دژی لایەنگرانی ڕێژیمی ڕووخاو، یا دۆڕاو لەلایەن هەواداران و لایەنگرانی سیستەمی نوێی براوەوە بڵاو دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا لە بەرابەردا شەپۆلێکی تر (بەرگری یاخۆ پاساوهێنانەوە) پشت بەناپاککردن و شکاندنەوە و تۆمەتبارکردنی ناشرین

دەبەستن، کە هەوادارانی ڕێژیمی ڕووخاو دژ بەڕێژیمی نوێ و لایەنگرانی بڵاوی دەکەنەوە، گەلێک جار ئەم شەپۆلی دروشمسازی و تۆمەتی شکاندنەوانە پڕ لە هەڵچوونن و وێڕای بەڵگەی ڕاستەقینە پشت بەتۆمەتی لەخۆوە و پڕوپاگەندە دەبەستن. وێڕای زۆریی کودەتا توندە دووبارەبووەوەکان، کە لەسەر ئاستی دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەکانی عێراق ڕوویان دا، بەتایبەت لە ماوەی سەدەی بیستدا، ئەوا حەزی شکاندنەوە و بەناپاک دەرکردن و تۆمەتبارکردنەکان بوونە نەریتی باو و ڕۆژانە، لەسەر ئاستێکی بەربڵاو و وای لێهاتووە میللەتی عێراق لەگەڵ ئەم شەپۆلانەدا وەکو دیفاکتۆیەک ڕاهاتووە، بەڕادەیەک خەریکە دەبێتە بەشێک لە نەریتی سیاسیی ڕۆژانە، تاکو ئێستاش هیچ هەوڵێکی جیدی، یاخۆ میتۆدی (نە فەرمی و نەیش میللی) نەنراوە بۆ خاڵیکردنەوە، یاخۆ نارەزایی دەربڕین لە بەرابەریدا، یان وەستاندنی ئەم فۆرمە لە ئاکار، کە لە حەزی ملشکاندنی بەدناودا خۆی دەبینێتەوە.

وەکو سیمایەک لە سیماکانی دەسەڵاتی حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری لە خووی کەسێتیی عێراقیدا، تەشەنەکردنی دیاردەی زەبر لێدانی عێراقییەکانە یەک لەوی تر لەسەر ئاستێکی فراوان و مەیلی نیمچە خۆڕسک بۆ کەمکردنەوەی یەکێک لە پاشملە و بێ نرخکردنی و خراپ ناوهێنانی کەسایەتی و ناوبانگ و ئاکار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ.

دەگمەنە بۆ نموونە بێگانەیەک، کاتێک پرسیار دەکات، یا لە هەر عێراقییەک پرسیاری عێراقییەکی نادیار بکا وەڵامێکی ئەرێنی بەدەست بهێنێت.

هەڵبەت بەرپەرچدانەوە، یاخۆ وەڵام لە زۆر کاتدا یا نەرێنییەکی نەیارانە دەبێ، یاخۆ سەرلێ تێکدان، یان گومان لە خۆ دەگرێت، لە باشترین دۆخدا وەڵامەکە سەبارەت ئەو کەسەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێ چەندان لایەنی دەبێ لە شیمانە و ئاماژەی پەنهان، کە دەبنە مایەی پرسیار و سەرسامی و مەزەندە.

ڕەنگە ئەم دیاردەیە لە نێوان سیاسییە عێراقییەکاندا بڵاو بێتەوە و تەشەنە بکا، یاخۆ ئەوانەی پتر لە هاووڵاتییانی تری عێراقی ئاگایان لە دۆخە گشتییەکە هەیە. هەرچی هۆیە شاراوە و ناڕاستەوخۆ و متبووەکانی ناهۆشیارین لای تاکی عێراقی و لەودیو ئەم ئاکارە سەیرە پشتبەستوو بەمەل شکاندن و لاوازکردن و دوورخستنەوەی ئەوی ترەوە وەستاوە، جا هەر کێیەک بێ، هەروەها کەمکردنەوەی

بەها و ڕۆڵی، ئەوە خـودئەڤـینی و حـەزی زۆرە بۆ تاکـڕەوی و بەرجـەسـتـە بوون و هەژمـوون، لە هـەمان کـاتدا ئـاماژەیەکە بۆ کێبڕکێ و پێشبڕکێی بێدەنگ، لە پێناو خۆ دەرخستن و ناوبانگ و دەسەڵاتدا.

سـەرجـەمی ئەمـانـەش شـێـوەیـەکـە لە شـێـوەکـانی گـوزارشـتکردن لـە حـەزی دەسەڵاتخوازیی متبوو لە کەسێتیی عێراقیدا. بەگشتی بەدەگمەن لە عێراقییەکەوە وەسفێکی ئەرێنیی بابەتییانەی بەویژدانانە سەبارەت بەعێراقییەکی تر دەبیستین، لەو دۆخانەی وەڵامەکە تێیدا بەتەواوی ئەرێنییە (ڕەنگە لەبەر هۆکاری خێزانی، یا حزبی، یان بەرژەوەندی، یاخۆ ئاینی، یا مەزهەبی بێت)، ئەوا زێدەگۆیی لە ستایش و پیـاهەڵدان و گـەورەکـردن و مـەترسـی خسـتنەوە و وەسـفی خـەیاڵیی ئەفـسـانە ئامێزی نامـاقووڵ لە گەورەکردنەوە و سەراسیمەیی و پێ خۆشبوون دەبیستین، کە لە گەلێک کـاتدا وەسـفـەیلی ورد نین و وێنەیـەکی دروست، یا قـایلکەری بابـەتییـانە نادەنە دەستەوە پشتیان پێ ببەسترێ، یا لەسەریان بڕۆی.

١٢- عێراقی لە ئاست خافڵکردن و غەدر و بەربەرەکانی زۆر بێ نەخشەیە:

لە سـۆنگەی باشـی، یاخـۆ سـادە و سـاکاری، یا کـەمی فـێڵـبیـەوە، یان شـێوازی سادە و ڕاستەوخۆی لە بڕواکردن بەوانی تر، کەسی عێراقی لە زۆربەی کاتەکاندا لە بەدیهـێنانی قـازانج، یا سـەرکەوتندا شکست دێنێت، ئـەنجامـەکـەشی زیان پێ گـەیشتن و سـەرشـۆڕی و نوشـوستی دەبێ، هـۆیەکەشی زیادەڕۆییـیە لە متمـانە و دڵنیایی ئەوانی تر و بڕوا پێکردنیان و دەرک پێ نەکردنی، یا ئاگەدار نەبوونەوە لە کاتی خۆیدا، لەبەر فێڵ و ناڕاست و غەدر و گەمەکردنیان بەدەق و بەندەکان، ئیتر لە بواری بـارزرگـانی بـێ، یا سـیـاسـی، یاخـۆ کـارگـێـڕی، کـاتێکیش پێ دەزانێ ئەگـەرچـی درەنگیش بێ، ئەوا تـۆڵەسـەندنەوە و توندوتیـژی و تۆڵە لێکردنەوەی دڕندانە و پەند پێدان لە ئەشکەنجەدان و بەکارهـێنانی ئەوپەڕی هێز بەباشترین و خێراترین ڕێگەچارەی دەزانێ، لەم حـاڵەتەدا حـەزی گەڕانەوەی مـافی خۆی جـووت دەبێ بەمـەیلی تۆڵەسـەندنەوەی دوو قـات و ئـارەزووی بەتین بۆ تۆڵەسـەندنەوە (بێ گوێدانـە ئەنجامـە خراپـەکەی کە هەرچییـەک بێت) بەتایبـەت لە کـاتی شکبردنی ئامرازەکانی هێز و زۆرکردن.

عێراقی هێند گوێ بەحیسـاباتی دواڕۆژ نادات، نەلـەسـەر ئاسـتی کـەسـێتی و

نەیش لەسەر ئاستی گشتی.

ئەمەش لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بۆ زێدەڕۆیی و بوێری و هەڵەشەیی، هەروەها خۆ نەپاراستن لە سەلامەتیی دوارۆژی تاکەکەسی و خێزانی، نیشتمانیی وڵات.

زۆرجاران عێراقیی دەبینێ وەستانەوەی بۆ بەرەنگاربوونەوە بەئەنجام ناگات، مەگەر بەگەرمکردنی ڕووبەڕووبوونەوەکە بەشێوەی ئاڵوگۆڕکێ، کە لە زۆر کاتدا دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پڕ لە هەڵەشەیی و ناڕێکوپێک، لەبەر ڕووناکیی ڕووداوەکاندا، ئەوا خێراترین ڕێگە بۆ پەکخستنی ئاوەزی تاکی عێراقی و هاندانی بۆ ئەنجامدانی سەرپێچی و هەڵسوکەوتی ناماقووڵ و لە دەرەوەی یاسا، بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرەنگاربوونەوە و بەئەنقەست وررووژاندنیەتی.

١٣- عێراقی بانگەشەی دیموکراسی دەکات و سەر بۆ ڕەوایی دانانەوێنێت:

هێزی حەزی دەسەڵاتخوازی (واتە حەزی دیکتاتۆری) بەهەزاران ساڵ بەقووڵاییی کەسێتیی عێراقیدا ڕۆ چووە، لەم دۆخەی ئێستادا وای لە هەست و هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی کردووە نزیکتر بێت لە دوورکەوتنەوە و جیاوازی و لەتکردن و دوژمنایەتیی هەموو ئەوانەی دیموکراسیی ئازاد لە یاسا و ڕەوایی و داوونەریت و بەهای ئاکاریی پراکتیکی دەیسەپێنێت و دەیخوازێت، بەڵام ئەوە ڕاناگەیەنێت و هەستە ڕاستەقینەکانی ئاشکرا ناکات، بگرە پێچەوانەی ئەم ڕاستییە ڕادەگەیەنێت و بانگەواز دەکات.

ڕۆشنبیریی دیکتاتۆری، کە تەشەنەی کردووەتە قووڵاییی هۆشی تاکی عێراقییەوە، گەلێک جار هانی دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوژمنایەتیی دیموکراسی بکات، ڕەنگە لە ناهۆشیارییەوە، یا دەستئەنقەست بێت، ئەمەش لە کاتی وەستانەوەیدا بەڕووی پراکتیک و یاسا بەسروشت دیموکراسییەکان.

هەرچی لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی سیاسی و حوکم و دەسەڵاتە، بەگشتی عێراقی بەخۆڕسک لایەنگری سیستەمی دەوڵەتی سەنترالی بەهێزی خودان دەسەڵاتن، دەوڵەتی تاک سەرۆکی بەهێز و زاڵ، کە سووکایەتی دەکات و هەمەدەستەییی سەرکردایەتی لە وڵاتدا، یا دابەشکردنی دەسەڵات لە یەک دەوڵەتدا بەکەم دەزانێت، زۆرجار وا دیار دەدات ئەم ئاکارە، کە عێراقی دەیگرێتە بەر

ئاکـارێکی زۆردارەکـیی لەخـۆگـرتووی بەسـەردا سـەپێنراوە، لە سـۆنگەی ئەو ڕۆشنبیرییە دیکتاتۆرییەوە بەدرێژاییی چەندان سەدە لە ناخیدا چەسپاوە، کە لە دیموکراسی دایدەبڕێت و ڕێی لێ دەگرێت بەخوایشتی خۆی سەر دانەوێنێت بۆ یاسا و داوونەریتە ناسراوەکانی، یا وەڵامدانەوە بەرەوایییە پێویستەکانی...

لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین پێڕەوکردنی دیموکراسی لە عێراقدا وێڕای کەمی و دەگمەنیی ئەو ڕەوشەی تێیدا پێڕەو کرا، فۆرمی سەیر سەیر و ئاوارتەی وەرگرت، هەندێک جاریش بووەتە هۆی بەدیهێنانی ئەنجام و ڕووداوی کارەساتبار، کە هیچ پێوەندییان بەچەمکی دیموکراسییەوە نەبووە.

لەداردانە سیاسییەکان، کە ساڵی ١٩٤٩ ڕژێمی پاشایەتیی دیموکراسیی پەرلەمانیی دەستووری لە عێراقدا بەرابەر بەسەرکردە سیاسییە ناسراوەکان، لە ئەندامانی نووسینگەی سیاسیی حزبی شیوعیی عێراقی پێڕەوی کرد، لە نێویاندا ئەمینداری گشتیی حزبەکەش، ئەوە بەهۆکاری سیاسییەوە ڕووی دا، لە سۆنگەی ئەوەی سەر بەڕێکخستنی حزبی شیوعیی قەدەخەکراو بوون، نەک لەبەر کاری تاوانکاریی دیارکراو ئەمان ئەنجامیان دابێت، ئەمەش کارێکە لەگەڵ دیموکراسیدا نایەتەوە، کە ڕێگە بەئازادییە سیاسییەکان دەدات، هەروەها هەڵوێستێکی نەسرۆ و سەیرە لە ئاکاری باو و پێویست، یا پێشبینی کراوە لە هەر سیستەمێکی پاشاییی دەستووری، بگرە لە خەسڵەتی سیستەمی پاشاییی دەستووریی پەرلەمانی هیچ وڵاتێک لە وڵاتانی جیهاندا نییە، چونکە حزبی شیوعی لەو کاتەدا لە بەریتانیای پاشایی مۆڵەتی وەرگرتبوو و هیچ پاڵەپەستۆیەکی لەسەر نەبوو، ئەو لەداردانە سیاسییانە دەرچوون بوو لە باو و داوونەریتی ناسراو لە سیستەمە دەستوورییە پەرلەمانییە پاشاییەکان و بەڵگەیەکی چەسپاون لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی لە عێراقدا کەڵبەی دیکتاتۆریی هەیە و ڕەنگە ئەمەش شتێکی سەیر و ئاوارتە بێت لە مێژووی دیموکراسییەکان لە جیهاندا.

هەرچی ئەو دیموکراسییە بوو، کە حوکمی تاک حزبی لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣ جێبەجێ دەکرا، کە خۆی لە پەرلەمانی دروستکراودا لە لایەنی تەناهییەوە دەنواند، ئەو کات ناوی نرا ئەنجوومەنی نیشتمانی، دیموکراسییەکی دەقاودەق بوو، کە ئاوەزی عێراقی جێبەجێی دەکرد و بەڵگەیەکی چەسپاوە لەسەر گرتنەخۆی ڕۆشنبیریی دیکتاتۆری بەسەر ئاکاری گشتیی کەسێتیی عێراقییەوە،

ئەو پەرلەمانە دروستکراوە لەلایەنی حکوومەتی و تەناهییەوە ئەوپەڕی ڕێگە پێدانی بوو لە ئازادی و دیموکراسی بەپێی ڕۆشنبیریی تاکی عێراقیی نقومبوو لە حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری.

هەرچی ئەو دیموکراسییە بوو، کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا دامەزرا و بەشێوە و ناوەڕۆکەوە لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری سەر بەزۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکانەوە سەپێنرا، هەندێکیان وڵاتی دێرین لە پێڕەوکردنی دیموکراسیدا و ڕۆڵیان هەبوو لە دیارکردنی هەندێک ڕەهەند و چەمکی ئەم دیموکراسییە نوێیە لە عێراقدا بەشێوەیەک دوور نییە پێچەوانە، یا ناکۆک بێت لەگەڵ ڕۆشنبیریی تاکی عێراقیدا و لەگەڵ قەناعەتە کۆمەڵایەتییە باوەکانیدا نایەنەوە، بۆ نموونە سنووردانانی ڕێژەی ئافرەت لە پەرلەماندا بەبڕی چارەک، دەڵێین هەرچی دیموکراسییە، کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣دا دامەزرا، ئەو کات و تا ئێستاش لەلایەن عێراقییەکانەوە دەرگیری هەوڵی بێ وچانە، بەمەبەستی ملکەچکردنی بۆ تایبەتمەندی و ڕەهەندی دیکتاتۆریی دەسەڵاتخوازی دەستەیی لەژێر ناو و گریمانەی جیاواز جیاوازەوە، بیردۆزی بەشبەشۆکێی (محاصصة) تایەفی و حزبی و نەتەوەیی، کە لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە پێڕەو و جێبەجێ کرا، حوکم و سیستمی سیاسی لە عێراقدا دامەزرا و بەپێی ئەوە و لەگەڵیدا نەخشەی دابەشکردنی سیاسیی تایەفی لەناو پەرلەماندا جێبەجێ کرا، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی دیکتاتۆریی دەمامکدار، کە ئاوەزی عێراقی پەنای بۆ برد، بۆ داپۆشینی حەزی شاراوەی لە پراکتیزەکردنی دیکتاتۆری، دیموکراسییەکی زرێپۆشدار و چەکداری بەهێز و لەمپەرێلی دیکتاتۆری بەناوی بەشبەشۆکێوە دامەزراند، دیکتاتۆریی بەشبەشۆکێ نموونەی سەیر سەیری شەرمهێن و نەبینراوی لە گەندەڵیی ئیداری و دارایی و ئاکاریی دزێو و نائاسایی لە وڵاتدا دەرداوە و عێراقی کردە شەش حەوت سیستمی دەرەبەگایەتیی سیاسیی حزبی و تایەفی، دەستیان بەسەر گشت شتێکدا گرتووە و بەتاڵان بردوویانە و کۆنترۆڵی سەرجەم چالاکییەکانی ژیانیان کردووە.

لە پێناو بەجێگەیاندنی دەرهێنانی پێویست بۆ دروستکردنی (دیموکراسیی دیکتاتۆری) (کە وادیارە داهێنانێکی تازەی نەناسراوی عێراقییە)، ئەوا لە ئاستێکی فراوان و بەشێوەیەکی تۆڵەستێنانەی ئابڕووبەر پەنا بۆ میتۆدی دابڕینی

سیاسی برا، کە خۆی لە بیردۆزی بنبڕکردن و یاسا ناسراوەکەی دەبینێتەوە، هەروەها بیرمەندان لەم ماشێنە سیاسییە دەستەگەراییە نوێیەدا سیستمی لیستی داخراویان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا داهێنا، هەڵبەت باوەڕمان وایە تازە داهێنراوێکی نوێیە لە گزیکردن لە دیموکراسیی ڕاستەقینەی ئازاد و هەڵاتن لە مافەکانی و بەدڵنیاییەوە گەڕانەوەیە بۆ دیموکراسیی ئاراستەکراو و دروستکراو، کە بەدوگمەی نەبینراو کار دەکەن، ئەوە بوو کارەساتە گەورەکە ڕووی دا، کە لە مەزەندەی میللەتی عێراقدا نەبوو، دوای ئەو هەموو کوژان و قوربانییە تاڵە لەگەڵ دیکتاتۆریی پێشوودا، بەم ئاوایە تێکۆشەرێلێکی ناسراو لە ڕابەرانی پێشووی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەڕاستی دەریایەک لە هەلپەرستی و بەرژەوەندیخوازیدا نقوم بوون و لەنێو ئاپۆرەی ڕووداوە هەڵکشاوەکاندا ون بوون و گەلێک لە لایەنگرانی نوێی ستایشکەران و چەپڵەکوت و مەراییکەران و کەسانی هەڵگەڕاو لە حزب و سەرکردەکانیان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ داگیرکردنی شانۆکە و خستنە ژێر ڕکێفی سەنتەرەکانی دەسەڵات و سامان و بڕیار.

بەتەواوی بۆ هەمووان ڕوون بووەوە، هەر بەڕاستی شاخەکە ئاوس بوو، وەلێ ئەمجاریان مشکێکی ئیفلیج و ناتەواوی بوو.

لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراقیش، گۆڕان لە میتۆدی بەشبەشۆکێ لە دابەشکردنی کار و پۆست و لە شێوازی لێکۆڵینەوەی کێشەکان و بڕیار لەسەر دانیان، بۆ میتۆدی دەست هەڵگرتن لە بڕیاردان، یاخۆ بڕیار نەدان لە یاساکاندا و بەکارهێنانیان بۆ لاوازکردن، یا خستنی هەندێک بەرپرس لە حکوومەتدا، جا ئیتر مەبەست سەرۆک حکوومەت بێ، یا وەزیر، یان بەرپرسێکی تر، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندیی گەل و نیشتمان، ئەوا ئەم میتۆدە پیادەکردنێکی خراپە بۆ حەزی دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری بەشێوەیەکی قایلکەری ناڕاستەوخۆ، تا ئێستا لەوە ناکات ئاوەزی عێراقی بۆ دوورکەوتنەوە لە بیردۆزی بەشبەشۆکێ ئامادە بێت، کە هەمووان ناڕەزاییان لە بەرابەردا دەربڕی، تەنانەت داهێنەرەکانیشی، پاش ئەوەی وەبەریان هێنا و ئیمتیازی (دارایی و پۆست) گەورەیان لێ بەدەست هێنا، وا ئێستا لە کۆششدان بۆ ناولێنانی نوێ لە بیردۆزی بەشبەشۆکێ لەگەڵ هێشتنەوەی ناوەڕۆک، بۆ نموونە ناولێنانی بەشداریکردن لە بڕیی بەشبەشۆکێ ڕەنگێکی تازەیە، کە بەکار دەهێنرێت بەمەبەستی بۆیەکردنی

بیردۆزی بەشبەشۆکێی ڕەتکراوە و قێزەون بۆ دەرخستنی بەڕەنگ و بەرگێکی تازەوە، تاکو سەرلەنوێ عێراقییەکان بۆ ماوەیەکی تریش تەفرە بدات.

هۆی گشت ئەمانە ئەوەیە، عێراقی وێڕای وا نیشاندانی کە باوەڕی بەدیموکراسی هەیە، کەچی مل بۆ بەش و پێویستییەکانی کەچ ناکات.

هەروەها پێوەستبوونی پیشەییی توند بەپێویستیی هەبوونی گونجانی تەواو لە هەموو بڕیارێکی بچووک و گەورەدا و گشت کێشە و بابەتێکدا، تەنانەت دامەزراندنی بەردەست و گسکدەرانیش و پشتگوێخستنی هەر ڕاستییەک بۆ حوکمی زۆرینە و زۆربە لە پەرلەماندا، مەیلێکی بەرچاوە بەرەو دیکتاتۆریی بەشبەشۆکێ و بەباشتر دانانی بەسەر هەر شتێکی تردا.

ئاوەزی عێراقی لە بەشە شاراوەکەیدا تا ئێستاش هەر سەرکردە و بیرکەرەوە و جێبەجێکاری ئەم کشانە دیکتاتۆرییە هێورە ناوپۆشە بەدیموکراسیی گەشەسەندوو لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ و بەدواوە، سەرەڕای هاتوهاواری بیریاران و ڕۆشنبیران و سیاسییە دڵسۆزەکان و ناڕەزاییەکانیان، کەچی کەس ئاوڕی لەو دەنگانە نەدایەوە، کە دەکۆشن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتەکە و دامەزراندنی دیموکراسیی ڕاستەقینەی ناشێواو لە عێراقدا و بۆ بەرگرتن لە وێرانکردنی چەمکەکانی دیموکراسیی ئازاد و ناسراو لەسەر ئاستی جیهاندا.

هەوڵەکانی ئاوەزی عێراقی بۆ داهێنانی (دیموکراسیی دیکتاتۆری) بەتایبەتمەندیی داهێنراوی بێ پێشینە لە مێژوودا، ترسناکترین کارە لەم قۆناخە مێژووییەدا لە عێراق جێبەجێ دەکرێت، لەمەش مەترسیدارتر زەبەلاحیی بەرژەوەندییە مادی و سوودە داراییە گەورەکانن، کە دەکرێت لە سۆنگەیانەوە ملی سەرجەم ناڕەزاکان ببڕدرێت و لەناویان بەرن، هەروەها بێدەنگکردنی ئەوانی تر، ئیتر ژمارەیان هەر چەندێک بێت. بەڵام هێشتا وێڕای هەموو شتێک، هیوا بەسەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسیی گەشەکردوو ماوە.

١٤- عێراقی ئافرەت دەچەوسێنێتەوە و ژیان و چارەنووسی لەژێر دەستیدان:

هەروەها لە سیماکانی حەزی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا (لێرەدا بەتایبەت مەبەست لە پیاوانە) فۆرمی گشتیی باوە لە پێوەندیی پیاوی عێراقی بەئافرەت و هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا لە هەموو بوارەکاندا، کە بەزۆری

بەدەسەڵاتدارێتیی یەکجارەکی و دەسەڵاتخوازی و چەوسانەوە دەناسرێتەوە، لەگەڵ بوونی چەندان ئاوارتەدا، لەم توێژینەوەیەدا دەکۆشین وەسفێکی گشتگیر بەهەموو لایەنەکانی ژیانی و کردەنی سەبارەت بەم پێوەندییە تێکەڵ بەئاڵۆزی و توندی و لووتبەرزییە بدەین، هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە تێکچڕژاوە بەوپەڕی وردی و بابەتییەوە بخەینە بەرچاو.

لە بەراییدا وای دەبینین ویژدان وا دەخوازێت بڵێین، توێژێکی گەورە لە پیاوانی عێراقی هەن بەشێوەیەکی باڵای ژیارییانە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا دەکەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕەوشتییەوە و تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە نیشان دەدەن بۆ هەست و ناسکی و خەم و ئاریشەکانی و ڕێز لە کەسایەتییەکەی دەگرن، بەدوور لە ساختەیی و مەرایی، لەوانەش گرینگتر واقعییانە ڕۆڵی لە خێزان و کۆمەڵگە و ژیاندا بەرز دەنرخێنن، جا ئەگەر ئەو ئافرەتە دایک بێت، یا خوشک، یان ژن، یاخۆ کچ، یانیش هاوەڵ یا خۆشەویست بێت.

لەبەر ئەمە ڕێز و سۆز و چاودێری و مامەڵەی ناسکی بەرەوشتانەی لە بەرابەردا دەنوێنن و خۆشەویستی و بەرگەگرتن و ڕازیبوونی بۆ دەردەخەن و لە خراپەکاری لە بەرابەریدا دوور دەکەونەوە.

لێ ئەوی مایەی خەمە ئەمانەی قسەیان لەسەر دەکەین، جگە لە کەمینەیەک سەرجەم پیاوان لە کۆمەڵی عێراقیدا پێک ناهێنن، لەبەر ئەمە ناکرێت لەسەر ئەم هەڵوێستانەیان هەڵسەنگێنرێن و بکرێنە پێوەر بۆ هەڵوێستی پیاوی عێراقی لە بەرابەر ئافرەتدا، چونکە زۆربەی زۆری پیاوانی عێراقی بەم وەسفانە ناناسرێنەوە، نە لە تێگەیشتنیان و نەیش لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئافرەتدا، بگرە بەوەسف و هەڵسوکەوتی تری تەواو ناکۆک بەوانەی پێشتر باسمان کردن، بەڕاشکاوییەکی خاڵی لە ڕووپامایی (مجاملة) باس لە هەڵوێستی پیاوی عێراقی دەکەین، کە لە بەرابەر ئافرەتدا لە گشت لایەن و ئاستێکدا پێی دەناسرێتەوە.

زۆربەی زۆری پیاوە عێراقییەکان بەپلەی جیاجیا مەیلیان لە چەوسانەوەی ئافرەت و بەنزمدانان و کۆنترۆڵکردنی ژیانیەتی و بەشێوەیەکی وا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، دڵڕەقی و گوێنەدان و سووکایەتی و گرینگینەدان تێکەڵ بەکۆژان و ئێش و ئازار و خەمە دەروونییەکانی دەبن و ئاوڕ لە داخوازی و حەزەکانی نادەنەوە، هەندێک جاریش عێراقی وا نیشان دەدات ناحەزییەکی خۆڕسکی لە

ناخدا شاراوەی لە بەرابەردا هەیە، بێ ئەوەی بتوانێت نیشانەکانی ئەو ناحەزییە لە قسە و تۆنی دەنگ و سیمایدا بشارێتەوە، کەچی لە هەمان کاتدا قبووڵ ناکات و ناهێڵێت کەس ئەم ڕاستییە تاڵەی بەڕاشکاوی پێ بڵێت، چونکە هێند نابات پەنا بۆ نکووڵیکردن و مشتومڕ و هەڵەکاری و چیڕەدرێژی لە بەرگریکردن لە هەڵوێستی دەبات، لەگەڵ وانیشاندان لە ترسی قسەی خەڵک کە ڕێز لە ئافرەت دەگرێت و پابەندە بەماف و ئازادییەوە، پاشان پەلە دەکات بۆ قسەکردن لەسەر حوکمی داوونەریتی کۆمەڵایەتیی باو و هێزی نەریت، کە لە هێزی یاساکان و پێویستیی چاولێبوون و ملکەچی بۆ بڕیارەکانییەوە دێت.

لە گشت حاڵەتەکاندا بەدواداچوو دەتوانێت ژمارەیەک بەڵگە و تێبینی ببینێت، یاخۆ ئەو نیشانەدەرە بەرچاوەی ئەو کەشاکە دەدات، کە ئافرەتی هاوشانی پیاوی عێراقی، جا نزیکایەتیی هەر چییەک بێت لێوەی، ئەوا لە کاتی پێکەوە ڕۆیشتندا بۆ هەر شوێنێک دەبێتە بارێکی قورس بەسەریەوە، چونکە لە زۆر کاتدا وا دیار دەدات کە لەگەڵیدایە، خەمبارە و منجەمنج دەکات و پەلەیەتی و سەبری نەماوە و مۆن و دڵتەنگە، بێ هۆیەکی ئاشکرا، یا دیارکراو، ڕەنگە ئەمەش مایەی سەخڵەتی و شەرم، یا دوورکەوتنەوە و خۆبەزلزانی، یان هەستی خۆبەکەمزانین بێت، وادیارە ڕوون و ئاشکرایە ئەو پێکەوە دەرچوونە، یا هاوشانییەی بەسەریدا سەپێنراوە، ڕەنگە ئاواتی خواستبێت بەزووترین کات لەو هەڵوێستە قوتاری بێت، ئەو بەدەرچوون لەگەڵ ئافرەتدا بەبەرچاوی خەڵکەوە دڵی خۆش نابێت، جا ڕادەی نزیکییەکەی و هۆی دەرچوونی لەگەڵیدا هەرچییەک بێت.

کاتێک عێراقی لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا، تەنانەت برادەرەکانیشی قسە لەبارەی ژنەکەیەوە (گەر لەوێ نەبێت) دەکات، ئەوا ناوی ناهێنێت، بگرە لە بریی ناوەکەی دەستەواژە و وشەی تر بەکار دەهێنێت، وەکو: ماڵەوە، خێزان، خزمەکان، ئەوان، دایکی منداڵەکان. زۆربەی کاتیش قسەکان بەکۆ دەکرێن، وەکو: ماڵەوە پرسیاریان کردووم، نازانم هۆیەکەی چییە؟، یا ماڵەوە ڕایان سپاردم خواردنیان بۆ ببەمەوە، وابزانم ئەمڕۆ چێشتیان لێ نەناوە.

یاخۆ دەڵێت: خێزانەکەم بۆ پزیشک دەچێت، دەبێت لەگەڵیدا بڕۆم... هتد.

زۆرجاریش مەبەست لەم برگانە ژنەکەیەتی، کە نایەوێ ناوی بهێنێت.

هەندێک زەلامی عێراقییش هەن لەگەڵ ئافرەتدا قسە ناکەن، بەتایبەت ژنەکەی

بێبەری دەکات لە پەیڤی خۆشەویستی و میهرەبانی و لە کاتی ئامادەبوونی هاوەڵ و خزمەکانی ستایشی ناکات، هەندێک لەمانە وای دەبینن بەوە لە نرخ و شکۆیی و ڕێزی کەم دەکەنەوە و کەسێتی و پێگەی لای ئەوانی تر لاواز دەکات، ئەگەر بەژنەکەیدا هەڵدا و ستایشی هەڵسوکەوتەکانی، یا جوانییەکەی، یان توانای بکات، ئەوا لە ڕەخنەی ئەوانی تر دەترسێت، بۆیە خۆی لەو قسە پڕ لە میهرەبانی و ناسکانە لەگەڵیدا دەپارێزێت.

کاتێک پیاوی عێراقی بەتەلەفۆن لەگەڵ ژنەکەیدا دەدوێت، هەوڵ دەدات تا بکرێت قسەکان کورت بکاتەوە، کەچی لەگەڵ یەکێکی تردا درێژدادڕی دەکات، خۆ ئەگەر کەسانێکی ناسیاو لە نزیکییەوە بن، ئەوا قسەکانی کورت و جیدی دەبن، بەئەنقەستیش ڕووی خۆی مۆن دەکات و وا نیشان دەدات بێزار و جدی و بێ سەبر و حەزی لە کۆتاییهێنان بەگفتوگۆکەیە و بڕگەیلی ڕەتکردنەوە و نەهێشتن و هەڵگرتن بەسەر زمانیدا دێن، بەگشتی نیشانەکانی بزە و کرانەوە و خۆشی بە ڕوویەوە نابینیت...

هەموو ئەمانە لە ترسی ئەوەی ئەوانی تر بڕیاری بەسەردا نەدەن، کە لاواز، یا کلک، یان ژنانییە، کە وشەیل و تۆمەتێلێکی ڕەق و ئامادەن، عێراقییەکان بەیەکی دەڵێن، گەر یەکێک میهرەبانی و نەرمی و خۆشەویستیی بۆ ژنەکەی بنوێنێت.

پیاوی عێراقی لە زۆر جاردا (ئەمە بڕیارێکی گشتی نییە و بەسەر هەمووباندا پێڕەو نابێت) بۆ کۆنترۆڵ و زاڵبوونی پلە بەپلە بەسەر موڵک و ماڵی ژندا بەڕێگەیەک لە ڕێگەکان دەکۆشێت، وادیارە ئەم سیفەتە تایبەت نییە بەپیاوی عێراقییەوە، بگرە زۆربەی پیاوانی جیهان لە بەرابەر ژندا بەشدارن.

کار دەکات بۆ بەجێگەیاندنیان بەچەندان شێواز لە پێچوپەنا و فێڵکردن، کە بەبیری کەسدا نایەن، زۆرجار بەوە دەست پێ دەکات، کە دەری دەخات ئارەزووی لە یارمەتیدان و هاوکاری هەیە، بۆ ئەنجامدانی مامەڵەی ڕەسمی و کارڕاییی یاساییی ڕۆتینیی تایبەت بەموڵک و ماڵ و خانووبەرەی ژنەکەی، یا کێشە کەسێنییەکانی بەقۆڵبڕین و غەفڵەتهێنان و گەمەکردن بەگرێبەستەکان و دزینی ناڕاستەوخۆ، ڕەنگە هۆکار و پاڵنەری ئەم جۆرە ئاکارە ئەو هەستە شاراوەیە بێت لای پیاو، کە ئافرەت بوونەوەرێکی لاواز و ئابڵوقەدراوە و توانای دیاریکراوە و ئاسانە ملکەچی بکەیت بەو واقعە ڕازی بێت و ئەو کەم فێڵە لە بەرگریکردن لە

خـۆی و لە مـافـەکـانی و توانای ئەوەی نـیـیـە هەڵسـوکـەوتێکی ڕاسـتـەوخـۆی دوژمنکارانە دەربڕێت، کە مەترسیی گەورەی لەسەر بێت. بۆیە ئاسانە فریو بدرێت و مافەکانی بخورێت.

هـەروەهـا ئافـــرەتێک پـارەدار و خـــاوەنـی زەویوزار بـێت و تـوانای بـەئـازادی خـەرجکردنی پارەی تایبـەت بەخـۆی هـەبێت، ئەوا لای زۆرێک لە پیـاوانی عێـراقی هەسـتـێکی شـاراوە لـە ئیرەیی و بێـزاری و ناڕەزایی دروست دەکات، هۆیـەکـەشی ئەوەیە ئافرەتێک خـودان مـوڵک و مـاڵ بێت، واتا هێـز و سـەربەخـۆیی کـەسێـتی و شـوێنی هـەیە و مل بۆ پاڵەپەسـتۆی پێویسـتیی مـادی کـەچ ناکـات، یا چاوەڕوانیی سـۆز و بـەزەیی و بـەخـشـندەیی بکات لـە پیـــاوەوە، پارەداریـی ئافـــرەت، پێگە و هەڵوێسـتی لە کێشـەکـانی ڕۆژ بەتین دەکات، ئەمـەش هەژمـوونی پیـاو و سـتـەم و دەسـەڵاتی بەسـەر ئافرەتدا لاواز دەکات، ئینجاش دەسـەڵات و پاوانکردنی واقعی لە چارەنووس و ژیانی لاواز دەکات و کاتێک هـاوتاییی ماقـووڵ لە پێوەندیی نێوانیاندا دروست دەبێت، واتا ئەودەمی پێوەندیی نێوان خاوەن کۆیلە بەکۆیلەوە لە نێوانیاندا نامێنێت، ئەو کـاتە پێوەنـدییـەکە هاوسـەنگ دەبێت و لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتن و خۆشـەویستیی ڕاسـتـەقینـە و قەناعـەتی خۆیی و ڕازیبـوونی دوور لە دیکتـاتۆری و ناچارکردن و خۆبەزلزانین دروست دەبێت.

هەرچی ئاسـتی کـاری دارایی و بازرگـانیی هاوبەشـە (لە چوارچێوەی خێزاندا) زۆر بەدەگمـەن ڕێک دەکەوێت پیـاوی عێـراقی خوڵقی هـاوبەشـیی لە هـەر پرۆژەیەکی بازرگـانی لەگـەڵ ئـافـرەتدا هـەبێت (خـێـزانەکـەی یا یـەکـێک لە ژنـانی بنەمــاڵە)، بەتایبـەت ئەگەر دۆخی دارایی بـەهێز بێت و ناچار نەبێت، یاخۆ کاتێک پێویسـتی بەپارە بێت بـەدەسـتییـەوە هـەبێت، کـەچی ئەگـەر ڕەوشـی دارایی خـراپ، یا وێران بێت، ئەوا پـێی قــبــووڵە و بۆ بـەشـــداریکردن یا هـاوکــاری لـە ئافــرەتەوە نـەرمی دەنوێنێت.

لە کاتی سـەرگرتنی ئەم بەشداربوونەدا، شیـمانەی ئەوە هـەیە ئەم هـاوبەشییە بۆ ناتەبـایی و ناخـۆشـیی تاڵ و درێـژمـاوە بگۆڕێت، زۆرجـار بەلـەدەسـتـدانی پارە و سـامـانی ئافرەتەکە کۆتاییی دێت، لەگەڵ بـێ توانایی لە سەندنەوەی مـافەکانی لەم هـاوبەشییەدا.

لەلایەکی تریشـەوە جێی خۆیـەتی لێرەدا ئاماژە بـەبوونی هەزاران پیاوی عێراقی

بکەین، کە بەبەخشندەییـیـەکی زێدەڕۆییـیـەوە بێ بەرابەر پارە و دیاریی بەنرخ پێشکێشی ژن و کیژ و دایک و خزمەکانیان دەکەن و ئەوپەڕی پلەی ڕێزلێنانیان پێ دەدەن (هەڵبەت هەر کەس و بەپێی توانای دارایی خۆی)، ڕەنگە ئەم خووە جوانە لە ئازایەتی و وەفاداری و بەخشندەییی ناسراو و ئەرک بەجێگەیاندن لە بەرابەر ئافرەت و خێزاندا یەکێک لە خەسڵەتە دڵگیرە جوانەکان بن، کەسێتیی عێراقی لە قووڵاییی هۆشیاریدا هەڵی دەگرێت، کە بەوپەڕی سەربڵندییەوە لای هەندێک تاکی عێراقی بەدەردەکەوێت، وێڕای ئەوەی ئەم خووە لە خەسڵەتە باشەکانی ئاکاری هەندێک پیاوی عێراقییە، وەلێ لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر بوونی حەزی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا دەکاتەوە، ئەگەر بەهەڵسوکەوتی زەلامێلی عێراقییەوە بپێورێ، ئەوانەی دەکۆشن بۆ زاڵبوون نەک هەر بەسەر ژیانی ئافرەت و چارەنووسیدا بگرە بەسەر ماڵ و موڵکیشیدا.

بەڵام کاتێک ناخۆشی، یا مشتومڕ، یان شەڕێک لە نێوان پیاوێکی عێراقی و ژنێکی تردا لە خزمەکانی، یا بێگانە سەبارەت بەبابەتێکی جیدی ڕوو دەدات، پێوەندیی بەمافی دارایی، یا ئیشەکەیەوە، یان بازرگانی، یاخۆ تەنانەت ئەگەر ناکۆکییە توندەکە هەمبەر بابەتی کۆمەڵایەتی، یا ڕەوشتی، یان شەرعی، یاخۆ هزری، یا سیاسی بێت، ئەوا عێراقی لە بەراییدا ناچێتە ناو مشتومڕەوە، یا بەشداربوون لە گفتوگۆی درێژ لەگەڵ ئافرەتدا (یا لەبەر ڕێز، یانیش ڕقی لێیەتی)، بەڵام لە کاتی توندبوونەوەی مشتومڕ و ناکۆکییەکە لە نێوانیاندا و گلەییکردن و قسەی ئازاردەر و ناتۆرە و جاڕسبوون بەهۆی مشتومڕی توندەوە، ئەو کات سڵ ناکاتەوە لە هێرشبردن و هەڵبەستنی تۆمەتی خراپ و ناشیرین دژ بەئافرەتەکە، خۆ ئەگەر گەنج و جوان بوو، ئەوا بۆ دەمکوتکردنی دەمودەست پەنا دەباتە بەر قسەکردن بەناموس و ئاکار و شەرەفی، تەنانەت ئەگەر نەشیناسێت و هیچیش لەبارەیەوە نەزانێت، پەنا دەباتە بەر قسە و وتەی نادیار و ناڕۆشنی دوور لە تێگەیشتن، ئاماژە بەتۆمەت و گومان دەدەن، وەلێ بەڕوونی ئاماژە بەمانای گومان ئامێزی خراپ دەدات، کە مەبەستییەتی، ئەمەش کورتترین ڕێگەیە، بۆ بێدەنگکردن و زاڵبوون بەسەریدا پەنای بۆ دەبات، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە ناشیرین بێت، ئەو کات ناشرینتری دەکات و گاڵتە بە ڕووخساری و هەڵسوکەوتی دەکات، بەلێکچوواندنی سەیر و بەراوردی سووک و مایەی گاڵتەجاڕی، تا زۆرترین

سووکایەتی و ڕەنجاندن و وەڕسی دەروونی پێ بدات.

لەلایەکی ترەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و هاوسەرکاری لە نێوان پیاوی عێراقی و ئافرەتدا بەدەست تەنگژەیەکی توندەوە دەناڵێنێت و مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، هەڕەشە لە قووڵاییی ئەم پێوەندییە دەکات و بەردەوام تووشی شیمانەی هەڵوەشانەوە و لاوازی و ڕووخانی دەکات، ئەمەش لە سۆنگەی بەکەم زانینی پیاوی عێراقی لە پرسی ناپاکیی خێزانیدا (لێرەدا مەبەست زۆربەی زۆری پیاوانی عێراقییە نەک هەموویان)، چونکە پیادەکردنی ناپاکیی خێزانی لای ئەو هیچ کێشەیەک، یا گرێیەکی گەورە، یا گۆڕانێکی یەکلاکەرەوە، یاخۆ چارەنووسسازی گرینگ و زیندوو لە ژیانی هاوسەرکاریدا دروست ناکات، دەتوانین بڵێین گەلێکیان بەئاسانی ناپاکیی هاوسەرکاری دەکەن وەک ئەوەی کارێکی باو بێت و بێ هیچ هەستکردنێک بەپەشیمانی، یاخود گوناه، ئامادەییشی تێدایە چەندان جار ئەم کارە بکاتەوە و چۆنی بۆ ڕێک بکەوێت، ئەو وای نابینێت ئەمە درز دەخاتە پێوەندیی هاوسەرکارییەوە، یاخۆ وێرانی دەکات، ئەم جۆرە (کە زۆرن) هێند گوێ بەشاردنەوەی ئەم جۆرە چالاکییە سێکسییە تابوویە نادەن و تا ئێستا ژمارەیەکی کەم نین ئەو پیاوە عێراقییانەی بەتایبەتییش نەخوێندەوارەکانیان، یاخۆ دانیشتووانی گوند، ئەوانەی تا نووکە بڕوایان بەشتێلێک هەیە نزیکترە لە بەکۆیلەکردنی ئافرەت و ڕێ بە ژنەکانیان نادەن چەندوچوون، یا پرسیاری هەڵسوکەوتیان لە دەرەوەی ماڵ لێ بکەن، پیاوی لەم بابەتە هەر لە بناغەوە ڕەتی دەکاتەوە ژنەکەی لێی بپرسێت لە کوێ بوویت؟ یاخۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟.

ئەوی مایەی سەرسووڕمانە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی عێراقیی وادا، کە بوختان و پیلان و ئاژاوەگێڕیی تێدا بڵاوە و گشت نهێنییەک بڵاو دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا بێدەنگی و شاردنەوەی ئەم چالاکییە بەردەوامانە لە کاری خیانەتکاریی هاوسەری، کە پیاوان بێ ئەوەی ژنەکانیان بزانن، ئەنجامی دەدەن، زۆربەی کات هەواڵی وا ناگاتە ژنەکانیان، بەڵام ئەو ئابڕووچوون و دانەسەرە ڕاستەوخۆیانەی لەلایەن ژنەکانیانەوە دەکرێت بۆ سەر چالاکیی سێکسیی زیندووی وا، ئەوا لە چاو ئەوەی ڕۆژانە ڕوو دەدات کەمن، ڕەنگە هۆی ئەم بێدەنگی لێکردنە بوونی بەرژەوەندیی هاوبەش بێت لە نێوان ئەندامانی هەر تۆڕێک، یا گرووپێک لەو پیاوانەی گلاونەتە ناپاکیی هاوسەرکارییەوە، ڕێ لە هەموان دەگرێت هەواڵی وا، یا زمان لێدان، یا

تەشـــهـيــر بـڵاو بکەنەوە، چونکە هـەر تاکـێک لـەو کـۆمــەڵە وا هـەست دەکــات ئابڕووچوونەکە هەمـووان دەگرێتـەوە و هیچ یەکێک لەو تـیمـە ناتـوانێت بەتەنیـا بێ ئەوانی تر خۆی قـوتار بکات، بەتایبەت ئـەگەر ژنی هێنابێت، وێڕای ئەوەش کارەکە خاڵی نابێت لە هەندێک ئابڕووچوون، بەهۆی خۆ لێ دەرکردن و زمان لێدانەوە.

سـەرەڕای تێوەگلانـی ژمـارەیەکی کـەم نا لە پیـاوان لەوانەی وا نیـشـان دەدەن دیندارن و بـەردەوام دوعـا و ئایـەت دەخـوێنن و بەدرێژاییی ڕۆژ بڕگـەی ئاینیــیـان لەسـەر زارە و نقووم بوونەتە ناو ئـەم چالاکییە سێکسـییە تـاوانکارییانەوە، وەلێ مـاف و ویژدان و بـابەتی وامـان لـێ داوا دەکـەن بڵـێین ڕێژەیەکی زۆری پیـاوان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بڕوای ئاینی لەمپـەر و بەرهـەڵسـتێکی ڕاسـتەقینەی بەهێـزە، لێـیـان ناگـەڕێت کـاری ناپاکـیی هـاوسـەری ئەنجـام بدەن، بـەتایبـەت ئـەوانەی تا ڕادەیەک تەمەنیان هەڵکشاوە.

لە بەرابەردا لـەبەر ڕۆشنایی تێـبینییـە بەرچاوەکان لە کۆمـەڵگەی عێـراقـیدا، دەتوانین بڵـێین ژمـارەی ئەو ئافرەتانەی لـە دەرەوەی بارودۆخی پێویسـتـیی مـادیی ناچـارانەی بـەزۆر و بەدەر لـە کـــاردانەوە و تـۆڵەســـەندنـەوەی دوولایەنـە ناپاکـــیی هـاوســـەری دەکـەن، ژمــارەیان زۆر کـەمــە، ڕەنگە لە چاو ژمـارەی پیـاوانـەوە لەم بابـەتەدا بـەراورد نەکــرێن، بەتایبــەت پێش ئـەو شـــەڕە یـەک لە دوای یـەکـــانەی بەملیـۆنان پیـاوی عێـراقیی لـەناوبرد و ژمـارەیەکی زۆری خێـزانیـان وێران کـرد، دەبێت بڵێین ژمـارەیەکی کەم نین ئەو ئافرەتە عێراقییـە بێدەنگانەی بەڵگەی تەواوی یەکلاکەرەوەیان لەسـەر مێردەکانیان نییە، کە ناپاکییـان لێ دەکەن، بەڵام لە هەمان کـاتدا گومانـی زۆریان هـەیە لەسـەر ئەوەی پیـاوەکانیـان لەگـەڵ ئافرەتانی تردا، کـە ئەمان نایاننـاسن دەستیان تێکەڵ کردووە.

وێڕای ئەمــەش ژنی بەسـتـەزمـانی هـەڵـخـەڵەتێنراوی عێـراقـی هـەوڵ دەدات خـۆی بەهەڵەدا ببات و زۆر لـە خۆی بکات هـەسـتـەکانی ئیرەیی بشـارێتەوە، تاکو بتوانێت گومـانـە گـەورەبووەکـانی سـەبـارەت بەناپاکـیی مـێردەکـەی بەدرۆ بخـاتـەوە، گـەلێک جاران پەنا دەباتە بەر بێدەنگی لێکردن و چاوپۆشـی و خـۆگێلکردنی بەئەنقەست لە پێناو پاراستنی ئابڕووی خێزان و منداڵەکانی و ڕێگرتن لە وێرانبوونی خێزان.

لە سۆنگەی دڵڕەقیی داوونەریتی باوەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و پەرچەکرداری خـوێناویی تـۆڵەسـتـێنی دەمـودەست، کـە پیـاوی عـێـراقی لەژێر ناوی بەرگـری لە

شـەرەف و ئابڕوو پەنای بـۆ دەبات، بۆیە ئافـرەتی عـێـراقی سـانسـۆرێکی خـودیی تۆکمـە و کۆتی یەکلاکەرەوەی لەسەر خـۆی و ئاکاری سۆزداری و سـێکسی داناوە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ژیان و ئابڕوو و خۆی لە مەرگی سەد لە سەد بپارێزێت، هەروەها لە هەمـان کاتدا نامـووسی کەسـوکار و خـێزانـەکەیشی بپـارێزێت، بۆیە لە خـۆوە (لە زۆر کـاتدا و بەشـێوەیەکی گشـتی) لە هەر هەڵسـوکەوتێک، کـە گومـان سەبارەت بەئاکاری ڕەوشتی دروست بکات، دوور دەکەوێتـەوە، ئەم بابەتە نەک هەر لای ئافـرەتی عێراقی هێڵی سـوورە، کە دەبێت لـەسـەری بوەسـتـێت، بگرە هێـڵی خـوێناویی مـەرگە، کـە پێـویست دەکات تەنانـەت لە مـەبەست و ناوەکـانیشی دوور بکەوێتەوە.

هەرچی کـرداری سـێکسـیشـە، ئەوا خـراپترین شـتـێک ئاکـاری عێـراقـیی پێ بناسـرێتەوە، هەڵکشانی هەسـتی ڕق لێبوونەوە و گاڵتە پێکردن و بەسووکزانین و هەڵسوکەوتی نابەجێی خاڵی لە جـوانکرداری و سۆز و خۆشـەویستی بە لە بەرابەر ئەو ئافرەتەی لە دەرەوەی پێوەندیی هاوسـەری سێکسی لەگەڵدا کردووە.

دڵڕەقیـی بارودۆخەکە و فشاری هەمـەجۆر، کە تا ئەم کاتەش زۆربەی ئافرەتانی عێراق لەگەڵیدا دەژین و دەرگیـرین، ئەوا هێشـتـا دەتوانین بڵێین ژمـارەیەکی زۆری ئافـرەتی عـێـراقی ڕووبەڕووی ڕەوشی ژیانی پڕ لە زەحـمـەتی دەبنەوە، کـە لە پاشمـاوەی چاخـەکانی کۆیلایـەتییـە، بەهۆی توندڕۆیی کۆمـەڵگەی عـێراقی و بێ سـەرەوبەرەییـیـەکەی بەگشـتی، بەهۆی توانایی سـتـەم و خـۆبەزلزانی، کە زۆربەی پیـاوان لە بەرابەر ئافرەتدا پێڕەوی دەکەن، دەبێت ئامـاژە بەوە بدەین، کە مـەبەست لە ملیـۆنان ئافـرەتی عـێـراقـیی گـوند و بیـابان و زۆنگاوەکـان و دێهـاتە دوورەدەسـتـەکـان و شـارۆکـە و دەورووبەری شـارە گـەورەکـانە لە هـەمـوو لایەکی عـێـراقـدا، نەک ژمـارەیەکی دیارکـراو لە ئافـرەتانی شـارە گـەورەکـان و گـەڕەکـە پێشکەوتووە خۆشگوزەران و شێوازەکانی ژیاری مەدەنیی نوێ.

لە سیـماکانی ئەم پاڵەپەستۆیانە و سەختیی ژیان، کە ئافرەتی عێراقی تێیاندا دەژێت و بەدەسـتـیـانەوە دەناڵێنێت، بـۆ نموونە: ڕێگەنەدان بـەکچ بـەخـوێندن و خـوێندن تـەواوکـردن لە گوند و شـوێنە دوورەدەسـتـەکاندا (بەئەنقـەست، یا بەزۆر) هەروەها زۆر کات ناچارکردنی بەئەنجامدانی کـاری قورس، وەکو دار کۆکردنەوە و ئاڵف دان بەئاژەڵ و نـانکردن بۆ هەمـوو خـێـزانـەکـە و ئاوهێنان لە مـەودایـەکی

دوورەوە بۆ ماڵەوە بەهۆی دەفری قورسەوە، کە تووشی کوترانی ئێسکی شان و مل دەبێت، هەروەها شوشتنی سەرجەم قاپوقاچاغی ماڵەوە بەدەستی خۆی و شوشتنی هەموو جلەکانی ئەندامانی خێزان، پاشان ئامادەکردنی خواردن و لێنانی بۆ گشت ئەندامانی خێزانەکە سێ جار لە ڕۆژێکدا بەدرێژاییی مانگ و ساڵەکان و ڕۆیشتنی بۆ ماوەیەکی دوور بۆ بازاڕی شار بۆ فرۆشتنی بەرهەمی ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵ، وەکو هێلکە و مریشک، یا ماسی، یان شیرەمەنییەکان بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی، ئینجا بەیانییان ئامادەکردنی منداڵەکان بۆ قوتابخانە تا بزانێت چییان پێویستە.

ئەمانە و زۆری تریش، کە وێنەیەکن بۆ ئەرک و ماندووبوونی ڕۆژانەی تاقەت پرووکێن، کە ئافرەتی عێراقی ئەنجامیان دەدات، کەچی پیاو لە زۆربەی ئەم کار و بەرپرسیارێتییانەدا بەشدار نابێت، کە ئافرەتان بەتەنیا دەیگرنە ئەستۆ، ئەم ئەرکانە تووشی شەکەتیی جەستەیی و دەروونیی دەکەن، کەچی وێڕای ئەنجامدانی ئەم هەموو ئەرک و کارە قورسانەش هێشتا بەهیچ مافێکی تایبەتیی خۆی بەهرەمەند نییە، پارەی تایبەت بەخۆی نییە و پارە بۆ خۆی وەرناگرێت، بەرچاوترین شتێک شکی ببات جلەکانی بەریەتی، کە بەدرێژاییی ساڵ لە دوو سێ پارچە قوماشی ڕەش تێپەڕ ناکەن.

هەرچی چارەنووسێتی ئەوا زۆرجار پیاو بڕیاری لەسەر دەدات، هەر ئەو بڕیاری بەشووودانی بەوەی بیەوێت دەدات، زۆر زەحمەتە بەلای ئافرەتەکەوە ناڕەزایی دەرببڕێت، یا ڕەتی بکاتەوە، کاتێکیش لەم بارەیەوە ڕای وەردەگیرێت، تەنیا پرسە گورگانەیەکە و هیچی تر.

تا ماوەیەکی نزیکی بەر لە ئێستا ئافرەت دەخرایە لیستی زیان و پێبژاردنەوە، کە دەبوو بدرایا، یاخۆ پێشکێشی خێزان، یان ئەو خێڵەی هێرشی کراوەتە سەر بکرێت، لە دۆخی کوشتن، یا ڕووداوی دەستدرێژیکردن، ئەمەش لە بەرابەر ئاشتەوایی و خۆدوورخستنەوە لە کاری تۆڵەسەندنەوەکە شیمانەی ڕوودانی دەکرێت، وەک ئەوەی سزاکەی بڕێک پارە و ژمارەیەک گا و گۆتاڵ بێت لەگەڵ ئافرەتێک یا پتر و پێویستیی تر بەرابەر ئاشتی و ڕێک کەوتن.

فەتواکان، ئەوانی لە سەرچاوە ئاینییەکانەوە دەرچوون، بەتایبەت ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەم مامەڵە دزێوەیان دژ بەئافرەت وەستاند، لەو فەتوایانەدا

هاتووه توانای گۆڕین و سڕینەوەی ئافرەت لە لیستی پێبژاردن هەیە، کە پێی دەگوترێت خوێنبایی، یا خوێنبژاردن (الدية)، گۆڕینەوەی بەبڕێک پارە "ڕزگارانە" لە بەرابەر مارەییی ئافرەتەکە دادەنرێت بۆ هەر ئافرەتێک لە لیستی بژاردن بسڕێتەوە، ئەگەر ئەم فەتوایانە نەبوونایا، ئەوا ئافرەتی عێراقی هێشتا ملکەچی یاسا کۆنە خێڵەکییە شەرمهێنەرەکان دەبوو، کە بەخوێنبایی (لە بری خوێن) ناودەبرێت.

تا ماوەیەکی نزیکیش لە زۆربەی گوندەکانی عێراقدا داوونەریت وابوو، ئەو ئافرەتەی لەلایەن پیاوێکەوە دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر، کەسوکاری خۆی دەیکوژن، ئەمەش براکەی، یا باوکی، یان ئامۆزاکەی ئەنجامی دەدات، ئیدی هیچ چارەیەکی تری نییە. نەریت وابووە ئەو پیاوەی ئەتکی کردووە نکوڵیی لێ دەکات و نایخوازێت، ئەمەش لەبەر ئەو هەستی ڕق لێبوونەوە و گومانەی دوای زۆرگێبییەکە لای دروست دەبێت.

پاش ئەوەی خێزانەکە ئەو ئافرەتە دەکوژن (سەرەڕای قەناعەتیان، کە بەزۆر ئەتک کراوە)، ئینجا داوا لە خێزانی کوڕەکە، یا ئەو پیاوەی خراپی کردووە دەکەن، بێن ڕێک بکەون، واتا بژاردنی قورس، ئەگەر بیانەوێت ناکۆکییەکە نەهێڵن و خۆیان لە تۆڵەسەندنەوەی خوێناویی پێشبینیکراو بەدوور بگرن، کە زۆرجار یەکێک لە کەسوکاری ئافرەتە ئەتککراوەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەنجامی دەدات.

لەم پرۆسەی ڕێککەوتنە ژمارەیەک پیاوماقووڵ و پیاوی ئاینی و پیاوباش لە خودان دەسەلات بەشداری دەکەن و لە پێویستییەکانی ئەم ڕێککەوتنەش بۆ کوژاندنەوەی ئاژاوە و بەدیهێنانی ئاشتی، دەبێت ئافرەتێک لە کەسوکاری کوڕەکە، یا زەلامەکەی دەستدرێژیی کردووە بستێنن، زۆرجار ئەو ئافرەتە خوشکی، یاخۆ یەکێک لە خزمە نزیکەکانیەتی وەکو بژاردن، یا سەر بەسەر، بەم ئافرەتەش دەڵێن مەسڵەت پێکراو (الفصلية)، ئیتر ئافرەتەکە دەبێتە سەرانە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی نێوان هەردوو خێزانەکە، ئافرەتە مەسڵەت پێکراوەکەش (بەواقع نەک بەقسە) هیچ مافێکی نییە و بەسووک و ڕیسوایی دەمێنێتەوە و بڕیار دەدرێت بدرێتە کەسێکی کەمئەندام، یا شێتۆکە، یان پیرەمێردێک و نە خۆی و نەیش کەسوکاری مافی ناڕازیبوونیان نابێت، چەندێک ناخۆشی لەناو ئەو دوو خێزانەدا ڕوو بدات ئەوە دەدرێت بەچاویا کە سوڵحی پێ کراوە، ئەم ئافرەتە بەم چارەنووسە

دەبرێت و هیچ شتێک سەبارەت بەتاوانی سێکسی نازانێت، کە برا هەڵەشەکەی لە ساتێک لە ساتەکانی حەز و هەڵچووندا ئەنجامی داوە.

لەژێر سایەی ڕێژیمی پێشوودا بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ یاسایێلی پڕ لە بوێریی مەدەنی دەرچوون، تا ڕادەیەکی زۆر دادپەروەریی بۆ ئافرەت تێدا بوو و لەگەڵیدا وەستا، بەشێوەیەک ئافرەت بتوانێت بەهۆی ئەو زیانەی پێی گەییوە لە ماوەی پێوەندیی خێزانیدا، داوای تەڵاق بکات.

تەنانەت ئەگەر دەرکەوت پیاوەکە ناتەواویی نییە، ئەوا دەتوانێت داوا لەسەر ئەو بابەتە بەرز بکاتەوە و ئەو کات دادگە بەدواداچوون بۆ داواکە دەکات و بڕیاری لێک جیابوونەوە دەدات، خۆ ئەگەر تەڵاق درا، ئەوا ئافرەتەکە و منداڵەکانی لەو خانووەی تێیدا دەمێننەوە سوودمەند دەبن.

سەرەڕای ئەمانەش واقعی حاڵەکە ئاماژە بەبەردەوامیی هەژموونی دیکتاتۆریی پیاوانی عێراقی بەسەر ژیانی ئافرەت لە عێراقدا دەدات، چەندان دەیەی تر لە تێکۆشان لە بەردەم ئافرەتی عێراقیدایە، بەر لەوەی هاوسەنگی و پێگە و مافەکانی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بگێڕێتەوە.

بەشی چوارەم

# خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

بەشی چوارەم

# خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

## ڕوونکردنەوەی پێویست

لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا پێویستە هەندێک چەمک و پێناسە ڕوون بکەینەوە، تا ڕێگە لە ڕوودانی تێکەڵیی مانا مەبەستدارەکان، یا هەڵە لە چەمک و مەبەست و بڕیارە بەکارهاتووەکان بگرین، کە لەم بابەتەدا دێن.

لە یەکەمین ئەو پێناسانەی پێویست بەڕوونکردنەوە دەکەن، ئەو کەسایەتییەی لە قسە و دەستەواژە وەسفی و ئەدەبییەکانماندا بەکەسێتیی خوێنڕێژمان ناو برد و پێی ئاشنا بووین، لە زاراوە و وشەی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکانی دەروونزانیدا هەمان مانا وەرناگرێت، بگرە بەکەسێتیی دوژمنکار ناودەبرێت و خەسڵەتی خوێنڕێژی یەکێک لە شێوە، یاخۆ جۆرەکانی لە وەڵامدانەوە و چالاکییەکاندا دەبێت، کە کەسێتیی دوژمنکار پێی هەڵدەستێت. بەم مانایە خۆی لە خۆیدا کەسێتیی خوێنڕێژ نییە، بگرە کەسێتیی دوژمنکار هەیە، لە نێوان شێوەکانی ئاکار و هەڵسوکەوت و جووڵانەوەکانیدا ئەو کارانە پێڕەو دەکرێن، کە مۆرکی خوێنڕێژییان هەیە.

لەلایەکی ترەوە و بۆ ئەوەی بەخراپ لەم توێژینەوەیە نەگەین، پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کە ناونانی دەستەواژەی خوێنڕێژ لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا گوزارشتێکی مەجازییە، مەبەست لێی قەوارەی تێکڕای گشتیبوونی دیاردەکانی حەزی خوێنڕێژییە لە ڕیزەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا، ئەو دیاردانەی هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە جیهاندا لێی بەدەر نین، مەبەستیش لێی لکاندنی سیفەتی خوێنڕێژی نییە بەهەر تاکێکی عێراقییەوە بەشێوەیەکی ڕەها، واتا مەرج نییە هەر عێراقییەک گیرۆدەی حەزی خوێنڕێژی بووبێت، بەسەدان هەزار عێراقیی باش و بێوەی هەن لەوە دوورترن هەر حەزێک، یا ئاکارێکی

خـوێنرێژی، یا دوژمنکارییـان هەبێت و بڕوایان بەهیچ پیـادەکـردنێکی خـوێناوی نییـە، جا ئیتر لە هـەر ئاستێکدا بێت، هەروەها دوورن لە هەر چالاکییـەک بۆنی دوژمنکاریی لێ بێت. بگرە دەیانبینیت نموونەی ناسکی و بەزەیی و میـهرەبانی و مرۆڤایەتین.

هەروەها دەبێت ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کـە ئەو کـار و چالاکییـانەی مـۆرکی خوێنرێژییـان پێوە دیارە، شێوەیەکی باون و لەناو گشت نەتەوە و گەلێکدا هەن و تایبـەت بەگەلێک، یا کەسێتییەک نین، هەروەها لە قۆناغێکیشدا کورت نابێتـەوە، بگرە ئـەوە جـۆرێکە لە ئاکـار و لـە کـۆنتـرین چاخـەوە هاوشـان بووە لەگـەڵ ژیانی مـرۆڤـایەتیـدا، بۆیە مـەبەست و مـانا لـەم قـسـانەمـان سـەبارەت بەخـوێنـرێژی لە عێراقدا و ئاکاری خوێنرێژیی هـاوشـان بەکەسێتیی عێراقی، شێوەی ئەوپەڕ و زێدەڕۆییی تێدا کـردن و ئاوارتە و تـوندکـردنەوەی کـاری تـوندوتیـژیی خـوێناویی نائاسـایی و ئەوپەڕێتـی لە دڵڕەقی و دڕندەیی، کە وای لێ دەکات لە دەرەوەی باودا بێت و لە چوارچێوەی دڕندەیی و نامرۆیی ئەنجام بدرێت.

مـێژووی گـەلان لە سـەرجەم وڵاتانی جیـهانی سێیەمـدا بەدرێژاییی چەندان قـۆناغی جیـاجیـا و تا ئێسـتـاش قـۆناغ و نموونـەی جیـاجـیـای لـە زەبروزەنگ و خوێنرێژی بەشـێوەیەکی فـراوان بەخـۆوە بینیوە، کـە شـێوەیەکە لە شـێوەکـانی ئاکاری دوژمنکاری لە دەروونی مرۆڤدا، کەچی توندوتیژی و خوێنرێژی لە واقعی عێراقدا لە ماوەی چەندان سەدەی جیاجیاوە مۆرک و قەوارەی گەورە و ئاوارتەییی هەبووە لە دڵڕەقی و دڕی لـە زۆرێک لە ڕووداو و بوویەرەکاندا، لە نێوانی سـەرجـەم قۆنـاغەکانی مێژوودا، ئەمەش ئەوەیە کە مەبەسـتمـانە و دەمانەوێت قسەی لەسـەر بکەین و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی بکەین.

هەڵبـەت ناتوانـین بڵـێین زەبروزەنگی خوێناویی جـۆری و تا ئەوپەڕی لە قـەوارە و دڵڕەقی و دڕندەیی لە عـێـراقـدا هەیە، ئەگـەر نموونە لەسـەر ئەمـە نەهێنینـەوە، لە ڕێگەی بەڵگەی ڕاستەقینە و واقعیی هەڵێنجراو لە ڕووداوە مێژووییـەکانەوە، کە بەدڵنیاییەوە و هەر بەڕاستی لە عێراق و نێوەندەکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا ڕوویان داوە، هەروەها قـەوارە و ژمارەی ڕووداوەکان دەبێت گەورە و سـەرتاسـەری بن، تا بەس بن بۆ دەرکردنی بڕیارێکی زانستیی گشتی لەم بارەیەوە.

هـەروەها بـەر لەوەی بڵـــێین زەبروزەنگی خـــوێناویی ئاوارتەیی و پێـــوەست

بەکەسێتیی عێراقییەوە هەیە، تا ئەو پلەیەی دەکرێت سیفەتی خوێناوی بەتێکڕای گشتی بدات، پێویستە ئەو ڕووداو و بوویەرانەی بارکراون بەسیفەتی خوێنڕێژی بەپلەی یەکەم بخەینە بەرچاو، لەگەڵ ئەوانەی دەلالەت لە بوونی ئەم ڕاستییە ئاوارتەییە بەرچاو و بەدەر لە باوە لە واقعی عێراقی دەکەن، ئەگینا قسەکردن لەسەر بوونی توندوتیژیی خوێناویی ئاوارتەیی و ئاستی بەرز دەبێتە قسەیەکی ناتەواو و بێ نیشانە و دوور لە بەڵگەی زانستی و کردەنی (عملي).

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئێمە ناتوانین سەرجەم ئەو ڕووداوانەی دەلالەتی خوێنڕێژییان لە مێژووی عێراقدا هەیە بخەینە ڕوو، تەنانەت ئەوانەیشی کە گەورەن و ئاوارتەن، چونکە تا بڵێی زۆرن و ناکرێت کورتیان بکەینەوە، دەکرێت بەهەموویان کتێبێک پڕ بکەنەوە. بۆیە ئەو ڕووداو و بوویەرانەی ناویان دەبەین، نموونە و هەڵبژاردنی کەم و لێرە و لەوێن لە قۆناغی مێژوویی جیاجیادا و دوور لە یەکەوە دەرمان هێناون.

لەو کارانەی پێویستە ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە، ئەو ڕووداو و بوویەرە خوێناوییانەی لە قۆناغی مێژوویی جیاجیا لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە و پێوەندن بەئاکاری خوێناوییەوە، دەکرێن بەدوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەو ڕووداوە خوێناوییانە دەگرێتەوە، کە بێگانە و نامۆ ناعێراقییەکان ئەنجامیان داوە، ئەوانەی لە دەرەوە وەکو داگیرکەر و وڵاتگر و چاوبرسی و نامۆ بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا هاتن و تێیدا بەزۆر و بەحوکمی دیفاکتۆ نیشتەجێ بوون.

ئەم جۆرە ئاکاری خوێناوییەش قەوارەی گەورەتر و دڕتر و دڕندانەتر و لە پێشینەتر بوو لە کات و مێژوودا، ڕەنگە وێرانکەرتر و قووڵتر بووبێت لە وێرانکردنی دەروونی و ئاکاری لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا، بەڵگە و ڕووداوی مێژوویی هەن دەلالەت لە بوونی ئەم جۆرە لە پیادەکردنی خوێنڕێژیی دەرەکی دەکەن، بێگانە و بیانییەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغە جیاجیا و بەدوای یەکداهاتووەکان لە مێژووی عێراقدا، کە هەندێکیان بۆ هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین دەگەڕێنەوە، ئەنجامیان داوە.

بەشی دووەم: ئەو ئاکارە خوێناوییەیە، کە بەدەستی دانیشتوانی ناوچەکە و بەویستی خۆیی لەلایەن کەسێتیی عێراقی ئەنجام دراوە، دوای ئەوەی تووشی

دەردەکە هاتووە و کاری لێ کردووە و نەخۆشیی ئاکاری خوێنڕێژی و ڕێبازی توندوتیژیی پاکتاوکردن گرتوویەتییەوە، کە بێگانە و بیانییەکان لە وڵاتی دوو ڕووباردا بەدرێژاییی چەندان سەدەی بەردەوام ئەنجامیان داوە.

لافاوێکی بەردەوام لە ڕووداوی زەبروزەنگی خوێناوی تا ئەوپەڕی و ئاوارتە لە بیرەوەریدا دێن و دەچن، ئەو کاتی دەکۆشین ئەو ڕووداوانە بێنینەوە بیر خۆمان و ڕووداوەکانی پێوەند بەم بابەتە تۆمار بکەین، هەوڵ دەدەین ئەو ڕووداوانەی پتر لکاون بەمانا و دەلالەتی پێویست و فراوانتر و گشتگیرترن هەڵبژێرین، لە لایەنی زۆری بەشداران تێیدا لەگەڵ ژمارەی قوربانییان و تێوەگلاوان، تاکو نزیکتر بێت لە مانا و دەلالەتە بەکۆمەڵەکان، هەتا بتوانین بیکەینە پێوەر بۆ ئەو بڕیارانەی هەوڵ دەدەین لەم بارەیەوە بیاندەین، یەکەمین جاریش بەخستنە بەرچاوی ئەو ڕووداو و بوویەرە خوێناوییانە دەست پێ دەکەین، کە بێگانە و بیانییان لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا لە گشت قۆناخە مێژووییەکاندا پێڕەویان کردن:

## بێگانان تاو بەئاکاری خوێنڕێژی لە وڵاتی دوو ڕووباردا دەدەن

ئێمە نامانەوێت بەرپرسیارێتی لەسەر عێراقییەکان، یا ئەوانەی لە زەمەنەکانی پێشوودا پێیان دەوترا خەڵکی عێراق لاببەین، دەڵێین نامانەوێت بەرپرسیاری لە عێراقییەکان و کەسێتیی عێراقی دوور بخەینەوە، یاخۆ ئەستۆیان پاک بکەین لە بەرپرسیارێتیی ئەم بڵاوبوونەوە ترسێنەرەی دیاردەی ئاکاری خوێنڕێژی و باو و ئاوارتەییەی سیماکانی توندوتیژیی بەردەوام لە عێراقدا، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەبێت لە پێناو پاراستنی بابەتیی زانستی و بابەتیی مێژوویدا بوترێت، ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوە مێژووییەکانی عێراق، کە زۆر خوێناوین و پڕن لە دڕندەیی و نامرۆیی و توندوتیژیی بێ سنوور، واتا ڕووداوی زەبروزەنگی ئاوارتەییی نەناسراو لە دروستکردنی بێگانە و دەرەکییان، ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوونە و یارییان بەچارەنووسی دانیشتوانەکەی کرد، ئەو بێگانانەی وەکو وڵاتگیر، یا داگیرکەری نیشتەجێ، یا چاوبرسیی سەقامگیر هاتن، لە هەر جارێکیشدا ئەمانە لە بەراییدا سەردەکەون، پاشان فەرمانڕەوایی دەکەن، ئینجا بڵاو دەبنەوە، دواتر دەبەزن و هەڵدەوەشێنەوە و لەناودەچن، وڵاتی دوو ڕووبار و خەڵکەکەیشی بەدرێژاییی سەدەکان هەر بەنەمری دەمێننەوە.

کـەچی ئەو بێگانانە لە هەر جـارێکدا جێ پەنجـەی خـراپەکـاری و ئازار و وێرانکاری دەهێـڵنەوە، هەروەها لە ناخی دانیـشـتـوانەکـەیشـیـدا، لە هەڵسوکەوتەکانیشیاندا نموونەی ئاکاری ناپەسند و دوژمنکاریی پڕ لە دڕندەیی خوێنڕێژی و دواکەوتن و نابەرپرسیارێتی و ڕق و سووکایەتی بەڕۆحە مرۆییەکان دەچێنن، هەروەها میتۆدێک لە ئاکاری خوێناویی ئاوارتەیی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەیی و دزێوی لە وڵاتی دوو ڕووباردا بڵاو دەکەنەوە، ئەم بۆماوە و پاشماوانەش بەزۆری زیانیان پتـرە لە بوونی بێگانەکان خـۆیان، لێرەدا بوارەکە بەشی ئەوە ناکات هەموو ڕووداو و گۆڕانکاری و ئابڕووچوونە خوێناوییەکان بخەینە ڕوو، کە ئەو بێگانە و بیانییانە دروستیان کردوون، یا ئەوانەی بەرپرس بوون لە ڕوودان و هەڵگیرسانە پڕ لە دڕندەییـیەکانیان لە وڵاتی دوو ڕووباردا، وێڕای ئەوەش و لە پێناوی دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتیی مێژوویی و زانستی و بابەتی لەم توێژینەوە مەترسیدارەدا، بەشێوەیەکی تیژتێپەڕ و ڕاگوزەر ناونیشانە گەورەکانی ڕووداوە خوێناوییە یەکلاکەرەوەکانیش بێت دەخەینە بەرچاو، کە دەستی بێگانە و بیانییەکان لەم وڵاتەدا نایانەوە، کە ڕەنگە هەر ناونیشانە و هێمای چەندان سەدە، یاخۆ بەلای کەمەوە چەندان دەیە بێت لە مێژووی عێراقدا...

گۆتییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و شانشینی ئەکەدیان لە کۆتاییی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین وێران کرد، کۆمەڵێکی دڕندە بوون بەزەییان بەئافرەت و منداڵدا نەدەهاتەوە و وێرانکاری و ترس و پشێوییان بۆ وڵات هێنا[١]..

هەروەها حیسی و کاشییەکان، ئەوانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و هەمان شتیان کرد، لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی بەر لە زاین دوا بەدوای یەک بابلیان داگیر کرد.

هەرچی میدییەکان بوون، ئەوانەی لە باکورەوە هاتن و لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی بەر لە زاین شاری ئاشووریان داگیر کرد، بەشی زۆری دانیشتوانی شانشینی ئاشووریان کوشت و ئەوانی لە ژیاندا مانەوە کۆچیان پێ کردن (کاتێک نەبو بلاسر گەیشتە ئاشوور جگە لە وێرانە و دووکەڵ هیچی تری نەبینییەوە)[٢]

١. د. عيد مرعي. تاريخ بلاد الرافدين. دار الابجدية للنشر. دمشق ص٥٥.

٢. د. عيد مرعي. تاريخ بلاد الرافدين. دار الابجدية للنشر. ص١٢٥.

پێش ئەوەش بەشدار بوون لە وێرانکردن و سووتاندن و لەناودانی شاری نەینەوا و نەهێشتنی سیماکانی و بەتاڵانبردنی گەنجینەکانی (تەنانەت سەرکردەیەکی گریکی کە ناوی زینەفۆن بوو، دوای دوو سەدە پێیدا تێپەڕی نەیتوانی شوێنەکەی بدۆزێتەوە)[٣].

هەرچی داگیرکاریی فارس بوو بۆ بابل لە ساڵی ٥٣٩ی بەر لە زایندا، بووە هۆی بەیەکجار ونبوونی شانشینی بابلی نوێ لەسەر نەخشە.

هەروەها ململانێی سەربازی لە نێوان لەشکری ئیمپراتۆریای فارسی و سوپای ئەسکەندەری مەکدۆنی لە بان زەویی میزۆپۆتامیا بەڕێوە دەچوو، ئەمەش وای لەم وڵاتە کرد ببێتە گۆڕەپانی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرانە. ئەوە بوو ئەسکەندەر لەشکری فارسی، کە بەسەرکردایەتیی داریۆس بوو لە شەڕی کوکمیلە لە دووریی ٣٠ کم لە مووسڵی ئێستا، تێک شکاند. بەمە دیمەنێلی مەرگ و کوشتار لە سەرتاپای وڵاتدا دووبارە بوونەوە. لە کاتی ئەمانەوە دەتوانین قەوارەی ئەو وێرانکاری و خوێن و ماڵوێرانییە بزانین، کە ئەم وڵاتە لە سەدەکانی بەر لە مێژوودا بەدەست ئەو بێگانە و بیانییانەوە دەرگیریان بوو، هەروەها بیرۆکەیەکمان لەسەر قەوارەی وێرانەییی دەروون و ئاکار دەداتێ، کە تا ئەو کاتە زووەی مێژوو لە ناخی دانیشتوانەکەدا جێی هێشت.

هەرچی ئەو کوشتارەیە، کە لە ساڵی ٦٣٤ز. دا لە دیوەخانی ساسانی لە کۆشکی کیسرا لە مەدائین ڕووی دا (بەتەیسەفۆن ناودەبرێت)، نزیکەی ٤٥ کم لە باشووری ڕۆهەڵاتی بەغدای ئێستاوە دوورە، یەکێک لە ڕووداوە پڕ لە توندوتیژییە خوێناوییەکانی ئەوپەڕی دروستکراوە بەدەستی بێگانان، بەڵام لەسەر خاکی عێراقدا، ڕەنگبێ ئەو کوشتارە، کە لەناو کۆشکی پاشاییی ساسانی لە ساڵی ٦٣٤ز.دا ڕووی داوە، کۆپییەکی نموونەیی و بنچینەییی کۆن بێت بۆ کوشتارەکەی کۆشکی پاشایی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا، لە کاتی ڕووخاندنی سیستەمی پاشایی لە عێراقدا، لەبەر زۆر لەیەکچوون لە قەوارەی دڵڕەقی و زەبروزەنگی خوێناوی، کە لە هەردوو کوشتارەکەدا پێڕەو کرا.

دواتر هێرشی مەغۆل و کوشتاری خوێناویی گەورە و لەناودانی بەکۆمەڵی

٣. د. فيليب حتي. خمسة الاف سنة من تاريخ الشرق الادنى. ج.١ ص٧٠.

دانیشتوانەکە لە ماوەی ڕووخانی بەغدا لە سەردەمی خەلیفە ئەلموستەعسمی عەباسی لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی – ١٢٥٨ز. دا.

پاشان کوشتاری مووسڵ بەدەستی مەغۆلییەکان دوای دوو ساڵ لە کەوتنی بەغدا لە ساڵی ١٢٦١ز.دا.

ئینجا کوشتارەکانی تەیموور لەنگ، کە لە ساڵی ١٣٩٣ز. دا بەغدای گرت و خەڵکەکەی ئەشکەنجە دا و ماڵیانی تاڵان کرد، پاشان گەڕایەوە و ساڵی ١٤٠١ز حەلاڵی کرد، ئەمجاریان کوشتارێکی بەگشتی بۆ دانیشتوانی بەغدا ساز کرا، تێیدا چەند قوللەیەک لە سەری کوژراوان دروست کرا و لە سۆنگەی زۆریی تەرمە بۆگەنکردووەکانەوە هەوای شارەکە تێک چوو.

پاشان ملکەچکردنی عێراق بۆ حوکمی سەفەوی لەسەر دەستی شا ئیسماعیلی سەفەوی، کە بەقەسابخانەیەکی خوێناویی پاکتاوکردن دژ بەدانیشتوانی بەغدا ساڵی ١٥٠٨ز دەستی پێ کرد، قوربانییەکانیش لایەنگرانی مەزهەبی سوننی بوون.

دواتر ملکەچیی عێراق بۆ عوسمانییەکان بەسەرکردایەتیی سوڵتان موراد، کە لە ساڵی ١٦٣٨ز.دا بەغدای داگیر کرد، ئیدی ئەو کوشتارە ڕووی دا و تێیدا سی هەزار کوژراوی شیعە تێدا چوون.

پاشان عێراق بووە گۆڕەپانی شەڕی خوێناویی ئاڵوگۆڕ و یەک لە دوای یەک لە نێوان فارس و عوسمانییەکاندا (ئەوە بوو عێراق بووە جێگەی ململانێی توند لە نێوان هەردوو وڵاتی فارسی و عوسمانی و سێ سەدە بەم ئاوایە بەردەوام بوو)[٤].

هەروەها لەو ڕووداوە خوێناوییانەی بەدەستی هێزەکانی بێگانە ئەنجام دران و بەدڵڕەقی و ئەوپەڕی دڕندەیی ناسراون، لەو کارە ئابڕووبەرە خوێناوییانەی لە شەڕی (ام الحنطە)دا ڕوویان دا، کە لە شاری ئەلڕەماحیە لە فوراتی نێوەند لە ساڵی ١٧٠١ز. دا لە نێوان سوپای عوسمانی و ژمارەیەک لە خێڵە عێراقییەکاندا ڕووی دا، ئەوە بوو لەشکری عوسمانی هەرەمێکی لە سەری بڕاوی مرۆڤەکان پێک هێنا، کە بەهەزار سەر دەخەملێنرێت، گردێکیش لە کوژراوە عێراقییەکان دروست

٤. د. علي الوردي. لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث. ج١. دار كوفان للنشر. لندن. ص١٢

کرا، تەرمەکان لەو ناوە بوون و بۆ ماوەی چل ساڵ نەنێژران.[5]

پاشان زنجیرەی ئەو دەسیسە خوێناوی و ململانێی پاکتاوکردنە و پیلانی کوشتن و تیرۆر و زمان لێدانە مەرگهێنەرەی کە دەسەڵاتدارە بێگانەکانی یەک لە دژی ئەوەی تر لەناوداوە، کە نزیکەی سەدەیەکی تەواو لە نێوان ساڵانی ١٧٤٩ز ــ ١٨٣١ز بەردەوام بوو و بەکوشتاری گەورەی خوێناوی بڕایەوە، کە بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٨٣١ز دا مەمالیکەکان لە بەغدا لەناوبران، دوای ئەوەش فەرمانی سوڵتان دەرچوو بەلەناودانی مەمالیکەکان لە هەر کوێیەکی عێراقدا بن.

پاشان کوشت و کوشتاری والی و سوڵتانە عوسمانییەکان لە سەدەی نۆزدەم دژ بەیەکتر و دژ بەدانیشتوانەکە و یاخیبوونی هۆزەکان لە سەرجەم دەڤەرە جیاجیاکانی عێراقدا.

ئینجا داگیرکاریی بەریتانیایی بۆ سەر عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست لە ساڵی ١٩١٤ تا ١٩١٨دا و ئەو شەڕەماڵوێرانکەرانەی سەرجەم شارەکانی عێراق هەر لە باشوورەوە تا باکور بەخۆیانەوە بینییان.

دواتر داگیرکاریی ئەمەریکای پاڵپشت بەسوپای وڵاتانی هاوپەیمان لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەوە بەدوا.

بەدەر لەو هۆ و پاڵنەر و پاساوانەی لە هەر جارێکدا بەکار دەهێنران، ئەوا ئەو زنجیرە درێژە تۆقێنەرە درێژبووەوەیەی پێنج هەزار ساڵ لە کوشتن و مردن و خوێنڕێژی و ماڵوێرانی و کوشتار و وێرانکردنەی بێگانە و بیانی و داگیرکەرەکان پیادەیان کردن، بەدڵنیاییەوە بەشدار بوون لە بڵاوبوونەوەی میتۆدی ئاکاری خوێناوی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و لە کەسێتیی عێراقی حەزی ئاکاری خوێنڕێژی و پراکتیکی خوێناویی چاندووە، وێڕای ئەوەش ئەمە پاکانە نییە نە بۆ کۆمەڵگەی عێراقی و نە بۆ تاکی عێراقی و نە بۆ کەسێتیی عێراقی لە لێخۆشبوون لە بەرپرسیارێتیی تێوەگلان لە پیادەکردنی ئاکاری خوێناویی ئابڕووبەر، کە لەم

(٥) ستیڤن لۆنگریکی نووسەر لە کتێبەکەیدا: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. منشورات مكتبة اليقظة العربية. ص١٥٢. باس لە هەندێک وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە دەکات.

بەشـەدا بابەتی باسەکەمـانە، ئەوەش ئەو ئاکارەیە پێویسـتە لەسەرمـان بیناسین و لێی بکۆڵینەوە و قەوارەی ئەو ڕەنگدانەوە و نـەخۆشییە دەروونی و ئاکارییانەی لای کەسێتیی عێراقی جێی هێشتوون، شارەزا بین.

تەنانەت ئەگەر واشمـان دانا بێگانە، یاخـۆ دەرەکی، یا داگیرکەران زەبروزەنگی خـوێناوی و خـوێنرێژیی بەئەنقەسـتیان توند نەکردووەتەوە و کوشتـاری دڕندانەی گەورەیان نەگێڕاوە و کاری دڵڕەقـانەی پاڵنەر و هاندەریان بەسەر ئاکاری خوێناوی و پراکـتـیکیی خـوێناوی لە وڵاتی دوو ڕووباردا ئەنجـام نەداوە، کـە گـریمانـەیەکی ناواقـعی و نادروسـتـە، ئەوا تەنیـا بوونی بیـانی و بێگانـە هەسـتی تووڕەیی و هەڵگەڕانەوە و بەرهەڵسـتی و شـۆڕش و توندوتیـژی لای دانیـشـتـوان دژ بـەمـانە دەورووژێنێت، ئـەمـەش لە جـێی خـۆیەوە هەڵچـوونـی ئاکار و چالاکیی خـوێناوی و چوونە ناو گێژاوی تونـدوتیژی و توندوتیـژیی دژ، کە ئاکاری خـوێنرێژیی یەکێک لە پێویستی و پایەکانی پێک دەهێنێت.

بەدەر لە هۆکـارەکان، ئـەنجامـە بەدەسـتـهاتووەکـەی یەکـێکە، واتا تاوسـەندنی ئاکـاری ناسـراو بەخـوێنرێژی لە وڵاتی دوو ڕووباردا بەدرێژاییی چەندان سـەدەی یەک لـە دوای یەک، ئەمـــەش بەزۆر پشکدار بـووە لە وێرانکردنـی بینـای دەروونی و ئاکاریی کەسێتیی عێراقیدا.

## دروستکردنی خوێنڕێژی بەدەستی عێراقییەکان خۆیان

هەرچی ئەو ڕووداو و بوویەرانەن کە پێوەندن بەئاکاری خوێنرێژیی ئەندازەبەدەر لە توندی و دڵڕەقی و دڕندەیی، کە بەدەستی عێراقییەکـان خۆیان نەک بیـانی ئەنجام دراون و دروست کـــراون، لێـــرەدا بـەشـــێـــوازێکی ڕاشکـاوانـە و بـەرچـاو وردەکارییەکانیان دەخـەینە ڕوو، ئەمەش لە کـاتی وەسفی واقـعییەوە بۆ ژمـارەیەک لەو ڕووداوە یەکلاکەرەوە و جۆرییانە لە مێژووی عێراقدا، ئەوانەی دەلالەتی سەد لە سەدن لەسەر تێوەگلانی کەسێتیی عێراقی لەم جۆرە ئاکارە خوێناوییە دزێوانە. وا لێرەدا هەندێک نموونە لەو ڕووداو و بوویەرانە هەڵدەبژێرین، لەوانە:

## گرتێبەربوونە خوێناوییەکەی بابل

بابل لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا شانشینێک بوو لەلایەن شمش شمۆکینی پاشای ئاشوورییەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، برا گەورەی شا ئاشوور پانیپاڵ و پادشاش بوو بەسەر نەینەواوە، پاش مەرگی شا ئەسرحدۆن ناکۆکییەکی توند لە نێوان ئەو دوو برایەدا ڕووی دا، کە وەسێتی کرد ویلایەتی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بۆ ئاشوور پانیپاڵی کوڕە بچووکی بێت لە بریی شمش شمۆکینی کوڕە گەورەی، دوای مردنی ئەسرحدۆن شمش شمۆکینی کوڕە گەورە هەڵگەڕایەوە، کە پاشا بوو لەسەر بابل و ڕەتی کردەوە مل کەچ بکات بۆ دەسەلاتی ئاشوور پانیپاڵی برای، کە پاش مەرگی باوکی لە نزیکەی ٦٥٢ی بەر لە زاین، بووە پاشا بەسەر هەموو ئیمپراتۆریای ئاشوورییەوە، لە سۆنگەی ئەم یاخیبوونەوە ئاشوور پانیپاڵ لەشکرێکی بێ شوماری تەیار کرد و بەرەو باشوور ڕووەو مەملەکەتی بابلی برد، بەمەبەستی بەزۆر ملدانی شمش شمۆکینی برا هەڵگەڕاوەکەی. توانی بابل ئابڵووقە بدات و بەسوپاکەی لە گشت لایەکەوە دەوری بدات، شا شمش شمۆکین بەهەموو شێوەیەک خۆدانە دەست، یا ملکەچکردنی بۆ براکەی ڕەت کردەوە..

وەلێ دوای ئەوەی لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن بێ ئومێد بوو و لە دۆڕان دڵنیا بوو، ئەمەش بەهۆی ئابڵووقەی درێژماوە و تۆکمەوە، کە ئاشوور پانیپاڵ بەسوپاکەیەوە بەدەوری بابلدا سەپاندبووی، ئیتر شمش شمۆکین هەستا بەئەنجامدانی کارێکی خوێناویی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەیی، سەرجەم ئافرەت و کەنیزەکە جوانەکانی خۆی سەربڕین و گشت ئەندامانی دەوروبەری پاشای کوشت، هەروەها سەرپاکی ئەسپە هەڵبژێرراوەکانی سەربڕین و هەموو کۆیلە و یاریدەرەکانی خۆی کوشتن، پاشان گڕی لە بابل بەردا و خۆی کوشت.

سەرجەم ئەم ڕووداوە خوێناوییە دڕندانە و کارەساتبارانە لە بابل لەسەر دەستی شا شمش شمۆکین ئەنجام دران، کەچی ئاشوور پانیپاڵی برای لە دەرەوەی شار چاوەڕوانی دەکرد و بەلەشکرەکەی لە گشت لایەکەوە بابلی ئابڵووقە دابوو، پاشان دوای ئەوەی هەموو شتێکی کرد بە خاک و خۆڵەمێش، داگیری کرد.

ویستی خوێنرێژی و حەزی زەبروزەنگی بارگاوی بەوپەڕی پلەی دڵڕەقی و تۆڵەی دڕندانە بەسەر هەر حەزێک لە ئاشتەوایی، یا ڕێککەوتن، یا لێبووردەیی وێڕای

ئەوەی هەردوو نەیارەکە بران، هەروەها لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی دۆڵی دوو ڕووبارن. دەبینین ئەم ڕێبازە خوێناوییە درندەییە هەر دەبێ و لە زۆربەی ڕووداوە داهاتووەکانی مێژووی عێراقدا ئامادەیی دەبێت.

گرتێبەربوونەکەی بابل بەو وەسف و شێوەیەی مێژوو باسی بۆمان دەکات، ڕووداوێکی ئاوارتەیە و قەوارەیەک لەوپەڕی خوێنرێژی و حەزی توندوتیژیی بارگاوی بەبەرزترین پلەی دڵڕەقی و تۆڵەی دڵڕەقانە و خوێنڕشتن لەخۆ دەگرێت "تابلۆیەکی زۆر قەوارە گەورەی دڵگیری زەیتیی هەیە لادیوارێکی تەواو لە یەکێک لە هۆڵەکانی مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس بۆ وێنەکێشی بەناوبانگی فرەنسایی دێلاکروا داگیر کردووە، ناوی (مەرگی سەردیناپاڵ)ـە، دێلاکروای هونەرمەند لەو تابلۆیەدا وێنەی وردەکارییەکانی ڕووداوی ئاگرەکەی بابل و خۆکوشتنی شمش شمۆکینی کێشاوە، تێیدا پاڵی داوەتە بان جێیە گەورە سەرین ڕازێنراوەکانی و یەکێک لە کەنیزەکەکانی جامێک مەیی دەداتێ، لەولاشەوە کۆیلە و جەلادەکان بەخەنجەرەکانی دەستیانەوە مژووڵی کوشتنی ئافرەت و کەنیزەکە جوانەکانی پاشان، هەروەها ئەسپە خۆشڕەوەکان سەردەبڕن و بەپێی فەرمانی پاشا کەلوپەلی کۆشک تێکوپێک دەدەن و وێرانیان دەکەن".[٦]

## هەڵدانەوەی تۆڵەسێنانەوەی

## گۆڕی پاشا و سەرکردە و ئیمامەکان لە عێراقدا

لە دیاردە دەلالەتدارەکان لەسەر بوونی حەزی خوێنرێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا بڵاوبوونەوەی نەریتی خراپی گۆڕهەڵدانەوە و دەستدرێژیکردنە سەر تەرمەکانە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەی سیاسی، یا تایەفی، یا ئاینی.

مەبەست لێرەدا هەڵدانەوەی گۆڕی پاشا و سەرکردە و ئیمام و زانا و فەرمانڕەوا و ئەسحابە و ئەولیا و کەسە ناودارەکانە.

لەم وەسفەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە مەبەست لە هەڵدانەوەی ئەم گۆڕانە و دەستدرێژیکردنە سەریان، دزی یا پشکنین لە ئاڵتوون و شتی بەنرخ نەبووە، بگرە

---

٦. باقر ياسين. تاريخ العنف الدموي في العراق. دار الكنوز الادبية. بيروت _ لبنان. ص٥٣.

خراپەکردن و تۆڵەستاندنەوە لە خاوەنەکانیان بووە.

ئەم ئاکـارە حـەزی خـوێنڕێژیی زاڵە لە تـۆڵەسـەندنەوەی سـیـاسـی و تایـەفی و بیروباوەڕ، هەروەها ڕەهەندی تاوانکاری لەم کارە پڕ لە تاوانە درێژەدا دەنوێنێت.

هەوڵ دەدەین ناوی هەندێک لەو ڕووداوانـە بهێنین، کە لەم بارەیەوە لە سـەردەمی جیاجیا لە مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە، هەروەها دەکۆشین مەبەستەکانی ئەو ڕووداوە تۆڵەسـتێنانە و مـانا سـیـاسـی و تایەفـەییـیـەکانیـان ڕوون بکەینەوە، کـە کەسـان و سەرکردەیلی سەر بەئاینزا و ڕەوتە هزرییە جیاوازەکان دەگرێتەوە. خۆ ئەگـەر بمانەوێت لە سـەدە دێرینـەکانی مـێـژووەوە دەست پێ بکەین، ئەوا دەتوانین ڕووداوێکی بەناوبانگ بهێنینەوە، کە پێش لەدایکبوونی عیسـای مـەسیح کەوتووە، ئەوی ئاشـوور پانیـپـاڵی فـەرمـانڕەوا ئەنجـامی داوە، ئەوە بوو ئـەم فـەرمـانڕەوا ئاشوورییە هەستا بەداگیرکردن و ڕووخاندنی شـاری سووسەی پایەتەختی وڵاتی عیـلامـیـیـەکان لەو سـەردەمـەدا (شـاری شـووشـی ئێسـتـای ئێرانی)، لـە سـۆنگەی وەستانی عیلامییەکان لەگەڵ شای بابل شمش شمۆکینی برایدا، کە لە دەسەڵاتی ئاشـوور پانیپاڵی برای هەڵگەڕایەوە، دوای ئەوەی شاری سووسـەی داگیـر کـرد و وێرانی کـرد، ڕووی لە گـۆڕسـتـانی پاشـایان کـرد و گـۆڕی پاشـا عـیـلامـیـیـەکـانی هەڵدایەوە و تەرم و ئێـسک و پرووسـکیـانی دەرکـردن و پەرش و بڵاوی کـردنەوە، ئەمەش لە دوای ساڵی ٦٥٠ی پ.ز بوو.

شـاری سووسـە (واتا شووشـی ئێسـتا) دوای ١٣٠٠ سـاڵ لەو مێژووە دیسـانەوە وێرانکاری و زەبروزەنگی خوێناویی عێراقیی بەخـۆوە بینی، ئەمەش لە هەشتاکانی سـەدەی بیـسـتـدا بوو لە مـاوەی شـەڕی عـێراق و ئـێرانـدا، ئەوە بوو شـووش لەو شـەڕەدا چـەندان جـار لەلایەن عـێراقـیـیـەکانەوە دەرگـیـری تۆپباران و بۆمـباران بووەوە.

ئەو کـارە شـێـوەی بـەئاشکرای حـەزی خـوێنـڕێژی بوو لە ئاکـاری کـەسـێـتـیی عێراقیدا.

هەروەها دەکرێت ئەو گێڕەوانە بەنموونە بهێنرێنەوە، کە باسی ئەوە دەکەن چۆن تەرمـەکـەی ئیـمـام عـەلی ئەم گـۆڕ و ئەو گـۆڕی پێ کـراوە، لە تـرسی ئەوەی نەکـو خەواریجەکان گڵکۆکەی هەڵدەنەوە و هەڵکوتنە سەر تەرمەکەی، "ئەبوبەکری کوڕی

عەباس گوتی: گۆڕەکەی عەلی لە ترسی خەواریجەکان شاردرایەوە.. موبەرەد لە زمانی محەمەدی کوڕی حەبیبەوە گوتوویەتی: یەکەمین کەسێک ئەم گۆڕ و ئەو گۆڕی پێ کرابێت عەلییە خوای لێ ڕازی بێت".[7]

هەروەها گـۆڕی ئیمـام حوسـێن "سـلاوی خـوای لێ بێت" دوای ١٧٠ سـاڵ لە شەهیدبوونی هەڵتەکێنرا و لە بووندا سڕایەوە، ئەم کارەش گەواهێکی ترە لەسەر بوونی ئەم دیاردە خراپە لە دەستدرێژیی سیاسی بۆ سەر گۆڕەکان بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لێیان، ئەلموتەوەکیلی خەلیفەی عەباسی گـۆڕی ئیمام حوسێنی ڕووخـاند و پاشـان ئەو مـاڵ و خـانووانەی لە دەوروبەری بوون وێرانـی کـردن و شـوێنـی گۆڕەکە و زەوییـەکانی دەوروبەری کـێـڵا و کشـتوکاڵی لێ کردن و ئاوی بەردانە سەر، تاکو کەس شوێنیان پێ نەزانێت، لە کتێبەکەی ئەلسیوتیدا هاتووە "لە سـاڵی سی و شـەشدا (مـەبەست سـاڵی دووسـەد و سی و شـەشـە) فـەرمـانی بەڕووخاندنی گۆڕی حوسێن و ئەوانەی دەوروبەری دا شوێنەکەیان بچێنرێن و ڕێ لە سەردانی خەڵکی بگرن، ئیتر وێران کرا و بووە بیاوان، متەوەکیل بەدەمارگیر ناسـرابوو، موسـڵمـانەکان ئەمـەیان زۆر پێ ناخـۆش بوو، خەڵکی بەغدا جـوێنی خۆیان لەسەر دیوار و مزگەوتەکان دەنووسی و شاعیرانیش قسەیان بەمتەوەکیل گوت".[8]

ئامانج لەم کارە دزێوە ئامانجێکی سیاسی بوو، متەوەکیل خۆی سەر بەگرووپی ناسبییەکان بوو، کە دژایەتیی ئیمام عەلییان کرد و تۆوی ڕق و کینە و ناکۆکییان لە دژیدا چاند، لەبەر ئەمە متەوەکیل هەر لەگەڵ هاتنە سەر خەلافەت سیاسەتی دژ بەعەلەوییەکانی پێڕەو کرد، بەدوویانەوە بوو و چەندێکی پێ بکرایا ئازاری دەدان، متەوەکیل تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەسەر ئەم سیاسەتە دوژمنکارییە خوێناوییەی بەردەوام بوو لە بەپەندبردنی هەوادارانی ئیمام عەلی، کاتێک مونتەسیری کوڕی لە سـەروبەندی بەزم و ڕەزمی شـەوانەیدا تیـرۆری کـرد و خـۆی لە جـێگەی کـرد بەخەلیفە.

هەروەها گـۆڕەکـەی ئیـمـام ئەبوحەنیفـەی نەعـمـان لە سـاڵی ١٦٢٣دا پاش

٧. تاريخ الخلفاء للسيوطي. تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد. ص ١٧٦.

٨. تاريخ الخلفاء للسيوطي. تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد. ص٣٤٧.

داگیرکردنی بەغدا لەلایەن شا عەباسەوە هەڵتەکێنرا و ڕووخێنرا، لە ئیسلامدا ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمان دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفییە، ئەوە بوو گۆڕەکەی وێران کرا و لە بووندا سڕایەوە و دەستکاری ئێسک و پرووسکەکەیشی کرا، ئەمە لە دوای نزیکەی هەشتسەد و پەنجا ساڵ لە مردنی ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمان ڕووی دا، ئیدی سیمای گۆڕەکە بەیەکجا سڕایەوە، کاتێک بریاری نۆژەنکردنەوەی درا ئەوانەی سەرپەرشتیی ئەم ئیشەیان گرتە ئەستۆ زەحمەتییەکی زۆریان لە ناسینەوەی جێگەکەیدا بینییەوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری سیاسی و تۆڵەستاندنەوەی تایەفی بوو.

هەرچی مەزاری ئیمام عەبدولقادری گەیلانییە، گومەزەکەی لە ساڵی ١٦٢٣ی ز. دا ڕووخێنرا،[٩] دەرگیری دەستدرێژییەکی دوژمنکارانە هات و تا ماوەیەک کرایە تەوێلەی ئاژەڵان، بەر لەوەی ڕێزی بۆ بگەڕێنرێتەوە و سەرلەنوێ بایەخی پێ بدرێت، ئەمەش هەر لە سۆنگەی هۆکاری سیاسی و تایەفەییەوە بوو.

هەروەها لە سەدەی هەژدەی زاینیدا بەر لەوەی جارێکی تر بنیات بنرێنەوە، گۆڕی تەڵحەی ئەسحابەی ناسراو و گۆڕی زوبێر بن عەوام لە بەسرە ڕووخێنران.

دەستدرێژیکردنە سەر گۆڕەکان بەم شێوە دزێوە لە عێراقدا، لە گشت دۆخەکاندا نیشانەی پەرەسەندنە لە حەزی دوژمنکاریی خوێناویی تۆڵەستێن.

لە چاخی نوێدا و بەدیارکراوی لە سەدەی بیستدا تەرمی نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران لە سەردەمی پاشاییدا بەشێوەیەکی دزێو و دڕندانە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا بەزەویدا ڕاکێشرا، پاشان نێژرا، دواتر گۆڕەکەی هەڵدرایەوە و تەرمەکەی دەرهێنرا و دیسانەوە بەمەبەستی تۆڵەی سیاسی بەزەویدا ڕایان کێشایەوە.

هەروەها گۆڕەکەی عەبدولکەریم قاسمیان هەڵدایەوە و تەرمەکەی دەرهێنرا، دوای ئەوەی سەگەل بەبۆن دۆزییانەوە و کەوتنە گیان تەرمەکەی، بۆیە بەپەلە و بەقووڵاییییەکی کەم لە چاڵ نرا، لە ترسی ئەوەی نەوەک لەلایەن لایەنگر و خۆشەویستانییەوە بکرێتە مەزارگە، تەرمەکەیان دەرهێنایەوە و ئاسنی قورسیان

---

٩. اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. ستيفن لونكريك. ترجمة: جعفر الخياط. منشورات مكتبة النهضة. ص٧٧

پێــوە بەسـت و خـــرایـە ڕووباری دیجلەوە، وێڕای جـــیـــاوازیـی گـــێـــڕانـەوە و وردەکــارییــەکـان، کـە باسـی دەکـەن، هـەمـوویـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کـە تـەرمی عەبدولکەریم قاسم لە گۆڕەکەی دەرهێنراوە و خراوەتە ڕووباری دیجلەوە.[10]

ئەوی بەسـەر لاشـەی عـەبدولکەریم قـاسـمی سـەرۆکی کودەتای سـەربازیدا هـات، کە ڕێژیمی پاشـاییی ڕووخـاند، لەگـەڵ ئەو ڕیسـواییـیـەی بەتەرمـەکـەیان کـرد دوای لەداردانی، بەدڵنیاییەوە هۆکاری سیاسی و تۆڵەسەندنەوەی لە پشتەوە بوون.

هـەروەهـا تـەرمی سـەرکـردەی کـورد مـەلا مسـتەفـای بارزانی پاش سـاڵێک لە مردن و ناشـتنی، لە گـۆڕەکـەی دەرهێنرا و فـڕێ درایە سـەر جـادە، ئـەمـەش بەدەسـتی کـەسـانێکی کـورد ئـەنجـام درا، لەلایەنی سـیـاسـیـیـەوە جـیـاوازن لەگـەڵ حـزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە مەلا مستەفای بارزان ڕابەرایەتیی دەکرد، ئەم کارە لە وەختی خۆیدا خـەڵکی لە ڕیزەکانی میللەتی کورد لە عێراقدا تووڕە کرد و خەم و پەژارە دایگرتن.

هـەندێک لە گـێـڕانـەوەکـانـیش باس لـە هـەڵدانـەوەی گـۆڕی مـیـشـێل عــەفلـەقی دامـەزرێنەری حـزبی بەعس و شێواندنی سـەر لاشـەکەی دەکەن، لە پاش ڕووخـانی ڕێژیمەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٣دا، ئـەگـەر ئەم قـسـانـە سـەبارەت بـەهەڵدانەوەی گـۆڕی مـیـشـێل عـەفلەق ڕاسـتـبـێت، ئەوا ئەم کـارە مـۆرکی تۆڵەسـەندنەوەی سـیـاسـی هەڵدەگـرێت، لە سـنووری ئەوەی ئێـمـە دەیزانین، کـوڕەکـەی مـیـشـێل عـەفلەق لای هەندێک ڕێکخـراوی نێـودەوڵەتی سـەبارەت بەدەسـتـدرێژیکردنە سـەر گـۆڕەکـەی باوکی داوای بەرز کردەوە.

هـەرچی تـەقـاندنـەوەی مـەزاری هـەردوو ئیـمـامی عـەسکەرییـە لە سـامـەڕا، ئەوا کـــارێکە لە کـــارەکـــانـی تۆڵەســـەندنەوەی ســـیـــاســـیـی تـایەفـــیـی خـــوێـناوی، دەسـتـدرێژیکردنەکە بەشـێوەی تووڕەکردن و وروژانـی هـەسـتـەکان بوو، بێگومـان بەمەبەستێلی سیاسیی تایەفەیی.

سـەرجەم ئەم کارانە و هی تریش لە دەستدرێژیکردنە سەر گۆڕ و مەزارەکان، کە

١٠. لە کتێبی: این الحقیقە فی مصرع عبدالکریم قاسم؟. احمد فوزی. مطبعە الدیوانی. بغداد. ص١٨٤دا وردەکـاری لەسـەر ئەم بابەتە نووسـراوە، ئەوی بیـەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەری.

باسی هەندێک لە بوویەرە قێزەونەکانمان کرد، کە لە سەردەمی جیاجیا و دوور لە یەکتر لە مێژووی عێراقدا روویان داوە، شێوەیەکن لە شێوەکانی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

ئەوی وەسفی ئەم کارە بەسروشت خوێناوییە دوژمنکارانە بەڕاست دەگێڕێت، بەشداریی سەرجەمیانە لە پاڵنەری سیاسیی تۆڵەستێن، کە لەودیویەوە دەوەستێت، ئەمانە بەهۆی دزیکردنەوە، یا پشکنین لە ئاڵتوون، یاخۆ پاشماوەی نێژراو لەگەڵ تەرمەکاندا ڕوویان نەداوە، بگرە لە پێناوی تۆڵەسەندنەوە لە خۆیان و لەو بیرۆکە یا ئامانجە، یاخۆ پرەنسیپ، یان ئاینزایەی هەڵیان گرتووە.

## قەڵاچۆکردنی ئەمەوییەکان بەدەستی خەلیفە ئەلسەفاح[١١]

ئەو کوشتارەی خەلیفە ئەبولعەباسی ئەلسەفاح دژ بەکۆمەڵێکی گەورەی میر و پیاوانی دەوڵەتی ئەمەوی بەڕێوەی برد، ئەوانەی بۆلای خۆی بانگهێشتی کردن بۆ نانخواردنی نانی نیوەڕۆی کردن، پاشان هەموویانی کوشتن، ڕووداوێکی ناسراو و بەناوبانگە و سەرچاوە مێژووییە دێرینەکان باسیان کردووە، وادیارە ئەلسەفاح دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی بۆ ئارامکردنەوەیان دەیویست ڕوو لە ئاشتەوایی و لێبووردن بکات، بۆیە میرانی بەنی ئومەییە و پیاوماقووڵ و کەسایەتییە ناسراوەکانیانی بۆ نیوەڕۆ خوانەکەی بانگهێشت کردن و لە پێناوی ئەمەدا چادر و خێوەتی تایبەتی بۆ پێشوازیکردنیان هەڵدا... ڕەوشەکە ئاسایی بەڕێوە دەچوو، بەڵام یەکێک لە شاعیران، کە بەسدیفی کوڕی مەیموون بانگ دەکرا و یەکێک لە هاوەڵە دێرینەکانی ئەلسەفاح بوو، دیمەنی میرەکانی بنەماڵەی ئومەییە سەروڵی گرت، کە ژمارەیان پتر لە هەشتا کەس دەبوو لەسەر کورسی لە خێوەتەکانی ئەبولعەباسی ئەلسەفاحدا دانیشتبوون، ڕێزی لێ دەگرتن و لە خۆی نزیک دەکردنەوە و ڕازیی دەکردن، ئەمەش وای لە شاعیری ناوبراو کرد ئیزن لە ئەلسەفاح بخوازێت بەوتنی چامەیەک، ئەویش ڕێگەی پێ دا.

١١. ئەلسەفاح: یەکەمین خەلیفەی عەباسی بوو و بە(ابو العباس)یان ناودەبرد. کەچی لە یەکەمین گوتاریدا بۆ خەڵکی کوفە ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی نازناوی ئەلسەفاحی لە خۆی نا، لە نێوانساڵانی ٧٥٠ز تا ٧٥٤ز خەلافەتی بەدەستەوە گرت و ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بەدڵڕەقی و ئەوپەڕی خوێنڕێژی ناسرا.

ئەوە بوو سـدیفی شـاعـیـر چامـەیەکی ئاگـرینی دنـەدەری خـوێندەوە، گـڕی لە ئەلسەفاح بەردا و ناوی گشت ئەو سەرۆک و ئیمـامە عەلەوی و عەباسییانەی هێنا، کە لە سـەردەمـی جیاجیای مێژوودا بـەدەسـتی ئەمـەوییـەکـان کوژرابوون، وەکو: حـەمزەی مـامی پێغـەمبەر، کە لە شـەڕی ئوحـوددا کوژرا و بەتـەنیشت شـاخێکەوە ناوی ئەلمهراس بوو نێژرا، هەروەها ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی، کە یەزیدی کوڕی معـاویە لە کەربـەلادا کوشتـی، ئینجا ئیـمام زەیدی کـوڕی عەلی کـوڕی حوسێـن، کە هیشامی کوڕی عـەبدولـەلیکی خەلیفەی ئەمەوی لە کوفـەدا کوشتـی و سـەری پەڕاند و بۆ مـاوەی چوار سـاڵ بەدارەوەی هێـشـتـەوە، هەروەها ئیـبـراهیم ئەلئـیـمـامی فەرمـاندەی عەباسی، کە برای ئەلسەفـاح و فەرمـاندەی یەکەمی شۆڕشـی عەباسی بوو، کە خـەلیـفـەی ئەمـەوی مـەروانی کـوڕی مـحـەمـەد کوشـتـی، دوامین خـەلیـفـەی ئەمەوی بوو لە شاری حەڕانی نزیک ئەلڕیقە.

ئەم شـاعـیرە لە چامـەکەیدا داوای لە خـەلیفـە ئەلسـەفـاح کرد مـیرانی خـێڵی ئومەییە لە دانیشتنەکەی دوور بخاتەوە و لایان بدات و شـمشێریان لە گیان بەکار بهـێنێت و کـوشـتـنی ئەو سـەرکردە و ئیـمـام و شـەهیـدانەی بەنی هاشـم و بەنی عـەبـاس بیـر خـۆی بێنێـتـەوە، ئەوانەی بەدەسـتی ئەمـەوییـەکـان لەناوچوون، جـێی خـۆیەتی چەند دێڕێکی ئەو چامـە هاندەرە تۆقێنەرە بهێنینەوە، کە بووە شـیمـانەی ئەو کوشتارە خوێناوییە:

| | |
|---|---|
| أقصـهم أیهـا الخلیفه واحســـم | عنک بالسـیف شـأفه الارجـاس |
| واذکــرن مـصـرع الحسین وزید | وقـتـیل بجانب المهـــــــــــراس |
| والإمام الذی بحـــــران أمسی | رهـن قـبر فـی غربه وتنـاســـــی |
| فلقد ساءنی وساء سوائـــــــی | قربهم من نمـارق وکـــراســـــی |

چامەکە تژییە لە دنەدانی خـوێنڕێژی، کە هـەستی ڕق و تووڕەیی و تۆڵەی لای ئەلسـەفـاح گەیـاندە ئەوپەڕی، هـەروەهـا تۆڵـەسـەندنەوەکـانی کۆنی بیـر خسـتـەوە، ئەمـەش وای لێ کرد فـەرمـان بدات بەکـوشـتنی سـەرجـەم ئامـادەبـووان لە خـێـڵی ئومـەییـە و جـێبـەجـێکردنی قـەسـابخـانەکـە، ئەوە بوو پاسـەوانەکـانی ئەلسـەفـاح هەڵمەتیان برد و هەموو ئامادەبووانیان کوشت.

چەنـدان گـێـڕانـەوە هـەن لە چـەند سـەرچـاوەیەکـدا دووبـارە دەبنـەوە، بـاس لەوە

دەکەن چۆن ئەلسەفاح بەرەی خواردنی لە بان تەرمی کوژراوەکان لەو خێوەتانەدا ڕاخستووە و خۆی و هاوەڵانی نانی نیوەڕۆیان خواردووە، لەسەر لاشەیلێک هێشتا هەندێکیان دەجووڵانەوە.

ئەگەر ئەم گێڕانەوانە ڕاست بن ئەوە ڕەهەندی ئاوارتەیی بەرچاوە لە ئاکاری خوێنڕێژی لە عێراقدا.

قەوارەی ئەو زێدەڕۆیی و پێوەنانە لەم گێڕانەوە کۆنانەدا هەرچۆنێک بێت، ئەوا پرسێکی گرینگ سەرنجمان ڕادەکێشێ و مایەی بایەخە و پێوەندە بەبابەتی باسەکەمانەوە سەبارەت بەحەزی خوێنڕێژی، کەوا کورت نابێتەوە لە هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوا و خەلیفە و بەرپرسان لە عێراقدا، بگرە لە ناوەندە گشتییەکانیشدا لە عێراقی و سیاسییەکان و تەنانەت نووسەران و ڕۆشنبیرانیش، وەک چۆن سدیفی کوڕی مەیموون حەزی خوێنڕێژیی لای خەلیفە ئەلسەفاح جووڵاند و هانی دا بۆ سازدانی ئەو قەسابخانەیە دژ بەمیوانە ئەمەوییەکانی لەو ڕووداوەی پێشتر باسمان کرد، دەبینین بۆ نموونە بیریار و زانا و گرووپی ئەلموعتەزیلە ئەوانەی لە دانیشتنەکەی واسقی (٨٤١ز – ٨٤٦ز) خەلیفەی عەباسیدا ئامادە بوون، بەشدار بوون لە هاندانی واسق بۆ لەداردانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی، یەکێک لە گەورە فەرموودە گێڕەرەوەکانی پێغەمبەر لە سەردەمی عەباسیدا، کە ناکۆک بوو لەگەڵ خەلیفەدا سەبارەت بەخەلقی قورئان و پێداگرتنی ئیمام خوزاعی لەسەر ڕایەکەی، کە قورئان دروستکراو نییە و قسەی خوایە، ئەوانەی لەو مشتومڕەدا ئامادە بوون هاواریان کرد خوزاعی شایانی دارکاریکردنە... ئەمەش هانی واسقی دا داوای ئامادەکردنی کەوڵ (ئامرازێک بوو بۆ لەداردان بەکار دەهێنرا) بکات، فەرمانی دا خوزاعی پێوە ببەستنەوە، پاشان هەڵسا و لە ملی دا... ئەو ڕووداوە خوێناوییە لە سامەڕا لەسەر خاکی عێراق ڕووی دا...!

## دەیانکوژن و بەزەویدا ڕایان دەکێشن و بەباگردێن (حادلە) دەیانشێلن

ئەوی دەمانەوێت لێرەدا بیڵێین ئەوەیە، پاوانکردنی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتی لە عێراقدا تەنیا لەسەر کەسانی فەرمانڕەوا و سەرکردە و پاشا و خەلیفە و سەرۆکەکان کورت نابێتەوە، بگرە دەرژێتە دەروونی زۆرێک لە ڕەشە خەڵکەکە و

تاکە ئاساییەکانی نێوەندی کۆمەڵگەی عێراقی لە سەرجەم پیشە و بوارەکاندا.

نموونەی ئەمە، ئەوی کەسانێکی سادەی عێراقی لە ڕەشە خەڵکەکە جێبەجێیان کرد لەو تاوانە خوێناوییە دزێوەی ئەوپەڕی دڵڕەقی و دڕندەییی لەخۆ گرتبوو، کە پارێزەر ئەمجەد ئەلموفتی و مامۆستا عومەر ئەلشەعاریان کردە ئامانج، هەردووکیان دوو هاووڵاتیی عێراقین لە ڕۆڵەکانی شاری مووسڵ، بە تاوانێکی سیاسی لە ۱۹۵۹/۳/۹دا ڕووی دا، لە کاتی کوشتارە بەناوبانگەکەی مووسڵدا، کە لە نێوان نەتەوەپەرستەکان و کۆمۆنیستەکاندا لەو ماوە شێتەی ململانێی سیاسیی خوێناوی لە نێوان حزبە عێراقییەکاندا قەوما:

ئەو دوو غەدر لێکراوە لە مووسڵەوە بەئۆتۆمۆبێلەکەی ئەمجەد ئەلموفتیی پارێزەر بۆ شارەدێی تلکێف بۆ بازاڕی دەرچوون، چونکە دوکانەکان لەبەر قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە مووسڵ داخرابوون، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ تلکێف یەکێک لە کۆمۆنیستەکان لە نزیک بنکەی پۆلیسەکەوە ڕووبەڕوویان بووەوە و هاواری بەسەردا کردن: بەعسییەکان.[12]

ئەوانیش بەئۆتۆمۆبێلەکەیان تێیان تەقاند و ڕوویان لە بنکەکە کرد و دوای ئەوەی خۆیان دایە دەست بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکەوە داوای پاراستنیان لێ کردن، هەواڵەکە بەتلکێفدا بڵاو بووەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستە چەکدارەکان لە بنکەکە ئامادە بوون و گڕیان لە ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەمجەدی پارێزەر بەردا و داوای دانە دەستەوەی ئەو دوو هانابەرەیان کرد، بەرپرسی بنکەکە قەبووڵی نەکرد، پاشان بەرپرسانی بنکەکە ئەو دووانەیان بەپاسەوانیی چوار پۆلیس و بەئۆتۆمۆبێلی حکوومەتی ڕەوانەی مووسڵیان کردن، ئەوە بوو لە ڕێگە کۆمۆنیستەکان بەرەنگاری ئۆتۆمۆبێلەکە بوونەوە و ئەو دووانەیان بەزۆر داگرت و تەقەیان لێ کردن و دەمودەست هەردووکیانیان کوشت، پاشان هەردوو تەرمەکەیان شێواند و نەوتیان بەسەردا کردن و سووتاندیانن، ئینجا باگردێنێکی گەورەیان هێنا، کە بۆ دوای قیرتاوکردن بەکار دەهێنرێت، بەسەر لاشەکانیاندا ڕەت بوو و وا پلیشاندنیەوە هیچ سیمایەک بەلاشەکانەوە دیار نەبوو، ئەمەش بەو مەبەستەی سەر لە لێکۆڵینەوە تێک بدەن.

---

۱۲. الصراع بين عبدالكريم قاسم والشيوعيين. العميد المتقاعد: خليل ابراهيم حسين. دار الحرية للطباعة. ص۲۹۸

ئەم تاوانە ڕەوانەی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی یەکەم لە بەغدا کرا، کە لە ١٩٦١/١/١٧دا بەسترا، ئەنجوومەن لە بڕیاری تاوانبارکردنیاندا گوتی: «ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی یەکەم دەیەوێت ڕوونی بکاتەوە، ئەم تاوانە ڕووبەڕوو وەستانەوەیە بە ڕووی دەسەڵاتی یاسا و ماندووکردنی ویژدانی دادپەروەرییە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت خەڵکانێک ڕێ بەخۆیان دەدەن لە شەقامەکاندا ببنە فەرمانڕەوا و قازی، خەڵک بکوژن و بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا ڕایان بکێشن و بەم شێوە دزێوە تەرمەکانیان بشێوێنن».[١٣]

لێرەدا دەبێ بڵێین: کوشتنی ئەم دوو عێراقییە بەدەستی عێراقییانێک نایانناسن و پێشتریش تێکەڵیان نەبوونە و بێ ئەوەی تاوانێکی بینراو یا بەڵگەداریان ئەنجام دابێت و ئەنجامدانی کوشتنەکەیان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، زەبروزەنگێکی خوێناویی بێ پاساوە، وێڕای پاڵنەرە سیاسییە بەرچاو و ئاشکراکانی، هەرچی شێواندنی تەرمەکانیانە لە پاش کوشتنیان ئەوا هەڵکشانێکی تری توندوتیژیی بێ پاساوە، بەڵام هێنانی نەوت و کردنی بەسەر لاشەکاندا و سووتاندنیان ئەوا چوونە ناوەوەیە بۆ توندوتیژیی خوێناویی تۆڵەستێن لە دەرەوەی زانستی سیاسەتدا.

ئامادەکردنی باگردێنی زەبەلاحی تایبەت بەقیرتاوکردنی شەقامەکان و گێڕانی بەسەر تەرمەکاندا و پلیشاندنەوەیان بەشێوەیەک لە پەڕۆ کۆنە بکەن، ئەوە بەشێکی ئاوارتەییە لە ئەوپەڕی توندوتیژیی خوێناویی عێراقیی تایبەتمەند و بێ پێشینە و تا ئەم ڕادەیە، پێویستە پرسیار دەست پێ بکات سەبارەت بەسروشتی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاریی نەسرۆ (شاذ) و نامۆ بەکەسێتیی ئەم عێراقییانە، کە ئەنجامدەر و بەشداربووی ئەم ڕەهەندە بەرچاو و ئاوارتەیەن لە توندوتیژیی خوێناویی زاڵ بەسەر ئەم تاوانە ناشیرینەدا.

ئەنجامدەرانی ئەم توندوتیژییە خوێناوییە عێراقییە ئاوارتەییە یەکلاکەرەوەیە، نە دەسەڵاتدار و نە سەرکردە و نە پاشا و نە سەرۆک بوون، بگرە لە ڕەشە خەڵکە عێراقییەکە و سادەکانیان بوون.

هەروەها ئەو زمان لێدانە تەناهییانەی بەهەزاران عێراقی لە ماوەی ڕێژیمە

١٣. هەمان سەرچاوە. ل٢٩٩

سـیـاسـیـیـە یەک بەدوای یەکـەکـاندا هاتـن و زۆرێک لە بێـتـاوانان تێـدا چوون، شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاکاری تێکەڵ بەحەزی خوێنرێژی لە کەسێتیی عێراقیدا.

## جەواهیری هانی عەبدولکەریم قاسم بۆ لەداردانی بەعسییەکان دەدات

لە سـەردەمی نوێدا دەبینین بۆ نموونە جـەواهـیریی شـاعیر بەهـاندانێکی خـوێناویی حـەمـاسی دنـەی عـەبدولکەریم قـاسـمـی (فـەرمـانڕەوای تاک و تەنیـای عێـراق) دا و بانگی کرد بـۆ لەداردانی بەعـسـیـیـەکـان، ئەوانەی لە سـاڵـی ١٩٥٩دا تەقـەیان لە ئۆتـۆمـۆبیلەکـەی کـرد بـوو، لە بریـی ئەوەی مـۆچـیـاریـی بکات بـۆ لێـبـووردن و لێـخـۆشـبـوون و بەخـشـین لە تۆڵەنەسـەندنەوە، ئامـۆژگـاریی کرد تەنگەتاویان بکا و دەست لە بیناقاقایان گیر بکات، مەبەستیشی لەداردانیان بوو.

چامەکەی جەواهیری، کە ڕێکی خست بۆ هاندانی عەبدولکەریم قاسم بەسزادان و لێنـەبووردنیـان، یـا نـەرمی نەنـواندن، ڕەنگە ئەوەنـدە بەس بووبێت بۆ قـایلـکردنی عـەبدولکەریم قـاسم بەجێبەجێکردنـی بڕیاری لەداردانی بەعسییەکان لەو کاتەدا، ئەگەر هـەندێ هۆی تر نەبوونایا، کە ڕەنگە ڕێیان لێ گرتبێت.[١٤]

بۆ ڕوونکـردنەوە چەند دێرێک لە چامـەکـەی جـەواهـیـری دێنینەوە، کـە هـێندەی نەمـابوو قـەسـابخـانەیەکی خـوێناوی دروست بکات، لە هـەندێک دێریدا بـەم ئاوایە قسان لەگەڵ سەرۆک عەبدولکەریم قاسمدا دەکات:

| | |
|---|---|
| تصور الأمر معكوسا وخذ مـثلا | مما يجرونه لو أنهم نصــــــروا |
| هل كان للرفق ذكر في معاجمهم | أم عن كريم وعن أصـحابه خبر؟ |
| فضيق الحبل وأشدد من خناقهم | فربما كان في إرخائه ضــــــرر |

بەم شێوەیە ئەگەر ڕێک کەوت ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە فەرمانڕەوایانی عێراق بەبەزەیی و لێبووردە بوو لە کێشەکانی ژیاندا و ویستی بەرەو بەزەیی و میهرەبانی

١٤. بەعسییەکان لە سووریا لەو کاتەدا ڕاگەیاندنێکیان دەرکرد هەڕەشەی لێدانی لوولە نەوتەکانی عێراقیان کردبوو، کە نەوتی عێراقیان لە ڕێگەی سووریاوە دەگواستەوە، ئەگەر حکوومەتی عێراق بڕیاری جێبەجێکردنی لەداردانی ئەو بەعسییە عێراقییانە جێبەجێ بکات، کە تەقەیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەی عەبدولکەریم قاسم کرد بوو.

و لێبووردەیی و دڵ پێ سووتان و ئارەزووی لێخۆشبوون لە کارێک لە کارەکاندا هەنگاو بنێت، ئەوا زۆرێک لە عێراقییەکان دەبینێتەوە، لەوانەی بەڕوویدا دەوەستنەوە تا ڕێگریی لێ بکەن لە ڕۆیشتن بەرەو ڕێگەی بەخشندەییی مرۆییانە، بەڵکو هانی دەدەن ئاکاری ڕێگەی خوێن و پەنددادان و تۆڵە بگرێتە بەر.

ڕەنگە لە تواناماندا بێت شەپۆلێکی لەبن نەهاتوو لە ڕووداو و بوویەری خوێناوی بهێنینەوە، کە نیشانەن بۆ پاوانکردنی حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا. ئەو کەسێتییە چۆن بووە، جا لە دەسەڵات بووبێت یا لە ڕەشە خەڵکەکە... ئەو حەزەی بەهۆیەوە لە عێراقدا سەدان هەزار قوربانی و کەسانی بێتاوان لە مێژووی عێراقدا تێدا چوون، لە سەرکردە و نووسەر و شاعیر و بیریار و فەیلەسووف و زانای ئاینی و ئیمام و فەرمووده گێڕەرەوە و سیاسی و زانا و داهێنەر و خەڵکی ئاسایی... لە ماوەی مێژوویی یەک لە دوای یەکدا سەری یەکتریان پەڕاندووە.

## سامناکیی خوێنڕێژی لە لەداردانی "ئیبنولموقەفەع"ی نووسەردا

لە سیماکانی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا ئەو شێوازەیە، کە نووسەر و ئەدیبی ناودار عەبدوڵا بن موقەفەعیان تێدا لەسێدارە دا. چەند کتێبێکی هەن، ناودارترینیان کەلیلە و دیمنەیە (ناسراوترین و پڕ بایەخترین و مەزنترینیانە لە مێژووی نووسینی ئەدەبیدا).[١٥]

ئەم نووسەرە بەتوانایە دەرگیری گرفتێک بوو هیچ گوناهی ئەوی تێدا نەبوو و نەیتوانی لێی دەرباز بێت، لە سۆنگەیەوە ژیانی لەدەست دا و بەشێوەیەکی دڕندانەی پڕ لە ڕق و کینە و دڵڕەقیی خوێناویی وا لەدار درا شێوەی نەبوو، ئەو قوربانیی ناکۆکیی نێوان سەرۆک و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی نوێی عەباسی بوو. دوای ئەوەی ناکۆکیی نێوان ئەبی جەعفەری مەنسووری خەلیفەی دووەمی عەباسی (٧٥٤ – ٧٧٥ز) و عەبدوڵای کوڕی عەلیی سەرکردەی لەشکری عەباسی، کە سوپای ئەمەویی بەسەرکردایەتیی دوا خەلیفەی ئەمەوی مەروانی کوڕی محەمەد (ناسراو بەمەروان ئەلحیمار) لە شەڕی ناوداری ئەلزابدا بەزاند و دەوڵەتی

١٥. تأريخ الادب العربي. الاعصر العباسية. عمر فروخ. ج,٢ دار العلم للملايين. ص٥١

ئەمەویی رووخاند، دوای هەڵکشانی ئەو ناکۆکییە مەنسوور لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتیی ئەبی موسلیمی خوراسانی نارد بۆ لەناودانی عەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی، دەڵێن داوای خەلافەتی کردووە، سوپاکەی خوراسانی بەئاقاری شامدا کشا و لەشکرەکەی عەبدوڵای کوڕی عەلیی تێکشکاند، ناچار بۆ بەسرە هەڵهات، چونکە هەردوو براکەی سلێمانی کوڕی عەلی و ئیسماعیلی کوڕی عەلی لەوێ بوون و لای ئەوان خۆی شاردەوە، ئەو دووانە مامی مەنسوور و لە سەرکردەکانی بانگەشەی عەباسی بوون، سلێمانی کوڕی عەلی سەرکردەی بەرەی بەسرە و ئیسماعیلی کوڕی عەلییش سەرکردەی بەرەی ئەهواز بوو (لەسەر ئەوە رێککەوتن لای مەنسوور بێ ترسی "امان" بۆ بنووسن)[١٦] واتە بەڵێنێکی لەسەر زمانی مەنسوورەوە بۆ بنووسێ و واژۆی بکات، کاتێک گەیشتنە بەسرە (بەعەبدوڵای بن ئەلموقەفەعیان گوت: تۆ بینووسە و زیادەڕەوی بکە لە پێداگرتن تا مەنسوور نەیکوژێت، ئیبنولموقەفەعیش نامەکەی نووسی و تێیدا جەختی کردەوە، تەنانەت لە نامەکەدا هاتبوو "کەنگێ میری میران غەدری لە عەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی کردووە، ژنەکانی تەڵاق دراون و وڵاخەکانی دەستیان بەسەردا گیراوە و کۆیلەکانی ئازاد کراون و موسڵمانانیش پەیمانیان لەگەڵدا هەڵوەشاندووەتەوە").[١٧]

هەینێ مەنسوور ئەو بەڵێنەی بەناوییەوە نووسرابوو خوێندەوە، بەر لەوەی واژۆی بکات، ئەوەی زۆر بەلاوە قورس بوو، تووڕەبوو و گوتی: کێ ئەمەی نووسیوە؟ وتیان کابرایەک بەعەبدوڵای ئیبنولموقەفەعی بانگ دەکەن بۆ مامەکانتی نووسیوە، مەنسووریش بۆ سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والیی بەسرەی نووسی و فەرمانی کوشتنی ئیبنولموقەفەعی پێ دا...

سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والیی بەسرە زۆری ڕق لە ئیبنولموقەفەع بوو و گاڵتەی پێ دەکرد (جارێکیان هەلی هاتنی بۆ لای قۆستەوە و تەندوورێکیان گڕ دا و پریان لە سووتەمەنی کرد، هەر هێندەی تەواو سوورەوە بوو پارچە پارچەی دەکرد و فڕێی دەدانە تەندوورەکەوە، تا گیانی لەدەست دا).[١٨]

١٦. وفيات الاعيان لابن خلكان. المجلد الثاني. دار صادر- بيروت. ص١٥٢

١٧. هەمان سەرچاوە. ل١٥٢

١٨. د. شوقي ضيف. العصر العباسي الاول. دار المعارف - مصر. ص٥٠٥

گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت، مەنسوور خۆی داوای لە ئیبنولموقەفەع کردووە لێخۆشبوونێکی ڕووکەشی درۆزنانە بۆ مامی بنووسێت، بێ ئەوەی پابەندی بەڵێننامەی قورس ببێت، کەچی ئیبنولموقەفەع کاغەزەکەی دوور لەوە نووسی کە مەنسوور داوای لێ کردبوو، بۆیە ئەویش لەمە تووڕە بوو و بۆ والیی بەسرەی نووسی بیکوژێت.

بەڕای ئێمە گێڕانەوەکەی یەکەم دروستتر و وردترە، هەرچۆنێک بێت ئەوی ڕووی دا، ئەوەندەی نەدەهێنا نووسەر و ئەدیبێکی ناوداری وەک ئیبنولموقەفەعی لەسەر لەسێدارە بدرێت، ڕەنگە ئاگادارکردنەوەی بەس بووایا بەخۆتێهەڵنەقورتاندن لەم کارانەدا، ئا لێرەوە لە میانەی ئەو بڕیارە خوێناوییەی مەنسوور بەپەلە دای، دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین لە دیدی حوکمڕان و خەلیفە و سەرکردەکانەوە لە مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەدیبان و نووسەران و شاعیران و داهێنەران (بەشێوەیەکی گشتی) هیچ بایەخێکیان نییە، یاجێی باوەڕ نین، تەنیا ئەوانە نەبێت کە لە خۆیانن، لە ستایشکاران و ماستاوچییانی دەسەڵاتداران.

بەهەر حاڵ ئیبنولموقەفەع کەوتە چەڵەمەیەکەوە هیچ دەرچوونێکی نەبێت، کە مەبەست و کارێکی ئەوی تێدا نەبوو و ژیانی لە پێناویدا دانا بێ ئەوەی گوناهێکی وای کردبێت شایانی مردن بێت، یان بەلای کەمەوە بەئەنقەست نەبوو تا سەرپێچی فەرمانی سەرەوەی کردبێت لە فەرمانڕەوا، یا سەرکردە سیاسییەکان، بەڵام حەزی دوژمنکاریی خوێنڕێژیی پاکتاوکردن لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا خێراترین چارەسەر بوو بۆ گەیشتن بەئیبنولموقەفەعی گەورە نووسەر و گیان لەدەستدانی...

هەرچی ئەو دڕندەیییە بوو لە شێوازی کوشتنی و کوتکوتکردنی جەستەی بەزیندوویەتی و فڕێدانی پارچەکان بۆ ناو تەندوورێکی گڕدراو، ئەمە ئەوپەڕی ڕەهەندی عێراقییە لە دڵڕەقیی خوێنڕێژیی ئاوارتە.

بەڵام لەم ڕووداوە خوێناوییەدا چۆن دەتوانین تۆمەت ئاراستەی کەسێتیی عێراقی بکەین؟ دەڵێین:

سەرجەم توخمەکانی هەڵوێست لەم کێشەیەدا سەر بەعێراقە، ئەو شانۆیەی تاوانی کوشتنی نووسەری مەزنی تێدا ئەنجام درا بەسرەیە، کە شارێکی عێراقییە و قوربانییەکەش ئیبنولموقەفەعی نووسەری ناوداری عێراقە و بکوژەکەش سوفیانی کوڕی ئەلموهەلەبی والیی بەسرەیە و خاوەن بڕیارەکەش، کە فەرمانی بەکوشتنی دا

خەلیفە ئەبو جەعفەری ئەلمەنسووره، پاڵەوانە یاریدەدەرە ناسەرەکییەکانیش لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی ئەم تراژیدیایەدا مامەکانی ئەلمەنسوورن... گشت ئەمانەش بێ ئەملاو ئەولا عێراقین...

هەرچی پاشماوەی ڕووداوەکانی تری ئەم کارەساتە شەرمهێنەیە، ئەوا ئەلمەنسوور بەدواداچوونی هەبوو بۆ پەنددادان بەعەبدوڵای کوڕی عەلیی مامی و نەیبەخشی، وێڕای پاڕانەوەی مامەکانی و ناوبژیکردنیان بۆ لێخۆشبوون لێی و زیندانیکردنی لە خانوویەکدا تەنیا دیوارەکانی قوڕ بن، دوای ماوەیەک ئاو گەیشتە ئەم خانووە و بناغەکەی توایەوە و خانووەکە بەسەر عەبدوڵای کوڕی عەلیدا تەپی و کوشتی...

بەم کارە خوێنڕێژییە ئەبو جەعفەری ئەلمەنسوور (عێراقی) لە مامی ڕزگار بوو، کە یەکەمین چاکەی ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەوەبوو لە کارێکی پاکتاوکردنی نامەردانەدا تیرۆری کرد...!

## میل بەچاودا هێنان و شێوازی خوێنڕێژیی تر

لەو مەرجانەی شەرعی ئیسلامی لە هەرکەسێکدا بەپێویستی دەزانێت، ئەوی پۆستی خەلافەت بەسیفەتی میری موسڵمانان و ئیمامی ئومەت و خەلیفەی موسڵمانان وەردەگرێت، دەبێت جەستەی تەواو بێ خەوش و خاڵی بێت لە ناتەواویی جەستەیی شەرعی، کە ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە ڕێبەری کردنی نەتەوەی ئیسلامدا... بەرجەستەترین خەوشیش کە دەسەڵاتی کەسەکە لە وەرگرتنی خەلافەتدا بەتاڵ دەکاتەوە، نابینایییە.

لەبەر ئەوە کاتێک ململانێ و ناخۆشی لە نێوان خەلیفەکانی ئیسلامدا توند بووەوە، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسیدا، ئەو ناخۆشی و ناحەزییانە گۆڕان بۆ ململانێی توندی خوێناوی و تاڵ لە پێناوی دەسەڵات گرتنە دەست و وەرگرتنی پۆستی خەلافەت، ئەوەبوو شەڕ بەرپابوو و بەنهێنی و بەئاشکرا پیلان گێڕرا، خوێناویترین و دڵڕەقترین و دزێوترینیان، کە لە نێوان خەلیفە و دوژمنەکانیدا، یا ئەوانەی بەربەرەکانێیان دەکرد لە خزم و ئامۆزاکانی بوون، کە چاویان لە خەلافەت بڕیبوو، ئەو ململانێیانەش لەسەر خاکی عێراق چەندین سەدە بەردەوام بوون، لەو ماوەیەدا چەندین ئامراز و شێواز بەکار هێنران بۆ لادانی خەلیفەی دەسەڵاتدار و

دانانی یەکێکی تر، ئەمەش خراپترین و قێزەوترین و شەرمهێنترین شێوازی خوێنرێژی بوو، لە نێوان ئەو خراپترین شێوازانە چاو دەرهێنان بوو، کە پرۆسەیەکی تاوانکاریی نامرۆییە بەخراپکردنی چاوی خەلیفە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی لەناوبردنی چاوەکانییەوە و بەمەش بینین لەدەست دەدات.

ئەم کارە پێویست بەدوولەتکردنی چاو، یا هەڵکۆڵینی، یاخود زامدارکردنی بەشتێکی تیژ ناکات، بەڵکو بەهۆی میل بەچاودا هێنانەوە، ئەمەش بەدوو شێوە ئەنجام دەدرێت، یا بەبەکارهێنانی ئاسنێکی بەئاگر داخکراو تا تەواو سوور دەبێتەوە، پاشان دوای ئەوەی قوربانییەکە دەبەسترێتەوە و بەتوندی شەتەک دەدرێت، میلەکە لە چاوی نزیک دەکرێتەوە و ئەو کەسە لە بینین دەکەوێت، یاخود بەهۆی داخکردن لە پشتی سەرەوە لە شوێنێکی دیارکراو و ناسراو لە پشتەوە، کاتێک ئەو جێگەیە داخ دەکرێت و بەتوندی دەسووتێنرێت، ئەو کەسە بینین لەدەست دەدات و تووشی کوێری دێت، لەگەڵ دیمەنی چاو و شێوەی لە پێشەوە سروشتی دەبێت و تێک ناچێت، ئەم شێوازە دڕندانەیە بەسەر چەند خەلیفەیەکدا پیادە کرا، بەتایبەت لە سەردەمی عەباسیدا، دوای میل بەچاودا هێنانیان بیناییان لە دەست داو کوێر بوون، بەمەش ناتەواوییە شەرعییەکەیان فەراهەم بوو و پێویستی لادانیان لە خەلافەت هاتە پێشەوە، بەم ئاوایە ئەم نەریتە (میل بەچاودا هێنان) لە نێوان خەلیفەکان و دارودەستەکانیاندا بڵاوبووەوە، ناوی هەندێک لەو خەلیفانە دێنین، کە میل بەچاویاندا هێنراوە، لە ئەنجامدا لابراون و لە خەلافەت دوور خراونەتەوە، لەوانە ئەوی بەسەر خەلیفە ئەلقاهر بیللادا هات، کە (الراضي) بزماری سوورەوەکراوی بەچاوانیدا هێنا و کوێری کرد، هەروەها خەلیفە ئەلموستەکفی بیللاش میل بەچاوانیدا هێنرا و زیندانی کرا تا مرد، هەروەها خەلیفە ئەلموتەقی کە سوڵتان تۆزۆن بەمێخێکی داخکراو نابینای کرد...

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین قوربانییەکان عێراقین و زۆربەی ئەو دەستانەی ئەو تاوانە خوێناوییانەیان ئەنجام دا هەر عێراقین...

هەرچی شێوازەکانی دیکەن، کە دژ بەخەلیفەکان ئەنجام دران لە ناشرینی و خوێنرێژیدا هیچیان کەمتر نەبوو لە میل بەچاودا هێنان، بۆ نموونە خەلیفە مونتەسر خەلیفە متەوەکیلی باوکی خۆی کوشت، هەروەها لەگەڵیدا ئەلفەتحی کوڕی خاقانی وەزیری یەکەمی (واتا سەرۆک وەزیران)شی کوشت، کە لە

مەجلیسی ڕابواردندا لەگەڵیدا بوو، دوای ئەوەی مونتەسر خۆی بەخەلیفە دانا، کۆمەڵێک لە پیلانگێڕان بەرتیلیان دایە پزیشکە تایبەتەکەی، کە ناوی ئیبن تەیفوور بوو، تا دەرمانخواردی بکەن "بەپەڕێکی ژاراوی برینداری کرد و مرد".[19]

هەرچی خەلیفە موستەعین بیللا بوو، ئەوا خەلیفە ئەلموعتەز بیللا کوشتی (دەشڵێن... بەردێکی بەپێوەی بەستاو فڕێی دایە دیجلەوە)[20]، هەروەها خەلیفە ئەلموهتەدی بەشێوەیەکی زۆر ناشرین کوژرا، دوای ئەوەی سووکایەتی پێ کرا و ئەشکەنجە درا، پاش بەزینی سوپاکەی دەستگیر کرا، زۆریان لێ دا و پێیان نایە سەر گونی تا بەئازارەوە گیانی لەدەست دا.[21]

لە کتێبی "مێژووی ئەلتەبەری"شدا هاتووە باس لە هەواڵی کوشتنەکەی دەکات (چوونە سەری بەر زللەیان دا و تفیان کردە دەموچاوی... دایانە زەلامێک خۆی دایە بان گونەکانیدا تا کوشتی)[22] واتا ڕادەستی زەلامێکیان کرد پێی نایە سەر گونەکانی تا کوشتی...

هەرچی خەلیفە ئەلموعتەزیدە، ئەوا تابلێی زۆردار و خوێنڕێژ و کەم بەزەیی بوو، لەبەر زۆریی ئەو خوێنەی ڕشتبووی ناوی لە خۆی نا ئەلسەفاحی دووەم.[23]

ئەم خەلیفەیە لە پراکتیزەکردنی ڕێبازە خوێناوییەکەیدا شێوازێکی دەگمەنی داهێنابوو، ئەگەر لە کەسێک یاخود سەرکردەیەک تووڕە ببوایا، فەرمانی دەدا بەزیندوویی بخرێتە چاڵێکەوە و خۆڵ بدرێتە بانیا... ڕەنگە پێویست بەوە بکات دانی پێدا بنێین، کە بێ ئەملاو ئەولا ئەم داهێنانە لە سرووشی میتۆدی خوێنڕێژیی کەسێتیی عێراقییە...

---

١٩. تاریخ الخلفاء للسیوطي. ص٣٥٧ شێوازێکە بۆ دەرهێنانی خوێنی زیاد لە جەستەدا، لە شێوەی کەڵەشاخ.

٢٠. الکامل في التاریخ لابن کثیر. ص٣٩٠

٢١. الکامل في التاریخ لابن الکثیر. ص٤٢٦

٢٢. تاریخ الطبري. ج ٨ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات. ص٤٠٣

٢٣. تاریخ الخلفاء للسیوطي. ص ٣٦٨

داهێنانێکی تر، کە کەسێتیی عێراقیی پێشکەشی کردووین لە جێبەجێکردنی توندی حەزی خوێنڕێژیی تۆڵەئەستێن، ئەوەیە عەبدولمەلیک ئەلزیاتی وەزیری عەباسی دایهێنا، کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و سەرانە بوو، واتا وەزیری ئابووری لە سەردەمی واسقی (٨٤١ – ٨٤٦ز) خەلیفەی عەباسی، ئەوەبوو تەندوورێکی لە ئاسن داهێنا بۆ ئەشکەنجەدانی هەر کەسێک لە باجدان بەدەوڵەت دوابکەوێت. لەسەر دیوارەکانی ناوەوەی تەندوورەکە مێخی تیژی گەورە گەورە چەقێنرابوون، ئەگەر بیویستایا ئەشکەنجەی یەکێک لەوانەی بدایا لە باجدان دواکەوتوونە، دەیپەستایە ئەم تەندوورەوە و لە دەرەوە دەرگەکەی لێ دادەخست، پاشان ئاگری لە دەرەوەی تەندوورە ئاسنەکە دەکردەوە و بەهێوری گەرمی دەکرد، قوربانییەکەی ناو تەندوورەکە (بێگومان عێراقی بوو) ناچار داوای بەهانا گەیشتنی دەکرد، دواتر لە ترسی گەرماکە لەملاوە تەقڵەی دەدا بۆ ئەولا، چەندێکیش تەقڵەی لێ دابا، یا بجووڵایا مێخە تیژەکان لە گیانی دەچەقین (کەس لەم ئەشکەنجەدانە پێش ئەو نەکەوتووە)[٢٤]... ئیتر بەم ئاوایە.

ئەم وەزیرە عێراقییە (عەباسییە) تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو لە ئەشکەنجەدانی قوربانییەکانی لە عێراقییەکان لە ناو ئەو تەندوورە دۆزەخییەیدا، تا خەلیفە ئەلموتەوەکیل پۆستی خەلیفایەتی وەرگرت، لەبەر ئەوەی ڕقی لە عەبدولمەلیک ئەلزیات بوو، خستیە تەندوورەکەوە و بەهەمان شێوە ئەشکەنجەی دا، ئەلزیات بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەو تەندوورەدا مایەوە ئەشکەنجە دەدرا، کاتێک دەرگەی تەندوورەکەیان لێ کردەوە بینییان گیانی لەدەست داوە...

بەم شێوەیە کەسێتیی عێراقیی نوقوم بوو لە حەزی خوێنڕێژیی دوژمنکارانە شێوازی داهێنراو و دڕندانەمان لە ئەوپەڕی ئاکاری خوێنڕێژیی شەرمهێن پێشکەش دەکات.

ئەوی دژوار و کارەساتهێنەر و سەیرە لەم بابەتەدا ئەوەیە عەبدولمەلیک ئەلزیات، کە ناوی تەواوی محەمەدی کوڕی عەبدولمەلیک ئەلزیاتە، شاعیر و نووسەرێکە لە

٢٤. وفيات الاعيان لابن خلكان. ج٥ ص١٠٠ دار صادر- بيروت.

وەسفێکی وردی ئەم تەندوورە تۆقێنەرەی تێدایە.

شاعیرانی سەردەمی عەباسی و ناوی لە زۆربەی ئەو کتێبی ژیننامانەدا هاتووە، کە تایبەتن بەشاعیرانی سەردەمی عەباسی و شیعرێکی ناسکی هەیە، ئەدی چۆن بتوانین لەم مەتەڵە سەرسوورهێنەی ئەم کەسێتییە عێراقییە تێ بگەین؟

کەسێکی شاعیر و نووسەر ئامێری ئازاردان دابهێنێت و بەخۆی خەڵکی ئەشکەنجە بدات و بۆ ماوەیەکی زۆریش شیعر بنووسێت، پاشان لە ژێر ئەشکەنجەداندا بەهەمان ئامێر بمرێت، کە خۆی دایهێنابوو بۆ ئازاردانی ئەوانی تر؟ داخۆ ستەمکارە یا ستەم لێکراو؟ یاخود هەردووکیان بەیەکەوە؟

ئەوە یەکێک لە دژوارییەکانی کەسێتیی ناکۆکی عێراقییە، کە بەتاسەیە بۆ پاوانکردن و دەسەڵاتخوازی و لە کۆتاییشدا بەپەرۆشە بۆ حەزی خوێنڕێژی...

## هاروونە ڕەشید بەشیری کوڕی لەیس دەکاتە ١٤ پارچەوە

لە ڕووداوە خوێناوییەکانی مێژووی عێراق ئەنجامدانی دوو ڕووداوی دەگمەنن لەلایەن هارووونە ڕەشیدەوە:

ڕووداوی یەکەم: دەستبردنی هاروونە ڕەشیدە بۆ کوشتنی جەعفەر بەرمەکیی هاوەڵی، کە یەکێک لە دڵسۆزترین و نزیکترین کەس بوو لێوەی، هەر لە منداڵییەوە وەکو برا پێکەوە گەورە بوون، دایکی جەعفەر بەرمەکی لەگەڵ جەعفەری کوڕیا بەمنداڵی پێکەوە شیری پێ داون، واتا جەعفەر برای شیریی هاروونە ڕەشید بوو، دوای ئەوەی هاروون بووە خەلیفە، جەعفەر وەکو هاوەڵێکی نزیک لەگەڵیدا بوو.

لە ساتێک لە ساتەکانی تووڕەیی و گومانیدا ڕەشید داوای لە بەردەستەکەی کرد (کە ناوی مەسروور بوو) بڕوات جەعفەر بکوژێت و سەری بۆ بهێنێت!! نۆکەرەکەی لە سەرەتادا بڕوای بەقسەکانی ڕەشیددا نەهات، دوودڵ بوو و ویستی خۆی لەم بەڵایە قوتار بکات، بەڵام ڕەشید هەڕەشەی لێ کرد بەوەی لەملی دەدات گەر سەری جەعفەری بۆ نەهێنێت، ئەویش بەناچاری جەعفەری کوشت و سەرەکەی بۆ ڕەشید هێنا.

بەشی دووەمی ئەوپەڕی خوێنڕێژی لەم چیرۆکەدا ئەوەیە ڕەشید بەکوشتنی جەعفەری بەرمەکیی هاوەڵی نزیکی وازی نەهێنا، بەڵکو کردییە سێ پارچەوە و هەر پارچەی لەسەر پردێک لە پردەکانی بەغدا دانا، لاشەکەی بۆ سندی بن شاهک

لەگەڵ نامەیەکدا نارد تێیدا داوای لێ کردبوو لاشەکەی جەعفەر بکاتە دوو پارچەوە، ئەویش دوو لەتی کرد و هەر لەتەی لەسەر پردێک و سەریشی لەسەر پردی سێیەم دانا.

له کتێبی مێژووی تەبەریدا هاتووە (سندی گوتی... کاتێک هەرسەمەی بن ئەعیون هاتە لام و جەعفەری کوڕی یەحیا (جەعفەر بەرمەکی) بەسەر پشتی هێسترێکەوە بوو... لەملی درابوو و نامەیەکی میری موسڵمانانیش فەرمانم پێ دەدات بیکەمە دوو کوتەوە و لەسەر سێ پردیان هەڵواسم.. گوتی: بەوەی فەرمانم پێ درابوو ئەنجامم دا).[٢٥]

هەرچی ڕووداوی دووەمە: ئەو کوشتنە دزێوەیە، کە ڕەشید بەسەر بەشیری کوڕی لەیسدا ئەنجامی دا، کە برای ڕافعی کوڕی لەیس بوو، ئەوی له دەسەڵاتی ڕەشید له دەڤەری بوخارا هەڵگەڕایەوە و لەشکرێکی گەورەی دایە دوای خۆی و له چەندین شەڕدا ڕووبەڕووی سوپای عەباسی بووەوە و دەستی بەسەر برێک ناوچەی فراواندا گرت.

له یەکێک لەو شەڕانەی هەرسەمەی کوڕی ئەعیونی سەرکردەی سەربازیی ناوداری عەباسی پێشڕەوی کرد، کە له ڕەشیدەوە نزیک بوو، لەشکری عەباسی سەرکەوتنی بەسەر لایەنگرانی ڕافعی کوڕی لەیسدا بەدەست هێنا و بوخارایان گرت، وەلێ نەیانتوانی ڕافعی کوڕی لەیس بدۆزنەوە، بەڵکو توانییان بەشیری کوڕی لەیسی برای دەستگیر بکەن، قۆڵبەستیان کرد و بۆ ڕەشیدیان نارد.

هەینێ له بەرابەر ڕەشیددا وەستا، کەوتە پاڕانەوە لێی تا لێی خۆشبێ و بیبوورێت، بەڵام ڕەشید داواکەی بەجێ نەگەیاند، بەڵکو داوای کرد قەسابێکی بۆ بێنن، کاتێک قەسابەکە ئامادە بوو، داوای لێ کرد بەشیری کوڕی لەیس له پێشی لەت لەت بکات، ئەویش بۆی کردە چواردە پارچەوە.

له مێژووی تەبەریدا هاتووە:

(پاشان داوای قەسابێکی کرد، پێی گوت: کێردەکەت تیژ مەکە با وابێت، بەپەلە ئەم بەدڕەوشتی کوڕی بەدڕەوشتەم بۆ پارچە پارچە بکە. گوتی: پارچەکانی بژمێرە، منیش ژماردمن و چواردە دەرچوون،

٢٥. تاريخ الطبري. ج ٧ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات – بيروت. ص٢٤٢

"داوا لە خـوێنەران دەکـەین سـەرنج بدەنە قـسـەکـەی ڕەشـیـد بۆ قـەسـابەکە، کێردەکـەت تیژ مـەکە با وابێت، واتا چەقـۆکانت بەکولی بهـێڵـەرەوە و تیـژیان مـەکە، مـەبەست لێـرەدا زامـداربـوون بەکێـردی دەمکول بەئازارترە لە کێردی تیژکراو، ئەمـەش شتێکی ترە بۆ حـەزی کوشـتن، دەخوازێت لە کوشتنیدا ئەوپەڕی ئازاری بداتێ" دەسـتەکانی بەرەو ئاسمـان هەڵبڕین و گوتی: (اللهم كما مكنتني من ثارك وعدوك فبلغت فيه رضاك، فمكني من اخيه).[٢٦]

لە (البداية والنهاية)ی ئیبن کەسیردا هـاتووە (بانگی قـەسـابەکەی کـرد و ئەویش لەبەر دەسـتی کردییە چواردە پارچەوە، دواتر ڕەشـیـد دەستی بـەرەو ئاسمـان بەرز کردەوە و داوای لە خـوا کـرد چـۆن دەسـتی بەبەشـیـری برای گەیشت ئاوا دەسـتی بگاتە ڕافعی برایشی.).[٢٧]

لاپرەسـەنی وای لێ کـردین بـپرسـین: بۆچی ژمـارەی ئەو پارچانەی قـەسـابەکـە بڕینی چواردە پارچە بوون و پتر یا کەمتر نەبوون؟

بۆمان ڕوون بووەوە قـەسابەکە بەشیری کوڕی لەیسی بەم شێوەیە پارچە پارچە کردووە:

سێ لـەت بۆ هـەر قـاچێک لە نێـوان پـێ و لاق و ڕاندا، سێ بـەشـیش بـۆ هـەر دەسـتـێک لـە نێـوان ناولەپ و باسـک و بازوودا، بەمـەش کـۆی پارچـەکـانی قـاچ و هـەردوو دەست دوانزە پارچەن، پاشان سـەر و لاشـەکەیان بخرێتە سـەر، ئەوا دەبنە چواردە پارچە، ئەمەش ئەو ژمارەیەیە، کە لە گێڕانەوەکەی تەبەریدا هـاتووە.

ئەوە دڵڕەقی و ئەوپـەڕی ناشـرینیی خـوێنـاوییـە لەوپەڕی پلەکانی دڕندەییدا، کە کەسێتیی عێراقی لەسەر خاکی عێراق پێڕەوی کردووە.

ڕەنگە بتوانـین بڵێین: دەکرا ئەم ڕووداوە لە چوارچێوەی توندوتیژیی خـوێنڕێژیی ناسـراو و خـووپێـوەگـرتووی مێـژوودا بمایەتەوە ئەگـەر ڕەشـیـد سـەری ئەم دیلەی بپـەڕاندایا، کـەچی پارچە پارچە کردنی بـەزیندوویەتی بەدەسـتی قـەسـابێک و لەت لەتکردنی بەکـولە کـێـردێک بۆ چواردە پارچە ڕەهـەندێکی ئاوارتـەیی ئاشـکرا و

٢٦. تاريخ الطبري. ج٧ ص٢٧٦ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات – بيروت.

٢٧. ابن كثير. البداية والنهاية. دار احياء التراث العربي. ج١ ص٢٣١

ئەوپەڕی ناماقووڵە، کە بەرەو کەسێتیی عێراقی لە ئاکاری خوێنڕێژیی نەناسراو لە مێژوودا مل دەنێت.

## شێوازی لەداردانی حەلاج دزێوترین وێنەی خوێنڕێژیی عێراقییە

هەروەها ئەو شێوازەی خەلیفە ئەلموقتەدیر بیللا لە لەسێدارەدانی بیریار و فەیلەسووف و شاعیر و سۆفیست ئەلحوسێنی کوڕی مەنسوور ئەلحەلاج پێڕەوی کرد، شێوازێکە لێوانلێو لە دڵڕەقیی خوێناوی، لەداردانەکەی لە سۆنگەی هزرە فەلسەفییەکانییەوە بوو لە تەسەوفدا، ئەوەبوو زانایان لای خەلیفە زمانیان لەسەر شتی هەڵبەستراو لە حەلاج دا، تاوانباری دەکەن بەکفر و لە ئاین دەرچوون، ئەمەش دوای ئەوەی لە مشتومڕی هزری لە بەرابەریدا دۆڕان، هەروەها مایەپووچ بوون لە وەڵامدانەوە بەبەڵگە و سەلماندنەکانی، کە پشتبەستوو بوون بەبڕیارەکانی قورئان و دەقەکانی، خەلیفەیان قایل کرد بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکات، ئەودەمی هێنایان تاکو بڕیاری لەداردانی بەسەردا بدەن، هەزار قامچییان لێ دا، کەچی ئەو بەردەوام بوو لە ئایەت خوێندن وشەی (احد.. احد.. احد)ی چەند پات دەکردەوە، پاشان دەستەکانیان بڕییەوە، ئینجا هەردوو قاچی، دواتر لەملیان دا، ئینجا لاشەکەیان سووتاند و خۆڵەمێشەکەیان فڕێدایە ڕووباری دیجلەوە، هەرچی سەری بوو لەسەر پردێک لە بەغدا هەڵیان واسی، پاشان هەڵیان گرت و بردیان بۆ خوراسان و لەوێ گریان دا، تاکو خەڵکی ببینن، لە بەغداش جاڕیان دا کتێبەکانی حەلاج نەبفرۆشرێت و نەیش بکڕدرێت...

مادامەکی باسی لایەنی خوێناوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی و شیکردنەوەی هۆکار و ئەنگێزەکانی ئەم ئاکارە دەکەین، ئەوا خراپ نییە پرسیارێک بکەین، کە لە مێشکی هەندێک لە خوێنەران، یا بیریاراندا گینگڵ دەدات، پرسیارەکەش ئەوەیە:

ئەگەر شکست و بێ ئومێدی و بێبەری پاشینە و هۆکارە سەرەکییەکان بن، کە لە پشتی سەرجەم جۆرەکانی ئاکاری پێوەند بەیاخیبوون و شۆڕش و ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی خوێناوییەوە بن، ئەی چۆن دەکرێت ئەم شیکردنەوەیە بەسەر کەسایەتییە بەرجەستەکان لە مێژووی عێراقدا پیادە بکرێت، کە ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانی ژیاون بەدوور لە نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری، وەکو کەسایەتیی خەلیفەکان و سەرکردە و میر و پایەدار و خاوەن دەسەڵاتەکان؟ واتا

کەسانێکن دەرگیری کۆژان و نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری نەبوونە.

بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێین: دیاردەێلی شکست و بێ ئومێدی و بێبەری بوون بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەهۆی دۆخە مێژووییە ناسراوەکەوە لە وڵاتی دوو ڕووباردا کاری خۆیان لە کەسێتیی عێراقیدا کردووە و جێ پەنجەی خۆیان و کاریگەریی نەرێنییان جێ هێشتووە، لە چاخەکانی ڕابردوودا پێ بەپێ کاری تێکدەرانەیان لە ناخی خودی عێراقیدا کردووە، تاکو وای لێ هات ئەو جۆرە ئاکارە نەرێنییانەی پێوەندن بەنوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەرییەوە بەشێکی دانەبڕاو بن لە نەریت و خەسڵەتی کەسێتیی عێراقی، بەشێوەیەک پاڵنەر و هۆیەکانی شاراوە و چێنراون لە ناهۆشیاریدا، پێویستیش نییە تاکی عێراقی لە ماوەی ژیانی لەم زەمەنە هاوچەرخەدا تووشی نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری ببێت، تاکو ئەو ڕەنگدانەوانە لە ئاکاری نەرێنی پێوەی دیار بدەن، کە بیردۆزەکانی دەروونزانی لەم بارەیەوە دەیسەپێنن.

بۆیە هیچ ناکۆکی یاخود سەیرییەک لە ئاکاری ناسراو بەناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی خوێنڕێژییەوە نییە، کە لە فەرمانڕەوا و خەلیفە و پاشا و سەرکردەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیاوە دەرچوون، ژیانێک ژیاون وادیار دەدات دوور بووە لە نوشوستی و بێبەری، هەرچەندە دەورەدراوە بەچاوەڕوانی کردن و ترس و بیم و وریایی و نائاسوودەیی، بەتایبەت هۆکاری ڕاستەوخۆی گرینگی تر و زیندوو و هەنووکەییی، وەکو ئارەزووی دەسەڵات و حوکمڕانی کردن و ململانێی توند لەسەر سامان و پارە و خێروبێر، کە وڵاتی دوو ڕووباری پێ دەناسرێنەوە، بەشێوەیەکی خوێناوی کاریگەریی خێرا و ڕاستەوخۆی لە دەستنیشانکردنی ڕێبازی دەروونی و ئاکاریی ئەم کەسایەتییانە هەبووە، کە بینیمان، یا لە بەڵگە مێژووییەکانەوە پێمان گەیشتووە.

ئەوی زۆر تاڵە ئەوەیە سەرجەم ئەوانەی خستمانە بەرچاو لە ڕووداوی دزێو و خوێناوی و نامۆ و ئاوارتە، کە لە سەردەمە کۆنەکانی مێژووی عێراقدا ڕوویان داوە، پڕن لە زەبروزەنگ و دیکتاتۆریی خوێناوی، ڕەنگە سەیر نەبن، یاخۆ لەچاو دڵڕەقی و دڕندەیی خوێنڕێژییەوە بایەخیان نەبێت، کە بەژمارەی زۆر لە تاوانی تۆقێنەری بەکۆمەڵ و تاک ئەنجام دراون، کە لە عێراق لە سەردەمی ئێستادا ڕوویان داوە، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە شەڕی تایەفەیی تۆڵەستێنی

شێتانەدا، کە لە پڕ لە نێوان عێراقییەکاندا لە گەڕەک و شار و شارۆچکە و دەزگا و فەرمانگە و شوێنە جیاجیاکانی وڵاتدا هەڵگیرسا، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو هۆ و پاڵنەرانەی لەو دیوی بڵاوبوونەوەی دیاردە نەرێنییەکان لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا لە سەدەکانی پێشوودا وەستاون، وەک ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری و توندوتیژیی خوێناوی، هەر ئەوانەن ئەمڕۆ لەو دیوی ئەوانەی لەم سەردەمەدا ڕوو دەدەن دەوەستن، لە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازیی دیکتاتۆری و خوێنڕێژیی ئاوارتەیی قێزەون لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیی بەزۆر تێوەگلاو بەم حەزە ئاکارییە خراپەوە.

## سەیر و سەمەرەیی لە ڕووداوە خوێناوییەکانی شۆڕشی زنجی ٨٧٠ ز دا

لەو ڕووداوە خوێناوییە دزێوانەی دەستی عێراقییەکان دروستیان کرد، شۆڕشی زنج بوو، ئەو شۆڕشە ناودارەی لە دەڤەری بەسرە و ئەهواز دەستی پێ کرد و بۆ واست درێژ بووەوە، دژ بەحوکمداریی عەباسی لە ناوەڕاستی سەدەی سێی کۆچی لە ڕۆژگاری خەلیفە ئەلموعتەمەد عەلەلای عەباسیدا، چواردە ساڵی بەردەوام درێژەی هەبوو لە ساڵی ٢٥٥ک –٢٧٠ک/ ٨٧٠ز – ٨٨٣ز، ئەوانەی بەم شۆڕشە هەستان جووتیاران و نەداران بوون، ئەوانەی وەکو کرێگرتە و کۆیلە لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد و خوێیان کۆ دەکردەوە و چاکسازیی زەوییان دەکرد و خەریکی چاندن بوون، ڕەوشی ژیانیان تاڵێی خراپ و بەدەست کڵۆڵی و هەژارییەوە دەیانناڵاند، ئەمەش وای لێ کردن شۆڕش بکەن و لە حوکمی عەباسی یاخی بن.

وێڕای شاڵاوە سەربازییەکان، کە سوپای عەباسی ئەنجامی دەدا بۆ سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە ئەنجامی دەدا، کەچی لە گشت جارەکاندا لە بەرابەر هێز و خۆڕاگریی جەنگاوەرەکانی و سووربوونیان لەسەر بەردەوامی لە شەڕکردن و یاخیبوون شکستی دەهێنا، بنکەی سەرەکیی ئەم شۆڕشە شاری ئەلموختارە بوو، کە زنجەکان لە خوارووی بەسرە بنیاتیان نا و لە ناوەندی دارستانە چڕەکانی دارخورما و لە ناو تۆڕێکی ئاڵۆز و پێکەوە گرێدراو لە ڕووبارە زۆر و زەوەندە لق لێ بووەوەکاندا لە دەریای عەرەب قایمکارییان بۆ کرد، ئەمەش وای کرد زۆر مەحکەم بێت.

هەندێک لە نووسەران لە سۆنگەی زۆریی قوربانییانەوە، ئەوانەی تێیدا کەوتن لەگەڵ ئەو خراپەکارییانەی هاوشان بوون لەگەڵ ڕووداوەکانیدا وا وەسفیان کرد، کە (شۆڕشێکی مەزنە، مێژووی ئاسیای ڕۆئاوا شۆڕشی وا گەورە و توندی بەخۆوە نەبینیوە).[٢٨]

ئامۆژگاریی سەرجەم عێراقییەکان و خوێنەران دەکەین بەوردی مێژووی شۆڕشی زنج بخوێننەوە و ڕووداوەکانی بزانن و بەڕۆحێکی بێلایەنانە سەرنج لە ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی بدەن، نەک بەپێی ئەوەی ئامۆژگاریکەرانی سوڵتانەکان و مێژوونووسە لایەنگرەکانی فەرمانڕەوایان نووسیویانە، تاکو بزانن چۆن مرۆڤ بۆ دڕندەیەکی تێکشکێنەر و ستەمکاری گەورە دەگۆڕێت و گوێ بەژیانی خۆی و ژیانی ئەوانی تریش نادات، ئەو کاتی لە ژێر سێبەری پەراوێزخستن و سڕینەوە و ڕق لێبوونەوە و دابڕانی سیاسی تووشی نوشوستیی توند و ئەوپەڕی بێبەری و بێ ئومێدی و هەژاریی لە ڕادەبەدەر دەبێت، ئەمە لە سێ یەکی خوارووی عێراقدا لە ماوەی سەردەمانێکی زۆرەوە بەسەر سەدان هەزار عێراقیدا هاتووە، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی زنج، بەتایبەت لە سەردەمی دووەمی عەباسیدا، کە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی و کەیفکردن و خواردنەوە و گۆرانی و کەنیزەک دەوری ژیانی حوکمداران و خەلیفە گەندەڵەکان و لایەنگرانیان دابوون، کەچی کڵۆڵی و بەدبەختی و هەژاری و نەگبەتی و بێبەری دەوروخولی ژیانی سەدان هەزار هەژاریان دابوو، لەوانەی بەناچاری بوونە شۆڕشگێڕ و بێ ماندووبوون بۆ ماوەی چواردەساڵی بەردەوام جەنگان، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی پتر لە نیو ملیۆن مرۆڤ بەپێی خەملاندن لە شەڕە قورسەکاندا، کە تێیاندا ئەوپەڕی شێوازی دڕندەیی لە تۆڵەسەندنەوە و کوشتن و لەملدان و خوێنڕشتن بەفراوانی پیادە کران.

تەبەری لە کتێبە مێژووییە ناودارەکەیدا دووسەد و سی لاپەڕی[٢٩] تەرخان

٢٨. تاريخ العرب. فيليب حتي. دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع. ص ٥٤٤

٢٩. ئەو لاپەڕانەی بۆ قسەکردن لەسەر شۆڕشی زنج تەرخان کراون، لە لاپەڕی ٣٥٨ تا ٥٨٨ەـە، لە بەشی هەشتەم لە مێژووی تەبەری، کە بەپێی چاپی "مؤسسە الاعلمی للمطبوعات" لە دە بەش پێک هاتووە.

کردووه، تا توانی ڕووماڵی ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە خوێناوییە ترسناکە بکات، سەرنجدان لە ڕووداو و وردەکارییەکانی مرۆڤ تووشی سەراسیمەیی و واقوڕمان دەکات، لەبەر زۆریی ڕووداوە خوێناوییە یەک لە دوای یەکەکانی، هەروەها بەفیڕۆدانی کارەساتبار و گەورە لە گیانی مرۆڤەکاندا، کە لە میانەیدا تێکشکان، هەروەها ئەو کارە دزێوانەی لەو ڕۆژانەدا ئەنجام دراون.

چواردە ساڵی بەردەوام بەڕۆژ و مانگ و ساڵەکانییەوە خوێنڕێژیی بەردەوام و سەرپەڕاندن و لەملدانی مرۆڤ و لەداردانی لاشە و هەڵواسینیانی بەخۆوە بینی، لەگەڵ گرتێبەردان و وێرانکردنی شار و گوند و گەڕەک و بازاڕ و ماڵ و پرد و شوێنە گشتییەکان.

هەرچی ئەو لایەنەیە کە پێوەند بەباسەکەمانە سەبارەت بەئەوپەڕی خوێنڕێژیی ئاوارتەیی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی لەم بابەتەی تایبەتە بەڕووداوەکانی شۆڕشی زنج، ئەوا دەبینین کەسێتیی عێراقیی هەمیشە ڕێچکە گرتوو بەرەو پێڕەوکردنی شێوازی توندوتیژیی خوێناوی، لایەنی زۆر لە هۆ و بەرپرسیارێتییەکان دەگرێتە ئەستۆ، کە بەدرێژایی چواردە ساڵی ڕەبەق بوونە ئەگەری بەردەوامی و خوێنڕێژی، ئەمەش ئەو ماوەیەیە کە شۆڕشەکە خایاندی بەر لە هەرەسهێنان و بەیەکجاری وەستانی، چونکە هیچ هەوڵ و کۆششێک بۆ لێکگەیشتن، یا ئاشتەوایی، یان بڕیاری ئاشتی دان، یاخود تەنانەت شەڕوەستانێکی کاتی بڕیار بدرێت بۆ هەناسەدانەوە و وەستاندنی گێژەڵۆکەی مەرگی بەزۆر، هەروەها هیچ هەوڵێک بوێریی ئەوەی نەبوو پاڵنەر و هۆکارەکان بزانێت، کە وای لەم هەژارانە کرد یاخی ببن...

ئێمە هیچ توانایەکمان نەبینی بۆ خۆ دوورخستنەوە لە خوێنڕشتن و کوشتنی ڕوحەکان نە لەلایەن دەوڵەتی عەباسییەوە، کە بانگەشەی بەهاکانی خەلافەتی ئیسلامیی دەکرد و هەروەهانە لەلایەن سوپاکەیەوە و نەیش لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕش و شۆڕشگێڕانەوە لە گشت قۆناغەکاندا...

هەمووان (وەکو لە زۆربەی ڕووداوە یەکلاکەرەوەکانی عێراقدا نەریتە) یەک ڕێگەیان گرتووەتە بەر، ئەویش ڕێگەی توندوتیژی و سەپاندنی هێز و خوێنڕشتنە...

حەزی زاڵی خوێنڕێژی لە هەموو قۆناغەکانی ململانێدا باڵادەست بوو، کە بووە هۆی کوژرانی ئەم ژمارە زۆرەی کوژراوان لەم شۆڕشەدا.

بەڵام گەر بمانەوێت لە ڕووداوەکانی شۆڕشی زنجدا ئاماژە بەڕووداوەکانی میتۆدی خوێنڕێژیی زەق و ئاوارتەیی بکەین لە پێناو بەستنەوەیان بەڕێبازی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، ئەوا لە تواناماندایە دوو ڕووداو لە نێوان دەیان ڕووداوی لێکچوو و وەک یەک بەنموونە بهێنینەوە.

ڕووداوی یەکەم:

شۆڕشگێڕانی زنج دوای هەر شەڕێک لە شەڕەکان بەئەنقەست لەملی دیلەکانیان دەدا، ئەوانەی دەکەوتنە دەستیان لە لەشکری خەلافەتی عەباسی، کە بەردەوام لە گەڕدا بوون لە نێوان ئەم سوپایە و هێزەکانی شۆڕش و سەریانیان قەڵاچن دەکرد و خەڵکەکە دەچوون تا خزم و کەسوکارەکانی خۆیان بناسنەوە، جارێکیان سەرەکان تابڵێی زۆر بوون، کەس نەهات تا داوایان بکاتەوە، زنجەکانیش تووڕیان هەڵدانە یەکێک لە ڕووبارە بچووکەکانی بەسرەوە، ئیدی سەرەکان سەر ئاو کەوتن، تا گەیشتنە بەسرە (هەرچەندە ڕێکردنی ڕووبارەکانی بەسرە بەپێی هەڵکشان و داکشانە) خەڵکەکە بۆ ناسینەوەی خاوەنەکانیان دەهاتن تەماشای ئەو سەرە سەر ئاوکەوتووانەیان دەکرد، ئیدی هەرکەسە و سەری یەکێکی دەبرد کە بیناسێت لە خزم و کەسوکاریان.[٣٠]

ڕەنگە ئا ئەمە ئەوپەڕی خوێنڕێژیی عێراقی بێت...

ڕووداوی دووەم:

ئەویش ئەوەیە شەڕێکی ناسەرەکیی ماڵوێرانکەر لە دەورووبەری بەسرە لە نزیک (الموفقية) لە نێوان یەکەیەکی سەربازیی سوپای عەباسی و لەشکرێکی گەورە لە شەڕوانانی زنج ڕووی دا، سەرکەوتنەکە تێیدا بۆ سوپای عەباسی بوو، کە پێی لەسەر کوشتن و بەدیل گرتن و سەرپەڕاندن داگرت (لەو لەشکرەدا کەمیان ڕزگار

٣٠. باسکردنی ئەم ڕووداوە لەم کتێبەدا هاتووە: تاريخ العرب. د. فيليب حتي. دار غندور للطباعه والنشر والتوزيع. ص٥٤٣، هەروەها کتێبی: الكامل في التاريخ لابن الكثير. ج٤ ص٤١٧

بوون)[31] سوپای عەباسی سەرە بڕاوەکانی خڕ کردنەوە و پیشانی دان، دیلەکانیشی دەرخست چۆن بەدارەوە کراون، تا خەڵکی بیانبینن و ترس بچێتە دڵی شۆڕشگێڕانەوە...

ئەوە کەوتە بەرگوێی سەرکردەی سوپای عەباسی (ئەبو ئەحمەد)، سەرکردەی زنج کە بە(صاحب الزنج)یان گاز دەکرد، هەوڵی داوە هاوەڵەکانی قایل بکات، کە ئەو دیمەنانە درۆن و پێی گوتوون: ئەو سەرانەی بینیویانەن بەرزکرابوونەوە ئەوە یاری و پەیکەرن عەباسییەکان دروستیان کردوون، تاکو ترس و بیم لە دڵی شۆڕشگێڕاندا بچێنێت.

بۆیە سەرکردەی لەشکری عەباسی شتێکی ئەوپەڕی دزێوی و دڵڕەقیی ئەنجام دا، فەرمانی دا سەرە بڕاوەکان کۆ بکەنەوە و بیانکەنە کەشتییەکەوە، کە مەنجەنیقی هەڵگرتبوو، وای لە کەشتییەکە کرد لە بارەگای سەرکردایەتیی زنج نزیک ببێتەوە، ئینجا بەهۆی مەنجەنیقەوە ئەو سەرە مرۆیانەی هاویشت، ئیدی سەری کوژراوان لە نزیکیان دەکەوتن، کە سەری هاوڕێ و نزیکەکانیان بوو، هاوار و ڕۆڕۆ لە ڕیزەکانیاندا بەرز بووەوە و ناڕاستیی ئەو لێکدانەوەیەی سەرکردەی شۆڕشەکەیان دەرخست.[32]

بەدەیان ڕووداوی تر هەن ناشرینییان لەم دوو ڕووداوە خوێناوییانە کەمتر نین، کە لێرەدا بواری ناوهێنان، یا وردەکارییەکانیان نییە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە توانای حەزی خوێنڕێژیدایە شێوەیەکی لەوە قێزەونتر و ماڵوێرانتر و دڵڕەقانەتر وەربگرێت، کە کەسێتیی عێراقی لە ئاکاری خوێنڕێژییدا بەم شێوە فراوانە لەم ڕووداوە مێژووییە نووسراو و دوور لە گومانانە دایهێناوە؟ داخۆ لە توانادایە بانگەشەی ئەوە بکەین، ئەم ڕووداوانە کە چواردە ساڵ بەردەوامییان هەبوو بەڕووداوی تاکرەویی دوورەپەرێز و دابڕاو لە

---

٣١. تاريخ الطبري. ج ٨ منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات. ص٥٢٠

٣٢. ئەم گێڕانەوەیە و وردەکارییەکانی لە «تاريخ الطبری. ج ٨ مؤسسة الاعلمي للمطبوعات». ل٥٢٠-٥٢١دا هاتووە. بەئەنقەست بەعەرەبیی هاوچەرخ و باو گێڕامانەوە، بەدوور لە وشە و بڕگەی ناوی فەرهەنگیی کۆن و زەحمەتی بەکارهاتوو لە کتێبە کولتوورییەکاندا، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوون و ئاشکرا بێت.

ڕەوتی گشتییان دابنێین و ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێت، یا بەپێوەر دابنرێن، یاخود بڕیارێکی کۆمەڵایەتی، یان سایکۆلۆجی بەپێی ئەمانە دەربکرێت؟

سەرجەم پێشەکی و ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە خوێناوییە پڕ لە دڵڕەقی و درندەییە، جەخت لەسەر دروستیی شیکردنەوەکانمان دەکەنەوە، کە لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا هاتوون، سەبارەت بەبوونی پێوەندیی هۆکاری لە نێوان نوشوستی و بێ ئومێدی و بێبەری لە لایەکەوە، هەروەها سەرجەم جۆرەکانی ئاکار کە کەسێتیی عێراقییان پێ دەناسرێنەوە، وەکو پەرچە وەڵام و بەشێوەیەکی تایبەت خەسڵەتی خوێنڕێژی لە ئاکاری ئەم کەسێتییەدا، کە لەم بەشەدا بابەتی توێژینەوەکەمانە.

هەرچی کۆتایی ڕووداوەکانە دوای ئەو کوشتوبڕ و وێرانکارییەی سێ یەکی باشووری عێراقی گرتەوە، داگیرکردنی شاری (المختارە) و قڕکردنی زۆربەی بەشداربووانە لەم یاخیبوونە بەربڵاوەدا و کوشتنی سەرکردەی شۆڕشەکە عەلی کوڕی محەمەد (صاحب الزنج) و لەملدانی.

لایەنگری کردنی کەسێتیی عێراقی ڕووەو هەڵبژاردنی ڕێبازی خوێنڕێژی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداو و گرفتەکان لە زۆربەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقدا، کارێکە لەلایەنی ئاکارییەوە بەشێوەیەکی گشتی گومانی گەورە سەبارەت بەسروشتی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا هەڵدەگرێت.

شۆڕشی زنج بەهەموو ڕووداوەکانییەوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە و ڕوونە هەمبەر ڕەوتی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

## تۆڵەسەندنەوەی بەکر سۆباشی / شێوازەکانی دڵڕەقیی خوێناویی داهێنراو

لەو ڕووداوانەی دەتوانین بەبەڵگە بیانهێنینەوە لەسەر چوونە ناوەوەی کەسێتیی عێراقی لە ئاکاری ناسراو بەوپەڕی دڵڕەقی و دڕێوی و درندەیی لە تۆڵەسەندنەوەدا، ئەو شێوازەی بەکر سۆباشیی فەرمانڕەوای بەغدایە لە ساڵی ١٦١٩ز دا لە لەناوادنی نەیارە سیاسییەکانیدا جێبەجێی کرد، ئەوانەی هەوڵی کودەتایان ڕێک خست بەسەرکردایەتیی محەمەد قەنبەر بۆ لادانی لەسەر حوکم لە

ماوەی نەبوونی لە بەغدا بۆ چەند ڕۆژێک، ڕووی لە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست کردبوو بۆ تەفروتووناکردنی هەڵگەڕانەوەی هەندێک لە هۆزەکانی ئەوێ.

لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی کوودەتاکە بەپەلە لە ڕێگەی ڕووباری دیجلە و لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا گەڕایەوە بەغدا و توانی بچێتە قەلاکەوە و ململانێی دژ بەکوودەتاچییەکانی بەڕێوە برد و لە سەرکوتکردنی کوودەتاکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و توانی گرینگترین کەسایەتی و سەرکردە بەشداربووەکان لەم هەوڵەدا دەستگیر بکات، پاشان پاکتاوی کردن و بەشێوەیەکی دەگمەن و پڕ لە درندەیی و بەدڕەفتارانەی خوێناوی لەناوی بردن، ئەوەبوو بەزنجیر بەستنییەوە، لە ناو بەلەمێکی گەورەدا شەتەکی دان و پڕی لە گۆگرد و قیر کرد، ئینجا گڕی تێ بەردا و بەناو ڕووباری دیجلەدا ڕێی دەکرد...

خەڵکی بەغدا توانییان ئەو قوربانییانە ببینن چۆن لە ناو بەلەمێکی گرتێ بەربوودا بەستراونەتەوە و ئاگریان لێ هەڵدەستێ، هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژ گوێیان لە قیژە و هاواریان بوو، چۆن لەسەرخۆ لە ناو بەلەمێکی گڕگرتوو بەسەر ئاوی دیجلەوە گریان تێ بەردەبێ، بەر لەوەی لاشەکانیان و بەلەمەکەش ببنە خۆڵەمێش (بەمە بەکر بەکوشتنی دوژمنەکانی بەبەرچاو و گوێی خۆیەوە دڵی ئاوی خواردەوە و سەرجەم دیلەکانیش بەهەمان چارەنووس چوون و لەو ڕۆژەدا ناوی هۆلاکۆ و تەیموورلەنگیان بەزاردا دەهات، لە نێوان قوربانییەکاندا موفتیی بەغدای تێدا بوو).[٣٣]

ئەو شێوە ئاوارتەیە لە درندەیی و ئاکاری خوێنرێژییە تۆڵەستێنەی کەسێتیی عێراقی لەم ڕووداوەدا ئەنجامی دا زۆر ڕوون و دیارە و لە تۆڵەستاندنەوەی دەگمەنی تژی لە دڵڕەقی و درندەییەوە دێت...

وادیارە ئەم وڵاتە لە بەختانێتی فەرمانڕەوای ئاوارتەیی ئەوپەڕی خوێنرێژی تێدا بێتە کایەوە.

ئەم حوکمڕانە عێراقییە (بەکر سۆباشی) بەردەوام بوو لە زیادەڕەوی لە دڵڕەقیی خوێناوی لە ڕووداوە هەمەڕەنگەکاندا لە ئاکاری بەزۆرداری پاوانکردن دژ بەوانی تر پێڕەوی کرد، لە میانەی ئەو ئابڵوقەیەی سوپای ئێرانیی بەغدای پێ

٣٣. ستيفن لونكريك. أربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. ت: جعفر الخياط. منشورات مطبعة اليقظة العربية. ص٧١.

شەتەک دا، بۆ ناچارکردنی بەکر سۆباشی بەخۆدانەدەستەوە، ئەوەبوو محەمەدی کوڕی ناپاکییەکی نامەردانەی دژ بەباوکی کرد، ئەو کاری بەرگریکردن لە قەڵای بەغدای پێ سپاردبوو، ئەم کوڕە خاینە بەنهێنیی لەگەڵ سوپای ئابڵووقەدەری ئێرانیدا، کە بەسەرکردایەتیی شا عەباس بوو ڕێکەوتبوو کلیلی قەڵاکەیان بداتێ، ئەوەبوو سەربازە ئێرانییەکان بەدزییەوە لە شەودا خۆیان بەقەڵاکەدا کرد، هەر هێندەی ڕۆژ بووەوە سوپاکە دەستی بەسەر گرینگترین ناوەندەکانی قەڵاکەدا گرتبوو، کە سیمبولی فەرمانڕەوایی و ناوەندی فەرمانگە بنچینەییەکان بوو، بەم ئاوایە بەغدا داگیرکرا و شارەکە کەوتە دەست شا عەباسەوە، کە قەسابخانەیەکی تایەفیی تۆقێنەری دژ بەخەڵکی سوننەی بەغدا ئەنجام دا، هەروەها گۆڕی ئیمام ئەبی حەنیفەی نەعمان و گوومەزی حەزرەتی گەیلانیی تێک دا، ستیڤن لۆنگریکی نووسەر سەبارەت بە کارە خیانەتکارانەیە (مەبەست ناپاکییەکەی محەمەدی کوڕی بەکر سۆباشییە لە بەرابەر باوکیدا) دەڵێت: "دەستبەسەرداگرتنی سۆباشی بۆ حوکم سەرەتایەک بوو بۆ دانەدەستی عێراقەوە بە شای ئێران بۆ ماوەی نیوەی تەمەنی نەوەیەک، تەنیا لەبەر ئەمە ئەم ڕووداوە خەڵکی بەدرێژایی ڕۆژگارێک وەکو ڕووداوێکی گرینگ باسیان دەکرد، وەلێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم سەرهاتە شایان بەوەیە لە نێوان چیرۆکە نەمرەکانی غەدر و ناپاکیدا شوێنی بۆ تەرخان بکرێت".[٣٤]

## نەریتێکی خراپی دوژمنکارانەی عێراقی

لە سیماکانی حەزی دوژمنکاریی خوێناوی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا بڵاوبوونەوەی ئەم نەریتە خراپەیە:

کاتێک دەمەقاڵێی لەناکاو و ڕاگوزەر لە نێوان دوو کەسی عێراقی، یا پتردا ڕوو دەدات، لە نێوان ئەوانەی یەکتر ناناسن و پێشتر ناخۆشییەکیان لەبەیندا نەبووە، ئیدی لە هەر شوێنێک لە شوێنەکاندا بن، لە شەقام، یا بازاڕ، یا چاخانە، یان لە ڕێگە یەکتربڕەکاندا، یاخود لە گەڕەک و کۆڵانەکاندا، یان لە دوکانێکی بازرگانی،

(٣٤) ستيفن لونكريك. اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث. ت: جعفر الخياط. منشورات مطبعة اليقظة العربية. ص ٧٣.

یا گردبوونەوەیەک، یا بارەگایەکی پیشەیی یا سەندیکایی، یا لە ئاهەنگ، یان لە خۆپیشاندانێک.... هتد.

ئەوا ئەم دەمەقاڵێیە بەخێرایی هەڵدەکشێ و بێ پێشەکی بۆ شەڕ دەگۆڕێت و هەردوو لا شەق و مشتەکۆڵە و چەقۆ بەکار دەهێنن و یەکتر پاڵ دەدەن و جلی یەکتر جڕ و وڕ دەکەن، خۆ ئەگەر کەسانی باش ناوبژی نەکەن ئەوا ناخۆشییەکە بەشێوەیەکی بنبڕ و خێرا تەواو دەبێت و دوور نییە ئەو شەڕە زیاد بکات و دوای چەند چرکەیەک ببێتە شەڕێکی دڕندانەی وا ئامرازی بریندارکەری تێدا بەکار ببرێ، زۆر جاریش زام و جێ گازی سووک و مامناوەندییان پێوەیە، هەندێک جار ئەمەش زیاد دەکات، لە دەست دەردەچێ و بەبۆنەی ئەو دەمەقاڵێ لە ناکاو و بێ مەبەستەوە کوژراویش دەبێت.

ئەم شێوازە لە هەڵکشانی هێرشبردنی دوژمنکاریی ناتەبایی، یا دەمەقاڵەی تاکەکەسی و بەخێرایی گۆڕینی بۆ شەڕێک دوور نییە لە هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا بگاتە کوشتن، ئاماژەیە بەدەلالەتی دوژمنکاریی متبوو لە ئاکاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، ئەم دەلالەتە دوژمنکارانەیە زۆر جار نیشاندەرە لەسەر بوونی حەزی خوێنرێژی لە ئاکاری تاکەکاندا.

دەمانەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەین، کە ئەو ئاکارە عێراقییە خراپەی پێشتر وەسفمان کرد، لە تێکڕای گشتیی ڕووداوە چوونیەکەکان لە وڵاتدا ڕوودەدا و پیادە دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە بەڕەهایی هەموو عێراقییەک بەم شێوەیە خراپە و بەم شێوازە دوژمنکارە دواکەوتووانەیە لە کاتی شەڕدا هەڵسوکەوت دەکات، دەبینین زۆرێک لە عێراقییەکان ڕووبەڕووی ئەم شێوە هەڵوێستە دەبنەوە لەگەڵ پتر لە لێبوردن و بەخشندەییی زیاتر و لێبوردەیی بەبەکارهێنانی بڕگەی جوان، کە وشەی عێراقیی دڵگیر و باڵایان تێدان، وەکو:

(اغاتي... عيوني... هتد)، بەڵکو لەمەش پتر، ڕەنگە هەڵوێستی پڕ لە شڵەژان و دەمەقاڵە سەرلەبەری بگۆڕن بۆ هەلێک بۆ گاڵتە و نوکتە و یەکترناسین...

بۆیە ئەوی قسەی لەبارەوە دەکەین تێکڕای پێوەری گشتییە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەریتە خراپە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، مەبەستیشمان ئەوە نییە بەڕەهایی بەسەر هەموو عێراقییەکاندا بیگشتێنین.

ئەگەر بمانەوێت فراوان بینەوە لە وەسف و لێکدانەوەی ئەم نەریتە خراپە، ئەوا

له توانامانداية باسى ئەوە بكەين، كە زۆرێك لە عێراقييەكان سەيريان پێدا دێت و تووشى سەرسوورِمان دەبن لەوەى دەمەقاڵەيەك لە نێوان هەندێك كەس لە وڵاتانى ديكەدا دەبينن، هۆكارى سەير پێدا هاتنەوەكەشيان ئەوەيە ئەو دەمەقاڵێيەى لە نێوان خەڵكدا لەوێ دەيبينن، تەنيا لە قسەكردن و مشتومڕ و گلەيى بەدەنگى بەرز كورت دەبێتەوە، پاشان زۆر جار كێشەكە بێ شەڕكردن بەدەست، يا لێدان، ياخود بەكاربردنى ئاسنەمشت (دامر بۆكس) و شتى بريندارکەر دەبڕێتەوە، ڕەنگە زۆرترين تانەلێدانى دووبارەبووەوە كە لە عێراقييەكانەوە دەيبيستين، دواى بينينى ئەو جۆرە دەمەقاڵێ خاڵى لە لێدانە لە وڵاتانى تردا، ئەم توانجانە تێ بگرن:

(خوێڕين، ترسنۆكن، شەڕەكەيان بەس قسەيە)، واتا شەڕيان لە قسە بەدەر نييە، لێدان يا بريندارببوونى تێدا نييە. ئەم توانجە و ئەم شێوە پلار تێگرتنە، كە لە عێراقييەكانەوە دەردەچێت، نيشانەى ئەوەيە عێراقييەكان ئەم شێوازە سارد (ژنانى) و خاڵييە لە لێدان و شەڕيان بەدڵ نييە..

بەڕاى ئەو شەڕ دەبێ لێكدان و مشتومشاندن و جل دڕاندن و بەكارهێنانى دەست و ئامرازى تێدا بێت...!

ئەم جۆرە نارەزاييە خۆى لە خۆيدا بەشێوەيەكى يەكلاكەرەوە ئاماژەيە بۆ بوونى حەزى دوژمنكاريى خوێنرێژيى متبوو لە ناهۆشياريى كەسێتيى عێراقيدا، كە لە ناخى ئەو عێراقييەدا تينوو و لەكار كەوتووە، كە دەمەقاڵەيەكى بينى خاڵى بوو لە لێدان و بەكارهێنانى دەست، بەشێوەيەك گاڵتەى بەم دەمەقاڵێيەدا دێت، چونكە قسەكان تێيدا سنووردارن و گاڵەگاڵ و مشتومڕى تێدا نابيسترێ و خاڵييە لە لێدان و زامداركردن و خوێن...

### لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە...

لەو ئاماژانەى جەخت لەسەر بوونى حەزى خوێنرێژى لە ئاكارى كەسێتيى عێراقيدا دەكەنەوە، ئەوەى لە ساڵى ١٩٥٩دا ڕوويدا، ئەو كاتى سەرۆك عەبدولكەريم قاسمى سەرۆك وەزيرانى عێراق، كە كۆمۆنيستەكان سووربوون لەسەر ئەوەى بە(الزعيم الاوحد) ناو ببرێت، لە شەقامى ڕەشيد تووشى هەوڵى تيرۆركردنە بەناوبانگەكە هات، كە بووە هۆى زامداربوونى قۆڵى و كەوتنە نەخۆشخانەوە، بێ ئەوەى ژيانى بكەوێتە مەترسييەكى جدييەوە، كاتێك پاش چەند

هەفـتـەیەک بڕیار درا لە نەخـۆشـخـانە دەربکرێت، ڕێکەوتن وا بوو لە ڕۆژی لە نەخۆشخانە دەرچوونیدا لە خۆشیی سەلامەتیی ئەو ڕێپێوانی میللی لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا ئەنجام بدرێت، هەروەها وا ڕێکەوتن ئەو ڕێپێوانانە بەڕێپێوانی (سەلامەتی و خۆشی) ناو بنرێن، ڕێکخستن و هەماهەنگیی گشت ئەمانە لەلایەن حزبی شیوعییەوە دەکرا، کە بەشێوەیەکی تەواو دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم چالاکییەکانی وڵاتدا گرتبوو، ویستی ئەم ڕێپێوانانە بکاتە بۆنەیەک بۆ جنێودان بەنەیارە سیاسییەکانی لە نەتەوەپەرست و بەعسییە عێراقییەکان و پڕوپاگەندە بەدروشمەکانییەوە بۆ ستایشی عەبدولکەریم قاسم بکات بۆ نزیکبوونەوە لێی...

ڕێپێوانەکان کە لەلایەن حزبی شیوعییەوە ئاراستە دەکران لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا بەڕێوە چوون، دروشمیان بەژیانی تاقە سەرۆک دەدا (زعیمنا سلامات، موتوا یا بعثیە)، لێ ئەوی لەم توێژینەوەیەدا مایەی سەرنج و مەبەستی ئێمەیە و بەلامانەوە گرینگە سەبارەت بەخوێنرێژی لە کەسێتیی عێراقیدا، بوونی هوتافێک بوو خۆنیشاندەران لە سەرجەم شارەکانی عێراقدا زۆریان دووبارە دەکردەوە، دەیانگوت (إعدم إعدم لاتکول ماعندی وکت، إعدم) واتا (لەسێدارە بدە لەسێدارە بدە، نەڵێی کاتم بەدەستەوە نییە، لەسێدارە بدە).

بەر لەمە قسە وابوو کە سەرۆک قاسم زۆر سەرقاڵە و کاتی نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسێی کێشەی تیرۆرکردنەکە، دۆسێکانی کێشەی دەوڵەت و وەزارەتەکان لە سۆنگەی لە نەخۆشخانە کەوتنی کەڵەکە بوون، هەروەها ئەو کات ئەوە بیسترا کە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم دەیویست لێخۆشبوون بۆ ئەوانە دەربکات، کە هەوڵی تیرۆرکردنیان دا.

بەڵام پارادۆکسی (مفارقة) ئەم بابەتە لەوەدایە، کردارەکە (مەبەستمان هەوڵی تیرۆرکردنەکەیە) لەلایەنی جێبەجێکردنەوە کارێکی خوێناوی بوو و قەبارەیەکی گەورەی هەڵگرتبوو لە پێداگرتن لەسەر تۆڵەسەندنەوە و ئەنجامدانی مەرگ بێ جیاوازی و بەوپەڕی دڵڕەقیی خوێنرێژییەوە رابەر هەر کەسێک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی سەرۆکدا بووایە، ئەوەبوو هێرشبەران ئۆتۆمبێلە زرێپۆش نەکراوەکەی عەبدولکەریم قاسمیان بەشەستیری بچووک گوللەباران کرد، کە لە ژێر جلەکانیان شاردبوویانەوە، ئەمەش بووە هۆی کونکردنی ئۆتۆمبێلەکە لە سەدان شوێنەوە، لەگەڵ کوشتنی شۆفێرەکە و برینداربوونی پاسەوانەکەی و

پێکانی عەبدولکەریم قاسم، هەروەها بەهۆی ڕێژنەی گوللەکانەوە یەکێک لە هێرشبەران کوژرا.

ئەم کارە جێ پەنجەی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی بەهەموو ماناکانییەوە لە دڵڕەقی و درندەیی لەخۆ کۆ کردبووەوە.

لە لایەکی ترەوە ئەو هوتافانەی خۆنیشاندەرە عێراقییەکان دەیانوتەوە ئەوانیش هەڵگری گشت ماناکانی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی بوون، خۆنیشاندەران داوایان لە سەرۆک کرد بڕیاری لە سێدارەدان جێبەجێ بکات و هیچ بەهانەیەکی لێ قبووڵ ناکەن، وەکو سەرقاڵی، یا نەبوونی کات بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسێکان. گەر لەداردانیان دوا بکەوێت

بەم ئاوایە تەنانەت گەر فەرمانڕەوایەک لە عێراقدا بەلای بەزەیی و ئارەزووکردنی لێخۆشبووندا لابدات، ئەوا میللەتێک لە بەرابەریدا دەبینێتەوە بەزەیی و لێبوردەیی ڕەت دەکاتەوە و داوای لەداردان و مردن دەکات...!

بەپێویستی نازانین کۆمێنت لەسەر ئەم ڕووداوە تۆمار بکەین، چونکە سەرجەم بەشداربووانی ئەم دیاردەیە عێراقین، بەدڵنیاییەوە تا ناقرگەیان نوقوم بوونە لە حەزی خوێنڕێژی و ئومێد دەخوازن تا ئەوپەڕی خوێن بڕژێت، کەچی لە ناوەندی ئەو ژاوەژاو و ململانێ پاکتاوییە ترسناکەدا هیچ دەنگێک نابیسین بانگی برایەتی و لێبوردەیی، یا لێخۆشبوون، یا بانگەواز بۆ گفتوگۆ و لێک گەیشتن و هاوکاریی نیشتمانی بکات.

حەزی خوێنڕێژی لە بینای دەروونی و ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا کۆنترۆڵی هەمووانی کردبوو و وای لێ دەکردن پتر داوای دروشمگەلی مەرگ و لەسێدارەدان بکەن...

## نموونەی بەرچاو لە ئاکاری خوێنڕێژیی عێراقی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ز

ماوەی بەر لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمەڵێک ڕووداوی خوێناوی لەسەر گشت ئاستەکان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا بەخۆوە بینی، ئەمەش بەهۆی ئەو سیاسەتە توندەوە بوو، کە ڕێژیمی سیاسیی ئەو سەردەمە گرتییە بەر لە چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گرفتە نوێیەکان لە وڵاتدا، جا گەر لە ئاستی سیاسی، یا ئابووری، یان هی تردا بێت.

لێرەدا هەندێک لەو ڕووداوانە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی بەسەر دەکەینەوە، کە بەدەستی عێراقییەکان ئەنجام دراون.

## زمان و گوێ بڕین لە عێراقدا

هەمووان دەزانین سزای توند و دادگە مەیدانییەکان و بڕیاری جێبەجێ کردنی دەمودەستی لەداردان لە ماوەی شەڕدا لە کارە باو و ناسراوەکانن لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا، وەلێ گوێ بڕینی ئەو سەربازانەی لە پێوەندیکردن بەبەرەکانی شەڕەوە دوا دەکەون، کارێکە ناتوانین بڵێین ئەگەر ناسراو و باو بێت لە جیهاندا، یاخۆ داهێنانێکی تایبەت بەعێراقە.

گوێ بڕینی سەربازی دواکەوتوو لە پێوەندیکردن بەیەکەکەیەوە لە ماوەی شەڕی عێراق ئێرانەوە بووە شتێکی باو، ئەم کارە خوێناوییە دەرهەق بەژمارەیەکی زۆری عێراقییە کلۆڵەکان ئەنجام درا...

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ژمارەیەکی کەم نەبوون ئەو عێراقییانەی لە دەرەوەی عێراق بینران گوێیان بڕا بوو، لە کاتێکدا ئەو شێواندنەیان دەشاردەوە، کە پێیانەوە بوو و باسیان نەدەکرد، مەگەر زۆر بەکەمی.

دوای ڕووخانی ڕێژیم لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بەم کێشەیە کرا سیمایەکی نێودەوڵەتی بەخۆوە گرتبوو، ئەوەبوو لیژنەی نێودەوڵەتیی پسپۆڕ هەندێک لەو عێراقییانەی بینی، کە گوێیان بڕابوو و ئەو ڕووداوانە بەفەرمی لەلایەن هەندێک ڕێکخراوی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە تۆمار کران و وێنەیان گیرا.

لە میانەی قسەی قوربانییەکانەوە دەرکەوت گرینگترین سکاڵا دوای گوێ بڕینیان بەدەستییەوە بناڵێنن، ئەو وژە بەردەوام و هەمیشەیییەیە، لە کاتی ڕوودانی هەر شنەبایەک لە تەنیشت گوێیە بڕاوەکەیانەوە دەیبیسن و هەستی پێ دەکەن، تەنانەت دوای چاکبوونەوەی برینەکەش.

بۆیە ناچاربوونی ئەمان بەداپۆشینی گوێیان بەپارچە پەڕۆیەک، یا سەرپۆشێک، یا کڵاوێکی تایبەت کە گوێیەکانیان بان بدات، کارێک نەبوو بۆ داپۆشینی ئەم شێواندنە، یا ناتەواوییەی دەوڵەت پێی گەیاندن، بەڵکو کارڕاییەکە پێویستییە تەندروستییەکان بەسەریاندا دەیسەپێنێت، کە ئەو وژە بەردەوامەی گوێ بڕاوەکە

دەبیبیستێت، بەڵام ئەوانەی توانییان چارەسەری ئەم دژوارییە تەندروستییە بکەن، ئەوا ئیتر ئەو وژەیەیان نەدەبیست... وەلێ دیمەنی گوێی پلاستیکیی هاوشێوەی گوێیە سروشتییەکە دەبووە هۆی موچورک پێدا هاتنەوە و بێزاری و قێزکردنەوە، کاتێک خاوەنەکەی بەهەر هۆیەکەوە ناچار دەبوو دایکەنێ و بۆ ماوەیەکی کەم بیخاتە سەر مێزەکە.

وای بۆ دەچین مێژووی خوێنڕێژی لە جیهاندا ئازار و شوێنەوارێکی تراژیدیی هەمەچەشن و درێوی لە پاش خۆیەوە جێ هێشتووە، وەلێ ناتەواویی تەندروستیی وەڕسکەر و قێزەون و مایەی شەرمی جێ نەهێشتووە وەک ئەوەی خوێنڕێژیی کەسێتیی عێراقی جێی هێشتووە، بەبڕینی گوێی عێراقییەکان بەم شێوەیە، بۆ ئەوانەی دۆخەکەیان بەرەو دواکەوتن بەڕاگەیشتن بەیەکە سەربازییەکانیانەوە لە ماوەی شەڕی عێراق– ئێران بردنی.

سزای گوێ بڕینی مرۆڤ و لووت بڕینیان لە مادە یاساییەکانن، کە لە یاسای حەمورابی و هەندێک لە یاساکانی ئاشووریدا هاتووە، وەکو سزایەکی تۆبەکردنی تۆڵەکردنەوە...

کەچی ڕێژیمی سەدام و دەسەڵات لە عێراقدا هەینێ لە شەڕی عێراق – ئێراندا گوێ بڕینی بەسەر عێراقییە هەڵاتوو و بەجێماوەکاندا سەپاند، بێگومان ئامانج و مەبەستی ئەوە نەبوو ئەو مادە دواکەوتووە یاساییە زیندوو بکاتەوە، کە یاسای نووسراوی حەمورابی بەر لە پتر لە چوار هەزار ساڵ لەخۆی گرتبوو، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو کارڕاییەکی خوێناوی بسەپێنێت، بەمەبەستی حەزی خوێنڕێژی لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا، ئەگەر ئەو کارە وەڵام بەحەزی خوێنڕێژی نەبوایا، ئەوا دەکرا لەبری گوێ بڕین سزای تری ناخوێناوی دابنرێت، وەکو زیندانی کردن، یا سزای ماڵی، یان بۆ نموونە کاری شەڕکردنی مەترسیداری قورسیان لە بەرەکانی پێشەوە پێ بسپێررایا.... هتد.

هەرچی زمان بڕینە، کە پرۆسەیەکە ژمارەیەک لە عێراقییە ستەم لێکراوە هەژارە نارازییەکانی دژ بەڕێژیم و دەسەڵات دەرگیری بوون، سزایەکە پێوەست نییە بەبەرەکانی شەڕ و جەنگ و شەڕکردن، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی تەمێکردنی خوێناویی زێدەڕۆ بۆ ڕێگەنەدان بەعێراقییەکان دەستدرێژی بکەنە سەر ناوی (سەرۆکی فەرماندە).

ئەمــەش بەشـێـوەیەکـی سـەرەکـی لـە سـەردەمـی سـەدام حـوسـێندا ڕووی دا، ئەو عێراقییانەی زمانی خۆیان نەدەگرت لە ڕەخنەگرتن لە سەرۆک، بەئاماژە کردن، یا قسەکردن، ئەوا دەسەڵات پەنای دەبردە سەر تەمێکردنیان، تاکو ببنە پەند بۆ ئەوانی تر.

جێبەجێکردنی ئەم سزایەش (واتا زمان بڕین) پێویستی بەهەندێک پێداویستی دەکرد، باشتر وابوو لە شوێنێکی گشتیدا ئەنجام بدرێت، کە بکرێت خەڵکی لێ کۆببێتەوە بۆ هەرا نانەوەیەک ببێتە ئەگەری گەیاندنی پەیامە خوێناوییە تەمێ ئامێزەکە بۆ گەورەترین ژمارە لە عێراقییەکان، پێویست بەژمارەیەکی باش لە پیاوانی ئاسایش دەکات بۆ گرتنی قوربانییە عێراقییەکە، کە پێویست بەزمان بڕینی دەکات و نەهێڵرێت بجووڵێت، یا لەدەستیان دەرچێت و لە سزاکە ڕزگاری بێت، هەروەها پێویستی بەهەندێک ئامرازی سەرەتایی پێویست هەیە، وەکو ماشەی ئاسن کە یارمەتیی گرتنی زمان و بەتوندی ڕاکێشانی بۆ دەرەوە دەدات تا ببڕدرێت، هەروەها دەخوازێت نوێڵێکی سادەی ئاسنین هەبێت، تا لە ڕێگەیەوە بەهێز دەم و شەویلاگ بکاتەوە بۆ کردنە ژوورەوەی ماشەکە و دەرهێنانی زمان و بڕینی، هەندێک جاریش کارەکە پێویست بەئامادەبوونی پزیشک دەکات لەگەڵ ئەو ئاسایشانەدا بن، کە ئەنجامدانی ئەو کارەیان پێ سپێرراوە، تا ئەگەر پێویستی کرد خوێنبەربوونەکە بوەستێنن، چونکە زمان ئەندامێکی پڕ لە دەمار و خوێنبەر و خوێنهێنەرە، کە ئازاری زۆر و خوێنبەربوونی ترسناک دروست دەکەن، دوور نییە نەوەستێت و ببێتە هۆی مردنی.

هەندێک لەوانەی ئامادەی ئەو پرۆسە خوێناوییە دزێوە بووبوون، ئەوەیان بۆ گێڕاینەوە کە بەچاوی خۆیان زمان بڕینی یەکێک لە عێراقییەکانی لە شاری حیللە دابینیبوو، یەکێکی تریش باسی پرۆسەیەکی لەو شێوەیەی کرد، کە چۆن زمانی عێراقییەکی تر لە خەڵکی عیمارە دەبڕن و چۆن هێزەکانی ئاسایش بەئەنقەست لە یەکێک لە دووڕیانە قەرەباڵغەکاندا ڕێی هاتوچۆیان بڕی بوو، تا خەڵکەکە کۆ ببنەوە و بزانن چی بەسەر ئەم هاووڵاتییەدا هاتووە و ئەو پەندە خوێناوییە داواکراوە فێربن و ئەوی شتی وای بەمێشکدا بێت دەمدرێژی بکاتە سەر ناوی سەرۆک، یا وێنەکەی، یا ئەو قسانەی لە گوتارەکانیدا دەیانکات، با پەند لەمە وەرگرێت...

هەرچی ئەو هاووڵاتییەی عیمارەیە، کە سزای زمان بڕینی بەسەردا سەپێنرا، ئەوا هاووڵاتییەکی سادە و ساکار بوو لە بازاڕی سەوزەفرۆشان کاری دەکرد و عارەبانەیەکی هەبوو بەتەنیشتییەوە دەوەستا و گازی دەکرد، تا سەوزەکانی بفرۆشرێن..

وادیارە ئەو گازکردنەی بۆ فرۆشتنی سەوزە هەندێک بڕگە و توانج و مانا و ئاماژە و لاقرتێی تێدا بوون دژ بەهەڵسوکەوت و ئەو قسانەی سەرۆک کۆمار دەیانڵێتەوە..

لێ ئەوی مایەی سەیرە لە بابەتەکەدا ئەوەیە، ئەم هاووڵاتییە دوای بڕینی زمانی و چاکبوونەوەی، گەڕایەوە سەر هەمان ئاکار، بەڵام ئەمجارەیان پەنجە و دەستەکانی بەشێوەیەک بەکار دەهێنن هەمان مەبەست و ماناکان دەدا، کە لەسۆنگەیەوە زمانیان بڕییەوە، پاش ئەوەی نەیدەتوانی وشەکان گۆ بکات..

هەرچۆنێک بێت ئەو عێراقییانەی لە سەردەمی سەدامدا زمانیان بەبڕین چوو، بەشێوەیەک قسەیان کرد و دوان، کە بەدڵی دەوڵەت و دەسەڵات و سەرۆک نەبوو، تەواو بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەردەمی عەباسیدا بەسەر (یعقوب ابن السکیت)ی ئیمامی ڕەوانبێژیی زمان و نووسەر و زمانەوانی ناوداردا هات، کە خەلیفە ئەلموتەوەکیل لە دواوە زمانی بڕی و لەبەر زۆریی خوێن بەربوون گیانی لەدەست دا، چونکە بێدەنگیی هەڵبژارد و وشەیەکی نەدرکاند و ڕەتی کردەوە قسە بکات، ئەو کاتی ئەلموتەوەکیل داوای لێ کرد جوێن بەعەلیی کوڕی ئەبو تالیب بدات...!!

بەم ئاوایە حەزی خوێنڕێژی لە کەسێتیی عێراقیدا کەس هەڵاواردە ناکات، وەک یەک بەدوای مرۆڤی بێدەنگ و قسەکەرەوەیە، ئیدی زمانی دەبڕێت جا قسان بکات، یا بێدەنگی هەڵبژێرێت.

بەگشتی تراژیدیا لەم کارە دزێوە خوێناوییانەدا ئەوەیە لە کۆتایی سەدەی بیستی دوای زاین لە وڵاتی عێراقدا ڕووی داوە، کە هاتنە دنیای کۆنترین یاساکانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەخۆوە بینیوە.

## دڵڕەقیی خوێناوی لە نێوان کوردانی عێراقدا

وێڕای ئەوەی بەڕووکــەش وا دیاردەدات دۆخی هـاوکــاری و تەبـایی و بـرایەتـی و بەزەیی بەیەکـدا هاتنەوە لە نێـوان هاووڵاتییـانی کوردی عـێراقـدا باشـتـر و پتـرە، ئەگەرچی بەپلەیەکی ڕێژەییش بێت لەگەڵ ئەوەی لە نێوان عێراقییە عەرەبەکاندا هەیە، کەچی ڕووداوی خوێناویی زۆر دڵڕەقانە لە گۆڕەپانی کورداندا ڕوویان داوە، بەتایبەت لەسەر ئاستی پێوەندییە تێکچوونەکانیان لە بواری سیاسی و بوارەکانی پاوانکردنی ناوچەکانی دەسـەڵاتی سەربازی لە نێوان هێزە سیاسییە کوردەکاندا، ڕەهەندی مـتـبـووی خوێنڕێژیی عێراقـییـان لە کەسـێـتـیی مـرۆڤی کوردی عێراقـیی دەرخـست، ڕەنگە بەدەرکەوتنی ئەم سیفەتە خوێنڕێژییـە لە ئاکاری هاووڵاتییـانی کورد لە کوردستـانی عێراقدا، لە لایەنێک لە لایـەنەکانییـەوە ڕەسـەنیی ئینتیمـای عێراقێتی ئەم هاووڵاتییە کوردانە دەردەخات، لێرەدا بەشیـاوی دەزانین ئەوە بڵێین، کە سـیـفـەتی خـوێنڕێژی لە کەسـێتیی عێراقیدا (بەپێی ڕووداوە مێژووییـیـەکان) کـورت نابێـتـەوە و تایبـەت نییـە بەنەتەوەیەک، یا ئاینێک، یان تایەفـەیەک، یاخـود ڕەوتێکی فیکرییەوە بەدوور لە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەی عێراق.

لە ملمـلانێی خـوێناویدا، کـە لە کوردسـتـانی عێـراقدا لە سـاڵانی نەوەتەکـانی سەدەی بیستدا، لە نێوان هەردوو حزبە کوردییە سـەرەکییەکەدا تەقییـەوە (حزبی دیموکراتی کوردستـان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـان)، هەندێک لە سـەرکردە کوردەکان، ئەوانەی لە شایەدحاڵیان وەرگرتووە و وێنەیان گرتووە بۆیان گێڕاینەوە، باس لە دڵڕەقیی خوێنڕێژی و پەند بەیەکتر دانی خوێناوی لـە هـەردوو لا دەکەن، لە ئازار و خەفەتا موچوڕک بەگیاندا دێن و دڵ پێیان تەنگ دەبێت.

یەکێک لەو چیرۆکانە سـەبارەت بەبریندارێکی پێشمـەرگەی کوردە، کە بەگوللە زامدار بووە و بەتەنیشت ژمـارەیەک لاشەوە لەسەر زەوییەکە دەپلکێتەوە، لە یەکێک لە خاڵە چۆڵکراوەکانی پشکنین، دوای هێرشکردنە سەری لەلایەن لایەنێکی نەیاری کوردییـەوە (واتا لایەنگرانی حزبەکەی تر)، وادیارە زامـەکەی زۆر سـەخت نەبووە، ئەم بریـندارە دەپاڕایەوە داوای ئـاو و بـەزەیی و یـارمــەتیـی دەکــرد، یـەکــێک لە پێـشـمـەرگـەکـانی حـزبە نەیارەکـە لە ئۆتۆمـبـیلەکـەی دابەزی و تەقـەی لێ کـرد و جەستەی بەگوللە بێژی و یەکسەر کوشتی...

حەزی خوێنرێژیی متبوو لە کەسێتیی عێراقیدا لەو کاتانەدا لەودیو ئەم هەڵسوکەوتە خوێناوییە نەسرۆیە دوور لە گیانی بەزەیی و سۆزی مرۆڤایەتییەوە دەوەستێت و هەر ئەوەشە وا لە هەستی دڵڕەقی و تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی دەکات بگاتە ئەوپەڕی و لە کۆتاییدا ئەم جۆرە ئاکارە خوێناوییە دزێو و پڕ لە شوورەییە بەگشت پێوەرەکانییەوە بەرهەم دەهێنێت.

ئەگەر خوا ڕوحی دادپەروەری و دانایی و برایەتی بەسەر ئاوەزی سەرکردە سیاسییە کوردەکاندا دانەگرتایا و هانی نەدانایا بۆ گۆڕینی ئەو لە یەکتر کوشتن و پێکدادانە خوێناوییانەی بۆ هاوکاری و پەنابردنە بەر گفتوگۆ و لێکگەیشتن و یەکێتیی ڕیزەکانیان، ئەوا شەڕی کورد و کورد بەردەوام دەبوو و قوربانی و بێتاوانی پتر لە کورددا دەبوون.

## کەسێتیی نازم گزاری خوێنڕێژ لە کولتووری حزبە عێراقییەکاندا

ئەگەر بمانەوێت نموونەیەک لە کەسێتیی خوێنرێژی عێراقی بێنینەوە، ئەوا لە توانامانداییە باسی کەسێتیی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی پێشووتر لە عێراقی دوای ساڵی ١٩٦٨ بکەین، چونکە ئەم کەسێتییە وێنەیەکی دووبارەکراوی عێراقییەکی حزبیی شۆڕشگێڕی باوەڕداری شێلگیرە، کە بەخدێی خۆی و خۆڕسکانە تاو دەدات و ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێکی خوێنرێژیی دژ بەیاسا ناوخۆ و نێودەوڵەتییەکان، ئەوانی پێوەندن بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ، ڕەنگە ئامادەییشی تێدا بێت بکوژێت، یا ئەشکەنجە بدات، یان بپلیشێنێتەوە، یاخود ئازار بەهەر کەسێک، یا کۆمەڵە مرۆڤێکی عێراقی بگەیەنێت جیاواز بن لە ڕا و بۆچوونیان لەگەڵ حزبەکانیان، یا بارستە سیاسییە زاڵەکەی بەسەر دەسەڵات و حوکمدا، بەو نیازەی ئەم حوکم و دەسەڵاتە توندوتۆڵتر و بەهێزتر بکات.

دیاردەی نازم گزار وەکو کەسێتییەکی خوێنرێژی بارگاوی بەحەماسی حزبی و ئەوپەڕی لایەنگری بۆ ئەو ڕێژیمەی لە ئاوەز و ڕۆشنبیریدا پتر لە گشت حزب و ڕەوتە سیاسییە عێراقییەکان لەگەڵیدا دێتەوە، تاڕادەیەک بەتایبەت ئەوەی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرت، لە ڕۆژگاری پاشاییدا کەسێتیی سەعید قەزاز و بەهجەت ئەلعەتییە بەرجەستە بوون،

لەو سەردەمەشدا کە بەهەڵکشانی کۆمۆنیزم ناسرا، کەسێتیی ئەفسەری ناوداری کۆمۆنیست هاشم عەبدولجەباری سەرۆک دەستەی لێکۆڵینەوەی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٩دا و دوای ئەوەش لەمسەر بۆ ئەوسەر عێراقی پڕ لە ترس و تۆقین کرد و ناوی بەهەمان ئەو خەسڵەتانە دەرکرد، کە خەڵکی پاشان کەسێتیی نازم گزاری تۆقێنەریان پێ ناسی، لە سەردەمی حوکمڕانیی حەرەس قەومییەکانیشدا، کە لەسەر بەعسییەکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٣ دەژمێرران، لە گۆڕەپانی ئەشکەنجەدان و مەرگ و لێکۆڵینەوەی ترسناکدا ژمارەیەکی کەم نەبوون ئەوانەی بەتەوری خوێناویی بەدەست وەکو پاڵەوانی ناودار لە پیشەی ئەشکەنجەدانی قێزەوندا، نەک بەتەنیا هەر لە بەغدا، بەڵکو لە زۆربەی پارێزگەکاندا ناسران.

لە میانەی پاوانکردنی حوکم لەلایەن حزبە ناسرییەکانەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا و پاش ئەوەیش هەندێک ناو لە جیهانی ئەشکەنجەدان و کەوتنەدوو دژ بەسیاسییە عێراقییەکان بەرجەستە بوون، لەوانە ڕەشید موحسین ئەلجومەیلیی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش و عزەدین لافی و عەونی ئەلقەلەمچی و ئەوانی تر، هەروەها دوای گەڕانەوەی ئەلبەکر و سەدام بۆ حوکم لە ساڵی ١٩٦٨دا کەسێتیی نموونەیی ئایدیاڵیی خوێنرێژ هاتە کایەوە، مەبەستمان کەسێتیی ڕاستەقینەی نازم گزارە، دوای لەداردانی کەسایەتیی تر بەرجەستە بوون هەمان ئاکار و خەسڵەتیان هەڵگرتبوو و لەهەوڵدا بوون لە کەسێتیی نازم گزار بچن وەکو نموونەی باڵای ئەم ڕێبازە خوێناوییە، پاش ساڵی ٢٠٠٣ و وێڕای ئەوەی کار و دەسەڵاتەکان بەتەواوی بەدەست عێراقییەکانەوە نەبوون، کەچی حزب و بزووتنەوە سیاسییە عێراقییەکان مکوڕ بوون لەسەر بەرجەستەکردن، یا دروستکردنی کەسێتیی نازم گزاری تایبەت بەخۆی، ئەگەرچی لەسەر ئاستی نائابڕووبەرانە و نادیارانە بێت، چونکە تیۆری سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی ڕێگە نادات بەڕاگەیاندن، یا خۆهەڵکێشان بەم شێوازانەی ڕێژیمەکانی پێشوو سڵ ناکاتەوە لەوەی بانگەشەی بکات بەمەبەستی زیادکردنی شکۆ و دەسەڵات بەسەر سروشتی فەرمانڕەواییەکەیدا، لەبەر ئەمە کەسایەتییە چالاکەکانی نازم گزار بەئەشکەنجەدان و ڕفاندن و ملپەڕاندن، یاخود کونکردنی بەدریلی کارەبایی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بێدەنگ بوون و هەندێک جار خەڵکی ناو و ئینتیما و کردەوەکانیان بەچپەچپ و ئاماژە باس دەکرد....

بەهەر حاڵ ناوی جەلادەکان هەمەجۆر بوون، لە کاتێکدا ئەشکەنجەی خوێناوی

دژ بەعێراقییەکان یەک بوو و نەدەگۆڕا، بەم شێوەیە کەسێتیی نازم گزار هێشتا لە یادەوەری و ڕۆشنبیریی (دوور نییە خەونەکانیشیان) زۆربەی حزبە عێراقییەکاندا چێنراوە و دەشێت لەگەڵ یەکەم هەلی شیاوی نوێدا بێتە بوون و بەدەرکەوێت...

خەریکە بتوانین بڵێین ئەو کارە خوێنڕێژییە دزێو و ئەوپەڕی دڵڕەقییانە، کە کەسێتیی تۆقێنەری عێراقی پیادەی دەکردن، کە هێمایەکمان لە سەرجەم سەردەمە یەک لە دوای یەکە سیاسییەکاندا بەناوی (نازم گزار) بۆ دانا، ئەوانە بوون ڕووداوەکانی مێژووی عێراقی نوێ، یاخۆ هاوچەرخیان بەهەموو ڕەهەند و لاپەڕە شەرمهێنە خوێناوییەکانەوە دانا.

## جۆری تاک و تەرای ئەشکەنجەدان

یەکێک لە زیندانییەکان، کە لە پلەی (فریق رکن)ی لە سوپا دەرکراو بوو بۆی گێڕاینەوە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرکردەیەکی گەورە بوو لە ڕێکخراوی سەربازیی سەر بەحزبی بەعس لە عێراقدا، ئەو لەوانە بوو کە دوای ڕووداوە خوێناوییە تۆقێنەرەکانی پاکتاوکردن، کە بەپیلانی نازم گزاری بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی ئەوسا ناونرا، بەندکران و ئەشکەنجە دران، پاشان ڕزگاربوو و مانەوە لە ژیاندای بۆ نووسرا، دەڵێت: ئەو کارانەی لە گرتیگە عێراقییەکاندا بەتایبەت لە گرتیگەکانی سەر بەهەواڵگری و ئاسایش ئەنجام دەدران، نەدەچوونە مێشکی کەسەوە، لەبەر سەیری و قێزەونییەکەی ڕەنگە ئەوی بیبیسێت وابزانێت زیادەگۆییە و لە هۆنینەوەی خەیاڵە.

باسی هەندێک لەو کارانەی کرد، کە لەناو گرتیگەکاندا بەڕێوە دەچن، کەمێکیان هەڵدەبژێرین تا وێنەیەک بخەینە بەرچاو لەسەر ئەوەی لە ناو ئەو بەندیخانانەدا لە ماوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویان دەدا:

(هەموو شەوێک گشت گیراوەکان چاوەڕێی گەیشتنی ئەو کاغەزە بوون، کە ڕێنوێنیی ئاراستەکراوی بۆ زیندانییەکان تێدا بوو، کە تێیدا جۆری ئەشکەنجەدان دیارکرا بوو، کە دەبێت لەو شەوەدا پێوەی پابەند بن، بەحوکمی دووبارەبوونەوە زیندانییەکان بەنهێنیی ناو خۆیاندا ناویان نابوو "مینیو" ئەم زاراوەیەش لە چێشتخانەکاندا بەکار دەهێنرێت، مەبەستیش لێی ژەم یا لیستی خواردنە، کە بێ جیاکاری بەسەر گشت زیندانییەکاندا پێڕەو دەکرا).

هەروەها گوتی: (هۆڵی وا هەن دەبێت زیندانییەکان تێیدا رووتوقووت بن و بنوون و بێداریش بنەوە هەر رووت بن). ئێمە توانای لێکدانەوەی مەبەستەکەمان نییە لەم هەڵسوکەوتەی لەگەڵ زیندانییەکاندای دەکەن، جگە لە ئارەزووی رژێم نەبێت بۆ لووت شکاندن و بێ نرخ کردنیان.

هەروەها گوتی: نێربازییان لەگەڵ سەرجەم ئەو زیندانییانەی لە سۆنگەی کێشەی سیاسییەوە گیرابوون بەکار هێنا، زۆر بەکەمی یەکێک لەم سزا سەیرە رزگاری بووە.

ئینجا باسی ئەوەی کرد: (بەندیوانەکان "وەردیان" هەندێک شەو بەئەنقەست ئاو دەرژێننە بنیان، چونکە زیندانییەکان لەسەر زەوی دەنوون و جل و پێخەفەکانیان تەڕ دەبێت و شڵپەی ئاویان دێت و ئیتر خەو ناچێتە چاویان)...

لەم سالانەی دواییدا پێش داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا کە هەڵوەشانەوە و بەرەڵایی دامودەزگەکانی دەوڵەتیان گرتبووەوە و دیاردەی بەرتیل لەسەر ئاستێکی فراوان بلاو بووبووەوە، بەلام بەنهێنییەکی توندوتۆڵ پیادە دەکرا... خەڵکیش قسەیان لەسەر هەندێک بەرتیلی زۆر گەورە دەکرد، کە بوونە هۆی گۆڕینی بڕێک لەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا دراوە (بەر لەوەی بڕیارەکە ئەنجام بدرێت) بەکەسانی تر، کە لەدار دران و بڕیاری مەرگیان بەسەردا درا و نێژران، کەچی خاوەن واسیدەکە، یاخۆ بەرتیلە گەورەکە بەزیندوویی مایەوە، وەلێ بەپێی هەندێک بەڵگە لە زینداندا مایەوە بەشێوەیەک بڕیارەکە نەگاتە لەسێدارەدان....

زیندانییەکی تر دوای دەرچوونی لە گرتیگە لە سالانی هەشتاکاندا چارەسەری چاوەکانی دەکرد، تۆڕی چاوەکانی لە سۆنگەی تیشکی رووناکیی سووری وەنەوشەیییەوە بەرۆژ و شەو لە گرتیگە تاریکەکەیدا زیانی پێ کەوت، کە بەئەنقەست ئەم رەنگەیان هەڵدەبژارد، چونکە زیان بەتۆڕی چاو دەگەیەنێت...

زیندانیی عێراقیی تر، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا خرانە گرتیگەوە، کە هیچ ناسیاوی، یاخود هاوەڵییەک بەیەکیانەوەی نەدەبەست، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە دەرگەی هەندێک لە هۆڵی گرتیگە نهێنییەکان بەقفڵ کلۆم نادرا، بەڵکو بەئۆکسجین لەحیم دەکرا و بەهیچ شێوەیەک بواری کردنەوەیان نەبوو، بەتایبەت ئەو هۆلانەی ئەو زیندانییانەیان تێدان، کە بڕیاری قورسیان بەسەردا دراوە، ئەو

دەرگایانە لە کاتی مردنی یەکێک لە زیندانییەکانی ناو هۆڵەکە دەکرانەوە، ئەمەش بەبڕینی ئاسنەکە بۆ دەرکردنی تەرمی مردووەکە...

ئەوی مایەی داخە لەم هەموو ڕووداوانەدا کە لەم بەشەدا باسمان کردن و پڕن لە کاری خوێنڕێژی، ئەوەیە سەرجەم جەلاد و بەندیوانەکان، ئەوانەی ئەم کارە دزێوانەیان دەکرد و ئەوانەشی فەرمانیان بۆ دەردەکردن عێراقی بوون و سەرجەم ئەوانەشی ئەم کارە ئازاربەخشانەیان دەچێشت و دەستدرێژیی قێزەونیان دەکرایە سەر هەر عێراقی بوون (ڕەنگە زۆربەی ئەندامانی حزبی دەسەلاتدار بەم کارە دزێوانەیان نەزانیبێت).

لە گشت ئەوانە کارەساتتر ئەوەیە گرتیگە عێراقییەکان هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام و بێ وەستان پڕ بوون لە کاری دژ بەئاین و شەرع و ڕەوشت و یاسا، وێڕای گۆڕینی سیستم و فەرمانڕەوا و بیروباوەڕ و بیردۆز و بەرنامە و دروشمەکان...

حەزێکی بەزۆر کەسێتیی عێراقی گرتووەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو خراپەکاری و دڵڕەقی و دڕندەیی و خوێنڕێژییە و بەشێوازی تۆڵەسەندنەوەی بارگاوی بەچاکبوونەوە، بەتایبەت کە خاوەن هێز دەبێت دژ بەکەسەکەی تر (ئیتر هەرچ کەسێک بێت)، زۆر جاریش هاوولاتییەکی عێراقییە هیچ پێوەندییەک (نە ئەرێنی و نەیش نەرێنی) بەجەلادەوە نایبەستێتەوە...!

ئەم حەزە نەخۆشە زۆردارەکییە، کە کۆنترۆڵی کەسێتیی عێراقی دەکات، دەبێت ڕاست بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت.

یەکێک لە خێزانە عێراقییەکان، کە کوڕێکیان بەتۆمەتێکی پێوەند بەگرێبەست و نرخی یەکێک لە کێڵگەکانی مریشک بەخێوکردنی حکوومی لە سێدارە درابوو، کە دەوڵەت بەکەرتی تایبەتی فرۆشتبوو، بۆی باس کردین:

پێیان ڕاگەیاندین بەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان ڕێ دەدەن ببینین، لەو دیو شیشەکانەوە دیتمان، لە پڕمەی گریانمان دا، نەیهێشت بگرین، گوتی: مەگرین، من ئێستا ئاسوودەم و لە خۆشیدام، چونکە لە ئەشکەنجەدانی ڕۆژانە ڕزگارم دەبێت، کە ڕۆژانە دەرگیری دەبم، ئازارکێشانێکە بەرگەی ناگیرێت، ئێوە نازانن چی ئازارێک دەکێشم...

مەرگ زۆر خۆشترە لەو ئەشکەنجەدانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە، بەرگەی ناگیرێت...

بۆ ڕۆژی دوایی تەرمەکەیان وەرگرت و گواستیانەوە بۆ نەجەف و لەوێ ناشتیان.

کەچی پرسیارێک لە بەرابەر ئاکار و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی عێراقی لەم ڕووداوە و سەدان ڕووداوی لەم بابەتە بەمێشکماندا دێت:

مادامەکی دەسەڵات مکوڕە لەسەر لەداردانی ئەم تۆمەتبارانە، ئەی سوود لە بەردەوامی لە ئەشکەنجەدانی ڕۆژانەیاندا چییە؟ داخۆ مەبەست لەمە چییە؟ ئازاری جەستەیی و ئەشکەنجەدانیان هیچ سوودێکی نییە و ناگاتە ئامانج، مادامەکی لەسێدارە دەدرێن و دەنێژرێن و ئەو بڕیارەیان بەسەردا ئەنجام دەدرێت، کە دادگەی تایبەتی ئاوارتە دەری دەکات، ئەگەرچی بڕیارێکی زۆردارانە و ستەمکارانە و توندە.

مادام کارەکە وایە ئاخۆ ئەو ئەشکەنجەدانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە سوود و مانایەکی هەیە، جگە لە حاشا لێ کردن و حەزی سادی بەئەنجامدانی ئازاری جەستەیی؟ هەروەها چێژبینین لە بیستنی هاوار و واوەیلێ و پاڕانەوە و ناڵە؟؟ لەگەڵ تێرکردنی ئارەزووی دوژمنکاریی متبوو لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا.

حەزی خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا پاڵنەر و دروستکەری پرۆسەی بێ پاساوی ئەشکەنجەدانە.

بەڵام ئەوی سەیروسەمەرە و کاریگەر بوو، کە ئەم خێزانە لەو سەردانە ماڵئاواییە خوێناوییەدا ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەوەیە کابرایەکی بەتەمەنیان بینی بەهەموو هێزییەوە هاوار دەکات و جوێن بەکوڕەکەی دەدات، کە لەگەڵ ئەمانەدا لەدار دەدرێت، چونکە مووەلیدەیەکی بچووکی کارەبایی لە ژووری پاسەوانیی سەر بەیەکێک لە بارەگاکانی عودەیی کوڕی سەرۆک بردووە، کاتێک دڵی تەنگ بوو بەتاسەی کچکراو و غەمی تاڵ بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی بەهەموو دەنگییەوە هاواری کرد و قسەی لەگەڵ ئەو کوڕەی دەکرد، کە بۆ ڕۆژی دوایی لەدار دەدرا (کوڕی سەگ نەتتوانی مووەلیدە بدزیت ئەوەی پەروەردگار نەبێت؟!)

پاشان کەوتە شیوەن و دەیدا بەسەر خۆیدا...

ئەوانی لەوێ بوون و شیوەنیان بۆ کوڕ و کەسوکاریان دەکرد لەپرمەی گریانیان دایەوە و سەرلەنوێ شین و شەپۆریان بۆ ڕۆڵەکانیان گەرم بووەوە، کە سبەی لەبەر هەندێک هۆی بێ مانا لەسێدارە دەدران...!

چیرۆکێلێکی تراژیدیی پڕ لە غەمی لەبن نەهاتوو و گێڕانەوەی واقعیی خوێناوی، کە بەملیۆنان عێراقی بەدڵێکی تژی لە حەسرەت و خەم دەیگێڕنەوە، تاکو باسی بەشێکی زۆر کەم لەوە بکات، کە ئاکاری خوێنڕێژی بەخەڵکی عێراقیان کردووە...

لێ ئەوی مایەی ئازاری پترە ئەوەیە ژمارەیەکی کەمی عێراقی دەبینیتەوە پەندی وەرگرتبێت، یاخود تۆبەی کردبێت لەوەی لە دوای نەمانی دیکتاتۆری و ستەمکارییە خوێناوییەکانی ڕوویان داوە.

## سیستمی سیاسی دنەی ڕۆشنبیریی توندوتیژی لە کەسێتیی عێراقیدا دەدات

کۆمەڵگەی عێراقی پێویستی بەهاندانی تر، یا وروژاندن نەبوو، تاکو هەڵکشێ و دوژمنکاری و دیاردەی لادان و وێرانکاری لە بینای دەروونی و ئاکاریی تێدا بڵاو ببێتەوە، لە مێژەوە پێوەی گلاوە، بۆیە شەڕی درێژخایەن، کە ڕێژیمی عێراق بەسەر ئێرانیدا سەپاند و ئەو توندوتیژییە سەرتاپاگیر و کوشتنە چڕە بەردەوامەی سەدان هەزار مرۆڤی بەدوادا هات، لەگەڵ خاپوورکردنی دەیان شار بەس بوون بۆ تەقاندنەوە و کڵپەسەندن و تاودانی خراپترین حەزی ئاکاریی ناشرین لە کەسێتیی عێراقیی گیرخواردوو لە بناغەدا بەژمارەیەک نەخۆشیی ئاکاری و دەروونیی بۆماوە لە چەندان سەدەوە، ئەوی پتر ئاوی بەئاگرەکەدا کرد، ئەوەبوو دەسەڵاتی سیاسی هانی بیردۆزی هێز و بەرەنگاربوونەوە و پێکدادان و خۆبەزل زانین و توندوتیژی و هەڵکشانی خوێنڕێژی و ڕۆشنبیریی دوژمنکاریی خراپی دواکەوتووانەی دا، کە دنەی خەڵکی دەدا بۆ دواکەوتوویی و پێوەند بوون بەبەها و یاسا دوژمنکارییە تێکشکێنەرەکانی، لە پای ئەمە لە نێوەندی گەلی عێراقدا بەهۆی ئەمەوە خراپترین سیفەتی ڕەوشتی و ئاکاری بڵاو بوونەوە و تاویان سەند، لە دیاردەکانی ئەو هەڵکشانە ئەوەیە کە دەسەڵات ئەنجامی دەدا لە لەسێدارەدانی بەردەوام لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا لە سەرجەم شارە عێراقییەکاندا دژ بەوانەی

لە بەرەکــانی شــەڕدا دواکــەوتوون، چونکە بڕیاری مــەرگ بەســەر ئەو لاوە عێراقـییانەدا دوابەدوای یەک دەدرا، پاش ئەوەی کۆدەکرانەوە و لە هەر شارێک هەڵدەبژێرران، لە ئەنجامی هەواڵ گەیاندن و زمان لێدان، کە عێراقییەکان دژ بەیەکتر بەدەسەڵات و هەواڵگرییان ڕادەگەیاند، لەبەر ناتەبایی کەسێتی و خێزانی و بەتەماعی خەڵاتی پارەوە، دەسەڵاتیش هانی دەدان و خەڵاتی ئەوانەی دەکرد، کە هەواڵێکیان دەگەیاند، یا زمانیان لە یەکێک لەوانە دەدا، کە دەیناسین لە ڕۆڵەکانی شارەکەی یا ڕۆڵەکانی گەڕەکەکەی، بەڵام هاوولاتییەکە ڕێزی پتر دەبوو گەر زمانی لە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی یا کەسێکی نزیکی خۆی بدایا، لەمبارەیەوە ژمارەیەک کەس خەڵات کران لەوانەی لای دەسەڵات زمانیان لە کوڕی خۆیان دا و لە بەرابەردا خەڵاتی پارە و مادییان لەسەر ئەو کارە لە ڕەوشت بەدەرە وەرگرت، کە دەسەڵات بەباشترین وەسفی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ناوی دەبردن و بەئاکارێکی نموونەیی و ئایدیاڵی پابەند بەپرانسیپە نیشتمانییەکانی دادەنان.

هەندێک لە باوکان بەکردەنی زمانیان لە کوڕەکانیان داوە و ڕادەستی دەسەڵاتیان کردوون و بوونە هۆی لەداردانیان و خەڵاتی مادی و پارەی دەسەڵاتیان وەرگرت و لە دەسەڵات و پیاوانی حزبی دەسەڵاتدارەوە گوێیان لە پیاهەڵدان و ستایش گرت، کەچی لە هەمان کاتدا ئەمانە نەفرەت و ڕقی هەمیشەییان لەلایەن تاکەکانی گەلی تووڕە و بێدەنگ و ستەم لێکراوەوە بەدەست هێنا...

لەم بارەیەوە چیرۆکی زۆری تراجیدیی سەیر دەگێڕنەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە شەڕ و دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وێرانکاری لە ئاکار و هەڵسوکەوتی عێراقییەکان لە نەهامەتیی شەڕدا جێیان هێشتووە...

یەکێک لەو گێڕانەوانە باس لە باوکێک دەکات کوڕی لە خزمەتی سەربازی دواکەوتووی ڕادەستی دەسەڵاتی سەربازی دەکات، کوڕە لەسێدارە درا و باوکەش خەڵات و ڕێزلێنان و نازناوی نیشتمانیی وەرگرت...

کوڕە دوای ئەوەی بەمۆڵەت هاتەوە نەیویست بچێتەوە سەربازی، ژنەکەی سکاڵای ئەوەی لا کرد، ئەو کاتی ئەم لە بەرەکانی شەڕدا بوو باوکی بەردەوام سێکسی لەگەڵدا دەکرد، بۆیە ئەم نەچووەوە بۆ سەربازی، باوکە سڵی نەکردەوە و چوو زمانی لێ دا و بۆ مەیدانی لەسێدارەدانیان برد، ئەوەبوو دەسەڵات و حزبی فەرمانڕەوا بەو پێیەی باوکی نیشتمانیی نموونەییە، و نیشتمانی خستووەتە پێش

ژیانی کوڕەکەیەوە ڕێزیان لێ نا...!

هەرچی ئەوانەن کە لە شەڕدا ون بوون و بۆ ماوەیەکی زۆر هەواڵیان برا و بەکوژراویان دانان، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ نیشتمان بینییان ژنەکانیان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی خواستوویەتی و منداڵیشی لێ بووە، ئیدی لە سۆنگەی ئەمەوە زنجیرەیەک گیروگرفتی ئاڵۆز و هەڵسوکەوتی تۆڵەسەندنەوە و خوێنڕێژی لە کۆمەڵگەی خێڵەکیی کۆنەپارێز ڕوویان دا، لەوەش خراپتر ئەو دژوارییە فیقهی و شەرعی و ئاینییە بوو، کە پێویستی بەفەتوا، یاخود چارەسەر دەکرد بۆ ژنێک لە یەک کاتدا دوو پیاوی هەبێت و منداڵی لە هەردووکیان بووبێت و بەشەرعییش لە یەک کاتدا لە ئەستۆی هەردووکیاندا بێت...!.

## لەداردانی قەرەقووشی، ئەوی ناوی "صباح" بوو لەسێدارەیان دا

لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا و دوای هەڵکشانی پرۆسە چەکدارییەکان دژ بەدەسەڵات لە ناوچەکانی ئەهواری خواروو، بەرێکەوت دەزگەکانی ئاسایشی سەر بەرژێم کەسێکیان دەستگیر کرد لە هۆڕەکانەوە بۆ بەغدا دەهات و نامەی تایبەتی هەندێک لە ڕێکخراوە چالاکەکانی ئەوێی پێ بوو، وادیاربوو ئەو نامەیە بۆ مەڵبەندی سەرکردایەتیی سەر بەرێکخراوەکەی بەغدا ڕەوانە کرابوو، لە بەرابەر لێکۆڵەراندا دانی پێدا نا، ڕادەستکردنی پۆستەی پێ سپێرراوە بۆ دەستی کەسێک (صەباح)ی ناوە و ناوی باوکی نازانێت، لە زانکۆی بەغدا لە شوێن و کاتی دیارکراو بەپێی نیشانە، یا ئاماژەی تایبەت، یاخود وشەی نهێنیی لەسەر ڕێککەوتوو چاوەڕوانی دەکات، ئەو هیچ شتێک سەبارەت بەو کەسە نازانێت تەنیا ئەوەندە نەبێت ناوی سەباحە و لە زانکۆی بەغدایە.

وێڕای ئەو ئەشکەنجەدانەی ئەم تەتەرە ڕووبەڕووی بووەوە، بۆ لێکۆڵەرانی ئاسایش دەرکەوت هەر بەراستی جگە لەم زانیارییانە هیچ لەبارەی ئەو کەسەوە نازانێت، کە نامەکەی لە بەغدا دەداتێ، وێڕای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەواڵگریی عێراقی نەگەیشتە کەسی مەبەست، کە ئەندامی پێوەندداره لەگەڵ سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆن لە هۆڕەکان، بۆیە دەسەڵات هیچی پێ نەکرا ئەوە نەبێت بڕیاری لەسێدارەدانی گشت ئەوانە دەربکات، کە ناویان سەباحە و لەو مێژووەدا لە زانکۆی بەغدان، هەر بەکردەنییش وابوو، ژمارەیەک کەس، ناوی هەر

یەکەیان (صباح) بوو، بەچاوپۆشی لە ناوی باوکیان لەقەنارەدران...

سەرەڕای ئەم کارە خوێناوییە ناماقووڵە وا دیارە لێکچوونێک هەیە لەگەڵ ئەوەی قەرەقووش بەپێی گێڕانەوە میللییەکان، لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەیدا ئەنجامی دەدا، کەچی ئەم کارە خوێناوییەی ئاسایش لە کۆتاییدا ئامانجی خۆی پێکا، چونکە لەنێوان ئەوانەی لەسێدارە دران کەسێکی تێدا بوو ناوی سەباح عەبدولجەبار ئەلصەیاح بوو، خەڵکی دیوانیە بوو و دەرکەوت ئەندامە لە حزبی دەعوە و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شەهید ئیمام محەمەد باقر ئەلسەدردا هەبوو.

لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ یەکێک لە کرێکارانی مردوونێژ لە شاری نەجەف، لەوانەی پێیان دەوترێت (الدفانە)، ئەم کەسە باسی ئەوەی کرد هەواڵگری لەو ماوەیەدا شەو نزیکەی دە تەرمی کفنکراویان هێناوە لەسەر هەر تەرمێک نووسرابوو: سەباح (ناوی باوکی نەزانراوە). داوایان لێ کردووە بەنهێنی بیاننێژێت، ئەویش ناشتوونی، پاشان بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە بێدەنگی لێ کردووە، تاکو لەو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەی ئەم دواییەدا درکاندوویەتی...

ئێستا لە دیوانیە شەقامێک هەیە بەناوی: شارع الشهید السعید صباح عبدالجبار الصیاح!!

بەو پێیەی یەکێک لە شەهیدانی حزبی دەعوەیە...

بەم شێوەیە ئەوی شاعیر محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری پێشبینیی دەکرد هاتە دی، کاتێک عەبدولکەریم قاسمی ئاگادار کردەوە بەپێویستیی یەکلایی و ئاسان نەکاری لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی تیرۆرکردنیان دا، بەگوللەبارانکردنی ئۆتۆمبیلە نازرێپۆشەکەی لە شەقامی ڕەشید لە ساڵی ١٩٥٩دا و بریندارکردنی، دەڵێت:

تصور الامر معکوسا وخذ مثلا	مما یجرونه لو انهم نصرو

تالله لاقتید زید باسم زائده	ولاصطلی عامر والمبتغی عمر

هەر بەڕاستیش وابوو، لە پێناوی سیاسییەکی ئۆپۆزسیۆن، کە ناوی سەباح بوو و ناوی باوکیان نەزانی، کێ ناوی سەباح بوو لە قەنارەیان دا.

داخۆ خوێنڕێژی لە جیهانی هاوچەرخدا لەم دڕندەییتییە قێزەونتر پیادە کراوە؟

## شێوازێکی نوێی عێراقی بۆ خێراکردنی مەرگ

برێک لەو فیلمە دیکۆمێنتییانەی هەندێک لە کەناڵەکان بڵاویان کردەوە ژمارەیەک زیندانیی عێراقییان نیشان دا، لەوانەی لە ساڵانی پێشوودا بەر لە ساڵی ۲۰۰۳ لەدار دراون، ئەم فیلمانە شێوازێکی سەیریان لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان لە بەرابەر ئەو زیندانییانە دەرخست، زیندانییەکانیان بەدەست بەستراوی لە سەربانەوە فڕێ دەدایە خوارێ، پیاوانی ئاسایشیش لە خوارەوە تەقەیان لێ دەکردن و جەستەیان هەلا هەلا دەکردن...

شێوازێکی خوێناویی داهێنراوی عێراقییە لە خێرایی کردنی مەرگ بۆ ئەم عێراقییە و لای ئەنجامدەرانی (کە هەر عێراقین) بەرزترین پلەی چێژی پێ دەبەخشین... ئەوی لە بانەوە دەکەوتە خوارێ ڕێژنەی گوللەی بەردەکەوت و گیانی دەبێژرا و بەر لەوەی بەر زەوییەکە بکەوێت بەیەکجا تێکدەشکا و بێ جووڵە کۆتایی پێ دەهات.

چێژێکی سادیی خوێناویی تایبەت، دەبێت ئەو تەقەکەرانە و ئەوانی فەرمانیان بۆ دەردەکردن خۆشییان پێدا هاتبێتەوە، کاتێک تەقە لە عێراقییەکی زیندوو بکەن بەدەستبەستراوی لە سەربانەوە فڕێی دەدەنە خوارێ؟ ئەوان لە ماوەی چەند چرکەیەکدا سێرەی لێ دەگرن، کە هێشتا لە هەوایە و دێتە خوارێ، بەر لەوەی بگاتە زەوی و شۆکی مردنی یەکجارەکی بەربکەوێت مەرگی بۆ ڕەوانە دەکەن. ڕەنگە کەسێتیی عێراقی ئەم شێوازە خوێناوییە دۆزەخییە دەگمەنەی دانەهێنابێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەحەماسێکی بەرچاوەوە بەدەنگ و ڕەنگ پێڕەو و جێبەجێی کردووە.

## مەردان ئەلئەمارە پارێزگاری بەسرەی هاوەڵی گوللەباران دەکات

مەردان ئەلئەمارە لاوێکی دەشتەکی بوو، باشیی خەڵکی دێ و سادە و ساکارییانی لەخۆ گرتبوو، گوندەکەی کە دەکەوتە دەورووبەری هۆرەوە لە باکوری بەسرە، لە گەنجییەوە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستدا جێیهێشت و بۆ شار گواستییەوە، وا ڕێکەوت لەو کاتەوە مەردان چووە حزبی بەعسەوە...

وەکو ئەوانی تر لە خەڵکی باشوور بەختی یار نەبوو، تا بەخێرایی پلە و پایە

وەربگرێت و بۆ مـاوەیەكـی زۆر بەفـەرامـۆشـكراوی لە ڕیزەكـانی حـزبی بەعـسـدا مـایـەوە و نەیتوانی پۆسـتێكی گرینگ بەدەست بهێنێت، یاخـود ئەو گـرینگیـیـەی خەونی پێوە دەبینی بێتە دی...

بەڵام بەتێپەڕبوونی كات و ڕۆژ و ساڵەكان و لە سۆنگەی ئەو گۆڕان و درزبردنە ناوخۆییە زۆرانەی، كە سیفەتی بەرجەستەن لە حزبە سەرەكییە عێراقییەكاندا، مـەردان گـەیشـتـە پایەیـەكی حـزبیی باش (دوای تـەمـەنێكی درێژ) و لە مـاوەیەک لە مـاوەكـاندا دۆسـتـایەتییـەكی بەتین لەگەڵ پارێزگاری بەسـرە مـاجید ئەلسـامـەڕایی كۆی كردنەوە، كە لە سـەركردەكـانی حـزب بوو، بووە هـاوەڵی مـێز و خـواردنەوەی و نزیكەی هـەمـوو شـەوێک لە چوارچێوەی برادەریی سـەقـامگیـر و برایی تـوندوتۆڵدا پێكەوە ڕۆژیان دەكردەوە...

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی لە مـێشكی مـەرداندا حسـێبیـان بۆ نەكرابـوو، پارێزگاری هـاوەڵی بوو لەلایەن هەواڵگرییەوە بلەز ڕاپێچی بەغدایان كرد...

دەردەكـەوت تۆمـەتبـارە بەبەشـداربوون لـە هـەوڵی گـرووپگـەرایی كـوودەتاكـردن لە نـاو حــزبی دەســەڵاتدا لە بەغــدا و بڕیاری لەداردانی لەگــەڵ ژمــارەیەكـی زۆر لە سـەركردە و بەرپرسـانی دەوڵەت و حزب دەردەچێت، ئەو كێـشـەیەی لای هـەمـووان ناسراو بوو و لە دەرەوە و ناوەوەی عێراقدا دەنگی دایەوە.

بەر لە جێبەجێكردنی لەقەنارەدانی ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچووبوو، بڕیارێكی فـەرمی دەرچوو، كـە ئەنجـامـدانی بـڕیارەكە لـەلایەن نزیكتـرین دۆست و هـاوەڵیـیــەوە بێت، بۆیـە بانگی گـشـت ئەوانە كــرا، كــە دۆست و نـزیكی بـوون لە سەرتاپای عێراقدا و هێنایاننە بەغدا، تاكو تەقە لە هـاوەڵە پیلانگێڕەكـانیان بكەن، ئەوەبوو مەردان ئەلئـەمارەشـیان لەنێواندا بوو، كە بۆ بەغدا گـواسـترایەوە تا مـاجد ئەلسامەڕاییی برادەری گوللەباران بكات...

مەردان كەوتە كێشەیەكەوە نەیزانی چۆن لێی دەرباز بێت، لە سەرەتادا ویسـتی خۆی لێ بكێشێتەوە و داوای لێبوردن بكات...

كــەچی لافــاوی ســووكــایەتی پێ كــردن و جــوێن و هـەڕەشــەكـردن لەلایـەن ئەو لیـژنـانەی ئەو كـارەیان پـێ ســپـێـررابـوو گـەڕاندیانـەوە ڕیزی ئەوانەی تـەقــە لەو هـاوەڵانەیان دەكەن، كە بڕیاری لەداردان و نەمـانیـان بەسـەردا درابوو. ئیدی بەدوو

دەسـتی لەرزۆکـەوە تفـەنگی گـرتە دەسـت... بەر لەوەی تەقـە بکات دوودڵییـەکـەی درێژەی کـێشـا، کـەچـی شـەپۆلێکی تر لە هـەڕەشـە و جـوێن وایـان لێ کـرد پـەنجـە بەپەلەپیتکەوە بنێت، لێ گوللەکانی تەنیا بـەر قاچەکانی کەوتن... ئا لێرەدا مەردان ڕووبەڕووی شەق و هـەڕەشـەی مەرگ بووەوە گەر بەشێوەیەکی پێویست فەرمانەکان جێبەجێ نەکات...

لە ئەنجـامـدا گـوللـەکـانی مـەردان جـەسـتـەی ئەلسـامـەڕاییی هـاوەڵی لـە تەوقی سەریەوە تا پێیەکانی گرتەوە، هەروەها ئەوانی تریش هاوەڵە خـۆشەویستەکانیان بەهەمان دەرد برد...!

بەدرێژایی چەندین ساڵ (وەکو یەکێک لە ناسیاوەکانی گێڕایەوە) خەڵکی بەسرە کەسێکی وریان دەدیت بەتەنیا بەشەقام و ڕێگەکـانـدا بێ ئامـانج دەسـووڕایەوە و لەگـەڵ خـۆیدا بەدەنگی بڵند قسـانی دەکـرد، هەندێک کـاتیش لە دیوارێک یاخـود دارتەلێک نزیک دەبووەوە، تـاکـو چەند جـارێک سـەری پێدا بکێـشـێت، ئینـجـا لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبوو...

ئەو کـەسـە ورە ڕەفـیق مـەردان ئەلئـەمـارە بـوو، دوای ئەوەی تەمـەنی لە خـەباتی نیشتمانیدا بەسەربرد بێ ئەوەی پێشبینیی ئەوە بکات دواییەکەی بەشداریکردنی بەزۆرە لەو شاییە خوێناوییە دەگمەنەدا.

ڕەنگە ئەم چیرۆکە پێویستی بەهیچ قسە لەسەر کردنێک نەبێت، چونکە بەخۆی خەمی تاڵ دەردەبڕێت و دڵڕەقیی خوێناوی لێ دەچۆڕێت.

گوللەباران کردنی ئەو ژمارەیە لە تۆمەتبـاران بەپیلانگێڕی، یاخود کوودەتاکردن بێ ئەوەی ڕابردووی حزبییان پاکانەیان بۆ بکات، بێگومان کارێکی خوێناوییە...

کەچی بانگـهێشـتکردنی هـاوەڵە نزیکەکانیـان، تاکو بڕیاری گوللەباران جێبەجێ بکەن، بـەشـێکی ئاوارتـەی زەقـە لە خـوێنـڕێژیی زێدەڕۆیـی لە ئاکـاری کـەسـێـتـیی عێراقیدا...

مرۆڤ لە شیکردنەوەی ئەو ڕووداوانەدا دۆش دادەمێنێت، کە لەودیوی ئەم چوونە ناوەوە بەئـەنقـەسـتـەیە لە ئەنجـامـدانی ئازاری دەروونـی و ڕۆحی و سـۆزداری لەو قەسابخانەیەدا.

هەروەها مـرۆڤ لەو هـەسـتـەش نـاگـات، کـە لە نـاخ و مـێشکی سـەدان عێـراقیـدا

هەبوو، لەوانەی لەو شاییە خوێناوییە تۆقێنەرە قێزەونەدا لە خۆشییاندا سەمایان دەکرد و دەیانشیراند...

## سەگە پۆلیسییەکان دوکتۆر ڕاجی تکریتی دەخۆن

مایەی سەیر نییە لە ولاتێک لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا ڕێژیمی سیاسی کەسێکی بەرهەڵستکار، یا کۆمەڵێک کەس لەدار بدات، لەوانەی بەشداربوونە لە پیلانگێڕی دژ بەحوکم، یا ڕێژیمەکە واتێ گەیشتبێت پیلانیان دژ بەدەوڵەت گێڕاوە، هەروەها ئەوەش مایەی سەیر نییە ئەو قوربانییانە تووشی ئەشکەنجەی قورس هاتبن، تا وایان لێ بکەن دان بەوەدا بنێن، کە دەستیان لە پیلانگێڕییەکەدا هەبووە، ئەوەش مایەی سەیر نییە دادگاییە ئاوارتەییەکان بەخێراییەکی گەورە ئەنجام بدرێن و بڕیاری بەپەلە دەربکرێت، هەروەها ئەوەش سەیر نییە بڕیاری لەقەنارەدان بەشێوەیەک ئەنجام بدرێت دژ بەڕەوتی باو بێت لە لەسێدارەدانەکاندا، وەکو خنکاندنی سەربازەکان تا مردن، کەچی سڤیلەکان گوللەباران بکرێن...

گشت ئەمانە و هی تریش ڕێیان تێ دەچێت و پێشبینی دەکرێن و لە ڕێژیمە دواکەوتوو و دیکتاتۆرییەکاندا شیاون... وەلێ ئەوی مایەی سەیر و نائاشنا بێت بەرهەڵستکارێکی سیاسیی تۆمەتبار بەبەشداریکردن لە هەوڵی کوودەتاکردنی سەرنەکەوتوودا لەقەنارە بدرێت، بەدەست بەستراوی بدرێتە دەم سەگی پۆلیسیی دڕندە و برسییەوە تا بیخۆن...

ئەمە ئەو چارەنووسە بوو، کە ڕاجی تکریتیی پزیشکی عێراقی تووشی هات، ئەو پسپۆڕە بەناوبانگ و لێهاتووە لە نەخۆشییەکانی لووت و گوێ و قوڕگ و بەڕێوەبەری گشتیی کارە پزیشکییەکان لە عێراقدا تووشی هات.

بەکەلەپچەکراوی درایە دەم سەگی برسیی پۆلیسییەوە، بەگاز بەربوونە گیانی تا مرد.

ئەو شێوازە سەیرە لە جێبەجێکردنی لەسێدارەدان، ڕەهەندێکی ئاوارتەی ئەوپەڕی خوێناوییە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

پرۆسەی لەناودانی دوکتۆر ڕاجی تکریتی بەم شێوە دڕندانەیە و بەلێپرسراوی هەموو عێراقییەک بەشدار بووە و جێبەجێی کردووە دەبێتە ڕووداوێکی شەرمهێن

له مێژووی کۆمەڵگەی عێراقیدا و دەبێتە نیشانەیەک لەسەر قەبارەی ئاست دابەزین لە ئاکاری دوژمنکارانەی خوێنڕێژی، کە کەسێتیی عێراقی پێی گەیشتووە.

هەرچی تاوانبارەکانی ترن لەو کێشەیەی ڕاجی تکریتیی لەسەر لەناو درا، ئەوا لەکاتی جێبەجێ کردنی مەرگ بەسەریاندا چارەنووسی جیاواز جیاوازیان بەرکەوت...

بەڕێز جاسمی کوڕی مەولود موخلیس (باوکی لە دامەزرێنەرانی سوپای عێراقە) کەسوکارەکەی توانییان کونێک لە سەری بدۆزنەوە، کە شوێنی گوللەیەک بوو لەپشت گوێیەوە تا نێوچەوانی بەلاری بەناو مێشکیدا ڕۆیشتبوو، لەکاتێکدا یەکێک لە ڕانەکانی پێستەکەی پێوە نەمابوو...

هەرچی شێخ تاڵب ئەلسوهێلە، کە لەسۆنگەی هەمان کێشەوە تیرۆر کرا، بەدەمانچەی بێدەنگ چەند تەقەیەکی لێ کرابوو ڕاستەوخۆ بەرەو دڵی، دەمانچەکە لە ڕۆژنامەیەک پێچرابوو یەکێک لە ئەنجامدەرانی بۆ کوشتن هەڵیان گرتبوو، لە مەودایەکی گەلێک نزیکەوە تەقەی لێ کرابوو، دوای ئەوەی شێخ ئەلسوهێل دەرگەی ماڵی بۆ کردبووەوە بۆ وەرگرتنی ئەو جلانەی گوایا پیاوکوژەکە لەلای بەرگدرووەکە بۆی هێناوەتەوە...

لەکۆتاییدا زۆر بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بەم ئاوایە نیشتمان بنیات نانرێت، پاڵنەر و ئەنگێزەکان هەرچییەک بن بەم شێوەیەش کار بۆ نەتەوەی عەرەب ناکرێت.

ئەمە ئەو خراپەکارییەیە، کە ڕۆژانە بۆ پتر لە سی ساڵ سیمای نیشتمان و نەتەوە و حزبی دەسەڵاتداری لەکەدار کردووە، هەینێ ساتی تۆڵەسەندنەوەی شێتانە و تاڵ هات، زۆربەی ئەوانەی ڕووبەڕووی مەرگ بوونەوە و نرخەکەیان بەگرانی دایەوە، ئەو بەستەزمانانە بوون ڕەنگبێت وردەکارییەکانی ئەو کارەساتە نهێنییانەیان نەزانیبێت، کە ڕێژیم بەدرێژایی ئەو ساڵانە پیادەی دەکردن!

### تیرۆری زانراو بەهۆی نەزانراوەوە

مادامەکی باس لە خوێنڕێژی لە ئاکاری کەسێتیی تاکی عێراقیدا دەکەین، کە ناونیشانی بنەڕەتیی ئەم بەشەیە و بەتایبەتیش قسەکردن لەسەر شێوە

ئاوارتەییـیـەکـان لە کـارە خـوێناوییـە تاکـڕەوی و بەکۆمـەڵەکاندا، کـە لە مـێژووی عێراقدا بەشێوەیەکی سەیری نائاسایی و لە دەرەوەی باو ئەنجام دراوە، ئێمە باس لە هەندێک چیرۆکی بیستراوی مەترسیدار دەکەین، کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لەلایەن هەندێک سەرکردەی بەعسیی ئاگادار و جێ بڕواوە باس کران...

ئەو چیرۆکانەی باس لە سـەدام حوسـێن دەکەن چۆن لە مـاوەی جیـاجیـادا کاری تاکـەکـەسـیـی نهـێنی دژ بەکـەسـانـی عـێـراقی ئەنجـام داوە، کـە هەڵدەبژێرران و دەستـنیشـان دەکران و مـەترسییەکەی لەلایەن خۆیەوە دیار دەکرا و بەشێوازێکی تـایبـــەت بێ ئـەوەی هـیچ لایـەنێک، یـا دەســـەڵاتێک، یاخـــۆ دەزگـــەیەک، یـان دامەزراوەیەکی حزبی، یا حکوومی لە وڵاتدا پێی بزانێت...

ئەم چیرۆکە (بیسـتراوانـە) باس لەوە دەکەن، سـەرۆک یەک کـەسی هەڵدەبژارد و بەدوایدا دەنارد، تاکو بەتەنیا چاوی پێی بکەوێت، لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا وێنەی کـەسی داواکراوی پێ نیشـان دەدا، کە پێویستـە لەناو ببرێت یا بکوژرێت، پاشـان هـەندێک زانیـاریی سـەبارەت بەو دەدایێ، ئینجـا داوای لێ دەکرد بەنهـێنیی ڕەها و بەهەوڵی ڕاستەوخۆی تاکەکەسی و بێ پشت بەستن بەکەس بیکوژێت...

ئەوی سـەرۆک ئەم کـارەی پێ بسپێرایا بەتەواوی چارەنووسی خـۆی دەزانـی گەر ئەنجامدانی ڕەت بکاتەوە، یاخود پاراستنی نهێنییە ڕەها داواکراوەکەی لەم کارە ئاوارتەییـیـە تایبـەتـەدا بەهەند وەرنەگـرتـایا، چەندین چالاکـیی لەم بـابەتە ئەنجـام دراون و نە دەســەڵاتی تەناهی و نـەیش تاوانکاری و نەیش حکوومی توانیـیـان لەم ڕووداوە نهـێنییـەیەدا بکوژەکە بدۆزنەوە، بۆیە ئەو تاوانانـە دژ بەنەناسـراو تۆمـار کران.

ئەم گـێـڕانەوە بیـسـتـراوانە قـسـە لەسـەر گـرفـتـێک لە جـۆری تایبـەت دەکـەن، جــارێکیــان ڕووبەڕووی یەکــێک لەو بکوژانە بووەوە، کــە ئـەو چالاکـیـیـەیان پێ سـپـاردبوو، قـوربـانییـەکە ئەوی دەبوو بکوژرێت برادەری خـۆی بوو، بـۆیە بەلایەوە قورس بوو بیبا و بیخـاتە لاوە تا بیکوژێت، بێ ئەوەی کەس بەپێوەندیی بە ڕووداوی کوشـتنەکەوە نەزانێت... چونکە زانین بەپێوەندیی بـەڕووداوی کوشتنەکەوە، دەبێتە هۆی بانگکردنی و دانی تۆمـەتی کوشـتنەکە بەسـەریدا لـەلایەن دەزگا فەرمـییـەکانی وەکو پۆلیس، یا هـەواڵگری، ئەو کات دوور نـییـە ئەوی سـەرۆکایەتی پێی سپـاردووە

لەسەر ئەم بابەتە تایبەت و مەترسیدار و زۆر نهێنییە پێ بزانن... وێڕای زەحمەتی و وریایی لە جێبەجێکردنیدا، کەچی کارەکەی سەرۆکایەتی ئەنجام درا و کابرا دوای ئەوەی فێڵی کرد برادەرەکەی خۆی کوشت...

ئەگەر ئەم چیرۆکە (بیستراوە) ڕاست بێت، ئەوا ئەو کارە خوێناوییانە تایبەتمەندیی ئاوارتەیی دەگمەنیان هەبوو بەشێوەیەک بەدەر لە ئاسایی بوون.

هەڵبەت ئەم ڕووداوە خوێناوییە نهێنییانە لە مێژوودا بەچەپێنراوی دەمێننەوە، تاکو ئەو ڕۆژە دێت یەکێک لە ئەنجامدەران (لەوانەی لە ژیاندا ماون) بوێری دەکات و ڕاستی دەڵێت و هەندێک لە وردەکاری و نهێنییەکانی ئەم بابەتە مەترسیدارە دەخاتە ڕوو.

بەڵام وا تێدەگەین کەس نەتوانێت هۆ و پاڵنەر و نهێنییەکان بزانێت، کە وایان لە سەدام حوسێن دەکرد بەتایبەت ئەم کەسانە تیرۆر بکرێن، بەدووری دەزانین یەکێک هۆ و پاڵنەرەکانی بزانێت، تەنانەت ئەوانەشی کە بەو کارە خوێناوییە تاکەکەسییە تەنیایە هەستاون.

ئێمە وا تێدەگەین سەرجەم نهێنییەکانی ئەم بابەتە مەترسیدارە بۆ یەکجاری دوای لەداردانی سەرۆک سەدام حوسێن خراونەتە ژێر گڵەوە، مەگەر ئەو خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە یادەوەرییە تایبەتەکانیدا نووسیبێتنی.

بەگشتی ئەوی پێوەستە بەباسەکەمانەوە سەبارەت بەخوێنرێژیی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا، وایدەبینین ئەم بابەتە شاراوەیە، کە لە دێڕەکانی پێشوودا ورووژاندمان، جگە لە لاپەڕێک لە لاپەڕە خوێناوییە دەگمەنەکان پتر هیچی تر نییە، کە مێژووی عێراق لە ماوەی سەرجەم سەدەکاندا لەخۆی گرتووە.

## نموونەی زەق لە ڕووداوی خوێناویی دوای ساڵی ۲۰۰۳ز دا

قەبارەی ئەو کارە خوێناوییانەی هاوشان بوون لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای ساڵی ۲۰۰۳ بەدڵنیاییەوە پێویستیان بەدیکۆمێنتکردن و چاودێری و شیکردنەوە هەیە، وێڕای ئەوەی دەلالەت و ئامـــانجی ئەو ڕووداوانە ڕوون و ئاشکران، هەروەها پێویستە مێژووی ئەم ماوە شێتانەیەی مێژووی عێراق بەشێوازێکی میتۆدی بنووسرێتەوە، چونکە بارگاوییە بەڕووداوی خوێناوی کە ڕەهەندی خەیاڵی و

ناماقوولّیان هەیە، تا ئێستاش بەڵگەیەکی وروژێنەرن لەسەر ئەو خراپییەی کەسێتیی عێراقی پێی گەیشتووە و بەتەواوی تێوە گلاوەتە ئاکاری خوێنڕێژی و زێدەڕۆیی.

بە هەزاران لەو عێراقییە بێلایەنە بێ زیانانەی تووشی سەراسیمەیی و سەرسووڕمان هاتوون و ڕۆژانە دەپرسن (لە کاتێکدا بڕوا بەوە ناکەن، کە دەیبینن و دەیبیسن) چۆن کەسێتیی عێراقی دەتوانێت ئەم هەموو قەبارەیە لە دوژمنکاری و ئەوپەڕی خوێنڕێژی لە قەبارە و شێوە و ئاست هەڵگرێت؟ ئەی چۆن ئاکاری بەم شێوە ئابڕووبەرە دابەزییە خوارێ لە کاری تاوانکاریی توندا لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەو تاوانە دڕندانانەیە لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی بارگاوی بەناحەزیی دوژمنکاریی سەرەتایی.

ئێمە لێرەدا بەتەواوی دەستەوەستانین لە خستنی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانە، کە بەکردەنی لە واقعی کردەییدا جێبەجێ کران و لەسۆنگەی زۆرییەوە ئەوپەڕی گرتەوە لە ئاکاری خوێنڕێژیی دوژمنکارانە، بەڵام ئەمە وامان لێ ناکات دەستبەرداری ئەوە بین هەندێک نموونەی بەڵگەدار بهێنینەوە لەسەر ئەو ئاستەی کەسێتیی عێراقی پێیدا تێپەڕی لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو تاوانێلە نەکردەنییانەدا لە توندوتیژیی پاکتاوکردن، بەتایبەت لەو ڕۆژ و ساڵانەی هەڕەشەی شەڕی تایەفەیی لە عێراقدا ڕوو لە هەڵکشان بوو.

بەهەزاران ڕووداوی خوێناوی کە ڕەهەندی دۆزەخیی نوقوم بوو لە خوێنڕێژیی قیزەونیان لەخۆ گرتووە، یەک بەدوای یەک لە هەموو شوێنێکی عێراقدا ڕوویان دا، هەر قسەکردنێکیش لەسەری هەرچەندە پڕ لە وردەکاری بێت، وا دیار دەدات لە وەسفی مەبەست و مانا و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاکاریدا کورت دەهێنێت، ڕەنگە ئەمە بچووککردنەوەی گەورەیی ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانە بێت.

ئەم ڕووداوانە پەردەیان لەسەر کەسێتیی عێراقی و خەوش و ناتەواوییەکانی هەڵماڵی و لایەنی خوێنڕێژییە زۆر دزێو و دڕندانەکەی لە ئاکاری ئەم کەسێتییەدا ئاشکرا کرد، لەتوانای هیچ توێژەرێک، یا لێکۆڵەرێکدا نییە کەسێتیی عێراقی لەو ڕووداوە قێزەونانەدا لە توندوتیژیی خوێناوی بێ گوناە دەرکات، کە ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ئەوەش ئەنجام دران، خۆ ئەگەر بمانەوێت ناوی هەندێک لەو ڕووداوانە

بهێنین، وەکو نموونەی جۆرێتی لەو تاوانە خوێناوییانەی دەرەوەی باو ڕوویان داوە، بۆ نموونە:

خەڵکی لە بەغدا و هەندێک لە پارێزگەکان بۆ ماوەیەک لەخۆوە ماسییان نەخوارد، ئەمەش لەبەر زۆری ئەو تەرمانەی فڕێ دەدرانە ڕووباری دیجلەوە و بوونە خۆراکی ماسییەکان، خەڵکی هەندێک لاشەی سەرئاوکەوتوویان دۆزییەوە ماسییەکان گەلێک شوێنی جەستەیانیان خواردبوو، ئەو تەرمانەشی لەو ماوە خوێناوییە شێتانەیەی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بەسەربڕاوی فڕێدەدرانە ڕووباری دیجلە و ڕووبارەکانی تری عێراقەوە، ئەو کات ڕێکخراوە تایفەییە خوێنڕێژە چەکدارەکان پارەی زۆریان دانابو لە بەرابەر سەری مرۆڤێک بگاتە دەستیان و لە بەرابەر لاشەکەی هیچ پارەیەک یان نادا، لەبەر ئەمە گرینگی پێدان و داخوازی لەسەر سەری مرۆڤ لە هەڵکشاندا بوو، کەچی لاشەکە دوای لێکردنەوەی سەری دەبووە بارو دەبوو لێی ڕزگار بن، بۆیە فڕێدانە ڕووباری ئەو لاشانە ژمارەیان هەرچەندێک بووبێت ئاسانتر و خێراترە لە سەرقاڵبوون بەناشتنیانەوە، هەرچی ئەوانە بوون کە ئەم لاشە سەربڕاوە عێراقییانەیان دەخستە ئاوەوە، ئەوا زۆربەیان عێراقی بوون...

لەلایەکی ترەوە ئەوا بەخشینی خەڵات، یا نرخی بەرابەر سەری مرۆڤێک لەو سەردەمەدا نەریتی وەستاندنی تەرمی گواستراوە بەئۆتۆمبیل لە ناوچەکانی خوارووی عێراقدا باو بوو، کە ڕوویان لە نەجەفی ئەشرەف دەکرد لە هەندێک لە ناوچەکانی باشووری بەغدادا وەکو مەحمودیە و لەتیفیە بەچەک هەڕەشەیان دەکرد، کە تابووتەکە بکەنەوە و سەری تەرمەکە ببڕن، ئینجا ڕێ بەتەرم و تابووت و ئەوانەی لەگەڵیدان دەدرا، تاکو درێژە بەسەفەرەکەیان بۆ نەجەف بدەن، بەڵام بێ سەری مردووەکە، چونکە دەبرا و دەفرۆشرا و نرخەکەی بەدۆلار وەردەگیرا، وەکو چۆن ئەو کات لە ناو خەڵکیدا باس دەکرا.

هەرچی چیرۆکەکانی ئەتککردن و دەستدرێژیی سێکسین بەڕوحی تۆڵەسەندنەوە، ئەوا لەبەر سەیر و سەمەرەییەکەی زۆر لە خەیاڵ نزیک دەبووەوە، هەندێک لە گیراوەکان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دانیان پێدا نابوو، کە دوای گرتنیان بەتۆمەتی کاری دزێو لە ڕفاندن و کوشتن و دەستدرێژی، کە لە مەزراکەی ناوبراو شێخ مەحمود ئەلجحێش ئەنجام دەدران، کە کەوتووەتە سەر ڕێگەی لەتیفیە (خوارووی بەغدا)، ئەو مەزرایە تەرخان کرابوو تا ببێتە بارەگایەک ئافرەتە

ڕفـێندراوەکـانی تێـدا کـۆ بکەنەوە، دواتر دەســتـدرێژی بکەنە ســەریـان و هەر ئافرەتێکی ڕفێنراو سەرجەم ئەو زەلامـانەی لە مەزراکەدان، کە ژمـارەیان لە بیست زەلام کەمتر نییە بەپاسەوان و چەکدارەوە، دەستدرێژی دەکەنە سەریان و دوای ئەوە دەیانکوژن و سەریان دەبڕن و لاشەکانیان تووڕ دەدەنە ڕووبارەوە...

لەو ڕووداوانـەی بارگـاوین بەئەوپەڕی خـوێنـڕێژی، ئەم ڕووداوەیە کـە لە سـاڵی ٢٠٠٧دا ڕووی داوە:

تەقینەوە لە حوسێنییـەیەکی شیـعەکاندا لە بەغدا (شـاری...)دا ڕوو دەدات، لە بەرپەرچدانەوەی ئەم تەقـینەوەیە کـۆمـەڵێک لە حـزبیـیـەکـانی سـەر بەیەکـێک لە ڕێکخراوە شیعەکان هێرش دەکەنە سـەر مزگەوتێکی سەر بەسوننەکان بە ناوی (مـزگەوتی...)، مـەلای مـزگەوتەکـەیان گـرت و سـەریـان خسـتـە سـەر منارەکـە و بەتوندی بەمنارەکـەوە بەسـتـیـانـەوە، ئینجـا دابەزین و منـارەکـەیان لـە خـوارەوە تەقاندەوە، ئیتر پێویست باسکردن ناکات، چونکە خەڵکی بەغدا لە سوننە و شیعە زۆر باش گشت ناو و وردەکارییەکان دەزانن، هـەروەها ئاگایان لە سەدان بەڵگە و ڕووداوی تر هەیە لەم ڕووداوە و ئـەوانی تر دەچن، چـونکە ئەوان بـوون بەئـاگــری شێتانەی تایفەیی داخ کران...

لە سـاڵانی شـەڕی خـوێناویی تایفـەییدا دوای سـاڵی ٢٠٠٥ قسـەی سـەر زاری خـەڵکی ئەوەبوو، کـە هەندێک شـێـوازی تاوانکاریـی سـەیر لە ئـەشکەنجـەدان و تیـرۆرکردن بوونەتە باو، وەکـو کەسی ڕفـێنراو ناچار دەکرێت بەنزین بخـواتەوە، پاشـان بـەگـوللەی گـڕدار تەقـەی لێ دەکـرێت، ئەمـەش دەبێـتـە هۆی تەقـینەوەی بەنزینەکـە لە ناو هەناویدا و گـڕگرتنی ئەندامـەکانی لە ناوەوە، ئەم شـێوازەش لە کوشـتن لە سەردەمی ڕابردوودا بەر لە ڕووخـانی بەغدا، واتا سـاڵی ٢٠٠٣ بڵاوبوو، وەلێ حـەزی ئاکاری خوێنڕێژیی تاوانکاری لە کەسێتیـی عێراقیدا ئەم شێوازە دەگمەنەی کوشتنی ژیاندەوە.

لەناو خەڵکیدا قسە سەبارەت بەو شێوازە تاوانکارییە دەگمەن و نـەسرۆ و نوێیە لە کوشتن و ئەشکەنجەدان بڵاو بووەوە، ئەمـەش بەقـۆڵبەستکردنی گیـراوەکە، یا ڕفێنراوەکە بەشێوەیەکی توند سەرتاپای جەستەی لەبان سینگییەوە بۆ پێیەکانی، پاشان تا ناوەڕاستی، واتا تا سکی دەخرایە سندووقی ئۆتۆمبیلەکەوە بەشێوەیەک دەرگـەی سنووقـەکـە لەسـەر سکی توند بێت، دواتر بەنزینیـان بەسـەردا دەکـرد و

گریان لێ بەردەدا، ئیتر لەتاواندا ئەمدیو ئەودیوی دەکرد و بڵێسەی ئاگریش جەستەی و سندووقەکەی دەگرتەوە، جەلادەکانیش تەماشایان دەکرد و نەیان دەهێشت هیچ کەسێک بیکوژێنێتەوە، تاکو دەبووە خەڵووز...

هەروەها خەڵکەکە قسەی زۆریان دەکرد سەبارەت بەڕفێنراوێلێک کوشتوویانن و پاشان ناوسکیان بۆمبڕێژ کراوە، دوای ئەوە پێوەندیی بەکەسوکاریانەوە کراوە، تاکو بێن تەرمەکەی لە شوێنی دەستنیشانکراو بەرابەر بڕێک پارە وەرگرنەوە، کاتێک کەسوکاری ڕفێنراوە کوژراوەکە نزیک دەبنەوە، تاکو تەرمەکەی هەڵگرن، لە دوورەوە بەهۆی کۆنترۆڵەوە بۆمبە چێنراوەکەیان پێدا دەتەقێننەوە، ئیدی تا بتوانێت لە کەسوکار و نزیکەکانی دەکوژێت...

هەرچی بەکارهێنانی شێت و مەنگۆلییە (ئەوانەی لە ڕوخسار و ئاوەزدا ناتەواون) لەلایەن هەندێک عێراقییەوە و بەکارهێنانیان لە تەقاندنەوەی بۆمبی چێنراو و هاندانیان بۆ گواستنەوەی ئەو بۆمبانە و پاشان تەقاندنەوەیان بەخۆیاندا و پارچە پارچە وهەپروون بەهەپروون بوونیان، ئەوە ئاستنزمترین کار و خراپترینیانە لە ئاکاری تاوانکاریی خاڵی لە هەر بەهایەکی مرۆیی، یا ڕەوشتی، پەنابردنی کەسێتیی عێراقی بۆ پیادەکردنی ئەم ئاستە نزمە لە تاوانکاریی دڕندانە، ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ قەبارەی ئەو وێرانییەی ئەم کەسێتییە تێی خزاوە و پێی گەیشتووە لە ئاکاری خوێنڕێژیی تۆڵەستێنانەی تاوانکاری لە دەرەوەی بەها مرۆیی و ڕەوشتییەکانەوە.

ئێستا دوای ئەم کاروانە خوێناوییە پڕ لە کارەسات و ئێش و ئازار و قوربانی و غەمە تاڵانە، ئایا مافی هەر هاووڵاتییەک نییە بپرسێت:

بەدەیان هەزار عێراقی ئەگەر زیاتر نەبن، بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو لە ڕۆیشتنی عوسمانییەکانەوە، بەشێوەیەکی ئاوارتەیی دڕندانەی نامرۆیی بەشدارییان لە پرۆسەی ئەشکەنجەدان و کوشتن و خوێنڕشتن کردووە، باشە ئێستا ئەو دڕندە مرۆییانە لەکوێ دەژین، کە ڕێیان بەخۆیان دا لە پارچەپارچەبوونی جەستەی عێراقییەکان چێژ وەرگرن؟ هەروەها لەزەت لە ئەتککردن و یاری بەچارەنووس و ڕۆحیان بکەن و دەروونیان تێک بشکێنن و هەندێک جار ببنە هۆی مردن و کەمئەندام کردنیان؟ داخۆ ئێستا خەریکی چین؟ ئەی کات و ڕۆژیان چۆن بەسەر دەبەن، دوای ئەوەی ڕۆژگار گۆڕا و ڕۆڵ و کارە

درێوەکـانیـان تەواو بوو، کـەچی دڕندەیێلی تر کـە لەوان دەچن، بەردەوامـن و تا ئێستا هەمان تاوان و ڕۆڵی خوێنڕێژیی چەپەڵ لە بەرابەر عێراقییەکاندا دەگێڕن؟

چی ئەوە لای عێراقـیـیەکان زامن دەکات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جـارێکی تر ئەم دڕندانەی ئێستـا لە نێوان ڕیزەکانیـاندا دەژین ناگـەڕێنەوە و بڵاو نابنەوە، تـاکو سەرلەنوێ بەگوللە یا بەقامچی گیانیان هەپروون بەهەپروون ناکەن؟

پرســیــاری لـەم جــۆرە و کــەڵکەڵە و ترس لـە بەرابـەر ئەوی بیــر دەکــاتەوە بەرپرسـیـارێتـییـەکی گـران دادەنێت، بەپێـویسـتـی ڕێگەچارە دانان بۆ ئەم جـۆرە نەخۆشییە دەروونییەی کەسێتیی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت ئەوی پێوەندە بـەحـەزی زاڵبـوونییـەوە لە پیـادەکردنی ئـاکـاری خـوێنڕێژیی دوژمنکارانە. هـەروەها پێویستیی قـوتارکردنی کۆمـەڵگەی عێراق لەم مەترسییەی لە ڕیزەکانیدا خـۆی حـەشـار داوە، لەپێناو سـەرلەنـوێ بنیـاتنـانەوەی کەسـێتـیی عێـراقی بەپێی بنەمای دەروونی و ئاکاریی ڕاست و دروست.

ئێـمـە نامـانەوێت بکەوینە لێکدانەوەی سـاکـار و ڕووکـەش، کـە وای دەبینێت ئەنجامدانی کاری دوژمنکاریی مـەترسـیدار لەلایەن کەسـێتیی عێراقـییـەوە، کە مـۆرکی خـوێنڕێژی پێوە دیار بێت، جگە لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسیی تـەنیـا، کە هەندێک لە عێراقییە هەڵەشە دڵڕەقەکان ئەنجامی دەدەن، لەوانەی هەست و بەزەیی و دڵسۆزییـان نییە بـۆ ئێشـەکەیان و ئامانج و پاڵنەرە کەسـێتییـەکەیان و... هەتا دوایی لەو قسە قۆڕانەی لە هەویرێک دەچن ئاو زۆر بکێشێت.

کێشەکە لەوە گەورەتر و قـووڵتر و مـەترسـیدارتر و ئاڵۆزترە، دەبێت لە مـیـانەی هەزاران بەڵگەی مـێژووییـیـەوە (کە بەشـێکی کـەمـیـمـان لـەم کـتـێبـەدا باس کرد) قـەنـاعـەت بەوە بێنین، کـە ئاسـیـاوێکی خـوێناویی مـرۆیی هـێشـتـا دەسـتـاڕەکـانی بەشـێـوەیەکی بەردەوامی کـارەسـاتبـاری وێرانکەر و تۆقـینەر  سـەدان سـاڵە و تا ئێستـا لەگەڕدان، بەردەوام مرۆڤ و بەهاکان لە وڵاتـی دوو ڕووباردا (وڵاتی عێراق) دەهاڕێت، بێ ئـەوەی تا ئێــســتــا کــەس بتــوانێت لە خــوولانەوەی بـەردەوامی بوەستێنێت...

ئێستـا پاش ئەوەی لە سێ بەشی درێژ و پاڵپشت بەبەڵگەی مێژوویی، خەسڵەتە نەرێنییەکـانی کەسێتیی عێراقیمان خستە بەرچاو، کە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خـوێنڕێژین، لەگەڵ ئەو لقانەی لێی دەبنەوە لەو ئاکارانەی دەکرێت لە چوارچێوەی

نەخۆشییە دەروونییەکاندا پۆلێنیان بکەین، کە دەرگیری ئاکاری ئەم کەسێتییە هاتوون، دەڵێین:

چەندێک مایەی ئازارە و غەم و تووڕەیی لە دەروونماندا دەورووژێنێت، لەو کاتی خۆمان دەبینینەوە ناچارین ئەم ڕاستی و ڕووداوانەی مایەی خەمن بخەینە بەرچاو و شــۆڕ بینەوە بۆ شــیکردنەوە و ناوهێنانی ئەو بڕیار و ئەنجــامــە قــورســانەی سەبارەت بەنەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانن، کە کەسێتیی عێراقی گیرۆدەیان بووە، بەتایبەت ئەو بلیمەتی و دەسکەوت و سەرکەوتنە ژیارییە مەزنانەی بیر خۆمان دێنینەوە، کە عێراقییە بەراییەکانی نیشتەجێی دۆڵی میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی ڕابردوودا پێشکەشیان کرد، هەروەها کاتێک ئەو داهێنانە گەورانەیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بیر خۆمان دێنینەوە، وەکو داهێنانەکانی نووسین و پێچکە و برۆنز و دروستکردنی یەکەمین کۆمەڵگەی سەقامگیری کشتوکاڵی و دۆزینەوەکانیان لە بواری گەردوونناسی و کەلووە ئاسمانییەکان و داهێنانی گڵێنە و مۆری لوولەیی و یاسادانانی یەکەمین یاسا مەدەنییەکان لە مێژوودا و گەلێک دەسکەوتی ژیاریی تر.

هەروەها چەندێک ئەم بابەتە ئازارمان دەدات، کاتێک ئەو عێراقییە بلیمەتانە بیر خۆمان دێنینەوە، لە هەر زانست و جۆر و هونەر و ڕەنگ و داهێنانێکدا کاتێک دەرکەوتن و ناوبانگیان بەهەموو ئاسۆکانی زانیندا لە سەدە جیاجیاکاندا بڵاو بووەوە، هەر لە وڵاتگیریی ئیسلامییەوە تاکو سەدەی ئێستا.

چەندێکیش خەمی پێ دەخۆین هەینێ چەندین هەڵوێستی جوامێری و پیاوەتیی دەگمەن و بەخشندەیی و لێبوردن و وەفاداری و دڵپاشی و خۆبەختکردن و ئەوپەڕی ئازایەتی و داهێنانی ئاوارتەیی و ناسکی و بەزەیی پڕ لە هەستی مرۆیی و ... هی تریش لە هەڵوێستی تاکرەویی دڵگیر بیر خۆمان دێنینەوە، کە هەندێک لە عێراقییەکان بەخۆڕسک پابەندن پێیانەوە و هەڵسوکەوتیان پێ دەکەن.

دەڵێین چەندێک ئازارمان پێ دەگەیەنێ و مایەی خەمە، کەچی میتۆدی زانستی و مێژوویی بەتەنگەوەهاتن و رووپامایی نازانێت، بەڵکو پێویست بەوە دەکات و دەبێت ڕاستی و ڕووداوەکان چەندێک قورس و دڵتەزێن بن، بەتێکڕای گشتی بخاتە ڕوو، هەروەها بەشێوەیەکی بابەتییانەی بێلایەن و دوور لە ئارەزووی سۆز و هەستی تایبەت.

زیاتریش ئەوکاتی ئامانجی کۆتایی توێژینەوەکە حەزی دۆزینەوەی چارەسەری دروست بێت بۆ قوتارکردنی کەسێتیی عێراقی لە ناتەواوی و نەرێنییە ئازاربەخشەکان، کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەسەر ئاستی دەروونی و ئاکاری دەرگیریان بووە.

بەشی پێنجەم

# چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی کەسێتیی عێراقی

بەشی پێنجەم

# چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی کەسێتیی عێراقی

## هەندێک ڕاستیی تاڵ دەبێت درکیان پێ بکرێت

کاتێک بیر لە دانانی ڕێگە چارە بۆ کۆمەڵێک دیاردە و سیفەتی نەرێنی و نەخۆشیی دەروونی و ئاکاری دەکەینەوە، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و بەدوور و درێژی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستمانە ڕوو و نموونە و چەشنەکانی ئاکاریی کە لەوەوە ڕەنگ دەداتەوە بینی، بۆیە لەسەرمانە قەناعەت بەوە بێنین، کە کۆمەڵێک لەمپەر و زەحمەتی و ڕووداوی تاڵ ڕووبەڕوومان دەبنەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ڕووبەڕووی هەر پرۆژەیەکی نیشتمانی بۆ چاکسازی لەم بوارەدا دەبێتەوە، ئەمەش ئەو کارەیە دەبێت شارەزای بین و درکی پێ بکەین و لێی ورد ببینەوە، چونکە ئەو بابەتەی خۆمان دەپارێزین لەوەی چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بابەتێکی مەترسیدار و زەحمەت و تێکچڕژاوە و لایەن و ڕەهەندی زۆری لێ دەبێتەوە، جگە لەوەی بابەتێکی زۆرخایەنە، تەمەنی وێرانکردنی دەروونی و ئاکاری، کە کەسێتیی عێراقی تووشی هات لەلایەنی زەمەنییەوە زۆر درێژە، کە دەگاتە چوار هەزار ساڵ، ئەم وێرانکارییە لەسەرخۆ و پلە بەپلە و بەدرێژایی چەندین سەدە دەرکەوت، بۆیە ناکرێت لاببرێت، یا بەخێرایی بەیەکجار چاک بکرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین چارەیەکی ئەفسووناوی، یا بەپەلە نییە، بەڵکو ڕێگەچارەی میتۆدیی چاکسازیی درێژماوە هەیە، دەتوانێت ئەنجامی باش بەدەستەوە بدات، گەر پێویستییەکانی سەرکەوتن و پراکتیکی کردەنی لەبەردەستا بێت.

هەمەلایەنی خەوشەکان و وێرانکردن لە کەسێتیی عێراقیدا و گشتگیریی ڕەهەندی جیاجیای دەروونی و ئاکاری و درێژبوونەوەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە جۆری ئاکاری دابڕاو لەوەوە، بەدڵنیاییەوە زەحمەتیی زۆر لە بەرابەر هەر چارەیەکی سەنترالیی گشتگیر دادەنێت.

## چارەسەرەکان

دوای ئەوەی دەستنیشانی جۆرە سەرەکییەکانی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانمان کرد، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، یاخود کەسێتیی عێراقیی لە سۆنگەی ڕەوشی مێژوویی و بابەتی، کە دەورەی داوە و بەدەر لە ویستی خۆی دەرگیریان بووە، کە بەسێ سیفەتی نەرێنیی سەرەکی دەستنیشانمان کردن، کە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی (واتا دیکتاتۆری) و خوێنڕێژین، پاشان دوای ئەوەی زانیمان و دەستمان نایە سەر ئەو هۆ و فاکتەرانەی لەو دیو ئەم سیفەتە نەرێنییانەوە وەستاون و دەبنە هۆی سەرهەڵدانیان، کە دیارمان کردن بەنوشوستی و بێ هیوایی و بێبەری بوون، دوای ئەم دەستخستنە سەرە، بەپاڵپشتیی دەیان نموونە و ڕووداوی مێژوویی لێکدرانەوە، دەڵێین وای لێ هاتووە بەئاسانی جۆری چارەسەر و ڕێگەچارەی پێویست بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییانە دیار دەکرێت، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و خۆی لە گشت کورتکردنەوە و سادەییدا دەبینێتەوە، لە زاڵبوون بەسەر هۆکارەکاندا، کە لە پشت دەرکەوتنی ئەم سیفەتە نەرێنییانەوەن، یاخۆ ئەم سێ نەخۆشییە مەترسیدارەوەن.

واتا بەنەهێشتنی نوشوستی و بێ هیوایی و بێبەری لە ناوەندی کۆمەڵگەی عێراقیدا، ئەمەش دەخوازێت گشت ئامراز و کارڕایی و شێوازەکان بگیرێتە بەر بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ، بەشێوەیەک نەناڵێت بەدەست نوشوستی و بێبەری و بێ ئومێدییەوە.

بەڵام چۆن ئەمە ڕوو دەدات؟ ئەمەیە دەبێت لە وردەکارییەکانی بکۆڵینەوە و پاشان پرۆژەی چارەسەر، کە پێویست بەپیادەکردن دەکات پێکدەهێنێت بۆ سەرلەنوێ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی و ڕزگارکردنی لەم ناتەواوی و نەخۆشییانە، کە بەدرێژایی چەندین سەدە لە مێژوودا بەدوایەوە بوونە.

## پرۆژەی ڕێگەچارەی پێشنیازکراو

١– دانانی بەرنامەیەکی نیشتمانیی ناوەندی بەناوی: بەرنامەی نیشتمانی بۆ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی

ئامانج لەم بەرنامەیە ئەوەیە سەرلەنوێ کەسێتیی عێراقی بنیات بنرێتەوە و سیفەتە خراپە نەرێنییەکانی نەمێنن، کە ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی دەگرێتە خۆ، ئێمە وای بەباش دەزانین ناوی بنرێت: بەرنامەی نیشتمانی بۆ سەرلەنوێ پێگەیاندنی کەسێتیی عێراقی و دەکرێت لیژنەیەکی نیشتمانیی کاتیی بەرفراوان لە ژمارە و ئاستی بەرز پێک بهێنرێت، کە ژمارەیەک لە پەروەردەکاران و زانای دەروونناسی و کۆمەڵناسی و پسپۆڕ بگرێتە خۆ و دانانی پلانی گشتییان بۆ ئەم بەرنامە نیشتمانییە پێ بسپێررێت، بەو مەرجەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە مامۆستایانی زانکۆ و لە وەزارەتەکان و فەرمانگە فەرمی و کۆمەڵایەتییە هەمەڕەنگەکانی تر بن، کە لە خزمەتی ئامانجی گشتیدا بن، لەگەڵ دانانی بەرنامەیەکی میتۆدیی ورد و واقعییانە، بەمەرجێک لە پێشەوەی کارەکانی ئەم لیژنەیە بێت، هەروەها دانانی چوارچێوەی کارگێڕی و دارایی و هەرەمی ئیش لە فەرمانبەر و کارگێڕی و ئەوانەی بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە ستراتیجییەیان لەسەر شانە، بەمەبەستی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەی دوایی بەرپرسانی ئەنجامدەری بەرنامەکە، کە دەبێت بەماوەیەکی کەم دیار بکرێت لەپێناوی بەدەستهێنانی هەل بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سەرکەوتن و نوشوستی و لێپرسینەوە.

بەو مەرجەی ئاگای لە بەتەنگەوەهاتنی هەڵبژاردنی کارمەندان و چاودێریکەران و جێبەجێ کارانی ئەم بەرنامەیە و جومگە زیندووە جێبەجێ کراوەکانی لە کەسانی سەربەخۆ و ناحزبی و ئەوانەی دوورن لە دەستە و تایەفە، سەرەڕای بڕوای ڕاستەقینەیان بەدیموکراسیی ئازاد.

٢– ئەنجامدانی هەڵمەتێکی فراوانی ڕۆشنبیرکردن لەناو کۆمەڵگەدا بۆ پێناسەکردنی هاوولاتییان بەسروشتی گرفتەکە:

ئەمەش پێویستی بەبەشدارکردنی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیران و بیریاران و

نووسـەران و شـاعـیـران و شـانۆکـاران و هونەرمـەندان و سـەرجـەم داهێنەرانە، پێویسـتـە زۆرترین ژمـارەی ڕۆڵەکـانی وڵات ئاگاداری بوونی ئاریشـە و سـروشت و هۆکـارەکـانی بن لەگـەڵ ڕێگەچارەی پێـویست و داواکـراو بۆ جـێـبـەجـێکردنی لە پرۆسـەی دووبارە پێگەیاندنی کـەسێـتیی عێراقی، تاکو بەهۆشـیارییـەوە یارمـەتیی پراکتـیـزەکردنی ئەو پلانانە بدەن، کە بۆ ئەم مـەبەسـتـە دانراون و بۆ ئەوەی تێیدا بەشدار بن و بەجۆشوخرۆش بن بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی.

ئەو کـۆمـەڵگەیەی هـەست و درک ناکـات بەبوونی ئەم جـۆرە گـرفـتـانـە و لە ڕیزەکانیدا بەدەست دیاردەی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانەوە ناناڵێنێت، ئەوا بەشداری ناکات و بەجۆش نابێت لە هەر پرۆژەیەکی چاکسازیدا، بەڵکو دوور نییە گرفت بخاتە بەردەمی و گاڵتەی پێدا بێت.

٣- دانانان بەوەی هۆیە سـەرەکییـەکانی نەخۆشـییە دەروونی و ئاکارییـەکان، کە کـەسێـتیی عـێراقـی بەدەسـتـیـانەوە دەناڵێنێت، نوشـوسـتـی و بێ ئومـێدی و بێبەرییە:

لەبەر ئەمـە دەبێت هـەمـوو ئەو ڕێوشـوێنانە بگـیـرێنە بەر، کـە دەبنە ئەگـەری ساردکـردنەوە و لاوازکردن، یا نەهێشـتـنی هـەسـتـی نوشـوسـتـی و بێ ئومـێدی و بێبەری لای هاووڵاتی و تـاک لە کۆمـەڵگەی عێراقیدا، لـەم بارەیەوە بۆ نموونە ڕێگە نەدانی حکوومەت بەهەر بەرپرسێک لە هەر ئاستێک لە ئاستەکاندا بێت، نوقڵانەی بەرنـامـەی گـەشـبـینی، یاخـود درۆ، یا زیادەگـۆیی بکات، چونکە ئەوە هـەسـتـی نوشوستی و بێ ئومێدی لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا دەورووژێنێت، ئەوکاتی دڵنیا دەبێت ئەو بەڵێنـانەی پێی دراون درۆ و بەتاڵن، قسـە نەکردن و وادە و بەڵێن نەدان باشـترە لەوەی وادەی درۆ و پڕ لە زێدەگۆیی بدرێت کە نایەنـە دی، لەلایەکی ترەوە پێـویسـتـە دان بەوەدا بـنرێت، کـە سـەرکـەوتن لە پێـشـخـسـتنی خـزمـەتگوزاری و ئابووری لە وڵاتدا بەدڵنیاییەوە گەلێک یاریدەی کوژاندنەوەی هەستی بێ هیوایی و نوشوستی دەدات.

وا باشترە دەوڵەت جـۆرێک لە سزا، یاخود لێپرسینەوە بگرێتە بەر سەبارەت بەو لێدوانە ناڕاسـتـانە، یا گـەشـبـینانە، یا ئـەوانەی زێدەگـۆییـیـان تێدان، کـە هـەر بەرپرسـێکی دەوڵەت دەیگرێتـە بەر، ئەمـەش بەوە دابـنرێت هـەڵـخـەڵەتاندنی خـەڵکە و

دروستکردنی دۆخی نوشوستییه لایان.

٤- جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراو و درێژماوە:

دەکرێت ئەمە بەشێوەی ڕابوێری، یا شانۆنامە، یا نمایشکردن، یافیلم، یا کۆڕی جدی ئەنجام بدرێت، بەو مەرجەی بەشێوازی ئارەزوومەندانە و فێرکردن و ئاراستەکراو جێبەجێ بکرێت، لە شێوەی ئەڵقەی بەرین و هەمەڕەنگ، ئامانجی هەر ئەڵقەیەکیش چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی، یا ئاکاری بێت، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، هەروەها حکوومەتیش پابەندی کڕینی ئەم بەرنامەیە بێت لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە و هانی پیشاندان و دابەشکردنی بدات (دوای بڕیاردانی قبووڵکردنی لەلایەن لیژنەی پەروەردەیی هونەریی پسپۆڕەوە) هیچ کارێکی لایەنگری دەستەیی، یا تایفی قبووڵ نەکرێت.

٥- دەوڵەت هانی هاوولاتییە عێراقییەکان بدات بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ناسین و ئاگاداربوون لە داوونەریتی گەلان و ئاکاریان (نەک بەمەبەستی کۆچکردن و هەڵهاتنی سیاسی):

ئەم جۆرە گەشت و سەفەری ئاگاداربوونە کەسێتییانە وانەی پراکتیکیی فێرکاریی زۆر بەنرخن هانی هاوولاتیی عێراقی دەدەن و فێری دەکەن شوێن داوونەریت و خووی جوان و چاکی ئەوانی تر بکەوێت و لە ناخیدا بەربەستێکی خۆیی دروست بکات بۆ پشتکردن لە ژمارەیەک هەڵسوکەوت و نەریتی ئاکاری، کە پێیڕەویان دەکا و دەبینێت دواکەوتووانە و مایەی شەرمن، جگە لەوەی خاوبوونەوەیەکی دەروونیی وای پێ دەبەخشێت ئەو خوێنتێزانە ناوەکییەی لە دەروونی تاکی عێراقیدا هەیە کەم دەکاتەوە.

٦- دانانی بەرنامەیەکی پێویست بۆ پێشخستنی ڕەوشی ئافرەتی عێراقی لەلایەنی ئابووری و فێرکردن و کۆمەڵایەتییەوە:

بەمەبەستی یارمەتیدان لە سەرکەوتنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاکاری لە عێراقدا، لەسەر دەوڵەتە بەرنامەیەکی سەنترالّی بەزۆر بۆ هەمووان دابنێت تایبەت بەڕۆشنبیرکردنی ئافرەتی عێراق و پەلەکردن لە پێشخستنی لەلایەنی فێرکردن و کۆمەڵایەتییەوە. بایەخی ڕۆڵی

ئافرەت لەم پرۆسە گەورەیەی پەرەپێداندا، لەوەوە دێت کە کەسێکی زۆر نزیکە لە ڕۆڵەکانی نەوەی نوێ لە کوڕ و کچ، هەروەها بەتواناترە لە ئاراستەکردنیان و تەرخانکردنیان و پێشخستنیان و بەسەبرترە بۆ بەدواداچوونی فێرکردنیان و وانە دانەوەیان بەبەهای تازە و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە نوێیە داواکراوەکان، هەروەها ڕۆڵی مەترسیداری بەرجەستە دەبێت لەوەی منداڵە چکۆڵەکان، یا نەوەی نوێ پتر لەژێر کاریگەری و پابەندن بەڕێنمایی و ئەو زانیارییانەی لە دایکەوە دەردەچن.

ڕەنگە گرینگترین کارڕاییەک بکیرێت بگرێتە بەر بۆ پێشخستنی ڕەوشی ئافرەت بەگشتی، ئەوە کارێکە پێوەندە بەپێشخستنی ڕەوشە ئابوورییەکەی، پێشخستنی ڕەوشی ئابووریی ئافرەت ژمارەیەکی کەم لە بڕیاری ئازایانە و چلۆنایەتی دەخوازێت، سامانی زۆری ئابووری، کە لە وڵاتدا هەیە و بەتایبەتیش سەرچاوەکانی قازانجی ڕاستەوخۆ، کە لە فرۆشتنی نەوتەوە دێن، گەلێک یارمەتیی ئەوە دەدەن هەنگاو و بڕیاری بوێرانە و جۆریی داواکراو بگیرێتە بەر، کە لە پێشی پێشەوە بڕیاردانی مووچەی مانگانەی براوە بۆ هەر ئافرەتێکی عێراقی بێ ئاوارتە کردن و بڕینی ئەو مووچەیە لە داهاتی نەوت، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆڵی مەزنی لە بنیاتنانی خێزاندا لە دۆخە ئەستەمەکاندا...

ئافرەتی عێراقی بەتێپەڕکردنی ڕۆڵی هەر ئافرەتێک لە جیهاندا، هەڵدەستێت بەبنیاتنانی خێزان و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکان لە وڵاتێکدا ئاگری یەک لە دوای یەکی شەڕەکان دەیگرنەوە و مێتۆدی توندوتیژیی خوێناوی و وەرچەرخانی سیاسی بەردەوام دەبن، هەروەها بەڵا و نەهامەتی و پرۆسەکانی کوشتن و پاکتاو و تۆڵەسەندنەوەی بەردەوام و کارەساتەکانی لافاو و شەڕ، ڕەنگە زیادەگۆییمان نەکردبێ ئەگەر بڵێین ئەوی ئافرەتی عێراقی بەدرێژایی چاخەکانی ڕابردووی پڕ لە شەڕ و کوشتار و نەهامەتیی گەورە و کارەساتە یەک لە دوای یەکەکان بەرگەی گرتووە و لە مێژووی هاوچەرخیشدا بەرگەی دەگرێت، لە ستەم و ئێش و ئازار و مەترسی و زوڵم و غەم و ڕەوشێلێکی پڕ لە دڵڕەقی و تاڵی، کە هاوشێوەیان لە مێژووی کۆمەڵگە مرۆیییەکاندا نادۆزرێتەوە.

ئافرەتی عێراقی بەزۆری و ڕەنگە بەردەوام و بەدرێژایی چەندین ساڵ ترساو و غەمبار و تۆقیوە، چونکە بەکارەساتی دڵتەزێنی باوکە شەهیدە کوژراوە بەندکراوە ئەشکەنجەدراوە، یا ڕاکردووە کۆچکردووەکەی، یان نەبوو و هەژارەکەی، هەروەها

کۆستـی کەوتووە بەبراکەی لەبەر دۆخێلێکی هاوشـێوە، و کارەسـاتبـارە بەکورە شەهـیدە گیراوە بزرە شـێوێنراوەکەی بەئەشکەنجە یا بەشـەڕ، هەلاتووی سیـاسـی، یاخـود ڕفێنراو بەدەسـتی سـتـەمکاران و چارەنووسی نازانێت، یا دیلـە لە ولاتێکی دراوسـێ، یان نێژراو لـە گـۆڕی بەکۆمـەڵدا، یا مـردوو لەژێر باری ئـەشکەنجـەداندا، یاخـود بەگوللەی وێڵ، یا پارچەی تەقینەوە، ئـەو غەمـبار و کۆست کەوتووە بەکیژە سـتـەم لێکراوەکەی لە کۆمـەڵگەیەکدا بەزەیی بـەکچدا نایـەتەوە هـەر لە منداڵییـەوە تاکو دەبـێتـە ژن، یا دەبـێتـە دایک و وەکـو ئەو غـەم و پەژارە لەخـۆی بار دەکات... هـەروەهـا دوور نـیـیـە کـۆسـتـی کـەوتبـێت بەمـێـردەکـەی، کـە ئەگـەر لە مـەترسی و شـیـمــانەکــانی لە ســەرەوە باســمــان کـردن دەرچووبێت، ئەوا سڵ ناکـاتـەوە لە پیادەکردنی ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانەی بۆی خراپن و چاکی و قوربانییـەکانی و سەبر و کۆژانەکانی دەسڕنەوە.

ئافـرەتی عێـراقی بەسـەبر و خۆڕاگـرە لە بەردەم گشت ئەو ڕەوشـە ناهـەمـوارە سـتـەمکارانـەیەدا لـە زوڵم و مـەترسی بەدرێژایی چەندین سـەدەی بەردەوام، بەڕەهایی مەزنترین ئافرەتە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا...

ئەم ئافرەتە توانـایەکی لەبن نەهاتووی هـەیە لـەسـەر بەردەوامـیی ژیان لە ڕەوشـە ئەستەمەکاندا. بۆیە شایانی هەموو ڕێزلێنانێک و چاودێری و بایەخ و ڕێزێکە.

بۆ گەڕانەوە بۆ بابەتە سـەرەکییـەکـەمـان دەڵێین: تەرخـانکردنی مـووچەی باشـی مانگانە بۆ هەر ئافرەتێکی عێراقیی تۆمارکراو لە فەرمانگەکانی ڕەگەزنامەدا، ئەوا دەبێتە هۆی پێشـخستنی دۆخە ئابـوورییەکەی، بەو مەرجەی وەرگرتنی مووچەکەی لە ڕێگەی بلیتی کەسێنییەوە بێت دوور لە ئاڵۆزی و کەسێکی تر، یا بریکارێک لە لقێک لە لقەکانی بانکەکان، یاخود کوشکی پارەدان، کە دەکرێت لە هەر گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی عێراقدا دابمەزرێنرێت، ئەم کارە ئافرەتی عێراقی لە دوورەپەرێزییە مێژووییـیەکەی دەردەهێنێت و پایە و ڕێزی بۆ دەگەڕێنێتـەوە و بەکۆمـەڵێکی زۆری ئەرێنییـەوە لەسـەر ژیانی ڕەنگ دەداتەوە، کە کاریگەریی بەرچاویان لەسـەر ژیانی خێزانی عێراقی دەبێت.

ئەم کارە بەخێرایی و بەیەکجار کۆتایی بەچاخی کۆیلەداریی ئابووری دەهێنێت، کـە تا ئێسـتـا ئافـرەتی عـێراقی لە هـەزاران ساڵەوە بـەدەسـتـیـیـەوە دەناڵێنێت و

هاوسەنگیی بۆ پایە و کەسێتییەکەی لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەگەڕێنێتەوە، بەمە نیوە پەککەوتووەکەی لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێنینەوە بۆ چالاکیی ئەرێنیی بنیاتنەر.

گرینگترین شتێک دەستەبەر بکرێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم بڕیارە مێژووییە مەردانەیە، ئەوەیە بەرپرسان درک بەبایەخی ئەم بابەتە زیندوو و ڕەهەندە ستراتیژی و کۆمەڵایەتییە مەترسیدارە بکەن و لێپرسراوان، یا پسپۆڕان لە شارەزا ئابوورییەکان ئەم مووچەیە بۆ ئافرەتی عێراقی بەزۆر نەزانن، دوای ئەوەی بەرگەی چەندین سەدە لە ستەم و ئازار و چەوسانەوە و مافخورانی گرت...

وێڕای ئەمانەش ئەوی ئەمڕۆ ئافرەتی عێراقی لە ماڵەوە ئەنجامی دەدات، هیچ ئافرەتێکی تر پێی هەڵناسێت، ڕەنگە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا لەو کارە سەربارانەی لە سەرووی توانای خۆیانەوەن ئەنجامیان دەدات، ئینجا ناڵینی بەدەست ئەو دۆخە ئاڵۆز و قورس و بەدبەختەی لە ژیانی عێراقیدا هەن، کە گرینگترین داواکاری و پێویستیی ژیانی بەدەست نایەن، هەروەها ئامرازەکانی ژیانی ئاسایی پێویست، تا وای لێ بکات شایانی هەموو ڕێزلێنانێکی مادی و مەعنەوی و دەروونی بێت، ئێمە لێرەدا باسی ئەو ئافرەتانە ناکەین کە هەمیشە خەریکی ڕابواردنن و لە ماڵە گەورە و لە کۆشکە پڕ لە خۆشگوزەرانییەکانیاندا لە شارە مەزنەکاندا دەژین، بەڵکو باسی ملیۆنان ئافرەتی عێراقی دەکەین، کە لە گوند و ئاوایی و شارۆچکە و شارەدێیەکان و بیابان و ئەهوارەکان و شوێنانی تردا دەژین، کە لە سپێدەی بەیانەوە، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی گوزەران و ژیانی خێزان کوڕان و کچان لە ڕەوشی ستەمکارانەی هەژاریدا بۆ کار و ڕەنجدان هەڵدەستن، هەر لە هەویرگرتنەوەوە تا دار کۆکردنەوە و ئاگرکردنەوە و نانکردن و ئاڵف گواستنەوە، یا کۆکردنەوەی لەپێناوی دانی بەئاژەڵەکان، کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەسەری دەژین، پاشان هەڵدەستێت بەئاوگواستنەوە لە شوێنێکی دوورەوە، دواتر پاککردنەوەی مناڵ و خەریکبوون بەوەی نەساغە و تەماشای پێویستییەکانی قوتابخانەی مناڵەکان و جلی تایبەت بەقوتابخانەیان و ڕەوانەکردنیان، پاشان ئامادەکردنی نانی بەیانی بۆ پیاو (گەورەی ماڵ)، کە دوای ژنەکەی دوور نییە بەدوو یا سێ سەعات هەڵسێت، ئینجا ژنە دەست بەچێشت لێنان و ئامادەکردنی خواردن بۆ خێزانەکەی دەکات...

پاشـان دەسـتکردن بەقـاپ شـوشـتن و ئامـرازەکـانی خـواردن و شـوشـتـنی جل بەدەستی خـۆی و هەڵخستنیـان، ئیتر تا دوا زنجیرەی کار و ئەرکە بەردەوامـەکان، کە تاکو ڕۆژەکە تەواو دەبێت کۆتاییان نایەن و بەناچاری ئەنجامیان دەدات، یاخۆ بەخاتری، تەنـانەت بێ داواکردنی کرێ، کـە شەرعی ئیسلام و یاسا مـرۆییـیـەکانی تر بۆیان دەستنیشان کردوون....!

ئەو مووچەیەی دەکرێ بەئافرەت بدرێت هەرچەندێک بێت زۆر کەمە و هیچ ناکات و بەرابەر ئەو ئەرکە، یا کارە تاقەتپڕووکێن و ماندووکەرە نییە، کە ئافرەتی عێراقی هەمـوو بەیـانیـیـەک تاکو ئێـوارێ ئەنجـامی دەدات، کەچـی وێڕای ئەوەش لای خـۆی یارمـــەتیی فـــەراهەمـکردنی شـــێـــوە خـــۆشگوزەرانی و خـــۆشی و ئاســـایش و سـەقـامگیـرییـەکی دەروونی دەدات، ئەمـەش گـەلێک یاریـدە دەدات و بەشـێـوەیەکی ئـەرێنـی لەســـەر ڕەوشی دەروونـی منـاڵـەکــان ڕەنـگ دەداتەوە و تـا ڕادەیەکی زۆر ڕزگاریان دەکات لە هەستکردن بەبێبەری (بێبەری وەکو لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبـەدا سێیـەمین ناونیـشانی وێرانکەری کەسێتیی عێراقییە دوای بێ هیوایی و نوشوستی و دەبێتە ئەگەری چەندین جۆر لە ئاکاری خراپی پێوەند بەنەخۆشیی دەروونی لای تاکی عـێراقی)، هـەروەها گرژیی دەروونـیـیـان سـووک دەکاتـەوە، کە هۆیەکەی دۆخی گوزەرانی قورسە لە عێراقدا لەگەڵ بێ تواناییـان لە دابینکردنی ئەو پێداویستییـانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێویستیان پـێ دەبێت، چونکە دایک لە هەر دۆخ و ڕەوشێکدا لە بەرابەر منداڵەکانیدا خۆی بەخاوەن هیچ نازانێت، ئیدی پتر لە مووچەکەی خەرج دەکات، تاکو داخوازییەکانی منداڵەکانی بەجێ بگەیەنێت لە پێناو ئەوەی خۆشی بخـاتە دڵیانەوە، کە زۆر جـار لە ڕاستیدا داخـوازیی سادە و بچووکن.

بەم شـێـوەیە دەبینین کـۆمـەڵگە ئەگـەرچی زۆر بەهێـوریـیش بێت، لە سـۆنگەی خەرجکردنی مـووچەوە بۆ ئافرەتی عێراقی ژمـارەیەک ئەنجامی ئەرێنیی دەروونی و ئاکاری دەدووزێتـەوە، ئەمەش لەلایەنی ئەرێنییەوە لەسەر ژیـانی دەروونی و ئاکاری بۆ مـناڵـەکـانی، یا دایک و باوکی، یـاخـود تەنانـەت لەســەر پیــاوەکــەشی ڕەنگ دەداتەوە.

هـەرچی گـرفت و ئاڵۆزییـە دارایی و کـارگـێـڕییـە ڕۆتینی و نـەرێنیـیـەکـانن، کـە دەشێت لە ئەنجامی دانانان بەمووچەی مانگانەی ئافرەتی عێراقیدا نەشونما بکەن،

ئاریشـەیێلێکن دەکـرێت کـۆنـتـرۆڵ و چارەســەر و ئاراسـتـە بکرێن بەفـەرمـانی زۆردارەکیی حکوومیی تر.

هەرچی ئەو خـەرجـیـیـانەن کـە بـودجـەی دەوڵەت دەیـانگرێتـە خـۆ بـەهۆی ئەم مووچەیەوە، بەبەراورد بەنرخی کڕینەکانی عێراق لە چەک هیچ نییە، کە ڕێژیمە سیاسییەکانی عێراق پێشبڕکێیان بوو لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە سەرەتای سەدەی بیست، بۆ کڕین و کۆمەڵکردنی، پاشان شاردنەوەیان لەژێر خۆڵدا لە کاتی توندبوونەوەی قـەیرانە نێـودەوڵەتـیـیـەکـاندا، بێ ئەوەی عـێـراق و مـیـللەتەکـەی سوودێکیان لێ ببینیێت و بێ ئەوەی هەر لە بناغەدا پێویستی پێیان بێت.

٧- ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکردن لە سەرتاپای وڵاتدا بەئاقاری دیموکراسی:

گۆڕینی چەمکە دیموکراسییە تیۆری و هزرییەکان بۆ بەرنامەی کردەنی لەناو پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردندا، کە پێشـتر و ئێسـتاش لە گشت قۆناغـەکاندا لە نزیکەی سەدەیەکەوە دەوڵەت گرتوونییە خۆ، ئەمەش پێویستی بەیاسادانانی توند و یەکلاکـەرەوەیە لە پرۆسـەی پەروەردە و فـێرکردندا و دانـانی مـادەیەکی فـێـرکردن بەناوی (وانـەی پەروەردەی دیموکـراسی) لە سـەرجـەم قـۆنـاغـەکـانی فـێـرکـردندا بخـوێنرێت، لە ســەرەتـاییــیــەوە تـاکــو زانکـۆ تەواو دەکــات و لەســـەر هەمـــوو خوێندکارەکانە لە گشت قۆناغەکاندا لەو وانەیە دەرچن، کە وەکو هەر وانەیەکی زانستیی تر قابیل بەدەرنەچوونە لێی.

بەو مـەرجـەی مـادە و مـیـتـۆدەکـەی لەلایەن لیـژنەی فـێـرکـردنی پسـپـۆڕەوە لەسـەر ئاسـتی باڵا لە زانست و پسـپـۆڕی دابنرێت، ئەندامـەکـانیشـی بێلایەن و سـەربـەخـۆ بن و بڕوایان بەدیموکراسیی ئازاد هەبێت و خراپ نییە پەنا بۆ شارەزای عەرەب و بێگانەش ببـرێت، بەمـەرجـێـک بـابەت و وانەکـە گـونجـاو بێت بۆ ئـاست و تەمـەنی ئاوەزی و هزری و فـێـرکـردنی قـوتابی، دەبێت بـابەتەکـانی لە قـووڵـی و زەحـمـەتی و سەرتاپاگیریدا بەپێی قۆناغی خوێندن وەکو ئەوانی تر بن.

ئەم پرۆسە ئاراستەکراوە لە فێرکردندا بناغەی پرۆسەی چاکسازیی دەروونی و ئاکارییە لە کۆمـەڵگەدا، کە ئەو بناغەیەیە دەبێت پلانی نیشـتمانی بۆ چاکسـازیی پێـویست سـەبارەت بـەکـەسـێـتـیی عـێـراقی پشـتی پـێ ببـەسـتێت، وێڕای ئەوەی ئەنجــامــەکــانی لەســەرخــۆ و پلە بەپلـەن و دوورمــاوەن، بـەڵام ئەو ئەنجــامــانە

بەدڵنیاییەوە لەسەر دوارۆژی کۆمەڵگە و کەسێتیی عێراقی بەگشتی کاریگەر و مەترسیدارن.

بۆ نموونە قوتابیان لە قۆناغی سەرەتاییدا پرانسیپە سەرەتایی و سادەکان لە بنەمای چەمکەکان و ژیانی هاوچەرخ و دیموکراسی و ئەدەبی ئاکاری کۆمەڵایەتی فێردەبن، وەکو بێدەنگی و جوانکرداری و هەڵسوکەوت بەئەدەبەوە لە بەردەم بەتەمەنەکان و سڵاوی شیاو فێرکردنیان لەگەڵ چۆنیەتی ئاراستەکردن و وەڵامدانەوەی سڵاو و جۆری بەرپەرچدانەوە بۆ هەر سڵاوێک بەرێکوپێکی و بەدەنگێکی روون و فێرکردنیان توورە نەبن و هەڵنەچن و پەلەنەکەن و گوتەی دڵڕەقانە و قسەی خراپ بەکار نەهێنن و خۆ لە وشەی ناپەسەند و خراپ بەدوور بگرن و لەوانەکانیاندا ئەوەیان پێ بگوترێت بەهیچ شێوەیەک ئەو وشانە بەکار نەهێنن و بەکارهێنانیان بەبێ رەوشتی و بێ پەروەردەیی دابنرێت، بۆیە نابێت بەکار بهێنرێن نە لە ماڵ و نە لە شەقام و نە لە بازاڕ و نەیش لەگەڵ هاوەڵ و برادەران و بەسووک تەماشاکردنی هەر کەسێک بەکاریان بهێنێت و بڕیاری رەفتار خراپی و بێ ئەدەبیی بەسەردا بدرێت، لەگەڵ وانە پێدانەوەیان و پەی دەر پەی ڕاهێنانیان بەپێی ناوەرۆکی وانەکە، لەسەر گرینگیی قسەکردن بەدەنگێکی هێمنانە و هاوار نەکردن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا و لە منداڵییەوە ڕاهێنانیان لەسەر توورەنەبوون و هەڵنەچوون، هەروەها ڕاهێنان لەسەر ئەدەبی باش گوێگرتن لەوانی تر، لە منداڵییەوە ڕاهێنان لەسەر شێوەی میتۆدی و رێکخراو لە بیرکردنەوە و ئامادەکردنی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەوانی تر بەشێوەیەک لێی بگەن، سەرەڕای کاری تر پێوەندن بەپابەندبوون و رێزگرتن لە یاسا باوەکان لە شار و ملکەچکردن بۆ فەرمانی گشتی و سەرپێچی نەکردنی سیستەم و رێنماییەکان و ئەوە بەرێورەسمی گشتی و باش پەروەردەکردن دابنرێت، وێڕای ڕاهێنانیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە رێورەسمی ئاکاری کۆمەڵایەتیی ناسراو لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و ئاست بەرزەکاندا لە جل و خواردنەوە و خواردن و شێوەی قسەکردن و دانیشتن و قسەکردن و رێورەسمی دروست لە شێوازی نانخواردن و ناساندنیان بەشێوازی خواردنی هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی خواردن و میوە (هەڵبەت منداڵ ئەم هەموو شتانە نازانێت، کە وا دیارە لای گەورەکان بەڵگەنەویستن).

بۆیە وێڕای ئەوەی ئەمــانە لای هەندێک ســاکـار و بەڵگەنەویسـتن و پێـویسـت نین، چونکە دەرەنجامە و ئەرکی هەمووانە درک بەو ڕاستییە تاڵ و مایەی خەم و باوە بکەین لە واقـعی عـێـراقـدا، ئەویش ئەوەیە هەمــوو ئەو داوونـەریتـانەی پێـوەندن بەڕێوڕەســمی ئاکـاری کۆمـەڵایەتیی باڵا و ڕاسـت و دروست، دەرگیـری بەرەو دوا کـشــانەوە و دواکـەوتنی ترسـناک هاتوون لە کـۆمـەڵگەی عـێـراقـیـدا لە ســایەی ڕۆشنبیریی حزبە دیکتاتۆرییە تۆتالیتارییە دەسـەڵاتخوازەکانەوە، کە ڕێوڕەسـمی ئاکـاری کۆمـەڵایەتیی دروسـتـیـان بۆ هاووڵاتی پشـتگوێ خسـتـووە و بایەخـیـان بەفێرکردنی تاکەکان داوە لەگەڵ هاندانیان بۆ کۆمەڵێک بەهای خراپ و هانی دان دا بۆ ناپاکی لە هاوەڵ و پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن و وەفا و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و ڕاسـترەوی لـە پێوەندیی کەسـێتی، بەڵکو هانیانی دان بۆ زمـان لە دۆست و هاوەڵ دان و وتنی قسـەی نابەجێ و بریندارکـەر و پڕ لە دڵڕەقی و دڕندەیی و خـوێنڕێژی وای لێ کردن ڕەوشـتی هەواڵدز و پیاوانی ئاسـایشی نهێنیی لەخـۆ بگرن، لەگەڵ فەرامـۆشـکردنی شـێوازەکانی ڕێوڕەسم و ئەرکە کۆمـەڵایەتییە باڵاکـان و بەکەم زانینیان، بۆیە لە عێراقدا خۆمان لە بەردەم هەندێک نەوەی عێراقیدا دەبینینەوە، لەوانـەی هەلیــان بـۆ ڕێک نەکـەوت لایەنـی کـەمی بەهـای ئەدەبی ئـاکـاری دروست فـێـربن، کـە لە کـۆمـەڵگە پێشکەوتووەکانی تردا تا ڕادەیەک باوە، ئەوەی لەگـەڵ مێژووی کۆمەڵگەی عێراقی و بەها ئاینی و ئاکارییە لەمێژینە پشتاوپشتەکاندا نایەتەوە.

کـارێکە مـایەی داخــە و کـارەسـاتێکی ڕاسـتـەقـینەیە بەشـێـوەیەکی فـراوان ڕووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە، گشتمان تووشی غەم و شەرمی توند دەکات، بۆیە لەســەر هەمـووانە ئەو پیـاهەڵسـانانە بەکـەم نـەزانین بۆ سـەرلەنوێ بنیـاتنانەوەی کـەسـێـتیی عـێـراقی و تازەلاوانی عـێراق و دەسـتکردن بەفـێـرکردنی نەوەکـان و تەنانـەت هەندێک جـار گـەورەکـانیش، ئەمـەش سـادەترین بەڵگەنەویسـتی پێـوەند بەڕێوڕەسمی ئاکاری گشتیی پێویستە، لە ماڵ و شەقام و کۆمەڵگەدا.

ئەگەر ئەم شێوازانە لە پەروەردەی دیموکراسی و سەرجەم قۆناغەکانی فێرکردن پێـڕەو بکرێن، ئەوا لـە زانکۆ نەک هـەر دەرچوویەکی عـێـراقـیی پڕ لە زانیـاری و ڕاسـتـییـە زانسـتـییـەکـان وەردەگـرین، بەڵکو سـەرەڕای ئـەمـانەش دەرچوویەکی هۆشـیـاری پابەند بەبەهـاکانی دیموکراسی وەردەگرین ساغ بێت لە نەخۆشـیـیـە

دەروونی و ئاکارییەکان و ئاگاداری یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت و هاوشان بێت لەگەڵ سەرجەم کێشەکانی ژیان و ڕێوڕەسمی ئاکاری باڵا و پێشکەوتوو و شێوازی ژیانی دیموکراسیی ئازاد و دابڕابێت لە شێوازەکانی ژیانی دیکتاتۆری و دەسەڵاتخوازی و حەزی تاکڕەوی و ڕێبازی خوێنڕێژی و ئاکاری دوژمنکارانە و هەموو شێوەکانی نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان.

٨- بەکارهێنانی هێزی یاسای پشتبەستوو بەهێزی دەوڵەت لە لێپرسینەوەی توند لەسەر کێشەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی:

دەستەبەرکردنی هێزی یاسای پشتبەستوو بەهێزی دەوڵەت و دەسەڵاتە یەکگرتووەکەی کارێکی پێویستە بۆ سەرلەنوێ هاوسەنگیی ڕۆحی و دەروونی و مانەوی بۆ هاووڵاتی، چونکە هەستکردن بەتوانای دەوڵەت و گونجانی بۆ پراکتیزەکردنی یاساکان و سەپاندنی دادپەروەری لە وڵاتدا لەسەر هەموو ئاستەکان لای تاک دروست دەکات، ئەمەش لە ناخەوە برواپەخۆبوون دەگەڕێنێتەوە و هیوایەکی دەداتێ بۆ بەئەنجامگەیاندنی پێشکەوتن و چاکسازی و بڕوا بەدوارۆژ، لە بەرابەردا هەستی هاووڵاتی، یا تاک بەلاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەت و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی، هەستی نوشوستی لا دروست دەکات، هەر وەکو لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا نوشوستی یەکێک لە سێ پایە مەترسیدارەکانە، وێڕای بێ ئومێدی و بێبەری بوون، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک دیمەنی نەخۆشیی دەروونی و ئاکاری.

هەرچی لێپرسینەوەی دادپەروەرانە و یەکلاییکەرەوەیە، کە دەبێت دەوڵەت لە کێشەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ڕەوشتی لە وڵاتدا بیانگرێتە خۆ، ئەوە یەکێکە لە شتە هەرە پێویستەکان، کە دەبێت دەستەبەر بکرێت و بەلێهاتووییەکی بەرزەوە بەرەو پێش بخرێت، چونکە ئەویش یارمەتیی نەهێشتنی هەستی نوشوستی لای هاووڵاتی دەدات و ئەو هیوایەی پێ دەبەخشێت، کە بەدڵنیاییەوە چاکسازی بەڕێوەیە و تەنیا ئەوەندەی لەسەرە سەبر و هاوکاریی ئەرێنیی هەبێت، خۆ ئەگەر ئەو هەستە لای هاووڵاتی گەیشتە ئەم ئاکارە، ئەوا لەخۆوە دەکۆشێت بۆ وەستان لە پیادەکردنی یاخیبوون و بۆڵەبۆڵ و لە یاسا دەرچوون، یان پێڕەوکردنی ئاکاری وێرانکاری، یا دەسەڵاتخوازی، یاخود خوێنڕێژی، چونکە هیوا

بەچاکسازیی داهاتوو و چاوەڕوانکراو دەروون و ڕۆحی پڕ دەکات لە بڕوابەخۆبوون و باوەڕهێنان بەوەی ئەو واقعەی بەدەستییەوە دەناڵێنێت دەکرێت چاک بکرێت و بەرەو باشتر پێش بخرێت، هەروەها ئەو هەلی ئەوەی هەیە مافەکانی خۆی وەربگرێتەوە و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگەدا وەکو ئەوانی تر ڕێزی بۆ بگەڕێنرێتەوە...

بوونی ئەم هەستانە لای تاک (ئەگەر ڕوویدا) ئەوا بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ هەموو جۆرە هەڵوێستێکی نەرێنی (دەروونی و ئاکاری) پێک دەهێنێت، بەو مەرجەی دەوڵەت جدی بێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ناوەندیی نیشتمانیی گشتگیر بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی.

خراپترین هۆ کە وا لە هاوولاتی یا تاک لە کۆمەڵگەدا دەکات، تووشی نوشوستی بێت هەستکردنێتی بەنەبوونی دادپەروەری لە پێڕەوکردنی یاساکان و بزری لێپرسینەوەی شێلگیرانە و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و داتەپینی ڕەوشتی لە بەها باوەکان و چالاکیی زۆری تۆڕەکانی گەندەڵی، کە هیچ لەمپەرێکیان لە بەردەمدا نییە.

مەترسیدارترین ڕاستی کە دەکرێت لە کۆمەڵگەدا بڵاو بێتەوە، هەستکردنی تاکەکانە بەلایەنگریی دەوڵەت و بێ توانایی لە دژ وەستانەوە بەگەندەڵیی بڵاو بووەوە لە گشت شوێنەکاندا، چونکە ڕەنگ دەداتەوە و حەزی گشتی و ئارەزوو لای تاکەکان بەهێز دەکات بەرەو وێرانکردنی دەوڵەت و دەرچوون لە فەرمانەکانی و تێکشکاندنی دەسەڵاتەکەی بەهەر شێوە و شێوازێک بەنهێنی، یاخود بەئاشکرا، ئەمەش دەخوازێت نەهێڵرێت ڕوو بدات و پەلە بکرێت لە چارەسەرکردنیدا، ئەگەر دەرکەوت و پێکهات، ئا لێرەدا داخوازییەکەمان بەپێویست دەزانین، کە دەوڵەت خێرا بێت لە پێڕەوکردنی بەرنامەی نیشتمانی بۆ چاکسازیی کۆمەلایەتی و لێپرسینەوەی توند و سزادانی گەندەڵکاران و لەناودانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و ڕەوشتی لە هەموو ئاستەکانیدا.

دەوڵەت کە بەشێوەیەکی توند و بەردەوام سەبارەت بەگەندەڵی هەڵسوکەوت دەکات، ئەوا سەرجەم هاوولاتییان و تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆی ڕادەکێشێت و هێزی لەبن نەهاتووی گەل بەدەست دەهێنێت، کە بەخێرایی و بێ دوودڵی ڕیزەکانی یەک دەخات بۆ پشتگیریکردن و پاڵپشتی و بەهێزکردنی. سوودی

چارەسـەر بەم ئاوایە لێـرەدا لە بەرژەوەنـدیی کـۆمـەڵگە و دەوڵەتدا دوودەم دەبێت، لەلایەکەوە لەناوی دەدات، یاخود بەلای کەمەوە هەسـتی نوشوسـتی و بێ ئومێدی لەناو پێکهاتەی کەسێتیی عێراقیدا لاواز دەکات، بەمە کار دەکات، یا بەشداری دەکات لـە چاککردنی ئەم کـەسـێـتـییـە و سـەرلەنوێ پێگەیاندن و ڕاسـتکردنەوەی ئاکـاری، لەلایەکی تریشـەوە بەدڵنیـاییـیـەوە هەڵدەسـتێت بـەبەهێزکـردنی ناوەندی دەوڵەت و شکۆ و پێگەی لە دەرەوونی گەلدا، ئەمـەش لە هەمـان کاتدا ئەو توانایەی دەداتێ بەرنامە چاکسازی و گەشەپێدانەکانی جێبەجێ بکات.

٩- سەرلەنوێ هەستاندنەوەی ڕەوشت و داوونەریت و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیی باڵا و پێشکەوتوو:

(بەرنامـەی نیـشـتـمـانیی بۆ پێگەیاندنی کـەسـێـتـیی عـێـراقی) گـشـتـاندنی ڕۆشنبـیـریی لێـبـوردەیی و ڕێکەوتن و وەفـاداری بـەپەیمانەکـان و دەسـتـپـاکی و پاراستنی پێوەندییەکانی خۆشەویستی و برایەتی لای تاکی عێراقی دەگرێتە خۆ، هـەروەها فـێـربوونی گـوێگرتن لە ڕای ئەوانی تر و پێکەوەژیان لەگـەڵ ڕا جیاوازەکاندا و توندگرتنی ڕەوشتی باڵا و دانانی بە لە پێشترینی بەهاکان، کە پێویستە پابەندی بین و گەڕانەوە بۆ بنەچەی ڕێوڕەسمە دروستەکان، لە بەرابەردا ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیریی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە و بەکارهێنانی هێز لەسەر هەموو ئاستەکاندا و بەلاوەنانی شێوازی تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازی و دیکتاتۆری و ژمـاردنیـان بەبەهـائێلی دڕندەیی دواکـەوتوو، کـە نابێت کـاریان پێ بکرێت، یا شـانازی بەپیـادەکردنیـانەوە بـکرێت، یاخۆ ڕەفتـارکردن بەمیـتۆدەکەی، بەگشـتی سـەرلەنوێ هەسـتـاندنەوەی ڕەوشت و داوونەریت و ڕێوڕەسـمی کۆمـەڵایەتیی باڵا و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا.

هـەروەها بەرنامـەکە بڵاوکردنەوە و گشـتـاندنی هەسـتی بێـزاری و ناڕەزایی دژ بەئاکـاری خوێناوی لەسـەر هەموو ئاستەکان دەگرێتە خۆ و بەگشت ئامرازەکانی ڕاگـەیاندنەوە ئاراسـتـەی هاووڵاتیـیـان دەکات، ئینجا پێویستی ئاراستەکردنی بیرکردنەوە و سـەرنجدانی مـانا ڕەوشتییەکان، کە سـەرجەم ئاینە ئاسمـانییـەکان ڕێنماییـمان دەکەن بۆ بەحـەرامکردنی ئاکاری دوژمنکاری و کوشتن و خوێنڕێژی و دانانی مـرۆڤ بەبەنرخـترین لە ژیاندا، هەروەها فـێرکـردنی گـشت هاووڵاتیـیـان

بەپێویستیی پەنابردنە بەر یاسا بۆ سەندنی مافەکانیان. نەک پەنابردن بۆ هێز و توندوتیژی.

پێویستە ئەم مانا و هێمایانە بخرێنە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیرکردنی جێگیر و درێژماوەوە، هەموو ئامرازێکی تێدا فەراهەم بێت لەپێناو گەیاندنی بەڕێگەیەکی ئاسان و تامەزرۆیانە زنجیرەیەک بۆ زۆرترین ژمارەی هاووڵاتی و وتنەوەی بەسەدان هەزار لە تاکی کۆمەڵ بەمەبەستی ئەم مانا و مەبەستانە ببنە بەشێکی جیانەکراوە لە ڕەوشتی تاکەکان و ئاکاری ئاسایی ڕۆژانەیان.

لەسەر دەوڵەتە تەرخانکردنی هەموو توانا مادی و ئەدەبی و یاساییەکان بەزۆر نەزانێت، تاکو ئەم جۆرە بەرنامە ستراتیژییانە بخرێنە ناو جێبەجێکردن و پێڕەوکردنەوە، چونکە ئەوە لە گرینگترین هەنگاوە واقعییەکانە، کە دەکرێت گەشە بەئاکاری تاک بدات و هاوسەنگی بگەڕێنێتەوە بۆ بنیاتە دەروونییەکەی، بەمە ڕێگە والا دەکەین بۆ دووبارە چاکسازیی ئاکاریی سەرلەبەری کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەکی هێمن و ئاشتییانە و دیموکراسی.

## ئەنجام

لەم کۆششە پڕ لە دڵسۆزییەماندا بۆ دەستنیشانکردنی ناتەواوی و نەخۆشییەکان، کە کەسێتیی عێراقی لەلایەنی دەروونی و ئاکارییەوە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، توانیمان بگەین بەم بەش و توێژینەوە و شیکردنەوە و ئەنجام و پێشنیازانە، ئەوەی توانیمان ئەنجامی بدەین بۆ ناسینی باشترین ئامراز و شێوازی پراکتیکی و واقعی بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواوی و نەرێنییانە، دوای ئەنجامدانی ئەم کارە هیچمان بۆ نەماوەتەوە تەنیا داننان نەبێت بەزەحمەتیی ئەم بابەتە و ئاڵۆزییە تێکچڕژاوەکانی، بەڵام بایەخ و پێویستییەکەی بۆ ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی و بۆ هەر تاکێک ئەوەندەی تێدایە قورسی و ئاڵۆزییەکان سووکتر بکات، کە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕوومان بووەوە.

لەلایەکی ترەوە بەدووری نازانین بیرۆکە و ڕا و پێشنیازی نوێ و بەسوود هەبن، ڕەنگە شیکردنەوە و بۆچوونەکانمان نەیانگرتبێتە خۆ، کە لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستمانەنە بەرچاو، بەهیوایین توێژەر و نووسەرانی تر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان لەبارەوە بکەن.

ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بەکەسێتیی عێراقی درێژەی هاوچەرخ و نوێی ئەو توێژینەوانە بن، کە دکتۆر عەلی وەردیی زانای کۆمەڵناسی گەورەی عێراقی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، هەمبەر وەسفەکانی کەسێتیی عێراقی دەستی پێ کرد، کە زیاتر چڕی کردەوە لە ناکۆکیی توند لە نێوان هۆکارەکانی شارستانی و بیابانشینی و کاریگەرییەکانیان لە پێکهێنانی کۆمەڵێک ڕەفتار و خوو و حەزی ئاکاری لە کەسێتیی عێراقیدا وەکو هۆیەکی سەرەکی لەوەی دەیانبینین لە ناتەواوی و نەخۆشیی ئاکاری و دەروونی، کە پێویستیان بەچارەسەر هەیە، دەڵێین ئەگەر وایە ئەوا هەر لێکۆڵینەوەیەک لە داهاتوودا تەواوکەری ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، هەروەها درێژەیەکی ترە لەم بابەتە زیندووەدا، کە بڕوامان وایە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکی گرینگ و پێویستی بەئەنجام گەیاندووە، کە دەبوو لەم بارەیەوە بکرایا.

ناچارین داوای بەخشین بکەین سەبارەت بەهەر بڕیارێک، یا گوتەزایەکی

دڵڕەقانە، یاتیژ، یاخۆ توند، کە لەم توێژینەوەیەدا نووسیبێتمان، کە پێوەند بێت بەوەسفی میللەتی عێراق و کەسێتیی عێراقی و نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکانی، بەڵام ئەوی لەم بارەیەوە پاکانەمان بۆ دەکات دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتن و جوامێریی نیشتمانی و حەزی چاکسازی و ڕزگارکردنی گەلی عێراقە لە ئازارە تاڵە بەردەوامەکانی بەدەست حەزی دەسەڵاتخوازی و سیستەمە دیکتاتۆری و توندوتیژیی خوێناوییەوە. هەروەها بەئومێدین هەموو ئەوانەی لەو شیکردنەوەیەی لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا خستوومانەتە بەرچاو، لەگەڵ ڕا و قەناعەتەکانی ئێمەدا نین، دڵنیا بن ئامانج و مەبەست و ڕابەرمان لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوە زانستییە زیندووەدا خۆشەویستیی عێراق و دڵسۆزییە بۆ گەلە چەوساوەکەی و بەتەنگەوەهاتنی سەلامەتیی هەر تاکێکی عێراقی و تەندروستیی دەروونی و ئاکارییەتی.

ڕەنگە بەرجەستەترین شتێک لەم بابەتە مەترسیدارەدا باسی بکەین ئەوەیە، هێشتانەکینێ کۆمەڵگەی عێراقی دوور نییە لە ساڵانی داهاتوودا تووشی چەوسانەوەی پتر و وێرانکاری و خوێنڕێژی و مەترسی ببێت، کە وا دیار دەدات لە ماوەی دەیان سەدەوە قەدەرێکی حەتمی بێت، ئەگەر پلانی سەرتاسەری لە بەرنامەی نیشتمانی جێبەجێ نەکرێت، کە کۆمەڵێک ڕێگەچارەی پراکتیکی دەگرێتە خۆ بۆ ڕزگارکردنی کەسێتیی عێراقی لە ناتەواوی و سیفەتە نالەبارەکانی، کە لە ناکۆکی و دەسەڵاتخوازی و خوێنڕێژیدا چرمان کردەوە...

لە ناخی دڵمانەوە هیوا دەخوازین خوا گەلی عێراق بەهەموو ئاینەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بپارێزێت و یارمەتیی بدات لە ڕزگاربوون لە زنجیرەی بەڵاو ماڵوێرانی و نەخۆشییە دەروونی و ئاکارییەکان، چونکە میللەتی میزۆپۆتامیا میللەتێکی داهێنەر و زیندووە، کاتی خۆی گەلێک سەرکەوتن و دەسکەوتی ژیاریی دڵگیری پێشکەش بەمرۆڤایەتی کردووە.